داود بنگۆریۆن

دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل

منتدى إقرا الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

رۆبەرت سەنت یۆهن

و. لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر

چاپی دووهەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ڕۆبەرت سەنت یۆهن

داود بنگۆریۆن

دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسڕائیل

چاپێکی بژارکراو

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە:
شەفیقی حاجی خدر

داود بنگۆریۆن
دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل
نووسینی: ڕۆبەرت سەنت یۆهن
بابەت: یادەوەری
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر
تایپ: وەرگێڕ
دیزاینی ناوەوە: کارژین خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
چاپی : دووەم/٢٠١٦
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٤٤٥) ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان: هەولێر-پشت پارێزگا-بەرامبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی موبایل: 07504209495 07504242101

ئیمەیل Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک www.facebook.com/nawendi Awer

ئەم چاپە بژارکراوە

دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەم، کۆمەڵێ تێبینی و سەرنجم لە هەندێ خوێنەری بە سەلیقەوە دەربارەی چۆنیەتی چاپەکە و هەبوونی هەندێ هەڵەی چاپ و ڕێنووسەوە، پێگەیشتن.
لێرەدا ، نامەوێ پاساو بۆ کەمورتییەکان بهێنمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، کاتێ بۆ یەکەم جار کتێبەکەم چاپ کرد، نەوەک هەر پیتچنییەکە، بەڵکو ئەرکی چاپکردنەکەشی هەر لە ئەستۆی خۆم بوو، بۆیە لە چۆنایەتی کاغەز و چاپەکەیدا، هەوڵماندا کرێی تێچوونەکەی لەبەرچاو بگرین، قەبارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە کەم بکرێتەوە و ژمارەی دێڕەکانی نێو هەر لاپەڕەیەک پتر و چڕتر بکرێنەوە، ئیدی کەمورتییەکانی بە دوادا هات. ئەوکات چاویلکەی خوێندنەوەم بەکار نەدەهێنا، لێ کاتێ ئێستا کتێبەکە بەدەستەوە دەگرم، بەبێ چاویلکە بۆم ناخوێندرێتەوە!
هەرچۆنێک بێ، کتێبەکە بە کەموکورتییەکانیشیەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، چونکە باسی دیرۆک و ئەزموونی گەلێکی زیندوو و مەزنە سەرکردایەتییەکی دڵسۆز و لێهاتووی وای دەکرد، کە جێپەنجەی دەستیان لەسەر مێژوو و جوگرافیای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە زەقی دیارە.
بە سوپاسیشەوە کاتێ لەگەڵ کاک حەسەن عەلی (دەزگای ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە) قسەمان کرد، بە باشمان زانی ئەمجارەیان لە بەرگ و دیزاین و چۆنایەتییەکی نوێیدا چاپی بکەینەوە.
لێ، گەلۆ دەبێ ئەوەش بڵێم ، کاتی خۆی، کە کتێبەکەم کردە کوردی، ئەوکات دەسەڵاتم بەسەر زمانی ئینگلیزیدا نەدەشکا ، بۆیە لە هۆڵەندییەوە کردمە کوری، لێ ئەمجارەیان کاتێ بەسەریدا چوومەوە، وەرگێڕانەکەم بەدەر ئەوەی لەگەڵ دانە هۆڵەندییەیەکە، لەگەڵ ئینگلیزییەکەشدا بەراورد کرد، بۆ ئەوەی گەر هەر جۆرە لەنگییەک لە چاپی یەکەمدا هەبووبێ، لەم چاپە بژارکراوەیاندا نەمێنێ.

بۆ پێداچوونەوە و لێگرتنی هەڵەی چاپ و نۆژەنکردنەوەی ڕێنووسی کتێبەکە، ئەمجارەیان کاک کاروان عارف بە هانامەوە هات، کە بەڕاستی لەبن کۆڵی چاکەی دەرناچم. هەروەک چۆن جێپەنجەی لە کتێبی "یاخیبوون"دا دیارە، لێرەش بە سوپاسەوە ماندووبوونێکی زۆری کێشا. بەڕاستیش تێبینی و سەرنجەکانی ئەو، نەوەک هەر بۆ ئەم کتێبە بەسوود بوون، بەڵکو بەرچاوڕوونییێکیشن بۆ کاری داهاتووم.

ئیدی هیوادارم ئەم چاپە بژارکراوە، لە ئاست پەرۆشی خوێنەری بەڕێز دابێ، لە کتێبخانەی کوردیدا جێگەی خۆی بگری.

ش.ح.خ

هەولێر، 28-07-2016

بەشی ١

پیاوە پرچ لە گرۆزە بۆزەکە زۆر بە زەحمەت خۆی وەرسووڕاند، تا لەسەر جێیەکەی پشت لەو کەسانە بکات کە لە ژووری نەخۆشخانەکەدا بەدیارییەوە وەستابوون.
دواتر یەکێک لە ئامادەبووان گوتی؛ ئەو بێدەنگییە بە وشەیەکی پیاوە لەسەر جێ کەوتووەکە شکێنرا، ئەویش دەربڕینی پەیڤی "نەحێمیا"[1] بوو.
بە گوێرەی ئەوانی دیکە ئەو هەر هیچی نەگوتبوو.
پاش ساتەوەختێکی دیکە، لە ژوورەکەدا دەنگی هەنسک هات. هەموویان بە شەرمەوە سەیری یەکدییان کرد. زۆربەیان ئەویان نەدیتبوو، هەست و سۆزەی وەها دەربڕێ، هەرچەندە یەک دووانێکیان لەبیریان بوو، کە ئەو نەوەک هەر پەشۆکا بەڵکو گریاش بوو، ئەمەش ئەو کاتی مامۆستاکەی بەرەو گۆڕ و دوامەنزڵگەی شۆڕکرایەوە.
ئیدی هەموویان یەک لە دوای یەک بە بێدەنگی ژوورەکەیان جێهێشت.
لە دواییدا ئەو هەر بە تەنها لەگەڵ خەمەکانیدا مایەوە.
برینەکانی باسک و لاقی بەهۆی ئەو پارچە پلاتینیانەی کە بە نەشتەرگەری تێگیرابوون، لە هیکڕا بە ژان کەوتن. لێ ژانی دڵەکەی بە کوڵتربوو، چونکە دەیزانی کەسی دیکە لە دنیادا جێی نەحیمیای بۆ ناگرێتەوە. هەمووانیش ئەوەیان دەزانی. نەحیمیا خۆیشی دەیزانی. هەر لەبەر ئەوەش ئەوەی نەحیمیا کردبووی، لە سنووری تێگەیشتن بەدەر بوو.
دە ساڵ پێکەوە کاریان کرد. لە هەموو ئەو ساڵانەدا نەحیمیا وەک سایەی وابوو، هاوڕێیەکی متمانەدار، برادەرێکی لە یەک دانەبڕاو، هەموو کات ئامادەبوو گوێی لێبگرێ، هەمیشەش شادمان بوو کە

[1] Nehemia

بیتوانیبایە یارمەتی بدا. هەنووکەش بڕوا ناکرێ ئەو بۆ هەتاهەتایە لە پێش چاواندا ونبووبێ. ئاخر هەر ڕۆژی پێشتر- نەخێر چەند ڕۆژێک پێشتر- ئەو لێرە لەو ژوورە دانیشتبوو، تێبینی خۆی لەسەر نامەیەک بۆ دایبابی ئەو گەنجە دەردەبڕی، کە ئەوپەڕی توانای خۆی بەکارهێنا کە ببێتە پیاوکوژ. ئێستا ئەو ڕۆیشت. ئەرێ بۆچی خۆی لە ژیان بێبەری کرد، یان دەستی لە خۆی وەشاند و ژیانی لە خۆی تاراند، لە کاتێکدا لەو ڕۆژگارەدا ئەو زۆری پێویست پێبوو؟

ئەوان لەو دە ساڵ ژیانەی بە یەکەوەیان، ڕۆژانی زۆر کارایان هەبوو. بەڵکو ڕۆژانی ڕەش و تەنگانەی دیکەشیان لە بەردەمدا بووایە.

لە ڕاستیدا و لە ڕابردوودا نەحیمیا هیچ ڕۆڵێکی کارای لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا نەگێڕا، هەروەها لە ئایندەشدا دەبێ بەبێ ئەو کێشەکان چارەسەر بکەن. بەڵام ئەو بیرۆکەیە، تەنها ئەو بیرۆکەیە.. کە ئەو لەو نێوەدا نەماوە و چیدی ناتوانێ قسان بکا، بۆخۆی شت بوو...

ئەو پیاوە پرچ لوولە سپییە بە ویقارە چاوەکانی نوقاندن و یادەوەرییەکانی بۆ سەر ئەو حەفتا ساڵەی ژیانی گەڕانەوە.

سەرەتا و هەموو شتێک لە پلۆنسکەوە[2] دەستی پێکرد.

پلۆنسک لە سەردەمی قەڕاڵدا شاروچکەیەکی پیشەسازی بوو، کەوتبووە سەر ڕووباری هاوناوی خۆی، نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای وارشۆ[3]وە دووربوو، هێڵی ئاسنینی بە دەریای بەلتیکی[4] دەبەستەوە. سەر لە زوو پلۆنسک سەر بە پۆلۆنیاوە بوو، لە دوایشدا هەر بۆی گەڕایەوە.

پینسک[5]یش ٣٠٠ کیلۆمەتر لە دووری ڕۆژهەڵاتی پلۆنسکەوە لە دیوەکەی دیکەی وارشۆوە هەڵکەوتبوو.

لە پلۆنسک، لە ڕۆژێکی زستانی شومی باوبۆرانی ١٨٨٦دا شایندال گریندا[6]، کە خانمێکی نەرمونیان و خۆشەویست بوو، تەمەنی لە ئاخر و ئۆخری ٢٠ ساڵییەوە بوو، شەشەمین کۆرپەی لە دایک بوو.

---

[2]Plonsk
[3]Warschau
[4]Baltic
[5]Pinsk

هەر لە هەمان ساڵیشدا لە پینسک کوڕێکی لاوازی درێژ لە گوندێکی نزیکدا بەناوی حایم[7] وەک قوتابییێکی قۆناخی قوتابخانەی ناوەندی وەرگیرا.

شەشەمین منداڵی شایندال و ئاڤیگدۆر گرین[8] داود بنگۆریۆن[9]ی یەکەمین سەروەزیری ئیسرائیل بوو.

ئەو مێرد منداڵەش کە حایمی ناوبوو، حایم وایزمەن[10]ی یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو.

بە دەگمەن وایە لە مێژوودا دوو پیاوی لەیەک جودا بەم شێوەیە بە یەکدیەوە پەیوەست بن. بەڵێ هەردووکیان لە هەمان هەرێم لە دایکبوون، لە هەمان ڕۆژگاریشدا گەورەبوونە و بە هەوای هەمان ئاگریش خۆیان گەرم کردۆتەوە، بەڵام هەریەکە بە شێوازی تایبەتی خۆیانەوە، سەروکاری مژارێکی خۆنەویستانەیان کرد. گەر ئەوان کاتی خۆیان هاتبا، حەزیان لێبوو لەسەر خاکی ئیسرائیل بە دڵنیایی سەربنێنەوە، گەر هاتبا و هەوڵوتەقەللای ئەوان نەبوایە، ڕەنگبایە لەو ڕۆژگارەدا ئەم ژیانە نوێیە لەسەر ئەم خاکەدا چەکەرەی نەکردبا.

داود بچوک و لەڕولاواز، کەچی کەللەسەری لە چاو باقی جەستەی گەورەتر بوو، هەر ئەوەش بووە مایەی خەمخواردنی دایکی و بردیە لای پزیشک، لەوەی پرسی ئاخۆ داود ئاساییە یان نا.

دکتۆرەکەش بەو شێوە وەڵامی دایەوە "پێویست بە خەمخواردن ناکا"، ئەوەش دوای ئەوەی بە وردی جەستەی داودی پشکنی، ئەوسا زیاتر لەسەری ڕۆیشت؛ "زارۆکەکە هیچی نییە، بەڵام من دەمەوێ پێشبینییێک بڵێم، ئەو گەورە دەبێ و پیاوێکی مەزنی لێ دەردەچێ. ئەوەش بە ئاشکرا لە پێوەری قەبارەی کەللە سەریدا دیارە."

لەوانەیە پێوەری قەبارەی کەللەسەر، پشکی لە هەڵکەوتنی داود بنگۆریۆندا هەبووبێ، بەڵام باوکی ئەو ئاڤیگدۆر گرین لەگەڵ ئەو دیمانەی پشکهەبووندا کارابوو، چونکە ئەو بەشی لە دروستبوونی

[6]Sheindal Green
[7]Chaim
[8]Avigdor Green
[9]David Ben-Gurion
[10]Chaim Weizmann

کوڕەکەیدا هەبوو، ئەوە بە ڕوونی دیار بوو، ئاخر ڕۆڵەکەی خۆی نایابانە پەروردە کرد و بە باشی پێیخوێند و ئامادەی ئەو ڕۆڵە کارایەی کرد، کە لە ژیانیدا گێڕای.
ئاڤیگدۆر گرین پارێزەرێکی بێ مۆڵەت بوو. پیاوێکی هۆشمەندی پلۆنسکیش بوو، زۆر لەو پێنج هەزار جوولەکەی شارۆچکەکە ڕاوێژی قانونیانەیان پێدەکرد. لە پاڵ ئەوەشدا، ئەو بەرهەڵستکارێک بوو، دوژمنەکانی ئەو تاوانی نائاسایانەیان ئەنجام دەدا. ئەو عەبای شۆڕی فرێدا کە جلێکی نەریتیانەی جووە ئەرسەدۆکسەکانی پۆلنسک بوو. لە جیاتی عەبای دامەن شۆڕە، کراس و پانتۆڵێک هەندێ جارانیش شەپقەیەکی قیتی دەپۆشی. ناوبەناویش جگەرەی دەکێشا. هەروەها هەرچی پەیوەندی بە سمێڵ و ڕدێنیشەوە هەبوو، نەریتیانە نەدەجولایەوە. ئەو مەعمیلی غەیرە جووشی هەبوون. کتێبخانەکەی تەژی بوو لەو کتێبانەی ڕابانە خۆجێییەکان، کە دووریش بوون لە ئەرسەدۆکسێتی، نووسیبوویان. ئەو لەسەر ئەوە پێی دادەگرت کە داود و منداڵەکانی دیکەی عیبریەکی باش هەروەک زمانی ڕووسی فێر ببن. بۆ پیاوە ئۆلدارەکانی پۆلنسک ئەوە کارێکی پیرۆزشکێن بوو، چونکە بە گوێرەی ئەوان زمانی عیبری تەنها بۆ سروود و بۆنە ئاینییەکان بەکاردەهێنرا. بە قسەی ئەوان ئەوەی لەگەڵ یەزداندا بئاخڤیبا، زمانی عیبری بەکار دەهێنا؛ بەڵام ئەوەی بەهاراتی بویستبا ئەوا دەبوایە بە زمانی یدیشی[11] بدوابا. باوکی داود وای لە منداڵەکانی کرد، بە وردی و بە قووڵی لە مێژووی ئینجیلی کۆن، جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکۆڵنەوە و بخوێنن. ئەو بەدوای قوتابخانەیەکی جووانە، کە تیایدا وەک خوێندکارێکی ئازادانە، خۆی بۆ خوێندنێکی جدیانە تەرخان بکا، دەگەڕا. جارێکیان لەپڕ هاوپۆلەکانی وەها سەرسام کرد، کە بڵێ "ڕۆژێک دێ من دەبمە سەرکردەی ئیسرائیل".
ئاڤیگدۆر گرینی باوک فەندەمەنتالێکی دینیی نەبوو تا کوڕەکەی لەسەر ڕێبازەکە ڕابێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵەکەی بە گیانێکی زایۆنیستیانە پەروەردەکرد. ئاڤیگدۆر گرین لە ناخەوە هەستی دەکرد کە بە خاکی باب و باپیرانیەوە بەستراوەتەوە. پلۆنسک مەڵبەندی

[11] Jiddisj

بزووتنەوەی زایۆنیزمی بوو لە بەشی ڕووسیادا، بۆ ئەو مەبەستەش کاروباری گرین زۆر پێویست بوو. لە هەمو ساتەکاندا بە ڕۆژ و بە شەو ماڵی گرین کە لە پایەتەختەوە نزیک بوو، جمەی دەهات و کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لێدەگیرا. لە ژووری خوێندنەکەیدا و لەسەر پرسە پەیوەندیدارەکانی زایۆنیزم گەرمەی گفتوگۆ و مشتومڕ و قسەی دووروریژی نەبڕاوە بوون. هەندێ جاران داود گوێی دەگرت. بەڵام ڕۆژانێک هەبوون، خۆی بۆ کتێبەکانی قوتابخانە و ئاینوئۆینەکانی گەمەی شەترەنج تەرخان دەکرد. بەهۆی ئەو گەمەوە داود گۆشەنیگای بەرەو یەک ئاراستە دەبرد و وای نەدەکرد مژاری دیکە لە چەقی بازنەی تێڕوانینەکەی لابدەن.

کاتێ داود تەمەنی گەیشتە ١٠ساڵان، لە نەمسا شتێک ڕوویدا، کە باندۆرێکی گەورەی بەسەر ژیانی داود و تەواوی جوولەکەکانی جیهاندا هێنا. ڕۆژنامەیەکی ڤیەننایی ڕاپۆرتنووسێکی خۆی بە ناوی تیۆدۆر هێرتزل[12] نارده پاریس، تا دەربارەی کاروباری سیخوڕیتی بکۆڵێتەوەو و وتار بنووسێ، ئەوەی شایانی باس بێ لەو گۆبەندەدا ئەفسەرێکی جوو بە ناوی دریفوس[13] تێوەگلابوو. هێرتزل کە بە خۆیشی جوولەکە بوو، پێشتر پەرۆشی زۆری خۆی بۆ زایۆنیزم دەرنەبڕیبوو، بەڵام کاتێ لە کێشەی دریفوسدا قوڵ بووەوە، سەروسەودای لەگەڵ پرسی دژە سامیزم پەیداکرد، ئەوسا نامیلکەیەکی سیاسیانەی لەژێر ناوی "***دەوڵەتی جوولەکە***"دا نووسی. تیایدا خوازیار بوو کۆتایی بە چەوساندنەوە و ڕاوەدوونانی جوولەکەکانی ئەورووپا بهێندرێ، ئەوەش لە کاتێکدا دەبێ، گەلی جوو وڵاتی خۆیان بکەوێتە دەست و هەموویان بۆ ئەوێ کۆچ بکەن و تیایدا جێگیر و نیشتەجێ بن. ئەو نامیلکەیە تەکانێکی نوێ بوو بۆ زایۆنیزم و تەوژمێکی بزوێنەرانەی دایە بزووتنەوەکە بەوەی:

"هەر کاتێک ویستت پەیدابوو، ئیدی ئەوە خەون نییە."

دوای پەیدابوونی هاوارنامەی هێرتزل، چەندین کۆنفرانس لە ماڵی گرین سازدران. ئەوسا بە دەنگی بەرزتر و گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەو باسوخواسانەدا کران. وتار بۆ ڕۆژنامەکان نووسران، بەشی نوێی

[12] Theodor Herzl
[13] Dreyfus

زایۆنیزم کرانەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە سازدران. شەش زارۆک لەو دەیانەدا، کە شایندال هێنانیە سەر دنیا لە ژیاندا بوون، هێشتاش چاوەڕێی یانزەمینی دەکرد.

کاتێک تەمەنی داود گەیشتە دوانزە ساڵ، دوو ڕووداو قەومان، بە هۆیەوە ئاراستەی ژیانی داودیان گۆڕی. دایکی داود بە ژانی منداڵبوونەوە گیانی لەدەستدا و هێرتزلیش بانگەوازی بۆ هەموو جووانی دنیا کرد، کە لە بازلی سویسرا کۆببنەوە، لەوێ بە پەلە ڕێڕەوێک بۆ بەرجەستەکردنی خەونی زایۆنیزم دابنێن و لەسەر زەمینی واقیعدا بیسەلمێنن.

بۆ مەرگی دایکی، داود مێردمنداڵێکی لاوازی هەستیار بوو، هەروەها هاوڕێشی کەم هەبوون. ئەو حەزی لە تەنیایی و گۆشەگیریی بوو. هەندێکیان پێیاندەگوت خەمگین و خاکیی. ئەو دەچووە سەر کەسایەتییە نەرموونیانەکەی دایکی. هەنووکە دەبێ باوکی سەرپەرشتی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی بکا. بەڵام ئەو بە مشوورخواردنی زارۆکە بچوکەکان، بزووتنەوەی زایۆنیزمی و کارەکەی وەک مافناسێک زۆر سەرقاڵ بوو. داود گەڕایەوە سەرخۆی، ئەو نەرمونیانەی لای داکی لەو ژینگەیەی تێیدا بوو، دادی نەدەدا. بەڵام لە ناخەوەی هەر بە دایکیەوە بەسترابووەوە. ڕەنگبێ داود هەر بە خۆیشی نەزانیبێ کە مردنی دایکی چ کۆستێکی گەورە بوو بۆی، بەڵام برادەرەکانی بە درێژایی ٦٠ ساڵ زۆر جاران لە نووسینەکانیدا، لە قسە و کۆرەکانیدا، لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژناندا شوێنەواری برینی مردنی دایکیان پێوەدەدی. زۆر جاران ئەوەیان لێ بەدیدەکرد، کە لە ژندا بە دوای دایک دەگەڕێ و دایکایەتیش هەمیشە بۆ ئەو هێمایەکی هەرە بایەخدار بوو.

کۆنفرانسەکەی بازل هەست و سۆزی زۆری وروژاند، تەنانەت لە نێو لاوەکانی پلۆنسکیشدا کاریگەریی خۆی هەبوو. ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو دوای دوو هەزار ساڵ پەرلەمانێکی جوو کۆببێتەوە. بۆ یەکەمین جار بوو لەو سەدە دوور و درێژانەدا جوولەکەکان باسی گەڕانەوەی خۆیان بکەن، هەروەک ئەوەی بە ڕاستی نەخشە و پلانیان دانابێ و لایەنە بیردۆزیەکەیان بەلاوە نابێ. لە بازلدا باسوخواسی کردنەوەی زانکۆیەکی عیبری لە ئۆرشەلیمدا هاتە ناوناوان، باسی پێکهێنانی

فەندێکی نەتەوەییانەی جوولەکە و باسی بانکێکی جیهانی جوولەکە، کە بەرنامەی نیشتەجێبون و کۆلۆنەکانیان لە ئەستۆ بگرێ، کرا. هەر لەوێش پرۆژەی ئالایەکی نەتەوەیی لەشین و سپی، رەنگەکانی دوگوردی سروتی نوێژەکانیان‌دانرا. خەڵک لەسەر سروودێکی عبرییانە کۆک بوون، کە دەبووە سروودی وڵاتێک، هێشتا نیوسەدەی مابوو سەربەخۆیی خۆی جاڕ بدا. بەڵام گرنگترین بڕیاری کۆنفرانسەکە ڕاگەیاندنێکی ڕاشکاوانە بوو،بەوەی خەبات دەکەن بۆ "بەفەرمی ناساندن و زامنیەکی قانونیانەی ناوچەیەکی جوولەکە لە فەلەستیندا".
هەر جوولەکەیەک لەهەر گۆشەیەکی دنیادا بێ دەتوانی یەک شێکڵ[14]، یەک مارک، یەک شیلینگ یان چارەکە دۆلارێکی ئەمریکایی خۆی بدات و ببێتە ئەندام.
داود لە تەمەنی چواردە ساڵیدا هاوڕێ لەگەڵ گەنجەکانی دیکەی پلۆنسک بزووتنەوەی لاوانی زایۆنیزمیان پێکهێنا، بزووتنەوەکەیان بە ناوی ئێزرا[15] کە گەورەپیاوێکی ئۆلداری بابیل بوو، نا. ئەندامەکان دەبوایە سوێندیان خواردبا بەوەی لەگەڵ یەکدا بێجگە لە زمانی عیبری بە هیچ زمانێکی دیکە نەئاخڤن و خەباتیش بۆ بڵاوکردنەوەی کلتووری عیبری لەنێو کرێکارە گەنجەکاندا بکەن.
هەر زوو داود لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا ناوبانگی وەک وتاربێژ دەرکرد. بەتایبەتی هەڵوێستی توندی لە دوانەکانیدا دژی ئەو کەسانە بوو، کە بە توندی دژی بەکارهێنانی "زمانی کتێبە پیرۆزەکە" بوون لە ئاخاوتندا. ئیدی هەر زوو ناوبانگی بڵاو بووەوە، کاتێکیش تەمەنی گەیشتە پانزە ساڵ، یەکەمین دوانی لە کۆڕێک لە وارشۆدا دا. کەس بەبیری نایەتەوە ئاخۆ کتومت چی گوتووە، بەڵام ئەوانەی لە کۆنفرانسەکەدا بوون دەگێرنەوە، هەمووان لەژێر کاریگەری دوانەکەی ئەو کورە گەنجە پرچ ڕەشە لوولەییەدا بوون، کە تەختەی نێوچاوانی گەورە دیاربوو. ئەوکات بە تەواوی بە عیبری قسەی دەکرد، بە لێزانی و مشوورخۆری وتاری لەسەر زایۆنیزم دەدا و ئاماژەی زیندوویی پێدەدا.
یەکێک لە ڕابیە ناودارەکانی ئەوکات، ئەم تێبینیەی هەبوو:

[14]Shekel
[15]Ezra

"گەر دە لاوی وەک ئەوەمان هەبێ ئیسرائیل دەگەڕێنینەوە".
زۆر لە جوولەکەکانی ڕووسیا لەسەر ئەوە یەکانگیر بوون، کە ساڵی ١٩٠٣ ساڵێک بوو لە یادەوەریدا بە نەمری دەمێنیتەوە، چونکە گڕکانی دژەسامیزم لەگەڵ خۆیدا تەقینەوەی دیکەی هێنا، کە دەرەنجامی کاریگەرییانەی لێکەوتەوە. لە شەقامەکانی شاری کیشنیڤ Kishinvی بیساری Bessarab دا تەرمی جووەکان لەسەر یەک کەڵەکە ببوون. کەس پێشبینی نەدەکرد ئاخۆ کەی تیرۆرەکە دەوەستێ. لە پلۆنسکدا جووەکان دەرکەی ماڵەکانیان کڵۆم دا، هەر یەکێ بترسابا خۆی دەشاردەوە.
دوای وتووێژێکی دوورودرێژ داود و زۆرینەی هاوڕێکانی هاتنە سەر ئەو بڕوایە،بچنە ڕیزی پۆلای زایۆن Polaei Zion (بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆن). لە ڕیزەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا هاوشانی هاوڕێیانی دیکە خەبات بۆ گەڕاندنەوەی وڵاتی بەڵێنپێدراودا بکەن کە مافی هەمووانە.
لە هەمان ساڵدا درزێکی گەورە کەوتە بەر ئاکامی ئەو خەباتەی کە هەمیشە زایۆنیزم هەوڵی بۆ دەدا. خودی هێرتزلیش بۆ ئەو لە یەکترازانە دەستپێشخەر بوو. نەخشە و پلانی ئەوەی فەلەستین لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بکڕێ، شکستی خوارد. ئیدی ئەو پەیوەندی بە پیاوێکی ئینگلیز کرد، ئەویش بیرۆکەیەکی هەبوو. یوسف چامبەرلاین Joseph Chamberlainی وەزیری کاروباری کۆلۆنەکانی بەریتانیا، لە کاتی شەڕی بورBoerدا گەشتێکی بە ئافریقادا کرد و پێشنیازێکی کرد، کە شەش هەزار مایلی چوارگۆشە لە بانە بەرزەکانی کینیا بۆ جوولەکەکان تەرخان بکرێ. ئەوکات هێرتزل دەوڵەتێک بۆ جووەکان لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا دابمەزرێنێ. هەرچەندە هەرێمەکە نەدەکەوتە ئۆگەندا، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ پڕۆژەکە بە ناوی نەخشەی ئۆگەندا ناوی دەرکرد. هێرتزل لە ١٩٠٣دا ئەو پڕۆژەی خستە بەردەم کۆنگریسی جووان، کە بۆ شەشەمین جار بوو لە بازل دەبەسترا. ئەوکات هێرتزل بە جۆش و خرۆشەوە لە پشت پڕۆژە پێشنیازکراوەکەدا بوو.

شتێکی دانسقە بوو کە جوولەکەکان دوای ١٨٣٢ ساڵ لە ژیانی ئاوارەیی هەندەراندا، بەو شێوەیە بیروڕایان دژی یەکدی بێ. خوازیارانی پلانی ئۆگەندا هەوڵیان دەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان بڕوا بە نەیارەکانی دژی نەخشەکە بێنن، گوایە هەر کاتێ پلانەکە جێبەجێ بوو، ئەوسا ئامادەن لە ئافریقاوە لەشکرێک ئامادە بکەن و وڵاتی پیرۆز لە دەستی عەرەبەکان دەربهێنن. لەسەر ئەو مژارە تەنانەت لەنێو جووەکانی فەلەستینیشدا بیروڕاکان یەکانگیر نەبوون.

داود و هاوڕێکانی هەر لە بەراییەوە دژی پلانی ئۆگەندا بوون. بەلای ئەوان زایۆنیزم هەر واتای وەستانەوە و زامنی بوون دژی چەوساندنەوەی نەدەگەیاند. بۆ ئەوان ئەوەندە بەس نەبوو، هەر هەرێمێکیان لە دەرەوەی ئەورووپا بۆ مەیسەر بێ، کە تیایدا بە ئارامی بژین. زایۆنیزم واتای گەڕانەوە بوو بۆ وڵاتی کتێبەکە (مەبەست تەوراتە - وەرگێڕ)، بۆ وڵاتی باب و باپیرانیان کە بەچەندان سەدە پێشتر لەوێ وەدەرنرابوون. هەموو چیرۆکەکانی بایبل، هەموو پاڵەوان و ئەفسانەکانیان کە لەنێو گەلدا بە زیندوویی ماونەتەوە، هەموویان شوێنپێیان لە فەلەستین بوو.

ئەوەی بۆ داود و هاوڕێکانی مایەی ئۆخەی و ئاهـ پێداهاتنەوەبوو، وەخراندن و دواخستنی کۆنگرەی بازل بوو، کە بڕیاربوو دۆزی پلانی ئۆگەندا یەکلا بکاتەوە.

کاتێکیش تەمەنی داود گەیشتە هەژدە ساڵ، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی بەرەو وارشۆ بەڕێکەوت. لەوێ ئەو بەو بڕە پارە کەمەی کە باوکی بۆی دەنارد، لەگەڵ پارەی وانەوتنەوەکانی بە زمانی عیبری، دەژیا. ئەو ڕۆژگارە بۆ ئەو باڵکێشبوو. لە وارشۆدا وتاردەری جوولەکەی بەناووبانگ دەژیان و ئەویش گوێی لێدەگرتن.

لە بەرەبەیانێکیشدا لەپڕگیرا. هۆکارێکی ڕوونی قانونیانە بۆ گیرانەکەی لە ئارادا نەبوو. ئەو کارێکی وای نەکردبوو، کە بە هیچ کردەیەکی کەتن و تاوان تۆمەتبار بکرێ. بەڵام ئەوە نابێ لە بیربکرێ کە جوولەکە بوو، جوولەکەیەکی بزۆز. پرچە لوولە پەڕش و بڵاوە ڕەشەکەی بەرسڤی ئەوەی دەدایەوە، کە هێمای پلانگێڕانی سیاسیانەی بۆ پۆلیسە خۆجێیەکانی ئەوێ دەردەخست. بەو شێوە دەبوایە باجەکەی بدا.

داود ئەو ڕۆژە لە گرتوخانەکەدا مایەوە، ئێوارەش باوکی پەیدا بوو. ئاڤیگدۆر گرین بە خۆی و پاڵتۆ درێژەکەی و شەپقە قیتەکەی لە پلۆنسکەوە بە شەمەندەفەر هاتبوو. ئەو یەکەمین گەنجی جوو نەبوو، کە پارێزەر هەوڵی ئازادکردنی بدا. باوک کارتی خۆناساندنی دایە دەست پۆلیسی کاربەدەستی گرتوخانەکە. بەرپرسەکە دوای ئەوەی تەماشایەکی پێناسەکەی کرد و پرسی: "ناوت گرینە؟" لەسەری ڕۆیشت و گوتی "چ ڕێکەوتێکە منیش ناوم گرینە، ڤیکتور گرین".
لە سۆنگەی ئەو ڕێکەوتەدا، داود بێ ئەوەی لەبەردەم پێواژۆی دادوەریی و پۆلیسدا ئامادەبێ، ئازاد کرا.
سێ لاو لە پلۆنسک هەبوون، کە هەموو شتێکیان بە یەکەوە دەکرد: شلۆمۆ زیماخ Shlomo Zemach، کە دایک و باوکی بەپێی پێوەرەکانی شارەکە بە دەوڵەمەند دەژمێردران؛ شموئیل فوخ shmuel Fuch کە حەزی لە سەرچڵی بوو، سێهەمیشیان داود بوو. ئەوان دامەزرێنە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوی گەنجانی ئەوێ بوون. بە یەکەوە لە ١٩٠٤دا شینیان بۆ مەرگی هێرتزل گێڕا. بە یەکەوەش نەخشەی ئایندەیان دادەنا. شمۆئیل یەکەمین کەسی سێکوچکەکە بوو، کۆچی کرد و ڕۆیشت؛ بەڵام ئەو نەچووە فەلەستین، بەڵکو بەرەو ئەمریکا تێیتەقاند. لە ئێوارەیەکی پایزیشدا شلۆمۆ بە خۆی و ٣٠٠ ڕۆبلی باوکی، بێ پرسی خانەوادەکەی بزر بوو.
داود پێش ساڵرۆژی هەژدەمین بەهاری تەمەنی، وازی لە خوێندن هێنابوو، ئەمەش مایەی هەراسانکردنی باوکی بوو. ئەو بە پۆلۆنیادا دەگەڕا، لە هەر شوێنێک دەرفەت هەبووایە دوانی دەدا، هانی کرێکارانی دەدا یەکبگرن و سەرپەرشتی مانگرتنەکانیانی دەکرد، ئیدی زیاتر زایۆنیزمی لەگەڵ سۆشیالیزم ئاوێتە دەکرد. دوای کەمێک نامەی لە شلۆمۆی هاوڕێی پێگەیشت. دوهەمین شەپۆلی کۆچکردنAliyah دەستی پێکرد. پیاوان، ژنان و منداڵان بە لێشاو خۆیان گەیاندە فەلەستین. فەلەستینیش چیدیکە وڵاتی شیر و هەنگوین نەمابوو. بەشی هەرە زۆری کاری بێسەوادانە و نیمچە خوێندەواری لە فەلەستیندا لەلایەن عەرەبە خۆجێییەکانی ئەوێ بەڕێوە دەچوو، هەرچەندە گەر خاوەنکارەکانیش جوولەکە بوونایە. بەڵام ئەو بەچکە زێماخە Zemach

ئیشۆکەیەکی لەوێ دەستکەوتبوو، بڕی خۆی بە نان و خورما دەشکاند. ئیدی ئەو لە نۆبەرەکان (پێشقەرەوڵەکان، مارەکان) بوو.
شلۆمۆ زامیخ جاریکیان گەڕایەوە پلۆنسک و ڕایگەیاند لە ماوەیەکی کورتدا دەگەڕێتەوە فەلەستین. ئەو گوتی: ژیان لەوێ قورسە، بەڵام پڕ واتایە. ئەندامانی ڕێکخراوی گەنجان بە سەرنجراکێشانەوە گوییان بۆ هەڵخست، بەتایبەتیش کە دەربارەی وڵاتە دێرینەکە، دەربارەی بەدو (البدو، ڕەوەندەکان) کە بەشەو لە بیابانەوە بۆ تاڵان و بڕۆ دەهاتن، دەربارەی وشتر و مزگەوتەکان، دەربارەی گرد و زوورگەکانی دەوروبەری ئۆرشەلیم و دیواری سکاڵا، کە تاکە پاشماوەی دووەمین کۆتەڵەکە بوو، قسەی بۆ کردن.
داود هەر لەوێ ڕایگەیەیاند، ئامادەیە لەگەڵ شلۆمۆ هەرکاتێ بگەڕێتەوە، بڕواتە ئەوێ و ڕەنگبێ هەرگیزیش نەیەتەوە. باوک بە توندی ناڕازی بوو. باوکەکە پێی شەرمەزاری بوو، پێش ئەوەی گەنجێک خوێندنی تەواو بکا، پێواژۆی پەرەسەندنی ڕەوتی خوێندنی بقرتێنێ و بڕوا. گرین پیاوێکی زانا بوو، هیوای وابوو کوڕەکەشی وەک خۆی بێ. بەڵام گەر هات و لە هیکەوە گەنجەکە بەڕووتوقوتی وەک کرێکارێکی کەرتی کشتوکاڵی گەیشتە سەر لمی فەلەستین، چی دەکا؟
نیو سەدە دواتر ئەو کەسەی ناوی داود گرین بوو، لە پلۆنسکەوەڕا هاتبوو، لە بەرانبەر کۆمەڵێ لە ڕۆژنامەوانە ئەمریکاییەکان وەستابوو، ئەو بەڵگەوبەندانەی دەهێنانەوە کە کاتی خۆی بیونە هاندەری تا ئەورووپا بەجێ بێڵێ. ئەو بەو شێوە قسەکانی داڕشتن:
"من پەنابەر نەبووم، من بۆ ئەوە نەهاتبووم کە ڕاوەدوو دەنرام... لە منداڵییەوە، لە تەمەنی پێنجساڵیدا هەستم کرد پۆلینیای جێ ژیانی من، ماڵ و نیشتمانی من نییە. من هەستم کرد ڕۆژێ دادێ ئەم وڵاتە، ئیسرائیل دەبێتە وڵاتی باوانم. ئیسرائیل دیرۆکێکی چوار هەزار ساڵەی هەیە، ئەوەش ڕەگوڕیشەی لە ناخەوەی گەلەکەمان داڕشتووە. ئەوەش دۆزێک نییە هەر تەنها بە چەوساندنەوە گرێدراو بێ، بەڵکو پەیوەندی بە پێویستی ئۆلییەوە هەیە".
داود تەماشایەکی سەروچاوی ڕۆژنامەوان و ڕادیۆکارانی کرد و بە پەلە بە ڕوویاندا مسکە بووە و لەسەری ڕۆیشت:

"من زۆر لەوە دڵنیا نیم، کە ئەو ١٠٢ کەسەی لەگەڵ "گوڵەکەم" My flower (ناوی کەشتیەکە بوو) هاتنە وڵاتەکەتان، پەنابەر بووبن. ئەوان دەیانەویست لە وڵاتێکی نوێدا دەوڵەتێکی ئازادانە ڕۆ بنێن. هەر ئاواش زۆر لە خەڵکی ئێمە هاتنە ئێرە بێ ئەوەی ڕاوبنرێن. ئەوان بەپێی هێزی ڕاکێشەری ڕۆحی هاتن: بۆ ئەوەی ئازادانە و بێ لەمپەر، دینی جوولەکایەتی خۆیان لەم وڵاتە دەوڵەمەندەدا پەیڕەو بکەن. ئەمەش بۆ ئێمە واتایەکی زۆروزەوەند دەگەیەنێ".

بەشی ٢

✡

دوو گەنج ماندو و شەکەت لەسەر پشتی کەشتییکی بارهەڵگری ڕووسی، لە ئۆدێسیا Odessa بەرەو دەریای ڕەش، لەوێشەوە لە ڕێی دارندێلن Darendellenەوە گەیشتنە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست.
هەر دوو لاوەکە گرەویان لەسەر ئەوە کردبوو، ئاخۆ کامەیان پێشتر وڵاتی مەبەست دەبینێ، هەر بۆیەشە چاویان لەسەر ئاسۆ هەڵنەدەگرت. گەشتەکەیان چەندان هەفتەی خایاند. ئێستا پلۆنسک زۆر لە پشتی ئەوانە و خواحافیزیان لە ژیانی ئەوێ کرد.
"داود، داود تەماشاکە، تەماشاکە گەیشتین، تیژ بڕوانە، بە درێژایی تەمومژەکە بە لای چەپەوە، ئا لەوێیە، ئەوێ یافا jaffaیە".
داود زۆر بە وردی لێی دەڕوانی تا لە دواییدا شوێنەکەی دی. گەلۆ پەڵەیەکی بۆر کە هەوا و ئاو بە یەک گەیشتوون، بەڵێ ئەوە بوو وڵاتی بەڵێنپێدراو، وڵاتەکەی خۆی. ئەو جوویکی ئاوارە بوو، ئیدی لە دواییدا گەڕایەوە زێدی باب و باپیرانی. بۆ ئەو ئاوارەبوون، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵی خایاندووە، کۆتایی هات. لەمە بەدوا ئەو لێرەدا دەژی و دەمرێ. لێرەوە خەبات بۆ بەدیهێنانی خەونی خۆی و هی ئەوانی دیکە دەکا. بەرەو دواوە بە لامل ئاوڕێکی لە بەلەمەکە دایەوە. تا چاوبڕی دەکرد هەر ئاسۆ بوو، زێیەکی شین شین. بەڵام لەبەر خۆیەوە دەیگوت؛ ڕۆژێک دادێ زێیەکە لەبەر پڕی ئەو بەلەم و کەشتیانەی کە ئاوارەکان دەگەڕێننەوە ماڵی خۆیان، ڕەش هەڵبگەڕێ.
هەنووکە کەشتیەکە نزیکتر بۆتەوە، توانیان خانوو و خەڵک لەیەک جیابکەنەوە. یافا شارێکی دێرۆکیی بوو. لە کتێبەکەدا (مەبەست تەوراتە)

نووسـراوە: تیـرەی دان Dan لێـرەدا جێگیـر ببـوون. ئـاخر خـۆ نزیکـەی هەمـوو بەشـێکی ئەم ناوچەیە ڕۆڵـی خـۆی لـە مێژوی جووانـدا بینیـوە. بایبل (تەورات) ناوی هەمووانی بردووە. داود زۆر بەوە دڵشاد بـوو، کە بـاوکی جوگرافیـا و مێـژووی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی فێرکردبـوو. ئـەو دەیزانـی بەلەمەکـەی یـونس Jounas لـە نزیـک یافـاوە کـە خـودی پێغەمبەری لەسـەر پشـت بـوو، خەریـک بـوو نقـوم بـێ، کە نەهەنگێک هـات و قـوتی دا. دواتـر لێـرەدا کارەسـاتگەلی چەوسـاندنەوە و ڕاوەدوونـانی ترسناک قەومان. کاتێکیش کۆتـەڵی دووەم ڕوخێندرا، بە هـەزاران جوو لە لایەن شوێنکەوتووانی گریکەوە بە لیست بەرەو بەندەرەکە بردران و خنکێندران.

هەرچەندە هەموو ئەو شتگەلە مێژووییانەی بەیاددا دەهاتەوە، هەستی بە بێئومێدی دەکرد. کاتێکیش یافایان بە تـەواوی لێدەرکـەوت، شـوێنەکەیان وەک ئەو دە بەندەرەکەی دیکە هاتە بەرچاوان.

تۆ بڵێی چەندان نامرادی دیکەیان چاوەڕێ بکا؟

ئایـا کاتێـک لەگـەڵ ڕاسـتیدا ڕووبەڕوو دەبێتـەوە، کۆپلـەی خەونـەکانی هەموو شتێکی لە بیر دەباتەوە؟

کـاتێکیش لـە کەشـتییەکە دابـەزین، یـەکێ لـە هاوگەشـتەکەیان بەسـەر زەویدا داکەوت و هەردوو چنگی هیستریایانە لـە لم گیـر کـرد و مـاچی کرد.

داود هەسـتی بـە پەشـۆکان کـرد. بـە ڕاسـتی ئێـرە جیهـانێکی سـەیر و نامۆیـە، بە هـیچ شـێوەیەک لەگـەڵ گریمانـەی مێشـکیدا یـەک ناگرێتـەوە. شەقامەکان لە عەرەبی دشداشە سپی پۆش جمەیان دێ. هەوای یافا بۆ کەپوویەکی هەستیاری پیاوێکی ئەورووپایی زەحمەت بوو. لێرەدا خەڵک بە زمانێک قسەیان دەکرد کە لە یەکنزیکییەکی تەمومژاوی لەگەڵ عیبریدا هەبوو، داود لێی تێنەدەگەیشت. بەڵام ناوبەناو دوو پیادە تێدەپەڕین کە بە یدیشی دەئاخڤین.

لـە میوانخانەیـەکی هـەژاری بێسـەروبەر، کـە نـاوی میوانخانـەی حـایم بـاروخ Caim Baruch بـوو، لەگـەڵ یـەکێ لـە کـارگێڕانی بـزووتنەوەی کرێکـارانی زایـۆنی، کـە پێشـتر بـە هـاتنی داودیـان زانیبـوو، بەیەکـەوە لەسەر خاکی وڵاتە دێرینەکە ژەمێکیان خوارد.

هەموویان بە یەک دەنگ لە کاتی پێکهەڵدانی پێکی شەڕابی شیرینی فەلەستینی پەیڤی لێهایم Lehayim-یان دەربڕی. ئەوەش پێکهەڵدانێکی نەریتیانەی عیبریانە بوو واتای -بەخۆشی ژیانت-ی دەگەیاند.

ئەو شەوە گەنجەکان چوونە پیتاخ تیکڤاه Petach Tikvahی کۆنترین نشینگەی (کۆلۆن)ی فەلەستینی. ئەو شوێنە پێش هەشت ساڵبەر لە لەدایکبوونی داودەوە دروست کرابوو، هەر بۆیە بە دایکی هەموو نشینگەکان دەناسرا. نشینگەکە بە دەستپێکی زانا ئۆلدارەکانی ئۆرشەلیم کە زۆربەیان لە هەنگاریاوە هاتبوون، دامەزرا بوو. پیاوە دروستکەرەکان ڕاوێژی پزیشکێکی گریکیان سەبارەت بە نەگونجاوی دیارکردنی شوێنی نشینگەکە بەلاوە نابوو.

سەیرکەن، دکتورەکە پێیگوتبوون؛ "تەنانەت مەلەکانیش لێرە بۆ کرم و مێشومەگەز نانیشنەوە. دەزانن بۆ؟ چونکە هەواکەی پیس و بۆگەنە".

لەگەڵ ئەوەشدا نشینگەیەکی قشت و سەرنجراکێشی لێ دروستبوو. ڕیزە خانووی ڕێکوپێک، هەندێکیان لە دار و ئەوانی دیکەش لە لگبن (خشت)ی قوڕ دروست کرابوون. لە سۆنگەی کۆمەک و باربووە زۆرەکەی بارۆن ئیدمۆند ڕۆتشیلد baron Edmond de Rothschildی پاریسنشین، ڕێگاکانیان بە داری بەرزی کالیپتۆز و دەروپشتیشیان بە ڕەزوباخ داچاندبوو. بەلام لە هەمووشیان گرنگتر ئەوە بوو، لێرەدا جوولەکە دەژیان، ئەو جووانە کاتی خۆیان بە چایخانە نەدەکوشت و کشتکاری وجوتیارییان بۆ حیسابی خەڵکی دیکە نەدەکرد. لێرەدا جوو لەسەر خاکەکەی بە سەرکەوتووانە تێدەکۆشان.

داود گرین لە ژیانی ئایندەی خۆیدا تا کۆتایی، بە توندی داکۆکی لەو گریمانەیەی دەکرد، کە گەڕانەوە بۆ زایۆن، ئاوەدانکردنەوەی ئیسرائیل و ڕزگارکردنی جووەکان، ئەو کاتە ئاسان دەبێ، کە جووەکانی دیاسپۆرا دەستبەرداری شێوەژیانی هەندەرانیانەیان ببن. کاری دەستی پێویستە لە ویژدانەوە هەڵبقوڵێ. کۆچبەرەکان لەسەریانە پیشەی کشتوکاڵی بگرنەبەر.

کاتێک گەنجەکانی پلۆنسک دوای گەشتە دووورودرێژەکە گەیشتنەجێ، ماندو و شپرزە ببوون. بەڵام داود شەوەکەی خەو نەچووە چاوانی. لەو کاتەیدا گوێی لە دەنگە کپبووەکانی بیابان کە دەوروبەری نشینگەکەیانی

گرتبوو، دەگرت؛ چەندان جۆرە پلان لە مێشکیدا گینگڵیان دەخوارد. "ئاخر کێ دەتوانێ لە شەوی یەکەمی گەیشتنی بە زێدی باب و باپیرانی بە خەو بباتەسەر". ئا بەو شێوەیەی سەروو پرسێکی ئەندێشاوی سەرهەڵدراو لە یەکەم نامەی بۆ باوکی نووسیبوو. پاشان کە یادی نشینگەی پیتاخ تیکڤاهی دەکردەوە دەیگوت: "بیرۆکە و کەڵکەڵەی سەری منداڵیم و خەونەکانم هاتنەدی، ئەزیش پێی شادمان بووم. ئێستا من لە وڵاتی ئیسرائیل دام، لە گوندێکی جوولەکاندا دەژیم ، ناوی "دەروازەی هیوا"یە".

- "من بۆنی گەنمەشامی دەکەم، گوێم لە زەڕینی کەر و هاشوهوشی گەڵای ڕەز و باخەکانە. لە سەرووی خۆمەوە پۆلێک ئەستێرە دەبینم، کە ڕوون و چراخانن و دڕ بە تاریکی شەوەزەنگ دەدەن. دڵم لە بەختیاریدا لێدەدا، وەک ئەوەی هاتبمە نێو ماڵی خەونەکانم، بە ڕاستیش خەونەکانم هاتنەدی".

ڕۆژی دواتر داود و شلۆمۆی هاوڕێی دەرکەوتن و بەدوای ئیشێکدا دەگەڕان. ماندو و شەکەت لهم کێڵگەی جوو بۆ ئەوی دیکە، ئەوان ئامادەیی خۆیان بۆ هەر کارێک دەربڕی و داخوازیشیان کرێ و مزی زۆر نەبوو. بەڵام لە هەموو شوێنێکدا هەر هەمان وەڵامی نەرێیانەیان وەردەگرتەوە. "جوتیارساڵارەکان" وەک داود دواتر بۆ گاڵتەپێکردن ناوی لێنان، پێیان خۆشتر بوو کشتکارە عەرەبەکان بخەنەگەڕ. چونکە دەستی کاری عەرەب هەرزانتر بوو. عەرەبەکان ئەزموونیان هەبوو. گوایە گەنجە ئایدیالیستە جووەکان توندوبەند نین. ئەوان دەستیان قەڵش و زبر نییە. ئەوان ئەو پیاوە نین خۆیان لەبەر تاوی سوتێنەری هاوینی بیابان ڕابگرن. جوتیارە جووەکان دەیانتوانی باشتر جڵەوی کرێگرتە عەرەبەکان بگرن. گەنج و تۆلازە دلێرەکانی جوو، زیاتر بۆ بانگەشە نەوەک کارکردن دەستدەدەن.

ئەزموونی پیتاخ تیکڤیاه بە قووڵی باندۆری خۆی لەسەر کەسایەتی و گریمانە سیاسیانەکەی داود گرێندا دانا. ئەو لە ناخەوە قینی لە دەوڵەمەندە جووەکان هەڵگرت. ئەوانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، گوایە وڵاتی پیرۆز دەکەنە بەهەشتی تاوان و تاڵانکاران.

لە دواییدا داود و شلۆمۆ کارێکیان بە هەشت پیستەر (پارەی ئەوکات) لە هەفتەیەکدا دەستکەوت. مزەکەیان بە ئاستەم بەشی بە کرێگرتنی پێخەفێکی شەو و ژەمە خواردنێکی ئێواران دەکرد.
داود ساڵێکی بەو کولەمەرگیە لە جودا Judeaدا بردەسەر. ئەو لەسەر ئیشەکەی ڕانەهات. لەبەر ئەوەی تێری بە زگی خۆی نەدەخوارد، کز و زەبوون هەڵگەڕا. کاتێکیش تووشی مەلاریا بوو، بەم شێوەیە گێڕایەوە:

- "هەرسێکیان، ئیش، برسێتی و مەلاریا بۆ من ئەزموونی نوێ بوون. لە ماوەی چوارده ڕۆژدا لەگەڵ لێدانی کاتژمێر، تام دەگرت، ڕۆژێک تا شەش ڕۆژانی دەخایاند و دواتر نەدەما.

برسێتیش میوانی هەمیشەییمان بوو. بە هەفتە، هەندێ جارانیش بە مانگان پڕ بە زگم نەدەخوارد. بە ڕۆژ دەکرا ئارام بگرم و زۆر بیری لێنەکەمەوە، بەڵام شەوان ژانی برسێتی بە سەعات بەری نەدەدام، هەناوی لوول دەدام، بەرچاوی تەنگ دەکردم، هەناوی دەگوشیم، لەنێو مۆخی ئێسقانەکانمدا ئازارێک سەرتاپای جەستەمی دادەگرت. ئیدی بە ناچاری لە کۆتاییدا خەوێکی شەپرێو دایدەگرتم."
بە درێژایی ساڵی یەکەمی، هەندێک کات لە ڕەز و باخی شەڕاب و ژێرزەمینی شەڕاب دروستکردنی ڕیشۆن زایۆن RishonZione کە خاوەنەکەی بارۆنی ناودار ریتشێلد بوو، کە بە ملیۆنان دۆلاری لە ئیسرائیل وەبەردەهێنا، کاری دەکرد. ئەنجا ڕووەو گوندێکی نوێی کفر سەبعە Kfar Saba بەڕێکەوت. جارێکیان لە نامەیەکدا بۆ باوکی نووسیبووی: " ئێمە لەسەر گردێک دەژین کە بە چیا دەورەدراوە. هەوا لێرە سازگارتر و تەندروستترە. ناوچەکە بە داری تو چێندراوە، کە بەر لە ساڵێک لە عەرەبەکانیان کڕیوەتەوە. هێشتا خانووی لێ دروست نەکراوە. پاشای نابلوس Nablus کە دەسەڵاتداری سەر ئێرەیە، تەنها بە پارە لێدەگەڕێ لایدەکان. خانوو دروست بکەن. نرخی زەویەکان بەرەبەرە بەرز دەبێتەوە. ئێمە بەرەبەیانیان لە سەعات شەشەوە بۆ سەر کار دەڕۆین، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕۆژیش ئارەقە لە لەشمان وەک ئاو جۆگەلە دەکا و دێتەخوار".
داود لە وتار و دوانەکانیدا بە ئاشکرا تووڕەبوونی خۆی بەرانبەر ئەو جووانەی ترسنۆک بوون، ئەوانەی کەمتر مەیلیان بە لای سەرچڵێتیدا

دەڕۆیشت، ئەوانەی خۆیان پەرگیرکردبوو لە بەرانبەر گەڕانەوەیان بۆ فەلەستین، دەردەبڕی. دەنگی ئەو سکالایەی تا لە ژیاندا بوو، کپ نەبوو.

- "لەسەر پشتی هەر کەشتییەک کە بۆ ئێرە دێ، پڕی گەشتیارە، بۆ کارانگازبوون بە جوانی وڵاتدا دەگەڕێن، بەڵام هیچ جوولەکەیان لەگەڵدانین. خەڵکی ئێمە هەر بەوەندە لێگەڕاوە کە ڕۆژێ سێ جاران نوێژ بۆ ئیسرائیل بکەن و بۆی بپاڕێنەوە. لە ڕۆماکاسۆلیک دەژین، کەچی لە زایۆندا هیچ زایۆنیستێک ناژی."

ساڵێک دوای گەیشتنی داود، کۆنگرەیەکی بزووتنەوەی کرێکاری زایۆنیزمی لە فەلەستیندا سازدرا. هەندێک لە شاندی ئامادەبوو ڕایانگەیاند کە ٧٢ کیلۆمەتری نێوان ئۆرشەلیم و یافایان بە پێ بڕیوە. یەکێ لە کارگێڕانی کۆنگرەکە گەنجێک بوو، هەر دوو ساڵان لە داود گەورەتر بوو، ئەویش ئیسحاق شیمشەلیڤیتش Itzhak Shimshelevitch بوو، کە زۆر نەبوو لە ئۆکرانیای ڕووسیاوە گەیشتبووە فەلەستین. ئەو کابرایەکی لاوازی ڕوو بەیەکداقوپاوە بوو. لە ڕووسیادا بەشداری بزووتنەوەی بەرگری لەسەرخۆکردنەوەی جوان بوو، کاتێکیش ماڵیان پشکنیوە، بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی شاردراوەیان لە ماڵدا دۆزیوەتەوە. لە کاتێکدا ئەو لە ماڵ نەبووە پۆلیسی ڕووسی ماڵ بە ماڵی پشکنیەوە، لەسەر دۆزینەوەی چەکەکان تەواوی ماڵباتەکەیان گرتووە. ئیدی دایکی، باوکی و تەواوی منداڵەکانیان بۆ سیبیریان نەفی کردوون. ئیسحاق لەوە سەرکەوتوبوو خۆی لە چنگی پۆلیسەکان دەرباز بکا و بەرەو فەلەستین هەڵبێ. کاتێکیش ناوی خۆی لە تۆماری میوانخانەی یافادا تۆمار دەکرد، لەژێر ناوی بن زیڤی Beni Zivi ئیمزای کرد و پاشانیش بە فەرمی هەر ئەو ناوەی بەکارهێنا.

داود، هەواداریتی خۆی بۆ ئەو لاوە ئۆکراینیە نەشاردەوە، لە زۆر پرسی سیاسیدا خۆی و بن زیڤی هاوڕابوون.

هەرچەندە داود بەهرەی زمانزانینی نەبوو، بەڵام لە ڕێی خولی چڕوپڕدا فێرە زمانی عەرەبی بوو. هەنووکە ئەو چوار زمان دەزانێ، ڕووسی، یدیشی، عیبری و عەرەبی، هەروەها لەگەڵ هەندێ پۆلۆنیش. لە ماوەی

ساڵی یەکەمی لە جودا Judeaدا بە چڕی خەریکی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای ناوچەکە بوو. ئەو هەموو گوندێک، هەموو دووڕیان و چوارڕیانێ، هەموو ڕووبارە وشکهەڵگەڕاوەکانی دەناسی. بەڵام خۆی و شلۆمۆی هاوڕێی چیدی خولیای کاری کرێگرتەیی کشتکاریان لە جودیادا نەمابوو.

دواتر داود وا دەنووسێ:

- "چیدیکە کاری لەبن نەهاتوی تەور و بێڵ ڕزگارم ناکا. کارەکە ماشێن ئاساییە. هەڵکەندنی خاک، وام لێدەکا بیر لە کاری فابریکیانە بکەمەوە. من تامەزرۆی ئاسۆیەکی بەرفراوانم، تامەزرۆی خۆڕاوەشاندنی قەدی گەنمەشامیم، تامەزرۆی بۆن و بەرامەی گیا و گۆرانی درویێنەم؛ بۆیە بڕیارمدا بەرەو باکوور بەرەو گالیلیا Galila هەڵبکشێم".

داود گرین شوێن خەونی خۆی لە شێجیرا Sejera دیتەوە. خۆی و دە کەسی دیکە هەموو نێوانەکەیان کە نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر دەبوو لە پیتاخ تیکڤاهەوە تا باکوور بە پێ بڕی. لە ڕێگەیاندا بە بیاباندا دەڕۆیشتن، زۆر گوندی عەرەبانیان دەهاتەڕێ، بە گردەکانی جودیادا تێپەڕدەبوون، وردە وردە لە باکوور نزیک دەبوونەوە، بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتدا ڕوەو گۆمی تەبەریا بایاندایەوە.

بە ڕاستی شێرجیا دەڤەرێکی جوان بوو. ناوچەکە بە شاخان دەورەدرابوو. نشینگەکە لە لاپاڵی گردەکە هەڵکەوتبوو، ڕیزە خانووێک لەوی دیکە بەرزتر بوو. پڕ داروبار بوو. لێرە دەتوانێ ڕەنج بدا و تۆو بچێنێ، لێرە هەر لەبەر ئەوەی جوولەکەیە، کەس ڕێگای کارکردنی پێناگرێ.

پاشان داود ڕایگەیاند؛ لەو شوێنەدا و بۆ یەکەمین جار هەستی بەوە کردووە، کە لە ماڵ وحاڵی خۆیەتی. ئیدی ئەوەیە وڵاتی باو و باپیرانی کە زۆر تامەزرۆی دیتنی بوو.

داود ئاوا بۆ باوکی دەنووسێ:

- "بە دەستی چەپەم ئامورم پێیە و بەدەستی ڕاستەش زەختەی گا هاژۆتن، ئەوەم بۆ دەردەکەوێ کە چۆن خاک هەڵدەکێڵم و گیاوگوڵی لێ بژار دەکەم، هەروەک ئەوە وایە جووتە گایەکە

برادەرم بن و ناوبەناو هەقی پشوودانیان پێدەدەم. لێرە ئەوکاتەم هەیە بیر بکەمەوە و نەخشە و پلانی خەونەکانم دابڕێژم".

کاتێ داود دەیەویست ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی لە شیجیا بەختەوەر بووە، دەڵێ:

- "لێرەدا هیچ دوکانداریک، هیچ بازرگانێک، هیچ کرێگرتەیەکی غەیرە جوو، هیچ کەسێک بەسەر زگی ئەوی دیکەدا باز نادا. پیاوان زەوی دەکێڵن، وەرد و شۆی دەکەن و تۆوی پێدادەکەن، ژنانیش لە باخچەکاندا گیا دەڕنن و مانگاکان دەدۆشن؛ منداڵەکانیش قازەوانی دەکەن و یارمەتی باوکیان دەدەن. ئەوانە بە ڕاستی لادێیەکانن، کە بۆنی تەندروستی پەین و گەنمی پێگەیشتویان لێدێ و پێستیشیان لەبەر تین و تاوی ڕۆژ ڕەش هەڵگەڕاوە".
- سەر لەنوێ خۆناسینی کۆچبەرەکان دەستی پێکردەوە. ئەو پێواژۆیەش دەبێ خولی خۆی تەواو بکا تا لە هەموو لایەک جوتیارە جووەکان خاکەکە بە میوەجات بەرهەم بهێنن، هەروەک ئەو ڕۆژگارەی، کە هێشتا جوو پەرشوبڵاوی وڵاتان نەبووبوون.
- گەر هاتوو دواتر لەم وڵاتەوە جارێکی دیکە دەرکراین و پەڕینە وڵاتێکی ئەودیوی زێ، ئەوکات یادەوەرییە گاڵتەپێنەکراوەکانی شەوەکانی ئێرە، کە نیشانەی ڕەوای لە دایکبونەوەی گەلێکە، هەرگیز لەبیر ناکەین و لەگەڵ خۆمدا دەیانبەم".

ئەو وشانەی سەرو هی دەربەدەرێکی جوو بوون کە لە دوایدا گەڕابووەوە. ئەو بۆ باوکی خۆی ئاشکراکرد گەر هاتوو جارێکی دیکە لەلایەن، ترکەکان یان عەرەبەکان وەک نەوەکانی پێش خۆی دەربەدەرکرایەوە، ئەوا هەرهیچ نەبێ بایی ئەوەندە لە وڵات ژیاوە، کە یادەوەرییە نەمرەکانی بەتایبەتی هی شەوە لەبیرنەچووەکان، لەگەڵ خۆی بێنێتەوە.

لە هەندێ بەشێ فەلەستیندا عەرەبەکان کۆچی جووەکانیان بە قازانج حیساب دەکرد. چونکە دەرفەتی کار زێدەتر دەبوو، کرێ و مز باشتر دەبوو و داودەرمان و چارەسەریش چاکتری لێدەهات.
بەڵام لە گالیلیا عەرەبەکان هێشتا هەر وایان بیردەکردەوە، دەکرێ جووەکان لە ڕێی تەنگەتاوکردن دەربکرێن: گەرهاتوو خانووماڵیان بسوتێندرێ، مەڕو ماڵاتیان بدزرێ و پەلاماری پیادەکانیان بدرێ، ئەوا لەو ناوەدا نامێنن. لە گوندەکانی دەوروبەری شێجیا هۆزە عەرەبەکان ئەزموونێکی زۆریان لە تاکتیکی تۆقاندندا هەبوو، چونکە بەهایان بۆ ژیانی مرۆڤ دانەدەنا. بۆیە پێویست بوو نشینگەکان ئێشگریان هەبێ. هەرچەندە لەو دەڤەرەدا بە تەواوی جوولەکە ئێشیان دەکرد، بەڵام ئەوانەی بە شەو ئێشکگریان دەکرد، عەرەبە کرێگرتەکان بوون، ئەوان عەرەبی سیرکاشیر Circaaiers کە لە گوندی عەرەبانی کفر کانا Kfar Kana وە هاتبوون، بە پارەیەکی زۆر ئەو کارەیان دەکرد.
بۆ ئەو سیستمەش ڕونکردنەوەی جۆراوجۆر هەبوون. گەر هاتوو مرۆڤ عەرەبەکانی هۆزێکی دژواری وەک سیرکاشیر بەکرێ بگرێ و ئێشکی شەوانەیان پێبگرێ، ئەوا بەلای کەمییەوە شەوانە کردەی بەسەرداتان ڕوونادەن. ئەوجا وەک دەگوترێ "بە دز دز دەگیرێ".
سەرباری ئەوەش جووەکان سەردەمانێکی دوورودرێژە چەکیان هەڵنەگرتووە. دەکرێ کاری کشتوکاڵی بکەن، بەڵام کاری سەربازی بۆ ئەوان نەشیاوە.
داود کە ماوەیەکی کەم بوو گەیشتبووە شێرجیا، خوازیاربوو سەرپەرشتی هەڵمەتێکی گۆڕان بکا. وڵاتی جووان دەبێ هەر لەلای خۆیانەوە پاسەوانی بکرێ. ئەوەش دروشمی ئەو بوو، خەباتی بۆ کرد تا بووە سەرەداوی بنەمایەک و دواتر بە بنەمای کرێکارانی زایۆنزمەوە ناسرایەوە.
لە ڕاستیدا سەبارەت بەو دۆزە، ئەو ڕووبەڕووی نەیارانی زۆر بووەوە. دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان سەری ڕەزامەندییان بۆ ئەو داخوازییەی نەدەلەقاند. گەر هاتو جووەکان خۆیان پاسەوانی لە خۆیان بکەن، ئەوا هەندێ هۆزی عەرەبی بەرەنگاریان دەبنەوە. کەسیش پێشبینی نەدەکرد، دواتر ڕەوتەکە بەچی دەگەیشت. گەر هاتوو هۆزی سیرکاشیر لەسەر

کاری پاسەوانی دەربکرێ، بێ گومان دەرەنجامی سوتاندن، کوشتن و تالآنوبرۆی لێدەکەوێتەوە.
داود و هاوڕێکانی چەند شەوێک نەنوستن تا بۆیان دەرکەوت، کە پاسەوانەکان کاری ئێشگرێتی خۆیان بە باشی نابەنەسەر. پاسەوانەکان ئاهەنگێکیان لە گوندێکی عەرەبانی نزیک هەبوو، شوێنەکەیان بە پاڵپشتی ئەوەی ناوبانگیان ڕۆیشتووە، گوایە هیچ تالآنکەرێک ناوێرێ دزی بکا، جێهێشت. خۆ ئەگەر شتێکیش دزرابا، ئەوا بەحیساب دەیانتوانی شوێنپێی دزەکان هەڵبگرن و کەلوپەلەکان بگەڕێننەوە، ئەمەش بێگومان بێ پاداشتی چەور نەدەبوو، کە بەسەر خۆیاندا دابەشیان دەکرد.
شەوێکیان داود و هاوڕێکانی هێستری خاوەن کێڵگەیەکیان لە شوێنێکدا شاردەوە، ویستیان دەرسێک بدەنە ئێشکگرەکان. ئینجا بە خاوەنەکەیان گوت، هێسترەکەی دزراوە، ئەویش بە پەلەپڕوزێ بەرەو خۆکی ئاژەڵان چوو، هێسترەکە لەوێ نەمابوو. ئەوسا بە هەڵەداوان بەرەو لای ئێشکگرەکە ڕۆیشت، بەڵام کەس لەوێ نەبوو، پاسەوانەکە لە گوندێکی عەرەبانی نزیکیاندا لە حەفت خەوان ڕاست ببووەوە. بۆ بەیانی پاسەوانە عەرەبەکە لەسەرکار دەرکرا، بەم جۆرە برادەرێکی داود جێگەی گرتەوە.
ئەوە دەستپێکێکی سادە بوو. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کارانە ئەوانی گەیاندە سەرکەوتنەکانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩، کە سەربازە ژێرزەمینییەکانیان بە ڕێکوپێکی پەلاماری لەشکرەکەی عەرەبانیان دا. لە ڕاستیدا بنەمای ئەوەی دەبێ جوو بە خۆی لەسەر خۆی بکاتەوە، بۆ یەکەمین جار لەسەر زەمیندا و بە کردەوەش سەلمێنرا. ئەوەش هەر یەکەمین جار بوو، داود گرین سەروکار لەگەڵ کاری سەربازیانەدا پەیدا بکا. چل ساڵ دواتر بووە وەزیری بەرگری و یەکەمین سەرکردەی سوپای جوولەکە، ئەو سوپایەی کە بە درێژایی ئەو هەموو سەدانە پێکهات. ئەوەش ڕێگایەکی دوورودرێژ بوو، تیایدا زۆر کەس سەری لە پێناودا دانا. زۆریشی نەبرد کە یەکەمین قوربانی لێکەوتەوە.
هۆزی سیشیری خۆیان ڕێکخست و پەلاماری ئاکنجییەکانی شیرجیان دا و تەنگەتاویان کردن. داود خەڵکەکەی هێنایە سەر ئەو بڕوایە، خۆیان

بۆ بەرگری ئامادە بکەن و چەک پەیدا بکەن. بەڵام چۆن دەستیان بە چەک ڕابگا؟ بۆ ئەو گرفتە هەرگیز بەرسڤێکی دڵخۆشکەر لەبەردەستدا نەبوو. لە ١٩٠٧دا داود بە دوای باشترین ڕێگەی بەدەستخستنی چەکدا گەڕا. لە ١٩٤٧ دیسان بەدوای چەکدا گەڕا هەروەها لە ١٩٥٨یش.
سەرپەرشتکاری نشینگەی شیرجیا ئەسپ و گالیسکەیەکی ناردە حەیفا. کاتێک گالیسکەکە گەڕایەوە، بە شێوەیەکی ئەفسوناوی بە تفەنگە ڕەشکەکانی ڕاو و بە کۆنە جیفت Jift بارکرا بوو. ساڵانێک دواتر داود سەبارەت بەو بارە چەکە وەهای نووسی:

- "ئێمە وەک منداڵ یاریمان لەگەڵ ئەو چەکانەدا دەکرد، هەرگیز لێمان جیا نەدەبوونەوە. بە نابەدڵی بە ڕۆژ بۆسەر کار دەڕۆیشتین، چونکە بە درێژایی ڕۆژ دەرفەتی مەشقکردنمان نەبوو. هەر کاتێک لەکار دەگەڕاینەوە ماڵ و ئەسپ و ئێسترەکانمان دەبەستنەوە، ئەوسا بۆلای چەکە بۆرە خۆشەویستەکان ڕاکە، تا لەکاتی نوستنیشدا لەگەڵ خۆمان دەبردنە سەرجێ. لەکاتی نانخواردن، دەستشوشتن، ڕۆیشتن، خوێندنەوە و قسەکردن تفەنگەکانمان هەر بەشان یان بە دەستەوە لەنێو گولمەمان دابوون".

بە ڕۆژ کاری کشتیارییان دەکرد و بە شەویش ئێشکیان دەگرت. ئەوان خاکیان دەکێڵا و تفەگەکانیشیان بە شانەوە بوو.
لە دوا ڕۆژی جەژنی پاس (هەڵستانەوەی مەسیح)دا، پاسەوانێک ڕایگەیاند، کەوا دوو عەرەبی نەناسراوی لە گۆڕەپانی شێرجیا بەدیکردوون، دیاربوو لەسەر گردەکەی بەرانبەر کڵێسەکە دانیشتبوون. یەکێ لە سەرنشینانی نشینگەکە بە ناوی ئیسرائیل کرۆنگۆلد Israel Krongold بۆ سۆراخکردن بەدوایاندا چوو. دوای نیو سەعات دەنگی شێلکە تفەنگێک هات. ئیسرائیل هەر لەڕێگادا گیانی لەدەست دا.
ئەمەیان یەکەمین جار بوو ئەو گەنجەی لە پلۆنسکەوە ڕاهاتبوو، کە تەمەنی گەیشتبووە نزیکەی ٢٢ ساڵان، مردوویەک لە باوەشدا بگرێ. بێگومان دواجاریشی نابێ.
هەمان شەو داود لەگەڵ دەستەیەک لە خەڵکی نشینگەکە بەرەو نەزارەت Nazareth بەڕێکەوتن. ئەوان بەرەو ئەو شوێنەیان دەڕوانی

کە کابرای لێکوژرا بوو. یەکێ لە هاتووەکان شیمۆن میلمەد Shimon Melamedی هاوڕێی داود بوو، دارتاشێکی کارامە بوو، زۆر نەبوو بۆ کارکردن هاتبووە شێرجی. تەنها ئەو سێیەکی پێشانیشی دەستکەوت نەبوو، کەچی ئەو تێبینیە لای داود پەیدا بوو، کە بەختەوەرترین پیاوی نشینگەکەیە. ئەو خەونەی ئەو بۆی دەژیا بە ڕاستی وەرگەڕا.

لەو کاتەی ئەوان تەماشایان دەکرد، سێ عەرەبیان بەدی کردن، دیاربوو بە دوایاندا هاتبوون. داود و یەکێکی دیکە بەرەو ئەو لایە ڕۆیشتن کە ڕێی گەڕانەوەیان لێبگرن. هەر زوو شەڕ هەڵگیرسا، بەڵام هەموو گوندە عەرەبنشینەکە بەشداری تێداکرد. لە کۆتاییدا دەبوایە دیسان داود کۆمەکی ئەو کوژراوە بکا و بیگەیەنێتەوە ماڵ. ئەو جارەشیان برادەرەکەی خۆی، شیمۆن میلمەد بوو.

ئەوان زانیان ئیدی یەکەمین هەنگاوی زەحمەتیان بەرەو زایۆنیزم هاوێشتووە. گەڕانەوەش داد نادا. دەبێ خوێنی جوولەکەی زۆرتر بڕژێ تا کێڵگەکانیان بپارێزرێ و ململانێی لە نوژەن ژیانەوەی ئیسرائیل ببەنەوە.

کاتێک داود گەیشتە شێرجیا، دیمەنی دڵفرێنی دەڤەرەکە لە ناخەوە هەژاندی. لە نامەکانیدا باسی "خونچە گوڵی زێڕین، ئاسمانی شینی کاڵ، و هەیڤی ئەفسوناوی ڕووناککەرەوەی ئاسمان و چیای کریستالی" دەکرد. بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار کەمتر شیعرئامێزانەی نامە دەنووسین. چونکە تا دەهات ڕەقێتی ڕاستەقینەی ژیانی بۆ دەردەکەوت.

شلۆمۆ زیماخ کە پێش داود هاتبووە نشینگەی شێجاریا، دژی بیرۆکەی بەرەنگاریانەی جوولەکە بوو. ئەو لەگەڵ داودا لە یەک ژوور دەخەوتن، تا قوڵایی شەو مشتومڕیان بوو. شلۆمۆ دەیگوت ئێمە بۆیە هاتوینەتەوە وڵاتی کتێبە پیرۆزەکە تا سادەییانە و بە ئاشتی بژین. گەر هاتوو بەرەنگاری عەرەبان ببینەوە، ئەوا هەرگیز ئاشتی (شالۆم Shalom) پەیدا نابێ.

وەلێ داود ڕای وابوو، پێویستە ڕاستیەکان بە جوانی ببینرێن. ئەوان هەنووکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەوەک لە ئەورووپا دەژین. قانونی بیابان تاکە قانونە کە عەرەبەکان لێی حاڵین. بە گوێرەی ئەو قانونە پێویستە پیاو ئامادە و لەسەر پێ بێ، داکۆکی لەخۆی بکا. لە چاوی

هۆزە دەروننەخۆشە تاڵانبەرەکان ئەوەی دەرباز دەبێ و دەیباتەوە پاڵەوانە. کوشتنی کەسی لایەدە و زێڕدزین لە فەڵەستیندا بێڕەوشتی نییە. بە کردار دەسەڵاتی ترک لێرەدا نەماوە. پیاوکوژەکان بە دەگمەن سزادەدرێن، دزەکان بە ئاشکرا وەک بازرگانانی زەیتوون پیشەکەیان ڕایی دەکەن و وەک بەرزەکی بانانیش بۆی دەردەچن.
هەرچەندە داود بە گوێرەی ڕوانینی مێژوویەکەی خۆی هەر گەنجی جاران نەمابوو. دواجار کە جووەکان شەڕیان لەسەر شەرەفی خۆیان، مافەکانی خۆیان لەو وڵاتەدا کردووە لە کۆتایی سەدەی یانزەهەمدا بووە، کاتێک لەشکری تانکرێد Tancredو هێزی دەریایی ڤینسی (بندەقیە) پەلاماری حەیفایان دا. هەشت سەد ساڵی بەدوادا هات، جوو لەشکری خۆی نەبوو. هەر لەبەر ئەمە بوو، کە جیهانی غەیرەجوو ئەو سەرنجەیان لا دروست بوو گوایە جووەکان ترسنۆکن، ئامادە نین داکۆکی لە مافەکانیان بکەن. لە هەندەراندا بە تەواوی پابەندی قانونی ئەو وڵاتانە بوون کە لێی دەژیان، بەڵام نوێنەرانی ئەو قانونانە زۆر جاران کاری قێزەونیان دەکرد و چاویان لە باندەکانی دژەسامی بۆ کوشت و بە تاڵانبردنی ماڵ و حاڵی جووەکان دەپۆشی، لە جیاتی ئەوەی بیانپارێزن.
ئەوکاتەش کە جووەکان پەرۆشی خۆیان بۆ نەخشەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی دێرینی ئیسرائیل دەربڕی، دەبوایە گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا دابێنن. ئەم جیهانە جیهانێکە کە هەر بەتەنها هێز دەیخوا و هەر هێز وا دەکا ڕێزی بگری. تا ئەوکاتەی مرۆڤایەتی لەوەدا سەردەکەوێ، کە ماف و ڕەوایەتی بەسەر هێزدا زاڵ ببێ، پێویستە جووەکانیش بەهێزبن. داود توانی ئەوانی دیکە بەو بەڵگەوبەندانەی (ئەرگومێنت) سەروو بهێنێتە سەر بڕوای خۆی، بەڵام شلۆمۆ زامیخ هەر نەهاتە ژێربار. شلۆمۆ دواجار تەواوکردنی خوێندنی بەرەو پاریس بۆ بەڕێکەوت، پاش چەندان ساڵ ئەوسا گەڕایەوە.
داود لە خەباتی بێ وچانیدا بۆ داکۆکیکردنی لە جوولەکایەتی، پشتیوانی لە کرێکارانی زایۆنیزم بەدەست هێنا. لەژێر ڕابەرایەتی بن زیڤیدا ڕێکخراوێکی نهێنیان پێکهێنا. ڕێکخراوەکەیان بە ناوی هاشومەر

Hashomer (ئێشکگرەکان) بوو، کە مەشقی بە جووەکانی سەرتاسەری وڵات دەکرد.
هەر بن زیڤیش بوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، دەبێ بە زووترین کات داود بچێتە ئۆرشەلیم. داود بە شێوەیەکی گشتی حەزی لە ژیانی شار نەبوو، ئەو چەند دانەیەکی وەک وارشۆ، ئۆدێسا و کۆستانتینیاپۆل Konstantinopel (ئەستەمبۆلی ئێستا) دیتبوون.
بەڵام ئۆرشەلیم شتێکی دیکە بوو. ئۆرشەلیم شاری داود بوو. شا داود ناوبانگی ئۆرشەلیمی بە هەموو دنیادا بڵاوکردەوە. سالۆمۆ Salomo (سلێمان) یش کۆتەڵەکەی لە سەوزایی لوبنانەوە هێناو بە ئاڵتون نەخشاندی. ڕۆژگارێکی درێژ بوو لە ئۆرشەلیمدا ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ جوولەکان مەیسەر ببوو. بەڵام شالۆم (ئاشتی) درێژەی نەکێشا. میسرییەکان، ئاشوورییەکان، گریکەکان، عەرەب، ڕۆمانی و ترک هەموویان هاتن. هەنووکەش ئۆرشەلیم شارێکە لەژێر دەسەڵاتی ترک دایە، بەڵام هێشتا جووی لێدەژین، یەکێکیشیان ئەو بن زیڤیەیە کە داوای لە داود کردبوو "بە پەلە وەرە".
بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆنی کۆنگرەیەکیان بەست و بن زیڤی داوای کردەوە هەفتەنامەیەک بەناوی ها ئاخدوت Ha`achdu (یەکێتی) دەربکەن. ژنێکی گەنج بەناوی ڕاشێل یانایت Yanait Rachel کە تازە لە ئەورووپاوە هاتبوو (دواتر دەبێتە خانمی بن زیڤی) دەبێتە یاریدەدەر. بەڵام ژنەکە هیچ عیبری نەدەزانی. جوتیارە گەنجەکەی گالیلیا ڕایگەیاند، ئەو بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە تا زەوی بکێڵێ. بەڵام بن زیڤی هانیدا ئەرکی نوێی بەجێ بگەیەنێ. لە دوایدا گەیشتنە چارەسەرێک. داود سەرەتا دەبێ بچێتە ڕووسیا و هەندێ کاری فەرمییانە ئەنجامدا، تا وا دەربخا، ڕاژەی سەربازییانەی تەواوکردەوە، بۆ ئەوەی چیدیکە باوکی تەنگەتاو نەکەن. دواتر ئەو گەشتێک بە هەموو نشینگەکانی جوولەکاندا بکا. ئەوسا کارنامەی ڕۆژنامەوانی دەست پێبکا.
ئەو بەرنامەیە سەری گرت و داود هاتە شاری پیرۆز. وەک زگورتییەکی بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆنیزم و ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی "یەکێتی" دەستبەکاربوو. لە یەکەمین وتاریدا ئامانجەکانی هەفتەنامەکەی ڕوون کردەوە. ئەو بە واژۆی

بنگوریۆنBen Gorion ناوی خۆی نووسی. ئەوەش یەکەمین جار بوو کە ئەو ناوە بەکاربهێنێ، ئیدی هەموو جیهان بەو ناوەی ناسی. ئەو پاشناوەکەی لەبەر ئیقاعە بابیلیانەکەی هەڵبژارد. "بن" بە عیبری واتای کوڕ، "گۆریۆن"یش واتای شێرێکی خورت دەگەیەنێ. ئیدی هەنووکە ئەو بووە داود کوڕی شێرە خورتەکە. بەهۆی ئەو ناوەوە لە ڕوی هێماییەوە هەموو پەیوەندییەکی بە هەندەرانەوە پچڕی. ئێستا ئەو داود بنگوریۆنی هاووڵاتی ئیسرائیلە، ئەو وڵاتەی کە لە کەڵکەڵەی ئەندێشاوی جووە ئایدیالیستەکاندایە.

داود ئێستا تەمەنی نزیکەی بیست و چوار ساڵانە، گەنجێکی ڕێکوپێکی پرچ ڕەش. سمێڵە ڕەشەکە لەسەر دوا مۆدێلی ترکی چاککردبوو. ئەو قاتێک، کراسێکی سپی و بۆینباخێکی خەتخەتی پۆشی. دەکرا ئەو ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزی یان ئەمریکایی بوایە.

لە وتارەکانیدا ڕاشکاوانەوە هیچی تێدا نەدەهێشتەوە. ئەو داوای یەکگرتنێکی زیاتری نێو ڕیزەکانی جوولەکەکانی دەکرد، داوای زیاتر بەکارهێنانی زمانی عیبری، پشتگیری سیاسەتی سۆسیالیزمیانەی بزووتنەوەی کریکارانی زایۆنیزمی دەکرد. لە دوایشدا داوای ئابۆنەی زیاتری هەفتەنامەکەی دەکرد.

لەو سەردەمەدا سەدهەزار جوو لە فەلەستین دەژیان. تیراژی هەفتەنامەکە دووسەد و پەنجا دانەی بۆ ناو فەلەستین و سەد دانەشی بۆ دەرەوە بوو. (زۆر لە جووەکانی فەلەستین دژی بەکارهێنانی عیبری بوون وەک زمانی ئاخاوتن). لە بەرانبەر کارەکەیدا داود بنگوریۆن وەک نووسەر، هەفتانە ٢.٢٥ دۆلاری وەردەگرت.

داود بۆی دەرکەوت کە ژیانی جوتیارانەی باش لێدەهات. هەنووکەش ئەوەی بۆ ساخ بۆتەوە کە ژیانی ڕۆژنامەنووسیانەی وەک پیشە بۆ ئاسانترە. لە ماوەی ژیانیدا بنگوریۆن هەموو چاکەی ناوبانگی وەک سیاسەتوان، دەوڵەتمەدار، سەرباز، ستراتیژدانەر و سەرۆکی حکومەت هەمیشە لە چاوی ڕۆژنامەنووسیەوە دەزانی. کاتێک کە بووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کۆمەڵێ لە پەیامنێران داوایان لێکرد هەندێ زانیارییان سەبارەت بە وڵاتەکە بۆ وتارەکانیان بداتێ. لە بەرانبەردا گوتی:

- "من شتە ناوازەکان بۆ ئەو وتارە هەڵدەگرم کە بەتەمام بینوسم" ئەنجا بە متمانەوە پێیگوتن؛ "ئاخر لەبیرتان نەچێ ئەزیش ڕۆژنامەنووسم".

بەشی ٣

✡

گەر هاتباو گەنجەکە پێش چەند ساڵێک نەوەک لە ١٩١٣دا پێی نابایە سەر وشکانی خاکی سالۆنیکیSaloniki، لەوانەبوو بهاتایە سەر ئەو بڕوایە، کە هەڵەیەکی کوشندەی کردووە و دەستبەجێ بگەڕابایەوە. بەڵام داود بنگۆریۆن نەیدەزانی ماوەیەکی زۆر نابا و جەنگی جیهانیی هەڵدەگیرسێ، لە ئاکامی جەنگەکەدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە بار یەک هەڵدەوەشێ، بەمەش گۆشەی باشووری ڕۆژئاوای ئەورووپا و بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەنێویشیاندا فەلەستین لە چنگی ترکەکان ڕزگاریان دەبێ.

دەستپێشخەرییەکی نوێ ختوکەی بنگۆریۆنی جوتیار- پاسەوان- ڕۆژنامەوان- سیاسەتوانی دا، بەوەی لە ڕۆژگاری نوێدا ئەرکێکی نوێی لێچاوەڕوان دەکا. هەرچەندە تەمەنی نەگەیشتبووە بیست و حەوت ساڵ، بەڵام هەستێکی گەرمی لا گەڵاڵە ببوو، کە خۆی بۆ سەرکردایەتییەک ئامادە بکا.

لەو ساڵانەی لە ئۆرشەلیمدا بووە، دەرفەتی خوێندن و لێکۆڵینەوەی باری سیاسیانەی بۆ هەڵکەوتبوو. جووەکانی فەلەستین لەنێو ئاکنجییەکانی وڵاتدا کەمینەیان پێکدەهێنا.

- "ئێمە بە گوێرەی قانونی دەستووری، بە واتای تەواوی وشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییانە هیچ ڕەگوریشەمان لەو خاکەدا ڕانەهێشتووە، کە بەهۆیەوە بە پێی ڕاگەیاندنی خۆمان بمانەوێ ماڵێک (نیشتمانێک)ی جوولەکان دروست بکەین."

- "من بۆیە بڕیارم دا بچمە قوستەنتینە (ئیستەنبول) تا قانونی تركی یان عوسمانی بخوێنم و ببمە پارێزەر، ئەوسا ژیانی قانونیانەی خۆم بۆ داكۆكیكردن لە مافی هاووڵاتی و كۆمەڵایەتیەكانی خەڵكی جوو لە ئیسرائیلدا تەرخان بكەم".

بنگوریۆن ئەو نەخشەیەی لەگەڵ بن زیڤی تاوتوێ كردبوو. بن زیڤیش دەیویست بڕوا.

- "ڕەنگبێ لە داهاتودا بەیەكەوە وەک نوێنەری جوولەكەكان بچینە نێو پەرلەمانی تركان".

لەسەر ئەوە ڕێككەوتن سەرەتا بنگوریۆن بڕوا، ئەوسا بە دوایدا بن زیڤیش بچێ. هەنووكە "یەكێتی" دەستەی تەواوی بەڕێوەبردنی خۆی هەیە. ئەوانی دیكە دەتوانن جێی بنگوریۆن و بن زیڤی بە باشی پڕبكەنەوە.

بنگوریۆن سەرەتا پێیخۆشبوو بچێتە سالۆنیكی چونكە زۆر جوولەكەی لێدەژیان و بزووتنەوەی كرێكارانی جوولەكەیشی لێ كارابوو. ئەوسا بەرەو قوستەنتینە بەڕێكەوت و لەوێ ناوی خۆی لە خوێندنگەی قانونی عوسمانیدا تۆماركرد. هەر ڕێكەوت ئەوەی خواست، كە هاوپۆلێكی عەبدوڵلای بن حوسێن بێ كە كوڕی حوسێنی بن عەلی(شەریفی مەككە) بوو، ئەو عەبدوڵلایەی لە ١٩٤٦دا بووە شای ئوردن و ساڵی دواییش كوژرا.

هەر زووش بن زیڤی لە قوستەنتینیە خۆی گەیاندە بنگوریۆن. گەشتیارە بێگانەكان ئەوانیان وەک دوو ترک تەماشا دەكردن. ئەوان فێسێكی سووریان لەسەر دەنا و چاكەتێكی ڕەشیان لەبەردەكرد و بۆینباخێكی ڕەشی سادەشیان دەبەست. هەر دووكیان سمێڵیان وەک تركێكی ڕەسەن هێشتبونەوە. ماوەیەكی زۆر برادەرەكانیان بە جمک ناویان دەهێنان.

ئیدی بە دوای ئەواندا، برادەرەكانی دیكەشیان هاتن، موشێ شێترۆک كە دواتر بووە شارێت Sharett، ئەوكات گەنجێكی تەمەن نۆزدە ساڵان بوو، تازە قوتابخانەی دواناوەندی تەلئەبیبی تەواو كردبوو، هات. تەلئەبیب ئەو شارەی سەر كەناری یافا بە خێرای شارێكی جوولەكان

بوو، هەرمێنی پەرەسەندنی بوو. شێرتۆک و بنگوریۆن لە ماوەی دوورودرێژی چل ساڵدا بە یەکەوە کاریان کرد.
یوسف ترومپێلدۆر Yoesph Trumpeldorیش بۆ خوێندن هاتە کوستەنتینیەپول. بە لای بەراوردکاری ئەودا بنگوریۆن بە کورتەباڵا (قەزەم) دەچوو. هەردوو پیاوەکە هەر زوو بۆ یەک هەواداریێتی دڵسۆز بوون. ترومپێلدۆر لە سیبیریاوە تا دەریای ڕەش لەسەر ئاستی سەربازییانەدا بە نمایشکاریکی ناودار ناسرابوو. لە سەردەمی شەڕی ڕووس و ژاپۆندا ئەو تاکە ئەفسەرێکی جوولەکە بوو لە سوپای قەڕاڵدا. لە ئابلۆقەدانی بەندەری ئارسورPort Arthurدا کە حەوت مانگی خایاندن، باسکی خۆی بە تەواوی تا ملی لەدەستدا. هەنووکەش بۆتە جوتیارێک لە فەلەستین؛ ئەو لە دیگانیا Deganyaدا دەژیا. تەنانەت بە تاکە باسکێکیشەوە ئەو لە هەموو ئاکنجیانی نشینگەکەی بەکارتر بوو. خۆی خۆی فێرکردبوو کە چۆن بە دەستێک ڕیش بتراشێ، هەروەها هەموو شتێکی دیکەی وەک خواردن، جل لەبەرکردن، تفەنگ تەقاندن و سواری ئەسپ بوون بێ یارمەتی خواستن دەکرد. ئەو ئامادەی کۆنگرەی جوولەکەکانی ڤیەناش ببوو، ئێستاش گەڕاوەتەوە دیگانیا.
کاتێک هەردووکیان بۆ یەکەم جار بەیەک گەیشتن، بنگوریۆن بە هەندێ ئێرەییەوە سەیری قۆڵەهەڵدراوەکەی ترومپێلدۆری کرد. ئەوە جوویکە کە قۆڵێکی کردۆتە قوربانی، ئەوە پاڵەوانێکی شەڕی جوولەکەکانە.
ترومپەلدۆر زۆری حەز لە بەکارهێنانی پەندی عیبری ئاین داڤار Ein Davar (جا قەیدی چییە) هەبوو. شێوەگوتنی جا قەیدی چییە، هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی ڤلادیمیر ژابۆتنسکی Vladimir Jabotinsky خستە سەر ئەو ئەندێشەیەی کە پەندەکە وا لێکبداتەوە: "ئەرێ، فەلسەفەیەکی شێوەژیانی تەواو لەبن دەربڕینی جا قەیدی چییەدا هەیە: پێ لێهەڵمەبڕە، هیچ مەترسییێک مەبینە کە لە ڕاستیدا هەونەبووبێ، ئەو کەسەی ئەرکەکەی خۆی ڕایی دەکا بە پاڵەوانی مەزانە، چونکە مێژوو بەردرێژە، گەلی جوو نەمرە و ڕاستیش پیرۆزە، بۆ ئەو زەحمەتی و خەم و ژانانەی دیکەش؛ جا چ قەیدییە".
ترومپێلدۆر وەک سۆشیالیستێک، ڕووەکخۆرێک (ڤێجەتاری) هەرچەندە لە ژیانی خۆیدا زۆر جەنگاوە، بەڵام لە ناخەوەیدا پاسیفیستیک بوو.

بەیەکەوە بنگۆریۆن و ترومپلدۆر بە کوچە و کۆڵانەکانی کوستەنتینیەدا دەڕۆیشتن. بە شێوەیەکی سەرەکی باسی شەڕیان دەکرد. تۆ بڵێی "پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا (مەبەست ئیمپراتۆریەتی عوسمانیە- وەرگێڕ-) خۆی پێ بپارێزرێ؟ ئایا گەر هاتوو جەنگی جیهانیی بەرپابوو، جووەکانی فەلەستین چییان بەسەردێ؟

ڕۆژ هات و چوو، ترکیش بووە شەشەمین زمان کە بنگۆریۆن فێری ببوو، لەگەڵ فێربوونی ترکیدا خەریک بوو ئەو کەمە پۆلۆنیەی لەبیر دەچووەوە.

خوێندکارە جووەکان ڕشتبوون لەسەر فێربوونی زانستە قانونییەکان، بەڵام لەژێر هەوری ئاسمانی ئەو ساڵانەدا هەورەتریشقە هەبوون.

هەرچەندە دەوڵەتە سەردارەکان یاداشتی تورەییان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بنگۆریۆن و هاوڕێکەی بن زیڤی ئەو کاتەیان هەبوو بە زمانی عیبری کتێبێک لەسەر شێوە بەڕێوەبردنی پارێزگاکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بنووسن. پاش یەک دوو ساڵان ئەو کارەیان لە ڕوی مێژووییەوە زۆر گرنگ بوو. نە بنگۆریۆن، نە بن زیڤی و نە ئەوانی دیکەش نەیاندەزانی چۆن وا خێرا شەڕ کۆتایی بە دەسەڵاتی ترکان دەهێنێ. ئەوان کەلوپەلەکانیان لەپاش خۆیان بەجێهێشت و بەرەو ئۆرشەلیم گەڕانەوە، بەدوای ئەوەدا چوون، ئاخۆ لە دوای ئەوان کارەکان لە وڵات چۆن بەڕێوە چوون.

لە شاری پیرۆز بۆیان دەرکەوت، کار ئاوەژوو دەڕۆیشت، هیچی دیکە نە پارە نە پێداویستیەکانی ژیان لە دەرەوە نەدەنێردرانەوە وڵات. جووەکان لە بارێکی شپرزە و تۆقینەرانەدا دەژیان. ترک پاڵی بە ئاڵمان داوە و دژی ڕووس دەجەنگی. دەسەڵاتدارانی ترک فەرمانیان داوە هەر پیاوێک دەستی تفەنگ بگرێ، پێویستە بچێتە ریزی لەشکر؛ هەر کەسێ فەرمانەکە جێبەجێ نەکا، دەگیرێ یان نەفی دەکرێ. شیرتۆک وەک ئەفسەرێک چووە ڕیزی لەشکری ترک. ترومپێلۆر بزربوو، لە دێگنیا دەنگۆکان وا بڵاوبوونەوە گوایە لە بەرەیەکی دیکەدا شەڕ دەکا و گەر پێویستیش بێ خوێن بۆ دۆزی ڕووسیا دەڕێژێ.

لە ئینگلستان حایم وایزمەن داکۆکی لەو هەڵوێستە دەکرد، کە دەبێ زایۆنیزم پشتی ئینگلیز بگرێ. ئەوەش بووە مایەی یەکێ لە یەکەمین

جیاوازییە مێژووییەکانی بیرورای لەگەڵ بنگوریۆندا. وایزمەن بە نابەدڵی بنگوریۆن بیووە جێگرەوەی تیۆدۆر هێرتزل.

بەریتانیای گەورە و ڕووسیا هاوپەیمان بوون. گەر هاتبا و ئینگلیزەکان شـەڕەکەیان بردبایـەوە، کەواتـە ڕووسـەکانیش دەیـانبردەوە. بـەڵام بنگوریـۆن و زۆر لـەوانی دیکـە کـە لـەژێر نیـری چەوسـاندنەوەی قەڕاڵەکان ناڵاندبوویان، چەوساندنەوەی جوولەکانیان دەهاتەوە یاد، لە دڵەوە حەزیان دەکرد شەڕەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ئاکامێکی دیکە کۆتـایی پێبێ. بیرۆکـەی وایزمـەن کـە دەبێ زایـۆنیزم هاوپـەیمانی بەریتانیای گەورە بێ، کەواتە دەبوایە هاوپەیمانی قەڕاڵەکانی ڕووسیاش بوونایـە، پێیـان قـووت نـەدەدرا. ئـەو هـەلومەرجـە هـەموو ڕەگـەزەکانی تراژیدیای گریکی لەخۆگرتبوو.

بنگوریـۆن لـە وتارێکیـدا کـە لـە "یـەکێتی" بڵاویکـردەوە؛ داوای لـەو جوولەکانە کرد کە نەچوونەتە ڕیزی سوپای ترک، لەسەریان پێویستە بەتالیۆنێکی تایبەت بە خۆیان بۆ بەرگریکردن لە فەلەستین پێکبهێنن.

ترومپێلـدۆر سـەری لـە ئەلکسـێندەریە دەرهێنـا. ژابۆتینسـکی کـە ڕۆژنامەنووسێکی ڕووس بوو، بە شەش ساڵ لە بنگوریۆن گەورەتر بوو، وەک نوێنەر لە زۆربەی کۆنگرەکانی جووان ئامادەبوو، شوێنپێی ژابۆتینسکی هەڵگرت.

ژابۆنیتسـکی دەقـاودەق دەیزانـی چـی دەوێ. ئـەویش لـە هەمبـەر ڕووسـەکان هاوهەسـتی بنگوریـۆن بـوو ، بـەڵام قینـی پتـر لـە عوسمانییەکان دەبووەوە.

"لەهـەر کوێیـەک تـرک حـوکمڕان بێ، نـە ڕۆژی لێهەڵدێ و نـە گیاشـی لێدەڕوێ".

ئـەو لەسـەر گریمانەیـەک سـووربوو؛ لـە باریـەک هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵـەتی تـرک دەبێتـە مـەرجی یەکـەم بـۆ ژیانـەوەی نیشـتمانی دایکـی جووەکان.

ئـەو و ترومپێلـدۆر قسـەیان لەسـەر پێکهێنـانی بـەتالیۆنێکی تایبـەتی جوولەکان کرد. ئەوان لەسەر ئەوە یەکانگیربوون، ئەو ڕۆڵەی جوو لەو شـەڕەدا دەیگێـڕن، هۆکـارێکی بڕیـاردەر دەبـێ لەسـەر بـەختیان لـە فەلەستیندا. ئـەوان حـەزیان دەکـرد بەشداری ڕێگواسـتنەوە بن بـەناو

ترکاندا بۆ وڵاتی پیرۆز. بەڵام تاکە شت کە لە لایەن لەشکری دەسەڵاتداری بەریتانی لە میسردا ڕێگەیان پێدرا، پێکهێنانی بەتالیۆنێکی ئێسترسوار بوو بە ناوی هێزی ئێسترەوانی زایۆنZion Mule Corrps. ژابۆتینسکی بە تورەییەوە هاواری کرد؛ "هەرگیز نابێ."

ناوی لەشکری ئێستران مایەی شەرمەزاری و لەکەدارکردنیان بوو. ژەنەراڵێکی ئینگلیزی بانگی تروپێلدۆری کرد، بەڵێنی ئەوەی پێدا گەر هاتوو خۆی و لایەنگرە جووەکانی بێنێتە ڕایی و ئامادەبن کاری دژواری نا شەرافەتمەند بکەن؛ بەوەی ئێسترەکان لە تەقەمەنی بار بکەن و بۆ بەرەی پێشەوەی شەڕیان ببەن؛ ئەوا دوای شەڕ فەلەستینێکی جوولەکانەیان دەداتە دەست. ئا بەوشێوە ئەم گەنجە جووە ڕووسیاییە کە تەنها باسکێکی هەبوو بە خۆی و شەشسەد جوولەکەی ئێسترهاژۆ بەرەو گالیپولی Gallipoli چوون، هەر بە ڕاست ئەوان سەروەرییێکی گرنگی مێژوویی سەربازییان بۆخۆیان تۆمارکرد.

لەو نێوەدا بارودۆخی فەلەستین پاشاگەردانی تێکەوتبوو. هەژدە هەزار جوو لە فەلەستین بەرەو میسر هەڵهاتبوون، ڕۆژانەش زیاتر دەڕۆیشتن. ترکەکان بە سەدان جوولەکەیان گرتبوون و ڕەوانەی ئۆردوگا و زیندانیان کردبوون.

ڕۆژێکیان پۆلیسی ترک هەڵیکوتایە سەر بارەگای ڕۆژنامەی یەکێتی، بنگوریۆن و بن زیڤیان خستە گرتوخانەی ئۆرشەلیم.

یەک دو ڕۆژ پاشتر پێیان گوترا دەبێ وڵات بەجێبهێڵن، چونکە دەستیان لە پیلانگێڕیدا هەیە و بە تەمان دەوڵەتێکی جوو دابمەزرێنن. لەناو گرتوخانەکەدا هاواریان بردە بەر جەمال پاشای پارێزگار.

مانەوەیان لە گرتووخانەدا لە گاڵتەئامێزی بەدەر نەبوو. ئەوان گرتووخانەکەیان بە میوانخانەیەکی پلە سێ دادەنا. ئەو کات بە قەد خوێندکارانی خوێندنگەیەکی بەکرێ، ئازاد دەبوون. بنگوریۆن دەیتوانی ئامادەی کۆبوونەوە سیاسییەکان بێ و بە دوای لە هەندێ لە وادە و دیدارەکانی خۆشیدا بچێ.

ڕۆژێکیان کە لە شەقامەکانی ئۆرشەلیمدا دەڕۆیشت، تووشی جەمال پاشای پارێزگار هات. پارێزگار پێیگوت: "داواکەتم ڕەت کردۆتەوە، من تۆ دەردەکەم".

کاتێـک بنگۆریـۆن و بـن زیڤـی گەیشـتنە ئەلکسـەندەرییە، سـەرلەنوێ گیرانـەوە، بـەڵام ئـەمجارەیان لەلایـەن ئینگلیزەکانـەوە. ئـەوان بـە بێگانـە تەماشـا دەکـران، ئـەو لایدانـەی پەیونـدییان بـە دوژمنـەوە هەبـوو، واتـە پەیوەندییان بە ترکانەوە، بۆیە دەبێ لـە وڵات وەدەربنرێن. پاش ئـەوەی خـەڵکی جۆراوجۆر کەوتنـە نێوانیـان لـە کونسـولخانە و باڵوێزخـەنـەکان بۆیان پاڕانەوە، گەشتنامەیەکیان بۆ دروستکرا و ڤیزای ئەمریکاشیان بۆ لێدان.

ئەو دووانـە لە هـاوینێکی زوویـی ۱۹۱۵دا گەیشـتنە نیۆرک. ژووریـان لـە سێڤنتیس Seventies لە ڕۆژهەڵاتی برۆدوێی Brodway دەست کـەوت. یەکـەمین شـتکڕینی بنگۆریـۆن کتێبێـک بـوو، کتێبێکـی ئەسـتور کـە فەرهـەنگێکی تـەواوی زمـانی ئینگلیزی بوو، لـە نێوەڕاسـتی ژوورەکەیدا مێزێکی تایبەتی بۆ دانابوو.

لە مانگە بەراییەکانی مانەوەی لە ئەمریکادا، ئەو گەنجەی پلۆنسک وڵاتی ئەمریکـای پێخـۆش بـوو. لـە هـیچ شـوێنێکی دیکـەی دنیـادا وەک ئێـرە جـوولەکە ئـازاد نـەبوون، جوولەکەکانی ئێرە بـە گشـتی وەک مرۆڤێکی ئاسـاییی هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا دەکـرێ. بـەڵام ئـەو کـەمتر ڕای لـە ڕەفتـاری زۆر لــە جووەکـانی ئەمریکـا بــوو. لــەچاوی بنگۆریــۆنی سۆشیالیستخواز ئەوان زۆر بێباکانە و زۆر هاوڵاتیانـەش هەڵسـوکەوت دەکەن. ئەو زاتی ئەوەی کرد لەگەڵ ناسیاوە نوێکانی بکەوێتە دەمەقاڵێ، بـەوەی پێیـان بڵـێ؛ ئێـوە بەشـی هـەرە خـراپ نـەوەک بەشـە باشـەکەی کلتووری بەجێماوتان بۆ جیهانی نوێ گواستۆتەوە.

ئـەوەی زۆریش بایـەخی پێدەدا ئـەوە بـوو، زمـانی عیبـری لـە ئەمریکادا بێجگـە لـە سیناگۆگەکان تـا ڕادەیـەک لـە هـیچ شـوێنێکی دیکـەدا ناسـراو نـەبوو. جووەکـانی نیویـۆرک هەسـتێکی وایـان دەربـارەی زمانەکـەیان نەبوو، ئەوان هەر وەک پێڵاوێکی دڕاو سەیری زمانی یدیشیان دەکرد، بەوەی کۆن بووە و دڕاوە بەڵام بەرین و خۆشیشیە.

یەکێتی جووەکانی ئەمریکا بە ڕادەیەکی زۆر لـە گۆڕێدا نەبوو. ئـەوان بەسـەر چەنـد کۆمەڵگەیـەکی بچـوکی لەیەکدابڕاودا دابـەش ببـوون، هـەر دەسـتە و کۆمەڵگەیـەکیش نـاوی خـۆی و دەسـتەی بـەڕێوەبردن و کۆمیتەی پارەکۆکردنەوەی خۆیان هەبوو.

دوای ئەوەی بنگۆریۆن و بن زیڤی دەرفەتی ئەوەیان بوو متمانەیان بە ئەمریکا پەیداکرد، ئیدی کەوتنەخۆ؛ هەر دووکیان هەموو وڵاتەکەیان بۆ بانگەشەکردن بۆ ژیانی فەلەستین تەی کرد. ئەوان دنەی گەنجە بە هێز و ئایدیالیستە زایۆنیستەکان دەدا کە کۆرس و مەشقی خوێندنی کشتوکاڵی لە ئەمریکادا ببینن. لەکاتی خوێندنەکەشیاندا پێویستە شارەزاییش لە زمانی عیبریدا پەیدا بکەن.

ئەوان لەم ولایەت بۆ ئەو ولایەت دەڕۆیشتن، پەیام و هەڵوێستەکانی خۆیان ڕوون دەکردەوە. کۆنفرانسیان سازدەدا، کۆڕیان دەبەست، لە ڕۆژنامەکاندا دەیانووسی. زۆری نەخایاند تا جوگرافیای ئەمریکایان لە زۆر ئەمریکاییەکان باشتر دەزانی.

لەو سەردەمەدا بۆ ئەو جووە دواندەرانەی کە بەڕاستی لە وڵاتی پیرۆزەوە هاتبوونە جیهانی نوێ، چارەنوسساز بوو؛ بەوەی زۆر لە کەسانی زانیاریویست دەهاتنە کۆبوونەوەکان. هەزاران کەس پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەیان کرد، کە بە ناوی هێخالوتز Hechalutz (نۆبەرەکان-دەستپێکەکان) بوو، چونکە هیوایان وابوو، دوای جەنگ تەوژمی کۆچکردووان زیاتر بێ و نشینگەی نوێ دروست بکرێ.

ئەوان دوو کتێبیان نووسین. یەکەمیان سەبارەت بە بزووتنەوەی نۆبەرەکان و چۆنیەتی لەسەرخۆکردنەوە[16]، دووهەمیشیان کارێکی گرنگ بوو دەربارەی دیرۆک و جوگرافیای فەلەستین بە ناوی "وڵاتەکەی ئیسرائیل" بوو.

لە کۆتاییساڵی ١٩١٥دا، بنگۆریۆن ئاشنایەتی لەگەڵ کچێک بەنای پاولا Paula پەیدا کرد. هەردووکیان لە ئاهەنگێکدا لە مانهاتن Manhattan لە لایەن باروخ زوکەرمان BaruchZuckermanی زایۆنستێکی نیویۆرک بە یەکدی ناسێنران.

پاولا مونوایس Paula Munweis کچێکی بیست و سێ ساڵان، لە بنگۆریۆن گەنجتر بوو. ئەو چوارەمینی نۆ منداڵەکەی دایک و باوکی کە لە مینسک Minsk لەدایک ببوو. ئەو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ناوداری مینسکی ڕووسیا بوو.

[16] لەسەرخۆکردنەوە: بەرەنگاری لەخۆ کردن.

لەو سەردەمدا ڕێسای کەمکردنەوەی ڕێژەی خوێندکاران لەسەر دەستی قەڕاڵەکانەوە دەرچوو، بە گوێرەی ڕێساکە نەدەبووایە ڕێژەی خوێندکارانی جوو لە قوتابخانەکانی میرییدا لە ١٠%ی تێکڕادا تێپەڕاندبا. مونویسی باوکی پاولا کێشەکەی بەوە چارەسەرکرد، کە منداڵەکانی بۆ خوێندن بنێرێتە وڵاتەکانی دەرەوە.

پاولا سێزە ساڵان بوو کە باوکی ناردییە نیویۆرک. پاولا دەیویست ببێتە پزیشک. بەڵام ئەو لە نیوەی ڕێگای بەجێهێنانی ئاواتەکەیدا باوکی دەمرێ، ئەو برە پارەیەش کە بۆی دەنێردرا، دەوەستێ. ئیدی پاولا وەک خوێندکارێکی قوتابخانەی برینپێچی، سەرەتا دەچێتە نەخۆشخانەی جووەکان لە بروکلین Brooklyn، پاشان لە نەخۆشخانەی بێت ئیسرائیل لە نیوجێرسی کاردەکا.

بە گوێرەی باسکردنی خۆی، پاولا ئەوکات کیژێکی سەرنجڕانەکیشی ناپێشچاو بوو، ئەوەش نموونەیەکی خوێندکارە ڕووسیەکان بوو. پرچە ئاڵۆزەکەی شانە دەکرد و نێوچاوانە ئەستوورەکەی بە دەر دەکەوت. بیچمەکەی لە تابلۆیەکی بۆتیسێلی Botticelli دەچوو. داود بنگوریۆن ئەو سەردەم دیاردەمۆدە بوو. لە بۆنە فەرمییەکاندا جلی کەشخەی لەبەردەکرد. سمێڵە ترکییەکانیشی تراشیبوو.

ڕەنگبێ ئەوە سەیر بێ، کە ئەم جوتە زۆر بە خێرایی یەکدیان خۆشویست. هەر دووکیان هەر جوو بوون، هەر دووکیشیان لەیەک بەشی ئەورووپاوە هاتبوون، بەڵام مرۆ دەکارێ بڵێ لەیەکچونەکانیان هەر ئەوەندە بوو بەس.

دوای دە ساڵ ژیان لە ئەمریکادا، پاولا ببووە کچێکی نیویۆرکیانە. ئەو بە هیچ شێوەیەک عەودالی وڵاتی پیرۆز نەببوو، پەیوەندیشی لەگەڵ زایۆنیزمدا نەبوو. پاولا خوێندکارێکی ناوازە نەبوو، ڕۆمانە ئاسانەکانی دەخوێندنەوە. ئەو خەڵکی دەوروبەری خۆی خۆشدەویست و کەسایەتییێکی سادەییانەی هەبوو. ئەو هەر دەیویست بیروڕاکانی دەربڕێ، بە دوای لێکدانەوەی واتا قووڵە پاشخانەییەکانی نەدەگەڕا. وەک خۆی گوتەنی ئەو لە پاشاگەردانەکان (فەوزەویەکان) بوو. پێش ئەوەی بنگوریۆن بناسێ، زۆر بە ئێما گۆلدەمانEmma Goldeman کە جارێکیان لەسەر شەڕێک گیرابوو، کارانگاز بوو.

بە پێچەوانەی پاولا، داود بنگۆریۆن کابرایەکی لەبن بوو، حەزی لە تەنهایی بوو. شێوە ژیانی نیویۆرک ئەویان دڕدرۆنگتر کرد. وڵاتی پیرۆزر ڕووگەی هەموو نموونە پێشەنگە ئایدیالەکانی بوو. بۆ ئەو زایۆنیزم لە خواردن، ئاسوودەیی و بەختیش گرنگتر بوو. تاکە شتێک کە پارەی پێدابایە کتێب بوون. ئەو بە زۆری کتێبە قورسەکانی دەخوێندنەوە. پێش ئەوەی بدوێ، بە قووڵی بیری لێدەکردەوە، بە لای ئەو بێدەنگی باشتر بوو لە قسەکردن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەگوترێ لە یەکەم نیاگادا حەزیان لەیەک کرد.

پاولا بە سەرنجڕاکێشییەوە گوێی لە چیرۆک و سەربردە سەرچڵییەکانی بنگۆریۆن دەگرت. ئەو گەشتی زۆری کردبوون، بەندیخانەی دیتبوون، یەک دوو کتێبیشی نووسیبوون. ئەو قسەکەرێکی زمانشیرین بوو، چەند زمانێکی دەزانین کە پاولا نەیدەزانی و لە چەندان بوارەوە وەستا بوو، بە ئاستەم پاولا سەرەدەری لێدەردەکرد. ئەوەی بەلای پاولاوە سەرنجڕاکێشترینیان بوو، ئەوە بوو کە بنگۆریۆن پێشبینی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی جوولەکەی دەکرد و خۆیشی دەبێتە سەرکردەیان.

جارێکیان بە کچە هاوڕێیەکی گوت: "ئەو ئەوەندە لەسەر پێشبینیەکەی مکوڕە و پێوەی پابەندە، خەریکە بڕوای پێبێنم".

– "هەر دوای ئەوەی یەکدیمان ناسی، بۆم دەرکەوت، چ مەزنە پیاوێکە. ئەو منی وا لێکرد بیر لە زینەر Ziener (پەیامبەرێکی بایبل) بکەمەوە".

ئەمە نیشانەی پەیوەندییەکەیان بوو، هەرکاتێ باسی بکردبا بە بنگۆریۆن ناوی دەبرد. ئیدی باقی ژیانی خۆی لەبن ئەو ناوە بووە هاوکاری. پاشملە خەڵک زۆرجاران باسی بنگۆریۆنیان دەکرد، بەڵام وەک ناوهێنانی فەرمی بەبێ بەکارهێنانی وشە ڕێزدارییەکانی بە ڕێز، گەورە، هەر ڕاستەوخۆ دەیانگوت بنگۆریۆن.

بۆ ئاهەنگی گواستنەوەش هیچ قەرەباڵغیەکیان پەیدا نەکرد. بن زیقی تاکە بڕواپێکراوی جووتە هاوسەرەکە بوو. تەنانەت خوشکە تاقانەکەی پاولا، کە ساڵێک پێشتر لە ڕووسیاوە هاتبوو، هەواڵەکەی دواتر گوێ لێبوو. پەیمانی هاوسەرییان لای کارمەندێکی کاروباری هاوڵاتیان لە

شارەوانی مانهاتندا گرێدا. هیچ باسیش لە گەشتی بووک و زاوایەتی نەکرا. دوای بەسەرچوونی بۆنەکەیان، پەلەیان بوو تا بگەنە کۆبونەوەیەک و پاولاش بۆ سەر کارەکەی لە نەخۆشخانە ڕۆیشت.
ئاوەها هاوسەرایەتیەکەیان دەستی پێکرد، کە لە زۆر ڕووەوە بێوێنە بوو. لە ماوەی ئەو چل و ئەوەندە ساڵەی بە دوایدا هاتن، ئەو کیژەی مینسک بە شێوەیەکی زۆر بایەخدارانە هەموو کارە ناگرنگەکانی لە ژیانی ئەو کورەی پلۆنسک ئەنجام دا، هەروەک لە یەکەمین چاوپێکەوتنیاندا ئەو هەستەی لا پەیدا بوو کە "پیاوێکی گەورەی" لێدەردەچێ. ئەو لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو، خەڵک لەبەر خەونەکانیدا پێکەنین بیانگرێ و پێیان وابێ خەونەکانی شێتانەن. بەڵام بۆ هەر خەونێک کە بە ڕاست وەردەگەڕا، سەرکەوتووانە دەیگوت: "ئەدی من وام نەگوت؟".
پینشاس روتنبێرگ Pinchas Rutenberg شۆڕشگێڕی ڕووسی کە هاوڕێی کایرنسکی Kernsky بووو، هاتە وڵاتە یەکگرتووەکان و پێشنیازێکی کرد؛ بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی جوو لە فەلەستین دابمەزرێ، دەبێ دەوڵەتەکەش لەلایەن لەشکری جووان و نوێنەرانی خەڵکی جوو بپارێزرێ. ئەو بیرۆکانەی باندۆری زۆریان لەسەر داود بنگوریۆندا دانا. لە فێبرایردا شۆڕش لە ڕووسیادا سەری هەڵدا. قەیراڵ لە ئازاردا لەسەر تەخت لادرا. لە نیساندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جاڕی شەڕی دژی ئاڵمان دا. ئیدی ئاماژەیەکی گۆڕانی بارودۆخ دەرکەوت، ئەمەش کاریگەریەکی زۆرباش و خێرهێنەری بۆ یەکێتی بزووتنەوەی جوولەکەکان تێدابوو.
لە لەندەن دوای ئەوەی ژابۆتنسکی سەری بە زۆر دەرکاندا کرد و زۆر جارانیش نائومێد دەکرا، لە دواییدا ڕێگەی پێدرا بەتالیۆنێکی جوولەکە پێکبهێنێ.
لە ڕووسیاشدا ترومپێلدۆر هەوڵیدا لەشکرێکی جوو لە سەد هەزار سەرباز پێکبهێنێ و لە ڕێی قاوقازەوە بەرەو فەلەستین بخشێ.
لە ئەمریکاشدا بنگوریۆن و بن زیڤیبانگی سەربازانیان دەکرد تا خۆیان بخەنە ڕیزی بەتالیۆنەکەی جووان و شانبەشانی ئینگلیزەکان بجەنگن. ئەوان بەشداری ڕزگارکردنی فەلەستین دەکەن و ئەڵقەیەکی گرێدانی

کریکارانی ئەمریکا بە فەلەستینیش دەبن. بنگۆریۆن و بن زیڤی هیوایان دەخواست، سەربازە جووەکان لە کەنەدا و ئەمریکادا بڕیار بدەن دوای ئەوەی فەلەستین ڕزگار دەکەن، هەر لەوێ بمێننەوە. بەتالیۆنەکەی جوان دەبوایە سەر بە بەریتانیا بووایە نەوەک هێزەکانی ئەمریکا، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جاڕی شەڕی دژی تورکیا نەدابوو.

لە نۆڤێمبەردا هەواڵێک لە لەندەنەوە هات، زایۆنیستەکان لە هەموو وڵاتاندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرشوبڵاو بوونەتەوە و سەرپەرشتی ئاهەنگی خۆشی دەکەن. ڕاگەیاندنەکەی بلفۆر لە نامەیەکی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلیز زیاتر نەبوو کە بۆ لۆرد ڕۆتشیلد Lord Rothschildی ناردبوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی لە لایەن سەرۆک ویلسن Wilson دواتریش لە لایەن ئیتالیا و فەرەنساوە پەسەند کرا. بلفۆر جاڕی دا، کە حکومەتەکەی "بە خۆشحاڵییەوە ئامادەی دروستکردنی ماڵێکی نیشتمانییە بۆ گەلی جوولەکە لە فەلەستیندا."

لە دیسێمبەردا ئۆرشەلیم لە ترکان ستێندرایەوە.

ئەو پێشهاتە وەک ئەوە دەهاتە بەرچاوان، ئیدی سەردەمی خۆش لە چاوەڕوانی گەلە پەڕاگەندەکە دایە.

لە ١٩١٨دا بنگۆریۆن خۆیشی چووە ڕیزی بەتالیۆنەکە، دوای هەفتەیەکیش لەگەڵ کۆمەڵێ لە خۆبەخشەکان چوونە کەنەدا تا مەشقی سەربازی ببینن. بنگۆریۆن هەرگیز ئەو دیمەنەی گۆرەپانی سەربازی بانگۆر Bangor لە ماین Maineی لە یاد ناچێتەوە، کە چۆن یەکێک بە ئاڵایەکەوە ڕێڕۆیشتنەکەی وەستاند تا دەرفەتی تۆقەکردن ولە ئامێزوەرێنانی ئەو سەربازە جووانە بدا، کە بەرەو زێدی باپیرانیان بۆ جەنگ بەڕێ دەکەوتن.

بۆ بنگۆریۆن خواحافیزیکردن لە پاولا زەحمەت بوو. دوای چوار مانگی دیکە پاولا چاوەڕوانی زراسک (کۆرپە)ی یەکەمیان بوو. یەکێک لە دوا شتەکان کە هاوسەرە گەنجەکە پێش ڕۆیشتنی کردی، دانانی وەسیەتنامەیەک بوو بۆ هاوسەرەکەی، تیایدا هاتبوو؛ گەر هاتو کۆرپەکەیان کوڕ بوو ناوی ئامۆس Amosی لێبنێ؛ گەر هاتو کچیش بوو ناوی گێولیا Geulya (پەیڤێکی عیبرییە بۆ ڕزگاری)ی لێبنێت.

ژنەکەی بە تەمای خوشکە گەورەکەی لە برۆکلین بەجێهێشت، وەک هەر جەنگاوەرێکیش کە بۆ شەڕ دەچێتە وڵاتی باپیرانی، بەڵێنی پێدا زووزوو نامەی بۆ بنووسێ.

بەتالیۆنی ژابۆتنسکی ناوی بەتالیۆنی غەددارەی ٣٨ بوو. بنگوریۆن و سەربازەکانی باکوری ئەمریکاش ٣٩مین بەتالیۆنی غەددارەیان پێکهێنا. لە ئابدا گەیشتنە میسر، هەر لەوێش سەدان خۆبەخشی فەلەستینیان ڕەگەڵ کەوتن.

بنگوریۆن کرایە عەریفی پلە یەک و بن زیڤیش عەریف. ئەوان نیشانەکەیان لە جلە خاکیەکەیان دووری و پێوە سەرفراز بوون هەروەک ئەوەی خودی شا نیشانەکانی پێوەکردبن.

لە مۆڵگەی بیاباندا هەر زوو ورەی بەتالیۆنی ٣٩ خراپ دەبوو. چونکە ئەوێ ئەو شێوە ژیانە نەبوو کە خۆبەخشەکانی ئەمریکا چاوەڕێی بوون. بنگوریۆن و بن زیڤی نەخشەی لەشکرکشانێکی دژوارانەیان بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی پیرۆز لە دەست ترکان پێشنیاز دەکرد؛ ئەمەش پێویستی بە مەشقی سەربازیی بێژمار هەبوو، بۆیە تا دەهات خۆبەخشەکان بێئومێدتر دەبوون.

کەمێک دوای گەیشتنیان بە بیابان، بنگوریۆن تووشی دیزانتری بوو، بردرایە نەخۆشخانە. لەوێ پەیامێکی لە بروکلین، لە ژنەکەیەوە پێگەیشت کە کچێکی بووە و ناوی -گیولا-ی لێناوە.

ئەوانەی فەلەستینان دیتبوو و ناسیبوو، بە گەڕانەوەی دوای شەڕ بۆ وڵاتی پیرۆز هێدمەگرتی بوون. ئەوسا زانیان چی قەوماوە. تەنها شەست هەزار جو لەوێ مابوون، لە بەرانبەریشدا شەشسەد هەزار عەرەب و بێژماریش سەربازی بەریتانی هەبوون.

شەڕ ڕابرد و شتگەل ڕوویدابوو. مرۆ پێویست بوو بیچمی ئەوان ببینێ تابۆی دەربکەوێ، کە برسێتی چۆن زاڵ بووە. بۆ هەر دە نەخۆشێک تەنها یەک سەرینی نەخۆشخانە هەبوو.

دکتۆر حایم وایزمەن هاتە فەلەستین. ئەو ئیدی سەرکردەی دانپێدانراوی گشتیی بزووتنەوەی زایۆنیستەکان بوو. ڕاگەیەندراوی بلفۆر بە پلەی یەکەم لە چاوی ئەو دەخوێندرایەوە. وەک سەرۆکی

کۆمیتەی زایۆنیستەکان هاتە ئۆرشەلیم، زۆر کەس کۆمیتەکەیان بە ناوکی حکومەتی نوێی جوو دەزانی کاتێ کە پێکهێندرابا.
عەریف بنگۆریۆن پێیوابوو کۆمەڵێ باسوخواس وەک سەرکردەیەکی جووە سۆشیالیستەکان هەن، کە لەگەڵ د. وایزمەندا باسیان بکا. بەڵام زەحمەتیەک هەبوو: بنگۆریۆن لەبن دەسەڵاتی تەلئەبیبدا بوو، کەچی د. وایزمەن ٦٠ کیلۆمەتر دوورتر دەژیا، ئەو لە ئۆرشەلیم بوو، فەرماندە سەربازیەکەی بنگۆریۆنیش پرسە سەربازییەکانی بە هەند هەڵدەگرت.
بۆیە ڕۆژێکیان بنگۆریۆن ڕێسای سەربازیانەی شکاند و بێ پرس لە سەربازگەکە دەرچوو. بێ هیچ زەحمەتییەک گەیشتە ئۆرشەلیم و ڕازیش بوو سەبارەت بەو گفتوگۆیەی لەگەڵ د. وایزمەندا کردبووی. لە کۆتایی گفتوگۆکانیدا بە وایزمەنی گوت کەوا بێ پرس هاتۆتە ئۆرشەلیم.
ئەویش دڵنیای کردەوە و گوتی: "ئاها، من چارەی دەکەم و دەسەڵاتدارە سەربازییەکانی ئۆرشەلیم تێدەگەیەنم. من مشووری ئەوەت بۆ دەخۆم، مادۆنییێکی بیست و چوار سەعاتیت بۆ وەربگرم".
دوای بەسەرچوونی بیست و چوار سەعاتەکە، عەریف بنگۆریۆن گەڕایەوە نێو مۆڵگە سەربازییەکەی خۆی لە تەلئەبیب. هەر گەیشتەوە جێ دوو پۆلیسی سەربازی ئینگلیز ئەویان گرت.
بنگۆریۆن بە نارەزاییەوە؛ "ئاخر من لە ئۆرشەلیمەوە بیست و چوار سەعاتم مۆڵەتم وەرگرتووە".
وەڵامیان دایەوە؛ "ئەری، ئێمە ئەوە دەزانین. بەڵام مادۆنییەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە گەیشتبوویە ئۆرشەلیم. تۆ هیچ مۆڵەتی لێرە دەچوونت نەبوو، بۆیە دەتگرین".
لە سزای بێپرس ڕۆیشتنیدا پلەکەیان لێستاندەوە و ٣٠ ڕۆژیش بنچاوکرا و دواتر گواسترایەوە بۆ بەشێکی دیکە.
نەخێر ئەوکاتەی بنگۆریۆن لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە ڕیزەکانی بەتالیۆنی جوواندا لەژێر فەرماندەیی ئینگلیزدا بوو، بێگومان ڕۆژگارێکی بەختەوەری ژیانی ئەو نەبوو.

بەشی ٤

داود بنگۆریۆن لە هەموو ژیانیدا تەنها سێ برادەری وای هەبوون، کە لە بارەی گیانیی و ڕووناکبیرییەوە بە یەکەوە پەیوەست بن. ڕەنگبێ سێش نەبن هەر دوو کەس بن. بە گوێرەی قسەی هەندێک کەس تەنها برادەرێکی تاقانەی هەبووە. برادەرایەتی لەگەڵ ئەوەیان کەمێک دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا.

لەو ڕۆژگارەدا، فەلەستین تووشی پەشۆکان هاتبوو. لەو شەست هەزار جوولەکەی لە فەلهستیندا مابوونەوە، هەندێکیان ئامادەبوون بە ئارامی لێی پاڵبدەنەوە و چاوەڕێی دەوڵەتە براوەکانی شەڕ بکەن تا بەڵێنەکانیان بگەیەننە سەر، هەستیان وابوو ڕۆژی بەدیهێنانی بەڵێنەکەی بلفۆر نزیک بۆتەوە. هەندێکیشیان دەیانزانی ئەوان هێشتا بۆ ئەو ڕۆژە تایبەتمەندە، ساز و ئامادە نین، کە سەربەخۆیی خۆیان جاڕ بدەن. پێویستە زۆر شت پێش ئەوەی ئیسرائیل بژییتەوە، ڕووبدا.

لە کاتی لەوێ ئامادەنەبوونی بنگۆریۆن، یەک دوو سەرکردەی نوێ سەریان هەڵدابوو. یەکێکیان ناوی بێرل کاتزێنلسۆن Berl katzenneslon و ئەوی دیکەشیان ئێلاهو گۆلۆمب Golomb Eliahu بوو.

ڕەنگبێ هەلومەرجێکی ڕێکەوتانە بێ، کە هەردووکیان لە بەژن و بالادا هەر بەقەد بنگۆریۆن بن؛ درێژی هەر سێکیان شتێکی ئاساییانە نەبوو. بێجگە لەوەش لە زۆر شتی دیکەشدا هاوبەش بوون.

بێرل کاتزێنلسۆن (هەمووکەسێک بە گەنج و پیرەوە هەر بە بێرل ناویان دەبرد) لە ڕووسیاوە هاتبوو. ئەو کتێبەوان (پیشەی کارمەندی کتێبخانە) و مامۆستا بوو. دواتریش کتێب لە ژیانیدا پشکێکی بایەخداری

هەبوو. بە خۆیشی چەندان کتێبی دانان. دوای مردنی، بەرهەمەکانی لە دوانزە بەرگدا چاپ کرانەوە. ئەو هەمیشە وانەی دەوتەوە. بنگۆریۆن و زۆرانی دیکە ساڵانی دوورودرێژ بە مامۆستا ناویان دەبرد، مەبەستیان ئەوە بوو بڵێن کە بۆ ئەوان تەنها یەک مامۆستا هەیە. کاتزینلسۆن بە چەند مانگێک لە بنگۆریۆن بچوکتر بوو. ئەو دوای سێ ساڵ لە هاتنی گەنجەکەی پلۆنسک خۆی گەیاندبووە فەلەستین.

ئەویش هەروەک بنگۆریۆن بە گەیشتنە فەلەستین کاری کشتیاریی کرد: ئەو یەکێک بوو لە بنیاتنەرانی کێڵگە هەرەوەزییەکانی کینارێت Kinnaret، کە کەوتبووە سەر گۆل (دەریاچە)ی گالیلیا.

لەو کاتەی بنگۆریۆن لە ئەمریکا بانگەشەی بۆ بەتالیۆنی جوولەکان دەکرد، کاتزینسلۆن لە فەلەستین خەریکی دروستکردنی هێزی چەکداری جوولەکان بوو. کاتێک بنگۆریۆن چووە ریزی سەربازییەوە ئەویش خۆی گەیاندێ.

بارێل کاتزینسلۆن چ لەبارەی جەستەییەوە، چ لەبارەی کاراکتەرەوە لەگەڵ گەنجایەتی ئالبێرت شوێتزر Albert Schweitzer یەکانگیر بوو. ئەو پۆڕ (پرچی پێشەسەر)ی هەبوو، پیاوێکی زبری برۆ قاوەیەکی تۆخ بوو. سمێڵە گەورەکەشی هەمان ڕەنگ بوو. چاوەکانیشی چاوی نەرموونیانی مرۆڤێک بوون، کە نەیدەزانی ڕواڵەت چییە. ئەو ڕێزێکی قووڵی بۆ بەهای مرۆڤایەتی دادەنا. گیانێکی ماندوونەناسانەی تێکەڵ بە فانتازیای هەبوو. لە مەیلدا ئاریستۆکراتیک بوو. ژیانی ئەو بۆ هەموو ئەوانەی هاموشۆیان دەکرد، کانییێکی ڕۆحی بوو. بە گورجوگۆڵی پەرەی بە هەستی ڕەوایانەی خۆی دابوو، هەروەها باوەڕێکی پتەوی بە مرۆڤایەتی هەبوو.

برادەرەکانی دەربارەیان دەگوت؛ بێجگە لە لەشساخی خۆی نەبێ لە هیچ شتێکی دیکەدا کەمتەرخەم نییە. هەر بۆیەشە زۆر جاران نەخۆش دەکەوت.

ئەو پیاوێکی خاکییانە بوو. قەت خوازیاری پلەوپایەی بەرز لەنێو جڤاکی جوودا نەبوو، هەرگیزیش پێی نەگەیشت. باقی پەنجا ساڵەی ژیانی بۆ ئەو ئەوەندە بەس بوو، کە مام مۆتکێک (بناخەدانەرێکی ڕۆحی) بێ، ئەوانی دیکە بۆ نموونە بنگۆریۆن ژیانی جەماوەریانەی خەڵکی پێ

لەسەر بنیات بنێ. ئەو بە چەشنی بنگوریۆن نەبووە سەرکردەیەک، داواشی نەدەکرد، بەڵام ڕۆحیانە تێدەکۆشا.
لەو ڕۆژگارەدا، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، کاتزێنسلۆن لە زۆر ڕووی کەسایەتی و ڕووناکبیرییەوە لە بنگوریۆن لە پێشتر بوو. ئەو بایبلی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردبوو، بەڵام حەزیشی لە وێژە بوو، بۆ نموونە شیعر و ژانرەکانی وێژەی زۆر خۆشدەویست، کە بنگوریۆن زۆری مەیل بۆ نەدەچوو.
گرنگترین پنتی بەیەکگەیشتنی ئەو دوو پیاوە ئەوە بوو، ئیسرائیل چەقی بانەی جیهانی بیرکردنەوەیان بوو. ڕووداوەکان، خەڵک، شوێن و بیرۆکەکان هەر ئەوەندە بە لای ئەوان سەرنجڕاکێش بوون، کە پەیوەستی بە کەڵکەڵەی سەریان هەبووایە. هەر دەمارێکی لەشیان، هەر بیرۆکەیەکیان کە بۆ دەهات، هەر دنەدانێکی هەڵچوونی سۆزدار کە هەستیان پێدەکرد، بۆ ئیسرائیلیان بەکاردەهێنا.
هەروەک مەزنە پیاوان، ئەوان دەیانزانی چ تاکە ئامانجێک بکەنە چەقی بازنەی تێکۆشانیان. بێ پشتگیری کاتزێنلسۆن هەرگیز بنگوریۆن نەیدەتوانی ئەرکە مێژووییەکانی ڕایی بکا. لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا، بنگوریۆن باندۆری خێرهێنەری 'مامۆستا'ی خاوەن کەسایەتییە هێمنەکەی لەسەربوو، هێز و توانای لە کانیاوی ئاوەزی ئەو هەڵدەهێنجا. کاتێ بنگوریۆن گوێی بۆ کاتزێنسلۆن ڕاهێشتبا، یان مامۆستا هەڵوێستەکانی شیکردبانەوە، ئەوا هەمیشە بۆ بنگوریۆن ڕۆشنی و بەرچاوڕوونی بوو. هەموو کاتێ گەر مامۆستا بیروڕایەکی جودای هەبووایە، ئەوا بنگوریۆن لەگەڵ ئەو هەموو برادەرایەتیەشدا قسەی لە قسە نەدەدایەوە. لەبارەی پرسە سیاسیەکاندا زۆرجاران یەکانگیر بوون.
وەک نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە، کاتزێنسلۆن هەوڵ و تەقەللای بۆ ئەوە بوو، جووەکانی فەلەستینی لەوە ئاگادار دەکردەوە ئاخۆ لە وڵاتەکانی دیکەدا چیان لەسەر دەگوترێ و باس دەکرێ. هەروەک بنگوریۆن، ئەویش باوەڕمەندێکی سۆشیالیستخوازانە بوو، بەڵام دۆگما نەبوو، هەوڵی بۆ جەماوەرێکی هەرزانفرۆش نەدەدا. ئەو ئایدیالیستێکی کردارییانە بوو، هەموو کاتێک لایەنە مرۆییەکەی

کێشەکانی دەدیت. هەرچەندە ناسیۆنالیستێکی بە جۆشیش بوو، بەڵام هیچ ئاشنایەتی لەگەڵ شۆڤینیزمی سنووردارێشدا پەیدا نەکرد.
ئەو حەزی لە کۆبوونەوەی پڕ ئاپۆرەی جەماوەریانە نەدەکرد، بەڵام لە سۆنگەی کورتە پیاسە و لەملا و ئەولا گوێگرتندا، بایی پێویست دەیزانی لەنێو جەماوەردا چ باسە.
هەر دوو پیاوەکە بە شێوەیەکی هۆشمەندانە یەکدیان فراژی دەکرد.
دوای مردنی کاتزێنسلۆن، زۆرجاران بنگوریۆن دەیگوت:

- "من لە خۆم دەپرسم، تۆ بڵێی کاتزێلسۆن لەسەر ئەو مژارەیە چی گوتبا".

جارێکیان ئەم سەرنجەی دا:

- "من لەو باوەڕەدام لەسەر ڕاستین، بەڵام ئاخۆ باشتر نەدەبوو گەر هاتبا و لەگەڵ بێرت پرسەکەم تاوتوێ بکردبایە".

لە بەرایی ساڵە یەکەمەکانیان لە وڵات، هەردوو پیاوەکە یەکیان نەدیتبوو. ئەوان یەکدیان دوای جەنگی یەکەمی جیهان بە باشی ناسی. دوای ئەو کاتە بەردەوام دەچوونە لای یەک.
کاتزێنسلۆن بنگوریۆنی بە پیاوی کردار دەدی، کە دەتوانێ کردەی پەرجووانە بئافرێنێ، بەڵام هەستی دەکرد، برادەرەکەی پێویستی بە کەسێک هەیە جاروبار بیسەنگرێنێتەوە. زەحمەتیەکەش لەوەدا بوو، کە بنگوریۆن ئامادەیە تەنها گوێ لە یەک کەس بگرێ، ئەویش بێرل کاتزێنسلۆن خۆی بوو. بۆیە ئەویش بە ئەرکی خۆی دەزانی ناوبەناو هاوڕێکەی بوەستێنێ.
بێرل بە ڕووناکبیرێتی بنگوریۆن سەرسوڕمان بوو، لەو بارەیەوە ئاوا وێنای دەکرد:

- "گیانی ئەو چرایەکی ڕووناککەرەوەی بەدواداچوونە. ئەو دەزانی لە گرفتەکاندا کامەیان لە هەموویان گرنگترە تا لەسەری ڕشت بێ و ڕووناکی بخاتە سەر".

کاتزێنسلۆن زیاتر لە ڕێی نووسینەکانی نەوەک دوانەکانی، بە جەماوەرەکەی خۆی دەگەیشت. ئەو شێوەیەکی لەخۆگرەوەی هەبوو، کە کارانگازیەکەی بە قەد بایبل لەسەر بنگوریۆن هەبوو. لە وتارە نوسراوەکانیدا، بنگوریۆن سی وشەی وەرگرتن کە لای ئەو پەندئامێز و

زۆر خۆشەویست بوون و خستنیە سەر فەرهەنگی وشەکانی؛ ئەوانیش: هێز، بەهاداری و ئاکام بوون. جارێکیان هەرسێ پەیڤی بەم شێوە لەیەکدان و بەکاری هێنان:

- "بۆ ئەوەی بە ئاکامەکەت بگەی، پێویستە گەل هێز و بەهادارێتی لە هەناوی خۆیەوە هەڵبهێنجێ".

هەرچەندە کاتزێنسلۆن حەزی لە کۆبوونەوەکان نەدەکرد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکەرێکی لێزان بوو. کورتهێنی سیفەتی ئەو نەبوو، هەروەها ئەوانەی برادەرایەتیشیان دەکرد، هەر وایان دەگوت کە کورتهێنی و سنووردار‌بوون سیفەتی ئەو نەبوون. لە ۱۹۳٤دا دەبوایە کاتزێنسلۆن بۆ کۆنگرەیەکی گەنجان کە سێ ڕۆژی خایاند، پوختەی وتووێژەکان باس بکا. ئەو بەسەریەکەوە نزیکەی شەش سەعات، تەواوی گفتوگۆ و مشتومڕەکانی کۆنگرەی پوخت کردەوە. لەو ماوەیەشدا کەس هۆڵی گوێگرتنی بەجێ نەهێشت. دوای مردنی ئەو، بنگوریۆنیش زیاتر لە جارێک دوانی شەش سەعاتیانەی داوە، دەشیزانی گوێگرەکانی بە قەد مامۆستاکەی پێیەوە سەرسامن.

ئێلیاهۆ گۆلۆمب وەک بنگوریۆن و مامۆستاکەی لە فەلەستین بە کاری کشتیاری دەست پێکردبوو. ئەو ساڵێک لەوان بچوکتربوو، ئەو لە قوتانخانەی گیمنازیومی هێرزلیا بوو لە تەلئەبیب. شێرتۆک کە دەبووە زاوای، لە هەمان قوتابخانەوە دەرچوو بوو.

گۆلۆمب لە ڕێخستنی خۆبەخشە جووەکان بۆ پاڵشتی ئینگلیزەکان بە تایبەتیش دوای پەڕینەوەی ئالێنبی Allenby بۆ سنووری فەلەستین، کۆمەکی کردبوو. ئەو بەتالیۆنی جوولەکانی بە 'گرنگترین کاری ئەو سەردەم' دادەنا. بە توندی لە ڕووی وایزمەنەوە وەستایەوە، بەلام زۆر بە ژۆبۆتنسکیەوە سەرسام بوو.

لەگەڵ ژۆبۆتنسکیدا بۆ پێکهێنانی بەتالیۆنی جوولەکان تێکۆشاون. ئەو دەیدی دوای شەڕ ژمارەی بەتالیۆنەکە زۆر کەم دەبێتەوە، لە مانگە بەراییەکانی ۱۹۲۰دا لە پێنج هەزار پیاوەوە ببوونە سێسەد تا پێنج سەد کەس. ئەو هەستی بەوە دەکرد، کە ڕەفتاری دژەسامیانەی هەندێ لە ئەفسەرە بەریتانیەکان هۆیەکی لەپێشی کەمبوونەوە بوو، نەخاسمە

خۆبەخشـــەکانی ئەمریکـــایی و کەنـــەدی خواخوایـــان بـــوو دەرفـــەتی دەربازبوونیان بۆ هەڵبکەوێ.
بۆ هەر کەسێک کە پێویست بایە گوێبگرێ، گۆلۆمب قسەی ئەوەی بۆ دەکردن و پێی دەگوتن؛ پێویستیە جوولەکە ڕێکخراوێکی چەکداریانەی نهێنییان هـەبێ. بنگۆریـۆن لـە کەسـە گوێگرەکـان بـوو، چونکـە گەنجـە جووە دلێرە ئەکسێنت ڕووسییەکە چاو و ڕۆحـە تیژەکەی جێسـەرنجی ئەو بوون؛ ئیدی هەر زووش بوونە برادەر.
لەو کاتەی گۆلۆمب دەستی بە ڕێکخستنی لەشکرە ژێرزەمینیەکەی بە ناوی هاگانا Hagana (بەرگریکارەکان) کرد، بنگۆریـۆن، کاتزێلسـۆن و بن زێڤی پشتیان گرت.
ئەو هەستەی بنگۆریۆن بەرانبەر گۆلۆمبی هەیبوو، لە ڕووی مێژوویەوە ڕۆڵێکی گرنگی بۆ پیاوە پیرەکە هەبوو. لە چاوی ئەودا، ئێلیاهو گۆلۆمب بەرجەستەکردنی کەسایەتیەک بوو لەو سەردەمە نوێیەی جیهانی کۆندا؛ گەنجێکی ڕووناکبیری جوو، سۆشیالیستخوازێک، کە هەموو شـەوەکەی لەگەڵ کاتزێنسلۆن و بنگۆریۆندا دەربارەی ئاڵۆزترین پرسگەلی سیاسی وتووێژیان دەکرد، لە پاش ئەوەشـدا شـارەزا و لێزانێکی سـەربازییانە بوو، هەر لەبەر ئەوەش نا کە حەزی لە جەنگ بێ، بەڵکو بڕوامەندبوو کە جووەکان ناچار دەکرێن لەسەر وڵاتی بەڵێنپێدراوی خۆیان بجەنگن.
سی و پێنج ساڵ دوایی، چی دیکە ئەو پیاوە کەسێکی چارەنووسساز نـامێنێ. نمایشـی سـوپای جـوولەکە لـە ١٩٤٨دا بـە تـەواوی کۆتـایی بـەو بەنـدوباوە هێنـا، گوایـە جـوو ترسـنوکن. بـەڵام لـە ١٩٢٠دا گۆلۆمـب بـە هێزترین خاڵی گوشاری لەسەر بنگۆریۆن دانا، چونکە بنگۆریۆن هیوای وابوو، کەسانی وەک گۆلۆمب نموونەیەکی ئاساییانەی وڵاتی جوولەکـان دەبن. هەر لەبەر ئەوەش بوو هانی گەنجەکەی دەدا، متمانەی پێبەخشی، لـــە پەرەســـەندنە سیاســـیەکاندا کۆمـــەکی کـــرد، پشـــتگیری نەخشـــە ســـەربازییەکانی کـــرد، کـــارێکی وای کـــرد ئـــەویش یارمـــەتی ئـــەم بـــدا.
گۆلۆمب بۆ بنگۆریۆن نموونەی ناوبژیکار بوو. بنگۆریۆن دەیتوانی ئەو بنێرێتە لای وایزمەن، وایزمەنیش گوێی لە پەیامەکەی دەگرت. ئەوسا بە دووردرێژی گۆلۆمـب ڕاپۆرتەکـەی خـۆی دەدایـەوە بنگۆریـۆن. ئـەو نایابانە دانوستانی دەکرد.

گۆلۆمب پێش ئەوەی بەری ڕەنجدانەکەی بخوا، کۆچی دوایی کرد؛ بەڵام ئەوەی لە ١٩٤٨دا قەوما، لە ڕاستیدا بە پلەی یەکەم هونەرەکەی بۆ ئەو دەگەڕایەوە. هونەرەکەی بۆ ئەو و بۆ بنگوریۆن دەگەڕایەوە. بەڵام لەو بارەیەدا بنگوریۆن بیرۆکەکانی دادەڕشت، پلانی دادەنا و گۆلۆمبیش پیاوی کردار بوو.

کاتێک پاولا دەرفەتی وەرگرت و لە نیویۆرکەوە گەیشتە فەلەستین، زۆر کێشەگەلی نوێتر پەیدا بوون، شتی ناگرنگ، ئاستەنگی تایبەتمەندانە، هەندێکیان وەک گرفتە سیاسییەکان چاوەڕواننەکراو و چارەسەرنەکراو بوون، کە بە هۆیەوە بنگوریۆن ئالودە ببوو.

پاولا نەدەترسا و نە شەرمیشی دەکرد کار بکا؛ بەڵام فەلەستین بۆ ژنەگەنجێک کە کۆرپەیەکی ساوای هەبوو، وڵاتێکی زبر بوو. ئەو وەک بە بیری دێ لە گەڕەکێکی ئارامی خۆشی دڵڕفێنی نیویۆرکدا دەژیا. هەنووکە بە شەقامگەلێکدا دەڕوا کە تەژییە لە عەرەبە چوارشانەکان، کە بە ترسناکییەوە تەماشای دەکەن. تێکڕای مامناوەندی ژیانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پیس و پۆخڵ، کورتهێنانی پاک و تەمیزی، مێش و مەگەز، دەرۆزەکەر، خواردنی نائاسایی، هیچی شتێکی هاندەرانە نییە. ئەو تەنها ئەو پیچە(کەمە) ڕووسیەی ساڵانی منداڵی بە بیر مابووەوە، کەمێک یدیشی دەزانیلەگەڵ ئینگلیزیدا. بەڵام زۆر لە ئاخێوەرەکان عیبری یان عەرەبی زمان بوون.

پاولا لە دواییدا قسەیەکی لەو بارەیەوە کردبوو، دیار بوو کە زێدەڕۆیی نەکردبوو؛ "بە ڕاستی زۆر قورس بوو لەو ژیانە ڕابێم".

بنگوریۆن فلاتێکی لە تەلئەبیب بەکرێ گرت. تا لەوێ دەژیان، پاولا ئەوپەڕی هەوڵی دەدا لەو ژیانە بە حسابی خۆی سەرەتاییانەی لێواری بیابان، ڕابێ.

ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠ ڕۆژگارێک بوو بنگوریۆن زۆری کاردەکرد، پاولاش زۆر خەمی دەخوارد و جووەکانی فەلەستینیش لە تەنگژەیەکەوە بۆ تەنگژەیەکی دیکە دەچوون. ئەو ساڵانە بۆ هەمووان ساڵی نادڵنیایی، گرژی و ئاڵۆزی، سەرکەوتنە کورتخایەنەکان، ناو بە ناو ماتەم و بێهێزی و بێئومێدیش بوون. لە نیسانی ١٩٢٠دا هاوپەیمانان لە سانریمۆی دڵڕفێنی ئیتالیادا، لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی

دوای شەڕ کۆ بوونەوە. فەلەستین هێشتا نۆرەی نەهاتبوو قسەی لەبارەوە بکرێ.
پاولا لە مێردەکەی پرسی" ئەرێ چی ڕوو دەدا؟".
بنگوریۆن شانی بۆ هەڵتەکاند، کێ دەتوانێ هیچ بڵێ؟ کێ دەکارێ پێشبینی کۆنفرانسی ئاشتی بکا؟
چاوەڕوانکرنەکە جووەکانی فەلەستینی دەمارگرژ و ئاڵۆزوبڵۆزتر کرد. ڕۆژێکیان هەواڵ هات. دیارە ڕاگەیاندنەکەی بلفۆر هەر مەرەکەبی سەر کاغەز نەبوو. سانڕیمۆ لە پشت بەڵێنەکە بوو. بەریتانیای گەورە مانداتی پلە Aی فەلەستینی وەرگرت.
"پلە A؟ ئایا واتای چیە؟".
بنگوریۆن بە هێواشی ڕوونی دەکردەوە. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ، ئەو پیاوانەی دەوڵەتی عوسمانیان دابەش کردووە، بۆیان سەلمێنراوە کە تەنها پرسی کاتە، ئەگینا گەلەکەمان پێگەیشتووە و دەتوانێ خۆی خۆی بەڕێوە ببا، ئەوەش لە ماوەیەکی کورتدا دێتە دی.
بە هەرا و گۆرانییەوە جووەکان بە شەقامەکاندا وەربوون. هەر پێکی شەڕابی سووری فەلەستینی بوو لە یەک دەدرا. شایی و سەما کرا، هەندێکیشیان فرمێسکیان لەچاوان قەتاریان بەست.
ئیسرائیل ژیایەوە!
دوای دوو هەزار ساڵ ژیایەوە!
بەڵام بنگوریۆن هەمان ڕۆژ ئاهەنگی نەگێڕا. ئەو بە برۆ لەیەکدانەوە لە دەقی منداتەکەی دەکۆڵیەوە.
ماددەی چوار؛ لایەنی دەسەڵاتداریماندات دەبێ دان بە "ئاژانسی جوولەکاندا" دابنێ، کە نوێنەرایەتی گەلی جوو بۆ هەولەکانی ڕۆنانی ماڵێکی نیشمانیی دەکا. ئایا چۆن ئەو دامەزراوەیە هەڵدەبژێردرێ؟ کێ سەرکردایەتی دەکا؟ ئایا چ دەسەڵاتێکی دەبێ؟
ماددەی شەش؛ کۆچی جووەکان ڕێپێدراوە. مرۆڤ هانی جووەکان دەدا، بێنەوە وڵات و لێی جێنشین بن. بەڵام چۆن؟ کێ؟ کەی؟ لە کوێ؟
لەسەر شەقامەکاندا شایی دەکرا، لێ بنگوریۆن لەو هەوایەدا نەبوو ئاهەنگ بگێڕێ. بەردەوام ئەو هەر ئاوا بووە. کاتێ کە خەڵک لە گەرمەهەرا و سەمادا بوون، ئەو بە ڕەخنەی خۆپارێزییەوە هەوڵی دەدا

خۆشییەکە جلەو بکا، کاتێکیش هەمووان ماتەم و شینیان بوو، ئەو تاقانەیان بوو، کە ئاماژەی بە کزە چرایەکی هیوا دەدا.
لە تەممووزدا دەسەلاتی سەربازی بە بەڕێوەبەرایەتییەکی مەدەنی گۆڕدرا، کە لە لەندەنەوە ڕەوانەکرابوو. یەکەمین کۆمیسیاری باڵا سێر هێربەرت ساموئیل Sir Herbert Samuel بوو.
جارێکی دیکە خەڵک بە کەیف و سەفاوە ڕژانەوە سەر شەقامەکان. "ئەری گوێت لێبوو؟" خەڵک لەگەڵ یەکدیدا دەدوان. "جوولەکەیەک! دوو هەزار ساڵە چاوەڕێ دەکەین، هەنووکەش جوولەکەیەک دێت لە ئۆرشەلیمەوە ولات بەڕێوە دەبا."
لە یەکەم شابات Sabbat (شەممەی) دوای گەیشتنیە فەلەستین، سێر هێربەرت لە سیناگۆگییەکی کۆنەشارەکەدا لە ئۆرشەلیم ئەوەی نیشانیدا، کە هێشتا هەر لەسەر دینی باپیرانیەتی.
بنگوریۆن بە خۆپارێزی مایەوە.
تۆ بڵێی ئەو چ جۆرە جوویێک بێ؟ ئەو پشتگیری کامە لا دەکا؟ ئایا دەکرێ متمانەی پێبکەین؟ دەی لێگەڕێ باجارێ چاوەڕێ بکەین.
کاتێکیش ڕێسا سنووردارییەکەی سەر کۆچکردن کە عوسمانییەکان دایاننابوو، هەڵگیرا؛ کۆچی نوێی گەڕانەوە بەرەو نیشتمان دەستی پێکرد، هەرچەندە فەلەستینیش لەو بارەدا نەبوو ئەو ژمارە زۆرەیە لەباوەش بگرێ، بەڵام هەموویان پەرۆشی گەڕانەوە بوون.

- "ئەوان یارمەتیمان دەدەن تا نەتەوەیەکی نوێ بنیات بنێین!"

بنگوریۆن دەیدی، کە ئاکنجیانی شارۆچکە نوێیەکە زیاد دەبن و خەڵک بەرەو هەر چوار لا پەل داوێ. کەمیان وابوو بچنە دێهات. زۆریان لەگەڵ خۆیاندا بڕە پارەیەکی کەمیان هێنابوو، دەیانەویست دوکانێک دابنێن، لێرە و لەوێ پارەکەیان بخەنەگەڕ چونکە دەستی کار هەرزان بوو.
بنگوریۆن و کاتزینلسۆن بە یەکدیان گوت: "ئێمە پێشبینی شتێکی وامان نەکردبوو."
کاتێکیش کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس سازدرا، بنگوریۆن و کاتزینسکی سەرقاڵی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی نوێ بە ناوی ئاخدوت ئاڤۆدا Achdut Avoda (پارتی یەکێتی کرێکاران) بوون. لێ بە داخەوە

یەکێتیەکەیان جارێ هەر بە ناو بوو. لە سێ هەزار کرێکاری جوویی ڕێکخراودا، تەنها دوو هەزاریان چوونە ڕیزی پارتەکە.
ترومپێلدۆری ناودار، لەم ساڵەدا لەشەڕ گەڕایەوە. لە ڕێی یاڵتا بۆ قوستەنتینە ڕۆیشتبوو لەگەڵ دەستی خۆیشی بانگەشەی بۆ دەستپێکەکان کردبوو.
پاشاگەردانی سیاسیانەی وڵات بۆ ئەو تاڵترین بێئومێدی بوو. تەماشاکا ئەو هەموو شپرزەییە! ئەو هەموو بێ بەرنامەییە. جارێکی دیکە چووە سەر کاری کشتیاری، چونکە لە مێژ بوو غەریبی خاک هەڵکێلانی کردبوو. لە گەڕانەوەی بۆ گالیلیادا سەرنجیدا، کە هێشتا بە هەزاران لە ڕەوەندە عەرەبی تاڵانکەر لەسەر گردەکان و بەو ناوەدا دێن و دەڕۆن. ئەو پەیوەندی بە نشینگەی تێل های Tel Haiیەوە کرد تا لە بەرگریکردندا یارمەتیان بدا. لەو کاتەی ئەو لەوێ بوو، عەرەبەکان بەسەریان دادان. شەڕێکی کاولکاریانە قەوما. دە کەس بەرانبەر یەک، بگرە هەزار بەرانبەر یەک کەس بوو. لەوێ کوژراو هەبوون. ترویپیلدۆر گوللەیەکی بەر زگی کەوت. بە ڕاستی بەختەکەی سەیر بوو، ئەو پیاوە خورت و بازوداره دوای پاڵەوانێتی لە دوو جەنگدا، دەبێ لە شەڕێکی لابەلا لەگەڵ عەرەبان و لە بەرگری ژمارەیەکی کەمی لە پەنجەی دەست تێنەپەڕیوی چەند کۆڵیتە دارێکی بیابان، ژیان لەدەست بدا.
کەمێک دوای سانڕیمۆ لە لەندەنیش کۆنفرانسێکی گرنگ بەسترا و بنگوریۆنیش وەک نوێنەری پارتی یەکێتی کرێکاران بەشدار بوو. ئەوە یەکەمین جاری بوو لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی بەشدار ببێ. کۆبوونەوەکە لە هۆڵی ئەلبێرت کە هۆڵێکی بێڕادده گەورە بوو، ئەوەندە گەورە بوو، جێی هەموو ئەندامانی پارتی یەکێتی بەخاوخێزان بگرە بە هەندێ لە دراوسێکانیشیان دەبووەوە، بەسترا.
لەسەر سەکۆی کۆبوونەوەکەدا پیاوە دیار و ناسراوەکانی نیویۆرک، بۆستن، پاریس، وارشۆ لە هەموو کونوقوژبنێکی دنیادا هاتبوون، قسەیان کرد. داود بنگوریۆنی تەمەن سی و سێ ساڵە، سەرکردەی پارتێکی سیاسی دوو هەزار ئەندامیش، دەبێ وتار بدا. لەو کۆنفرانسەدا بۆ یەکەمین جار بنگوریۆن و حایم وایزمەن ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. لێرە سەردەمێکی سی و دوو ساڵی بە دەنگ دەهات، لەو ماوەیەدا ئەو

دوو پیاوانە باندۆریان خستبووە سەر ژیانی ملیۆنان جوولەکەی ناوەوە و دەرەوەی ئیسرائیل. برادەرەکانی وایزمەن ئەویان بە "نەخشەدارێژەری دەوڵەتی جوولەکان" دادەنا. گەر بێت و وایزمەن نەخشەدارێژەر بووبێ، ئەوا بنگوریۆنیش وەستای بنیاتنانەکە بوو. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، کاتی وا هەبوو هەردووکیان هاوئاوازییانە بە یەکەوە، یەکێکیان وەک نەخشەدارێژەر ئەوی دیکەشیان وەک وەستای جێبەجێکار، کاریان دەکرد. بەڵام ڕۆژگاری واش هەبوو هەردووکیان زۆر لەیەک دوور بوون، ئاشتبوونەوەیان ئاستەم بوو. هەردووکیان جوو بوون و لە ڕووسیاش لە دایک ببوون، وایزمەن زۆر لە شوێنی لە دایکبووی پاولاوە دوور نەبوو. هەر دووکیان ژیانیان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی جوولەکان تەرخان کردبوو. بەڵام یەکانگیربوونەکەیان هەر ئەوەندە بوو بەس.

حایم وایزمەن پیاوێکی باریکەڵەی درێژی بەرچاو بوو. هەر کاتێک هاتبایە ژوورێک، هەمووان خۆڕسکانە بێ ئەوەی بزانن کێیە، لەبەری هەڵدەستان. لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا سەری تەواو ڕووتا بووەوە، تەنانەت یەک تاڵە مووشی پێوە نەمابوو. سمێڵێکی کورت و تەنکە ڕدێنێکی تەمشوولەی ڕەشی هەبوو، لە نیمچە شەیتانێک دەچوو. بنگوریۆنیش تا بڵێی کورت و وردیلە بوو، لە سەردەمی لاوێتیدا، بە نموونەی سەرکردەی سەندیکا پیشەییەکان دەچوو.

حایم وایزمەن لە هەموو نیگایەکیدا پیاوێکی ئەریستۆکراتیانە بوو. بنگوریۆنیش شانازی بەوە دەکرد کە پیاوی نێو خەڵکە، "کابرایەکی ئاسایی" بوو.

وایزمەن هەموو هاموشۆیەکی بە خۆشی و هێوریەوە بوو. بنگوریۆن حەزی لە ئاهەنگ نەبوو. لە ئاهەنگ و بۆنەکانیشدا لەگەڵ میوانێکدا دەچوونە گۆشەیەکی لاپەڕگەی ئاهەنگەکە، لەسەر کورسیەک دادەنیشتن باسی ئەو بابەتانەیان دەکرد کە بەسەریدا زاڵ بوون.

وایزمەن هەستیارێکی تام ناسک بوو. لە جۆری شەڕاب و مەیەکانی دەزانی و حەزی لە ژەمەخواردنی بە پێز بوو. پاولا جارێکیان گوتی: "ئێمە بە زۆری میوە و سەوزە دەخۆین. پیاوەکەم بە زۆری حەزی لە لیمۆی هیندی و توری پۆلۆنیە".

وایزمان بە فەرەنسی، زمانی دیپلۆماتان هەروەک پاریسییێکی ڕاستەقینە قسەی دەکرد. بنگوریۆن کەمێک فەرەنسی دەزانی، بەلام بە ڕەوانی نەدەپەیڤا.

وایزمەنی کۆسمۆپۆلیت، لە مایفێردا Mayfair وەک ئینگلیزێکی ئاروستۆکرات هەستی دەکرد لە مالی خۆیەتی. بنگوریۆن زۆر چووبووە لەندەن، بەلام ویست ئێند West End ی هەر نەدیتبوو. شەقامەکەی ئەو چارینگ کرۆس ڕۆد Charing Cross Road بوو کە پڕی کتێبفرۆش بوون.

کاتێ وایزمەن لە دواییدا لە فەلەستین جێگیر بوو، مالێکی لەسەر شێوە ئەورووپی دانا، هەر یەک لە ژووری خواردن و کتێبخانەکەی پانزە مەتر درێژ دەبوون و لەنێویشیدا مەلەوانگەی دروست کردبوو. زەوقێکی باشی هەبوو، هەموو کەلوپەلە گرانبەها هونەرییە چینییەکەی و تابلۆ فەرەنساییەکانیشی گواستنەوە ئۆرشەلیم.

بنگوریۆنیش وەک سەروەزیر، مالێکی سادەی لە ئۆرشەلیم هەبوو؛ دیوی دەرەوەی خانووەکەی لە تەلئەبیب لەگەل سەدان خانوی دەوروبەریدا، هیچ جیاوازییەکی نەبوو.

وایزمەن لە بەرلین و سویسرای خوێندبوو؛ لە زۆر ڕووەوە شارەزابوو، هەلگری چەندان پلەی بالای خوێندن بوو. بنگوریۆنیش کەسێک بوو خۆی خۆی پێگەیاندبوو، لە زانکۆی عیبری دکتۆرای شانازیی پێبەخشرابوو، هیچ بڕوانامەیەکی خوێندنی بالای نەبوو.

وایزمان لە مالباتێکی هەرە دەولەمەند بوو، وەک جێنتلمانەکانی ئینگلیز پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد. میوانەکانی بنگوریۆن کاتێ سەرەک وەزیرانیش بوو، بە زۆری لەسەر مێزی نانخواردنی ناندینەکەیدا دادەنیشتن، هەندێک جارانیش دەبوایە خۆیان قاپەکانیشیان بشۆن.

وایزمەن دەولەتمەدارەکانی وەک لۆرد بلفۆر Lord Balfor، ژەنەڕال سموتس Smuts، لیۆن بلوم Leon Blum و لۆرد سێسیل Lord Cecil و گەورە ئەفسەرانی وەک لۆرانس T.E.Lawrence و ئۆردە وینگێیت Orde Wingateی دەدیتن و لە مالی خۆی بەخێرهاتنی دەکردن. ئەو وینستۆن چەرچل Winston Churchillی لە تافی لاوەتیەوە دەناسی. قسەی لەگەل پاشای ئیتالیا، پاپا، لێیدی ئەستۆر Lady Astor و ڕەمزی

ماکدۆنالد MacDonald Ramsay کردبوو. بنگوریۆنیش کاتێ بووە سەرەک وەزیران حەزی بە چارەی کیبۆتنشینەکان، گەنجە دەستپێکەکان، ئەفسەرانی سوپا و پیاوانی بزوتنەوەی ژێرزەمینی دەکرد، بیانبینێ.

وایزمەن لە هەموو شارە گرنگەکانی دنیادا برادەری باشی هەبوون. بنگوریۆن تا لە ژیاندا بوو هەر یەک دوو برادەری هەبوون.

وایزمەن کەسێک بوو دەیتوانی ئاراستەی شتەکان زوو زوو بگۆڕێ. دەیتوانی لە ساتێکدا کەیفسازبێ و لە پڕیشەوە بگۆڕێ و کابرایەکی توندوتوڕەی لێدەرچێ. بنگوریۆن بە دەگمەن بە کەیف دەبینرا.

وایزمەن کەسێکی پڕ گومان بوو. بۆ هەموو گرفتەکان دەچوو بێ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە بیانگرێتەخۆ. بنگوریۆن هەمیشە لە ناخەوە بیری دەکردەوە.

وایزمەن تاکتیکوانێکی شارستانی بوو، لە هەموو نووسینگە دەوڵەتییەکانی ئەورووپادا داخوازینامەی خۆی پێشکەش کردوون. ئەو هەرگیز پرسی متمانە بەخۆبوونی لە دەست نەدەدا. دەیزانی کەسی دیپلۆمات دەبێ ئارامگر و بە حەوسەڵە بێ، بۆیە هەموو کات ئامادەیی چاوەڕێکردنی تێدا هەبوو. بنگوریۆن زۆر جاران تورە دەبوو، ئەو کەمتر هەدادانی هەبوو، هەرگیز ئامادە نەبوو زۆر چاوەڕێ بێ.

وایزمەن زۆری حەز لە کەیفوسەفا بوو، بەڵام بە دەگمەن نوکتەی دەگوتن، گەر بشی گوتبا بە زمانی جدیشی دەیگوت. بنگوریۆن لەگەڵ کەیفسازیدا نەبوو، هەمیشە جدییانە بوو. گەر یەکێک نوکتەیەکی بۆ گوتبا تا هەڵویستەکەی خۆی ڕوون کردبایەوە، خەندەیەک دەیگرت، بەڵام ئەو هەرگیز نوکتەی نەگوتووە. ئەو حەزی لە کەیفوسەفای یدیشیانە نەبوو، چونکە بە لای ئەو کەسایەتی گیتۆیی (ئۆردوگایی) پێ نمایش دەکرا.

کورتە شیعرەکانی وایزمەن بەناووبانگن. دوو گۆتەی کلاسیکیانەی ئەو هەمیشە دەگوترێنەوە، ئەو گوتویەتی کە یەکێکیان هی ئەو نییە، بەڵام هەموویان لە ڕێی ئەوەوە بڵاو بوونەتەوە:

- "ڕاستە پەرجوو دەقەومێن، بەڵام پێویستە سەرگەرمانە بۆیان لە خەباتدا بی."

یان:

- "پێویست نییە دێوانە بی تا ببیتە زایۆنیست، بەڵام ئەمەش هەر یارمەتی دەدا."

بنگوریۆن تا زیاتر تەمەنی هەڵدەکشا باشتری دەنووسی؛ وتارەکانی، نووسینە وەستایانەکەی، شێوازە چڕوپڕ و زمانڕەوانییەکەی ناسراو بوو، بەڵام سەرنجە ڕۆحیانەکەی بێهودە مرۆڤی بۆ خۆی کێش دەکرد.

جارێکیان لە وایزمەنیان پرسی، بۆچی سوپای میسر بەو شێوە شپرزەییە خراپە نێو شەڕەوە، تەڕدەستانە وەڵامی دایەوە:

- "پیاوەکان زۆر لاوازو ئەفسەرەکانیش زۆر قەڵەو بوون."

لە کاتی کلپەی ناکۆکبوون لەسەر پێشنیازی بەریتانییەکان سەبارەت بە ئۆگەندا، وایزمەن هەوڵیدا هەستی خۆی لەو ڕووەوە بۆ بلفۆری وەزیری بەریتانی ڕون بکاتەوە:

- "جەنابی بلفۆر، گەر من پاریست لە بری لەندەن بدەمێ، پێی ڕازی دەبی؟"

بلفۆریش تەڕدەستانە لێی هاتە وەڵام:

- "ئاخر، دکتۆر وایزمەن، خۆ لەندەن هی خۆمانە."

زایۆنیستە درێژەکە، بزەیەکی دلۆڤانیانەی هاتێ و لەسەرەخۆ بەرسڤی دایەوە:

- "بە مسۆگەرییەوە وایە، بەڵام ئێمە ئۆرشەلیمان لە ڕۆژگارێکدا لەبەردەستدا بوو، کە لەندەن هێشتا هەر زۆنگاو بوو."

زۆرجاران پێویستی هەبوونی ماڵێکی نیشتمانیی بۆ جوولەکەکان بەو شێوەیەی شیتەڵ دەکرد:

- "هەر کاتێ مرۆ خانەخوێ بوو، هەمیشە دەتوانێ میوان باش بەخێر بهێنێ. ئەو کەسانەی بانگهێشتی فراوین دەکرێن، دەزانن کە دەتوانن لە ماڵەوەش فراوینیان بخۆن. سویسرا وڵاتێکی بچکۆلەیە. ژمارەی ئەو سویسراییانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، لەچاو هی ناوەوە زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمی دژە سویسریی لە ئارادا نییە، چونکە سویسرایی هەردەم دەتوانێ بگەڕێتەوە ماڵەکەی، گەر ویستی دەتوانێ خەڵکیش بانگهێشت بکا."

بنگۆریۆن هەرگیز نایەتە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە نموونەی سەرەوە بهێنێتەوە. فراوین و میوان بانگهێشتکردن لەو شتانە نەبوون کە سەری خۆی پێ بێشێنێ. ماڵ بە گوێرەی تێڕوانینەکەی ئەو، ئەم شوێنەیە کە پێش هەموو شتێک کتێبەکانی خۆتی لێ دابنێی.
جارێکیان وایزمەن دەنووسێ: "من گەر لە برۆکسل یان پاریس بم هەوەک ئەوە وایە لە ماڵی خۆم لە سانفرانسیسکۆ بم." بنگۆریۆنیش بەردەوام دەنووسێ: "زێدی باوک و باپیرانم وڵاتی تایبەمەندی خۆمە." مەبەستیشی ئیسرائیل بوو.
کاتێک وایزمەن یەکەمین جاری بوو سەردانی ئیسرائیل بکا، لە بیبلیۆگرافیای ژیاننامەی خۆیدا گرنگیهێکی زۆری بە شتە سەرنجڕاکێشەکانی وڵاتی بەڵێنپێدراودا نەدا، کەچی بنگۆریۆن سەدان لاپەڕەی لە باسوخواسی وڵات و وەسفی دەقاودەقی نووسیوە. کاتێک تەمەنی وایزمەن گەیشتە چل و پێنج ساڵان ئەوسا نووسی: "پێویستە مرۆڤ شتەکان لە نزیکەوە ببینێ تا هەست بە داب و شۆپی وڵات بکا." ئەوکات هاتە فەلەستین، کەچی زۆری لێنەمایەوە، دیسان ڕۆیشتەوە، ئەو جارەیان زۆزی پێچوو تا دواتر گەڕایەوە. کاتێکیش دەوڵەت دامەزرا و ئەویش بە سەرۆک هەڵبژێردرا، ئیدی بە یەکجاری لە ئیسرائیل نیشتەجێ بوو. ئەوەش دوا ساڵەکانی تەمەنی بوو. پێشتر سەردانی کورتخایەنی بۆ دەکرد. بنگۆریۆن دەستبەجێ ڕەگوڕیشەی بە ناخی خاکێکدا ڕاهێشت کە خۆی لە خۆشەویستی زێدی باپیرانی هەڵبژاردبوو. هەرچەندە زۆرجاران بە ئەرکی سیاسییانە هاتوچۆی دەرەوەی وڵاتی دەکرد، بە زۆری هەستی لە ماڵبوونی بەس لە ئیسرائیلدا هەبوو.
لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهاندا، وایزمەن پشکێکی بایەخداری لە سەرکەوتنی هاوپەیماندا هەبوو، بەوەی لە تاقیگەی کۆلیژی سەربازی بەریتانی شێوەیە مادەییەکی تەقەمەنی نوێی پەرە پێدا. لە هەمان ماوەی شەڕدا بنگۆریۆنیش لەگەڵ بەتالیۆنەکەی کارێکی وا قورسیان کرد کە هاوپەیمانەکان سەربکەون.

وایزمــەن بەرانــبەر بزوتنــەوەی کرێکــارانی فەلەســتینی خۆشــحاڵ بــوو، بەڵام هەرگیز نەچووە ڕیزی پارتێکی سیاسی. بنگوریۆن ژیانی خۆی بۆ کردەی سیاسیانە تەرخان کردبوو.

وایزمەن لیبرال و بنگوریۆنیش سۆشیالیست بوو.

وایزمــەن پیــاوێکی تیــۆریی و بنگوریــۆنیش ئاســاییانە و بــە ئــەزموون کردەیی بوو. وایزمەن بڕوای وابوو کە بنگوریۆن کەمتر بایەخ بە ڕای گشــتی جیهــانیی دەدا. بنگوریــۆنیش پێیوابــوو، وایزمــەن زۆر خــۆی بــە کەســانێک ســەرقاڵ دەکــا، کــە لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت نــاژین، کەچــی لەوانەیە بیری لێبکەنەوە.

وایزمەن زۆر لە بارەی "خاڵە هێزدارە دیماگۆکیەکانی سیاسەتوانان"ی قسە دەکرد، کە بە پێچەوانەی "شێوازی ڕاستی ڕووناکبیرییانە"ی دادەنا کە دەرهاوێشــتەی زانســتی تاقیگەیــە. بنگوریــۆن بێجگــە لــە سیاســەت و کاری بانگەشەکردن کەمتر کاری دیکەی کردوون.

وایزمــەن بــڕوای بــە ڕێســای پلــەداریی بەرەبــەرە هــەبوو. ئــەو خــۆی بــە کەســێکی "نــەرمڕۆ" دادەنــا. بنگوریــۆن گیــانێکی بزوێنەرانــەی هــەبوو، پیاوێکی بە جۆش بوو، خوازیاربوو ئاکامەکەی دەستبەجێ ببینێ.

وایزمــەن بــە بڕوایــەکی تــەواوە هــەواداری هــاڤلاگ Havlagah، واتــە هونەری بەســەرخۆدازاڵ بوون بــوو. بنگوریــۆن وای دەبینی لــە هەندێ هەلومەرجی دیاریکراودا، مرۆڤ زیاتر بە کردەوە نەوەک بە ئۆقرەیی و دانبەخۆداگرتن دەگاتە مەبەستی خۆی.

لە ٤٨٢ لاپەڕەکانی ژیاننامەی خۆیدا وایزمەن بە ئاستەم ناوی بنگوریۆن دەهێنێ. تاکە ئاماژە بۆ ناوی ئەو لە لاپەڕە ٤٤٢ی پاشکۆکەیدایە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: بنگوریۆن بەرهەڵستی وایزمەن دەکا.

بنگوریــۆن جوامێرانــەتر بــوو. کــە کــاتی خــۆی هــات بنگوریــۆن دوودڵ نەبوو لە شاردنەوەی نەیاریتی خۆی دژی وایزمەن.

وایزمــەن بەشــێکی زۆری ژیــانی خــۆی داکــۆکی لــە گریمانەیــەک دەکرد؛ دەوڵــەتی جــوولەکە ئەوکاتــە دروســت دەبــێ کــە ئینگلیزەکــان هاوکــاری بکەن. بنگوریۆن لەبەر ئینگلیزەکان ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو، لە دواییدا بــە تونــدی دژیــان وەســتایەوە، بەتایبــەتیش دوای پەیمانشــکێنی پــارتی

کرێکاران و هاتنە سەرکاری ئێرنست بێڤین Erest Bevin وەک وەزیری کاروباری دەرەوە.
زۆر لەو خاڵە ناکۆکییانەی نێوانیان، لەلایەن خودی خۆیان و هەموولایەک ڕوون و ئاشکرا بوون. ڕەنگبێ بە نائاگایی هەستی گەورەیی لای وایزمەن بەسەر پیاوە کورتەباڵاکەی سەرکردەی سەندیکای پیشەییدا دروست بووبێ. لەبەر ئەوە جیاوازیەکانی نێوانیان زیاتر دیار دەکەوت. ڕەفتاری بنگۆریۆن زۆرجاران گەواهی تۆڵەیەکی خۆڕسکانەی لە هەمبەر وایزمەندا دەدا. ئەو نەیدەتوانی بەو کورتە باڵایەی خۆیەوە لەگەڵ شەقڵی ژیان، فەلسەفە و سیاسەتەکەیدا یەکانگیر بێ، هەرچەندە بە تەواوی دەشیزانی، کە وایزمەن بۆ زایۆنیزم بیچمێکی بایەخدار بوو.
لە دوای کۆبوونەوەی ۱۹۲۰دا لە هۆڵی ئالبێرتدا، بنگۆریۆن گوێی لە وتاردەر لەدوای وتاردەر دەبوو کە داوای خۆپارێزی، بە ئۆقرەیی ئارامگرتن و سنووردارکردنی کۆچکردنیان بە پاساوی پارەنەبوون، دەکرد. تادەهات هەدادانی نەدەما. دکتۆر وایزمەنی وەک ئەپۆستێل (شاگردێک لە دوانزە شاگردەکانی عیسا)ی سیاسەتێکی ئازاد دەهاتە پێش چاوان.
یەکەمین دوانی بنگۆریۆن لە کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتییانەدا لەوانە نەبوو وەستایەتی دیپلۆماتیانە بێ هەروەها لە کێماسی ڕەوانبێژیش بە شێوەیەک لە شێوەکان بەدەر نەبوو، وەلێ کەس گومانی لەوەدا نەبوو، کە لەوێ گوێیان لە دەنگی ڕاستەقینەی جوولەکەکانی فەلەستین بوو.
ئەو دەربارەی پەرۆشی گەڕانەوە قسەی دەکرد، کە خەریکبوو بە هۆی سیاسەتی بەردەوامی وەخراندن، کەم ببێتەوە. ئەو داوای نەخشەی بوێرانە و تاکتیکی پێشوەڕۆیانەی دەکرد. بە زەقی دژی ئەو کەسانەی بە دوژمنی کرێکارانی جوولەکەی دادەنان، قسەی کردن. لۆمەی کۆمیتەی زایۆنیزمی دکتۆر وایزمەنی کرد، بەوەی کۆمیتەکە بۆتە ناوبڕێکی نێوان گەلی فەلەستین و دەسەڵاتدارە نوێکانی وڵات.

- "پێشان ڕاستەوخۆ ڕوومان لە جەمال پاشا دەکرد" بە دەنگی دلێرانەتر لەسەری ڕۆیشت و گوتی: "بەڵام هەنووکە هەموو شتێک بە ڕێی نێوبەردا دەڕوا."

کاتێکیش پاولا لەگەڵ گێولای کچی گەیشتنە لەندەن، بنگۆریۆن فلاتێکی لە مێدیا ڤالاMedia Vale کە بە ترامی ژێر زەوی بە یەک دوو خولەک دەگەیشتنە نێوجەرگەی لەندەن، بەکرێ گرت. لەو فلاتەدا ئامۆس لە دایک بوو.

کاتێ بنگۆریۆن ناوی ئامۆسی بۆ کوڕەکەی هەڵبژارد، پاولا لێیپرسی:

- "بۆچی ئامۆس؟" -

بنگۆریۆن بە دەنگێک کە وای لە پاولا کرد بیر لە پێغەمبەرەکانی بایبل بکاتەوە، ڕوونی کردەوە، ئامۆس لە تێستامێنت (ڕاسپاردە)دا بە شوان هاتووە، ئەو شوانەی بیری کردەوە، کە خوا بە تەنها هی جوولەکان نییە، بەڵکو هی هەموو مرۆڤایەتییە. ئامۆس ئەو کەسە بوو هەڕەشەی لە چەوسێنەران کرد.

پاولاش گوتی: "ئەو سەرنجەم لا پەیدا بووە کە ئاموس سۆشیالیستخوازێکی لێدەربچێ."

بنگۆریۆن پێکەنی.

ئامۆس نەوەک هەر داکۆکی لە چەوساوەکان کرد، بەڵکو بەرچاوی گەلی جوولەکەشی وا ڕۆشن کردەوە، کە ڕۆژێک دادێ بەرەو وڵاتی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەو پێشبینی سەردەمێکی خۆشگوزەرانی بەختەوەری بۆ جووە دوورخراوەکان کرد، بەوەی کۆتایی بە ئاوارەبوونیان بێ. بنگۆریۆن بەوە نیگەران بوو کە ئامۆس لە فەلەستین نەهاتبووە سەر دونیا. گێولا لە نیویۆرک و هەنووکەش ئامۆس لە لەندەن لەدایک ببوو. بەڵام ڕەنگبێ ڕۆڵەی سێهەم بە ڕاستی سابراSabra[17] یی بێ.

موشێ شێرتۆک کە لە قوتابخانەی باڵای لەندەن ئابووریناسی دەخوێند، زۆرجاران سەردانی دەکردن. هەندێ جاریش داود هاکۆهن David Hakohenی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. هاکۆهن کوڕی نووسەرێکی بە ناودەنگی عیبری بوو. بنگۆریۆن لەگەڵیاندا باسوخواسی پرسگەلی سیاسەتی تاوتوێ دەکردن، لە هەمان کاتدا ئاگای لە گێولا و ئامۆس

[17] سابرا sabraئەو منداڵە جووەی لە فەلەستین لەدایک دەبێ.

دەبــوو چونکــە پــاولا بــۆ شــتکڕین چووبــووە بــازاڕی ئێجــوەرد ڕۆد Edgware Road.
ڕۆژێکیان هـاکۆهن پێی ڕاگەیاند کەوا "گۆلۆمب لـە ڤیەننایە، بـە تەمایە چەک بۆ هێزە ژێرزەمینییەکەی بکڕێ."
کەمێک دواتر هاکۆهن تەلگرافێکی لە گۆلۆمب پێگەیشت، تێیدا هاتبوو؛ بە زوترین کات خۆی بگەیەنێتە لای لە ڤیەننا. ئەو ساتەکەی کردە ساتێکی مێژوویی: ئەوە یەکەمین جارە کە جبەخانەیەک بۆ یەکەمین لەشکری جوولەکان دابنرێ. گۆلۆمب ناونیشانی ئەو شوێنەی بۆ ئاشکرا بوو کە چەکی تیادا دەفرۆشرێ. لەگەڵ لیڤی شکۆلنیک Levi Shkolnick کە ئەندامێکی پارتی کرێکاران بوو لە گەڕەکێکی پێشەوەی ڤیەننا خەریکی پێچانەوەی چەکەکان بوون، کە هاکۆهنیان گەیشتێ.
گوێی لێبوو پێیگوترا: "بیپێچەوە، یارمەتی تۆمان دەوێ."
هاکۆهنیش وای کرد، ئیدی بەم شێوەیە بە نوێژی نیوەڕۆ بە کەتنەوە لەلایەن پۆلیسەوە بەسەریاندادرا و گیران. گۆلۆمب و شکۆلنیک کەمێک دوای ڕووداوەکە بەردران. بەڵام هاکۆهن وەک سەرکردەیان تەماشاکرا و بۆیە دەبوایە مانگێک بچێتە بەندیخانە، ئەوەش مەشقێکی باش بوو بۆی، چونکە زۆر جاری دیکەش بە هۆی سیاسییەوە خراوەتە زیندان.
تەمەنی ئامۆس هەر مانگێک دەبوو کە بنگوریۆن بڕیاریدا خۆی و خێزانەکەی گەشتێکی گەڕان بە شارەکانی ئەورووپادا بکەن. ئەوان بە کەشتی لە نۆکەندەکە پەڕینەوە، ئەو گەشتەی کە هەرگیز لە بیر پاولا ناچێتەوە. زۆربەی گەشتیارەکان نەخۆشی دەریایان گرت. پاولا بیری لە برۆکلین و شێوە خۆشگوزەرانیەکەی ئەوێ دەکردەوە، پێش ئەوەی حەز لە سیاسەتوانە فەلەستینییەکە بکا.
بەڵام پاریس شارێکی خۆشی سەرنجڕاکێش بوو. هەروەها ڤیەنناش، ئەو شارەی دایک و باوکی کاتی خۆی بۆیان باس کردبوو.
بە هەفتە لەم شار بۆ ئەو شار دەچوون. بۆ هەر ژنێک، ئەم جۆرە گەڕانانە مایەی خۆسەلماندن بوون. قەتارەکان پیسوپۆخل بوون. میوانخانەکانی لێیدادەبەزین پلە سێ بوون. چەندان ڕۆژ لەسەر یەک خۆی و منداڵەکانی لە ژوری میوانخانەدا دەمانەوە، چونکە بنگوریۆن

کۆبوونـەوەی سـاز دەدان. تـەنها شـەوان، بـاقی کـاتی دیکـە بنگۆریـۆن سەرقاڵی دواندانەکانی بوو.
هەندێ جـار کەسێکی پەیدا دەکرد تـا چـاوی لـە منداڵـەکان بێ، چونکە خۆیشی دەچوو گوێی لە مێردەکەی بگرێ. ئەو تێبینیەی لا پەیدا بوو، کە ڕەوایەتی و ئایدیالیزم زیاتر بەرەو کۆبوونەوەکانی کێش دەکا.
دوا شـوێنی گەشـتە ئەورووپییەکـەیان پلۆنسـک بـوو. بـاوکی بنگۆریـۆن ژنی هێنابووەوە. هێشتا یەک دوو منداڵی هەر لە ماڵدا مابوونەوە.
دواتـر پـاولا لەسـەر شـوێنی لـە دایکبـوونی هاوسـەرەکەی بـە ڕێـزەوە گوتی: "ماڵەکەی پلۆنسک خۆشترین ماڵ بوو."

بەشی ٥

هیستادروت Histadruth ئەو ناوە بوو کە فیدراسیۆنی گشتیی جوولەکەکانی یەکێتی سەندیکا پیشەییەکانی پێدەناسرا. بنگۆریۆن پێش سی و هەشت ساڵ دامەزرێنەر و سیاسەتەکەشی بۆ دەستنیشان دەکرد.
هیستادروت ڕەنگبێ یەکێک بێ لە لەخۆگرترین فیدراسیۆنی کرێکاران لە جیهاندا. پزیشکەکان، وەستاکارانی دیوار، نووسەران، کرێکارانی کانەکان، مامۆستایان، شوفێران، لێکۆڵەرەوە زانستییەکان، تەنانەت منداڵانیشی دەگرتەوە، واتە نیوەی دانیشتوانی وڵاتی ئیسرائیل تیایدا ئەندام بوون.
فیدراسیۆنەکە هەر پارێزەری کرێکاران نەبوو، بەڵکو پاڵپشتی خاوەن کارەکانیش بوو. خاوەنداریتی بەرچاوترین بانکی بیمەی وڵات بۆ هیستادروت دەگەڕایەوە، سەرباری ئەمەش خودانی هەندێ بانکی دیکەش بوو، ٩٦% ئامرازەکانی گواستنەوە، پشکە هەرە زۆرەکانی چاڵە کەمە نەوتییەکانی وڵات و نزیکەی نیوەی هەموو بەڵێندەرایەتییە پیشەسازییەکان لەنێویشیاندا دامەزراوی تەلارسازی، کە ئەو بوارەی پاوانکرد بوو بۆ هیستاردوت دەگەڕایەوە. بێجگە لەمەش هیستادروت خاوەنی تیاترۆی خۆی بوو.
لە ئیسرائیلی تازەدا نە خواردن، نە ڕازان، نە گەشت.نە مردن بە بێ پەیوەستبوون بە هیستادروتەوە نەدەکرا. بنگۆریۆن لەسەر بنەمای تیۆری، پێی وابوو ڕێکخراوێکی وەک هیستادروت، ناوێری سەرچلی بەو هەموو سەرمایەوە بە تایبەتیش لە قۆناخی بەرایی خۆیەوە بکا.

بارەگا سەرەکیەکەی هیستادروت لە تەلئەبیب بالآخانەیەکی قەبەی حەوت نهۆمییە، کە لە لای گەشتیارەکاندا زۆر جاران بە تەلاری پەرلەمانی وڵاتەکەی دادەندرێ. هەر لەبەر ئەوەی هیستادروت باندۆرێکی زۆری بەسەر سیاسەتەوە هەبوو، بۆیە بە تەوسەوە بە کرێملن Kremlinی وڵاتەکە ناودەبردرا.

هەر زوو بنگوریۆن کرایە سکرتێری گشتیی هیستادروت، ئەوسا لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا هەڵمەتی هێنانە ڕیزی کرێکارە عەرەبەکان بۆ ناو فیدراسیۆنەکە برەوی پەیداکرد. ئەمەش بووە مایەی پەیدابوونی نەیار بۆی.

ئەوانەی ئەم جۆرە سیاسەتەیان بە دڵ نەبوو دەیانگوت: "ئاخر بیرۆکەی ئەوەی جوولەکە کرێکارە عەرەبەکان ڕێک بخا تا داوای کرێ و مزی زیاتر لە خاوەنکارە جووەکان بکەن، شتێکی دروست نییە."

لە ماوەی نێوان ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۰دا بنگوریۆن وەک نوێنەری هیستادروت سەردانی پیشانگەی کشتوکاڵی لە مۆسکۆدا کرد. ئەوەی لەوێی چاوپێکەوت، نەبووە مایەی سەرنجدانی، لە بەرانبەریشدا شۆرەوییەکان بایەخیان بە پیاویلکەی بێ بۆینباخ و شەپقەی پەرۆشی هیستادروت و کرێکارانی زایۆنیزم نەدا. لەو سەردەمەدا زۆر جوویان بە تۆمەتی هەواداریتی زایۆنیزم ڕەوانەی سیبێریا Siberie کردبوون.

دوای ساڵێک لە جێگیربوونی مانداتەکەی بەریتانیا ، ئاژانسی جوولەکان دامەزرا. بە گوێرەی وێناکردنی مانداتەکە، دەبوایە ئاژانس نوێنەرایەتی جوولەکان بۆ خەباتی سەربەخۆبوون بکا. ئاژانسی جوولەکان بە بودجەی تایبەتمەندی خۆی، بە کابینەی خۆی، بە لەشکر و هەواڵگریی خۆی ببووە دەوڵەت لەنێو دەوڵەتدا. بنگوریۆن لەنێو کابینەکەدا (دەستەی کارگێری ئاژانسی جوولەکان) جێی گرت، بەڵام موچەی لە هیستادروت وەردەگرت، بۆیە بێ بەرانبەر لە ئاژانسەکەدا کەوتەکار.

ئەو بە ئارامییەوە گوتی "پێموایە مرۆ دەبێ بنەماکانی بە کردار بەرجەستە بکا."

لە مانداتەکەدا هیچ دەربارەی لەشکری ئاژانسی جوولەکان نەگوترابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر سەریهەڵدا: هاگانا Hagana خەباتگێرە

ژێرزەمینییەکان، کە گۆلۆمب دایمەزراندبوو، هاتەکایە. بنگوریۆن هەر لە بەراییەوە پشتگیری ڕێکخراوەکەی کرد.

- "پێویستە ئێمە مشووری ئەوە بخۆین، ئەو جووانەی دەگەڕێنەوە، شانازی بە جووایەتی خۆیانەوە بکەن."

لەسەریان پێویستە باری مسکێنیانە (ڕەعیەتانە)ی خۆیان فڕێ بدەن. هەروەها پێویستە ترسەکەشیان بە لاوە بنێن. بۆ ئەوەی خۆیان لە ترسی سەرشانیان دەرباز بکەن، پێویستە هەستی ئەوەیان لا پەیدا بێ، کە ئەوان بێ دەستوەکەر نین. پێش سەردەمی بنگوریۆن کەم وابوو، جوولەکە لەسەر ئەو بڕوایە بن، کە ڕەفتاری پەلاماردەرانە بنوێنن.

دوای سەردانێکی ئینگلستان بنگوریۆن گوتی:

- "مرۆ ئینگلیزەکان بەوە هەڵدەسەنگێنێ کە هەن، بەڵام مرۆ دەبێ ئێمە هەمیشە بەوە هەڵبسەنگێنێ کە چی دەکەین."

ئەو دەیویست لە ئافراندنی وڵاتەکەیدا هاوکاربێ، وڵاتێک کە جووەکان هەست بە ئاسوودەیی بکەن، وڵاتێک جووەکان گرژی و ئاڵۆزی ئەو بیست سەدانەیان بە لاوە بنێن، شوێنێک کە چیدی خەمی کوڕەویان لەبەر نەبێ، هەروەها خەمی وەڵامی ئەو پرسەشیان نەبێ ئاخۆ لە یانەیەکی گۆلفدا وەردەگیرێن یان نا.

کاتێ کە برادەرەکەی بنگوریۆن کاتزێنسلۆن بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی نوێی داڤارDavar (پەیڤ)، بارودۆخی کرێکارانی فەلەستین باشتر ببوو. ئیدی لەو کاتەوە کاتزێنسلۆن لە وتارەکانیدا ئاراستەی بنگوریۆن و بزووتنەوەی کرێکاران دیار دەکرد. ئەو بیردۆزەی پەرەپێدەدا و بنگوریۆنیش بە کردار بەرجەستەی دەکردن. ئەوەش هاوکێشەیەکی نموونەیی بوو.

ڕۆژێکیان لە ١٩٢٨دا، بنگوریۆن، خانمەکەی و هەر دوو منداڵەکانی، لەگەڵ کاتزێلسۆن و هاوسەرەکەی و شوفێرەکە و خێزانەکەی هەموویان بە ئۆتۆمۆبیلێک بەرە و ئاهەنگێکی بزووتنەوەی لاوان دەچوون. لە ڕێگادا لە نێوان لیدا Lydda و راملە Ramleدا شوفێرەکە هەر بۆ خۆشی ویستی بە پێش ئۆتۆمبیلێکی دیکە بکەوێتەوە؛ کە پێشیشی کەوتەوە، بە لە خۆڕازیبوونەوە بایدایەوە. بەڵام ئۆتۆمبێلەکە لە

جادەکـــەدا دەرچـــوو، خـــۆی بـــە دارزەیتونێکـــدا دا. زۆر نـــەمابوو بزووتنەوەی کرێکاران دوو سەرکردەی بایەخدار لە دەست بدا.
زیێـف شـاریف Zeef Sharef (دوای سـەرهەڵدانی ئیسـرائیل کرایـە سکرتێری کابینەی حکوومەت)یشیان بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆی بە دوایانەوە بوو. ئەو سەرنشینەکانی ئۆتۆمۆبێلە بەسەریەکدا قوپاوەکەی دەربازکردن. کاتزێنسلۆن قاچێکی شکابوو، دەموچاویشی بریندار ببوو. هەموو ئەوانی دیکەش کەم تا زۆر بریندار ببوون.
بنگوریۆن پێش هەموو شتێک خەمی لە پاولا و منداڵەکان خوارد.
کاتزێنسلۆن کە ئازارێکی زۆری هەبوو، بانگی شاریفی کرد. لای ئەو تەنها شتێک دڵتەنگی کرد.

- "مشووری ئەوە بخۆ، شوفێرەکە تەنگەتاو نەکەن. نابێ ئەو سزا بدرێ."

دوای ئەوەی هەر هەشت لێقەماوەکەی گەیاندنە نەخۆشخانە، شاریف خـۆی گەیانـدە ئاهەنگەکـەی لاوان و شـێرتۆکی سـەرۆکیانی ئاگـادار کردەوە، کە دەبێ هەر خۆی هەموو دوانەکان بدا.
هەمان ساڵ کاتێک بنگوریۆن لە وارشۆ بوو، تەلگرافێکی بۆ هات، زۆر پێی کـەیفخۆش بـوو. هەمـوو هاورێکـانی هەولیانـدەدا مەتـەڵی نـاواخنی تەلگرافەکەدا هەڵبێنن.

- "تۆ بڵێی ئینگلستان کتێبێکی سپی دیکەی دەرکردبێ و مافەکانی ئێمەی تێدا زامن کردبێ؟ رەنگب یلە ئەمریکا..."

لە شەودا تێلگرافەکەی نیشاندان. تێلگرافەکە لە پاولاوە هاتبوو. تیایدا نوسرابوو، ئامۆس لە تاقیکردنەوەکانی سەرکەوتووە.
هێشتا بنگوریۆن پێی نەنابووە ساڵی ۱۹۳۰، کە ئەسمەرتر هەڵگەرا و پرچیشـی هەڵدەوەری. هەرچەنـدە هێشـتا هـەر گـەنج بـوو، بـەلام داوی زیوینی لەسەر لێ پەیدابوون. رەنگبێ ئەوەش دەرهاوێشتەی بارودۆخە نائارامەکە بووبێ. ئەو پەرۆشیەی کە جەنگی دوەمی جیهانی پێ کۆتـا هات، خەریک بوو سارد دەبووەوە. چاوەروانییە گەورەکان بە رێرەوی خۆیاندا نەرۆیشتن.
سـێر هێربیـرت سـامۆئیل کـە زۆر هیـوای لەسـەر بنیـات نرابـوو، دەستەیەکی راوێژکاری بۆ یارمەتیدانی لە بەرێوەبردنی وڵات پێک هێنا.

لەنێو ئەو حەڤدە ئەندامەی دەستەکەیدا تەنها سێیان جوولەکە بوون. هەموو ئەوانی دیکە عەرەب بوون.

ئیدی خەڵک لەو بارەیەوە لە تەلئەبیب لە خۆیان دەپرسی: "ئاخر کەی ئەوە شێوازی ئامادەکردمانە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی."

- "تۆ بڵێی بەڕاست ئەو جوولەکە بێ؟"
- "ئا بۆچی ئەو نەیاریمان لەگەڵدا دەکا؟"
- "ئەرێ بۆچی هیچ مشووری ماددەی شەشەم ناخوا؟"

ماددەی شەشەم نەخشەڕێگای بەریتانیا بۆ پەرەپێدانی تەوژمی کۆچکردنی جووەکان و گەڕانەوەیان بۆ فەلەستین دیار دەکرد، کەچی هەر جوولەکەیەک بیەوێ لە خاکی ولاتی بەڵێنپێدراو نیشتەجێ ببێ، پێویستە مۆڵەتنامەی پێبدرێ، لەندەنیش ئامادە نەبوو هیچ مۆڵەتنامەی دیکە بداتە جوولەکەکان.

زۆر لەوان سێر هێربێرتیان بە بەرپرسی دۆزەکە دەزانی.

- "ئەو بیرۆکەیەی کە جووێک لە خۆمان بێ و ئاواشمان بەسەربێنێ!" تاڵ بوو.

وایزمەن کە تەشریفاتیانە چووە لای وەزیری کاروباری کۆلۆنەکانی بەریتانیا، وەڵامێکی ڕەقی وەرگرتەوە:

- "تۆ ناتوانی لە فەلەستیندا بجوڵێیتەوە. ولاتەکە لێوانلێو پڕبووە. جێی کەسی دیکە نابێتەوە. ئایا کەڵکی هیچی پێوەماوە داوای مۆڵەتنامەی زیاترم بۆ کۆچبەران لێبکەی؟"

دەبوایە وایزمەن حەڤدە ساڵی ڕەبەقی دیکە بوەستایە، تا بەرسڤی وەزیری کاروباری کۆلۆنەکان بداتەوە، کاتێ گوتی:

- "تەماشاکە چۆن ئێمە هاتین و چووین، دامەزراوە پیشەسازییە نوێکانی سەر خاکمان بژمێرە، ئەوسا لێمان پرسە ئاخۆ ولاتەکەتان هەژارە یان نا."

بەڵام هەنوکە تازە ساڵی ١٩٢٩یە، بەریتانیای گەورە لە هەوڵ و تەقەللادا بوو، عەرەبەکان بە گوشارخستنە سەر جووەکان ڕازی بکا. گەر وایزمەن، بنگوریۆن یان هەر یەکێکی دیکە دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕیبا، یەکسەر بەریتانییەکان کۆمۆسیۆنێکیان پێکدەهێنا و ڕەوانەی ڕۆژهەلاتی ناوینیان دەکرد. کۆمسیۆنەکەش لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەکرد، گوێی لە

گەواهیەکان دەگرت و ڕاپۆرتی خۆی دەنووسی و بەرزی دەکردەوە. لە کۆنگرەی داهاتوی زایۆنیستەکاندا کە لە ڤیەننادا بەسترا، بنگوریۆن لە جیاتی بەرپرسانی جووەکانی فەلەستین قسەی کرد. بە کراسێکی وەرزشوانان، چەناگەی بزێوانە دەبردە پێش و لە بەرانبەر دووسەد نوێنەردا، تاڵترین دوانی لە ژیانیدا دا. لە سەرەتای دوانەکەیدا هێرشی کردە سەر سێر هێربەرت.

- "کاتێ ئەو هات، ئێمە بە ڕێزەوە سەیرمان کرد. بەڵام ئایا ئەو چی بۆ ئێمە کرد؟ ئەو حاجی ئەمین ئەلحوسەینی Haj Amin El Husseini (یەکێ لە سەرکردە عەرەبە غەیرە جووەکان)ی بۆ ئێمە وەک موفتی ئۆرشەلیم قیت کردەوە!"

ئەوسا بە توڕەییەوە دابەزییە سەر ئینگلیزەکان.

سەرۆکی کۆنگرەکە دەبوایە زوو زوو چەکوچەکەی بەسەر مێزەکەی بەردەمیدا بکوتێ. نێردەکان بە شڵەژانەوە لەسەر کورسییەکان ئاوڕیان بۆ ئەملا و ئەولا دەدایەوە.

ئەو ساڵانە، ساڵانێکی گرژی بێئومێدی و بێ دەسەڵاتی بوون. لەهەر چوارلای بنگوریۆن هەر ناڕەوایانە بەرانبەر گەلەکەی دەجوڵانەوە. کارمەندەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئینگلیز لە فەلەستیندا چەکدار بوون. هەر هەموویان بێجگە لە کارمەندە جووەکان چەکداربوون. تەنانەت داواکارە گشتیە ئینگلیزییەکەش، کە جوو بوو، دەبوایە چەکەکەی خۆی دابنابایە.

بارودۆخی کرێکارانیش خراپ دەبوو. لە تەلئەبیبدا کارگەکان وەک قارچکی دوای ڕێژنە باران هەڵدەکەندران.

بنگوریۆن ڕایگەیاند: "بەڵام لەنێو دیوارەکانی ئەم شارە جوولەکەییەدا کەم وایە مرۆ گوێی لە قسە و گۆرانی جوولەکان بێ. هەموو کارەکان لەلایەن دەستی کاری عەرەبانەوە دەکرێ."

کشتیارانی پێتاخ تیکڤاهیش نەخشەیەکیان دارشتبوو، کە چۆن کرێکاری هەرزان بەها لە میسرەوە بهێنن.

لە ئۆرشەلیمدا باڵەخانەیەک بۆ نووسەران دروست کرا، دەبوایە ناوی هێرتزلی هەڵبگرتبایە، بەڵام هیچ کرێکاری جوو ئیشی تێدا نەدەکرد.

ساڵەکە بە ڕاوەدوونانێکی خوێناویانە کۆتایی پێهات. عارەبە سەرگەرمەکان دوو سەعات جەللادانە دەسوڕانەوە، لەنێو ئۆرشەلیمدا

تالآن و برۆیان کرد، تێکیان دەدا. لە لەندەنیش کۆمسیۆنێک دروستکرا، دوای بەسەرچوونی کات لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجام دا. چەند مانگێک دواتر راپۆرتەکەیان دەرچوو بەوەی بە پلەی یەکەم موفتییان بە بەرپرسیاری رووداوەکە دانابوو. لە بەرانبەردا حکوومەتی بەریتانی کتێبێکی دیکەی سپی دەرکرد، بە هۆیەوە زیاتر کۆچی جووەکانی سنووردارکرد و ئەوەشی ئاستەنگ کرد کە جووەکان زەوی بکڕن. ئەوەی بەلای بنگوریۆنەوە زۆر تاڵ بوو، ئەوەبوو کە هەموو ئەو کارانە حکوومەتی کرێکارانی بەریتانیا دەیکرد. سەرۆک وەزیران رامزی ماکدۆنالدیش بوو کە هەمیشە رایدەگەیاند، گوایە هەوادارێتی لەگەڵ پرسی جوولەکەدا هەیە. بنگوریۆن نە لە بیری کرد و نەلێشی بووری.

هەنوکە سەردەمی زنجیرە کوشتارگەکان دەستی پێکرد: لە ئەورووپاش بارودۆخ تا دەهات خراپتر بوو، لە فەلەستین عەرەبەکان پەلاماریان دەدا، کۆمسیۆن دەهاتن و دەچوون، کتێبی سپی تازە دەردەچوون و لە دواییشدا شەڕ.

پاولا بۆ جاری سێهەم دووگیان بوو. ئەم جارەیان کۆرپەکەیان لە فەلەستین لەدایک بوو، کچێکیان بوو، ناوی رێنا Renna (کامەرانی)یان لێنا. ئاخروئۆخریەکەی بنگوریۆن منداڵێکی سابرایی پەیدا بوو.

لەو ساڵانەدا بنگوریۆن زۆر دەردەچوو، گەشتی زۆر، کۆنفرانس و کۆبوونەوەی ساز دەدان. بێجگە لەوەی سەرۆکی سەندیکای پیشەیی بوو، سیاسەتوانیش بوو.

لە کۆنگرەی زایۆنیزمی داهاتویاندا رۆڵە سەرەکییەکان، ژابۆتنسکی و وایزمەن گێڕایان.

ژابۆتنسکی ئەمجارەیان دواندەرێکی کارامە بوو. ئەو، هەشت تا نۆ زمانی بە تەواوی دەزانین و لەلایەن بێژمار لە گەنجە فەلەستینی و پۆلۆنیایی پشتگیری دەکرا. ئەوان زۆر رێزی ئەم پیاوە شاعیر، زانا و هونەرمەندە، بە پلەی یەکەمیش ئەو تێکۆشەرە زایۆنستیەیان دەگرت. پیاوانی وەک ماکیسم گۆرکێ و لیۆ تۆلستۆیش دەربڕینەکانی ژابۆتینسکیان بە باشی هەڵدەسەنگاند.

ئەو و وایزمەن بە یەکدی دەوێران. لەو کۆنگرەیەدا ژابۆتینسکی یەکێک لە دوانە گراویەکانی خۆی دا؛ ئەو داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی

جوولەکانی لە هەر دوو دیوەکانی ئوردن دەکرد، کە ئەوەندە بە قەد فەلەستینی دێرین گەورە بوو. کاتێکیش لە دوانەکەی بووەوە وایزمەن بە پێکەنینەوە گوتی:

- "دیوارەکانی یەریخۆ Jericho لەبەر ژاوەژاوی دیواری سکاڵا و دەنگی دەهۆڵەکان ڕووخا. من هەرگیز گوێم لە دیوارێکی بەو شێوە دانراوە نەبووە."

ڕۆژێک دواتر وایزمەن بە سەرۆکی ڕێکخراوی زایۆنیزمی هەڵنەبژێردرایەوە. ئیدی کشایەوە.

بنگوریۆن جڵەوی سەرکردایەتی بزووتنەوەی نوێی کرێکارانی بە ناوی ماپای mapai گرتە دەست. لایەنگرانی ژابۆتینسکی خۆیان بە ڕیڤیژیۆنیست (نوژەنکەرەوە) دادەنا. ئەوە ململانێیەکی نێوان چەپ و ڕاستەکان بوو، دڵڕەقانە لەگەڵ یەکدا جوولانەوە، تا کار گەیشتە سەر لێکەوتنەوەی یەکەمین کردەی کوشتنی سیاسیانە لە فەلەستیندا.

نازییەکان هاتنەسەر تەختی دەسەڵات و مرۆ لە ڕۆژنامەکانەوە شێوە ناقۆڵایەکەی کینەی دژی سامێتیان دەخوێندەوە. لەو ڕۆژگارەدا هیتلەر جاڕیدا گەر هاتوو لە ماوەیەکی کورتدا جووەکان ئاڵمان و ئەورووپا بەجێبیڵن، ئەوا هیچیان بەسەر ناهێنێ. حایم ئارلۆسۆرۆف Chaim Arlosoroff سەرۆکی بەشی سیاسیی ئاژانسی جووان، نێردرایە بەرلین تا لەوە بکۆڵێتەوە، بەڵکو ژیانی نیو ملیۆن جوولەکەی ئاڵمان ڕزگار بکا. هەفتەیەک دواتر بە ڕاپۆرتێک گەڕایەوە.

لە ئێوارەیەکی خۆشی هاویندا، حایم ئارلۆسۆرۆلف لەگەڵ ژنەکەیدا لە لێواری زێ لە تەلئەبیب پیاسەیان دەکرد. نەناسراوێکی گەیشتێ و داوای ئاگری لێکرد. ئارلۆسۆرۆف گیرفانەکانی خۆی گەڕا. هەر هێندە بوو دەنگی گوللە هات. ئارلۆسۆرۆف وەک جەستەیەکی بێگیان کەوتە سەر زەوی. بکوژەکەش لەبەرچاوان ونبوو.

ئابراهام ستاڤسکی Abraham Stavsky لاوێکی ریڤۆژیۆنیست لەسەر کوشتنەکە گیرا. بنگوریۆن بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کە بڕوای وایە ستاڤسکی تاوانی کوشتنەکەی ئەنجام دابێ.

لە هەموو فەلەستین، بابەتەکە ببووە بنێشتە خۆشەی بن دانان.

پێشان زایۆنیستەکان تەنها دەمەقاڵێیان بە قسە بوو. بەڵام بەو تاکتیکە نوێیە، مرۆ لە ناخەوە سڵەمیەوە. ئایا پێویستە ئەو جووانەی لە سەر خاکی بەڵێنپێدراودا دەژین، یەکدی بکوژن، لە کاتێکدا کوورەوە هەر مەزنەکەی ڕۆژگار لە ئەورووپا لە دەستپێکدایە؟

لەکۆتاییدا ستاڤسکی بەردرا، بەڵام پانزە ساڵ دواتر لەو شوێنەی ئارلۆسۆرۆفی لێکوژرا، کوژرایەوە.

ئەوە لە کاتێکدا ڕوویدا کە ژابۆتینسکی شاعیری ڕیڤۆشیۆنیست و بنگوریۆنی بزووتنەوەی سەندیکای سۆشیالیستەکان، هەردووکیان هەڵپەی دەسەڵاتگرتنەدەستیان بوو. لە ئاکامی دەنگدانێکدا، دەرکەوت کە بنگوریۆن لە ۳۲۰ دەنگی نوێنەرانی کۆنگرەکەدا، زۆرینەی بەدەست هێناوە. ئیدی بنگوریۆنی کورتەبنە لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشت.

لە بەهاری ۱۹۳۵دا، سێ پیاو و سێ ژن لە ئۆرشەلیم بۆ گەڕانێکی پێنج ڕۆژە دەرکەوتن. یەکێکیان ئیلاهو ئێپستاین Eliahu Epstein بوو. دە ساڵ بوو لە ڕووسیاوە هاتبوو، هەروەک بنگوریۆنیش بانگەشەی بۆ دەکرد سەرەتا لە کیبۆتێک لە زۆنگاوێکدا کاری کرد. ئەو خەریک بوو بە مەلاریاوە بمرێ و هەنوکەش کرێکارێکە لە حەیفا کە دەکەوێتە سەرسنووری کەناری ڕۆژهەڵاتی ئوردن و عەرەبستانی سعودیە و کرێکاری دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکە بۆ R.A.F. ئێپستاین برادەری لەنێو ڕەوەندەدا (بێدون Bedoein) دا هەبوون و گەشتەکەشیان بەرەو لای باکووری دەریای سوورەوە بوو، لەو شوێنەی خۆرهەڵاتی ئوردندا، گوندێکی ڕاوەماسی بە ناوی ئەقەبە Akabaی لێیە، لە بەرانبەریشی بە دیوی فەلەستیندا، شوێنێک هەیە لە سەرنەخشەدا بە ئوم ڕەشڕاش Umm-Rashrash ناوی هاتووە، بەڵام تەنها کوڵێتی سەرەتایی لێن، ئەویش هی پیاوێکی ئینگلیز بوو، کە بەدوای کانزاکاندا دەگەڕا. لەو دەڤەرەدا ئێپستاین دڵی بۆ بیابان لێدەدا، عەرەبی زانینیەکەی یارمەتیدەری بوو. خەیاڵێکی بۆ هات؛ گەلۆ گەر دەوڵەتی جوولەکان دامەزرا، ئومرەشڕاش چی بەسەردێ؟ ئەو گەشتەکەی بۆ ژنەکەی و برادەرەکانی (بنگورین و هاوسەرەکەی لەگەڵ کاتزێنسلۆن و خانمەکەی) پێشنیاز کردبوو تا ئەو ناوچە بیابانەیان پێ نیشانبدا.

ئەوان بە سواری لە ئۆرشەلیمەوە چوونە شاری عەمانی ئوردن، لەوێوە بە کەناری ئوردنەوە لەسەر دەریای مردوودا بەرەو ئوم رەشڕاش چوون. ئەوەش هەڵگەڕانەوەی ڕێڕەوی موسا بوو.
ئەوان لە کاتی خۆیدا دەرچوون، تا پێش ئێوارەی جەژنی پاس بگەنە شوێنی مەبەست؛ دەیانەویست نەریتئاسا جەژنی سایدەرSeider لەو شوێنەدا بگێڕن، کە لە دیرۆکی گەلی کۆنی جوولەکاندا ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە.
ئەوانی دیکە هەرگیز نەهاتبوونە ئەو ناوچەیە، کە ڕێبەرەکەیان دەیگێڕان. بێگومان لێرەدا پاشماوەی شوێنەواری خەڵکی کەڤنار نەمابوو.
ئێپستاین هاواری کرد: "بەڵام تەماشای بەندەرەکە بکەن."
هەموویان لە سۆنگەی دیرۆکی بایبلدا هەستیان بە ماڵی خۆیان دەکرد و پێویستیان بەوە نەبوو یەکیان شت بە بیر ئەوی دیکەدا بهێنێتەوە، بەوەی ئاخۆ ئوم ڕەشاش لە سەردەمی شا سالۆمۆ Salomo (سلێمان)دا ناوی سێلات Selath بووە یان نا. هەر لێرەدا سالۆمۆ (سلێمان) کەشتیگەلێکی دروستکرد. لەو تەنگەوە جووەکانی ئیسرائیلی کۆن کالایان بۆ هەموو لایەک دەگواستەوە. لە کانەکانی ئەوکاتدا، مس پاک و لووس دەکرایەوە. لە دوەمین تابلۆنامەی ئەستێر Estherدا هاتووە کە شاژنی سەبەء Saba پێش ئەوەی سەردانی سالۆمۆ بکا، کەشتی پڕ کالای بە نرخ، بەردی مەڕمەڕ و شەشسەد کوڕ و کچ کە لە هەمان سات و ڕۆژ و ساڵدا لە دایکببوون، هەمووشیان یەک بەرگی ڕەنگی شاهانەیان پۆشیبوو، ڕەوانەی لای سالۆمۆی کردبوون.
ئەوان بە ڕەنگینی لمی ئیلاتەوە کارانگاز ببوون. ڕەنگیان هەر بۆرێکی ئاسایی نەبوو، کە لە هەموو شوێنێکدا دەبینرا، بەڵکو شین، سووزباو و بنەوشەییەکی ناسک بوو.
لەو کاتەی هەندێکیان سەرقاڵی یادەوەری ئیسرائیلی کۆنینە بوون، ئەو پیاوەی کە پرچی تەنک و بۆز ببوو، هەر دەیڕوانییە بەندەرەکە. ئەو چاوەکانی وەک ئەوەی خەونێک ببینێ، نیوە نوقاند.
مانگێک دواتر بنگۆریۆن لە نامەیەکیدا بۆ دادوەر براندایس Brandeisی سەرۆکی دەستەی باڵای دادوەری ئەمریکا پێشبینی کرد، زۆر نابا

دەوڵەتی جوو دادەمەزرێ و ئیلاتیش چ لە ڕووی ئابورییەوە، چ لە ڕووی سیاسییەوە ئەو ڕۆڵە گرنگە دەگێڕێ کە کاتی خۆی لە ڕۆژگاری بابیلدا گێراویەتی.

کەمێک دوای گەشتە و گەڕانەکەیان بۆ ئیلات، بنگۆریۆن بووە سەرۆکی ئاژانسی جوولەکان، ئەوەش لە ڕاستی و بەکردەوە واتای ئەوەی دەگەیاند کە بۆتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەڵام سەروەزیرێکی سایە، حکوومەتی وڵاتێک، کە هێشتا بوونی نییە.

یەکێک لە باشترین برادەرانی بنگۆریۆن لە ناو عەرەباندا موسا ئالامی Musa Alami بوو. موسا پیاوێکی شارستانی پێشکەوتوو، لە ئەورووپا خوێندنی تەواوکردبوو. موسا کە پێشتر جێگری داواکاری گشتی فەلەستین بوو، خزمی موفتیش بوو. ئەو لە ئۆرشەلیمدا دەژیا. لە بەهاری ١٩٣٦دا بنگۆریۆن لەگەڵیدا کەوتە دانوستان بەو هیوایەی بگەنە ڕێکەوتنێک، کە هەردوو لایان عەرەب و جوولەکە دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.

بۆ هەردوو لا، نەخاسمە بۆ موسا کارەکە لە سەرچڵی بە دوور نەبوو. چونکە هەموو عەرەبێک کە گومانی ئەوەی لێکرابا لەگەڵ جوولەکاندا لە گفتوگۆدایە، ترسی ئەوەی لەسەر بوو لەناو نوێنیشەوە ڕابکێشرێ و هەر لە ڕێی خەڵکی خۆیەوە بکوژرێ.

دروست، لەو کاتەی بنگۆریۆن و موسا ئالامی بۆ دووەمین جار کۆ دەبوونەوە، ئاژاوەی عەرەبەکانی ١٩٣٦ دەستی پێکرد. سەرەتا لە یافاوە تەقیەوە. ئەوکات بەقەد یەک لە جوولەکە و عەرەب بریندار بوون. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی کوژراوەکان زیدەتر دەبوون. عەرەبەکان مانیان گرت. هەر کەمێک دوای ئەوە لە سەرتاسەری فەلەستیندا بە کردەوە هاتوچۆ ڕاوەستا.

حکوومەتی بەریتانیا سەربازی زیاتری لە میسرەوە ناردن. لە ماڵتاشەوە هێزی زیاتری ڕەوانەی ئەوێ کرد. پاشان لەشکرێکی تەواو لە ئینگستانەوە نارد. لە کۆتاییشدا هەروەک جاران کۆمسیۆنێکی بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنا.

هەر کە بنگۆریۆن هەستی کردبا، کە جڵەوی دانبەخۆداگرتنی لەدەست دەردەچێ، بەسەر شاخی سکۆپوس Scopus کە زانکۆی عیبری لەسەر

دروستکرا، سەردەکەوت، ئەوسا تا هێور دەبووەوە، بە قووڵی سەری بەسەر کتێبەکەدا (مەبەست کتێبە پیرۆزەکەیانە-وەرگێڕ-) دەگرت.
ئەو دەستە ئینگلیزییە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئاژاوەی عەرەبەکان هاتنە فەلەستین ناوی دەستەی پێیل Peel، هەر بەناوی سەرۆکەکەیان لۆرد پێیل بوو. ئەو راپۆرتەی پێشکەشیان کرد، بریتی بوو لە چوار سەد ڕوپەڕ. بنگۆریۆن وشە بە وشەی لێکدایەوە، پاشان خۆی گەیاندە لەندەن کە بە چەندان ڕۆژ لەسەر سەکۆی دواندانی ئەنجومەنی نوێنەران و لۆردەکانی بەرتیانیادا خەریکی گفتوگۆ و مشتومڕ بوو.
دواتر کە لێیان پرسی ڕەفتاری ئینگلیزەکانت لە گفتوگۆکاندا چۆن بینی؟ وەڵامی دانەوە: "پێموابوو من لە کۆنگرەیەکی زایۆنییانە دام!"
ئایا ئەو چی لە گوێڕاگرتنی ئەو وتوێژانە فێربوو؟

- "تۆ دەتوانی گەلێک شت لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکەی، بەڵام ناتوانی بیانگۆڕی و بیانکەیە غەیرە ئینگلیز. پیاوی ئینگلیز کێشەکان لە چاوی جوولەکەوە نابینێ، ئەو بە دڵێکی جوولەکانە هەست ناکا و بەڵگەوبەندی جوولەکانەشی بە مێشکدا نایەت."

لە ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆنی پێیلدا، جەخت لەسەر پێشنیازی دابەشکردنی وڵات بۆ دوو دەوڵەتی عەرەب و جوولەکە کرایەوە. جیاوازی ئەو نەخشەیە لەگەڵ نەخشەی نەتەوە یەکگرتووەکانی دواییدا ئەوە بوو، کە کۆمسیۆنی لۆرد پێیل ئۆرشەلیم، نەزارەت Nazaret، بێتلەهیم Bethlahem، حەیفا Haifaw و ڕێڕەوی ئۆرشەلیم تا سەر زێ بە دەستی ئینگلیزەکانەوە بمێنێ؛ باقیەکەشی ڕێژەی ٧٥% بۆ عەرەبەکان و ٢٥% یش بۆ جوولەکان بێ؛ ئەوەش هێڵێکی باریک بوو لە گالیلیاوە بە لێواری دەریاوە بوو.
لە ئەورووپا جەنگ لە ئانوساتی تەقینەوەدا بوو. هیتلەر دەرگاکانی ئاڵمانی کلۆم دان. فرانکۆ و فاشیزم لە ئیسپانیا بالادەست بوون. بەڵام لە هاوینی ١٩٣٧دا سەرکردە جووەکان لە کۆنگرێسی زایۆنییانەی خۆیاندا هەر باسوخواسی دابەشکردنی فەلەستینیان تاوتوێ دەکرد.
لەو ساڵانەدا بۆ یەکەمین جار بنگۆریۆن و کاتزینسلۆن کە برادەری یەکدی بوون، بە ئاشکرا بەیەک هەڵشاخان. سەرنووسەری ڕۆژنامەی کرێکاران دژی دابەشکردن بوو. ڕابی ناسراوی ئەمریکایی ستێفان وایز

Stephan Wise و ئابا هیلەل سیلڤەرAbba Hillel Silver هەمان هەڵویستیان هەبوو. هەموو نوێنەرە ئەمریکاییەکان دژی بوون، گۆلدا میرسۆن Myrson Golda (دواتر بووە گۆلدا مایر)یش کە لە کاتێکی سەختدا لە لایەن بنگۆریۆنەوە بە وەزیری کاروباری دەرەوە هەڵبژێردرا، هەر دژ بوو.
ئەوان وتاری زۆر زیرەکانەیان دان.
کاتزێنسلۆن گوتی: "بۆ یەک دانەواندن پێویستە هەبێ، بەڵام لە کاتێکدا دەستبەرداری شتێک دەبی، کە توانستی پەرەپێدانی شتی دیکە وەربگری."
لە کۆتاییدا ئەو پیاوەی کە سەری سپی ڕاست ڕاگرتبوو، وەک ئەوەی کە تەواو بارگاوی بووبێ، چووە سەر سەکۆی دوان. لە هەموو بیچمیدا هێزی دینامیکیانە دەردەکەوت.

- "باشترین حکوومەتی ماندات، کە مرۆ بیری لێبکاتەوە لە حکوومەتەکەی خۆماندا نقوم نابێ."

هەر سەری ڕەزامەندبوون بوو، دەلەقا. قسەکانی ڕەت نەدەکرانەوە.
ئەو پێشبنی کردن. وەک ئەو گوتی؛ زەحمەت نەبوو زۆریشی نەدەخایاند کە دەوڵەتی نوێی جوولەکان لە ماوەی سەرەتای دە ساڵی خۆیدا ملیۆن و نیوێک کۆچبەر لەخۆ بگرێ. (ئەوەش پێشبینییەکەی خراپ نەبوو. چونکە لە دەساڵی یەکەمی دەوڵەتی جوودا نزیکەی یەک ملیۆن کۆچبەر هاتنە ئیسرائیل.)

- "ئەمە ساڵی جوامێرانە، کە دوو هەزار ساڵە چاوەڕێی دەکەین."

لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی کە بۆ هەر دوو لا مایەی پەژراندن بوو، وەرگیرا، بەڵام بڕیاری یەکلاکەرەوەی لێنەدرا. سەرکردەکانی کۆنگرە ڕاسپێردران وردەکاری زیاتری نەخشەکە لە ئینگلیزەکان بپرسن.
بنگۆریۆن هەرکە منداڵ بوو خەونی بە دەوڵەتی جوولەکانەوە دەبینی، ئەو ساڵیش لە کۆنگرەکەدا گوتی:

- "بۆیەکەم جارە ڕایدەگەیەنم، کە ئامادەم لە بەڕێوبەرایەتی بزووتنەوەی زایۆنیستدا بەشداربم تا هەڵمەتی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکان دەست پێبکەین. ئەوەش لە ئێستاوە هەموو ئامانجی ژیانم دەبێ."

داودی نوێ دەستی بە ململانێیەک لەگەڵ کەللەشەقێکی وەک گۆلیات Goliathدا کرد.
ئینگلیزەکان (هەرچەندە پێشنیازەکەش لە لایەن کۆمسیۆنێکی خۆیانەوە کرابوو) ڕووبەڕووی پڕۆژەکە وەستانەوە.
عەرەبەکان دەبوونە ترسناکترین دوژمنیان.
سەرکردەکانی بزووتنەوەی زایۆنیزمی لە ئەمریکا دژی پڕۆژەکە تێدەکۆشان.
ژابۆتینسکی و ریڤیژیۆنەکانیشی هەر دژ بوون. پیاوە هاوپەیمانەکانی، ڕاوێژکارەکانی هاوپارتەکانی پێیان وابوو بڕیارەکەی ناڕاست بوو.
بێرل کاتزێنسلۆن ئەو پیاوەی کە هەمیشە بنگۆریۆن ڕاوێژی پێدەکرد، لە بەرانبەری وەستا بووەوە. بنگۆریۆن تەمەنی گەیشتبووە پەنجا ساڵ. زۆرانبازییەکە هێشتا دەبوایە دە ساڵی دیکەی بخایاندبا تا نەخشەیەکی باشتر دەرکرابا. ئەوەش سەرەتای ئەو خەباتە بوو، کە جووەکان وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە دەیانەویست لەسەر خاکی خۆیاندا بژین، ئەو شوێنەی بناغەی سەدە دوورودرێژکانی شارستانییتی کۆنیان بوو.
بنگۆریۆن لە ١٩٣٧دا لە هێشتا جاران زیاتر، پیاوێکی تەواو ئایدیالست بوو.

بەشی ٦

✡

عەرەبە تالانکار و خوێنمژەکان دوو ساڵ دەبێ، بوونەتە بەڵا بەسەر وڵات؛ پێشناچێ ئومێدی کۆتاییهاتنی کردە کاولکاریەکانیان لە ئاسۆدا دیار بێ.

دەستەی چەکدار دێن و دەچن و هەر جووێک بکەوێتە بەردەستیان بێ سێ و دوو دەیکوژن. بەسەر شەمەندەفەرەکان دادەدەن، ڕێگەی نشینگە جووەکان ئاستەنگ دەکەن. وایەری تەلەفۆن لە ستونەکانیانەوە دەقرتێنن. بۆرییە نەوتەکانی لە عێراقەوە دێن، خاپوور دەکەن. ئاگر لە دارستانەکان بەردەدەن. دارە بە بەرەکان لە بنەوە دەبڕنەوە. تەڵەزگە (کەمین) بۆ ڕێبواران دادەنێن و لەپڕ بە سەریان دادەدەن و تەقە لە کاروانەکان دەکەن.

ئەوەش نهێنییەکی نێو خەڵک بوو، کە عەرەبە فەلەستینییەکان پارە و چەکیان لە دەوڵەتە عەرەبییە دراوسێکانەوە بۆ دێ.

بۆ دانیشتووانی فەلەستین ئەو ڕۆژانە زۆر ئاڵۆز بوون، شەوەکانیشی هی ڕازان نەبوون. پاولا بنگۆریۆنیش یەکێ بوو لەو هەزاران کەسەی، کە شەوان ناوی خۆیان لە لیستی ئێشکگراندا تۆمار کردبوو.

- "هەموو شەوێک کە منداڵەکانم بردنە سەرجێگا و خەواندمن، نۆرەی ئێشکگریەکەم دێ. لە کازیوەی بەیانیشدا پێش ئەوەی زارۆکەکانم لەخەو هەڵبستن، دەگەڕێمەوە ماڵەوە."

ڕۆژێک هەواڵی ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند؛ هیتلەر بەرەو نەمسا کشا. زۆریشی پێنەچوو تەلگرافێک لە بەرلینەوە هات، نازییەکان بۆ هەموو کارێکی ناشیاو و قێزەون لەسەرپێین. لەبەر ئەوەی گەنجێکی جوولەکە لە پاریس تەقەی لە دیپلۆماتێکی ئاڵمان کردبوو، هاینریش هیملەر

Heinrich Himmler فەرمانی بە ئێس ئێس SS ەکانی خۆی دابوو، دەست بکەنەوە. بە سەدان سیناگۆکێ و ماڵە جوولەکەیان سوتاندن. لە وڵاتی ئاڵماندا بیست هەزار و لە ڤیەنناش بیست هەزار جوولەکەی دیکە گیران. زیاتر لە حەفتا هەزار دوکانی جوولەکان تالآن کران. زۆر جوولەکە کوژران و نەخۆشخانەکانیش لە قوربانییەکانیان تەژی بوون. دوو ڕۆژ دواتر کۆمیتەیەک بە سەرپەرشتی هێرمان گورینگ Hermann Hoering پێکهات و جڤاکی جوولەکەی بە دوو سەد هەزار دۆلار سزا دا. لە ئێستاوە دەبوایە هەموو جووەکان ئەستێرەی زەردی داود بپۆشن. لە ئێستاوە دەبوایە هەموو جووەکان ...

بنگۆریۆن بە نیازی ئەوەی ئەو سەد هەزار جوولەکەی کە مەرگی ناگەهان چاوەڕێی دەکردن، ڕزگاریان بکا و بیانگوازێتەوە فەلەستین، پەنای بردە بەر وەزیری کاروباری کۆلۆنەکانی بەریتانی. وەزارەت هەر یەکسەر گوتی "نابێ". ئیدی هەر سەد هەزار کەسەکە بۆ بەختی ڕەشی خۆیان بەجێ هێڵران.

بنگۆریۆن داوای مۆڵەتنامەی کۆچکردنی بۆ بیست هەزار منداڵی پۆلۆنی و دە هەزار گەنجی بە ڕەچەڵەک بالکان کرد. بەڵام داواکەی ڕەت کرایەوە. (بۆ ئەوەی بۆ مێژووی بسەلمێنێ، ساڵێک دواتر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند؛ ئەو سی هەزار گەنجەی دەکرا ڕزگار بکرێن، هەموویان کوژران.)

لەنێو جوولەکاندا پەشۆکاویی و تالآونۆشین پەیدا بوو. لە هەموو لایەکی جیهانەوە پاشاگەردانی بوو. لەهەر چوارلاوە کوژراو هەبوون. جووەکان لەهەموو سەردەمێک زیاتر پێویستیان بە سەرکردەیەک هەبوو، ڕێگەی دەربازبوونیان نیشان بدا.

وایزمەن ئەو کەسە نەبوو ڕۆڵەکە بگێڕێ. هێشتا وایزمەن هەر سوور بوو لەسەر ئەو ڕایەی خۆی، گوایە ئینگلیزەکان هەموو کاتێک و لەهەر بارودۆخیکێشدا بێ، تاکە دۆستیانن.

ژابۆتینسکی چارەسەرێکی دۆزیبووەوە. ئەویش بەکارهێنانی تیرۆر بوو چ دژی ئینگلیز چ دژی عەرەبەکان. چاو بە چاو و دان بە دان. ئەو ناوی لە هێزی ژێرزەمینی خۆی نا لەشکری ئیرگون زڤای لوێومی Irgun Zavi Leumi (ڕێکخراوی سوپای نەتەوەیی). هەر لە سەرەتای

دروستبوونییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی دوای چوارده ساڵ، دڵڕەقانە جوڵایەوە. لەشکرەکە وەڵامی تیرۆری بە تیرۆر دایەوە. "کەسانی لا بەلا و ئاساییمان لێ دەکوژن، ئێمەش کەسانی بەرچاوتان لەناو دەبەین. گەر هاتوو ئێوە کەسێکمان لە سێدارە بدەن، ئێمە سێ کەستان لە دار دەدەینەوە. تا ئەوکاتەی ئێوە فێری هەڵسوکەوتی جوامێرانە دەبن ئێمە دەست لە کوشتن، ئەشکەنجەدان و تیرۆرکردنتان هەڵناگرین". ئەمانە بنەماکانی ڕێکخراوی ژابۆتینسکی بوون.

لەو سەردەمە پڕ ژان و کەسەرەی دیرۆکی جوولەکان، لە هەموو لایەک، نەخاسمە لەنێو لاواندا بیرۆکەی دەستکردنەوە برەوی زۆری هەبوو، بەم جۆرە ژابۆتنسکی لایەنگری زۆری پەیدا کردبوون. ئەوانی دیکە بە ئازار و دڵنیانەبوونەوە پێیەوە گرێدراو بوون؛ ئەوان پێویستیان بە دەنگێکی ئۆقرەگرتوو هەبوو تا ڕزگاریان بکا.

نرکەی ئەم دەنگە هێورەش لە ٣ی ئابی ١٩٣٨دا دەرکەوت.

- "ئێمە لەیەک کاتدا لە سێ بەرەوە دەجەنگین. لەنێو ڕیزەکانی خۆماندا دووبەرەکی هەیە. ناکۆکیمان لەگەڵ عەرەبەکاندا شێوازی توندوتیژی بە خۆیەوە گرتووە. جیاوازی بیروبۆچونەکانمان لەگەڵ ئینگلیزەکاندا تا دێ قوڵتر دەبێتەوە."

ئەو لە هەوڵ و تەقەللای ئەوەدابوو، بارەکە لەوەی هەیە خاوتر بکاتەوە. ئەو هەق و ڕەقانە جووڵایەوە، بەڵام هەر هەوڵیشی دەدا وەک هەموو جارێک، دیوی دیکەی میدالیاکەش ببینێ. هەروەک لە کاتی هەواڵێکی خۆشییدا هەرگیز نەچۆتە سەر شەقام هەڵپەڕێ، ئاواش لە کاتی تەنگانەدا قەت پەیامبەرێکی بەدبەختی ڕەشبین نەبوو، کە هیچ دەرەتانێک نەدۆزێتەوە.

- "ئەوەی ئێمە ڕاپەرینێکی نەتەوەیی نییە." ئەو قسەی بەرانبەر ئەو ئاژاوە زۆرەی سەر گۆڕەپانی فەلەستین کرد. لەسەر دوانەکەی بەردوام بوو: "گەلی عەرەب گرێدراوی ئاژاوە نییە، تەنانەت زۆرینەی گەلی عەرەبیشی تێوە نەگلاوە؛ هێشتا هی ئەوە نییە، کە بە هەموو هێزەوە بەرەنگاری ببینەوە. کەمینەیەکی بچوک لەسەر مان و نەمان شەڕ دەکا، لەو شەڕەشدا هەموو ئامرازەکان با قێزەونیش بن بەکار دەهێنێ."

دیسان بایدایەوە سەر مێژوو.

- "بۆ گەلێکی وەک ئێمە کە دوو هەزار ساڵ پێشتر لەم خاکەدا ژیاوە..."

ئەوە نموونەی کاراکتەری خۆی بوو لە دوانەکانیدا، پەنا بۆ ڕووداوگەلێک ببا، کە لە ئێستادا ڕوو دەدەن و تێکەڵاوی دوێنێیان بکا. بەردەوام بە بیر هاوڕەگەزەکانی دەهێنایەوە کە ڕوانینی دیرۆکیانە، زێدەمافی زۆر گەورەی گەلی جوولەکانە.

ئیدی گەڕایەوە سەر ورە.

- "ئێمە دەبێ لە بەرانبەر عەرەبدا هەر لەبەر ئەوەی عەرەبن خۆمان بە کەم نەزانین. ئێمە نامانەوێ نیشانە لە عەرەبێک بگرین کە هیچ تاوانێکی تیرۆریانەی نەکردووە. ئێمە نغرۆبوون لە تاکتیکی تیرۆرستیانە ڕەت دەکەینەوە."

ئەم قسەیان ئاراستەی ژابۆتینسکی بوو.

- "خوێنڕشتنی بێتاوان، گوناحە."

بەڵام ئەمجارەیان وەک مۆرالیستێکی واقیعبینانە گوتی:

- "بەڵام بە داخەوە دەنگی ویژدان، بڕیاردەری ڕووداوەکانی جیهان نییە. لە کاتێکدا بایبل فەرمانی کوشتنمان پێنادا، کەچی کەسیش گوێی پێنادا تەنانەت جوویکی دینداریش."

بۆیە بەڵگەوبەندە پراگماتیەکانی ئەوانی هێنانەوە، کە بۆچی نابێ نارەوایی بە نارەوایی وەڵام بدرێتەوە. تیرۆر پاشاگەردانی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. لە فەلەستینێکی پاشاگەرداندا تەنها عەرەبەکانی لێ سوودمەند دەبن. لە وڵاتێکی پاشاگەرداندا جوو ناتوانێ زەوی بکڕێ، ناتوانێ نشینگەکانی بنیات بنێ، ناتوانێ کۆمەکی ئەو جووانە بکا کە پێویستیان پێیەتی.

ئەمجارەیان بانگی ئازایەتییان کرد.

- "ئەرێ دەبێ ئێمە لەوە بترسین کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکمان لێدەکوژرێ؟ هەر لەو کاتەی یەکەمین جوو پێش شەست ساڵ لێرە نیشتەجێ بۆتەوە، کوشتن هەر هەبووە. ئایا ئێمە بەو هۆیەوە ڕاونراین؟

هاتە سەر ئەوەی باس لە بەڵگەوبەندی ڕەوایەتی کوشتن لە ڕێی دڵسۆزی نیشتماندا بکا.

- "ئەوەی لەسەر عەرەبەکان پێویستە نەیکەن، جووش هەروا دەبێ نەیکا. پاساوی دڵسۆزی بۆ نیشتمان، عەرەبەکانیش هەیانە. ئێ خۆ ئەوان هەر بۆ کەیفوخۆشی خۆیان جوولەکە ناکوژن."

کاتێک گەیشە سەر باسکردنی دەرەنجام، بە خۆشییەوە گوتی:

- "ئێمە سەرکەوتنی چارەنووسسازیانەمان بەدەست هێناوە. بۆ یەکەمین جارە دوای دوو هەزار ساڵ، جوو لەشکری خۆی هەبێ. ئەرکی پیرۆزیشی پاراستنی گەلی جوولەکەیە."

هەرچەندە هاگانا ڕێکخراوێکی نهێنی بوو، بەڵام ئینگلیزەکان سوێندیان بە پێنج هەزار ئەندامیان خواردبوو، سەرو تفەنگیشیان دابوونێ تا نشینگەکانیان پێ پاس بکەن. هەنووکە جوولەکە مافی هەبوو ڕێگەی ئاسنین بخاتە ژێر چاودێرییەوە. لە باکوور و لە باشوور پێ بە پێی سنوور... کاتێک بنگۆریۆن ڕوونی کردەوە، ئەو دەستکەوتەیان بە چ ئاستەنگێک بەرهەم هاتووە، لە پەرۆشیان چاوە قاوەییەکانی دەبریسکانەوە ..

هەزار ژن و پیاوی جوولەکە بە درێژایی ٩٠ کیلۆمەتری سنووریان تەلبەند کردبوو تا ڕێ لە بکوژ و تاڵانکەرانی عەرەب بگرن.

ئینگلیزەکان پێیان گوتین: "ئەوە ئەستەمە."

ئەوێ ڕۆژێ، ئەوێ وێرانەیەک بوو، بەشێکی زۆنگاو بوو، گەر هاتبا کەسێک بە ناشارەزایی شەقاوی هاوێشتبا، نغرۆ دەبوو. سەرباری ئەوەش، ئەوانەی ئیشیان تێدا دەکرد، بە ئاسانی دەبوونە قوربانی دەستی دەستە گەڕۆکە عەرەبییەکان، دەیانتوانی بە ئاسانی ئاژاوە بنێنەوە.

بنگۆریۆن بەخۆی سەردانی کردبوون. ئەوەی بە چاوی خۆی بینیبووی گێڕایەوە. هەزار کوڕ و کیژی جوو خەریکی کاری جوامێرانەی خۆیان بوون، لەو کاتەشدا سێ سەد جوولەکە ئەرکی پاسەوانیان لە ئەستۆدا بوو. ئەو بڕیاریدا:

- "هیتلەر بە زەبروزەنگەوە نەمسای داگیرکرد، جووەکانی لەناوبردن، گەفی لە فەرەنسا و چیکۆسلۆڤاکیاش کرد. ئێمە گەلێکی بچووکی بێ سوپا، بێ دەوڵەت بێ دەنگێکی دەسەڵاتدارین. ئێمە ناتوانین دابڕسێینە جیهان. ئێمە تەنیا یەک شتمان هەیە، کە هێزی لێوە هەڵبهێنجین؛ ئەویش ڕەوشتی پاکی ژیان و کار و بەهای نموونەیی فەلسەفەمانە. بە ئازایەتی، لێتێگەیشتن و دەستپاکی، دەکرێ سەربکەوین."

ئەو شەوە جووەکان کە لە ترس و لەرز و دوودڵیدا دەژیان، تا بەیانی بە ئارامی خەوتن.

ڕەنگبێ بنگوریۆش ئەو شەوە ئارام نوستبێ، چونکە لەسەر دووڕیان وەستابوو؛ دەشیزانی ڕێگە ڕاستەکەی دەستنیشان کردووە. زۆر جاران ساتەوەختی وا ئاستەنگ دێنە پێش، کە بڕیاری گونجاوی یەکلاکەرەوەی بۆ کێشە بنچینەییەکان داوە.

یەکەمین بڕیاری گرنگی لە ژیاندا بەجێهێشتنی پۆلۆنیا و لە ئیسرائیل سەنگرانەوە بوو.

دووەمین بڕیار، ئەوکاتە بوو، کە بڕوای تەواوی بە داکۆکیکردنی نشینگەکەکان پەیداکرد.

هەنووکەش سێهەمیانە: بڕیارێک هەرچەندە جووەکان بە تیرۆر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێ، بەڵام پێویستە ئەوان ڕێگەی تیرۆر نەگرنەبەر.

لەسەر دۆزی کۆچی ناقانونیانە (قاچاخانە)ش بیروڕای جیاواز پەیدا بوون. سەبارەت بەو پرسەش ئەو و کاتزینسلۆن بەیەک هەڵشاخان. سەرنووسەر لەو بڕوایەدا بوو هەرچۆنێک بێ، بە شەڕیش بێ پێویستە جوولەکەکان ڕزگار بکرێن. لە ڕاستیدا بنگوریۆنیش داکۆکی لەو دیمانەیە دەکرد، کە داواکردن لە ئینگلیزەکان بۆ مۆڵەتپێدانی کۆچبەران زیاتر بکرێ، لەگەڵ ئەوەدا یەکی نەدەگرتەوە کە جوو بە قاچاخی ئاودیوی وڵات بکرێن.

لەو کاتەی هەر دوو سەرکردەکە کێشەکەیان تاوتوێ دەکرد، بزووتنەوەی دەستپێکەکان (بەراییەکان، مارەکان)ی جووەکانی پۆلۆنیا کەشتیەکی گریک (یۆنان)یان بەکرێ گرت و دوو هەزار کەسیان سوار

کرد. کەشتی ڤێللۆس Vellosپێشتر ڕۆڵی خۆی لە بازرگانیکردنی پێست ڕەشەکان گێڕابوو. سێ سەد جوولەکەی پۆلۆنی لەم وڵات بۆ ئەو وڵاتی ئاودیو دەکردن، تا لە دواییدا خۆیان گەیاندە بەندەری پریاوس Piraeusی گریکی. لەوێ لەسەر پشتی ڤێللۆسیان حەشاردان و چەند ڕۆژێک دواتر بە شەو لە نزیک تەلئەبیبیان دابەزاندن.

کاتێک ڤێللۆس بە دووەم باری گەڕایەوە، ئەمجارەیان ئینگلیزەکان ڕێکاری توندیان گرتبووە بەر. بۆ گەڕان و چاودێری فڕۆکەی R.A.Fیان بەکار هێنا. بەلەمە گەڕۆکەکانی پۆلیس بە لێواری دەریادا دەهاتن و دەچوون. کاپتنی کەشتیەکە هیچ دەرفەتی نەدی تا بارەکەی دابەزێنێ و مۆڵەتی دابەزاندنیشی نەبوو، بۆیە بە ناچاری گەڕایەوە یۆنان.

دە هەفتەی ڕەبەق، کەشتی ڤێللۆس ئەم بەندەر و ئەو بەندەری دەکرد، وەک کەشتیەکی جنۆکەئاسای لێهاتبوو. کەشتییەکە دەیتوانی لە بەندەردا لەنگەر بگرێ بەلام بۆ جووەکان نەبوو لێی دابەزن. لە کۆتاییدا کۆچبەرە قاچاخەکان ناچارکران بگەڕێنەوە پۆلۆنیا و لەوێ خستنیانە نێو ئۆردوگایەک.

شتگەلی زۆرتریش قەومان. ژابۆتینسکی و ڕێکخراوەکەی بە قاچاخ کۆچبەریان ئاودیوی وڵات دەکردن. چەند باندێک ناجوامێرانە دەرفەتەکەیان قۆستەوە، بەوەی لە بەرانبەر نرخێکی زۆر، هەرچەندە بەریتانیاش بەربەستی زۆری دانابوون، جووەکان بخەنە ناو تابوتەوە بە کەشتی لە وڵات دایان بەزێنن.

بە پێی تێپەڕینی ڕۆژگار، بنگوریۆن لە هەڵوێستەکەی خۆی پاشەکشەی کرد. ئەو دۆزە دۆزێکی ڕەوشتیانە نەبوو. خۆ بەڵگەوبەندەکانی کاتزێنسلۆن بڕوایان بەو نەهێنابوو. ئەو هەموو هیوایەکی لە دەستدابوو، بەوەی ئینگلیزەکان بێنێتە ڕەدایێ و مۆڵەتنامەی کۆچبەرانیان لێوەربگرێ. بۆیە لە دواییدا ڕەزامەند بوو کە کۆمیتەیەک بۆ کۆچبەرە قاچاخەکان (ناقانونییەکان) دابمەزرێ، هەر زووش کۆمیتەکە بە مۆساد Mossad ناوی دەرکرد. بارەگای سەرەکی کۆمیتەکە لە پاریس بوو، نوێنەرەکانیشی بە وڵاتانی ئەورووپادا بڵاو بوونەوە. پەنابەرەکان بە شەو دەخرانە سەر پشتی کەشتی. کەشتییەکان لە ڕێگەی پەیوەندی ڕادیۆییەوە بە بارەگای سەرەکی

هاگانا، لە فەلەستین گرێ درابوو. ئەوان شوێنی ئارامیان بۆ دەستنیشان دەکرد، کوڕ و کچی هاگانا لەسەر کەنار لە چاوەڕێی پەنابەرەکاندا خۆیان حەشار دابوو، گەر هەر ئاماژەیەکی پێزانینی ئینگلیزەکانیان بۆ هاتبا، ئاگادارینامەیان دەدایە کەشتییەکە.

لەو ماوەیەدا بنگوریۆن چاوی بە پیاوێک کەوت وەک ئەوەی لەنێو ڕۆمانە سەرچڵیەکاندا هاتبێ، وابوو.

ئۆردە وینگێیت Orde Wingate ئەو کات بە لۆرانسی جوییا ناو دەبردرا، لە سەرەتای لاوێتیدا هۆگری عەرەبان ببوو، حەزی لێبوو زمانی ڕۆڵەکانی بیابان فێر بێ. ئەو نە مامۆستای گرت و نە کتێبێکی ڕێزمانیشی کڕی، بەڵکو سۆراخی ئیست ئێندی لەندەنی Londen East End کە زۆر عەرەبی لێدەژیان کرد. لەوێ ژوورێکی بەکرێ گرت، بە چەندان هەفتە لەوێ ژیا، ویستی وەک عەرەبان بیر بکاتەوە و وەک ئەوانیش بدوێ.

ساڵێک دواتر بە پلەی ئەفسەری هەواڵگریی لەگەڵ لەشکری بەریتانیدا نێردرایە ئۆرشەلیم. لەوێ هەر زوو بە پێی ڕاژەکە فێری ژیانی کیبۆتنشینی و زمانی عیبریش بوو.

لە سەرەتادا پیاوانی هاگانا لێی بە گومان بوون، بەڵام لە دواییدا توانی متمانەیان بەدەست بێنێ. وینگێیت شێوە چارەیەکی پەرەپێدا تا نشینگە جووەکان لە بەسەرداداني کتوپڕیانەی عەرەبەکان بپارێزێ. بە شەو لەگەڵ دەستەیەکی جوولەکەدا دەچووە سەر گوندێکی عەرەبان، لە خاڵی ئێشکگرتنەکەیان تێدەپەڕین، بە دوای شوێنی حەشاردانی چەک و تەقەمەنیدا دەگەڕان. چەکەکانیان دەدزین و جبەخانەکەشیان دەتەقاندەوە، ئیدی دەستەکە لەبن دەستکەوتی زۆردا نقەیان دەهات و دەگەڕانەوە، ئەوەی بۆیان هەڵگیرابا لەگەڵ خۆیاندا دەیان هێنا.

وینگێیت جووەکانی فێری ئەوەش کرد چۆن بە ماتۆڕسوارییەوە لوولە نەوتییەکانی موسل-حەیفا لە دەست پەلاماری عەرەبان بپارێزن. لە ڕاستیدا ئەو بیچمێکی ئەفسانەیی بوو؛ هەر لە منداڵیەوە خۆشەویستێکی زۆری بۆ کۆنە تێستامێنت(تەورات) هەبوو، بە هۆی ناسینی لاوانی کیبۆتنشین و مەشقپێدانیان لەسەر زاڵبوون بەسەر دوژمنەکەیاندا، زمانی عیبری لا شیرین ببوو. لە سەرەتادا بنگوریۆن وینگێیتی پێ

پیاوێکی خراپ بوو، بەڵام دواتر ڕێزیکی زۆری لێنا و جارێکیشیان ڕاشکاوانە لەسەر ڕێکخستنی دەستەی شەوانەدا بە شان و باڵیدا هەڵدا.
لە هەفتەی یەکەمی فیبرایری ١٩٣٩دا، ئینگلیزەکان ژاوەژاوێکی زۆریان نایەوە، گوایە لە کۆشکی سنت جێمس St.Jamespaleisی لەندەندا کۆنفرانسێک بە بەشداری خۆیان و عەرەب و جوولەکە دەبەستن.
گرفتی یەکەم ئەوەبوو؛ عەرەبەکان ئامادە نەبوون بە هەمان ئەو دەرگەیەی جوولەکەی پێدا دەڕوا، هاتوچۆ بکەن. چونکە کۆشکەکە زۆر دەرگای هەبوون، هەر زووش گرفتەکە چارەسەر کرا.
ئینجا ئەوان نەیاندەویست لە ژوورێکدا لەگەڵ جووەکان دابنیشن. ئەو کێشەیان لەوی دیکە چارستر بوو. ئینگلیزەکان کۆنفرانسێکی سیاسییانەیان سازدا، بەڵام تیایدا هەر دوو لایەنی بەشدار، یەکیان لەم لاو ئەوی دیکەشیان لەولا ...
ڕەوشەکە هەر ئاواش ڕۆیشت؛ عەرەبەکان لە ژوورێک و جووەکانیش لە ژوورێکی دیکەدا، نوێنەرە بەریتانییەکانیش لەگەڵ هەردوو لا؛ بۆیە لە یەک کاتدا دوو کۆنفرانس لە گۆڕێدا بوون.
لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە ئاماژەی ئومێدبەخشی چارەسەری ئەو هەموو کێشە کەڵەکەبووە زۆرانەی لایەنە تەواو ناکۆکەکان خۆیان نەدا بەدەستەوە.
لەو بۆنە تایبەتمەندەدا بنگوریۆن وەک کارمەندێکی وایتهال Whitehall: چاکەتێک، پانتۆڵێکی خەتدار، کراسێکی سپی و بۆینباخێکی لابۆری بەستبوو. ئەو بە شێوەیەک لەگەڵ بەرانبەرەکەی کە بێباکانەتر بوو لەوەی لە تەلئەبیب لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی دەپەیڤی، جوولایەوە.

- "سەرکردنی کۆچی جوولەکان بەبێ یارمەتی سەرەنیزەی بەریتانییەکان ئەستەمە."

عەرەبەکان داخوازبوون: ڕێگە بە تاکە جوولەکەیەکیش نەدرێ بێتە فەلەستین،ماندات هەڵبگیرێ، فەلەستینیش ببێتە یەک دەوڵەتی عەرەبی و بەریتانییەکانیش بکشێنەوە.
بنگوریۆن و وایزمەنیش تەنها داوای مۆڵەتدانی بنیاتنانی ماڵێکی نیشتمانییان بە گوێرەی گیانی منداتەکە دەکرد، بایی پێویستیش

مۆڵەتنامەی کۆچبەرەکان بدرێ تا ئەو جووانەی ئەورووپا، کە لە بارێکی ناچاری دان، بهێندرێنە فەلەستین.
بە دانبەخۆداگرتن و دیپلۆماسییەوە، لە دواییدا ئینگلیزەکان توانیان هەر دوولا لە یەک ژووردا کۆ بکەنەوە، بەڵام عەرەبەکان مەرجێکیان دانا؛ نابێ ئەو بەیەکەوە دانیشتنە وا لێکبدرێتەوە گوایە عەرەبەکان دان بە ئاژانسی جووەکاندا دەنێن.
گفتوگۆکان مانگ و نیوێکی خایاند بێ ئەوەی هیچ لایەکیان بە موو بۆ ئەوی دیکە دابنوێنێ.
لە ئازاردا چیکۆسلۆڤاکیا کەوتە بەرپێی نازییەکان. کەچی لە کۆشکی سەنت جێمسدا هێشتا هەر گەرمەی گفتوگۆ بوو.
ڕۆژێکیان لە وەزارەتی کاروباری کۆلۆنەکانی بەریتانیادا هەڵەیەکی بچووک کرا. زەرفێکی قەبە و ئەستوری زۆر فەرمییانە بۆ دکتۆر وایزمەن هات. ئەویش زەرفەکەی وەرگرت و چووە سویتەکەی خۆی. زەرفەکە کۆنسێپتی کتێبی سپی تێدابوو، کە حکوومەتی بەریتانیا دەیویست چاپ و بڵاوی بکاتەوە. ئەو دانەیان دیاربوو بۆ سەرکردەی عەرەبەکان نەوەک بۆ نێردەی جووەکان دانرابوو. (بەڵام ئەو هەڵەیە چۆن کرا و درایە دەست وایزمەن، تا ئێستاش ڕوون نەبۆتەوە.) بەریتانییەکان دەیانەویست لە ئێستاوە لەوە دڵنیابن ئاخۆ عەرەبەکان بەو پێشنیازە قایلن یان نا.
وایزمەنیش بە سەرسوڕمانەوە بەڵگەنامەکەی خوێندەوە، دواتر نیشانی بنگوریۆن و باقی ئەندامانی نێردەی خۆیانی دا.
ئیدی ئەوان بۆیان دەرکەوت، هیچ چارەسەریەک لە ئارادا نییە. دوو مانگ دوای ئەوەی کۆنفرانسەکەی کۆشکی سەنت جێمس تەواو بوو، حکوومەتی بەریتانی کتێبی سپی، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە بە فەرمانی ٦٠١٩ ناسراوە، بڵاو کردەوە. تیایدا هاتبوو؛ لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، ساڵانە تەنها ڕێگە بە پانزە هەزار کۆچبەری جوو بۆ فەلەستین دەدرێ. دواتر نابێ هیچ کۆچبەرێکی دیکە لە وڵات جێگیر ببێ، مەگەر دەسەڵاتدارە عەرەبەکان ڕازی بن. ئیدی بەم جۆرە جووەکان هەمیشە هەر بە کەمینە دەمێننەوە، کەواتە جووەکان سێیەکی دانیشتوان، ڕەنگبێ دواتر ببنە پێنجیەکی سەرتاپای دانیشتوانی

فەلەستین. بێجگە لە دەڤەرێک زیاتر، جوو بۆیان نییە لە فەلەستیندا زەوی بکڕن. حکوومەتی بەریتانیاش هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ تا لە ماوەی ئەو دە ساڵەی ئایندەدا، دەوڵەتێکی عەرەبی بێنێتە پێشەوە.

فەرمانی ٦٠١٩ لە هەموو خاڵەکانیدا واتای پێشێلکردنی مانداتی کۆمەڵەی نەتەوەکانی دەگەیاند. لەو کاتەیدا کۆمەڵەی نەتەوەکان بەریتانیای گەورەی ڕاسپاردبوو، یارمەتی نیشتەجێبوونی جوولەکەکان بدا، بەریتانییەکان کۆسپیان بۆ زەوی کڕین دادەنا. دەبوایە ئەوان کارئاسانیان بۆ تەوژمی کۆچی جوولەکان کردبا، کەچی دەیانەویست کۆچەکە ڕابگرن. لە جیاتی ئەوەی فەلەستین ببێتەماڵێکی نیشتمانییانەی جولەکە، کەچی دەبووە دەوڵەتێکی عەرەبی.

فەرمانی ٦٠١٩ کۆتایی بە هیوای ملیۆنان جوولەکەی ئەورووپا هێنا، بۆ ئەوان تەنها ژووری گاز و سوتاندنیان لە پێش مابووەوە.

بە دەگمەن وابوو، بەریتانیا هەنگاوێک بنێ ئەو تورەییەی لێبکەوێتەوە. نێڤیل چامبەرلاین Neville Chamberlain ئەوکات سەرەک وەزیران بوو. ئەو پیاوەی کە چەند مانگ جێی ئەوی دەگرتەوە ونستۆن چەرچڵ Winston Churchill بوو، سیاسەتەکی پێش خۆی بە "نابوتییەکی ڕەوشتی و فیزیکیانە و زەبرێکی کوشندە کە بەر گەلی جوولەکان کەوت" وێنا کرد.

پیاوێکی دیکە کە چەرچڵ لە کابینەکەی خۆی نابوو، لەو بارەیەوە گوتی: وشە نهێنییەکە ئەوە بوو؛ "سەر بۆ عەرەب و موفتی دابنوێنن. بە هۆیەوە شوێنپێی خۆمان لەنێو عەرەب و جووەکان لە دەست دا."

لە تەلئەبیب و ئۆرشەلیمدا خۆپیشاندان سازدران، بەڵام هەر زوو شەڕ و هەرای لێکەوتەوە.

سێ مانگ دواتر کۆنگرەی بیست و یەکەمینی زایۆنزمەکان لە جنێڤ بەسترا؛ بێزاری و خەمگینی باڵی بەسەر کۆنگرەکەدا کێشابوو. لە هەموو لایەکی دنیادا چرایان بە ڕوودا دەکوژانەوە. لە ئەورووپا وڵات لە دوای وڵات دەرگەیان لەسەر دادەخسترا. دەرگای فەلەستین بە ئاستەم کرابووەوە. حکوومەتی بەریتانیا پەیمانشکێنی کرد و قسەی خۆی خواردەوە. تۆ بڵێی هیوا لە قوژبنێکدا مابێ؟

وایزمەن ئەو پیاوەی هەمیشە ئامۆژگاری دەکردن، کە بڕوایان بە ئینگلیزەکان بێ، هەنووکە هیچی وای پێنەمابوو.
بنگوریۆن ڕایگەیاند کە بە قاچاخ پەنابەرهێنان تاکە دەرەتانە.
ڕابی سیلڤەر Silver دژی ئەو دەربڕینە وەستا و داوای ڕێگەچارەیەکی هۆشمەندانەتری کرد.
لەو ساتەدا بێرل کاتزێنسلۆن، کە لەلای زۆریان بە باوکی کۆچی بەقاچاخ دەناسرا، هاتە پێشەوە، دوا دوانی بایەخداری لە ژیانیدا دا.
بە زمانێکی بایبلیانە پەسنی ئەو گەنجە پاڵەوانانەی کرد، کە هەرچەندە هێزی وشکانی، ئاوی و ئاسمانی ئینگلیز ئێشکگری چاودێری بەسەر وڵاتەوە دەکا، بەڵام توانیویانە جووە مەرگ بەسەرداسەپێنراوەکانی ئەورووپا لە تونی مەرگ ڕزگار بکەن و ئاودیوی وڵاتیان بکەن. ئەو تیشکی خستە سەر بایەخی زێ بۆ گەلی جوولەکە و ڕایگەیاند: "ڕۆژێک دەبینی کەشتیگەلی دەریای سپی ناوەڕاست کە لە هەر چوار لاوە هاتوون، بەرەو وڵاتی پیرۆزەوە دێن. بەڵێ هەنووکە، بڕوام وایە کە کات درەنگ نییە مرۆ گوێی لە گۆرانی بۆ دەریاوانەکانمان بێ و تەنانەت مرۆ گوێی لە درووودەکانیشیان دەبێ کە بۆ خۆشگوزەرانی دەیخوێنن. کێ دەزانێ ڕەنگبێ لە سیناگۆگەکانی ئەمریکادا نوێژیان بۆ بکرێ! (ئەوەش ڕقوکینەی بوو بەسەر ڕابی سیلڤەری داباراند.)
لەو کاتەی من لێرە وەستاوم، پێویستە بیر لە نوێژێکی زۆر باش بکەمەوە، نوێژ بۆ دەریاوانەکانی ڕابی ناخمان Nachman کە پێش شەش سەد ساڵ لە ڕێی دەریاوە دەستی بە کۆچبەرهێنان بۆ ئیسرائیل کرد، ئەوکاتیش کۆچ قەدەغە بوو. لەو نوێژەدا گیانە بەد و ترسناکەکان ناویان هات، بەڵام ئەو هیچی دەربارەی هێزی مارینز و بەلەمە گەڕۆکەکانیان نەدەزانی، هەروەها بە ویستگە ئێشکگرییە ئینگلیزی-عەرەبیەکانیشی نەدەزانی.
تۆ بڵێی لە شەرمی ئێمەماناندا هیچ جوولەکەیەک نەمابێ، کە ئەو نوێژەی دەریا بۆ ئێمە بخوێنێ، ئایا کەس ئامادە نییە بۆ پاراستنی ژیانی دەریاوانەکانمان نوێژ بکا؟"
ئامادەبووان لە ناخەوە بە هەژاوی گوێیان گرت؛ بنگوریۆن ڕەنگبێ زیاتر لە ئەوانی دیکە لەژێر کاریگەری واژەکانیدا بووبێ. لە سۆنگەی

پەیڤەکانی مامۆستادا، سەرنجی لەسەر زێ ڕاگرت. ساڵێک دواتر ئەویش لە دوانێکیدا جەختی لەسەر زێ کردەوە و پەسنی قارەمانە دەریاوانە جووەکانی دا.

لەو کاتەی کۆنگرەی زایۆنیزمی لەسەر دانیشتنەکانی خۆی بەردەوام بوو، ئاڵمان و یەکێتی شۆرەوی ڕایانگەیاند، کە بۆ ماوەی دە ساڵ پەیمانی دەست لەیەک نەدانیان واژۆ کردووە. هەموویان دەیانزانی، شەڕ هەر دەقەومێ، بۆیە بە پەلە کۆتاییان بە کۆنگرەکەیان هێنا.

وایزمەن گەڕایەوە سویتەکەی میوانخانە، نامەیەکی بۆ چامبەرلاینی سەرەک وەزیرانی بەریتانیا نووسی، لەدوا دێڕەکانیدا هاتبوو:

- "ئاژانسی جوولەکان لەو دواییانەدا بیروڕای لەگەڵ دەسەڵاتی ماندات جیاواز بوو. ئێمە پێمان وایە ئەو جیاوازییە دەبێ لە بەرانبەر بارێکی ناچار و گەورەتری ئەو ڕۆژگارەماندا بکەوێتە دواوە."

بنگوریۆنیش ڕوونکردنەوەیەکی دا، کە تەنها یەک ڕستە بوو، بە هۆیەوە بە ساڵان گەلی جوولەکەی پێ ژیا:

- "ئێمە دژی کتێبی سپی دەوەستینەوە وەک ئەوەی شەڕ هەر نەبووبێ، شەڕیش دەکەین وەک ئەوەی کتێبە سپییەکە لە ئارادا نەبێ."

بەشی 7

✡

هەشت ڕۆژ دوای دەستپێکردنی جەنگ، بنگۆریۆن ڕێنمایی و ڕێساکانی دەسەڵاتی ئینگلیزەکانی لە فەلەستیندا پێشێل کرد؛ بە نهێنی ڕاوێژی لەگەڵ ئەفسەرەکانی سوپای ژێرزەمینی (نهێنی) هاگانا کرد. کەسانێکی زۆر لەنێو هاگانادا دوودڵ بوون و پێویستیشیان بە سەرکردە هەبوو. پیاوە پرچ سپییەکە بێ پێچ و پەنا ڕایگەیاند، دەبێ لە ئێستاوە لە دوو بەرەدا شەڕ بکەن. هۆشداری ئەوەشی پێدان کە نابێ "کاری دوژمنکارانە دژی ئینگلستان و گەلی ئینگلیز بکەن" بەڵام "لەگەڵ ئەو هەموو کۆت و بەندانەشدا دەبێ تەوژمی کۆچبەران زیاتر ببێ، کاری دەستپێکەکانیش وێڕای هەموو کۆسپ و تەگەرەیەک پێویستە بەرە و پێشەوە بڕوا."

ئەو ڕۆژە ئەو نیگایەکی پەیامبەرانەی هەبوو، گوتی:

- "ئێمە لە ئێوارەی ڕووداوگەلێکی جیهانهەژێن داین، بۆیە دەبێ حیسابی خۆمان بکەین ئاخۆ گەلەکەمان بە کامە ڕێگادا بەرین و بۆ چ جۆرە ئامانجێکیش تێبکۆشین. جەنگی یەکەمی جیهان ئێمەی گەیاندە جاڕنامەی بلفۆر، جەنگی دووەمیش دەبێ بمانگەیەنێتە دەوڵەت."

لە ڕاستیدا هیچ خێزانیکی جوولەکە لە فەلەستیندا نەبوو، کە بە سۆز و هەڵچوونەوە پابەندی جەنگەکە نەبێ. وارشۆ بە بۆمبارانکردن خاپوور کرا. نزیکەی هەموو جوویێکی فەلەستین برادەر، خزم، ئەندامی نزیکی خانەوادەییان لە پۆلۆنیادا هەبوو. کیژی ئەبراهامی برای بنگۆریۆنیش لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لەوێ دەژیان.

لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژ و توند و گەرمبوونی بۆردومانەکان، خەڵک گومانی ئەوەی هەبوو، لەوێ هیچ کەس دەرباز بێ.
بنگۆریۆن و هاوکارەکانی لە ئاژانسی جوولەکاندا ڕایانگەیاند؛ هەرکەسێ ئامادەیە لەو جەنگەدا پاڵپشتی ئینگلیزەکان بێ، با خۆبەخشانە ناوی خۆی تۆمار بکا. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەشتا و پێنج هەزار پیاو و پەنجا هەزار ژنی جوولەکە خۆیان ناونووس کرد.
لە مانگی دەستپێکی جەنگەکەدا، دەبوایە چل و حەوت جوولەکە لە بەردەم داداگای ئۆرشەلیمدا ئامادە بن؛ ئەوان بەوە تۆمەتبارکرابوون کە بەنهێنییەوە مەشقی سەربازیانەیان بینیوە. هەر چل و حەفت کەسەکە ئەندامی هاگانا بوون. پارێزەرانی هاگانا بەو ئاقارە داکۆکیان دەکرد، کە ئەوان بۆ ئینگلیزەکان چەکیان هەڵگرتووە تا بتوانن لە ئاژاوەی عەرەبەکان بچنە پاڵ ڕاژەی ئینگلیزەکانەوە. مەشقی ناقانونییانەی سەربازیشیان لە ژێر سەرپەرشتی ئەفسەرە ئینگلیزەکان و لەنێویشیاندا ئۆردە وینگێیت ئەنجام داوە، بۆیە ئەو چل و سێ کەسە نە هیچ کارێکی قەدەخەیان کردووە و نە ڕەفتارێکی شەڕانگێزیانەیان نواندووە.
ئەو بەڵگەوبەندانە هیچ کاریگەرییان نەبوو. یەکێک لەو چل وسێ کەسە بە حوکمی زیندانی تا هەتایە و باقی ئەوانی دیکەش دە ساڵیان بە تەنگەدا درا.
بنگۆریۆن داوای لە هەموو جووەکانی فەلەستین کرد تا لە ڕۆژی دواتردا بۆ ماوەی دوو سەعات وەک ناڕەزایی مان بگرن.
لەو کاتەی کۆتوبەندەکان وایان لە جووەکان کرد لە ٩٥%ی وڵاتدا نەتوانن زەوی بکڕن، بنگۆریۆن بڵاونامەیەکی (مانیفێست) واژۆ کرد، تیایدا ئەو ڕێکارە لەخۆگرەی ئینگلیزەکانی بە "سووکایەتییەکی نەپەژرێنراو" لە قەڵەم دا. لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردە زایۆنزمەکان لە ئۆرشەلیمدا گوتی:

- "قانونی زەویوزار بۆ ئەوە دەرچووە کە موفتی و باندە چەکدارییەکەی بکەنە برادەری خۆیان، ئاخر ئەدی هەوڵیشیان نەدا کە هیتلەر ڕازی بکەن.

(موفتی وەک جارێکیان بنگۆریۆن گوتبووی ئەو خەڵاتەی سێر هێربەرت سامۆئیل بوو، درایە جوولەکە؛ لەو ماوەیەدا بە ئاسانی لە

نێوان ڕۆما و بەرلیندا دێت و دەچێ، بێشەرمانە بۆتە ماشێنێکی بە کرێگراو کە هەردوو دیکتاتۆرەکە بەکاری دەهێنن.)

هەشت مانگ دوای دەستپێکردنی شەڕ، بنگۆریۆن جانتای خۆی تێکنا و خۆشەویسترین کتێبی لە بن هەنگڵدا ناو بەرەو لەندەن کەوتەڕێ.

– "من دەبێ بۆ پێکهێنانی لەشکری جوولەکان هاوکاری وایزمەن بم "وا ڕووی دەمی کردە هاوسەرەکەی و دلۆڤانانە گوتی: "هەوڵیش دەدەم بە زوترین کات بگەڕێمەوە."

هەنوکە پاولا بنگۆریۆن لەسەر لە ماڵ بوون و نەبوونی مێردەکەی ڕاهاتووە، چونکە هاوسەرەکەی زۆر دەردەچوو. پاولا دەبێ زیاتر مشووری خۆی بخوا و لەگەڵ خۆشەویستی دەوڵەتە لە دایک نەبووەکە ئاشنا بێت. بیرۆکەکان ئەویان خستە سەر ئەوەی بازنە ڕەشەکان بهێنێرتە بەرچاوی خۆی، تووشی دەردی بێخەوی کردبوو، تامی ئەو کەمە کاتە ئازادەی هەیبوو، لێ تێکدابوو.

هەر کاتێ بنگۆریۆن لە فەلەستین بوبایە، پاولا مشووری دەخوارد، خواردنی باشی بۆ ئامادە دەکرد، کارێکی وای دەکرد لە کاتی پشوو و حەسانەوەیدا ڕێگر بێ لە بەردەم کەسانێک کە دەیانەویست لەگەڵیدا بدوێن. بە پێی لە هەندێ گەشتدا یاوەری بووە، بۆیە دەیزانی کە بچێتە دەرەوەی وڵات، کارەکەکانی وەک پێویست ناڕوا. خەڵکانی دیکە، کە هەواداری ئەون لە نیوەشەویشدا بێ، بێداری دەکەنەوە و لەگەڵی دەکەونە قسان. ئەو هەرگیز بیر لە خواردن ناکاتەوە، مەگەر یەکێک بە بیری بهێنێتەوە.

هەنووکە ئەو دەیەوێ بچێتە لەندەن، ڕۆژ و شەویش لەندەن نییە لە لایەن فڕۆکەکانی ئاڵمانەوە بۆمباران نەکرێ.

لێ پاولا تەنها ئەو وشانەی بۆ مێردەکەی دەربڕین، کە لە هەموو سەدە و لە هەموو زمانێکدا خۆشەویستی نێوان دوو هاوسەر دەگەیەنێ.

– "دەبێ ئاگات لەخۆت بێ؟"

ئەوسا ئەو ڕۆیشت.

بنگۆریۆن لە کاتێکدا گەیشتە لەندەن، کە ئینگلیزەکان تووشی خراپترین شکستی مێژوویيان ببوونەوە. لە فەڕەنسادا بارودۆخەکە نائومێد ببوو؛ بەلژیکا خۆی دابووەدەست. نۆ سەد کەشتی کۆکراوە زیاتر لە ٣٠٠.٠٠٠

سەربازی ئینگلیز و فەرەنسیان گواستەوە ئەودیوی تۆکەند (کەنال) تا بە هێواشتر خۆیان گورج بکەنەوە و شەڕەکە دەست پێبکەنەوە.
لە ساڵەکانی دواتردا، کاتێ کە بنگۆریۆن هانی گەلەکەی دەدا، زۆر جاران کە باسی شکستی دەکرد، داونکەرکە (Duinkerken)ی بە نموونە دەهێنایەوە:

- "ئەوێ ڕۆژێ بە ڕێکەوت لەوێ بووم و گەواهیدەرم... کشانەوە کارەستبارەکەی سوپای بەریتانیا لەو پارزەمینەدا چاوەڕێی کەشتیە لوکسەکانی وەک ماریای شاژن Queen Mary و ئەلیزابیس Queen Elizabethیان نەکرد. سەربازەکان لە کەچەیی و شڕووڕی بەلەمەکانیان نەدەپرسی، بەلەمی پیس و بۆگەنی هەموو وڵاتیان کۆکربوونەوە، بەڵکو ژیانی ئەو پاڵەوانانەی شەڕیان پێ بپارێزن. هەموو ئینگلیز شانازیان بە پاشەکشەی داونکەرکە دەکرد و هەقیشیان بوو."

بنگۆریۆن ژوورێکی سادەی لە پەنسیۆنێک[18]دا دەست کەوت. شوێنەکەی زۆر لە وێستگەی ترامی ژێرزەمینی سویسکۆتێیگ Swiss Cottage دوور نەبوو، هەروەها لە مەدام توسۆش نزیک بوو.
بارەگای ئاژانسی جوولەکانیش لە خانووێکی سێ نهۆمی شەقامی گرییت ڕوسەلGreet Russel streetەوە بوو، کە بە قەپەنگێکی سەیر ڕازابووەوە. لەوێ نووسینگۆکەیەکی مۆبیلیاتی سادەی لە نهۆمی دووەمدا لە تەنیشت هۆڵی کۆنفرانسەکاندا دەست کەوت. لە پەنجەرەوە سەربانی خانوەکانی بلۆمسبوری Bloomsbryو دوو دارە هەڵچووەکانی شەقامی مۆنتێگو Montague Streetی لێوە دیار بوون.
لەندەنی ١٩٤٠ بۆ ژیانی بنگۆریۆن سەردەمێکی نوێ و نامۆ بوو. ڕەنگێ گۆڕانەکان بە هۆی جەنگەوە بووبن، کە مەرگ و کاولکاری لە هەموو شەقامەکاندا چاند. لەوانەیە تەمەنی ئەویش ڕۆڵی خۆی تیایدا هەبوو بێ؛ ئاخر ئەو گەیشتبووە قۆناخێک، کە مرۆ زۆر جاران خۆی لە ڕێڕەوێکی ئاسان دەبینێتەوە. بنگۆرین نزیکەی پەنجا و چوار ساڵ بوو. قژی تەواو سپی و تەنک ببوو. دەموچاوی کوریشکی تێکەوتبوو. ئەو لە جاران زیاتر ماندو دەبوو.

---

[18] میوانخانەیەکی خانەوادەییە لە ئەورووپا.

زۆر جاران لـە نووسـینگەکەی خـۆی لـە شـەقامی گریـت ڕوسـەل، بـە چاونوقاوەیی سەری بەسەر خۆدا دەگرت، نوقم دەبووە نێو دنیای هزر و ئەندێشـەکانی. ئـەو لـە جـاران داخراوتـر و هـەر سـەری بەسـەر بیرکردنـەوەکانی خۆیـدا دەگـرت. زۆر جـاران بـە چەنـدان سـەعات وشەیەکی لە دەم دەرنەدەچوو.

کـاتێکیش بۆمبـاران دەسـتی پێدەکردەوە، دەبوایـە خۆیـان بخزاندبایـە حەشارگە، کە لەوێ کەس نەیدەدی برادەرێکی دەیپرسی:

- "ئەرێ بنگۆریۆن لە کوێیە؟"

سەعاتێک دوای پەلاماری فڕۆکەکان هێور هێور دەگەڕایەوە باڵەخانەکە. کاتێکیش لێیـان دەپرسـی ئاخۆ لـە کوێ بووە، بە هێواشـی دەیگـوت لـە سینەما دانیشتبووم.

- "ئەو سینەمایەی کە لە گۆشەی تۆتنهام کۆرت ڕۆد Tottenham court Roadـە وەییە."

ئایا فیلمەکە چی بوو؟

ئەو نەیدەزانی، چونکە چاوەکانی نوقاند بوون.

بەڵام کە چاوەکانی لەسەریەک دانابن، ئەدی بۆچی چۆتە سینەما؟ لەبەر ئـەوەی کورسـییەکانی خـۆش و فـراوان بـوون. بلیتـی چوونـە ژوورەوە زۆر گران نەبوو، دەیتوانی بە هێمنی بیر بکاتەوە.

کەسـایەتی بنگۆریـۆن لـە لەنـدەنی ١٩٤٠دا ڕەهەنـدی دیکـەی وەرگـرت. دەستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە کرد.

بارەگای بزووتنەوەی جوولەکە لە مۆزەخانەی بەریتانییەوە نزیک بوو، لـە کـاتی ئاسـاییانەدا مۆزەخانەکـە نمـوونەی هەمـوو کتێبێـک کـە لـە ئینگلســـتان دەرچووبـــا لەگـــەڵ ژمارەیـــەکی زۆری دۆزراوە ئارکۆلۆجییـەکان، تابلۆکـان، دەستنووسـەکان و گەنجینـەی هونـەری دیکـەی تێـدا بـوو. بـەڵام مخـابن بنگۆریـۆن نەیـدەتوانی چێژیـان لـێ وەربگـرێ، چونکـە دەرگاکـانی داخـرا بـوون و بەربەسـتی خۆڵیشـیان لەبەردەم دانـابوو. زۆرینـەی گەنجینە هونەرییـەکان لـەوێ لابردرابوون، لـــە ئەشـــکەوت و ژێرزەمینـــدا شـــاردراوبوونەوە و ســـەرەوەی حەشارگەکەشیان وا لێکردبوو، کە نەناسرێنەوە.

لەو کاتەی دەرگای کتێبفرۆشی چارینگ کرۆس رۆد Charing Cross Road داخرابوو، بەڵام مرۆ لە شەقامۆکەیەکی بلۆمسبوریدا کارتۆن و جانتای بچوکی پڕ کتێبی لە بوار و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا دەبینی.
لە سەرەتادا بنگوریۆن لە دیرۆکی کۆلۆنیالی ئینگلیزی قووڵ بووەوە، بە دوای ئەوەدا چوو، چۆن ئیمپراتۆریەتەکە پەرەی سەندووە. دوای یەک دوو مانگ یەکێک لە بڕیارە تایبەتمەندییە خێراییەکانی دا.
بە ئاشنایەکی ئاژانسی جوولەکانی گوت؛ "لێکۆڵەنەوەکەم فێری کردم، کە چۆن گەلێک تەنها لە ڕێی خەباتی خۆی بۆ ئازادی، سەربەخۆیی بە دەست دێنێ."
کتێبفرۆشەکانی بلومسبوری هەر کاتێ سەرەسپییەکەی بنگوریۆن دەردەکەوت، بە خەندەوە سەیریان دەکرد. ئەو زۆر نەدەدوا، بەڵام دەشیزانی چی دەوێ. هەندێک جاران کتێبفرۆش دەبوایە مانگێک بگەڕێ تا یارمەتی بدا و کتێبەکەی بۆ بدۆزێتەوە، کە بۆ دووەم جار چاپ نەکراوەتەوە.
لە ١٩٥٨دا، واتە هەژدە ساڵ دواتر، نامەیەک ڕەوانەی ئاژانسی جوولەکان لە شەقامی گرییت ڕوسل کرابوو، ئەو ناوەی لەسەر بوو:
بۆ بەڕێز بنگوریۆن.
ئەوەش هەواڵە وەڵامێک بوو بۆ ئەو کتێبەی کە بنگوریۆن لە ١٩٤٠دا لە کتێبفرۆشێکی فەلەستینی داواکردبوو.
لە کۆتاییدا کتێبەکە دۆزرایەوە، تیایدا وا هاتبوو، گەر بنگوریۆن سەردانیان بکا، دەتوانێ کتێبەکە ببا. دیار بوو کتێبفرۆشەکە سەرقاڵی کتێبە تۆز لەسەرنیشتووەکانی سەر ڕەفەکانی بوو، بواری ئەوەی نەبوو بزانێ، هەنووکە بنگوریۆن بۆتە سەرەک وەزیران و کەسایەتییێکی ناسراوی جیهانییە و کە لە مەوەدایەکی زۆر دووری شەقامی گرییت ڕوسل دەژێ.
مانگێک دوای ئەوەی بنگوریۆن گەیشتە لەندەن، ڕۆژانێکی نا ئاساییانەی بۆمباردمانی بەردەوامی لەندەن بوو. بۆمبێک بەر خانووێکی نزیکی مۆزەخانەکە کەوت.
کاتێک بنگوریۆن لە ڕۆژێکدا بە چەندان سەعات لە بەر بۆمباردمانەکە، دەبوایە لەژێرزەمیندا بمابایەوە، بە پیاوێکی نزیک خۆی گوت:

- "گەر کار وا بڕوا، وا باشە کەڵک لەو کاتەم وەربگرم و خۆم فێرە زمانی گریکی بکەم."
- "بەڵام بۆچی گریکی؟"
- "دوای ئەوەی مێژووی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزیم خوێندەوە، هاتمە سەر ئەو بڕوایەی، کە بەختی ئیسرائیل لە نێوچاوانی ئەوەی ئێمە دەربارەی کاروباری سەربازییەوە دەزانین، دیار دەکرێ."
- "بەڵام ئەمە چ پەیوەندییێکی بە زمانی گریکییەوە هەیە؟"
- "ئاخر من دەمەوێ توسیدیدەس[19] Thucydides بخوێنمەوە تافێری ستراتیژی سەربازییانە ببم."

دواتر بنگوریۆن ڕوونکردنەوەیەکی دیکەی بۆ ئارەزووە نوێکەی دا. ئەو دەیەویست زیاتر لە بارەی ئەفلاتونەوە بزانێ، ئەو فەیلەسووفەی کە هەمیشە و زیاتر لە ئەوانی دیکە پێی کارانگاز بوو.

هەرچەندە فڕۆکەی نازییەکان زۆر جاران ئاسمانی لەندەنیان تاریک دەکرد و مەرگیان لە شەقامە نزیکەکان دەچاند، بنگوریۆن لە حەشارگەیەکی لەندەن لە ۱۹٤۰دا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکانی گریک بوو. سەلیقە خێرا و تیژەکەی زۆری بەکەڵک هات. توانا زۆرەکەی وردبوونەوەش یارمەتیەکی باشی دا. بێگومان دڵە پەرۆشەکەی بۆ زیاتر زانیاری بە دەستهێنان لە خزمەتیدا بوو.

بە ڕاستی مایەی تێبینی بوو، پیاوێکی وا، کە هەرچەند دەچووە تەمەنەوە، بۆ زانیاری پەرۆشتر دەبوو.

بە ڕێز و پەرۆشییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بیردۆزەکانی ئەفلاتوندا پەیدا کرد. چ دەوڵەت، چ خودی مرۆڤیش بە هۆی تیۆرییەکانی لە بەدکرداریدا ڕزگار دەبن، نەخاسمە گەر هاتوو فەیلەسووف فەرمانڕەوا یان فەرمانڕەوا فەیلەسووف بێ. هەڵبەت بیرۆکەکانی ئەفلاتون لەگەڵ دەرس و پەندەکانی پێغەمبەرانی ئیسرائیل یەکیان نەدەگرتەوە. هەمیشە ئەوان فێری ئەوە بوون، کە سەرکردە ئاستبەرزەکان هەروەها گەلیش بە بیرۆکە سەرمەشقەکانی چاکە، هەق و خەمخۆری بەرز دەبنەوە نەوەک هۆشمەندی.

---

[19] توسیدیدەس ٤٦٠-٤٠٠ پێش زایین، سەرکردەی سوپای ئەتینا و ستراتیژدانەر و مێژوونووسێکی بە ناوبانگی گریکی بوو-وەرگێر.

لەو ماوەیەدا بنگوریۆن بووە بیرمەندێکی سەربەخۆ. پێش ئەو دەم سیاسەتوانێکی کارامە بوو، سەرکردەیەک بوو دەیزانی چۆن باندۆر بخاتە سەر نوێنەران، کۆنفرانسەکانی پارتەکەی خۆی جۆش دەدایەوە و سەرپەرشتی هەڵمەتەکانی دەکرد. لەمەو پاش نیگاکەی بەرفراوانتر دەبێ، وەک کابرایەکەی فرەڕەهەند و مشوورخۆر، کە دەتوانێ سەبارەت بە فەلسەفەی گریک لەگەڵ گریکییەک بکەوێتە دەمەتەقێ یاخود لەگەڵ فەیلەسووفێک، هەروەها دەیتوانی لەسەر کێشە میتافیزیکییەکان لەگەڵ کەسانێک بکەوێتە گفتوگۆ، کە مەیلی سیاسەتبازییان نییە.

لەو کاتەی بنگوریۆن بە دریژایی ئەو ساڵ لە لەندەن زیاتر لە جاران بیری چاکە و خراپە، هۆ و ئاکام، ژیان، یەزدان و نەمریی دەکردەوە، کەوتبووە ژێر کارانگازێتی سەرکردە جەنگییە مەزنەکانی ئینگلیزیش.

ئەوان لە شتگەلی کەمیاندا هاوبەش بوون، بنگوریۆن وەک سۆشیالیستێکی بەهرەمەند، زۆری حەز بە هاوڕێیەتی نەدەکرد. هەرچی وینستۆن چەرچڵیش بوو سیاسەتوانێکی کۆنەپارێز، لەدایکبووی خانەوادەیەکی ناودار و دەوڵەمەندی مالبۆرۆس Malborough بوو، پیاوێک بوو خوێندنەکەی لە هارۆو Harrow و ساندهورتس Sandhurts کە نموونەی ئەرستۆکراسیەتی ئینگلیزی بوو، تەواو کردبوو.

وینستۆن چەرچڵ نوێنەرایەتی بنەماگەلێکی سیاسیانەی وای دەکرد، کە بنگوریۆن کەیفی پێنەدەهات. بەڵام ئەو سەرکردەیەکی مەزن بوو، بنگوریۆنیش شتی لێ فێر بوو. هەشت ساڵ دواتر ئەویش بە گەرمی پێویستی بە شتەکانی چەرچڵ بوونەوە، ئەو کاتەی دەبوایە گەلێک بهێنێتە جۆش، کە چەکی دەستیان داری گەسک بوو، دەشبووایە بۆ مانەوەی خۆیان بجەنگابان.

بە داخەوە تەنها یەک خەسڵەت بنگوریۆن نەیتوانی لە چەرچڵی وەربگرێ، ئەویش سەلیقەی زەوقی سەرەک وەزیرانی ئینگلیز بوو. ڕەنگبێ ئەوەش مایەی لێتێکەیشتن بێ. چەرچڵ ئەوکات ڕووبەڕووی تراژیدیایەک ببووەوە. بەڵام تراژیدیای بنگوریۆن دوو هەزار ساڵی تەمەن بوو، گیان و هەناوی ببوونە چەقی بازنەی تراژیدیاکە.

تایبەتمەندیەکی دیکەی بنگۆریۆنی نوێ لە ١٩٤٠دا ئەوە بوو؛ کە دەستی لە جگەرە کێشان هەڵگرت و نەچووەوە سەری. پێش ئەو کاتە بە بەردەوامی جگەرەی دەکێشان، ڕۆژانە شەست تا هەشتا جگەرەی دەکێشا. ئەو جگەرەکێشانی لەبەر باری تەندروستی یان دەستگرتنەوە بەلاوە نەنا، بەڵکو جگەرە فڕێدانەکەی تەنها پرسی بەسەرخۆدازاڵ بوون بوو.

- "چی دیکە نامەوێ کۆیلەی خوییکی خۆم بم."

لە نووسینگەکەیدا لە بلومسبوری بنگۆریۆن کاری لەسەر بەرنامەیەکی چوار خاڵیدا دەکرد: دەیویست لە هەوڵی شکستپێهێنانی دوژمنەکەیاندا کۆمەکی ئینگلیزەکان بکا، هەوڵی دەدا ڕای گشتی جیهان بە باشی بەرەو لای جوولەکان وەرگێڕێ، ئەوپەڕی توانای بۆ پشتگیری قوربانییەکانی شەڕ تەرخان کرد و کاری بۆ خۆئامادەکردنی سەرهەڵدانی دەوڵەتی جوولەکەش دەکرد، کە دەبوایە دوای شەڕوەستان سەرهەڵبداتەوە.

ئەو پێیوابوو دوای ئەوەی چەرچڵ جێگەی چامبرلاینی گرتەوە، ئیدی کتێبی سپی ناخوا. هیوای وابوو، بڕوا بە چەرچڵ بهێنێ کە واز لە هاگانا بێنێ و چیدی تەنگەتاو نەکرێن، بۆ ئەو مەبەستە ڕێنمایی نوێ بداتە دەسەڵاتدارانی فەلەستین تا نەخشەی جوولەکە بۆ وشککردنەوەی زۆنگاوەکانی گالیلیا بپەژرێنێ، پەرە بە بەندەری تەلئەبیب بدا، لە هەمووشیان لەپێشتر وا پێویستە دوو لەشکری جوولەکە دابمەزرێن؛ یەکیان بۆ جووەکانی فەلەستین و دوهەمیشیان بۆ جووەکانی دیاسپۆرا. بنگۆریۆن لەگەڵ وایزمەندا پلانەکەیان بردە وەزارەتی کاروباری کۆلۆنەکانی بەریتانیا، لەوێ زۆر بە ساردی پێشوازییان لێکرا. لۆرد لۆید Lord Lloyd بە بێزارییەوە پرسی؛

- "ئەرێ ئەگەر خەڵکی ئێوە بە ڕاستی خەمی سەرکەوتنی ئینگلیزیان بێ، بۆچی ناچنە نێو ڕیزی سوپای ئینگلیزییەوە؟"

بنگۆریۆن بەخۆخواردنەوەیەکی تووڕەییانە هاتە وەڵام:

- "باشە بۆچی ئەو پرسە لە فەرەنسی یان چیکی یاخود پۆلۆنییێک ناکەی؟"

لـۆرد لیـۆد ڕایگەیانـد: "بـەتالیۆنی جـوو بـاری ئاسـتەنگیەکانی ئـەویمان قورستر دەکەن." بنگۆریۆنیش پێی گوتـەوە: "بـە بڕوای من گـەورەترین ئاستەنگ ئەوەیە کە ئێمە تا ئێستا ماوین."
هەواڵەکانی شەڕی ئەو ڕۆژە خراپ بوون. لەوانەیە لۆرد لیۆن هـەر لـە خـەمی هەواڵەکانـدا بـووبێ. بۆیـە تـەنها بـە یـەک گوێ گـوێی لێڕاگـرتن. ئەوکات گوتی هەقە میوانەکانمان ئەوە بزانن کە بارودۆخی ئینگلستان چەند دژوارە. بنگۆریۆنیش بەرسڤی دایەوە:
- "ئـەوە بـۆ تـۆ ئەزمـوونێکی نوێیـە کـە ڕوبـەڕووی وێرانکردنێکی هـەمەلایەنـە دەبیتـەوە. ئێمـە نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵە دژی ئـەو مەترسیە دەجەنگین."
کاتێکیش بنگۆریۆن هیچی بەدەست نەهێنا، ویستی داوایەک بکا. تۆ بڵێی ئینگلیزەکان ئامادە بن ئـەو چل و سێ پیاوەی هاگانا کە بـە تۆمـەتێکی شـەڕانگێزیانە تاوانبار کراون، ئازاد بکەن؟
لۆرد لیۆن تەنانەت لەم داوایەشیاند سەری نەخێری بۆ لەقاندن. ئەوسـا پێشـنیازی بـۆ کـردن؛ گـەر وایزمـەن و بنگۆریـۆن بەڕاسـتی بیـانەوێ کۆمەکی لەو دۆخە شپرزەییەدا کۆمەکی ئینگلیزەکان بکەن، ئەوا دەبێ هەر دووکیان یان تـەنها یـەکێکیان بـە پەلـە بچێتـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکـا، قسـە لەگـەڵ جووەکـانی نیویۆرکدا بکـا و ئـەوانیش بـە ڕۆڵـی خۆیان گوشار بخەنە سەر حکومەتی واشنتۆن تا ڕاددەیەک بۆ بێلایەنی ئەمریکا لە جەنگەکەدا دابنێ.
وایزمەن بە لێکۆڵینەوە کیمیاییەکانی خۆیەوە کە بۆ شەڕەکە گرنگ بوو، سـەرقاڵ بـوو؛ بۆیـە بنگۆریـۆن هەگبەکـەی هـەڵگرت؛ ئـەفلاتونی خسـتە گیرفانێکی پاڵتۆکەی و فەرهەنگی گریکیشـی خسـتە گیرفانەکـەی دیکـە و بەرەو نیویۆرک بەڕێ کەوت.

بەشی ٨

بنگۆریۆن لە نیویۆرک ئەوەندە کاتی نەبوو تا بە ئەفلاتونەوە خەریکبێ.
ئەو جێی لە میوانخانەیەکی سادە لە شەقامی ئیست سێڤنتین East SeventtienthStreetەوە گرت و دەستبەکار بوو.
خوشکی پاولا و منداڵەکانی ویستیان بانگهێشتی فراوینێکی خانەوادەییانەی بکەن. هەندێکی لەوە ئاگاداریان کردەوە، ئەوەی بێتە نیویۆرک، دەبێ سەرێکی شانۆی ئەوێ بدا. بەڵام ئەو زۆر سەرقاڵ بوو.
ساڵی ١٩٤١ هات و هەموو ئەمریکاییەکان بە تایبەتیش جووەکانی ئەمریکا هەر تامەزرۆی هەواڵی ناوەخۆ بوون. تۆ بڵێی ئێستا لە ئینگلستان چ ڕوو بدا؟ تۆ بڵێی وەک باس دەکەن بۆمبارانی لەندەن توندتر نەبووبێ؟ تۆ بڵێی بەریتانیای گەورە تاسەر خۆی بگرێ؟ ئەدی تۆ بڵێی چی بەسەر جوولەکەکانی سەر وشکانی ئەورووپادا دێ؟
بنگۆریۆن ئاشنایەتی لەگەڵ جێمس فارلی James A. Farley پەیدا کرد. فارلی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دکتۆر ڕۆزڤێلت D. Rooseveltدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕابوو، هەروەها ویندل ویلکی Wendel Willki کە ڕۆزڤێلت بۆ جاری سێهەم سەرکەوت، کە خەریک بوو بە تەواویبدۆڕێ، ناسی. بنگۆریۆن سیناتۆر ڕۆبەرت واگنەر Robert Wagner نموونە سەرمەشقی جووەکانی نیویۆرکیشی بینی. گفتوگۆی دووروودرێژیشی لەگەڵ ڕابی ستیفان وایز Stephan Wise و لویس براندایس Louis D. Brandeis ئەندامی دەستەی باڵای دادگای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کرد.

بنگوریـۆن قـاتێکی وەرگـرت و بۆینبـاخێکی ڕەشـی بەسـت تـا لەسـەر شەڕەفی مێزی فراوینی براینداپس دابنیشێ. ئەو زۆر کەشـخە دیاربوو، هەستی بە خۆشی خۆی زیاتر دەکرد لەوەی کە بە پانتۆڵە خەتخەتەکەی هۆڵی کۆنفرانسی کۆشکی سەنت جێمس لە لەندەن بوو.

ئەو لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی هۆڵی کارینگی Carnegie دابەزیە سەر کتێبـی سـپی ئینگلیزەکـان. سەرپەرشـتی کۆبوونەوەیـەکی هاداسـا Hadassah شی کرد، کە یەکێتی ژنە جووەکانی ئەمریکا سازیان دابوو؛ لەوێدا گوتی:

"ئێمـە پێویسـتە کۆمـەکی بـەریتانیای گـەورە بکـەین. لەسـەرمان پێویسـتە لەشکرێکی جوو ساز بدەین، هـەروەها لێرەش لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا... لـەو ڕۆژگـارەی ئێسـتاماندا هـیچ کـارێکی پیرۆزتـر لـە خـەباتی لـەناوبردنی هیتلـەر و نـازیزم دا نییـە، لـێ گـەلۆ ئـەوەش تـەنها بـە قسـە ناکرێ."

ئەو لەسەر ئەرو تاکتیکەی بەخۆی داینابوو، بـەردەوام بـوو، کە شـەڕ لـە هەر دوو بەرەدا بکرێ. یارمەتی بەریتانیای گەورە بدرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمان وڵاتیش ناچار بکرێ باشتر بیر بکاتەوە. ئەوەش سـەمای سـەر پـەتەکان بـوو کـە زۆریـان لێـی تێنەدەگەیشـتن. بـە هۆیـەوە ئەمریکاییەکان تووشی سەرگەردانی هاتبوون.

سـێ مانـگ دواتـر جـارێکی دیکە بنگوریـۆن ڕۆیشـتەوە. لـە فەلەسـتیندا زۆریـان پێویسـت پـێ هـەبوو، بـەڵام کەشـتیيە ژێـر دەریاییـەکانی ئاڵمـان چالاکتر ببوون، شوێنی لە فڕۆکە دەستنەکەوت، بۆیە بە ڕێی ڕۆژئادا بۆ بـاکوور ڕۆیشـت. لـە نیوزلانـدا New-iseland دا دیـدارێکی دۆسـتانەی لەگەڵ پیتەر فراسەر Peter Fraserی سەرۆک وەزیراندا کرد.

کاتێک ڕێنانە Renana بەخێرهاتنی لێکرد لێی پرسـی: "ئـەرێ بـە ڕاستی گەشتێکت بە دەوری جیهاندا کرد؟"

ئامۆسی کوڕە تاقانەکە، هەنووکە هەراشـە و چووەتـە ڕیـزی سـەربازیی ئینگلیزەکانـەوە. ئـەو ڕەنگبـێ تـا پلـەی سـەرهەنگ major (پلەیـەکی سەربازی چوار ئەستێرە) بڕوات و لە بەرەی جیاجیاشەوە بجەنگێ.

گێـولا دوا تاقیکردنـەوەکانی لـە گیمنـازیومی هێرزلیـا تـەواوکرد و بـۆ مامۆستایەتی دەخوێنێ..

ڕۆژێکیان گیولا سەعاتێک لە قوتابخانەکەی دواکەوت، کاتێکیش گەیشت بی هیچ قسەیەک، یەکسەر چووە سەر مێزەکەی. بەڵام مامۆستاکە بە پەستیەوە پێی گوت: "ئەری گێولا گەر ئەوەندە دوابکەوی، نابێ ڕوونی بکەیەوە لە کوێ بووی، یان هەر هیچ نەبێ داوای لێبوردن بکەی؟"

گێولا لە وەڵامدا گوتی: "پاساوێکی زۆر باشم بە دەستەوەیە کە بۆ چی وەخراوم. من مێردم کردووە، ڕاستەوخۆش لەلای ڕابیەوە بۆ ئێرە گەڕاومەتەوە."

پاولا بە دیتنەوەی مێردەکەی شادمان بوو. پاولا زۆر خەمی کەشتییە ژێر دەریاییەکان و شتگەلی دیکەی دەخوارد.

"ئەرێ خوشکم لە نیویۆرک چۆن بوو؟ منداڵەکانی چۆن بوون؟ ئایا سەری بروکلینت دا؟"

ژابۆتینسکی مردبوو.

کاتزێنلسۆن بە دەردی نەساخییەوە دەیناڵاند.

ئابراهام ستێرن Abraham Steren کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە، ئاگربەستی لەگەڵ ئینگلیزەکان شکاندبوو، ڕێکخراوێکی تیرۆرستی نوێی بە ناوی دەستەی ئەستێرە Steren Group پێکهێنابوو. لایەنگرانی نەوەک هەر شەڕی پارتیزانیان دژی ئینگلیز و عەرەبەکاندا دەکرد، بەڵکو لەوەشیان تێپەڕاندبوو: بۆ ئەوەی پارەیان بکەوێتە دەست، بە نوێژی نیوەڕۆیەک بەسەر بانکێکی تەلئەبیبیان دادا. لە بانکەکەدا بیست هەزار دۆلاری ئەمریکاییان برد، هەموو لایەکیش دەیزانی بانکەکە بە سەرمایەی جوولەکەکان کەوتۆتە گەڕ.

جموجۆڵی کار و چالاکی لە فەلەستیندا لەوپەڕی گەرمیدا بوو. هەموو لایەک تەژی سەربازی هاوپەیمانان بوو. بەریتانیای گەورە داوای لە ئاژانسی جوولەکان کردبوو، هەزار و دووسەد پسپۆڕیان بۆ ئامادە بکا تا لە دەرەوەی فەلەستین بیانخاتە ڕاژەی خۆیانەوە. هەر یەکسەر پانزە هەزار خۆبەخش خۆیان ناونووس کرد. دوو هەزار کارگەی جوو بە ڕۆژ و شەو کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی کاڵای جەنگ بۆ ئینگلیزەکان دەکرد، هەموو شتێکیان بەرهەم دەهێنا؛ کەلوپەلی نەشتەرگەری تا قاچ و دەست و ئەندامی دەستکرد. لێکۆڵەرەوە زانستیە جووەکانیش کاریان لە فابریکە کەمەکانی داودەرماندا دەکرد.

دوای کەمتر لە پێنج مانگی گەیشتنەوەی بۆ ماڵ، جارێکی دیکە گەشتەکانی دەست پێکردنەوە، ئەم جارەیان ڕووەو و قاهیرە، لەندەن و نیویۆرک.

میوانخانەی بیلتیمۆر Biltmore بۆ خەڵکی جۆراوجۆر ڕەهەندی جیاجیای دەگەیاند. بۆ ئاکنجیانی نیویۆرکیش میوانخانەی گۆشەیەکی گەڕەکی مادیسۆن Madison Avenue و شەقامی ٤٣ بوو.
بۆ دانیشتوانی فەلەستینیش دارسانێکی بەرانبەر ئینگلیزەکان بوو.
بۆ بنگۆریۆنیش دەستپێکی قۆناخێکی دژوار و نوێ بوو.
لە ئایاری ١٩٤٢دا لەلایەن کۆمیتەی تایبەتی ئەمریکی بۆ کاروباری زایۆنی کۆنفرانسێک لە میوانخانەی بیلمۆر بەسترا. لەهەموو لایەکی ئەمریکاوە شەشسەد نوێنەر هاتن، کە نوێنەرایەتی هەموو کایە سیاسیەکانیان دەکرد. لە نێویاندا زۆر لە جووە بەرچاوەکانی ئەورووپا جێیان گرتبوو، کە زۆر نابێ داوای مافی پەنابەرێتیان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کردبوو.
لە ١٩٤١دا هیچ کۆنفرانسێکی زایۆنیزمی ساز نەدرابوو؛ بارودۆخی شەڕ کارێکی وایکرد، لە ١٩٤٣شدا ئاستەنگ بێ زایۆنیزمەکان کۆنگرەی ساڵانەیان ساز بدەن؛ بۆیە ئەو کۆنفرانسەی بیلتیمۆری بێ دەسەڵاتی بڕیاردانی فەرمانبەردار بەسترا. هەر شتێک کە لە کۆنفرانسەکە بڕیاری لەسەر بدرێ، پێویستە لە لایەن ڕێکخراوی نوێنەرەکانەوە دواتر بپەژرێندرێ.
بەڵام بنگۆریۆن پێشوەچوونی دەبینی.
تەنانەت گەر هاوپەیمانانیش سەربکەون، ئەوا بەریتانیای گەورە دەبێتە هێزی پلە دوو، ئیدی دەەرفەتێکی باش لە دەستدا دەبێ، کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار بکرێ ڕکێفی سیاسەتی جیهان بگرێتە دەست.
جەنگەکە گۆڕانکاری زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. گەر ساڵێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دەمانبینی کە جووە ئاکنجییەکانی ئەورووپا دوو ئەوەندەی ئەمریکا دەبوون. کاتێکیش ئەو دەنگۆیەی لە ئاڵمان و پۆلۆنیاوە دێ، ڕاست بێ، کەواتە لە ماوەیەکی کەمدا دەبینین ڕێژەی جوو لە جیهانی

نوێ[20] بەرانبەر هی کۆن زیاتر دەبێ. ئەوسا ئەمریکا و جووەکانی ئەمریکا لەبەر دوو هۆ لە جاران بایەخدارتر دەبن.
ڕەخنەگرانی بنگوریۆن زۆر جارانیان بە هەلپەرست لە قەڵەم دەدا. گەر مەبەستیان لەوە بووبێ، کە ئەو دەیزانی چۆن خۆی لەگەڵ بارودۆخی گۆڕانکارییەکان بگونجێنی؛ بەڵێ وابوو، بنگوریۆن بەو پێودانگە هەلپەرست بوو.
پێنج مانگ پێشتر تەواوی ئەمریکا گوێی لەبەر زەبری بەندەری پیرل Pearl Harbor کەڕ بوو.
زایۆنستەکانی ئەمریکا هێشتا لە کتێبە سپییەکەی بەریتانیا توورە بوون. هەواڵی دڕندانەی ژووری گازخنکێن و سوتاندن دزەیان کرد. بۆیە بنگوریۆن بڕیاریدا، ساتی ئەوە هاتووە هەڵوێست دژی "سیاسەتی بەرەبەرە" بگیردرێتە بەر و سیاسەتی ڕۆشنی و تەیاربوونی زایۆنزمیانە جێی بگرێتەوە. ئیدی ئەوە ئەو ساتە بوو کە لەسەر هەموو جووەکان پێویست بوو بە جدی بۆ ڕاگەیەنراوی بلفۆر هەوڵبدرێ و لەگەڵیدا بەڵێنەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و ماندات بهێندرێنە جێ.
بێگومان ئەو نەخشەیەی تووشی بەربەرستی نەیارانی کردەوە.
دکتۆر وایزمەنی نەرمونیان، لیبرالی هەستیار و پێشەنگی نەرمڕەوی، کە هەمیشە بڕوای بە پیاوەتی دوژمنەکانی هەبوو، بەرانبەر ئەو نەخشە نوێیە پەلاماردەرە، وەستایەوە.
زۆر لە ئەندامانی پارتەکەی خودی بنگوریۆنیش لەگەڵ سەرکردەکەیاندا هاوڕا نەبوون. دکتۆر جودا ماگنێس D. Judah Magnes کە لە ئەمریکا دایکبووە و بەڕێوەبەرێکی لێهاتووی زانکۆی عیبری بوو، لایەنگری دەوڵەتێکی دووانەیی عەرەب و جوولەکان بوو. هێنریتا سۆلد Henrietta Szoldیش لە دایکبووی ئەمریکا بوو، دامەزرێنەری هاداسا بوو کە لە ئۆرشەلیم نەخۆشخانەیەکی گەورەی دامەزراندبوو، هاوهەڵوێستی ماگنێس بوو، بەمەش باندۆری خۆی هەبوو، تەنانەت لەنێو غەیرە زایۆنی و غەیرە جووەکانیش قسەی دەڕۆیشت.
لەو کەشەدا، کۆنفرانسی بیلتیمۆر بەسترا کە بنگوریۆن ویستی بانگی دەوڵەتی جوولەکان هەڵدا.

---

[20] مەبەست جیهانی نوێ ئەمریکایە. وەرگێڕ

هەندێکیان ڕایان گەیاند گوایە بنگۆریۆن شێت بووە.
گەر هاتوو نەتوانێ شەش سەد نوێنەر بهێنێتە سەر هەڵوێستەکەی خۆی، ڕەنگبێ دەست لە سەرکردایەتی خۆی بشوا، لەوەش گرنگتر لەوانەیە خەونەکەی دوای چەند ساڵی دیکە بێتە دی. بەڵام بیرەوەری ئەوەی لۆرد مین Lord Moyne کە مانگێک پێشتر پێیگوتبوو، زیاتر دنەی دەدا. لۆرد لیۆد مرد و مۆینە جێگای ئەوەی وەک وەزیری کاروباری کۆلۆنەکان گرتەوە. بنگۆریۆن لە لەندەن سەردانی کرد، بەڵکو دامەزراندنی لەشکری جوولەکانی پێ بسەلمێنێ. لە درێژەی قسەکانیاندا وەزیری کاروباری کۆلۆنەکان چارەسەرێکی بۆ پرسی جووەکان هێنایە گۆڕێ، بەوەی "ڕووبەرە زەوییەکیان" پێبدرێ. بە ڕای وەزیر شوێنەکەش بکەوێتە ئەورووپا (بەڵام نەیگوت لەکوێ) کە نموونە بێ بۆ گێتۆیەک (ئۆردوگایەکی گەورە)و لەلایەن جوویەکەوە بەڕێوە ببردرێ، دوای شەڕیش بمێنێتەوە.
کاتێک بنگۆریۆن باسی "سێ ملیۆن کەس"ی بۆ دەکرد، لۆرد مۆین بابەتەکەی بۆ شتێکی دیکە گۆڕی.
کاتێ ئەو پیاوە بچکۆلەیە بە قژە لوولە سپی زیوینەکەی هاتە سەر سەکۆی دوانی کۆنفرانسەکە، لای خۆی توند دەستی بەوە گرتبوو کە دەبێ ئەو شەش سەد نێردەیە بهێنێتە سەر بڕوای خۆی. ئەو لە تەلی هەست و سۆزی ئەوانی نەدا، بەڵکو کردەییانە وەک کەسێک شتێک ڕوون بکاتەوە، لێتێگەیشتن بۆ شتێک بخوازێ و ڕۆحیانە جۆشیان بدا، وای کرد. تۆنی دەنگی مامۆستایانە بوو، لەرەی دەنگی هی پیاوێک بوو، دەیەوێ نەوەک هەر بە تەنیا دڵەکانیان کێشبکا بەڵکو گیانیشیان بۆلای خۆ ڕابکێشێ.
لە دەستپێکی دوانەکەیدا،بە ڕوونکردنەوەیەک کە بەختی جوولەکەکانی ئەورووپا کۆتایی بەو پرسە نایەکانگیرە هێنا، ئاخۆ زایۆنیزم بیرۆکەیەکی ئاینیانەیە یان سیاسییانە، کەشی کۆنفرانسەکەی پاک کردەوە.
کاتێکیش بە هێورەیی و بە دانبەخۆداگرتنەوە گوتی ئاخۆ تا ئێستا ئیسرائیلی هاوچەرخ بەچی گەیشتووە؟ ئەو باس و خواسی ئەو چەند دۆنمە زەوییەی کە بەراو کراون؛ ئەو زۆنگاوانەی وشک کراونەتەوە،

ئەو دۆنمە زەویانەی کە بۆ کۆچبەران دانراون، هێنایە گۆڕێ. ئەو دەربارەی نەقەب، گالیلیا، دەربارەی لمی بیابانی ریشۆن Rishon، بەردەکانی موسا، دەقەرە گرداوییەکەی هانیتا Hanita و هولێهباسینHulehbassn قسەی کرد.
ئەو لە قسەکانیدا پەلەی نەبوو. زۆری خایاندبوو تا ئەو گوتارەی بدا، ئاخر هەموو ژیانی خۆی بۆ ساتەوەختێکی وا تەرخان کردبوو. مێژوی دوو هەزار ساڵە ئەوانی گەیاندۆتە ئەو کات و ساتە.
ئەو بنیامێنی Benjaminی تەبەریا، فارسەکان، دەسەڵاتدارە بێزەنتینیەکانی بە بیر هێنانەوە. بە لەسەرخۆیی و ئاسانی، دواندەرەکە لە ١٩٤٢ەوە بۆ ناو سەدەی حەفتەم شۆڕ بووەوە، گەڕایەوە سەردەمی ئێستای، جارێکی دیکە بۆ چاخی پێغەمبەرەکان چووەوە.
تاکە برادەری ڕاستەقینەی بنگوریۆن، کاتزێنسلۆن لە ئۆرشەلم نەخۆش کەوتبوو. بەڵام بێ ئەوەی ناوی بهێنی پەسنی دا.
بە گوێی گوێگرەکانی دادا: "سەرچڵییە نوێیکەی جوولەکە لە فەلەستیندا بە ئاراستەی زێددا کراوە. ئەو کەسانەی تەنها جووەکانی ئەورووپا و ئەمریکا دەناسن، ڕەنگبێ وا بزانن، کە بیرۆکەی دەریاوانی جووەکان، گوناح بێ.
"چل ساڵ بەرێ ئەو دیاردەیەش ئەستەم بوو کە جووەکان کاری کشتیار بکەن. بەڵام هەر کردیشیان.
"شەش ساڵ پێش ئێستا لە فەلەستیندا هیچ دەریاوانێکی جوولەکە نەبوو، هەرچەندە بازرگانی ئەوبەری زێش بە تەواوی لە بندەستی جووەکان خۆیاندا بوو... هەنووکە کەشتیگەلی جوولەکە بە کاپتن و دەریاوانی خۆیانەوە و زەریا جیهانییەکان تەی دەکەن.
"ئەوەتیرەیەکی عیبری زمان بوو کە تیروس Tyrus و سیدۆن Sidonیان دامەزراند، لەوێوە بناخەی دەسەڵاتداریتی قەڵەمڕەوی قرتاجە Carthaags لە سۆنگەی دەریاوانیەوە گەورە بوو.
"هەر دەریاوانە جووەکان بوون پێش ئەوەی ئۆرشەلیم بڕووخێ، لە سەرووی یافاوە شەڕێکی خوێناویان کرد و زەبرێکی کوشندەیان لە ڕۆمانەکان دا.

"تیروس و سیدۆن لەسەر گۆی زەوی نەماون. بەڵام پاشماوەی جووەکان ئەوانەی لە حەیفاوە دژی ڕۆمانەکان جەنگان، هەر ماون. زۆریان گەڕاونەتەوە فەلەستین و زۆری دیکەش دەگەڕێنەوە. ئەوان وەک سەردەمی بەری، زەویان وەبەرهێنا. هەروەها سواری دەریاش دەبن.

"فەلەستین وڵاتێکی بچووکە. بەڵام دوو زێیەکە بۆ ئیسرائیل، دەریای ناوەڕاست و دەریای سوور، بە باشی دەرەقەت دێن کە دەریاوانە جوولەکەکانمان و ماسیگرەکانمان مشووری ئەوە بخۆن، وڵاتەکەمان بە بەردەوامی شوێنی لەنێو کۆمەڵگەی نەتەوە دەریاییەکاندا ببێتەوە."

ئەوانە پەیڤی مامۆستا بوون کە کەمتر ئاوا بەرفراوان و تازە کرابونەوە.

نەخشەی بنگۆریۆن دواتر وەک بەرنامەی بیلتیمۆری لێهات، لەخۆیەوە زۆر سادە بوو.

- کۆچێکی بێسنووری جوولەکان لەژێر سەرپەرشتی ئاژانسی جوولەکان.
- دامەزراندنی لەشکری جوولەکە.
- دامەزراندنی کۆمۆنوێلسێکی جوولەکان کە هەموو فەلەستین لەخۆ بگرێ.

کاتێک بەرنامەکە گەیشتە سەر مێزەکەی وایزمەن، نیشانەی دەمارگرژی لێوە دەرکەوت. "ئایا بە ڕێکوپێکی هەڵسوکەوتیان کردووە، نەخشەکە لە کۆشکی سپی، داونگ ستریت و کۆشکی بەکینگهام Buckinghamدا دەبێتە مایەی ناڕەزایەتییێکی توند."

لێرە و لەوێ دژایەتی نەخەشەکە کرا. لە لۆبیەکانی هۆڵی چاوەڕوانیەکاندا دەنگ دژی بنگۆریۆن هەڵبڕدرا، ئەویش هەدادانی لەبەر هەڵگیرابوو، ئۆپۆزسیۆنی بە هەند هەڵنەگرت. هەندێکیان ناوی بگنۆریۆنیان بە کەللەڕەق هێنا، ئەوانی دیکەش هێشتا دەربڕینی نادۆستانەتریان پێدەگوتەوە.

وردەکاری نەخشەکە زیرەکایەتیەکەی ئاشکرا کرد. ئەو لەسەر ئەوە ڕشت بوو، کە لە بڕیارەکەدا دەبێ وشەی کۆمۆنوێلسی جووەکان بەکاربهێندرێ.

نەیارانی پێیان وابوو: "کە ئینگلیزەکان لێمان تێناگەن گەر هاتو کۆمۆنوێلس بەکار بهێنین، وا باشترە بڵێین "دەوڵەت"
بنگوریۆن بە خەندەوە؛ "گەر ئێمە بڵێین دەوڵەت، ئەوا ئەمریکاییەکان بە هەڵە لێمان حاڵی دەبن. چونکە لە چاوی ئەوان دەوڵەت بەشێکە لە فیدرالیەت. ئێمەش ئەو ئاقارەمان بە هیچ شێوەیەک ناوێ."
مەبەستی بنگۆریۆن هاتە دی. ئەو هەر ئەوەی نەسەلماند، کە کاریگەری زۆری هەیە و دەنگەکەی یەکلاکەرەوەیە، بەڵکو سەردەمێکی نوێشی بە دوادا هات.
هەنووکە ئەمریکا زلهێزێکە. گەر هاتوو بەریتانیای گەورە بە شاشی لە جوولەکان بگا، ئەوا کارەسات نییە.
ئێستا جیهان گوێی لێبوو، کە بنگۆریۆن بۆ چ ئامانجێک تێدەکۆشی. ڕەنگبێ کەمتر خۆشی لەخۆی ببینێ، بەڵام بانگی دەوڵەتێکی جوولەکانی ڕاهێشت.
نەرمڕەوەکان بە ناچاری بوونە کەمینە. دکتۆر وایزمەن هێشتا ساڵێکی دیکەش مایەوە، بەڵام خۆ ئەوەی لەو گەنجتر جڵەوی ڕابەرایەتی هەر دەگرێتە دەست. بنگۆریۆن نزیکەی پەنجا و شەش ساڵانە. لە ڕاستیدا خەریکە تازە کارنامەکەی برەو دەسێنێ.
کاتێک کۆنفرانسی بیلتیمۆر دواییهات، دەبوایە نێردەکان بۆ ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانیان ئەوە ڕوون بکەنەوە کە چ بڕیارێکیان داوە، ئەوکات دەنگی لەسەر دەدرێ. بنگۆریۆن لە ئێستاوە دڵنیابوو، کە جووەکانی فەلەستین نەخشەکەی دەپەژرێنن. گەلۆ خۆ ئەوەش زۆر بە ئازار و ژان دەبێ گەر هاتوو لە نیوەی ڕێگەدا بە جێیان هێشت.
لە ئۆرشەلیمدا بە ئاستەم کاتی ئەوەی هەبوو هەگبەکەی تێکبنێ و دیارییەکانی بداتە پاولا و زارۆکەکان کە بۆی کڕی بوون. دوای ئەوەی گوێی لە ڕەوتی ڕووداوەکان بوو، ئەمجارەیان بەلەز ئەم گوند و ئەو گوند بۆ جگەرگۆشە ڕۆحییەکەی دەگەڕا. هەرگیزئەو توانا و وزەیەی نەبووە، وەک ئەوە وابوو جنۆکە دەستیان لێدابێ.
لەو ماوەیەدا لە ئەمریکادا ڕێکخراو لە دوای ڕێکخراو دەنگیان لەسەر نەخشەکە دەدا. بڕیارەکە بە زۆرینەیەکی بەرچاو وەرگیرا. ئاخر خۆ هەموو جووەکانی ئەمریکا زایۆنیست نەبوون، ئەوانەی دەنگیان دا

هەموویان لەگەڵ بیرۆکەکانی بنگۆریۆن هاورِا نەبوون، بەڵام لە ١٩٤٢دا زۆرینەی جووەکانی ئەمریکا بە دڵ بیریان دەکردەوە؛ ئەوان جڵەویان بۆ حەزەکانیان شل کربوو، کۆمەکی قوربانیانی دەستی جەنگی هیتلەریان دەکرد. نەخشەکە خستنەڕوویێکی توانستی بەدیهێنانی پێبوو.
هێشتا بنگۆریۆن لەمێژ نەبووە گەڕابۆوە وڵات، کە واشنتۆن، لەندەن و مۆسکۆ ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دا:
"*لە هەموو ناوچەیەکی داگیرکراودا جوولەکەکان بە شێوەیەکی زۆر هۆڤییانە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا گواستراونەتەوە... لەوانەی گوازرانەوە هیچ سۆراخێکیان نەما... بێگاریان پێکردون و زۆریشیان هەر لەسەر کار لەناو چوون... زۆریان لەبرسان و سەرمادا مردن... کۆرەوی گەورە.. توندوتیژییێکی درِندانە.. سەدان هەزارژن و پیاو منداڵی بێتاوان...*"
کاتێکیش بنگۆریۆن لە هێدمەگرتنەکەی ڕاست بووەوە، تراژیدیانە هاواری کرد:
"ئەرێ ئەی نەتەوە ئازادیخوازەکان، داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، خەباتکارانی بەرزڕاگرتنی بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤچیتان بەسەر هێناین؟
"ئەرێ چ تاوانێکتان دەرهەق گەلێکی بێوەی کرد، ئاخر تا مردن خوێنی لەبەر دەچۆڕا و هیچیشی پێنەدەکرا، بێ ئەوەی دەستی هیچ یارمەتییێکی لەو بەدبەختیە و ناچارییەدا بۆ درێژ بکرێ، تەنها بە زمانی تۆڵە کە هی شەیتانەکان بوو لەگەڵیدا جوڵانەوە؟
"ئەرێ بۆچی شین و شەپۆرمان لەکەدار دەکەی و هیچ وشەیەکی هاوخەمیمان بۆ دەرنابرِی، کە بە ملیۆنان لەخانەی نازییەکانی ئەورووپادا مەرگیان بە گوێدا چرپاندن؟
"ئەرێ بۆچی چەکت نەدایە بەرگریکارەکانی گیتۆکانمان، کەچی چەکت دایە پارتیزان و خەباتگێرە نهێنییەکانی گەلانی دیکە؟
"ئەرێ بۆچی ڕۆژانە کە گوێت لە دەنگی کەللەسەری هەزاران منداڵانی جوو بوو، کە بە دیوار و بنمیچەکان دەکەوت، کەچی قولماتت لێوە نەهات؟"

بنگۆریۆن ئەو بە تاونبارزانینانەی پەرچەکرداری توورەییەکەی نەبوون. ئەو مەبەستێکی هەبوو. کە لە دوا ڕستەدا ڕون دەبووەوە:

"گەر هات و لە دەسەلاتدا نەبێ کۆتایی بەو کوشتارگەیە بهێنی، ئەدی بۆچی ڕێگەمان پێنادەی تۆڵەی خوێنی ملیۆنان برای خۆمان بە دەستی خۆمان بکەینەوە، بە پەلە دەست بە چەک دژی نازییەکان شەڕ بکەین، وەک جوولەکەیەک لە نێو ڕیزی لەشکری جوولەکەدا و لە ژێر ئاڵای جوولەکەدا خەبات بکەین؟"

سێ مانگ دوای ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە نۆکەندەکە پەڕینەوە و شەڕیان لە وشکانی کیشوەری ئەورووپادا گەرم کرد، چەرچڵ لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕایگەیاند:

حکوومەت داوانامەی ئاژانسی جوولەکە تا لە فەلەستین لەشکری جوولەکە پێکبهێنن، کە کارایانە پشکداری ئۆپەراسیۆنەکان دەبن، پەسن دەکرد... لە ڕاستیدا بۆ من مایەی ڕەوایە، ئەو بەشە تایبەتمەندەی جوولەکان کە ڕەگەزێک پێکدەهێنن و لە لایەن نازییەکانەوە ئازار و ئەشکەنجە دراون، وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ لە ڕیزەکانی چەکداریدا بەشداربن تا بە تەواوی شکست بە نازییەکان بێنن."

دیسان بنگۆریۆن نەبەردێکی جەنگە درێژخایەنەکەی بردەوە. ئەری دەستکەوتەکە پێنج ساڵی ڕەبەقی خایاند، لەو ماوەیەدا بە هەزاران کیلۆمەتری بۆ بەدەستهێنانی بڕی، تا جیهان بهێنیتە سەر ڕا.

ئیدی هەزاران جوولەکەی کارا لە ڕاژەی سەربازییانە چ لە فەلەستین یان سەدان هەزاری وڵاتەکانی دیکە گەر بیانەوێ دەتوانن بچنە ڕیزی لەشکری جوولەکەوە و ئەستێرەی داود لە شانیان بدەن، ئەو دروشمەی کە هیتلەر جووەکانی ئاڵمانی وەک کەمینەیەکی سووک تەماشا دەکرد.

لە ڕۆژێکی ئابی ١٩٤٣دا دوو سەربازی بەریتانی لە کاتی دزینی چەک لە جبەخانەیەکی ئینگلیزیەوە گیران. پێواژۆی دادگاییەکە زیاتر لە مانگێکی خایاند. هەرچەندە هەواڵنێران بۆیان نەبوو لە دادگای سەربازییدا ئامادە بن، بەڵام دەسەلاتدارە ئینگلیزەکان بۆ ئەو بۆنە تایبەتمەندییە بانگهێشتی نوێنەرانی هەموو ڕۆژنامە، گۆڤار و ئێستگە ڕادیۆیەکانیان کردبوو. لەگەڵ ئەوەش کەمیان لەبەر نەبوونی فڕۆکە دەیانتوانی بگەنە فەلەستین، بەڵام هەواڵنێرانی ئەمریکاییان لە قاهیرەوە بە فڕۆکە بۆ فەلەستین

گواستنەوە. لە ڕاستیدا سکاڵانامەکە هەر دژیدوو سەربازەکان ستۆنەر Stoner و هاریس Harris نەبوو، بەڵکو داداگایەکە بۆ تەواوی جووەکانی فەلەستین بوو. نوێنەری ڕۆژنامەگەری بۆیە بانگهێشتکرابوون تا بە جیهانی نیشان بدەن، ئاخۆ چ جۆرە داکۆکییەک لەخۆیان دەکەن. هاریس و ستۆمەر وەک دوو بابای هەژای گەنج تەماشا دەکران، کە لەلایەن دەوڵەمەندترین ڕێکخراو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناویندا کەتنی دزینی چەک و تەقەمەنیان پێکرابوو، تا پێیان بفرۆشنەوە.

لە ١٩٤٣دا نهێنییەکی نێو جەماوەر بوو کە بازرگانییەکی گەرم بە چەکەوە دەکرێ. ئەو جبەخانە گەورانەی کە چ لە لایەن ئاس Asەوەو چ لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە ڕۆژئاوای بیابانی میسرەوە جێ هێڵرابوو، لە بازاڕی ڕەشدا بە نرخ و دەستکەوتی زۆرەوە فرۆشران. هەمان شتیش سەبارەت بەو تفەنگ و تەقەمەنیانەی کە لە ئۆردوگا و حەشارگەی هاوپەیمانن ڕووی دا، دزرا و فرۆشران. دزەکان بە پلەی یەکەم عەرەبەکان بوون. کڕیارەکانیش بە پلەی یەکەم جووەکان بوون. هاگانا چەکی دەویست. گەر هاگانا چەک و تەقەمەنییەکانی نەکڕیبا، ئەوا عەرەبەکان دەیانبردن و لەوانەش بووهەر دژی جووەکانیان بەکار هێنابایەوە.

ئینگلیزەکان دەیانزانی، هاگانا چەکدارە و چەکیشی بەکار هێناوە.

بۆ ڕزگارکردنی لوبنان ئینگلیزەکان داوای خۆبەخشە جووەکانیان کرد تا پاڵاوگە نەوتییەکانی شاری تریپۆلی Tripoli لوبنان بتەقێننەوە. بیست و سێ جوولەکە خۆبەخشانە چوونە پێش. ئینگلیزەکان چەکیان نەبوو بیاندەنێ، بۆیە دەبوایە چەکی خۆیان لەگەڵ خۆیان ببەن. هیچ کام لەو بیست و سێ کەسە جارێکی دیکە نەگەڕانەوە وڵات.

بەشداربوون لە کاری کۆماندۆیی هاگانادا بە چەکی خۆشیان، نەبووە مایەی شەفاعەت بۆکردنیان لەوەی لە پێواژۆی دادگاکە بە تۆمەتی هەڵگرتنی چەکی قاچاخەوە تاوانبار نەکرێن.

لە کاتی پێواژۆی دادگاکردنی هاریس و ستۆنەردا، بە فەرمی سەلماندییان کە پۆلیس داوای لە هەردوو سەربازەکە کردبوو، لەو هەژدە وێنانەی خستنیانە بەردەستیان تاکو ئەو پیاوە بناسنەوە کە بە گوێرەی ڕوون کردنەوەکەی خودی خۆیان لە چایخانەیەکی حەیفادا

لەگەڵ سەرکردەیەکی جوولەکان دانیشتبوو، ئیشیان چەک ئاودیوکردن بوو.
پۆلیسەکان ئەمجارەیان وێنەیەکی بنگوریۆنیان خستە نێو وێنەکان، ئەوسا یەکێک لە سەربازە تۆمەتبارکراوەکان گوتی:
"بەڵێ، ئەو پیاوە خۆی بوو!"
نە داواکارەکە و نە داکۆکیکارەکە پێیان سەیر نەبوو.
لە دواییدا سەرۆکایەتی دادگا لەسەر ئەوە ڕشت بوو، کە ئاژانسی جوولەکە سەرپەرشتی "دژوارترین و بەرفراوانترین باندی ئاودیوکردنی چەک"ی کردووە و هیستادروتیشی بەوە ناوهێنا کە "ڕێکخراوە نازییەکانمان بەبیر دێنێتەوە" کە چەکیان لە سەربازانی هاوپەیمانانیان دەدزی."
بنگوریۆن ڕەخنەی لە ئەوانەی تۆمەتباریان کردبوو، گرتو گوتی: ئەوان هەوڵی ڕێپێگرتنی بزووتنەوەی زایۆنیزمی دەدەن تا سیاسەتی کتێبی سپییان بە ڕەوا دابنێن.
بێرل کاتزێنسلۆن لە شەممەیهاوینی ١٩٤٤دا لێدانی فشاری خوێن مرد.
ئەوە گوترا، گوایە کاتێک بنگوریۆن بە هەواڵەکەی زانی، کەوت و بۆ چەند سەعات لە هۆش خۆی چوو.
هەموو ڕۆژەکە زمانی لەگەڵ کەس نەکەوتە گەڕ.
وەک ئەوە وابوو کە بەشێک لە دڵی مردبێ.
ڕۆژی پاشتر ڕێڕەوی بە خاکسپاردنەکەی لە ئۆرشەلیم بۆ تەلئەبیب ماوەی حەفتا کیلۆمەتر، لە وێشەوە بۆ کینەرەت سەد و شەست کیلۆمەتر درێژەی کێشا. کینەرەت ئەو نشینگەیە بوو، کە کاتزێنسلۆن وەک کرێکارێکی کەرتی کشتوکاڵی کاتێ هاتە فەلەستین، ئیشی دەکرد.
هەینێ ڕۆژێک پێش مردنی زێیڤ شاریف و تێدی کۆلێک یەکێک لە گەنجە سەرسام بووەکانی لە کینەرێت سەردانی سەرنووسەریان کردبوو لەوێش لەگەڵ دەستەیەکی زۆردا گفتوگۆیان کردبوو.
کاتزێنسلۆن گوتبووی: "من هەرگیز دەرفەتی ئەوەم نەبوو بەسەر هەستی حەزنەکردن لە گردبوونەوەی پڕ ئاپۆرەدا زاڵ بیم."
چل و هەشت سەعات دواتر ئاپۆرەی خەڵکی کە شتێکی دەگمەن بوو لە فەستیندا کۆبوونەوە، تا بە ڕێزەوە بینێژن.

نزیکەی ڕۆژێکی ڕەبەقی خایاند تا بە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا کەژاوەکەی بگەیەننە نشینگەکەی سەر گۆلی گالیلیا.
بنگوریـۆن دوای ئۆتۆمـۆبێلی خانەوادەکـەی کـۆچکردوو لــە یەکـەمین ئۆتۆمۆبێل دابوو.
هەنووکە برادەرەکـەی مـرد. لەوانەیـە ئـەو تاکـە بـرادەری بـوبێ و ئیـدی برادەری وەک ئەویش نابینێتەوە.
هەموو ڕۆژەکەش هەر کڕ و مات بوو، هیچی نەگوت.
مامۆستاکە لە نێویاندا نەما و کۆچی دوایی کرد.
دوو ساڵ دواتر هێشتا ماتەمینیەکەی هەر گەرم بوو. لە کۆبوونەوەیەکی ماپایدا، ئەو پارتەی کە لەگەڵ کاتزێنسلۆن دایمەزراند بوو گوتی:
"لێتان ناشارمەوە لەو ئێوارە هـەرە دڵتەزێنەی کە داود هـاکۆهن هـەواڵی مەرگی بێرل کاتزێنسلۆمی پێڕاگەیاندم، کەوتمە بن باری ژانی کۆسـتێکی گران، ژانیکی زۆر، خەفەتێکی گازگرتوو. لەژێر ئەو بار گرانییەی خـەم و خەفەتەدا تا دەمرم دەرناچم..."

بەشی ٩

هەموو کەسێک شتێکی لەساڵی ١٩٤٥دا بەبیر ماوە. ڕووداوەکانی ساڵەکە گۆڕانیان بەسەر ژیانی نزیکەی هەموو خەڵکێکی ئەم گۆی زەمینەدا هێنا.
لە ١٩٤٥دا فرانکلین ڕۆزڤلت مرد. گۆبلز و هیتلەر خۆیان کوشت. مۆسۆلینی گیرا و کوژرا. یەکەم، دوەم و سێیەم بۆمبی ناوەکیش تەقێندرایەوە. لە ئەورووپا کۆتایی بە جەنگ هات. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا. ژاپۆن بە بێ مەرج خۆی بەدەستەوەدا. وینستۆن چەرچڵ لە لایەن دەنگدەرانەوە ناچارکرا واز لە دەسەڵات بێنێ.
بۆ بنگۆریۆنیش ١٩٤٥ ساڵێک بوو، هۆی دیکەی بۆ یادکردنەوە هەبوو. لە مارتدا بە پشتگیری و هاندان و موبارەکبادی بەریتانیای گەورە (بە گوێرەی هەندێکیان بە پێداگرتنی خودی ئینگلیزەکانەوە) حەوت دانە دەوڵەتی عەرەبی بە کۆی ڕێژەی چل ملیۆن دانیشتوانیانەوە، کۆمکاری عەرەبیان (الجامعة العربية) پێک هێنا. ئەوان تەنها مەرامێکیان هەبوو، ئەویش دەرکردنی فەرەنسی و جوولەکەکان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو کاتەی عەرەبەکان هەوڵوەدای ئەوە بوون چۆن دوو ملیۆن دۆلار لە ساڵی ئایندەیاندا لە بانگەشە خەرج بکەن، بنگۆریۆنیش لە پاریسی ئازادکراودا سەرقاڵی کۆنفرانسێکی نهێنی بوو لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمیتەی ئاودیوکردنی کۆچبەرانی مۆساد، کە قۆناخێکی دژواری بڕیبوو.

ئاژانەکانی مۆساد کە بەسەر حەوت وڵاتی ئەورووپاییدا بڵاو ببوونەوە، داوایان لەسەد و پەنجا هەزار جوولەکەی ئەورووپاوە پێگەیشتبوو؛ تا زووە بیانگەیەننە فەلەستین. ئاژانەکان دەیانزانی هێشتا سەرەتایە. پێبەپێی ڕزگارکردنی بەشەکانی ئەورووپا لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، زیاتر جوولەکە دەردەکەون، کە خوازیارن هەرچی زووە کیشوەری ئەورووپا جێ بێڵن.

بنگۆریۆن لە سەرکردەکانی مۆسادی پرسی:

"ئەرێ پێویستیتان بەچی هەیە؟"

"یەکێک بەرسڤی دایەوە: پێویستمان بە کەشتی هەیە."

یەکێکی دیکەش هەڵی دایە و گوتی: "پێویستیمان بە پارەش هەیە."

بە خەندەوە بنگۆریۆن تەماشای ئەو دەستە گەنجانەی دەوروبەری کرد. ئەرێ، ئەوانەن نموونەی جووە نوێیکان. باوکی زۆربەیانی دەناسی. هەندێک لەو گەنجانە لە کیبۆتەکانەوە لەدایک ببوون. ئەوان پێیان دەگوترا سابرابیەکان، چونکە ئەوان هەروەک بەری درەختی کاکتوس تیژ و توندوبەند بوون. ئەوان لە لایەن هاگاناوە مەشقیان پێدرابوو. لە ماوەی جەنگەکەدا جار لەسەر جار گیانیان لەسەر لەپی دەست دانابوو، دزەیان کردبووە سنووری تەواو پارێزراوەوە و پێبەپێ ڕێگایان بە نهێنی لە لێواری دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەبڕی، تا ئەگەر هیچ بەدبەختیان نەیەتەسەر ڕێ، چاوەڕوانی کەشتی قاچاخی کۆچبەران بکەن.

بێگومان هەڤاڵ بنگۆریۆن خۆت دەزانی گەر هات و ئینگلیز و ئەمریکاییەکان لە کۆتاییدا بوخنواد[21] Buchenwald ...

پیرەمێرد گوتی: " بەڵێ دەزانم"، زۆر کەس لە پاشملە بە بنگۆریۆنیان دەگوت پیرەمێرد. لەسەری ڕۆیشت و گوتی: "بەڵێ دەزانم و بڕواش دەکەم، من کۆمەکتان دەکەم."

نیسان ئەو مانگە بوو، کە ئاڵمانەکان بە فەرمی خۆیان بەدەستەوە دا.

---

[21] ئەو ئۆردوگایە زۆرەملێیە بوو کە SSەکانی نازی لە ١٩٣٧دا بۆ جوولەکەکانی ئاڵمانیان لە جەنگەڵێکی نزیک شاری وایمار Weimarەوە دروست کردبوو. ئۆردوگایەکە لە ١١ی نیسانی ١٩٤٥ لەلایەن لەشکری ئەمریکاییەوە ڕزگار کرا-وەرگێر

لە هەموو شارێکی فەلەستین خەڵک داڕژانە سەر شەقام و شایلۆغانیان دابەست. لە کیبۆتەکان و گوندەکانیشدا ئاهەنگی خۆش گێڕدران.
وەک کردەی ئاساییانەی خۆی، بنگوریۆن هەوڵی دا دیوەکەی دیکە ببینێ.
"ئەورووپا هەنووکە ئازاد بوو، ئەمما..."
"خەڵک دەڵێن قۆناخێکی نوێ داهات، تیایدا ئاشتی، ماف و ئازادییەکان باڵکێش دەبن.."
"بەڵام تۆ بڵێی کێ ئەمەمان بۆ زامن بکا، ئەوەی قەوما نەقەومێتەوە..؟"
"ئەوەی ڕوویدا بە هیتلەر دەستی پێنەکردبوو. ئاخرچۆن بزانین کە بە مەرگی ئەو کۆتایی بە شتەکان دێ؟"
لە حوزەیراندا بنگوریۆن چووە ئەورووپا تا بە چاوی خۆی شتەکان ببینێ. سەرەتا چووە بولگاریا. جووەکانی ئەوێ بە واتای وشە تەفروتونا کرابوون. ئەو دەموچاوگەلێکی دیتن، هەگیز لە بیری نەچوونەوە. بە تایبەتیش سەروسیمای ئەو منداڵانەی لە ڕاستیدا لەوە تێنەگەیشتبوون کە چیان بەسەرهاتبوو. ئەوان وایان لەو کرد، خۆی وەک کەسێکی ناو ئەفسانەکان بێتە بەرچاو. هەوڵیدا دۆستانە لەگەڵیاندا بجووڵێتەوە. ئەوان لە هەندێ لەو وشە سلاڤیانە دەگەیشتن کە بنگوریۆن دەری دەبڕین، بەڵام ئەوان ڕەق لە شوێنی خۆیاندا دەمان و دەترسان. ئەوان بە چاوی مۆڵەقەوە بە دەموچاوە بەسەر یەکدا قوپاوەکەیان تەماشای بنگوریۆنیان دەکرد.
چەند مانگێک دواتر بنگوریۆن سەبارەت بە چاوی زارۆکەکانی بولگاریای قسەی کرد.
ئەو لەوێ ڕۆیشت و چووە ئاڵمان.
ژەنەڕال دویت ئایزنهاوەر Dwight Eisenhower یش ئەوکات لەوێ دەسووڕایەوە، بنگوریۆن بە سەرکردەی هێزە ڕزگارکارەکان ئاشنابوو. هەر زوو هەر دووکیان حەزیان بە چارەی یەکدی کرد.
بنگوریۆن لە نامەیەکیدا بۆ فەلەستین نووسی: "ئاڵمانی نازییەکان ئێستا وێرانەیە. دیسان گەلی جوولەکە چووووەوە سەر گۆڕی چەوسێنەرەکانی."
هەروەها زیاتری لەو بارەیەوە نووسی:

"من لە ژیاندا پاشماوەکانی کۆلێتە ژێرزەمینیەکانی ئاڵمانم دیتن. من سەردانی داخاو Dachaw و بێلسن Belsenم کرد. ژووری گازم بینی کە ڕۆژ بە ڕۆژ جوولەکەیان تیا دەخنکاندن. دەبوایە بە ڕووتی بچووبانە ژوورەوە، وەک ئەوەی دوشێک بکەن، نازییەکانیش بە تامەزرۆوە لە کونەکانەوە تەماشایان دەکرد، ئاخۆ چۆن دوا دەماریان گرژ دەبێتەوە.
"من تونی مەرگی سوتاندنم دی، کە بە ملیۆنان جوولەکەیان بە زیندووی تێدەئاخنین تا بنە سوتماک. ئەو سێدارانەی بێلسنیشم بینین، کە لە هەموو جەژنێکی جوولەکاندا چەندانێکیان لە قنارە دەدان، لەو کاتەی ئەوانی دیکە دەبوایە ئەو سزا قیزەونانە ببینن کە بۆ کەسانێک ئامادەکرابوون. من ئەو قوژبنانەم دیتن کە سەگی هاریان لێ دانابوون، تاکو پەلاماری ئەو لات و کەترانە بدەن، کە لە ڕیزی جووەکان بەرەو کار یان گۆڕهەڵکەندن بەجێ دەمان. من ئەو دار و دیوارانەم دیتن، کە ژن و پیاوی جوولەکەیان لێ دەبەستەوە و جەللادەکان تا گیانیان دەردەچوو لێیان دەدان.
"من ئەو لاتوپاتە پاشماوانەی جوانەی ئەورووپام بینی، کەمیان لەو شەش ملیۆنە جوولەکە کە سەردەبڕدران دەرباز بوون؛ لە کاتێکدا جیهان بە ساردی، بێباکانە تەماشای گەلێکی دەکرد، کە دوو هەزار ساڵە تاڵاوی ژانی تاراوگە دەچێژێ و قڕدەکرێ."
لەوێشەوە بەرەو لەندەن ڕۆیشت.
وایزمەن و شێرتۆک لە نووسینگەی سەرەکییەکەیان لە شەقامی ڕوسل بوون. ئەوانەی لەمێژ ساڵە بنگوریۆن دەناسن، گوتیان هەرگیز بنگۆریۆنمان وەها نەدیوە. هەموویان سەریان لە گیانە پڕ جۆش و خرۆشە جەنگاوەریانەکەی سوڕمابوو. ئەو ببووە مایەی جێ سەرنجی هەموویان.
لە بەرانبەریاندا گوتی: "وا باشە هەمووتان سەرێکی ئاڵمان بدەن و ئەوە ببینن کە من دیتم."
لەوێشە بنگرتی نەبوو، بەرەو نیویۆرک ڕۆیشت.
ئەمجارەیەیان ستافێکی بۆ گەشتە ئەمریکایەکەی لەگەڵ خۆدا برد؛ چونکە لەوێ کاری گرنگی لەپێش بوون. ریوڤن شیلۆا Reuven Shiloha سکرتێرە سیاسییەکەی کە دواتر بووە نوێنەری ئیسرائیل لە

واشنتن، حایم سلاڤین Caim Slavin ی ئەندازیار، و ئێلیزەر کاپلان Elizer Kaplan ژمێریاری ئاژانسی جوولەکان کە لە یەکەم کابینەی حکوومەتدا بووە وەزیری دارایی، لەگەڵ بوون.
لەوێ لە میوانخانەیەک لە ناوەڕاستی مانهاتن دابەزین و ڕۆژی پاشتر بنگوریۆن پێشوازی لە ڕودۆلف سۆنەبۆرن Rudolf G. Sonneborn خاوەنکاری هەرە دەوڵەمەندی نیویۆرک کرد. کابرا پیاوێکی درێژی قۆز و بیچمێکی بەرچاوی بزووتنەوەی زایۆنیزم بوو. بنگوریۆن پێی ئاشنا بوو، حەزیشی بە چارەی دەهات. بنگوریۆن بانگهێشتی کرد کە "پاروە نانێک" بەیەکەوە بخۆن.
سۆنەبۆرن لەسەر مێزی نانخواردن گوتی: "ئێمەی جوولەکەی ئەمریکا، هیوامان وایە کە پارتی کریکارانی بەریتانی لە هەڵبژاردنی مانگی داهاتوودا بباتەوە. بەڵکو ئەوسا بە بەڵێنەکانیان پابەند بن، ئەرێ وانیە؟"
بنگوریۆن برۆکانی هەڵدان و شانێکی هەڵتەکاند و گوتی:
"من لەوە دەترسم حکوومەتێکی دیکە کەمتر لە بەرژەوەندی ئێمەدا بێ."
" ئایا مەبەستت ئەوەیە، کە سۆشیالیستخوازەکانی ئینگلیز بەڵێنشکێن دەردەچن؟"
"سۆنەبۆرن پرسی: "ئایندەت چۆن دێتە بەرچاو؟"
"ئەرێ ئەو ئەگەرە هەیە کە ئینگلیزەکان لە فەلەستین بکشێنەوە. بڕوام وایە بەرەبەرە دێنە سەر ئەو ڕایە. بەڵام ئەوکات شەڕێکی خۆجێیی هەر ڕوو دەدا."
ئەوەی بنگوریۆن دەیگوت لەگەڵ پێشبینیەکانی ئەوانی دیکە یەکیان نەدەگرتەوە. سۆنەبۆرن بە گومان بوو، بەڵام پرسی:
"گەر وا بقەومێ، ئایا جوولەکەکانی فەلەستین بۆ بەرگری لەخۆکردن تەیار و ئامادەن؟"
بنگوریۆن برۆکانی لێکناو گوتی: "نەخێر، هەر ئەوەشە منی گەیاندۆتە ئێرە."
ڕۆژی پاشتر سۆنەبۆرن زەنگی بۆ نۆزدە کەس لێیدا، لەوانە هەندێکیان لە کالیفۆرنیا، میامی و فلۆریدا بوون.
ئەو بە برادەرەکانی خۆی گوت: "لەو ساتەدا پیاوێکی بەرچاوی فەلەستینی لێرەیە. سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە لە

ماڵی من لە شەقامی ٥٧دا ئامادەبن، گفتوگۆ دەکەین. بەڵام هەموو هەوڵێک بدە تا ئامادە بێت. هەموو پرسەکەش بە نهێنی بهێڵەوە.
ڕۆژی یەکشەممە، ١ی تەموزی ١٩٤٥ کە تاوێکی گەرم بوو لە نیویۆرک. تەنها یەک بانگهێشتراو ئامادە نەبوو. ئەوانی دیکە ئالبێرت شیف Albert Schif، هێنری مۆنتۆر Henry montor، یولیوس فلیگلمان Julius Fliglman، چارلس گوتویرس Charles Gutwirth، جول گرۆس Joel Gross، هارۆلد گولدەنبێرگ Harold Goldenberg، ئابراهام بێرکوۆتز Abraham Berkowitz، شیفەرد برۆود Shepherd Broad، سامۆئیل چێر Cherr Samuel، ویلیەم کۆهن William S.Cohen، فیلیپ لۆون Philip W. Lown، بارنی ڕاپاپۆرت Barney Rappaport، ماکس لیڤنگستۆن Max Livingston، چارلس ڕۆزەنبلوم Charles Rozenbloem، ئێرزا شاپیرۆ Erza Z.Shapiro، یاکوب شاهان Jacob Shahan، ولیوم سیلک William Sylk و سامۆئیل زاش Samuel J.Zachs هەموویان ئامادە بوون.
لە هۆڵە گەورەکەی سۆنەبۆرن کۆبوونەوە. بنگۆریۆن لەسەرێکەوە دانیشتبوو هەر قسەی بۆ دەکردن. ئەوەی لە ئەورووپای دیتبوو بۆی گێڕانەوە. ئەوسا هاتە سەر فەلەستین.
لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا مێزێکی پڕ زەڵاتە و خواردن دانرا بوو، بەڵام کەس کاتی ئەوەی نەبوو دەستی بۆ ببا. هەندێک لە ئامادەبووان خواردنەوەی سارد و تەزییان دەخواردەوە، کەچی بنگۆریۆن لەسەریەک قسەی دەکرد؛ کراسێکی لەبەردابوو، ئارەقە بە دەموچاوی دەهاتە خوارەوە، واش قسەی دەکردن هەروەک لە کۆنفرانسێکی ماپای دانیشتبێ.
ئەو پەرۆشییەی لە ناخیدا هەڵدەقولا، باندۆری خۆی لەسەر خاوەن بانکەکان، پیشەسازان، پارێزەران، بازرگانان، بۆرسەچییاندا دانا. ئەوان سێ سەعات گوێیان لە بنگۆریۆن گرت و پاشانیش پرسیاربارانیان کرد. بنگۆریۆن داکۆکی لەو دیمانەیە دەکرد، کە هاتنە کایەی دەوڵەتێکی جوولەکە تاکە چارەسەرێکی واقیعیانەی گونجاوە، بەڵام هەروەک گوتی؛ جاڕدانی دەوڵەتەکە ڕەنگبێ جەنگی لێبکەوێتەوە.

پێیگوتن: "من هیچتان لێ داواناکەم، بەڵام ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە بیکەین، باندۆری خۆی لەسەر پێگەی ئێوە وەک جوو دادەنێ، بۆیە ئەرکێکە لەسەرم هۆشداریتان بدەمێ. ئەگەری ئەوە هەیە داوای قوربانیی زۆرتان لێبکرێ."

کاپلان تێیگەیاندن، کە شەڕ چ خەرجییێکی دەوێ. شیلۆهیش لەسەر دەرهاوێشتە سیاسییەکانی شەڕ قسەی کرد.

خەریک بوو دۆخەکە تارمایی بکەوێتە سەرو بێباکیی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەوان هێشتا قسەیان کردن. تاریکی داهات و یەکێکیان خواحافیزی لێکردن و کۆبوونەوەکەی جێ هێڵا.

پێش ئەوەی پیاوەکان پەرت ببن و بڕۆن، لەسەر چوار خاڵ ڕێک کەوتن. هەر نۆزدە ئەمریکاییەکە بەڵێنیان دا، ئەوەی لە توانایاندا بێ قسوور نەکەن. ئەندامانی کۆنفرانسەکە سۆزی خۆیان دا، سەرتاپای دانیشتنەکەیان و ئەنجامەکەی زۆر بە نهێنی بمێنێتەوە. کۆدەناوی چالاکیەکەیان ناوی "پەیمانگای سۆنەبۆرن"ی بەسەردا درا. هەر کاتێک بنگۆریۆن بە پێویستی زانی و کاتەکەی گەیشت ئەوا پەیوەندییان پێوە گرێ دەداتەوە.

بەو شێوەیە پەیمانگای سۆنەبۆرن نافەرمییانە، کە ڕێکخراوێکی نهێنی هەموو نەتەوەکە بوو، پشتگیری هاگاناي کرد.

کەواتە بنگۆریۆن دەیتوانی بگەڕێتەوە فەلەستین.

لە کاتێکدا گەیشتەوە فەلەستین، بۆ یەکەمین جار لە دوای جەنگدا لە ئینگلستان هەڵبژاردنی گشتی کرابوو، پارتی کرێکانیش بردبوویەوە.

لە هیچ وڵاتێک هیچ پارتێکی سیاسی بە قەد پارتی کرێکارانی بەریتانیایی بە فەلەستینەوە پەیوەست نەبوو. لە کۆنگرەیەکی پارتی کرێکاراندا پێشنیازێک پەسەند کرا، کە سنوورەکانی فەلەستین بەرفراوان بکرێ، عەرەبەکان بگوازرێنەوە، کۆتوبەند لەسەر کۆچی جوولەکان هەڵبگیرێ؛ لە کۆتاییشدا بانگی دەوڵەتێکی جوولەکە لە فەلەستیندا بدرێ. ئەوەش زۆر لەوە زیاتر بوو کە بنگۆریۆن، وایزمەن یاخود ئەوانی دیکە داوایان دەکرد.

لە شەوی ٢ی تەممووزی ١٩٤٥دا، جووەکانی فەلەستین بە تامەزرۆوە گوێیان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئینگلستانەوە گرت. لە ئۆرشەلیم،

حەیفا، تەلئەبیب، زانکۆی سەر کیوی سکوپس Scopus و لە کیبۆتەکانی نەقەب دەست بە ئاهەنگێڕان کرا. شایلۆغان دابەسترا وەک ئەوەی پارتی کرێکاران بەڵێنەکانی بەجێ هێنابێ.

لە کاتی هەرای ئەو بەزم و ڕەزمەدا، بنگوریۆن لە ژووری خوێندنەکەی خۆی سەرقاڵی نووسینی وتارێک بوو لە ژێر سەردێڕی: "تاکە چارەسەری دۆزی جوولەکە."

زۆر کۆپلەی نووسینەکە ئاراستەی پیاوەکانی داونینگ ستریت ژمارە ١٠ Downing Street No.10 و نووسینگەکانی کۆشکی سپی بوون.

"هەنووکە جەنگ کۆتایی هاتووە، ئیدی کەس ئەوەمان لێ چاوەڕێ ناکا خۆمان بە کۆتوبەندی ڕێنماییەکانی کتێبی سپییەوە ببەستینەوە..."

"لێرەوە ڕێگەکانمان لێک دەبنەوە، مرۆڤ دەبێ یان کتێبی سپی هەڵبژێرێ یاخود دەوڵەتی جوو..."

سکاڵانامەی بنگوریۆن لە دەست ئەوە بوو، هەموو کات گەلەکەی پەکی لەسەر وەڵامنامەی ئەوانی دیکەوە کەوتبوو. لە کۆنفرانسێکی لاواندا گوتی:

"ئەرێ بە ڕاستی ئەوە سەیرە نییە، کە ئێمە ئەوەندە بچووک بین لێبەگەڕێین خۆمان لە ئاست دەسەڵاتێکی زلهێزەوە و ئەگەرەکانی دەسەڵاتدارانی کە قەڵەمڕەویتی جیهان دەکەن، نابینا بکەین؟ باوەڕبەخۆبوون داخوازی هێزەکەی سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤە."

لە ئابدا سەرۆک ترومان Truman ڕاپۆرتێکی لە ئەورووپاوە پێگەیشت: لەو دوو سەد هەزار جوولەکە بێ دەوڵەتەی ئەورووپا، هێشتا زۆریان لە ئۆردوگای پڕ ئاپۆرەی پیسوپۆخڵدا دەژین، دەستە و ئەژنۆ دانیشتوون، ورەیان زۆر نزمە و ڕێژەی مردنیشیان بەرز. ئیدی سەرۆک بە ئاتلیی Atleeی سەرەک وەزیرانی گوت؛ کەوا بە زوترین کات ئەو دوو سەد هەزارە کەسە بگوازێتەوە فەلەستین.

کەمێک دوای سەرکەوتنی پارتی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکاندا، کۆنگرەی زایۆنستەکان بۆ یەکەمین جار دوای جەنگ، لە لەندەن بەسترا. زیاتر لە سەد نوێنەر لە حەقدە وڵاتەوە هاتبوون، بەڵام زۆر لە کۆنە ناسیاوان نەمابوون. هێشتا ئێرنسی بیڤین Ernest Bevin هیچ ڕاگەیاندنێکی

سەبارەت بە سیاسەتەکی لە هەمبەر فەلەستیندا نەدابوو. وایزمەن و زۆرینەی نوێنەرانی کۆنگرەکە پرهیوا بوون.
بنگۆریۆن ڕایگەیاند کە پیاوەکە[22] ئەو کارەی لە دەست نایە بەڵکو پێویستە خۆمان بۆ هێدمەگرتنێک ئامادە بکەین.
بەڵێ، ئەو هێدمەیە لە ١٣ی نۆڤێمبەردا قەوما. بنگۆریۆن و شێرتۆک بانگی وەزارەتی کاروباری کۆلۆنەکان کران. لەوێ دانەیەکی کۆپیکراوی ڕاگەیاندنامەیەکی وەزیری کاروباری دەرەوەیان پێدان، کە بیڤین دەقاودەق ٣٠ خولەک پێشتر لە ئەنجومەنی نوێنەراندا خوێندبوویەوە.
ئەوان بە پەلە گەڕانەوە شەقامی ڕوسل ژمارە ٧٠، وایزمەن بە تاسەوە چاوەڕوانی دەکردن. هەر سێ پیاوەکە بە تامەزرۆوە سەریان بەسەر بەڵگەنامەکەدا گرت و خوێندیانەوە.
بەڵێ ڕاگەیەندراوەکە لەوەش خراپتر بوو کە بنگۆریۆن پێشبینی کردبوو. پشتگیرییە نێو دەوڵەتیانەکەی بزووتنەوەی کرێکاران دیاربوو خەیاڵپلاویی بوو. بەڵێنی سۆشیالیستەکانی ئینگلیز مایەپووچ مانەوە.
بە گوێرەی ڕاگەیاندنامەکە، ئەوەی باسی ڕێگەپێدانی کۆچی بێ کۆتوبەند دەکرا، فشە دەرچوو، هیچ باسیش لەو دوو سەد هەزارەی، کە ترومان قسەی لێوەکردبوو، نەهاتبوو؛ بیڤین ئامادە نەبوو مانگانە ڕێ بە زیاتر لە هەزار و پێنجەد کۆچبەر بدا.
بە گوێرەی ئەوە دەوڵەتی جوولەکە دروست نەدەبوو، بەڵکو تەنها کۆمیتەیەکی نوێ. تاکە جیاوازی لەگەڵ شتەکانی پێشوو ئەوە بوو؛ لەو کۆمیتە نوێیەدا نەوەک هەر تەنها شەش ئەندامی ئینگلیزی تێدا دەبێ، بەڵکو شەش ئەمریکاییش لە کۆمیتەکەدا جێ دەگرن.
ئاخر ژن و پیاوەکانی ئەودیوی تێلدڕی ئۆروگاکان زەبوونتر دەبن، کەچی سەرلەنوێ کۆمیتەیەکی نوێ پێک دەهێندرێ. جارێکی دیکە دەبێ سەرکردە جووەکان دەرفەتی ئەوە بقۆزنەوە،کە ڕاگەیاندننامە دەربکەن و دەست بە نزا و پاڕانەوە بکەنەوە.
ئەوسا جارێکی دیکە ڕاپۆرتێکی دیکە دەردەچێتەوە.
وایزمەن بە کڕیی سەرمێزەکەی بەجێ هێشت. ئەو بە نوشتاوەیی ڕێی دەکرد. کاتێ کە دەرچوو پیرتر دیاربوو لەوەی کە هاتبووە ژوور.

[22] مەبەست سەرەک وەزیرانی بەریتانیایە. وەرگێڕ

بۆ بەیانیەکەی کۆنفراسێکی بە پەلەیان ڕێکخست. سیاسەتی نەرمڕەوی نوشستی هێنا. هەموو چاوێک لەسەر بنگوریۆن بوو. ئەو تاکە هیوایان بوو.

"ئێمە بەرەو مەترسی دەڕۆین، کە لە وڵاتی خۆماندا هێشتا هەر بە کەمینە بمێنینەوە. لە بەرانبەر ئەوەدا یەک تاکە بەرسڤ هەیە؛ ئەویش بەرگری کردنە!"

ڕۆژێک دواتر زەنگێک بۆ رودولف سۆنەبۆرن کە لە نیویۆرک بوو لێدرا؛ زەنگەکە لە لایەن کەسێکی ئەکسێنت ئینگلیز بوو، نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکا.

"من بە دوای سۆراخی سۆنەبۆرنی پەیمانگادا دەگەڕێم، پێموایە بەڕێزتان دەتوانن یارمەتیمان بدەن."

ئەو پیاوەی زەنگەکەی لێدا گەنجێکی لەندەنی بوو بە ناوی سیمۆن مارکس Simon Marks کە پەیامەکەی بنگوریۆنی پێبوو:

"ئیدی کاتی هاتووە!"

لەسەر پێشنیازی بنگوریۆن هەموو ئەندامانی گروپە سەرەتاییەکە برادەرە هەرە لەپێشەکانیان ئاگادارکردنەوە کە بچنە ڕیزی ڕێکخراوە سەیرەکە، کە نە نووسینگە، نە ناونیشانی پۆست، نە تەلەفون، نە ئارشیف، تەنانەت ناویشی نەبوو. یەکەمین شت دەبوایە پەیدای بکەن، پارە بوو. هەموو ئەندامان بە بڕێکی زۆرەوە باروبووی خۆیان پێشکەش کرد، داوای کۆمەکیان لە دۆست و ناسیاوەکانیان کرد، زۆر جاریش پێیان نەدەگوتن ئاخۆ پارەکە بۆکێ دەڕوا.

پەیمانگای سۆنەبۆرن ئەو کەشتیانەی دەکڕین کە مۆساد بۆ بە قاچاخ گواستنەوەی کۆچبەرانی پێویست بوو؛ ژمارەی کەشتیەکان زیاتر لە دوانزە دانە بوون؛ لە نێویشیاندا SSی سەرۆک وارفیلد 'Prsident Warfield' کە سالۆنە بەلەمێکی کۆنی تەنگەی Chespeakebaai بوو، دواترلەسەر ڕوپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی جیهاندا بە ناوی ئێکسۆدوس Exodus ناوی دەرکرد.

بێ ئەوەی چاوەڕێی بەرانبەر بکەن، ئەو پیاوانە کەشتیگەلێکیان بە نهێنی بۆ وڵاتێک کە هێشتا هەر لە خەوندا بوو، پێک هێنا، گەرماتبا و ئینگلیزەکانیش زەوقیان هەبووایە هەمیشە بە خەون دەمایەوە.

فرۆکـە، چـەک، کەلوپـەلی دیکـە کـڕدرا و لـە شـوێنی جیاجیـا بـۆ ڕۆژی پێویستی خۆی حەشار دران.
"پیرەمێردەکە" تاکە دەسـەڵات بـوو کـە پەیمانگاکـە دانـی پێدانابوو. لـەلای ئەویشەوە ئاماژەیان پێدرا کە ماشێنگەلەکە بکەوێتە گەڕ و ئیدی:
"کاتەکەی هاتووە!"

بەشی ١٠

✡

لە ساڵی ١٩٤٦دا لە فەلەستین زنجیرە پیلانگێڕییەکان لە برەودابوون، بەڵام کەم کەس لە تەماشاکارەکان-یان پشکدارەکان- دەقاودەق دەیانزانی ئاخۆ چۆن کۆتایی پێدێ.
ساڵ ساڵی ململانێکان بوو: بنگۆریۆن دژی بیڤین، ترومان دژی ئاتلیی، ڕێکخراوی ئیرگون دژی هاگانا، ترومان دژی لایەنگرانی عەرەب لەنێو وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆیدا، بنگۆریۆن دژی وایزمەن، نەرمڕەوەکان دژی چالاکەکان.
ساڵ ساڵی تووڕەیی ڕشتن بوو، گفتوگۆی بێ سەروبەر، چالاکی قاچاخانە، شەڕ و دەمەقاڵێ، تیرۆر و لە پڕێکەوە کوشتنی زۆر.
لەو ساڵەدا تاڵترین ململانێ لە نێوان سەرکردەکانی وڵاتێکی بچووک کە هێشتا نەهاتبووە کایە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی دەوڵەتێکی زلهێز، کە لە ڕوانگەی هەندێکیانەوە لە قۆناخی کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی نزیک بۆتەوە، لە ئارادا بوو
مرۆ دەیتوانی ململانێکە بە زۆرانبازی نێوان داود و گۆلیات Goliath (شەمشون/زەبەللاح) بچوێنێ، بەتایبەتیش کاتێ مرۆ لایەنی کەسایەتی هەر دوولایان لەبەر چاو نەگرێ، بەڵکو تەنها لایەنی قەبارەیی بهێنێتە بەرچاو؛ بەوەی جووەکان وەک لەپی دەستێکی پڕ لە هێلێکی درێژکۆلەی وڵات لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستەوە لەگەڵ زلهێزێکی وەک دەوڵەتی بەریتانیای گەورەدا لە ململانێدا بێ. بەڵام کەس ناتوانێ کەسایەتیەکانیش لە یاد بکا، چونکە ململانێیەکی توندیش لەنێوان هەر دوو پیاوەکەدا هەبوو.

ڕەنگبێ ئەوە سەیربێ کە بنگۆریۆن ئەوەندە بە چەرچڵ سەرسام بووبێ، کەچی هەستێکی قووڵی سووکایەتی بەرانبەر بیڤین هەبوو. ئەو و بیڤین چەندان خاڵی هاوبەشیان هەبوون. هەردووکیان سکرتێری گشتیی یەکێتی سەندیکای دەسەڵاتداری کرێکاران بوون. لە سەرکردایەتی سەندیکاییەوە بەرەو سیاسەت ڕۆیشتبوون. هەردووکیان خەباتیان دژی ڕووتاندنەوەی چینی کرێکاریی دەکرد و هەردووکیشیان پێیاین وابوو بەرفراوانبوونی سەرمایەداری، مەترسییە.
تەنانەت لە ڕواڵەتی سەروسیماشیانەوە، خاڵی لەیەکچوو هەبوو. هەر دووکیان کورت بەڵام بەرین بوون. هەر دووکیشیان بە خۆڕسک تێکۆشەر بوون.
دوو ساڵی ڕەبەق ملیان لەبەریەک نا. بێ ئەوەی ماندوو ببن، بێئەوەی زۆرانبازییەکەیان شەقڵێکیش وەربگرێ. هەردووکیان یەکدییان بە پەیڤی نادۆستانە و دەربڕینی تووڕەییانە دەشوشتەوە. ئەوان سووکایەتیان بە یەکدی کرد، بێڕێزیان بەرانبەر یەکدی دەنواند، بە یەکدیان ڕادەبوارد و سکاڵایان لەیەک دەکرد.
بیڤین لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی، گوایە هەموو بەڵگەنامەکانی دەربارەی فەلەستین سەراوبن کردوون، هەروەها لە بایبل و قورئانیشی کۆڵیوەتەوە، بەڵام لە هیچ شوێنێک وڵاتی بەڵێنپێدراوی نەدۆزیوەتەوە، کە جووەکان دەهۆڵی بۆ دەکوتن گوایە دەوڵەتی خۆیان لەسەر بنیات دەنێن.
بنگۆریۆن بە نووسین وەڵامی دایەوە، کە قسەی لەسەر نییە ڕێزدار بیڤین هەموو بایبلی نەخوێندۆتەوە، هەروەها دیارە لە ڕاگەیەندراوەکانی وڵاتەکەی خۆشیدا کەم ئاگایە.
بیڤین ڕایگەیاند کە ئەو نۆهەد ملیۆن موسوڵمانە[23]ی هیندستان[24]یش زۆریان پێخۆشە بێنە فەلەستین بژین.
بنگۆریۆن بەرسڤی دایەوە:

---

[23] لە دەقەکە موحەمەدییەکان هاتوە، چونکە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بەتایبەتیش هۆڵەندیدا لە جیاتی موسڵمان دەگوترێ موحەمەدی، بە ناوی پێغەمبەرەکەیانەوە دەناسرێتەوە. وەرگێڕ
[24] ئەو کات هیندستان، بەنگلادیش و پاکستان یەک وڵات بوون. وەرگێڕ

- "من ئاڵنگاری سەر وەزیری کاروباری دەرەوە دەبمەوە گەر ئەوە بسەلمێنێ، لەو نۆهەد ملیۆن موسڵمانەی ئەوێ تەنها نۆهەد هەزار کەسیان لە هیندستان ناوی فەلەستینیان گوێ لێبووبێ!"

بێڤین بە زمانی مامۆستایەکی قوتابخانە نەوەک بە زمانی وەزیر قسەی دەکرد، ئەو جوولەکەی تەمبێ دەکردن کە "نابێ لەسەر ئەوە مکوڕبن پێشوەخت لە ڕیزدا بوەستن."

بنگوریۆن لە وەڵامەکەیدا لەوە ورد دەبووە کە زانیاریەکانی بێڤین "کێماسییێکی بەرچاویان تێدایە". ئەو سەبارەت بە هەندێ پرس "بابایەکی نەزانە"، ئەو کۆنەپارێزێکە و پارتی کرێکرانی بە خراپی لە ڕاژەی بیردۆزە بەسەرچووەکان بەکاردەهێنێ تا ڕوویان جوان و قشتیلە نیشان بدا.

بێڤین بنگوریۆنی بەوە تاوانبار دەکرد، گوایە کاتێک شت ڕادەگەیەنێ بە شاشی ڕامان و گریمانە دادەنێ، بەوەی هەموو پاشماوە جووەکانی ئەورووپا ئامادەن بۆ فەلەستین کۆچ بکەن.

لە وەڵامدا بنگوریۆن نووسی:

- "ئایا ئەوە جەنابی بێڤین نییە کە کەشتیگەل، فڕۆکە و پەرەشوتوانەکانی ناردونەتە فەلەستین تا ڕێگە لەو کۆچبەرانە بگرن، کە حەز بە کۆچ ناکەن؟"

بێڤین جارێکیان بە ئاشکرا بە تووڕەیی دابەزیە سەر ترومان، ئەمریکایەکان تەنها پێ لەسەر ناردنی ئەو سەد هەزار جوولەکە بۆ فەلەستین دادەگرن، "لەبەر ئەوەی حەز ناکەن ئەو ژمارەیان لە شوێنێکی وەک نیویۆرکدا هەبێ."

ئەمجارەیان پێوست نەبوو بنگوریۆن خۆی بە وەڵامدانەوە ماندوو بکا. دوو سیناتۆری نیویۆرک بە توندی بەرسڤی بێڤینیان دایەوە و بە "ناڕاست و دەربڕینی دژەسامیانەیان" تۆمەتبار کرد.

لە هەمان سەردەمدا بنگوریۆن کە لەوە بێزار ببوو وەک زڕمنداڵێکی نەخوازراو سەودای لەگەڵدا بکرێ، نووسی:

- "لەمەوپاش ئێمە تەنها لەگەڵ ئینگلستاندا لەسەر بنەمای سیاسەتی هاوبەشی نێوان دوو لای سەربەخۆ کە هەرچەندە لە

هێزیشدا هاوسەنگ نین، بەڵام هەمان مافیان هەیە، دانوستان دەکەین."

لە سۆنگەی ڕەفتارە توندەکەی بیڤین، وینستۆن چەرچڵ قسەیەکی وای کرد، کە ئەمە "دژوەستانەوەیەکی ئاستنزمی جوولەکانە".

هەر لە سۆنگەی ڕەفتارە فیززلیەکەی بیڤنەوە بنگۆریۆن بە شێوەیەکی دیکە داڕسایەوە:

- "لەگەڵ گریمانەکەی هیتلەر و لایەنگرانی، هێشتاش باوەڕمان وایە، کە جوولەکەکان هەروەک ئینگلیزەکان و هەموو ئەوانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە چ وەک تاک یان وەک گەل بژین.
- "بەڵام ئێمە هەروەک ئینگلیزەکان لەو بڕوایەداین، هەندێ شتی دیارکراو لە خودی ژیانیش بایەخدارترن، بۆیە ئێمە پێمان باشترە لە پێناویدا بمرین لەوەی دەستبەرداری ببین."

ئەوە هاواری خەبات بوو. داڕسانێک بوو ڕووبەڕووی حکوومەتی کرێکاران، سوپای بەریتانی، مارینز، هێزی ئاسمانی و ڕێزدار بیڤین کرابووەوە.

لەم زۆرانبازییەدا بۆ هەموو کەسێک، کە بیتوانیبا نێوان دێڕەکانی ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە، ئاشکرا و دیار بوو، کە بیڤین لەسەر بنەمای دەربڕینەکانی پێویستە وەک دژەسامییەک تەماشا بکرێ.

بنگۆریۆن لە درێژەی ململانێیەکەدا سەرکردەیەکی کۆڵنەدەری گەلەکەی بوو، زۆری نەمابوو بگاتە کۆتایی بیرۆکە سەرمەشقەکەی، کە خەریک بوو لە پێناویدا سەری تێدابچێ.

بەڵام هێشتا زۆر شتی دیکە ماون ڕووبدەن تا بگاتە دوا مەبەست.

ئەو دوای نیوەڕۆیەی کە بیڤین ڕاگەیاندراوەکەی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پێشکەش کرد، سەرکردە جووەکانی جڤاکی فەلەستین بڕیاریاندا، ڕۆژی دوایی لە سەعات دوانزەی نیوەڕۆوە تا نیوەشەو بۆ ناڕەزایی مان بگرن.

هەموویان دەستیان لە ئیشی خۆیان هەڵگرت و لە ناوەندەکاندا بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان کۆبوونەوە. لە تەلئەبیبدا سی هەزار جوولەکە کۆبوونەوە؛ بە شێوەیەکی ئاسایشپارێزیانە ڕاگەیاندنەکەیان شەرمەزار کرد.

هەمان شەو دەستە و تاقمە بچووکە توندڕەوەکان توندوتیژتر جووڵانەوە. ئەوان بە زۆر چوونە دامودەزگاکانی میری، کەلوپەلەکانیان تێکدەدا، دۆسیەکانیان دەدڕاند، لێرەولەوێش ئاگریان لە هەندێ شت بەردا.
جوولەکە و پۆلیسی ئینگلیز بێهودە هەوڵیان دا بارەکە هێور بکەنەوە، لە دوایشدا هێزەکانی بەریتانی بەدەرکەوتن و تەقەیان کرد و چەند جووێکیشیان بەر گوللەدان. بەم جۆرە قەدەخەکردنی هاتوچۆ جاڕدرا و لەشکری ٦٠ی ئێربۆرن Aireborne هاتە ناو شار.
لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی بەدوایدا هات شەڕی زیاتر و تەقەی زیاتری لێکەوتەوە؛ ژمارەی کوژراوەکان بەرز بووەوە. نەخۆشخانەکان ڕاپۆرتیان دا، کە زۆر زارۆکی جوولەکە لەنێو قوربانیەکان دان، هەندێکیشیان برینەکانیان زۆر سەختە، چونکە گوللەی وا بەکارهاتوە کە لەناو جەستەدا دەتەقێتەوە و گۆشتەکە هەلابەهەلا دەکا.
لە یەکێ لە ڕۆژنامە عیبرییەکاندا کاریکاتۆرێک لێدرابوو، نمایشی ژووری نەشتەگەری نیشان دەدا، دکتۆری نەشتەرگەر بە یارمەتیدەرەکەی دەگوت:

- "سەیرکە، ئەو ئینگلیزانە چ نیشان ئەنگێوێکی کارامەن، تەنانەت ئەو ئامانجە ورد و بچووکانەشیان لە دەست دەرناچێ و دەیپێکن!"

پێش ئەو ڕۆژگارە، تیرۆر لە سنوورێکی دیارکراودا بوو. ئۆتۆمبێلی بارکراو بە دینامێت دەستی بەسەردا گیرابوو، هێڵی ئاسنین دەتەقێنرایەوە و تاک تاکە کوژراویش هەبوون.
بەڵام هەنووکە بنگوریۆن شەڕی دژی ئینگلیزەکان جاڕدابوو. ئەو هێمایەی پێدان، کە بە دزییەوە کارگەی تەقەمەنی بخەنە گەڕ و بەردەوامیش پەیوەندی لەگەڵ پەیمانگای سۆنەبۆرن و ڕێکخراوی دیکەی چەک کڕیندا هەبوو.
لەو نێوەدا ئەو کەوتبووە هەڵوێستێکی ناجێگیر. لە خۆڕسکەوە ئەو کەسێکی پاسیف بوو. کەیفی بە توندوتیژی نەدەهات و هاوکارەکانی هەر زوو بۆیان دەرکەوت، کە کردەی کوشتن ڕەت دەکاتەوە. کەچی

هەنووکە دوای ڕووخانی سیاسەتی وایزمەن، ئەو شۆڕشی بە تاکە چارەسەر دەزانی.
ئەوەی بنگوریۆن دەیەویست شۆڕشێکی خوێناوی نەبوو. دەیویست شەڕی ئینگلیزەکان بە هەمان شێوازی خۆیان بکا. ئەو تاکتیکەی دەیەویست بۆ ناچارکردنی دەرچوونی ئینگلیز لە فەلەستین، پەیڕەو بکا: گەیاندنی ژمارەی زۆری کۆچبەران بە قاچاخ، کردەی تێکدان لە هەموو لایەک، تەقاندنەوەی دامەزراوە ئینگلیزییەکان، ناوبەناو ڕفاندنی یەکێک. بەڵام نابێ نە تیرۆر نە ئازار و ئەشکەنجە، نە کوشتن، گەر بێ و بتوانرێ لێی دوور بکەونەوە، پەیڕەو بکرێ.
بنگوریۆن چەمکی بەرەنگاری ڕوون کردەوە:

- "ئایا بەرەنگاری چی دەگەیەنێ؟ بەرەنگاری ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو وزەمان، هەموو توانامان بۆ نشینگەبوون تەرخان بکەین. بەرەنگاری ئەوە دەگەیەنێ، کە ئێمە گەلەکەمان تێبگەیەنین و بۆ ئازادی جۆش بدەین، دەبێ لە هەموو لایەک بانگەشە بۆ سیاسەتی زایۆنیزم بکەین، پێویستە کاربەدەستان، سەرکردەی سەندیکاکان، پارتە سیاسییەکان و ڕێکخەرەکانی کڵێساکان و هەموو دەستە و تاقمەکان بخەینە پاڵ بیرۆکەکانمان. بەرەنگاری واتای ئەوە دەگەیەنێ، لە ڕۆژنامەکانمادا بنووسین، کە خەباتمان بە سیاسەتی جیاکردنەوە (discrimination)ەوە بەندە، ئێمە بۆ هەموو مافێکمان تێدەکۆشین، ئێمە بەرانبەر دوژمن و شوێنپێهەڵگرانیان ڕادەوەستین، ئێمە وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، کە ویست و توانا و ئەرکی خۆی هەیە، ڕەفتاری لە داکۆکی لەخۆکردن و خۆپاراستن، دەنوێنین."

بیرۆکەکانی بنگوریۆن لە لایەن ڕێکخراوی ئیرگۆن و تاقمی ئەستێرە گوێی پێنەدرا. سەرکردەکانی ئەوان بەشێکی زۆریان لە گەنجە تالاونۆشەکان بوون، کە لەمێژ نەبوو لە ئاوروپاوە گەیشتبوون، لەوێ هیتلەر فێرە ڕق و کینەی کردبوون. ئەوان ئەوەندە کوشتارگەیان دیتبوو، گەواهیدەری کردەگەلی دڕندانەی وا بوون، کە چیدیکە کەسانێکی ئاسایی نەمابوون. ئەوان بە بێهەڵوێستی ئینگلیزەکان لەمەڕ ژان و کەسەری جوولەکەکانی ئەورووپا و بە گوتە دژەسامیەکانی

بێقین، کەللـەیی و دەهـری دەبوون. ئـەوان بـە چـاوی خۆیـان تووڕەییـە بێدەســەڵاتەکەی خۆیــان بەرانــبەر ئــەو هەمــوو کەشــتیانەی کــە هاورەگەزەکانیان لێ بارکرابوون و گەیشتبوونە وڵاتە بچووکەکە، بـەڵام ئینگلیزەکان لێنەدەگەڕان دابـبەزن، ئیدی شێلگیرانەتر بـەرەو توندوتیژی دەڕۆیشتن.

زۆر لـە لایـەنگرانی ئـەو ڕێکخراوانـە گـەنج بـوون، زۆریـان جـوولەکەی ڕۆژهــەڵاتی بــوون، هێشــتا پێنەگەیشــتبوون و ئــەزموونی سیاســیانەیان نــەبوو، هــیچ هــەوڵێکی تێگەیاندنیشــیان نــەدرابوو. بــە پێچەوانــەوە ســەرکردەکانیان دنـەی هەسـت و سـۆزیان دەدان و تیژتریـان دەکـردن؛ بێباکانــە ژیــان و ئینجــا لــەپێناو ئامــانجێکی بــەرز و پیــرۆزدا، هــزری خۆبەختکردن سەرمەشق و پێشەنگیان بوو.

لەسەرەتادا هاگانا هەوڵیدا لەگەڵ ئەو توندڕەوانەدا هاوکاری بکا. دواتر مـرۆ هەوڵیـدا بانـدۆر بخاتـە سـەر کـردە بێباکـەکانیان. لـە دوا دواییـدا هەوڵیـدا بـە توندوتیژی دایـان بمرکێنێتـەوە، چونکـە مـرۆ لـەوە دەترسـا کردەکانیان لە دواییدا هەموو دەرفەتێکی سەرکەوتن لەدەست بدا.

بنگۆریۆن لەو تاکتیکە جێگۆڕکێیە بەردەوامەدا کە پاڵنەریان بوو، ڕەوتی کاروبارەکان وای لێکرد لەبەردەم کۆمیتەکانی لێکۆڵینەوەدا حاشایی بکا. ئەوکاتــەی هەوڵیــدا تیــرۆر جڵــەو بکــا و کۆتــایی پێبهێنــێ، ســەرکردە توندڕۆیـەکان دەستیان بۆ هەموو ئامرازێک برد تا درێژە بە کردەوە تیرۆریستیەکانیان بدەن.

تیـرۆر، بنگۆریـۆنی ناچـارکرد بڕیـاری پێنجـەمی ژیـانی بـدا. لـە ١٩٤٦دا دەبوایە بڕیـار بـدا، ئاخۆ ئامـانج پاسـاوی ئامرازی بـەدیهێنانی دەداتـەوە. بەڵام ئەوە هەرگیز پرسێکی پاک و بێگەرد و سنوور ڕۆشـن نـەبوو، کە مـرۆ مـەرامێکی فەلسـەفیانە لێکبداتـەوە و فتـوای لـەبارەوە دەربکـا. ئـەو شۆڕشــەی دەیەویســت ڕابەڕایــەتی بکــا لەگــەڵ بەرەنگاریەکــەی گــەلی ئەمریکـایی یـەکی دەگرتـەوە، ئـەوان سـەد و حـەفتا سـاڵ پێشـتر لەگـەڵ ئینگلیزەکــان لــە ململانێـدا بـوون، چونکــە دەیانەویســت بــە بــەری داری ئازادی و سـەربەخۆیی بگەن. هەروەک ئەوکات، هەنووکەش خۆلادان لـە خوێنڕشـتن کـارێکی ئەسـتەمە. لەوانەیە هەمـوو ئـەو چەکانـەی بـە نهێنـی

کرۆدراون و حەشاردراون، بەکار بهێنرێن. بنگوریۆن پێیوابوو شۆڕش و جەنگیش ڕەوشتی خۆیان هەیە.
تیرۆریستەکان کەیفیان بە بیروڕای جیاوازی فەلسەفیانە نەدەهات. پاساوی ئەوان ئەوە بوو، کە بە ڕێوشوێنی تیرۆر، سوپای بەریتانیا ناچار بکەن فەلەستین جێ بێڵێ.
کاتێک تاقمی ئەستێرە، لۆرد مۆینەیان لە قاهیرەدا ساردکردەوە، بنگوریۆن بۆ گەلی خۆی و جیهانی ڕوون کردەوە، کردەوەکە بە هیچ شێوەیەک فڕی بەسەر بیرۆکەی ئەودا نەبووە، نیازی ئەو نەبووە بەو جۆرە دژایەتی ئینگلیزەکان بکا.
لەمەوپاش وای لێهاتبوو نزیکەی ڕۆژانە بنگوریۆن پێویستی بەوە بوو بڕیارێک بدا ئاخۆ ئەو کردە نوێیە، یان شێوەیەکی دیکەی شەڕ و بەرەنگاری بەرپرسایەتیەکی ڕەوشتیانەی هەیە، یاخود دەکرێ ئەو گردبوونەوەی خەڵکی ناپەسەند بکرێ هەر چەندە کردەکە لەلایەن جووەکانەوە کراوە کە بۆ هەمان ئامانج تێدەکۆشان.
لە فەلەستیندا زۆر بوون ئەوانەی گیرۆدەی هەمان کێشە ببوونەوە. چیرۆکی ئەو کۆبوونەوەیەی لەلایەن ئالیاه کاداسا Aliyah Khadasha پارتی پێشڤەڕۆ ناسراوە، کە هیچ سەرەدەریان لەگەڵ ئینگلیزەکان نەدەویست. ئەندامێکیان گوتی:
- "هاگانا ڕادیۆیەکی بە نهێنی هەیە، ڕێکخراوی ئیرگونیش هەیەتی، ئەدی باشە بۆچی ئێمەش نەمانبێ؟"
بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازەکە وەرگیرا؛ کۆمیتەیەک بۆ هەنگاونانی پێویست پێکهێنرا. لە کۆبوونەوەی داهاتووی پارتەکەدا سەرۆکی کۆمیتەکە ڕاپۆرتی خۆیانی خوێندەوە:
- "بە داوای لێبوردنەوە دەبێ پێتان ڕابگەیەنم، من نەمتوانی ئەرکەکەم بەجێ بگەیەنم. ئینگلیزەکان مۆڵەتنامەی وێستگەیەکی پەخشی نهێنیان پێنەدام!"
لە مارتی ١٩٤٦دا کۆمیتەیەکی ئانگلۆ/ئامریکی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆزی فەلەستین بۆ گوێگرتن لە گەواهیدەران گەیشتە ئۆرشەلیم. دوانزە ئەندامەکەی کۆمیتەکە سەلیقەیەکی دۆستانەیان نەبوو. گەشتەکەیان بە شەمەندەفەر لە قاهیرەوە بۆ ئۆرشەلیم، شانزە سەعاتی خایاندبوو.

زیاتر شاری پیرۆزیان وەک مۆڵگەیەکی سەربازیانەی دەهاتە پێشچاو لەوەی کە ڕێڕەوی حەجی سێ ئاینی جیهانیی بێ. هەموو تەلارە گرنگەکان بە تەلبەند پەرژین کرابوون. دەروازەی میوانخانەی شا داود کە کۆمیتەکەی لێدابەزیبوو، حەشارگەیەکی ژێرزەمینی بوو، لا شەقامەکان تانکی سەربازیی لێبوون، لەسەر بانەکەشیەوە سەربازی چەکداری لێ داندرابوون.

میوانخانەکە خۆی لە شێخەکانی عەرەب تەژی بوو، لێکۆڵەرەوە تایبەتەکان، ئاژانەکانی زایۆنیزم، بێژمار نێردەی ڕۆژنامەوانی، وێنەگرەکان و ئەفسەرانی ئینگلیز.

پێش ئەوەی شاهیدی شاهیدەکان وەربگرن، کۆمیتەکە لەلایەن کۆمیسیاری باڵای بەریتانیا لە تەلارێکی خۆشی مەزن کە بەسەر دۆڵی ئوردندا دەیڕوانی بەڵام سەربانەکە نیشانەنگێوە سەربازەکانی لەسەر بوون، پێشوازیان لێکرا.

بنگۆریۆنیش کە بانگهێشتنامەی بۆ هاتبوو، حەزی دەکرد قسەیەک لەگەڵ ریچارد کرۆسمان Richard Crossmanی پرۆفیسۆری ئۆکسفۆردا بکا. ناوبراو لە دەستەی نووسەرانی New Statesman and Nationlyی لیبراڵەکان بوو، لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیشدا لە ئەنجومەنی نوێنەراندا نوێنەری پارتی کرێکاران بوو. بنگۆریۆن ویستی فەیلەسووفە ئینگلیزەکە، کە لەگەڵ پێنج هاوڵاتی خۆیەوە فراکسیۆنی ئینگلیزییان لە کۆمیتەکە پێک دەهێنا، کێش بکاتە گۆشەیەک و بەیەکەوە بدوێن: "کاتێک بەر لە ساڵێک بە زمانی گریکی "کۆماری ئەفلاتون"م بە قووڵی خوێندەوە، کتێبەکەی بەڕێزتانیشم 'Plato Today' خوێندبووەوە.

کرۆسمان خۆڕسکیانە پێیخۆش بوو. بەڵام بنگۆریۆن لێیپرسی:

- "ئەرێ تۆ بۆ ئەفلاتون هەروەک فاشستێک وێنا دەکەی؟"

گرۆسمان سوورهەڵگەڕا و گوتی من هەرگیز مەبەستێکی وام نەبووە.

لەو کاتەدا یاریدەدەرێکی کۆمسیاری باڵا دەستێکی لە شانی کرۆسماندادا و شتێکی بە بناگوێدا چرپاند.

بنگۆریۆن لێی پرسی: "ئەرێ چی گوت؟"

بە شەرمەوە کرۆسمان وەڵامی دایەوە، کە کۆمسیاری باڵا ئاگاداری داوەتێ، نابێ ئەندامی لیژنەکە قسەی نادیپلۆماتیانە لەگەڵ بنگوریۆندا بکا.

کاتێک گرۆسمان لای ئەو ڕۆیشت، بنگوریۆن خەندەیەکی داماوانەی بۆ کرد.

ڕۆژێک پاشتر وەک شاهیدێک گوێ لە بنگوریۆن گیرا. ئەو و هاوڕێکانی ئەزموونی وایان زۆر هەبوو، زۆر جاری دیکەش ئیفادەی خۆیان لەبەردەم ئەو جۆرە کۆمیتانەدا داوە. هی ئەمجارەیان هەژدەهەمین کۆمیتە بوو بۆ فەلەستین دەنێردرا. کۆمیتەی ئەم جارە سکرتێر، کامیرا، فایل، پرسیی دەقاودەق، بنەمای نەگۆڕ و پێشکات دەرەنجامی دیاربوو.

بەڵام پێکهاتەی کۆمیتەکە لەهی جاران جیاوازتر بوو. لەنێو کۆمیتە نوێکەدا ئەمانەی خوارەوەی تێدابوون: پارێزەرێکی کالیفۆرنیایی، دادوەرێکی تاکساسی کە لە هۆستن Houston، لەو شاری لێی لەدایک ببوو، کۆتایی بە تاقمی دژەسامی Ku-Klux Klan هێنا بوو. سەرنووسەرێکی بۆستن Boston و پرۆفیسۆری لیبرال کرۆسمان.

لە کاتی ئیفادەدانەکەدا بنگوریۆنیش یەک دوو پرسی هەبوون:

- ئەرێ بۆچی بەردەوام خەڵک، ئێمە جیادەکاتەوە و لێمان پڕە؟.. جوولەکەکان تاقانە نین کە لە ئەوانی دیکە جیاوازبن. لە ڕاستیدا ئەوان لەوانی دیکە جیاواز نین، چونکە جیاوازیی واژەیەکی ڕێژەییە. جوولەکە ئەوانەن کە هەن. ئەوانی دیکەش ئەوانی دیکەن، بەڵام لە چاوی زۆرینەدا جوولەکەکان ئەوانی دیکەن. ئێمە ئەوەین کە هەین، لەوەشدا ڕەخنەمان نییە. ئایا ئەوە تاوانە...؟
- من دەزانم کە دانیشتوانی پارزەمینی ئەورووپا ئینگلیزەکان بە ئاساییانە نابینن. بەڵام ئینگلیزەکان خۆیان پێ نائاسایی نییە. بە چاوی ئەوان خەڵکانی دیکەی ئەورووپا نائاساییین. پیاوی ئینگلیز ئەوەیە کە هەیە، بەڵام کەس بە شتی دیکەی نابینێ. کەچی جووەکان بە شتی دیکە دەبینرێن. نەوەک لەبەر ئەوەی ئەوان شتی دیکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنێک هەر کەمینە

پێک دەهێنن. ئەوان هەمیشە لە هەمبەر سووکایەتی پێکردنی ئەوانەی کە جیاوازیەکەیان بە دڵ نەبێ، زەبونن."

ئەوسا ڕووی کردە ئەندامە ئەمریکاییەکانی کۆمیتەکە و گوتی:

- "زیاتر لە سێ سەد ساڵ زیاتر لە پلیمۆس[25] Plymouth کەشتیەک بەرەو جیهانی نوێ، زەریای تەی کرد، کەشتیەکە ناوی مای فلاوەر Myflower بوو. ئەوە گەورەترین ڕووداوی مێژووی ئەمریکا و ئینگلیزەکان بوو. لێرەدا من دەپرسم ئاخۆ چەندان ئەمریکایی یان چەندان ئینگلیز بە دەقاودەقی دەزانن کەی کەشتییەکە بەڕێ کەوت، چەند کەسی لەسەر بوون، چ نانێکیان دەخوارد کاتێ لە پلیمۆس دەرچوون؟"

هەندێکیان پێکەنین و ئەوانی دیکەش شانیان هەڵتەکاند.

درێژەی بەقسەکانیدا:

- "بەڵێ، زیاتر لە سێ هەزار و سێ سەد ساڵە جووەکان لە میسر دەرچوونە. کەواتە سێ سەدە پێش ئەوەی مای فلاوەر بە دەریادا بڕوا. بەڵام هەموو جوویێکی جیهان دەزانێ ڕووداوە دیرۆکیەکەی باپیرانی، کەی قەوماوە. ئەوەش لە پانزەی نیساندا بوو. ئەو نانەی دەشیان خوارد ماتزۆ بوو."
- "ئێستاشی لەگەڵدابێ جووەکانی جیهان، لە ئەمریکا، لە ڕووسیا، لە هەموو لایەک، لە پانزەی نیساندا هەمان نان دەخۆن و چیرۆکی تاراوگەی میسر دەگێڕنەوە... هەموو کاتێکیش بەو وشانە دوایی پێدەهێنن:
- "ئەم ساڵ ئێمە هێشتا کۆیلەین، ساڵی دادێ ئازاد دەبین. ئەمساڵیش ئێمە لێرەین، ساڵی دادی ئێمە لە وڵاتی ئیسرائیل دەبین."

ئەنجا بنگۆریۆن روی لەو پیاوە کرد کە دەربارەی ئەفلاتونی نووسیبوو.

- "بەڕێز کرۆسمان لە لەندەندا پرسێکی قورسی لە جوولەکەیەک کرد: گەر هات و سەرپشکت بکەن لە ناردنی سەد هەزار پەنابەری ئاڵمان بۆ فەلەستین، بە مەرجێک واز لە بیرۆکەی دەوڵەتی جوولەکان بێنی، ئایا چی دەکەی؟"

---

[25] بەندەرە شارێکە لە باشووری ئینگلستان-وەرگێر

- "من دەمەوێ بەرسڤی ئەو پرسە بدەمەوە. وەک خودی خۆم ئامادە نیم گیانی کەس بکەمە قوربانی، هەروەها بۆ بیرۆکە سەرمەشقەکانیش کەس ناکەمە قوربانی. من تەنها مافی ئەوەم هەیە خۆم بکەمە قوربانی. من دەکارم داوا لە خەڵکی خۆم بکەم، من بکەنە پێشەنگ، بەڵام دەبێ ئەوان خۆیان بڕیاردەر بن. من هیچ کەسێک بۆ بیرۆکە سەرمەشقەکانم ناکەمە قوربانی.
- "بەڕێز کرۆسمان لەسەری بوو ڕووی دەمی پرسەکەی بکاتە ئەو سەد هەزار پەنابەرەی ئاڵمان. بەڵام گەر تۆ لێیان بپرسی، ئاخۆ ئەوان ئامادەن بڕوانامەی چوونە فەلەستین وەک خۆت ناوت لێناوە، بکڕن بەوەی دەستبەرداری کۆمۆنویلسێکی سەربەخۆی جوولەکان بن، من دەزانم وەڵامەکەیان چی دەبێ...
- "وا دابنێ، کە هیتلەر سەد هەزار ئینگلیزی لەبن دەستدا بوو، زیندانی کردبوون، ئەوسا بە وینستۆن چەرچڵی بگوتبا: گەر کەشتیگەلی ئینگلیزم نەدەیێ دەنا هەر سەد هەزار زیندانیەکان دەکوژم"، تۆ بڵێی چەرچڵ چی وەڵام بدایەوە؟ ئەو دەیزانی، کە وەڵامەکە بۆ سەد هەزار گیراوەکە جێ دێڵێ. ئەوان نایانەوێ زیاتر لەناو بچن، لەوەی لەسەر حیسابی مانەوەی کەشتیگەلی ئینگلیزدا بژین؟"

ڕۆژی پێش گەڕانەوەی کۆمیتەکە، کرۆسمان قسەی لەگەڵ گەورەپیاوی هیستادروت لە تەلئەبیبدا کرد، ئەنجا سەردانێکی بنگوریۆنی لە خانوەکەی نزیک زێدا کرد. ئەو لە ژووری خوێندنەکەیدا کە بە کتێبی گریکی دەورەدرابوون دانیشتن و بابەتی سەرەکیان دەربارەی ئەفلاتون بوو.

کاتێکیش بنگوریۆن لەگەڵ میوانەکەی تا لای ئۆتۆمبێلەکە ڕۆیشت و بەڕێی دەکرد، گوتی:

- "تۆ دەبێ بۆ ئێمە یان لەسەر ئێمە بڕیار بدەی، بەڵام لەبیرتان نەچێ ئێمە هەرچی ڕووش بدا ئامادەی کارێکی هاوچەشنی داونکەرکەین[٢٦]".

لەوکاتەی پاسەوانەکەی کرۆسمان سواری ئۆتۆمبێلەکە دەبوو تێبینیەکی لەمەڕ مەترسیەکانی ڕێگەی تەلئەبیب-ئۆرشەلیم دەربڕی.

بنگۆریۆن سەری خۆی لە جامی کراوەی ئۆتۆمبێلەکە نزیک کردەوە بە ڕێکەوت گوتی:

- "گوێ مەدەرێ، زەنگم بۆ هەموو تیرۆرستەکانی ڕێگە لێداوە، مەترسە هیچ لە گۆڕێدا نییە. خواحافیز!"

ئامۆس بنگۆریۆن بێ ئەوەی سەری پەنجەشی بە خوێندا بێ، بەشداری نەبەردییەکانی تۆبروک Tobroek، هەڵمەتی ئیتالیا، گۆڕەپانەکانی شەڕ لە بەلژیک و هۆڵەندای لە ڕیزی هێزی جوولەکانەوە کرد، بەڵام کەمێک دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، دەبوایە لە نەخۆشخانەی لیڤەرپول Liverpool لەبەر نەخۆشی مەداری (ئیستوایی Tropical) بخەوێ. پەرستارەکەی کیژێکی جوانی پرچڕەشی ئینگلیز، بەناوی ماری کالۆو Mary Callow بوو، بە ڕەچەڵەک خەڵکی دوورگەی مان Man بوو. هەر زوو ئامۆس نامەی نووسی، کە حەزی لە کچە پەرستارەکەی خۆی کردووە. بەڵام تەنها گرفتێک هەبوو، کچەکە جوولەکە نەبوو. بەڵام ئەو ئامادەبوو بێتە سەر دینی ئامۆس.

کەمێک دوای ئەوەی هەواڵەکە گەیشتە تەلئەبیب، دەبوایە سەرلەنوێ باوکی ئامۆس ڕوو بکاتەوە ئەورووپا. کاتێک هەگبەکەی تێک نا، هەندێ کتێب و نامیلکەی بە زمانی ئینگلیزی خستنە نێو، چونکە پێی وابوو دەبێ ماری بیان خوێنێتەوە.

کاتێک بنگۆریۆن خۆی بە بووکەکەی ناساند (ئەو دوو سەعات لە وادەی مارەکردنەکەیان دواکەوتبوو) یەکسەر کچەکەی کەوتە بەردڵ، بەڵام پێیگوت:

---

[٢٦] داونکەرکە شوێنی سەر زێ یە لەدیوی فەرەنساوە، لە جەنگی دووەی جیهانییدا بە دەیان هەزار سەربازی ئینگلیزی و فەرەنسای بەرەو دیوی بەریتانیا کشانەوە، کشانەوەیەکی سەرکەوتووانە بوو تا دواتر خۆیان جۆش بدەنەوە و شەڕ دژی نازییەکان درێژە پێبدەنەوە-وەرگێر.

- "ئایا تۆ دەزانی کە چیت کردووە؟ تۆ دەبێ قوربانی زۆر گەورە بدەی، چونکە نەوەک ئامۆس بەڵکو تۆ دەبێ لە وڵاتێکی نامۆدا بژی، لەنێو خەڵکێکدا بژی کە زمانەکەیان نازانی و ..."

کیژەکە دەیویست رێی پێبگرێ بەڵام ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- "ئایا تۆ لەوە دڵنیای کە ئامادەیی ئەو قوربانیەت تێدا بێ؟"

ماری بە پێکەنینەوە ئامادەبوونی خۆی نیشاندا.

ئەنجا ئەویش بۆی پێکەنیەوە لەو کتێبانە گەڕا کە بۆی هێنابوون بیان خوێنێتەوە.

بنگۆریۆن لە پاریس بوو، کاتێ کۆمیتە ئانگلۆ ئەمریکاییەکە راپۆرتی خۆی راگەیاند. بێڤین هەندێ ئەندامی کۆمیتەکەی دڵنیاکربوونەوە (ئەوەش هەر یەکسەر زانرا) کەوا ئامادەیە راسپاردەکانی کۆمیتەکە جێبەجێ بکا، بە مەرجێ گەر راپۆرتەکە بە کۆدەنگی ئەندامانیەوە پەسەند کرابا. هەر لەبەر ئەوەش بوو دەرچوونی راپۆرتەکە ئەوەندەی پێچوو؛ لەنێوان ئەندامەکانەوە جیاوازی و دەمەقاڵێ زۆر ڕوویدا بوو.

کاتێک بنگۆریۆن ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە گوتی: "دەبێ ئێمە سەرلەبەری ڕاپۆرتەکە ڕەت بکەینەوە!"

کۆمیتەکە بیرۆکەی سەدهەزار پەنابەرەکەی ترومانی لەخۆ گرتبوو، هەرچەندە ئەو خەڵکە هیچ شوێنێکی دیکەیان نەبوو داڵدە بدرێن، بەڵام کۆمیتەکە دژی هزری دانانی دەوڵەتی جوولەکە بوو. بەڕای کۆمیتەکە دەبوایە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەروکاری بەڕێوەبردنی فەلەستینیان تا دروستکردنی وڵاتێکی دوانەیی کە عەرەب و جوولەکەکان وەک یەک دەسەڵاتی هەبووایە، بکردبایە.

بەم جۆرە کۆمیتەکە هەوڵی بۆ شتێکی ئاستەم دا؛ ڕاپۆرتیکی وا بنووسن کەوا بە دڵی بێڤین، ترومان، بنگۆریۆن، وایزمەن، موفتی و کۆمکاری عەرەبی واتە هەموو لایەکیان بێت.

هاوڕییانی بنگۆریۆن سەبارەت بە کاردانەوە لە هەمبەر ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری ڕاپۆرتەکەدا لەگەڵیدا هاوڕا نەبوون. ئەوەی هەنووکە لە لەندەندا ڕوویدا بۆ ئەوان مایەی ئۆخەی بوو. بێڤین قسەکانی خۆی

شکاندن. ڕاسپاردەکانی کۆمیتەکە جێبەجێ ناکرێن، حکوومەتی پارتی کرێکاران ڕایگەیاند، ئەو کات ڕێگە بە پەنابەرانی ئەورووپا دەدا، کە هاگانا و ڕێکخراوە چەکدارە نهێنیەکانی دیکە هەڵبوەشێنرێنەوە و ئاژانسی جوولەکانیش کۆتایی بە تیرۆر بهێنێ.

مرۆڤ لە لەندەنەوە دەکرا پێشوەخت بزانێ، بەلاوەنانی ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی ئانگلۆ ئەمریکایی و قسەخواردنەوەی بیڤین، ئاڵۆزی و ئاستەنگی نوێی لێدەکەوێتەوە.

هەزاران کۆچبەر بە قاچاخ گەیەنرانە وڵات. زۆر جاران جوولەکە بەرگریکارەکان بۆ دابەزاندنی ئەو کۆچبەرانە و گەیاندنیان بە شوێنی حەوانەوەیان، لەگەڵ هێزی چەکداری ئینگلیز تووشی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە دەهاتن. هەموو شەوێک تەقە دەکرا. شەمەندەفەرەکان دەتەقێنرانەوە. پردەکان دەڕووخێندران. پێنج لە پیاوانی ڕێکخراوی ئیرگون گیران و بڕیاری مردنیان بە سەردا سەپێنرا. هەروەک پەرچەکردارێکی تۆڵەکردنەوە، پێنج سەربازی ئینگلیزیش ڕفێندران.

بیڤین لە باوەرنەمۆس Bournemouth وتارێکی دا، تیایدا ڕایگەیاند، گەر ڕێ بە و سەد هەزار کۆچبەرە بدرێ، ئەوا دەبێ لەشکرێکی تەواوی ئینگلیزی دیکە بنێرێتە فەلەستین. بەڵام ئەو بۆ ئەو کارە ئامادە نییە.

نائارامی زیاتر پەرەی سەند، تا ئینگلیزەکان لە دواییدا ڕێکاری تەواو توندوبەندیان گرتەبەر.

لە ڕۆژی شەممەی ٢٩ی حوزەیراندا، زۆر لە دانیشتوان بە پەشۆکاوی لەبەر دەنگی تەقینەوەیەکی زۆر بە سەدا، لەخەو بێدار بوونەوە. ئۆتۆمبێلەکانی بەریتانیەکان بە شەقام و کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە، بە بڵندگۆکانیشیان ئاگاداری خەڵکیان دەکردەوە، کەسیان لە ماڵ نەچێتە دەر.

- "هەموو کەسێک جارێ لەو شوێنەی لێیەتی بمێنێتەوە و نەبزوێ."

ئەوەی گوێی لە ڕادیۆ بگرتبا، لە ئاگادارینامەکە دەگەیشت. بە زمانی عەرەبی، عیبری و ئینگلیزی ڕایاندەگەیاند، کە کۆمسیاری باڵای بەریتانیا

"ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی" دژی ئاژانسی جوولەکان و هاگانا دەست پێکردووە کە لەو بێ قانونیەدا بەرپرسیارن.
لە ئورشەلیمدا سەربازە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر تەلاری ئاژانسی جوولەکەدا گرت؛ لەبەر ڕۆژی شەممە (شابات) دەرگاکان داخرابوون، بۆیە دەروازەکەیان بە دینامێت هەڵتەکاند و چوونە نووسینگەی هەموو ڕێکخراوە جووەکان و ڕەشبگیریان کرد، بە هۆیەوە هەزاران ژن و پیاو، کە بۆ یەکێک لە ڕێکخراوەکانیان کار دەکرد، گیران.
د. وایزمەن کە دەبوایە لە ماوەیەکی کەمدا بەرەو لەندەن چووبا، چونکە نەشتەرگەریەکی گرنگی چاوی لە پێش بوو، هیچیان لێنەکرد. سەرە ڕاستەکەی هاگاناش، ئەو پیاوەی عەودالی بوون بیدۆزنەوە و بیگرن، هەر زوو لەلایەن لایەنگرانیەوە گواسترابووە شوێنێکی دیکە و نەکەوتەبەر. بنگوریۆنیش لەگەڵ سکرتێری سیاسیی و موحاسیبەکەی ئاژانسی جوولەکان لە پاریس بوو. ئەندامەکانی دیکەی "حکوومەتە سێبەرەکە" گیران و ڕەوانەی لاتورن laturen کران.
موفتیش کە خزمەتی زۆری هیتلەر و مۆسۆلینی کردبوو، ئازادانە لە قاهیرە دەسووڕایەوە، بەڵام شیرتۆک ئەو کەسەی کە بە لەشکرێکی بیست و پێنج هەزار سەربازی یارمەتی ئینگلیزەکانی دا و سەری خستن، هەنووکە لەگەڵ سەدان پیاودا کە لە جەنگی دووەمی جیهاندا لە پاڵهێزی هاوپەیماندا شەڕیان دەکرد، لە پشت تێلدڕی ئۆردوگای گیراوەکاندایە.
بنگوریۆن هەواڵی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی بە تێلگرامێکی کۆدەدار، کە لە ئۆرشەلیمەوە ناردرابوو، پێگەیشت. لە پەیامەکەدا ئاگادار کرابووە، نابێ ئەو و شیلۆهای سکرتێری سیاسی بگەڕێنەوە فەلەستین، چونکە پۆلیسی ئینگلیزی کون بە کون بە دوایاندا دەگەڕێن.
شیلۆها لە ڕۆژە بەدواداهاتووەکانی ڕووداوەکەدا زۆر سەرقاڵ بوو.
بنگوریۆن زۆر جاران هەر دەیگوتەوە؛ "من دەبێ دەستبەجێ بگەڕێمەوە."
شیلۆهاش پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە جارێ دان بەخۆیدا بگرێ و چاوەڕێ بێ. "بەڵام من دەمەوێ لەوێ لە تەنگانە لەگەڵیاندا بم."

شیلاهۆ زۆرجار بۆی چەند بارە دەکردەوە، کە ئەو لە دەرەوەی زینداندا بێ باشترە و باشتری خەبات بۆ گەلەکەی پێدەکرێ.
بنگۆریۆن کاتێک بە هێواشی بیری دەکردەوە، هاورێکەی پێ ڕاست بوو، بەڵام دڵی وای نەدەگوت، چونکە بۆ فەلەستینی لێدەدا. بە ڕۆژ ئەو لەمیوانخانەکەیدا هەر دەهات و دەچوو. بە دەمارگیریی و پەلەوە هەواڵنامەی ڕۆژنامەکانی دەخوێندنەوە.
ڕۆژێکیان شیلاهۆ چووبووە بازاڕ تا ڕۆژنامەکان بکرێ. کاتێک گەڕایەوە میوانخانەکە، بنگۆریۆنی لەسەر تێکنانی هەگبەکەیدا گرت.
هەروەک مێردمنداڵێک کە بزانێ کەتنێکی کردووە، بنگۆریۆن دانی بەوەدا نا، کە جێگای لە نێو فڕۆکەدا گرتووە. بە نابەدڵی هەگبەکەی دانایەوە.
دوو شەو دواتر، لە پڕێکەوە بنگۆریۆن کە لە گۆشەیەک دانیشتبوو دەیخوێندەوە، بە شیلاهۆی گوت:

- "لەو بڕوایەدام زار هەڵدراوە و دووشەشمان بۆ هاتووە، دوو ساڵی دیکە نابا لەنێو دەوڵەتی جوولەکەدا خۆمان دەبینینەوە."

لە ڕۆژێکی گەرمی تەممووزدا، برادەرە پاریسنشینەکانی هاتن و هەواڵێکی ناخۆشیان پێ ڕاگەیاند.
لە ڕادیۆدا ئاشکرا کرا، میوانخانەی شا داود لە ئۆرشەلیم تەقێنراوەتەوە. بەشێکی (باڵێکی) میوانخانەکە بە تەواوی تەقێندراوەتەوە. حەفتا و پێنج تا سەد کوژراوی لێکەوتۆتەوە.
ئەوکات بنگۆریۆن بە چەندان سەعات لەبەردەم ڕادیۆدا دادەنیشت و گوێی قوڵاخ کردبوو. هەموو ئەو ڕۆژنامانەی دەستی پێ ڕادەگەیشت، دەیخوێندنەوە.
ئەوە یەکەمین شێوەی تیرۆر بوو. لەوەیاندا جێدەستی ڕێکخراوی ئێرگۆن دیاربوو، لەو سەر لێدەرکردنەدا ئەو هیچ گومانی نەبوو.
"ئۆپەراسیۆنەکە" لە سەعات ۱۲:۱۰دا بە کاتی ئۆرشەلیمدا بوو، دوای ئەوەی بە تەلەفون سێ جاران لەسەر یەک میوانخانەکە و کونسولی فەڕەنسی و ڕۆژنامەی پۆست Post و ڕۆژنامەی فەلەستین ئاگادار کرابوونەوە. بەڵام کەس گوێی بە هۆشدارینامەکانیان نەدابوو. کەس فەرمانی پێنەدان تەلارەکە چۆڵ بکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتێک ئەفسەرێکی ئینگلیز گوتبووی:

- "ئەز بۆ ئەوە نەهاتوومەتە ئێرە تا فەرمان لە جوولەکەوە وەربگرم و جێبەجێیان بکەم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم فەرمانیان بەسەردا بکەم."

تیرۆرستەکان خۆیان وەک عەرەبان هەڵخستبوو و بۆمبەکانیشیان "لەنێو دەبەی شیردا دانابوون، لە ئۆتۆمبێلیان بار کردبوون؛ ئۆتۆمبێلەکەشیان لە ژێرزەمینی میوانخانەکە ڕاگرتبوو، لە ژێر ئەو باڵەی کە نووسینگەی کاربەدەستە ئینگلیزەکانی لێبوو. لەنێو قوربانییەکاندا ژمارەیەکی زۆر کرێکانی جوولەکە هەبوون، کە لە ڕاژەی دەسەڵاتی منداتەکەدا بوون. بنگۆریۆن هەندێکی لێدەناسین. دوو ڕۆژ دواتر لە لەندەن کتێبێکی دیکەی سپی دەرچوو. تیایدا هاتبوو، ڕێکخراوی ئیرگون و تاقمی ئەستێرە کە چەند مانگێکە لەگەڵ هاگانادا هاوکارن، ڕاستەوخۆش لەژێر فەرمانی ئاژانسی جوولەکاندایە، ئۆباڵی کردەکەیان لە ئەستۆدایە. لەسەر ئەو بنەمایەدا خودی بنگۆریۆن بە بەرپرسیاری کارەساتی میوانخانەکە دانرا، چونکە ئەو جڵەوی ئاژانسی جوولەکانی لە دەست بوو.

لە ڕاستیدا بنگۆریۆن هیچی لەوە نەدەزانی کە باڵێکی میوانخانەدا بە هەوادا چوو. مێناحیم بێگن Menachem Beiginی سەرکردەی ئیرگون دواتر ڕایگەیاند، لە بەهاردا دوو جاران بیرۆکەی تەقاندنەوەکەی لەگەڵ سەرکردەکانی هاگانادا باس کردووە، بەڵام ئەوان هەر داوای وەخراندنیان کربوو، لێ ئەمجارەیان لەگەڵیان یەکانگیر بوو، کە شتەکە ڕوویدا.

دوو سەرکردەکە ئەو قسەی بێگنیان ڕەتکردەوە؛ گوتیان تەنها بە مەرجێک لەگەڵ پێشنیازەکەکۆک بووین، کە تەقینەوەکە لە کاتێکدا بووایە، کاتی ئێش نەمابایە و هیچ کەسیش لە سویتەکەی میوانخانەکەدا نەبووبایە.

بنگۆریۆن بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەی، بە دەستی خۆی نووسی:

- "ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر تیرۆرستەکاندا ناشکێ. ناتوانین کاریان لێبکەین. نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆش لە کردەکەیان بەرپرسیان نین. ئەوان هیچ شێوە دیسپلینێکی نیشتمانیی و گشتی نایان گرێتەوە."

هەفتەیەک دوای تەقینەوەکە، لە ڕادیۆدا بنگوریۆن ڕایگەیاند، کە ئەو بیست هەزار سەربازەی ئینگلیز ڕووخساری تەلئەبیبیان گۆڕیوە و کردوویانە مۆڵگەیەکی سەربازیی و لە هەموو پەیوەندییەکیان بە بەشەکانی دیکەی وڵاتەوە دابڕیوە. ڕێسای هاتوچۆ قەدەخەکردن دەرچووە. تەنها ژنەکان لە دوای نیوەڕۆدا بۆ ماوەی دوو سەعات بۆیان هەیە بازاڕ بکەن، بەدەر لەوە نابێ هیچ کەس بێتە دەرەوە. ئەوەی سەرپێچیش بکا بێ سێ و دوو تەقەی لێدەکرێ.
لە ماوەی چوار ڕۆژدا بیست و پێنج هەزار ژن و پیاو لە خێوەتە هەڵدراوەکانی گۆشەی شەقامەکاندا ئیفادەیان لێ وەرگیرا. ئەوانەی ئیفادەیان دەدا مۆرێکیان لەنێوچاوان دەدرا تا "بەران لە مەڕەکان جیا بکەنەوە."
بنگوریۆن زۆر لەو لەکەدارکردنە جەماوەرییە تووڕە ببوو، بەڵام هیچیشی لەدەست نەدەهات. چونکە هەر ئاگادارینامەی بۆ دەهاتن، کە نابێ جارێ بگەڕێتەوە، بۆیە بەرە و ئەمریکا ڕۆیشت.
دوای ئەوەی ئیفادەی لەبەردەم کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دا، سەردانی ئەمریکای کرد تا بەدوای ئەوەدا بچێ ئاخۆ هەڵوێستی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست دۆزی فەلەستیندا چییە.
لە نیویۆرک جارێکی دیکە بۆ هەواڵنێران ڕوونکردنەوەی دا. لەنێویاندا کچە ڕۆژنامەنووس ڕوس گروبەر Ruth Gruberی بڵاونامەی پۆستی نیویۆرکی تێدابوو؛ داوای لە بنگوریۆن کرد، گوێی بۆ هەڵبخا بەڵکو ڕاپۆرتی ئەو چاوپێکەوتنەی کە داویەتە دەستەی نووسەران بۆ بخوێنێتەوە.
خانمە ڕۆژنامەنووسەکە شانازی بە وتارەکەی دەکرد کە بۆی دەخوێندەوە. دەستپێکەکەی بەو شێوە بوو: "لە شاری ئێمەدا پیاوێکی لێیە، کە بۆ گەلێکی بچووکی فەلەستینی وەک ئەبراهام لینکۆلن Abraham Lincolnە بۆ گەلی ئەمریکای سەردەمی خۆی."
بنگوریۆن دوو جاران ئەو ڕستەیەی پێ دووبارەکردەوە، ئەوسا بە توندی بە دەنگ هات:

- "چۆن وێرای من لەگەڵ ئابراهام لینکۆلندا بەراورد بکەی؟"

پەیامنێرەکە ویستی بۆی ڕوون بکاتەوە.
بەڵام بنگۆریۆن قسەی پێبڕی. تووڕەییەکەی هەندێک دابەزی ببوو. لەسەرەخۆ گوتی:

- "گەر من بیر لە مەزنەپیاوێک بکەمەوە، ئەوا بیر لە ئابراهام لینکۆلن دەکەمەوە. بەڵام من کێم؟ پیاویلکۆکەیەکی بچووکی جوو."

لەو کاتەی ئەو لە نیویۆرک بوو، ئاشنایەتی لەگەڵ ئالێکساندەر پێکلیس Alexander Pekelis پەیداکرد. ئالیکساندەر کۆچبەرێکی جوولەکەی ئیتالیایی بوو، پێش پێنج ساڵ دەبێ هاتۆتە ئەمریکا، بەڵام ببووە سەرنووسەری Columbia Law Review. بنگۆریۆن بە زیرەکی و خۆشویستنی زایۆنیزمیەکەی دڵگیر بوو. بنگۆریۆن بانگهێشتی کرد کە وەک میوانێکی خۆی لە یەکەمین کۆنگرەی زایۆنی دوای جەنگی دووەمی جیهان، کە لە ماوەیەکی کەمی دادێدا لە بازلی سویسرادا دەبەسترێ، بەشدار بێ.

لە کۆنگرەکەی بازلدا بیچمی هەرە زیاتر کە مایەی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو، هی خودی د. حایم وایزمەن بوو؛ لەشساخیەکەی لەنگی تێکەوتبوو، لە ڕووی ورە و گیانیشەوە، بە هۆی ئەو ڕووداوە توندوتیژیانەی فەلەستین تێکشکا بوو، بەڵام هەر دەشیویست بۆ دواجار بانگی نەرمڕەوی هەڵبدا، کە زۆر بڕوای پێی هەبوو.
لە وتارەکەی خۆیدا گوتی: "تەمەنم بۆتە حەفتا و دوو ساڵ، لەوانەیە ئەوە دواجار بێ قسەتان بۆ بکەم."
لە هۆڵەکەدا زیاتر لە چوار سەد نوێنەری شانزە وڵات و هەزاران میوانیش هاتبوون. هەموو ئامادەبووان زگیان بە زانا نەخۆشەکە دەسوتایەوە، بێگومان دوای مەرگیشی بە شانوباڵیان هەڵدەدا، بەڵام ئەو بۆ دۆزێکی دۆڕاو تێدەکۆشا، نەخاسمە کە جارێکی دیکە لەسەر ئەوە مکوڕ بوو، کە متمانە بە بەریتانیای گەورە بکەن.
بێڤین هەوڵەکانی وایزمەنی ئاستەنگ کردبوو. هیچ واتای نەمابوو داوا لە جوولەکان بکرێ دان بەخۆیاندا بگرن و بڕوا بە ئینگلیزەکان بکەن بەڵکو خێریان پێبکەن.

بنگوریـۆن لــه ئەمریکــادا بێــدەنگ دانەنیشــتبوو. مشــووری ئــەوەی خواردبوو، زۆرینەی نێردەی ئەمریکایی لە کۆنگرەی بازلدا پشتی بگرن. تەنانــەت ڕابـی سـیلڤەریش کـه پێشـتر زۆر جـاران بیروڕایـان یـەک نەدەگرتەوە، هێنایە سەر ئەو بڕوایە پاڵپشتی بێ. وایزمـەن لـه ئانوسـاتی دواندانەکەیدا پێی زانی. هـەر بۆیەشـه زۆرجـاران ڕووی دەمـی دەکردە نێردەی ئەمریکایی.

- "پێویسـتە ئـەوەتان لـەبیر نـەچێ، کـه لـه نیویۆرکـەوە دنـەدانی بـەرەنگاری ئاسـانە... مرۆ باشـتر لـه زێ دەتـوانی مەلـه بکـا تـا حەوزێکی بچووکی مەلەوانی... ئەمریکایەکان به درەنگـەوە بێدار بوونەتەوە."

لە تێڕوانینێکی ڕووکەشانەدا ئەو پرسـه سـەری هەڵنـەدا ئاخۆ کامـەیان باشـترین سـەرکردەیە، وایزمـەن یـاخود بنگوریـۆن؛ بـەڵکو پرسـەکه ئـەوە بوو ئاخۆ پێویست دەکا مرۆ درێژە بە دانوستاندن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بدا یان نا.

پشـتگیری بنگوریـۆن لـەو پنتـەدا چارەنووسسـازانه بـوو. ئـەو لەگـەڵ ئەوەشـدا لـه بەرانـبەر وایزمەنـدا بـه ڕێـز و نـەرمڕۆ بـوو. ڕاسـتەوخۆ دانەبەزیە سەر زانا نەخۆشەکە، بەڵام قسوری بە ئینگلیزەکان نەکرد.

- "ئێمە وەک دەرۆزەکەرێک بۆ خێرپێکردن ڕوو لە ئینگلیز ناکـەین. ئێمـه داوای مـافی ڕەوای خۆمـان دەکـەین. ئێرتـز Eretz (وڵاتـی) ئیســڕائیل داگیرکراوێکـی بـەریتانیا نییـە، هــەروەها بەشــێکی ئیمپراتۆریەتەکەشیان نییە. ئینگلستان ناتوانێ ئەوە بسەپێنێ کە دەیەوێ، وەک ئەوەی فەرمان بەسەر هاوڵاتیانی خۆیدا بکا."

لــه کۆتــایی دوانەکەیــدا بــانگی ئازایــەتی، کۆڵنــەدان و ئامــادەبوونی قوربانیدانی هەڵدا.

بنگوریـۆن و سـیلڤەر بـە زۆرینەیـەکی کـەم بردیانـەوە. وایزمـەن بـۆی دەرکـەوت کـه کـۆنگرە متمانــەی بـەو نـەماوە؛ هۆڵەکـەی جێهێشـت و هەگبەکەی تێکنا و بەرەو لەندەن گەڕایەوە.

ئیـدی بنگوریـۆن چ بـۆ جووەکـانی فەلەسـتین چ بـۆ ڕێکخراوەکـانی زایۆنیزمی جیهانی دەرەوەش، بووە سەرکردەیەکی بێ ڕکابەر.

هەستی خۆشی سەرکەوتن لە سۆنگەی هەواڵە ناخۆشەکانی فەلەستین، بە هۆی دەربڕینی ماتەمبارانەی سەر بیچمی د. وایزمەن کاتێ هۆڵە گەورەکەی کۆنگرەی بازلی جێهێشت، هەروەها بە هۆی هەواڵی برادەرە تازە زایۆنیستە ئیتالیایەکەی کە لە نیویۆرک ناسی، دوای گەڕانەوەی لە کۆنگرەکەدا بۆ ئەمریکا، کە بە ڕووداوی تێکشکانی فڕۆکەکەی گیانی لەدەستدا بوو، دامرکایەوە.

بەشی II

✡

گیانی بنگۆریۆن مینای چرایەک بوو، بە هەموو لایەکی خۆیدا دەسووڕایەوە. گەر هاتوو بیخستبایە سەر مژارێکی دیاریکراو، ڕووناکی دەکردەوە، تیشکی زۆری دەخستە سەر، تا هەموو لایەنە تاریکەکانی ڕووناک دەبوونەوە. لە ١٩٤٧دا چرا لێکۆڵینەوە گیانییەکەی ئاراستەی شتێکی نوێ کرد.

هەرچەندە لەو چەند ساڵانەی ڕابردوودا لە کابینە سایەکەی ئاژانسی جوولەکاندا ئەندام بووە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو و دیار هیچ پۆستێکی دەستنیشانکراوی داوا نەکردبوو؛ لە کۆنگرەی بازلەوە پۆستی بەرگریکردنی پێسپێردرا، ئەوان ناوی "ئاسایشی گشتییان" لێنابوو.

- "من ئەو پۆستەم لەبەر ئەوە پەسەند نەکرد کە ژەنەڕاڵێک بم، یاخود شارەزاییم لە زانستی سەربازیدا هەبێ، بەڵکو لەبەرئەوەی کاروباری سەربازییانە وەک هەر کاروبارێکی کردەییانە، کاربەدەستە باڵاکانیان لە هەموو لایەنە وردەکاریەکانی تەکنیکی پسپۆڕ نین... ئەوەندەیان بەسە کە نیگایەکی کراوەیان هەبێ و لە شتان تێبگەن، ئەو تایبەتمەندیانەش کەم تا زۆر لە هەموو مرۆڤێکی ئاساییدا هەیە."

ئەو ڕوونکردنەوەیەی بنگۆریۆن گەواهیەکی زەقی خاکیبوونە زۆرەکەی بوو. بنگۆریۆن ئامادە نەبوو ئەرکەکەی وەک سەرکردەی گشتی لەشکری ژێرزەمینی، وەک هەر پیاوێکی سادە بەڕێوە ببا. ئەو بە تاسەو پەرۆشەوە، بە لێوردبوونەوە، بە چراڕۆشنکەرەوەی تەکنیکیانەکەی خودی بنگۆریۆن بۆ پۆستە نوێکەی ڕۆیشت.

پێش ئەوەی ئامادەی هەر شەڕێکی دیکە بێ، دوا هەوڵ و تەقەللای لەگەڵ ئینگلیزەکان بۆ دانوستاندن دا. بە گوێرەی ئەنجامەبڕیاری بازل نەدەبوایە دانوستانەکان لەگەڵ ئینگلیزدا لە "بن هەلومەرجێکی زاڵدا" دەست پێبکەنەوە. بەڵام بنگوریۆن لەگەڵ چەند هاوکارێکی لە سویسراوە بەرەو ئینگلستان ڕۆیشتن، تا بزانێ ئایا ئەو "هەلومەرجە زاڵە" هیچ گۆڕاوە.

لە دەستپێکی گفتوگۆکانیان لە ژووری میوانخانەیەکدا، بنگوریۆن پێیڕاگەیاندن دەکرێ لەسەر نەخشەی دابەشکردنی فەلەستین ڕێک بکەون. بە دەستخەتی خۆی نەخشەیەکی کێشا (نەخشەکەی لە نەخشەی ئیسرائیلی هاوچەرخ نزیک بوو) . ئەوانی دیکە لەو پرسەدا لەگەڵی کۆک نەبوون.

لە کۆتاییدا بنگوریۆن و بێڤین لە لەندەن لەگەڵ یەک ڕووبەڕوو دانیشتن. هەر یەکسەر کەشێکی نادۆستانەیان بەسەردا زاڵ بوو.

کاتێک بنگوریۆن شتێکی لە بارەی پێغەمبەرە کۆنەکانی ئیسرائیل گوت، بێڤین قسەی پێبڕی تا لێی بپرسێ ئایا دەزانێ کە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل چییان بەسەر ئەو کۆنە پێغەمبەرانەدا هێناوە.

بنگوریۆن خەونی بە بوژاندنەوەی نەمریی ئیسرائیلی دێرین دەدی و لە شوێنی خۆی بێڤنی تەزاند. ئەو هەڕەشەی بەوە لە بنگوریۆن کرد، کە بە تەواوی خۆی لە دۆزی فەلەستین دەکێشێتەوە و دەیداتە دەست ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەسەر خوانە تایبەتیەکەی نیوەڕۆدا، کاربەدەستێکی بەریتانیایی گوتی؛ کەوا بێڤین گرەو لەسەر هەڵوێستی دژوەستانەوەی ڕووسیا، ڕەفتارە یەکلانەبووەکەی ئەمریکا، دەنگی کۆمۆنوێلسی بەریتانی و نارەزایەتی هەموو جیهانی عەرەب دەکا.

لەو کاتەی لە لەندەندا گەرمەی دانوستانەکان بوو، بزنسمانێک و دادوەرێکی ئینگلیز لە ئۆرشەلیمدا ڕفێندران، بە هۆیەوە کێرڤی لایەنگرێتی بێڤین بۆ بنگوریۆن و جووەکانی فەلەستین پتر دابەزی.

هەوڵەکانی گەیشتن بە چارەسەرییەک بە پێشنیازێکی بێڤین کۆتاییان پێهات، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە ناوبژیکار، نەخشەکە دەستبەجێ چ لەلایەن عەرەب چ لەلایەن جوولەکەکانەوە ڕەت کرایەوە.

بنگوریۆن گەڕایەوە ماڵ. بەندکراوەکانی لاترون، پاش ئەوەی پێنج مانگ لەنێو ئۆردوگایەکی تەلبەندکراودا بوون، ئازادکران؛ هەروەها فەرمانی گرتنی بنگوریۆنیش کێشرایەوە.
نزیکەی ساڵێک بەسەرچوو. پاولا و منداڵەکانی لە بارێکی باشدا بوون، بەڵام ئەوانیش وەک زۆرینەی دانیشتوانی تەلئەبیب شەکەت ببوون. هەفتەیەک پێشتر دیسان شەڕ و دەمەقاڵێ قەومابووەوە، پێکدادان لەگەڵ سەربازەکان ڕوویدابوو؛ چەند کەسێک کوژرابوون و زیاتر لە یەک ملیۆن دۆلاریش زیانی ماددی لێکەوتبووەوە.
لە کاتی لەوێنەبوونیدا، بنگوریۆن تەمەنی گەیشتبووە شەست ساڵ. ئەوە ڕاست نییە کە بگوترێ بنگوریۆن هەرگیز جەژنی ساڵڕۆژی خۆی گێڕابێ.
بە برادەرێکی فەلەستینی گوتبوو: "بۆچی ئەو ڕۆژە دەکەیتە جەژن؟ ڕۆژی لەدایکبوون ئەوە ناهێنێ بیکەیتە جەژن. گەر دەتەوێ جەژن بگێڕی، ئەوا بیر لە ڕۆژێک بکەرەوە کە تیایدا شتێکت کردبێ و شایانی ئەوەبێ جەژنی بۆ بگێڕی، بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی کە هاتویتە فەلەستین هی ئەوەیە بیکەیتە جەژن."
ئەو خۆپێگەیەنەرە شەست ساڵییە، هەنووکە خەریکی فێربوونی ئەوەیە کە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان چی پێویستە بزانێ.
لەو تەمەنەدا وزە و تامەزرۆی گەنجێکی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە نوێیەکەی هەبوو. ئەو هەموو کتێبەکانی لەسەر لایەنێکی دیارکراوی زانستی سەربازیانە کە بەردەستی دەکەوتن، خوێندنەوە.
داوای لە فەرماندە جۆربەجۆرەکانی بەشەکانی هاگانا کرد بێنە لای لە تەلئەبیب، لەگەڵ یەکە یەکەیان دەچووە ژووری خوێندنەکەی و پرسیاری لێدەکردن. ئەو چرا گیانییەکەی خستبووە سەر هەموو بەشەکانی کار و چالاکییەکانیان.
یاکۆڤ دۆستروڤسکی yaacov Dostrovsky فەرماندەی گشتی هێزەکانی هاگانا، کە تازە لە سەردانە نهێنییەکەی بۆ چەک کڕین گەڕابووە، یەکەمین کەس بوو بنگوریۆن بانگی کرد. دوای ئەو نۆرەی ئیسرائیل گالیلی Israel Galili هات. ئیسرائیل فەرماندەیەکی هاگانا بوو، جوتیارێکی چوارشانە کە هەرگیز ڕیزەکانی لەشکرێکی ئاسایی

نەدیتبوو، بەڵام بنگۆریۆن بە کارامەییە زۆرەکەی سەرسام بوو. گالیلی ئەندامی ماپام Mapam بوو. ماپامیش پارتێکی لایەنگری ڕووسیا بوو لە فەلەستین. ماپام زۆرترین گەنجی خستنە ڕیزی پالماخ Palmachی هێزی کۆماندۆی هاگانا.

بنگوریۆن لەگەڵ ئیگال یادین Yigael Yadinیش قسەی کرد. ئیگال لە فەلەستین لەدایک ببوو، شارەزای بست بە بستی خاکەکەی بوو. باوکی ئارکیۆلۆجیکی ناسراو بوو، کوڕەکەش شوێنپێی باوکی هەڵگرتبوو.

ئیگال یادین و بنگۆریۆن گفتوگۆیەکی گەرم و دووردرێژیان کرد، لە میانەی گفتوگۆکەیاندا چەندان جار سەرۆک وەزیرانی داهاتوو لە مێزەکەی دەدا و بە هۆیەوە پەرداخەکان دەلەرانەوە و جارێکیشیان پەرداخێکیان کەوتە سەر زەوی. لەو کاتوساتەدا گەر گەنجێکی دیکە بوایە دەیگوت "بەڵێ، بنگۆریۆن" بەڵام ئیگال یادینی لاواز کە کەللەسەرەکەی لە هی بەرپرسە بالادەستەکەی بەرانبەری گەورەتربوو، لە شوێنی خۆیدا چەقی و ڕەق راوەستا. بنگۆریۆن زۆر بە لەسەرهەڵوێست سووربوونەکەی ئیگال کارانگاز بوو، هەرچەندە تازە تەمەنی گەیشتبووە سی ساڵ، بەڵام هەر کردیە بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی هاگانا.

ئیگال ئالۆن Yigal Allon، سابرایێکی قژزەردی کوڕە جوتیار کە ساڵێک دوای بەڵێننامەی بەلفۆر لە گالیلیا لە دایک ببوو، هات. ئەو تازە بیست و نۆ ساڵان بوو، بەڵام بە ڕاستی فەرماندەیەکی پالماخ بوو، سەربازێک حەزی لە دەربڕینی ڕەق بوو، ڕەفتارەکەی لەگەڵ بنگۆریۆندا دەکرێ وا وێنا بکرێ کە "شتێک لە لێواری نێوان زیندوویتی و برادەرایەتییکی لە ناخەوە" بوو. لە ڕۆژگاری جەنگی دووەمی جیهاندا، ئەو خۆی چووبووە بن بەرگی عەرەبان و بە سووریادا دەسووڕایەوە، وەک جوویێکی فەلەستینی پێشقەڕەولی هێزەکانی ئوسترالی بوو.

بنگۆریۆن ئەو بیچمە گرنگانەی بە ناوی یەکەمەوە بانگ دەکردن، ئەوانیش لەبەردەمیدا بە بنگۆریۆن ناویان دەهێنا، لەکاتێکدا لەنێو خۆیاندا هەر بە "پیرەمێردەکە" یان ب.گ (پیتەکانی سەرەتای ناوەکەی) ناویان دەهێنا.

بنگۆریۆن بە قەڵەمێکی دار، کە لە دەستیدا بوو دەفتەرێکی سەر ڕانی لە کاتی گوێگرتنەکەدا بە وردی تێبینییەکانی بە زمانی عیبری دەنووسینەوە، ژمارەی لاپەڕە یاداشتکراوەکانی گفتوگۆی ئەو زانیاریانەی ئەوان بۆیان هەڵدەڕشت، بەسەدان لاپەڕە بوون.
ئەوان ئەو دانیشتنانەیان بە "کۆلیژی بنگۆریۆن" ناو دەبرد. ئەوان تەکنیکی کۆماندۆی هاگانایان ڕوون دەکردەوە، فرۆفێڵەکانیان کە لە سەردەمی وینگێتەوە فێرببوون، توانا و ئەگەرە سایکۆلۆژیەکانی دوژمنەکانیان، مەترسییەکان، گرفتەکان و چارەسەرەکانیان ڕوون دەکردنەوە.
ئینجا بنگۆریۆن کتێبخانەکەی جێهێشت و بە وڵاتدا گەڕا، هەموو ئەو شوێنانەی مۆڵگە و خانووەکانی هاگانای لێبووایە، دەگەڕا.
پرسێک هەبوو، چەند جاران لێ دووبارە دەکردنەوە: "ئەرێ ئێمە لە هەموو شت زیاتر پێویستیمان بە چی هەیە؟"
پالماخ هەزار کچ و کوڕی هەبوون، ڕێکخراوەکە بارەگای خۆی هەبوو، فڕۆکەیەکی Piper Cubes[٢٧] یان هەبوو، نازناوی یەکەمینیان لێنابوو. یەکەیەکی مارینزی بێ کەشتیگەلیان هەبوو، گۆڕەپانی چالاکییان کەنارەکان بوو، تا کۆچبەران بهێننە نێو وڵات.
هاگانا پەنجا هەزار سەربازی هەبوو، بەشی تۆپخانەیان بێ تۆپ بوو، بەشی هێزی ئاسمانییان شەش فڕۆکەی کۆنی شوێندۆزەرەوەیان هەبوو، کە لە کیبۆتێکدا (نشینگەیەکی هەرەوەزی کشتیاری جوولەکان لە فەلەستیندا) حەشاریان دابوون، هەروەها دوو فڕۆکەی ئینگلیزی کە کەلوپەلیان بۆ نشینگەکان دەبرد، هەبوو، کە بۆ بۆمبا هاویشتنیشیان بەکاردەهێنا، بەڵام دەبوایە ئەو کەسەی بۆمبەکان دەهاوێ، بۆمبێکی بیست و پێنج کیلۆگرامی لەسەر چۆکەکانی خۆی دانابا، ئەوسا لە ئاسماندا بەریدابایە خوارەوە.
ئەو سوپا سەرپێیە لە بیست هەزار تفەنگ، دوو سەد مەترالیۆزی سوک و قورس، تفەنگی شێلکەڕشێنی دەستکرد، پێکهاتبوو، بەڵام نە تانک نە چەکی ئاگرپڕژێن و نە کەلوپەلی جەنگی نوێی نەبوو.

---

[٢٧] فڕۆکەیەکی بچوکی یەک ماتۆرییە، چوار کەس هەڵدەگرێ. و.

لـێ گەلـۆ، ئەگـەر لـە ١٩٤٧دا تانـک و فڕۆکـە و تۆپخانەشـیان دابـانێ، نەیاندەتوانی وەری بگرن. ئاخر فەلەسـتین وڵاتێکی بچووکـە و مرۆڤ ناتوانێ تانکێک حەشار بدا. سەربازەکان دەبوایە ئەو چەکانە هەڵبگرن کە بیانتوانیبا بە ئاسانی لە ژێر گڵدا بیشارنەوە تا ڕۆژی خۆی دادێ. هاگانا هەر زوو دەستی خۆی کردنەوە و قوربانی زۆریشی دا.

لـە مـاوەی هـەردوو جەنگـە جیهانییەکـەدا، سـەربازەکانیان لـە لایـەن ئینگلیزەکـان وەک ئۆپەراسـیۆنی کۆمانـدۆ لـە بەشـی ڕۆژئـاوای بیابـان بەکـار هێنـدران، هـەروەها ئـەرکی پێسـپێردراوی خۆکوژیـان لـە باڵکـان وەک پاراشوت کە لە پشتەوەی هێڵی دوژمندا دادەبەزێنران، پێدرا.

لە ١٩٤١دا کاتێ هەڕەشـەی ئاڵمان توندتر دەبوو، ئینگلیزەکـان ویسـتیان فەلەسـتین چۆڵ بکـەن و ئـەرکی بەرگریکردنەکـەی بدەنـە دەسـت یەکـە ژێرزەمینییەکانی جوولەکە. بۆ ئـەو مەبەسـتە فێرگـەیەکیان دامەزراند تـا سەربازە کارامەکانی هاگانا مەشـق بدەن. بەڵام کاتێک مەترسییەکە لە ئـارادا نـەما، ئینگلیزەکـان هـەمان تاکتیکـە کۆنەکـەیان بـەکارهێنا و سـەربازەکانی بزووتنـەوە ژێرزەمینەکـەیان بـە تۆمـەتی بـە قاچـاخ چەکهەڵگرتن و مەشقی سەربازییانە، دەگرتن.

کـەمێک پێش ئـەوەی ئینگلیزەکان و فەڕەنسیەکان هێرش بکەنـە سـەر فەڕەنسییە فیشییەکانی[٢٨]ی سووریا، سەربازەکانی هاگانا کە بـە تۆمـەتی چەکداری قاچـاخ گیرابوون، ئازادکران و وەک پێشـەنگی لەشکر بـەکار هێنران. یەکێک لەو سەربازانە مۆشێ دایان Moshe Dayan بوو، کە لـە شەڕەکەدا چاوێکی لەدەست دا و دواتر سەرتاپای ژیانی بە یەکچاوی و بە شریتە ڕەشەکەی سەرچاوی ناوبانگی پەیدا کرد.

ئـەو لەشـکرە ئارەزوومەنـدە تـەنها لـە یـەک ڕووەوە لەگـەڵ پێوەرەکـانی باشترین سـوپای جیهـان بـەراورد دەکرا. ئـەوان دەزگایـەکی هـەواڵگریی نایابیـان هـەبوو. بەشـی زۆری وڵاتەکـە بـە وردیـی و مشـوورخۆری لەسەر نەخشە دیار کرابوو؛ ئەوەشیان لە ڕێی بەکرێگرتنی فڕۆکەیەکی

---

[٢٨] فیشی Vichy شارێکە لە باشووری فەڕەنسا، لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا ژەنەراڵ فیلیپ پێتیان PhilipPetain لە ١٩٤٠-١٩٤٤ حکوومەتێکی بە هاوکاری ئاڵمانەکان لە فەرانسەدا پێکهێنا. بە حکوومەتی ناپاکی فیشی ناوی دەرکرد.

ئینگلیزی ئەنجام دابوو. فڕۆکەکەیان لە دەزگایەکی هاتوچۆی ئاسمانی بە دوانزە دۆلار بۆ هەر سەعاتێک بەکرێ گرتبوو.

هاگانا فایلی هەموو شارەکان، گوندەکان، نشینگەکان بە نەخشەوە لە بەردەست دابوو. نەخشەکان زانیارییان لەسەر هەموو دانیشتوان تێدا بوو.

سەربازی سوپا نهێنییەکە کراسی ڕەنگ خاکیی و پانتۆڵی کورتی خاکییان لەبەردابوو، تا ئەو شوێنەی عەرەبی لێنەبوو بە ئاسانی هاتوچۆیان دەکرد. دوای جەنگی دووەم جیهان، ئینگلیزەکان تەوای باری کەشتییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیان فرۆشت. کراسی خاکیی و دەرپێی کورت بە شیلینگێک دەفرۆشران، بەو شێوەیە هەرزانترین شوێنی سەر گۆی زەوی بوو. پزیشک، شوفێرەکانی ئۆتۆمبێلی بار و پارێزەرانیش بە جلی خاکی وەک سوپای ژێرزەمینی دەسووڕانەوە.

ئەوان نە پلەیان دەبەست و نە نیشانەیەکی واشیان بەخۆیانەوە دەکرد تا بەشەکانیان لەیەک جیا بکرێتەوە.

خۆبەخشەکان لە شەست وڵاتەوە هاتبوون و بەنزیکەی ژمارەی وڵاتەکانیش دەپەیڤین. هەندێکیان هێشتا دەسەلاتیان بەسەر زمانی عیبریدا نەدەشکا. کەواتە زمانێکی هاوبەش بۆ فەرمانبەسەرداکردنیان لە گۆڕێدا نەبوو.

ئەندامانی پالماخ نیو دانە مانگ لە سەر کار بوون و نیوەکەی دیکەش مەشقی خۆیان دەکرد. بۆ کوڕ و کچانی هاگانا، هیچ ڕێنمایی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو؛ کاتی دەستبەتاڵی خۆیان بە مەشقی سەربازی بەسەردەبرد.

کتێبەکانی دەربارەی پرسی سەربازی دەدزران، لە دەرەوە دەهێنران و ئاودیوی وڵات دەکران. ئەوسا کتێبەکان بە زمانی ڕووسی، ئاڵمانی، ئینگلیزی یان زمانێکی کەم ئاخێوەریش بووبایە، قەیدی نەبوو؛ چونکە یەکێک هەر هەبوو بیانخوێنێتەوە و وەریانبگێڕێ، خۆ گەر هاتباو بە زمانی ئارامیش بووبان هەر کێشە نەبوو. بە وردی لە کتێبەکان دەکۆڵرایەوە تا پەڕەکانیان کاڵدەبوونەوە یان تەواو دەنوشتانەوە؛ ئەفسەرەکان لاپەڕە و بڕگەیان لەبەردەگرتنەوە و دەیانخستنە سەر یاداشتی تێبینییەکانیان.

بنگوریۆن دەیزانی کە تەنها یەک دوو مانگ کاتیان بە دەستەوە ماوە تا ئەو کۆمەڵە ئارەزومەندە تامەزرۆییە بکەنە لەشکرێکی ڕاستەقینە، هەموو تیژبینی و نزیکەی هەموو ژیانیشی بۆ ئەو دۆزە تەرخان کردبوو. هەرگیز ئەو وا کەمیش نەخەوتبوو. پاولا و کچەکانی بە دەگمەن دەدیتن.

لەبەر ئەوەی زۆرینەی دەستەواژە سەربازییەکان کە لە سەدەکانی بەریدا بەکار دەهاتن، لەنێودا نەماون، بە تایبەتیش لە سەردەمێکدا کە زمانی عیبری ببووە زمانێکی مردوو، پێویست بە دەربڕینی نوێ هەبوون دابندرێن. یەکەمین جار بۆ دۆزینەوەی دەستەواژەی عیبری بۆ سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، بنگوریۆن ڕووی لە بایبل کرد، بەڵکو ناوێک بدۆزێتەوە. لە گێنەسیس Genesis ٣٦:١٥دا وشەی ئالاوف Alouf کە بە میر وەرگێڕدراوە، لە پاشای دەهەمیشدا ٢٥:١٩دا دەستەواژەی سار هازاڤا Sar Hazavaی دۆزیەوە کە بەکەمی بە و دەربارانەی جەنگاوەریان لەبەردەست دایە وەرگێڕدراوە. هەر دوو پەیڤەکە مەبەستەکەیان دەدایە دەست. ئەو ئالۆفی هەڵبژارد. ئەوەش بووە مایەی شەڕەقەڵەمێکی ڕووناکبیرییانە لەگەڵ دۆستی باشی خۆی ڕابی فیشمان Rabbi Fishman (دواتر بووە وەزیری کاروباری دینی) کە واژەی سار هازاڤای پێباشتر بوو.

لە ژێر سەرپەرشتی بنگوریۆندا، شارەزایان فەرهەنگێکی سەربازییانەی سێهەزار وشەیان دانا، کە تیایدا وشەی عیبریانەیان بۆ چەمکە نابایبلییەکانی وەک پەڕەشوتوان، تەقەی دژەئاسمانی، بریسکە، ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر تا بالۆنی خشۆک دارشت.

بنگوریۆن ئامادەی نزیکەی هەموو مەشقە خولەکانی ئەفسەران بوو؛ گوێی لێدەگرتن و تێبینی یاداشت دەکرد، چونکە دەیزانی ئەو پرسەی ئاخۆ وانەکانی باش فێربووە، بۆ ئایندەی گەلەکەی چارەنووسسازانە دەبێ.

مەشقەخولی ئەفسەرە پلە باڵاکان لە کیبۆتێک بە ناوی ئاین هاسخۆفت Ein Haschoft کە ساڵانێکی دووروودرێژ بنکەی هاگانا بوو، بەڕێوە دەچوو. ئەوانەی مەشقەکەیان پێدەکرا لە دەستەی بچووک بچووک

دادەنــران تــا ژمارەیــان گەیشــتە دوو ســەد خوێنــدکار. هــەر مەشقەخولێکیش چوار مانگی دەخایاند.

ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی جەنگاوەران لەگەڵ سەرکردە شەست ساڵیەکەیاندا باش بوو؛ بنگۆریۆن هەستی بە گەشانەوە دەکرد، چونکە لە سەرێکەوە زانیاری تازەی وەردەگرت، لە سەرێکی دیکەشەوە لەگەڵ لاواندا هەستی بە خۆشی دەکرد و لەوەی لەگەڵ هاوتەمەنە کۆنەپارێزەکانی بوایە.

گەر کێشەی لەگەڵ عەرەبان پەیدا بووبا، یان ناخۆشی لە نێو کابینە سایەکەدا هاتبایە پێشەوە، یاخود گەر ئینگلیزەکان ئۆبالی گرفتێکی سیاسیان بخستبایە ئەستۆ، ئەوسا پێویستی بەوەبوو بچێتە ژوورێکی پڕ لە ئەفسەری هاگانا تا بحەسێتەوە، سیمای دەموچاوی ڕووناک دەبوو لە پیاوێکی بەختیار دەچوو.

ئەو پیاوەی بێ برادەر (مامۆستا مردووە و ئەفلاتونیش تەنها ناوی کتێبە) لەنێو لەشکردا برادەری پەیداکرد.

ئەوەی زیاتر بەلای ئەو جێسەرنجتر بوو، کارامەیی بوو کە لەنێو لەشکردا حەتمیبوونی پلە بەرزبوونەوەی دەگەیاند و فەرمانی کۆماندۆ "بەرەو پێشەوە بڕۆن!" بە فەرمانی "بە دوام کەون!" گۆڕدرا. ئەوەش بووە مایەی ئەوەی ڕێژەی سەرتێداچوونی ئەفسەر و ئەفسەرە پلە باڵاکان لەچاو سوپاکانی دیکەدا بەرزتر بێ، بەڵام هیچ سوپایەکیش وەک ئەوان ورەبەرزتر نەبوو.

خۆشەویستی بۆ ئەفلاتون و خۆشەویستی بۆ لەشکر، ئاساییانە بەیەکەوە کۆ نەدەبوونەوە. بەڵام هەستی بنگۆریۆن وابوو، کە فەیلەسووفە گریکەکەش هەستی ڕێزگرتنی هاگانای لەلا دەبوو، چونکە خۆدیسپلینکردن ڕۆڵێکی گرنگی لەنێو لەشکرەکەدا دەگێڕا.

پەیوەندی نێوان بنگۆریۆن و سەربازەکانی تاکلایەنە نەبوو. ئەوان زۆریان حەز بە چارەی دەهات، ئەویان نەوەک هەر بە دامەزرێنەرێکی مەزن بەڵکو بە مامۆتک (باوکی ڕۆح)ی خۆیان دادەنا.

لە فەلەستینی جوولەکاندا، لاوەکان نەخاسمە سابراییەکان زۆر ڕێزیان بۆ بیرۆکەکانی ڕێکخراوە هەرە کۆنەکە دانەدەنا. لە ڕووی دەروونی و

ڕووناکبیرییەوە، ئەوان پەیوەندییەکی کەمیان لەگەڵ جوولەکەکانی کە لەوارشۆ، بەرلین، مینسک یان سۆفیادا گەورەببوون، هەبوو.
بەڵام بنگۆریۆن بە زمانی ئەوان دەئاخڤی، خەونەکانی ئەوانی دەدی؛ گەر هاتبا و لەگەڵ ئەوان بکەوتبایە قسە، ئەوا جیاوازییە تەمەنەکەی سی و پێنج ساڵی یان چل ساڵی لە بەیندا نەدەما. ئەو بە کیبۆتنشینێک دەستی پێکرد، ئەوانیش کیبۆتنشین بوون. ئەو هۆنراوەی سەبارەت بە کەسێکی تفەنگ لە شان کە لە نوتەکەشەودا ڕێ دەکا، نووسیوە. ئەوان لەگەڵیدا هاوهەست بوون. ئەو لە تەیکردنی ڕێگا نوێیەکان نەدەترسا. بنگۆریۆن سەرکردەیەکی گیانیی بوو، خاکپێۆش بوو، کە ئەوان بە دوایدا دەگەڕان، جەنگاوەرێک بوو ئەرکێکی لەبەردەمدا بوو. ئەو دەبوایە سەری ئەو دەوڵەتە بوایە کە ڕەنگبێ بە دەستی بێنن، بەڵام هەڵبەت کاتی ئەوەی هەبوو هاوشانیان بڕوا.
یەکێک لە هاوکارەکانی بنگۆریۆن، بە کەسێکی زۆر داخراوی ناو هێنا؛ گەرهات و خەمگین بوایە، بە ئاسایی ڕووخساری خەموخەفەتی پێوە دیار نەدەبوو. بەڵام هەرکاتێک گوێی لە هەواڵێک بووبا کە سەربازێکی هاگانا کوژرابا، ئەوا دەکەوتە بن باری کەسەرەوە. لە بەرانبەر مردندا بەرگەگر نەبوو، نەخاسمە جوانەمەرگبوونی گەنجان.
لە بەشی وێنەکانی نووسینگەی حکوومەت لە تەلئەبیبدا سەدان وێنەی بنگۆریۆن هەڵگیراون. لەوانە لەگەڵ دیپلۆماتەکان، دەوڵەتمەدارەکان، بیچمی ناسراو، لە هەموو ئەو وێنانەدا سەروسیمای بنگۆریۆنت وا دێتە بەرچاو کە پیاوێکە پەلەیەتی و خواخوایەتی بڕوا. بەڵام هەرکاتێ بە سەربازانی هاگاناوە دەورەدرابێ، جا چ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمناندا یان لەکاتی پشووداندا بێ، هەست دەکەی، ئەو لەوپەڕی شادمانی و ئارامیدایە.
لە کاتی ململانێکەی لەگەڵ بێڤیندا، سەربازێکی تولازی جوولەکەی سەر بە لەشکری ژێرزەمینی گیراو لەلایەن داداگای ئینگلیزیەوە ئیفادەی لێوەرگیرا.
پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر دەربکرێ لێیان پرسی: "ئایا هیچی دیکەت هەیە بیڵێی؟"

لە زینداندا لاوەکە هەڵوێستەکەی خۆی لە هەمبەر جەنگ، ئینگلیز و ئایندەدا ڕاگەیاند. لەو ڕوونکردنەوەیەدا دەرکەوت، کە بۆچی بنگوریۆن ئەوەندە ئەو لاوەی خۆش دەوێ.

- "ئێمە بە دڵنیاییەوە ڕۆڵەی یەکماڵباتین. ئەوەش هەر خانەوادەی عیبریی نییە. لە ڕاستیدا ماڵباتەکە گشتگیرییە (جیهانییە). ئەوەندەش کۆنە بە قەد ئەزەل، ئەندامەکانی لە هەموو لایەکی جیهاندا دەژین، وشەی نهێنی نێوانیشیان بڕوا بەیەکبوونە، قەدەریشیان دەرد و ژانە، بەختیان لەسەر قوربانیدان وەستاوە، دوژمنەکەشیان ستەمکارییە، بەیداخیشیان ئازادی و ناویشیان بەرەنگارییە..
- "ئێمە هێزی خۆمان بە کەم سەیر ناکەین، ڕاستە بە بەراورد لەگەڵ هی ئێوەدا شتێک نییە، بەڵام لێرەدا قانونێکی مێژوویی هەیە: هێزی زۆر بە ئاقاری چەوساندنەوەدا دەڕوا، ئامانجگەلی کەم بە دەست دەهێنێ؛ کەچی هێزی کەم ئاراستەکەی بەرەو ئازادی و مافە، ئامانجگەلی زۆر بەدەست دێنێ.
- "ئێمە سەر بە خێزانە نێونەتەوەیی و جیهانییەکەی بەرەنگارییین. شێوەژیانی ئەو ماڵباتە توخمی تراژیدییای تێدایە. ئەندامەکانی تفەنگ یان دەمانچە بەکاردەهێنن، بەڵام پێشیان خۆشترە لەگەڵ بێڵ و قەڵەم کار بکەن."

گەر بنگوریۆن بیەوێ بە هێوری پاڵداتەوە، نە چیرۆکی پۆلیسییانە دەخوێنێتەوە نەدەشچێتە سەیری فیلم، هەروەها گوێ لە موزیکیش ناگرێ و ئەلکهولیش ناخواتەوە. تا ئەو بێدارە مێشکەکەی بە هەموو توانایەکیەوە لە گەڕدایە. بەڵام کاتێک ویستی بە لاباسێک خۆخەریک بکا، ئەوا بابەتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکەی بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ.

لە ١٩٤٧دا کاتێک لە گرفتە سەربازییەکان پڕ بوو، زانیاریی زۆری لەو بارەیەوە بەدەستهێنا، بەدوای لێکۆڵینەوەی فەلسەفە و ئایینە ڕۆژهەڵاتیەکاندا چوو. لێرەدا گیانە گەڕۆکەکەی نەوەستا، بەڵکو پڕ زانیاری و ڕەهەندەکانی زیاتر بوو.

لە مانگە بەراییەکانی ١٩٤٧دا چەندان ڕووداوی هەستیاری وروژێنەر قەومان: گازینۆی ئەفسەرانی ئینگلیز لە ئۆرشەلیم تەقێنرایەوە، لە تۆڵەدا ئینگلیزەکان دەزگای پۆست و گەیاندنی هەموو فەلەستینیان ڕاگرت.

فـەرمانێک دەرچـوو تـا وادەیـەکی دیاریـنـەکراو، هـاتوچۆی ئۆتۆمبێلیـان قەدەخـەکرد، لـە تەلئەبیبدا ڕەوشـی ئاوارتـە ڕاگەیـەنرا، تانکـە نەوتییـەکانی حـەیفا سـوتێنران، دوو جـوولەکە کـە بـەهۆی کـردەی تیـرۆرەوە حوکمدرابوون، خۆیان کوشت، بەندیخانـەی عەککا Acca یان تەقاندەوە، تیایدا زیاتر لە دوو سەد عەرەب و جوولەکە توانیان ڕا بکەن.

لـە مـانگی نیسـاندا لـە لێیـک سوسـێس[29] Lake Success دا بانگهێشـتی بنگۆریۆن کرا تا ڕوونکردنەوەی خۆی بدا. گەشتەکەی بۆ ئەوێ لە ڕێی قـاهیرەوە بـوو؛ کارمەنـدانی گـومرگ لـە میسـر، کـە دەیـانزانی ئـەو پیـاوە بنگۆریۆنە، بۆ ماوەی نیو سـەعات ڕایانگرت و پرسـیاری بێسـەروبەریان لێکرد، بە کورتی سوکایەتیان پێکرد. بنگۆریۆن ڕووی دەمی خۆی بۆ لای هاوگەشتەکەی وەرگێڕا و پێیگوت:

– "دەبێ لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەیان لێوی پەشیمانی بگەزن."

ئەمەیان سەرنجی پیاوێک بوو، کە بەئاسانی هەڵنەدەچوو.

بنگۆریـۆن ئـەو گەڕانانـەی لەسـەر حیسـابی حکوومەتـە سـێبەرەکەدا بـوو، بـەڵام هـەر وەک خـووی جـارانی لـە میوانخانەیـەکی سـادەی نیویۆرکـدا دابـەزی. دوو هەگبـەی پڕ کتێبـی پێبـوون. کـاتێکیش گەڕایـەوە، هەگبـەکان ببوونە سێ. دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە شەقامێکی هاوشـانی چارلس کـرۆز ڕۆد لەسـەر سـنووری گونـدی گرینـویچ Greenwich لـە نیویـۆرک هەیە و کتێبفرۆشی دەستی دووی لێیە، چووە ئەوێ و کتێبی دیکەی کڕین. ئەمجارەیان سەردانی خوشکی پاولای کرد؛ کوڕەکەی ویل ماسلۆ Will Maslow کاربەدەستێکی کۆنگرەی جوولەکەکانی ئەمریکا بوو. ئەوان کاتی کەمیان بۆ قسەکردن بەدەستەوە بوو، چونکە دەبوایە بنگۆریۆن قاتێکی نوێی بەڕادان دابا، بۆیە بەرگدروەکە هات ئەندازەی بگرێ، وێڕای ئەوەش زایۆنیستەکان کە زانیبوویان ئەو لەو ماڵەیە، هاتن و پرسیارباریانیان کرد.

خوشکەزاکەی پرسی مووچەکەی لێکرد. بە هەردووکیان حیسابیان کرد تا گەیشـتە سـی و پێـنج دۆلار لـە هەفتەیەکـدا. "ئـەرێ چـۆن بـەو پارەیـە هەڵدەکەی، کە کتێبی دەستی دووەمیشی پێبکڕی؟"

بنگۆریۆن چاوەکانی چەقاوەسوانە لێکنان.

---

[29] دوورگەیەکە لە نیویۆرک، کاتی خۆی بارەگای کاتیی ڕێیکخراوی نەتەوە یەککرتووەکانی لە ۱۹٤٦ تا ۱۹٥٠ لێدامەزرابوو.

- "ویل، هیچت دەربارەی لیستی خەرجییەکان نەبیستووە؟"

لە دوا هەفتەی نیساندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتنێکی تایبەتیان سەبارەت بە کێشەی فەلەستین سازدا. بێڤین داوای کۆمیتەیەکی نوێی لێکۆڵینەوەی کرد.

هەر پێنج دەوڵەتە عەرەبییەکە هەوڵیاندا بەربەست بخەنە بەردەم بنگوریۆن تا نەخۆی و نە هاوکارێکی نەتوانن لەبەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا قسە بکەن. هەوڵەکەیان سەری نەگرت و نوێنەرانی جوولەکە دەرفەتیان پێدرا تا لە دواییدا داوای مافی خۆیان بکەن.

ڕۆژێکیان ئەندرێ گرۆمیکۆ Andrei Gromyko بە هاوپایەکانی خۆی گوتبوو، کە یەکێتی شۆرەوی هەرچەندە ڕێکاری توندی گرتبوونەبەر بۆ ئەوەی لەسنووری خۆیدا کۆتایی بە زایۆنۆیزم بهێنێ، بەلام ئێستا" ئامادەیە ئیش لەسەر چارەسەرییێکی دۆزی فەلەستیندا بکا بۆ ئەوەی کەم تا زۆر جووەکان لە بەرانبەر ئەو کۆستەی ئوورووپایان چی دیکە زیانیان لێنەکەوێ."

ڕۆژی پاشتر کۆمیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهات، تیایدا نوێنەرانی وڵاتە بچووکەکانیش جێیانگرت. کاتێک دەستەکەش هاتە فەلەستین، بنگوریۆن وەک گەواهیدەرێک چووە بەردەمیان. لە وەلامی پرسێکیاندا ڕوونی کردەوە:

- "ئێمە پێمان وایە، مافمان بەسەر هەموو فەلەستیندا هەیە، کەچی ئامادەین ئەگەری دەوڵەتێکی جوولەکە لە بەشێکی ئازادی فەلەستیندا هەڵبسەنگێنین."

ئیدی هەر یانزە ئەندامەکە سەری ڕەزامەندیان بۆ یەکدی لەمەڕ ئەو ڕوونکردنەوەیە لەقاند.

ئەندامێکی چیکۆسلۆڤاکی لێیپرسی: "کەواتە تۆ دژی دابەشکردن نی؟"

- "ئێمە ئامادەین ئەو پرسە هەڵبسەنگێنین."

بنگوریۆن سەرهێلی چارەسەرێکی کێشا، کە لە دواییدا دۆزیانەوە.

کە هێشتا کۆمیتەکە هەر لە وڵاتە پیرۆزەکە بوو، کەشتیەکەی هاگانا ئێکسۆدوس "Exodus194v" کە پەیمانگای سۆنەبۆرن کڕیبووی، بەخۆی و چوار هەزار و پێنج سەد جوولەکەی بێ لانەی ئاڵمان گەیشتە کەنارەکانی فەلەستین. مارینزی ئینگلیز چوونە سەرپشتی کەشتیەکە، دوای شەڕێکی

بێ وێنە کە تیایدا ئینگلیزەکان تفەنگ و گازی فرمێسکڕژێنیان بەکارهێنا، جووەکانیش بە قوتوی خواردن و دەسکە گەسک شەڕیان دەکرد، کەشتیەکەیان هێنایە لێواری حەیفا، لەوێ هەر چوار هەزار و پێنجسەد کەسەکە بەسەر سێ کەشتی ئینگلیزدا دابەشکران. دەرگەیان لەسەر هەمووان داخست و ڕەوانەی ئۆرودگای ئاڵمانەکان کرانەوە.
کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆدەنگی ڕایگەیاند، دەبێ ئینگلیزەکان بکشێنەوە. زۆرینەیان دەنگیان بۆ پێشنیازەکەی بنگوریۆن دا: فەلەستین دابەش بکرێتە سەر دوو دەوڵەتی جوولەکە و عەرەب.
بەریتانیای گەورەش ڕایگەیاند ئامادەیە گەر ناچار نەکرێ فەلەستین بەجێبێڵێ. بەڵام لەو ماوەدا ئاگرەکە زیاتر کڵپەی سەند، تیرۆرستەکان لە مانگی ڕابردوودا دوو سێرگێنت Sergeant[30]یان لەدار دابوون، دوای ئەوەش ڕەوتی کردەکانیان تا دەهات پەرەی زیاتر دەسەند. هیچ کاتێک کێرڤی نمایشی ئینگلیزەکان لەو بەشە زەویەی جیهاندا وا دانەبەزیبوو. هەرگیزیش وا بێ جەماوەر نەبیبوون.
هەرچەندە بنگوریۆن دەبوایە بێژمار کاروبارەکان ڕاپەڕێنێ، وەلێ کاتی هەبوو ئەوە بۆ ڕای گشتی ڕوون بکاتەوە:

- "گەر ساتی جیابوونەوەمان لە ئینگلیزەکان هاتەپێش و سەرکەوت -کە ئێمە هیچ گومانمان لێی نییە- ئەوابەوپەڕی ڕێزەوە جیا دەبینەوە. ئێمە دەزانین کە هەر ئینگلستانی بیڤین لە ئارادا نییە، بەڵکو ئینگلستانی بلفۆر، ویدگود و وینگێیتش هەیە."

لە لێدوانی دیکەدا گوتی:

- "من دەبێ ئەوە بڵێم، کە سەربازە ئینگلیزەکان لە کاتی ماڵپشکنین، گرتن، ڕاوەدوونانی پەنابەراندا ئەرکە بە سفتوسۆیکەیان بە نابەدڵی ئەنجام دەدا و فرمێسکیان لە چاواندا قەتیس دەما... شتی وا لە هەندێ سەرباز و مارینزەکان دەگێڕنەوە کە ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە تاکو پەنابەرێک ڕزگار بکەن... تاوانەکە لە ملی جەنگاوەر و مارینزەکانی ئینگلیزدا نییە، بەڵکو لە ئەستۆی ئەوەدایە کە چەرچڵ بە "قەڵاچۆکردنێکی ئاستنزمی جوولەکان"ی لە قەڵەمدابوو."

---

[30] پارمەتیدەر یان جێگری ئەفسەر.

سـی سـاڵ دوای ڕۆژی نۆڤێمبـەرە ئاهەنگئامێزەکـە کـە لـۆرد بلفـۆر بەڵێنەکەی خۆی ڕاگەیاند، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووەوە و بڕیاری دابەشکردنی فەلەستینیان بەسەر دوو دەوڵەتی عەرەب و جوولەکە بە ۳۳ دەنگ بەرانبەر ۱۳ دەنگ پەسندکرد. بە بەریتانیای گەورەش گوترا دەبێ لە ماوەی هەشت مانگدا بکشێتەوە. دوو مانگ دواتر جوولەکە و عەرەب دەتوانن دەوڵەتی خۆیان ڕۆبنێن.

بنگوریۆن لە باکووری وڵات بوو کاتێ هەواڵەکەی پێگەیشت. ئیدی بەلەز گەڕایەوە ئۆرشەلیم. لەوێ لە پەنجەرەی بارەگای ئاژانسی جوولەکان سەیری ئاپۆرەی خەڵکی دەکرد، کە لە شەقامی شا جۆرجدا کۆبونەتەوە، ڕێگاکە لە سەردەمی حوکمڕانی بلفۆردا بە ناوی پاشای ئینگلیزەکان کرابوو. لە ئاخروئۆخردا جووەکان شتێکیان هەبوو ئاهەنگی بۆ بگێڕن: ئەوان هاتنە سەر شەقامەکان، هەڵپەڕین و بەزم و هەرایان بوو، دڵیان خۆشبوو، گۆرانیان دەگوتەوە.

- "ئەو بڕیارە پەڕجوئاسایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ژیاندنەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی لەخۆیدا بەرانبەر ئەو مەترسیانەی دێتە سەر ڕێمان، پارێزەر نین."

ئێستا لە سەر شەقامەکان دەهۆڵکوتان و زوڕنالێدانە.

- "گەر پەڕجوو لە دنیادا پەیدا نەبن، گرژی و توندوتیژیش هەروا سەرهەڵنادەن، بۆ ئەوەی نموونەش ببینی، پێویست بە پەڕجوویێکی دیکە ناکا. هەروەها کاتێ بە یەکجاری دەوڵەتی جوولەکە بووە ڕاستی، نابی ئێمە لە ئاست هیوامان‌دا پاڵی لێبدەینەوە بەوەی کە کۆتایی بە هەموو ئاستەنگەکانی بەردەممان هاتووە، ئیدیوا بزانین کە بە خۆشی و کامەرانی دەژین."

د. حایم وایزمەن کە لە گوندێکی شاخاوی سویس‌رادا سەرقاڵی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆی بوو، مانگێک دواتر بەو شێوەیە کاردانەوەکەی خۆی ڕاگەیاند:

- "ئەرێ بە ڕاست ئەوەش پرسێکە، تۆبڵێی پیاوەکانمان بۆ ئەو ئەرکە بشێن؟"

بەشی ١٢

کەمن ئەو بیچمە مێژووییانەی ئاوا زۆر تووشی گێڕەوکێشە، نەیاری و بێئومێدی ببنەوە.
لە ماوەی ئەو شەش مانگەی نێوان بەڵێنەکە و جێبەجێکردنیدا، زۆرجاران بنگۆریۆن ئەو سەرنجەی لا پەیدا دەبوو، کە هەموو کەسێک دژی ئەو و دژی گەلەکەی لە پیلانگێڕیدان.
ئاخر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بوو: بە پلەی یەکەم چل ملیۆن عەرەبی دەوڵەتی دراوسێ هەن، ئەو بەردەوام هۆشداری ئەوەی دەدا، کە ڕەنگبێ ڕاستەوخۆ دوای بەدیهاتنی خەونی جوو، ئەوان پەلاماریان بدەن. ئەوسا ڕێژەی بەرانبەریان دەبێتە هەر شەست و دوو عەرەب بەرانبەر یەک جوولەکەی فەلەستینی. ئەوان بە سەدقات خاکیان لە دەوڵەتی ئیسرائیل قەبەترە. سەرەڕای ئەوەش پشتگیری مەعنەوی سێسەد ملیۆن موسوڵمانیشیان هەیە.
هەر لە خودی فەلەستیندا یەک ملیۆن عەرەب دەژیان. هەر لە ئێستاوە ئاڵۆزی و ئاستەنگیان دروست کردووە. ڕەنگبێ ئەوان ببنە دوژمنی ژمارە یەکی دەوڵەتە نوێکەی ئیسرائیل، بەتایبەتیش گەر گوێیان لە دەنگی عەممان، بەیروت، دیمەشق و بەغدا ڕادەگرت.
بڕیارەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هێمایەک بوو بۆ ئاژاوەنانەوی عەرەبان کە تا ئێستا لە فەلەستیندا کوشندەترینیان بووە.
لە زۆر باردا دەسەڵاتی مانداتی بەریتانی بێ کاردانەوە تەماشای دەکرد، کەچی عەرەبەکان دەیانکوشت و دەیانبڕی، تاڵانیان دەکرد و دەیانسوتاند بێئەوەی کەس پێیان بڵێ بەری چاوتان بڕۆیە. ئەوان پەلاماری ئەو کاروانانەیان دەدان کە بۆ نشینگەکان دەچوون، شوفێر و

پیادەکانیان دەکوشتن. لە یافاوە پەلاماری تەلئەبیبیان دەدا، شارەکانی سافاد Safad، حەیفا و لیدا LYddaیان خاپوور کرد.
لە حەیفا کە دووەمین شاری گەورەی فەلەستینە، فەرماندەی هێزی کۆماندۆی هاگانا ئامازەی ئۆپەراسیۆنێکی جەنگاوەرانەی پێکردن، ئەوەش دوای ئەوەی ئەو حەفتا هەزار عەرەبەی لەوێ دەژیان و لە ژێر فەرماندەیی کۆماندۆی تایبەتی خۆیاندا، ژیانی هەشتا هەزار نیشتەجێی جوولەکەی ئەوێی بۆ چوار ڕۆژی ڕەبەق تاڵکرد، لە پڕێکەوە سەرکردەی عەرەبەکان جاڕی دا؛ دەبێ عەرەبەکان خۆبەخشانە ئەوێ چۆڵ بکەن. بڵندگۆ و ڕادیۆی هاگانا بە ناو شەقامەکاندا هاواریان دەکرد و پەیامی بنگوریۆنیان بڵاو دەکردەوە بەڵکو عەرەبەکان ئەوێ چۆڵ نەکەن و دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل ئەوپەڕی ڕێزیان دەگرێ و دادپەروارانە لەگەڵیان دەجووڵێتەوە. لێ گەلۆ، ئەوان فەرمانیان لە موفتی وەرگرتبوو، بۆیە نەگەڕانەوە، تێیانتەقاند و باریان کرد.
ئەوسا نۆرەی ئینگلیزەکان هات. بنگوریۆن ئەوپەڕی توانای خۆی بەکارهێنا لەگەڵیاندا ڕاستگۆ بێ. ئەو لە وتار و دوانەکانیدا زۆر جاران دوپاتی دەکردەوە: "دەبا ئێمە دەمارگیر نەبین، دەبا ئێمە هەموو ئینگلیزەکان وەک یەک تەماشا نەکەین، با بەیەک شانە سەری هەموویان دانەهێنین، دەبا ئێمە تاکەکانیان بە بەرپرسیاری ڕەفتاری حکوومەتەکەیان دانەنێنین."
بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی ١٤ی ئایاردا، تا دەهات دڵتەنگتر دەبوو. لە قسە تایبەتییەکانیدا لەگەڵ دۆست و برادەرانیدا دەستەواژەی "ئینگلستانی ناپاک"ی بەکاردەهێنا و بێدادی ئینگلستانی لەسەر دڵ ببووە مۆتەکە.
ئەوەش هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە سەربازانی ئینگلیز تەلاری پۆستی فەلەستینیان تەقاندبووەوە، هەروەها بە ئۆتۆمبێلیکی بە دینامێت بارکراو لە شەقامی بن یێهودای پڕ دوکانی ئۆرشەلیم تەقاندەوە، سەد و بیست جوولەکەی خەوتویی کەچوکلۆم (بێ دەست و پێ) کردن. ئا ئەوە بوو تیرۆر، بەڵام ئەو ڕق و قینە زۆر و توندەی لەنێو ئینگلیزەکاندا بەرانبەر جوولەکەکان هەبوو، کارێکی وای کرد، جوولەکانیش قینیان لە ئینگلیز هەڵبستێ و تاوانی هاوچەشنیان دەرهەق ئەنجام بدەن.

شتی زیاتری دیکەی لە پشت بوو، زیاتر بوو لە دژەسامیتییەکەی بیڤین. شتێک روویدا کە بنگۆریۆن هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد. ئەو لەوە دڵنیابوو کە ئینگلیزەکان ڕێزی نەریتی دیموکراسیانەکەی خۆیان دەگرن، بۆیە بە ڕێزیشەوە بڕیارەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێدەکەن، بەوەی بە شێوەیەکی دیموکراسیانە دان بە بڕیاری زۆرینەدا دادەنێن و بە شێوەکەی دانبەخۆداگرتوانەش وڵاتەکە جێ دەهێڵن. بیڤین بە بڕوابەخۆبوونە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕایگەیاند:

- "نە من، نە حکوومەتی خاوەنشکۆ دژی بڕیارەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ناجوڵێینەوە."

بەڵام کە بیڤین بایدایەوە و خواری کردەوە ، ئەو کارەی کرد کە بەڵێنی دابوو نەیکا.

بنگۆریۆن بە تووڕەییەوە لە فێبرایریدا بە بەڵگەوە ڕایگەیاند: "لە ڕاستیدا ئینگلیز هەموو هەوڵێکی بۆ پەکخستنی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاردەهێنێ."

لە لەندەندا ئینگلیزەکان گوتیان ئەوان ئارامی ناوچەکە تا کۆتاییهاتن بە ماندات ڕادەگرن. بەڵام گەر عەرەبەکان بیانویستبا شەڕبکەن، ڕێگەیان پێدەدرا، ئەوەش لە کاتێکدا بوو، کە هەر جولەکە بوون دەڕوتێندرانەوە.

لە ئۆرشەلیمدا ڕۆژێکیان سەربازانی ئینگلیز چوار جوولەکەیان چەک کردن؛ چەکەکانی ئەوانیان دانە ئەو عەرەبانەی کە لە بنی پێیەوە تا تەوقی سەریان چەک و فیشەک بوو، ئاشکراش بوو عەرەبەکان جووەکانیان سەقەت دەکردن، ئەنجا دەیانکوشتن.

بنگۆریۆن لەندەنی بەوە تۆمەتبارکرد، دنەی توندوتیژی بەوە دەدا، کە هانی عەرەبەکان دەدا چەکی زیاتر بنێرنە فەلەستین و دەرگای سنوورەکانیشی لەسەر هەموو عەرەبێک بۆ هاتنە ژوورەوە چ بە تاک یان بە دەستە و کۆمەڵ خستۆتە سەرپشت.

لە عێراق دەستەیەکی بیست و هەشت کەسی لە جەنگاوەرە ئینگلیزەکان سوپای عێراقیان بۆ هێرش کردن و پەلاماردان تەیار کردبوو.

لە ڕۆژهەڵاتی ئوردندا Transjordanie قۆشەنە لەشکرێکی عەرەب کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە چەک و مەشق پێدراوبوو، ئامادەی شەڕ بوون. ئینگلیز ساڵانە دە ملیۆن دۆلاری لە گەنجینەی خۆی و لەسەر حیسابی

باجدەرانی وڵاتەکەی لەوێ خەرج دەکرد. ڕۆژهەڵاتی ئوردن ئامادەی کشان بەرەو ئیسرائیل بوو.
لە عەرەبستانی سعودیشدا چل و پێنج ئەفسەری ئینگلیز پلانیان بۆ ئەوە دادەنا، بەڵکو بە کردەیەک دژی جاڕدانی دەوڵەتی نوێی جوولەکان بوەستنەوە.
میسر فڕۆکە، بۆمب، کەلوپەلی سەربازیی و تانکی لە بەریتانیای گەورە بۆ لێدانی جوولەکان وەرگرت.
لەندەن سکاڵای لەسەر ئەو خشتەیەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیای لە ١٥ی ئایاردا دیاریکردبوو، هەبوو. ئاشکرایە بڕیارەکە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە لێیک سوکسێس بڕیاری لەسەر درابوو.
بڕیار بوو لیژنەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەی فەلەستین بکرێ تا لە کاتی لە یەک جیاکردنەوەی هەر دوو لای عەرەب و جوولەکە و جاڕدانی دەوڵەتەکانیان کارئاسانیان بۆ بکا، ئینگلستان ڕێگەی بە لیژنەکە نەدا بێتە فەلەستین.
هێشتا شتی دیکەی زیاتر لە کردەوە تیرۆرستیانەکەی شەقامی بێن یەهەدوا هەبوو ئەویش گەندەڵییە سیاسیانەکەی وایتهال[٣١] Whitehall بوو.
دەسەڵاتی ماندات لە شوێنی جیاجیای فەلەستین، وێڕای تەلاری گەورە لە شارە گەورەکاندا، کە هەموو فەلەستینی گرتبووە کە تەلاروباڵاخانەی گرنگ بوون؛ سەنگەر و مۆڵگەی سەربازی گەورە و قایمی دروست کردبوون. ئەو سەنگەرانە بە قەڵای تیگەر Tigger کە ناوی ئینگلیزە داهێنەرەکەی بوو، ناو دەبردران. هەنووکە دەبوایە ئەو قەڵایانەی بتەقاندبانەوە یان بیدابانە هەر یەک لە جو یان عەرەب، ئەمەش بە پێی هەڵکەوتە جوگرافیەکانیان. کەچی ئەمە ڕووی نەدا. هەر پەنجا سەنگەرە قەڵایەکان کە دەکەوتنە سنووری دەوڵەتی جوولەکان، دەبوایە بۆ ئەوان بووایە، کەچی بە عەرەبەکان بەخشران.

---

[٣١] وایتهال شەقامێکە لە لەندەن، لە گۆڕەپانی ترافلەگەر Trafalgar Square تا کۆشکی وێستمینستر Palace of Westminster و وێستمینستەر ئابی Westminster Abbey دەڕوا. دەستەواژەکە بۆ مەڵبەندی میریی لە شانشینی یەکگرتوودا بەکاردەهێندرێ

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێنمایی دایە ئینگلیزەکان کە تا ١ی فبرایر بەندەرێکی سەر زێ بۆ وەرگرتنی پەنابەران چۆڵ و ئامادە بکا، بۆ ئەوەی جوولەکەکان بتوانن پێشوازی کۆچبەرەکان بکەن. دیسان لەندەن ئەو داوایەی جێبەجێ نەکرد.
گەنجینەی بەریتانیا حیساباتی هەموو بانکەکانی فەلەستینی ڕاگرت، وڵات ئابڵوقەی لیرەی ئەستەرلینی کەوتە سەر.
باجدەرە بەریتانیاییەکان پارەوپولی زۆریان لە فەلەستین لە خاک، خانووبەرە، جبەخانەکان، کەرەستەی گواستنەوە، کەلوپەلی سەربازیانە وەبەرهێنا بوو. بەشێکی ئەو کەلوپەلانە لە بەرانبەر پارمەتیدانی کەلوپەل تێکنان و گواستنەوەدا بە عەرەبەکان فرۆشران. هەر کاتێکیش جووەکان ڕێگەیان پێبدرابا هەندێ کەلوپەلەکانیان لێ بکڕیبان، ئەوا هەر زوو کڕیارەکان بە هۆی فۆرمۆلەی کڕین و فرۆشتنی فەرمی قورسەوە تێدەگەیشتن، کە کردەی کڕینەکەیان ئەستەمە، بۆیە پێیان نەدەفرۆشرا و بە دەست بەتاڵی دەگەڕانەوە.
دەسەڵاتی ماندات پێشتر کۆمەڵگەی جوولەکەی بۆ ماوەیەکی کورت بە ڕاگرتنی پۆست و گەیاندن سزا دابوو. هەنووکەش کە چەندان هەفتەی ماوە ماندات کۆتایی پێبێ، کۆتاییان بە پۆست و گەیاندن هێنا، بەوەی کە ئەو ٦٥٠.٠٠٠ جوولەکەی فەلەستین بە تەواوی لە جیهانی دەرەوەدا داببڕێ.
هیوای بنگوریۆن و هاوڕێکانی وابوو کە هەر هیچ نەبێ دەسەڵاتی ماندات دامەزراوە پێویستەکان کە لەو ماوەی ئەو چارەگە سەدەی ڕابردوودا دروستکردوە بۆ جوولەکان بەجێ دەهێڵێ. بەڵام دەرکەوت ئینگلیزەکان لە نەخشەیاندا نییە تەنانەت تاکە دامەزراوێک، فایلیکیش بدەنە دەوڵەتە نوێیەکەی جوو. ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ دەوڵەتە نوێیەکەی جوولەکان زۆر گرنگ بوون، ئینگلیزەکان بە نوێژی نێوەڕۆ و لەبەر چاوی هەمووواندا سوتاندییان.
کەم وابووە لە مێژوودا ئەوە ڕوویدا، کە دەوڵەتێک لە باریەک هەڵبوەشێ، کەچی هەموو جیهانیش لە تەماشاکردندا بێ. ڕۆژانە دامەزراوێک بەجێ دەهێڵرا، بەڵام تەنها شوێنێکی بەتاڵ حەتاڵ و وەک هەواری خاڵی دەمایەوە.

بنگوریۆن دەیزانی هاگانا چەند زەبوونە. ئەوەشی دەزانی کە ئەو ٦٥٠.٠٠٠ کەسە دۆستی باوەڕپێکراوی کەمیان لە جیهاندا هەن. بنگوریۆن دەیزانی، فڕۆکەکانی جوولەکە دەتوانن تەنها سەد و سی کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بفڕن، ئەو تەقەمەنییەی بە نهێنیش کۆکراوەتەوە، جێی بڕوا نییە، کە زیاتر لە بیست مەتردا کاری خۆی بکا. هەروەها نزیکەی هیچ گوللەی سێ ئینجی تۆپهاوێژییشیان نییە، لە هەموو وڵاتیشداتەنها ١٨٦ مەترالیۆزی قورسیان هەن.

بنگوریۆن خەمی زۆریشی لەسەر ئۆرشەلیم دەخوارد. کە منداڵ بوو وشەکانی هاگانای لەبەر بوون:

- "... ساڵی دادێ لە ئۆرشەلیمدا."

خۆشەویستی ئۆرشەلیم کەم کەس لە غەیرە جووەکان لێی تێدەگەیشت. بۆ کریستیانەکان بێت لەحم Bethlehem، نەزارەت Nazareth و هەر دوو دیوی گۆلی گالیلیا Galilea لە ئۆرشەلیم گرنگتر بوون. شاری پیرۆزی موسڵمانەکانیش مەککە بوو. بەڵام جووەکان هەرگیز ئەوەیان لە بیر ناچێتەوە کە کۆتەڵی (پەیکەر) یەکەم و دووەم لە ئۆرشەلیم دامەزراوە، ئەو شارە چەقی بازنەی دیرۆک، هەست و سۆز و یادەوەرییەکانی جوولەکان بووە. لەگەڵ بەسەرچوونی سەدەکاندا بە ملیۆنان جوولەکە خوێنیان لە پێناودا ڕژاوە.

بۆ بنگوریۆنیش ئۆرشەلیم سیمبۆلی بەردەوامبوونی جوولەکە بووە، دڵی ژیانی جوولەکان بووە، شاری ئەزەلی، کە شارێکە مرۆ لە دوا دوایدا مرۆڤ هەست بەوە بکا لە ماڵی خۆیەتی.

دەبوایە ئۆرشەلیم کرۆکی دەوڵەتە نوێکەی جوولەکان بوایە، بەڵام لە لییک سوکسێسدا ئەو دەستکەوتە لە جووەکان سەنرایەوە، بەشێکی وەک بۆ یەکدانەواندنی لایەنە دانوستانەکان لێهات. شاری پیرۆز دەبوایە خرابایە ژێر بەڕێوەبردنێکی نێودەوڵەتی.

لە ئۆرشەلیمدا سەد هەزار جوولەکە دەژیان، هەموو شیان بە عەرەب دەورە دراون. زۆربەی ئاکنجیانی پیر و پەککەوتە بوون. کەمیان تێدابوو گەنج بێ و دەستی گۆلمەی تفەنگ بگرێ و بجەنگێ. هەرە ئۆرسۆدۆکسەکانیان (بونیادگەراکانیان، فەندەمەنتالەکانیان) بە بیانوی بنەماکانی دیین، خزمەتی سەربازیان ڕەت دەکردەوە. فەرماندەیی هاگانا

سەربازی مەشقپێدراوی کەمی لەوێ هەبوون و چەکیشیان کەم بوو. ئەو کاروانەی لە تەلئەبیبەوە بە دوای ئازوقە بردندا هاتبا، دەبوایە زۆر بە وشیارییەوە بەناو گوندە عەرەبنشینەکاندا ڕێی بکردبایە، کە چەکی دەستی دۆستەکانیان لە دەست دەرنەدەچوو چ جای هی جوولەکە. ئاوی ئۆرشەلیم دەبوایە لە مەودای دوورەوە ڕاهاتبا. عەرەبەکان بۆرییەکانی ئاویان بڕیبوو. لە بارودۆخێکی ئاساییانەدا دانیشتوانی ئۆرشەلیم خواردنیان لە عەرەبە دەوراوپشتەکانیان دەکڕی. بەڵام هەنووکە ئەو سەودایە ئەستەم بوو. هەڕەشەیەکی جدی برسێتیش لە گۆڕێدایە.

بنگۆریۆن بە واتای گشتی وشەکە پیاوێکی ئۆلدار نەبوو. بۆ ئەو ڕواڵەتە سرووتیەکانی دین شتێکی کەمی دەگەیاند. بەڵام خۆشەویستی ئەو بۆ ئۆرشەلیم هیچی لە پیاوێکی زۆر دیندار کەمتر نەبوو. کاتێک ڕاوێژکارێکی ئالودەی گرفتەکە ببوو، بابەتیانە پێشنیازی چۆڵکردنی ئۆرشەلیمی بۆکردبوو، ئەو سەری خۆی بە نەخێرێکی گردەبڕانە ڕاوەشاند.

- "بەڵام تۆ چۆن دەتەوێ خواردنی شارەکە دابین بکەی!"
- "کە کاتی خۆی هات، دەیبینین."
- "ئاخر چۆن بەرگری لە شارەکە دەکەی؟"
- "من باوەڕم بە پەرجوو هەیە."

نەخۆشخانەی هاداسا Hadassah کە گەورەترین نەخۆشخانەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بە پارەی کۆکراوەی ژنە جووەکانی ئەمریکا دروستکراوە، زانکۆی عیبری کە سەد هەزار کتێبی گرانبەهای تێدایە، لەسەر کێوی سکوپس دامەزراوە، لەوێوە مرۆ مەڵبەندی ئۆرشەلیمی لێ دیارە، بەڵام عەرەبەکانی فەلەستین ڕێگای چوونە ئەو گردە ناودارەیان گرتووە.

سێ هەفتە پێش ١٥ی ئادار، شتیک ڕوویدا کە خێزانە شەش کەسیەکەی بنگۆریۆن کەوتنە بن بارێکی گرانی خەم و ماتەمینی.

حەفتا و حەفت پرۆفیسۆر، پزیشک، پەرستار بە ترومبێل دەیانەویست بەرەو خانووبەرە دابڕاوەکان بڕۆن. ئەوان هیچ مەبەستێکی سەربازییان لەژێر سەرەوە نەبوو. کاربەدەستانی دەسەڵاتی مانداتیش دڵنیایان

کردبوونەوە، کە لەو ڕۆژەدا هیچ مەترسیەک لە ڕێگەدا نییە. ئەوان سەرقاڵی قسەکردن بوون لەگەڵ یەکدا، ئاگایان لە دنیادا نەمابوو، چونکە دڵخۆشبوون لە کۆتاییدا دەرفەتیان هەبوو سەردانی نەخۆشخانە و زانکۆکە بکەن.

لێ لەپڕ لە نیوەی ڕێگادا کاروانەکەیان لە لایەن تاقم و باندی عەرەبەکانەوە بەسەردا دەدرێ. هەرچەندە دەستەیەکی سەربازی ئینگلیزیش لەو ناوە بوون و ئاگاداریش کرابوونەوە. بەڵام ئینگلیزەکان ماوەی شەش سەعات و نیوی خشت بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی برواپێکراویش بدەن، هەنگاوێکیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی بارودۆخەکەدا نەنا. لە کاتێکدا عەرەبەکان هەر حەفتاو حەفت ژن و پیاوە جوولەکەکانیان سەرەتا ئەشکەنجە دابوون دواتریش هەرلە جێوە ساردیان کردنەوە.

یەکێک لە پزیشکەکان دەسگیرانی کچە بچووکەکەی بنگوریۆن ڕێنانا بوو. ئەوان زۆر یەکدییان خۆشدەویست.

لە کاتێکدا، بارودۆخەکە وا گرژ ببوو، ببووە مایەی ئەوەی ڕێکخراوی ئیرگونی میناحیم بێگین لە داخانا بتەقێ، بۆیە بەبێ ئەوەی بنگوریۆن فەرمانی پێدابێ، ڕێکخراوەکەی خۆی جۆش دا و پەلاماری یافای دا. یافاش گەورەترین شاری عەرەبنشینی فەلەستین بوو. هەر زوو سەربازە ئینگلیزەکان بە تانک و تۆپ و فڕۆکە بە فریای عەرەبەکانەوە هاتن. کاتێکیش شەڕ لەنێو هەرسێ لایەنەکەدا وەستا، زۆرینەی هاوڵاتییانی عەرەب بەرەو وڵاتە دراوسێکانیان هەڵاتبوون.

بنگوریۆن زۆر تووڕە بوو، چونکە هاگانا نەخشەیەکی دەستکردنەوەی هەبوو، کە هەموو دەستە و کۆمەڵەکانی لەخۆ دەگرت، هەروەها گەر هەر کۆمەڵەیەک بە فەرماندەیەکی خۆی بە بێ ئەوەی لەگەڵ ئەوانی دیکە ڕێک بکەوێ ، چالاکی بکا، تەنها دیاردەی پاشاگەردانی لێ دەکەوێتەوە.

ئەوەی لە دێریاسین Der Yassinیشدا قەوما هێشتا لە هەموویان پۆلکتر (خراپتر) بوو.

بۆ ئەوەی ئازووقە بگەیەنرێتە ئۆرشەلیم، کۆمەڵێک ترۆمبێل بە باری ئاو، داودەرمان و پێداویستی سەربازی بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتن.

عەرەبەکان زۆر جاران لە نیوەی ڕێگادا پەلاماری ئەو جۆرە کاروانانەیان دەدا، ئیدی کوژراو قوربانی لێدەکەوتەوە.
کاتێک هاگانا لە هەوڵی ئەوەدابوو ڕێگای بەستنەوەی تەلئەبیب بە ئۆرشەلیم بکاتەوە، ڕێکخراوی ئیرگۆن هاتە پێشەوە، ئەرکی پاککردنەوەی ڕێگاکەی لە دێریاسین گرتە ئەستۆی خۆی. پێش ئەوەی ئیرگۆن گوندەکە بەجێب هێڵێ، ٢٥٤ پیاو، ژن ومنداڵی عەرەب کوژران.
لە کاردانەوەدا، بنگۆریۆن بە هەموو هەستەکانییەوە تووڕە بوو. لەسەر ئەوە دەهری بوو، چۆن جوولەکە کارێکی وا خوێناوی و قێزەونیان لە دەست دێ، هەرچەندە ڕێکخراوی ئیرگۆنیش پاساوی هێنایەوە، هەروەها کەشوهەوایەکەش شەڕانگێزیانە بوو؛ لە هەموو لایەکەوە دادەڕسانە سەر جووەکان. دەستبەجێ بنگۆریۆن برووسکەیەکی بۆ شا عەبدوڵڵای ڕۆژهەڵاتی ئوردن لێدا، تیایدا بەرپرسیارێتی خۆی لە ڕووداوەکەدا بە تەواوی ڕەت کردەوە.
لەو ساتەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە هەمیشە لایەنگری چارەسەری دابەشکردن بوو، لەهیکەوە ڕایگەیاند؛ فەلەستین دەبێ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەش نەخشەیەک بوو هیچ لایەک پێی قایل نەدەبوو.
وێڕای ئەمەش دەبوایە بنگۆریۆن دژی کۆنەپارێزەکانی نێو ڕیزی پارتەکەی خۆیشی بوەستێتەوە، هەندێکیان تەنانەت لەنێو ماپای و هیستادروتیشدا بوون، پێیان وابوو بە پێی ڕەوتی پەرەسەندووی پێشهاتەکان، هێشتا ئەو ئانوساتە نەهاتووە، کە دەوڵەتی جوو دابمەزرێ. پاساویان بەوە دەهێنایەوە گەر هێشتا هەندێکی دیکە بوەستین، ڕەنگبێ باشتر بێ. تەنانەت د. وایزمەنیش پشتگیری ئەو گریمانەی دەکرد. بنگۆریۆن بە هێوری ئەوانی بۆ سەر هەڵوێستەکەی خۆی ڕاکێشا.
جووەکانی فەلەستین بنگۆریۆنیان وەک سەرکردەیەکی خۆیان هەڵبژاردبوو، ئیدی ئەرکی سەرشانی ئەو بوو، ورەیان بەرز ڕابگرێ و یەکێتیی ڕیزەکانی گەلەکەی تۆکمەتر بکا، ئەو گەلەی هەمیشە شانازی بە ئارەزووی تاکەکانییەوە دەکرد. ئاخر لەسەر بنگۆریۆن پێویست بوو هەڵمەتێکی دیپلۆماسیانەی وا بەرپا بکا، کە ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان بۆ پلانە لەپڕ ڕاگەیەندراوەکەی واشنتۆن نەیەتە سەر چۆک، پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی دیکەدا پەرە پێبدا. بە چەندان سەعات ئەو بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەتێک کە هێشتا نەزاوە، ڕوو بە ڕووی کاروباری سەربازیانە ببووەوە؛ وەک سەرۆکێکی کابینەی سایەش دەبوایە ئاراستەی ڕاستەڕێ لە نێوان توندڕۆ و نەرمڕۆیەکاندا دیاری بکات و ڕابەرایەتی دروستکردنی دامودەزگای میری بکا، بۆ ئەوەی هەر کاتێ ئینگلیزەکان ڕۆیشتن، جێگەیان بگرێتەوە. دەبوایە گەلەکەی بۆ مەرگ و کاولکاری ئامادە کردبا، چونکە باوەڕی سەلمێنراوی وابوو، کە شتێکی وا چاوەڕێیان دەکا. دەبوایە ئەگەری برسێتی و کورتهێنانی ئاوی خواردنەوە بە هەند هەڵبگرێ و جووەکانیش هانبدا بەرگەی بۆمبارانی ئاسمانی و تۆپ و ئابلۆقەی دەریایی و لە دەستدانی ئازیزانیان بگرن.

هەنووکە گەیشتۆتە تەمەنی شەست و پێنجساڵی و لە جاران زوتر ماندوو دەبێ، بەڵام ئەو کاتوساتە هی ئەوە نەبوو بیر لە لەشساخی خۆی بکاتەوە. چاکەی بیرنەکرنەوەی لە تەندروستی خۆی بۆ پاولای هاوسەری دەگەڕایەوە، کە ئەو لەو ڕۆژگارەدا بەو شێوەیە ماوە. پاولا مشووری ئەوەی دەخوارد بەلای کەمی لە ڕۆژێکدا ژەمێکی باش بخوا و بێ تەنگەتاوکردنیش کەمێک بخەوێ. بەڵام بنگوریۆن کاتی کەمی بۆ ژن، کچەکان و کتێبەکانی بە دەستەوە بوو.

سەرباری تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانە، سەرقاڵی نووسینی وتاری سیاسیانەش بوو بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. زۆر جاران لە سەعات دوو یان سێی شەو لە خەو ڕادەپەڕی و هەموو ڕۆژ و ئێوارەکەشی ماندوونەبوونانە کار دەکرد.

شەش مانگی ڕەبەق و بەردەوام کارەکان بە خواروخێچی دەڕۆیشتن.

سێ فڕۆکەی جۆری مێسەرسخمیتMesserschmitt[32]هاتنە فەلەستین، بەڵام یەکیان لە گەیشتنی کەوت و شکا، دووەمیشیان پێش نیشتنەوەی بە ناچاری نیشتەوە و بێسەروشوێن بوو.

گۆلدا میرسۆن[33] کە بیچمێکی ناسراوی کابینەی سایەکە بوو، لەبەر هێرشێکی تەوژمی دڵ نەخۆش کەوت.

[32] فڕۆکەیەکی جەنگاوەری ئاڵمانی جەنگی جیهانیی دوهەم بوو-وەرگێر

دۆستڕۆڤسکی سەرکردەی هێزەکان بە قورسی نەخۆش کەوت، بەڵام هێشتا لە پەنسیۆنێکی حەیفادا سەرهێڵەکانی بەرگریکردنی دادەنا.
یادین جێگەی دۆستڕۆڤسکی گرتەوە، ڕۆژانە لەگەڵ بنگۆریۆندا ڕاوێژی دەکرد. ڕۆژێکیان هەواڵێکی سەیروسەمەرەی پێبوو، هەرچەندە فری بەسەر کایەی سەربازیشەوە نەبوو. باوکی یادین شتێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە هەموو ئارکیۆلۆجێک ئێرەیی پێ دەبرد.
بازرگانێکی ئەرمەنی کەلوپەلە ئەنتیکەکان، هەواڵێکی بۆ د. سوکینک D. Sukenk (یادین ناوی نهێنی ڕێکخراوی جەنگاوەرانەی بوو، دواتر کردیە ناوی فەرمی خۆی) نارد، داوای لێکرد بە پەلە بگاتە بەندەری سەربازیی زۆنی B لە ئۆرشەلیم. لەوێ ئەو و کابرای ئەرمەنی دەربارەی چەند لوولەیەکی پێچراوە قسەدەکەن.
ئەرمەنییەکە پارچەیەک دەستنووسێکی لەسەر پێستەی لوولدراو، کە لە ئەشکەوتێکی تاریکی سەر زێی مردوو لە لایەن ڕەوەندێک (بەدەوی Bedoein) کە بەدوای بزنەکانی دەگەڕا، دۆزراوەتەوە، کڕیوە. پێستە دەستنووسە لوولدراوەکە لەنێو شوشەیەکدا دۆزراوەتەوە. ڕەوەندە عەرەبەکە لەگەڵ خۆی هێناویەتە بێت لەحم، هەنووکەش د. سوکەنیکیان دۆزیوەتەوە، ئاخۆ بۆ زانکۆی عیبریان لێدەکڕێ.
سوکەنیک لە کوڕی خۆی پرسی ئایا لەو بارودۆخەدا کە عەرەبەکان وا دژوارن، دەکرێ بچێتە بێت لەحم؟
وەک ئەندامێکی دەستەی ژەنەڕاڵەکانی هاگانا، بێگومان یادین هەر دەبوایە بە "نەخێر، نابێ بچێ" بەرسڤی باوکی بدابایەوە، بەڵام ڕۆژێک پاشتر د. سوکێنیک سەرچڵییەکەی هەر کرد، چووە ئەوێ و هەر سێ لوولەکانی کە هەموویان سەد دۆلاری پێنەدا بوون لەگەڵ خۆیدا هێنان. (ساڵێک دواتر کوڕەکەی لە نیویۆرک چوار لوولەی هاوچەشنی ئەوەی باوکی بە چارەگە ملیۆن دۆلارێک کڕینەوە.)
نووسینگەی بنگۆریۆن لە خانویەکی شەقامی هایارکۆن Hayarkonی سەر کەناری زێی لە ناوجەرگەی تەلئەبیبدا بوو. یادین نزیکەی ڕۆژانە دەهاتە لای. بە چەندان سەعات خۆی و بنگۆریۆن سەریان بەسەر

[33] دواتر بە گۆلدا مایر ناسرا. هەر بۆ زانیاریی، یاداشتەکانی ئەوژنە سەرکردەیە وەرگێڕدراوە ودوو جاریش چاپ کراوەتەوە. وەرگێڕ.

نەخشەکاندا دادەگرت. زۆرجاران سەرکردە پرچ سپیە لوولەکە دەبوایە بڕیاری حەتمی سەربازیانەی بدابا. هەندێک جاریش کە نەیویستبا لەسەر شتێک شێلگیربێ و بیسەلمێنێ، ڕووی دەمی قسەی لە هێکەوە بەرەو زێی مردوو وەردەگێڕا.

- "ئایا باوکت دەتوانێ نووسراوەکە وەربگێڕێ؟"

لەو ساتەدا یادین کە زیاتر بە بەرزی سەرێکەوە لەسەر سەرکردەکەی بوو، بە چەقاوەسوویانە خەندەیەکی بۆ دەکرد و ئەنجا بە پێداگرتنەوە دەیگوت:

- "ئاخر، بنگۆریۆن من دەمەوێ دەستبەجێ وەڵامی پرسەکەم وەربگرمەوە."

میوانانی ئەو نووسینگە بە جۆرەها کێشە و گرفتەوە دەهاتن دەچوون: پرسی چۆنییەتی گواستنەوە و بارکردن، کۆچبەران، ئاوی پاکی خواردنەوە، ڕاژەی پەیوەندییەکان، بە نهێنی خواردن ڕەوانەکردن، ئۆرودوگای دیلەکان، ئینگلیزەکان، کۆبوونەوەی دادێی کابینە- ئەوسا پاولای خێزانی لەسەر تەلەفۆن، هەروەها لە دوای ١٥ی مانگەوە سیستمی باج چۆن دەبێ، جەژنەکان، ئایا ڕۆژنامەکان چۆن دەردەچن و دەزگای ستێنسل چۆن دەبێ، هەروەها چۆن حکوومەتێک بەبێ دەزگای ستێنسل دەکەوێتە گەڕ؟

ڕۆژێکیان بە هەڵەداوان کارمەندێک کە بە شێوەیەکی کاتیی سەرپەرشتی دەزگای پۆست و تەلەفۆنی لە ئەستۆ بوو، هاتە لای بنگۆریۆن پرسیاری ئەوەی لێکرد، بەڵکو بە یارمەتی خۆی ناوی دەوڵەتە نوێکەی پێبڵێ. ئەو دەبێ پول بە ڕادان بدا، بەڵام چۆن دەتوانێ لەگەڵ هونەرمەندێک ڕێک بکەوێ، گەر هاتو ناوی وڵات و دەوڵەتەکەی نەزانێ؟

بنگۆریۆن بەرپرسی پۆست و تەلەفۆنی ڕەوانە کردەوە. هێشتا کاتی ئەوە نییە کە ئەو جۆرە کاروبارە لوکسەییانە (کەمالیاتانە) قسەی لەسەر بکرێ.

هەر بۆیەشە لەسەر یەکەم پول تەنها دەستەواژەی دۆوار ئیڤری Doar Ivri (پولی جوولەکان) نووسرابوو.

بنگوریۆن بە زۆری لە خەمی ڕاژەی کاروباری گشتی هاوڵاتیاندا بوو. ئەو بە ئەندامانی کابینە سایەکەی گوت:

- "گەر کار وا بڕوا، بە ئاسانی کاربەدەستە باڵاکانی حکوومەتمان دەست دەکەوێ. بەڵام من ئەوە دەپرسم، ئاخۆ چۆن دەستمان بە کارمەندی پلە خوارتر وەک لێخورانی شەمەندەفەڕ، کارگوزاری تەلەفۆن، پەرستار بۆ نەخۆشخانەکان دەست دەکەوێ."

لەسەر پێشنیازی ئەو کۆمیتەیەکی تایبەت لە سێ پیاو پێکهات. هەر یەکێک لە ئەندامانی لەو کۆمیتەیە بە ڕەهەندیکی حکوومەت و چەندان دامودەزگاوە خەریک دەبوو، دەبوایە کارمەندی بۆ بدۆزیبانەوە و ئامادەی ئەو کاتەی کردبان کە دەوڵەتی جوو وەک ڕاستییێک دەرکەوتبا. بەڵام ئایا چۆن دەوڵەتێکی تازە دەستی بە کارمەندی بە ئەزموون ڕادەگا، پیاوانێک کە مانگانەی حکوومەت ڕێک بخەن، نرخی کاڵاکان دیار بکەن و ئەو هەموو نووسینگە و تەلارە جۆربەجۆرانە ساز بدەن، بە ڕاستی کارێکی زۆر قورس و پێویستیشە.

بنگوریۆن دەیزانی، جووەکان هەنووکە وەک هەموو شۆڕشگێڕەکان تووشی گرفتی مەزن بوون. لە هەموو ئەو ساڵانەی ڕابردوودا جووەکان خۆیان وەک بەرەنگاریکارێک (جەنگاوەرێک)، وەک سەربازێکی نهێنی، وەک خۆشاراوەیەک لەبەر دەسەڵات، وەک سیاسییەک و بانگەشەدەرێک خۆی ئامادە و تەیار کردبوو. کەچی ئەو هەموو زانیارییانەی کەمتر بەکەڵک دەهاتن، گەر هات و بوونە پشکێنەری باجدان یان حیسابی ئەوە ڕابگرن ئاخۆ دەبێ کیلۆی شەکر لە بازاڕدا بە چەند بفرۆشرێ، چی دەکەن.

ڕۆژێکیان کۆمیتەی تایبەت لەسەر تاوتوێکردنی بارەگای حکوومەت کۆبوونەوە. ئایا بارەگای حکوومەت لە کوێ دابندرێ؟ ئۆرشەلیمیان لە حیسابەکەیاندا بە لاوە نابوو. حەیفاش بۆ بارەگای حکوومەت دەستی نەدەدا، چونکە ئینگلیزەکان ڕایانگەیاندبوو ڕەنگبێ شەش مانگی دیکەشیان دوای کۆتاییهاتنی ماندات پێویست بێ تا بە تەواوی دەکشێنەوە. ناوی ناتانیا Natanya کە دەڤەرێکە لە نێوان تەلئەبیب و

حەیفادا، هات. ئەوێ ئۆردوگایەکی حەسانەوەی ئینگلیزەکان بوو، پڕ خانوو بوو، هەمووی بەسەر یەکەوە شەش سەد ژووری هەبوو.
هەروەها نەخشەی ئەوەش لە گۆڕێدا بوون، کە دامودەزگاکانی حکوومەت بەسەر هەموو وڵاتدا دابەشبکەن.
بنگۆریۆنیش پێشنیازی خۆی هەبوو. ئەو کورنوب Kurnub کە نشینگەیەکی جێهێڵراوی نەبەتیەی ناو جەرگەی بیابانی نەقەبە، دانابوو. شوێنەکە بە ناوی مامشیت Mamshitیش ناو دەبردرا.
کورنوب کاتی خۆی شارێکی بە ئاپۆرەی سەر ڕێی کاروانی بیابان بوو. کاروانچییەکان بۆ پشووی خۆیان و ئاژەڵەکانیان شەو لەوێ لایان دەدا، باجیش لە کاروانەکان دەستێندرا.
دواتر بووە قەڵایەکی ڕۆمە بێزەنتینییەکان.
بنگۆریۆن بە دوای گیانە گەڕۆکەکەیدا چوبوو، هەنووکە شوێنەکە چۆڵکراوە، لەنێو بیاباندایە تەنانەت زۆر لە دانیشتوانی فەلەستین هەر ناویشیان نەدەزانی. بەڵام لە دۆڵەکانی دەوروبەریدا شوێنەواری کشتیاری بەدی دەکرێ، وا دەردەکەوێ کاتی خۆی برەوی زۆر هەبووە، شوێنەواری بەربەستە ئاوییەکانی ڕۆژگاری بیزەنتینییەکانی هەر پێوە ماوە، کە نیشانەی بە پیت و فەڕی خاکەکەی دەردەخست. بەروبوومی زۆری هەبوو، زستانانیش بەشی خۆی بارانی لێدەباری.
پێشنیازەکەی بنگۆریۆن لە لایەن نزیکەی هەموو هاوکارانییەوە وەرنەگیرا، ئەویش وەک دیموکراتێک لەسەر کورسیەکەی بە چاوی نیوە داخراوە لیێی پاڵدابووەو دۆڕانەکەی پەژراند. ئەو شوێنەی لە دواییدا دەستنیشانکرا سارۆنا Sarona بوو. سارۆنا نشینگەیەک بوو، زۆر کێڵگە و شوورەی بەردینی هەبوو، لە ڕاستیدا کاتی خۆی لە لایەن سوارچاکەکانی ئاڵمانەوە لە لێواری تەلئەبیبەوە بنیاتنرابوو. لە ڕۆژگاری شەڕی دووەمی جیهاندا، ئینگلیزەکان ئەوێیان گرت، چونکە خاوەندارەکانی هەواداری نازییەکان بوون. (ئەو پیاوەی هیتلەر فەرمانی پێدابوو کە جووەکانی ئەورووپا قڕ بکا، ئاڵمانێکی شۆڕەسوار بوو لە سارۆنا لە دایک ببوو.)
سارۆنا ناوی هاکیریا Hakiry (شارەکە) بەسەردا بڕا. یەک بە یەکی ئەندامانی کابینە سایەکە سەری ئەوێیاندا تا ببینن لە کامە کێڵگە فلانە

وەزارەت و لە کامە ناندیندا سکرتاریەت و تایپیستی لێدابنری، لەوەش دەگەڕان ئاخۆ بەشێکی ژێرزەمینێکی شەڕاب و شوێنی خۆ حەشاردان دەشێ.

بۆیە مێزی نووسینگە، کورسی و دۆلابی ئەرشیف بە ڕادان دران و بۆ ڕۆژی خۆی هەمووی بە نهێنی گواسترانەوە. هەفت هەفتە پێش ١٥ی مانگ بنگۆریۆن و هاوڕێکانی ڕوونکردنەوەیەکیان دا. هەر کاتێ ماندات کۆتایی هات، ئەوان دەوڵەتی خۆیان جاڕ دەدەن. جووەکان ئامادەبوون پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ عەرەبەکانی ناوەوە و دەرەوەدا گرێ بدەن. لەگەڵ ئەو هەموو شتەی ڕووشی داوە، هێشتا جولەکاکان ئامادەبوون یارمەتی ئینگلیزەکان بدەن تا بە ئارامی و بە ئاسانی وڵات بەجێ بێڵن و باربکەن.

چەند هەفتەی پڕ گفتوگۆ و ڕاوێژی خایاند تا ڕوونکردنەوەکەیان بپەژرێندرێ؛ بنگۆریۆن بە چەندان سەعات هەر داوای دەکرد. هێشتا هەندێ جوولەکە مابوون نە دەوێران، لە دەرهاویشتەکەی دەترسان، پێیان وابوو سروشەکەی بنگۆریۆن بارودۆخەکەی بە باشی هەڵنەسەنگاندووە و بڕیاری بەجێی نەداوە.

لەدوا ڕۆژەکاندا بنگۆریۆن لە هەموو لایەک ئامادە بوو؛ کارگەی گوللە دروستکردنی بەسەردەکردەوە، بێباکانە لەگەڵ دوا ئۆتۆمبێلی کارواندا سەردانی ئۆرشەلیمی دەکرد، قسەی دلێر و ورە بەرزکردنەوەی بۆ هەمووان هەبوو، ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ بەدەستخستنی متمانەی جوولەکان بەکارهێنا.

فەرمانی دایە هاگانا گەر بەڕاستی ناچارکران بجەنگن، هەوڵ بدەن تا بکرێ قوربانیی کەم بدەن.

بەڵام لە هەمان کاتدا سەرنجی وردی خستبووە سەر لایەنی سەربازی، کە پسپۆرەکان هێنابویانە پێش. ئەوان دەیانەویست چەندان نشینگەی جوولەکە چۆڵ بکرێن و لەشکرەکەشیان پەرت نەکرێ. لە ڕاستیدا پێشنیازێکی بەجێ بوو بەڵام بنگۆریۆن گوتی: "ئێمە دەبێ پارێزگاری لە هەموو گوندێک، تەنانەت ماڵ بە ماڵ و بست بە بستی بکەین."

ئەو کەللەڕەقیەی چەرچڵیانە هەندێ لە کەسە ڕیالیستەکانی پەست کرد، هەندێکیان پێیان وابوو، ئەم ڕایەی ئێستای بنگۆریۆن لەگەڵ

ئارەزووەکەی بەوەی تا بکرێ ڕیژەی قوربانیدان کەم بکرێتەوە، یەک ناگرێتەوە. بەڵام بە گشتی ڕەفتارەکەی لە جاران جێی بڕوا و متمانەتر بوو.

کاتێ ساتی بڕیاردەر نزیکتر دەبووەوە، گرژی لەوە زیاتر دەبوون کە وڵاتەکە لە ڕۆژە پڕ ئاژاوەکانی تووشی ببوو. بەیانییێکی بارانـاوی نـاخۆش پۆلیسـیک هاتـە ئەزموونگـەی کیمیـاوی تەلئـەبیب و سـەلکە نقیشکێکی لە جامێکی شوشەدا پێبوو.

کارمەندی پرسگە چاوێکی لە نقیشکەکە بوو تەماشای پۆلیسەکەی کرد.

پۆلیسەکە گوتی: "دەبێ ئەوە لێرە بپشکنرێ."

لە پرسگەدا بانگی کیمیاگەرێک کرا.

کیمیاگەرەکە پرسی "بۆچی بپشکنرێ؟"

پۆلیسەکە وەڵامی دایەوە: "پاولا بنگۆریۆن منی ناردۆتە ئێرە."

کیمیاگەرەکە پێکەنی و دەفرەکەی لە پۆلیسەکە وەرگرت و زەنگێکی بۆ خانمەکەی بنگۆریۆن لێدا.

- "ئا بەڵێ، من ناردوومە، پێویستە تۆ نقیشکەکە بپشکنی، چونکە من بیرۆکەیەکی وام بۆ دروستبووە، کە لەلایەن کێڵگەکەیەوە هەڕەشـە لـە داودکـەی مـن دەکـرێ و ئـەو جـۆرە نقیشـکە ناپەسەندەی بۆ دەنێرن! ئەو لەو ڕۆژانەی دواییدا زۆر سەرقاڵە و دەبێ خواردنی باش بخوا تا خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ. تکایە نقیشکەکە بپشکنە و لە ئەنجامەکەشیدا ئاگادارم بکەرەوە."

لە دوا ڕۆژەکانی ماندانتدا هەواڵی خۆش و ناخۆش دەهاتن.

لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکدا چەکفرۆشتن و ڕەوانەکردنی چـەکیان بـۆ وڵاتـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا قەدەغـە کـردووە. چونکـە عەرەبەکان لە ژێدەری دیکەوە لە ڕاستیدا ئەوەندەی ویستویانە چـەکیان بەدەست خستوە، ئەو قەدەغەکردنـەی ئەمریکا بۆ ئەوان گرنگ نـەبوو، بەڵام بۆ پەیمانگای سۆنەبۆرن زەبرێکی کوشندە بوو.

مارشال Marshallی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا نامەیەکی بۆ بنگۆریـۆن نووسـیبوو، هەرچەنـدە پەسـندنامەی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکاشی هەیە، بـەڵام وا باشـە جارێ دەوڵـەتی جوو ڕانەگەیـەنرێ و بوەخرێنی. هەندێ بەندوباویش پەیدابوون کە خودی سـەرۆک ترومـان

فرۆکە تایبەتیەکەی خۆی کە مانگای پیرۆز"یان پێدەگوت، خستۆتە خزمەتی نوێنەری جولەکە گەر بێت و ئامادە بێ لە فەلەستینەوە بڕواتە واشنتۆن، بەڵکو بیرۆکەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی پێ بگۆڕێ.

تاکە هەواڵێکی خۆش گەیشتنی کەشتیەکی هاگانا بوو، کە توانیبوویان بە شەوێکی نوتەک لە گەمارۆی ئینگلیزەکان دەرباز ببن. کەشتییەکە نیوەی ئەو چەکانەی لە چیکۆسلۆڤاکیاکان بەڕادان دابوو، بارکردبوو؛ هەر زوو بارەکە دابەزێنرا و بەسەر یەکە سەربازیەکانیان دابەش کرد.

کەمێک پێش ۱٥ی مانگ، بنگوریۆن لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا قسەی بۆ سەرکردەکانی زایۆنیزم کرد. هەشت مانگ پێشتر ڕاستیەکانی پێ گوتبوون. بەڵام زۆریان بڕوایان نەکردبوو. هەنووکە بە مکوڕبوون و لێبڕاوانە گوتی:

- "لە هەزار و هەشت سەدساڵی ڕابردودا هەرگیز پێشهاتەکان وا هەڕەشەئامێز نەبوونە."

لەسەری ڕۆیشت کە لەسەر کۆمەڵگای جوولەکە پێویستە "هەموو پشکێکی ئابووری، هێزی چەکداری، توانستی گواستنەوە، زانست و تەکنیکەکانی، کەرەستەکانی دارایی، هێزی ورەیان، ڕۆژنامە و تەواوی ژیانی جەماوەریانەیان" بخەنە تای تەرازوو.

- "هۆکاری یەکلاکەرەوەی سەرکەوتن، توانستی گواستنەوەو هاتوچۆ و گەیاندن، پارە ورە و زیرەکایەتییە."

لە کۆتایی دوانەکەیدا گەیشتە ئەوە بڵێ:

- "هەرچەندە پسپۆڕەکانیش دەربرینی خۆیان هەبێ، بەڵام من دەوێرم بڵێم بڕوام بە سەرکەوتن هەیە."

لەدوا ساتدا ڕێکخراوی ئیرگۆن و هاگانا ڕێککەوتنامەیەکیان واژۆکرد بەوەی بەڵێن بە یەکدی بدەن لەسەر گۆڕەپانی شەڕدا بە تەواوی هاوکار و پاڵپشتی یەکدی بن.

لە دواییدا نەرمڕۆ و توندڕەوەکان، دژە زایۆنیستەکان و هەوادارانی زایۆنیزم، ئۆرسۆدۆکسە جووەکان و ئەوانەی فریان بەسەر دیینەوە نەبوو، ئاکنجیانی شارە گەورەکان و کیبۆتنشینەکان، جووەکانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتیەکان، چەپ و ڕاستەکانیان، سابرابییەکان و

ئەوانەی بە دوا کەشتی گەیشتوون، یەکێتییەکی گەورەیان لەو هەموو جیاوازکاریانەی کە هەبوو، پێکهێنا.
فەلەستینی جوولەکە لەسەر پێ بوو. بەڵام هێشتا بۆ زۆرانبازییەکە ئامادە نەبوو. هێشتا بە باشی چەکدار نەبوو. بەڵام لەسەرپێ بوو. ئاخر وڵاتەکە سەرکردەیەکی هەبوو.
د. وایزمەن کە بە خراپی نەخۆش کەوتبوو، ئەو ماوەی لە نیویۆرک بەسەربرد. ژابۆتینسکی و کاتزێنسلۆن مردبوون. ئەوانی دیکە بێ بڕیار مابوونەوە. تەنها پیاوێک سەری بەرزی ڕاگرتبوو، بەهەر دوو دەستی ئاراستەی سوکانەکەی ڕوە و ئاسۆ قایم ڕاگرتبوو، هەندێ جاریش وەک سەراب دەهاتە پێشچاوان.
لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، بنگۆریۆن لە دەوڵەتمەدارێکی تیژبینەوە ببووە بیچمێکی جیهانیی و سەلماندی کە تیایدا هەیە وڵاتی باب و باپیران بۆ گەلە دێرینەکەی بگەڕێنێتەوە.
لێ گەلۆ، هەنووکە دەبێ ئەوە دەربکەوێ، ئاخۆ بەڕاستی ئەو خاسیەتە حاشاهەڵنەگرانەی شوانەی تێدان، کە هاوواتای ناوەکەیەتی.

بەشی ١٣

ئینگلیزەکان گوتبوویان شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی ئایار، وا دادەنرێ کە ماندات کۆتایی پێهاتووە و کەلوپەلەکانی خۆیان تێکدەنێن و بارگەوبنەیان دەپێچنەوە. ئەوەش شەوی هەینی لەسەر شەممە بوو.
بنگۆریۆن لە چوارشەممەی هەمان هەفتەدا، کۆبوونەوەی بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرد. گرنگترین پرس ئەوە بوو؛ ئایا هێشتا زۆرینە لەگەڵ ئەوەدایە، کە ساتی جاڕدانی دەوڵەتی جوولەکان هاتبێ؟ بنگۆریۆن نەیدەویست دواتر لۆمە بکرێ، گوایە ئەو بڕیارەکەی خوێندۆتەوە و ئۆپۆزسیۆنیش لە ئاستیدا بێدەنگ بووە.
بەڵام سەرەتا هەواڵێکی پێڕاگەیاندن. هەواڵێک دەربارەی گوش ئیتزۆن Gush Etzion کە دەستەیەکی چوار نشینگەییە کەوتۆتە بیست کیلۆمەتر لە خوارووی ئۆرشەلیم، عەرەبەکان هەر چوار دەوریان گرتووە. لە هەوڵێکیشدا بۆ خۆگەیاندنە ئەو نشینگانە و ئابڵوقەشکاندندا سی و پێنج سەربازی هاگانا کوژراون. لەو کاتەوە ئازووقەیان بە فڕۆکە بۆ بەردەدرێتە خوارەوە. نشینگە جووەکان بەردەوام لە لایەن تاقم و باندی عەرەبەکانەوە تەنگەتاو دەکران.
بنگۆریۆن لەو بڕوایەدا بوو، دوو قۆشەنی هێزی عەرەب کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە ڕێنمایی دەکران، هێرشێکی سەربازییانەیان بۆسەر گوش ئێتزۆن دەست پێکردووە، هەرچەندە هێشتا ماندانیش کۆتایی نەهاتووە.
ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بە سەرسامییە گوێیان بۆ ڕاگرت.
دواتر موشێ شێرتۆک داوای دەرفەتی قسەکردنی کرد؛ ئەو هەر سەعاتێک زوتر لە ئەمریکاوە گەڕابووەوە، زۆر پێی لەسەر ئەوە داگرت، جارێ جاڕی دەوڵەتی جوولەکان نەدرێ.

گۆلدا میرسۆن (مایەر)یش دەربارەی سەردانەکەی بۆ لای شا عەبدوڵڵا قسەی کرد. ئەوان بە نهێنییەوە لە فەلەستین یەکدیان دیتبوو؛ هەنووکەش دەبوایە ئەو بچێتە لای شا عەبدوڵڵا بەڵام ئەمجارەیان لە عەممان. گۆلدا مایر بە دەمامکی تەواوەوە خۆی وەک خانمێکی عەرەب هەڵخستبوو، ئەنجا چووبووە عەمان. پاشای ئوردن دۆستانە پێشوازی لێکردبوو، بەڵام ئەو خەمبار و دەمارگیر بوو.

پاشا پرسیبووی: "باشە بۆچی جوو لە لە جاڕدانی دەوڵەتەکەیان ئەوەندە پەلە دەکەن؟"

وەڵامی گۆلداش ئەوە بوو: "ئایا تۆ ئێمە بە پەلە دەزانی؛ ئێمە دوو هەزار ساڵە چاوەڕێین."

شا عەبدوڵڵا دژی هەر دابەشکردنێکی فەلەستین بوو. ئەو دەیەویست هەموو وڵاتەکەی لەبن ڕکێفدا بێ، ئەوەشی نەشاردەوە کە بە کۆمەکی لەشکەرە عەرەبییەکان دەیەوێ وڵاتەکە داگیر بکا.

دواتر یادین گوتی سەرچاوە هەواڵگرییەکان ئەوە رادەگەیەنن، کە یەکە سەربازییەکانی وڵاتە عەرەبە دراوسێکان خۆیان ئامادە کردوەو و بە خێرایی بەرەو سنوور دەکشێن. مرۆ پێیوابوو کە لە شەممەدا لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرێتە سەریان و بە فڕۆکەش تەلئەبیب بۆمباران دەکرێ.

دوای ئەوەی بنگۆریۆن قسەکانی خۆی تەواوکردن، مرۆ لەسەر ئەوە کۆک بوو کە نەخشەی جاڕدانی سەربەخۆبوونی جوولەکە هەر پێشنۆرەیە.

ئیدی هەنووکە پرس ئەوە بوو، ئاخۆ چ سەعاتێک بۆ جاڕدانی سەربەخۆبوون دەستنیشان بکەن.

هەر وەک پسپۆڕێکی قانونی ڕوونی کردەوە، نابێ ئەو کارە بەر لە نیوەشەوی ڕۆژی هەینی لەسەر شەممەدا ئەنجام بدرێ. بەڵام لە هەینیدا کاتێ ڕۆژ ئاوادەبێ شابات (شەممە) دەست پێدەکا، ئەوسا ئەندامانی ئۆرسەدۆکس لە ئەنجوومەنەکەدا واژۆی خۆیان ناخەنە سەر جاڕنامەکە، هەروەها ئەوان لەو کاتەدا چی دیکە ناگەڕێن و هیچ کارێک ناکەن، چونکە لەگەڵ پشووی شەباتدا یەک ناگرێتەوە.

ئەندامە ئۆرسۆدۆکسە جووەکان سەیری ڕۆژمێری خۆیان کرد و حیسابیان کرد کە دەکرێ بۆنەنامەکە لە سەعات چواری دوای نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی دەست پێبکا، ئەوسا تا ڕۆژ ئاوا دەبێ بۆنەکە تەواو دەبێ و تێدەپەڕێ.

کاتێک ئەنجوومەنەی نیشتمانیی بڵاوەی لێکرد، کابینەی داهاتوو کۆبوونەوەی خۆی سازدا، تیایدا دارشتنی جاڕنامەی سەربەخۆبوونەکە بە چوار قانونزان سپێردرا. ئەندامێکیان سکاڵای هەبوو:

- "ئەرێ چۆن دەتوانین ئێمە جاڕی دەوڵەتێک بدەین گەر سنوورەکانی دیار نەکەین؟ ئێمە سەرەتا دەبێ دەوڵەتی جوولەکە بە تەواوی لەسەر نەخشە دەستنیشان بکەین و بە ڕوونی هێڵە سنوورییەکانی بکێشین، بۆئەوەی ڕاشاکاوانە بڵێن کە دەوڵەتەکەمان چییە و لە کوێ دەست پێدەکا و بە کوێش کۆتایی پێدێ."

بنگوریۆن ئەو سکاڵانامەی بەلاوە نا، چونکە جاڕنامەی سەربەخۆبوونی ئەمریکای بە بیر هێنانەوە، کە هیچی دەربارەی سنوور باس نەکردبوو.

دوا خاڵی سەر ئەجێنداکەیان پرسی ناونان بوو. زۆریان پێیان وابوو دەبێ ناوی دەوڵەتەکەیان بەبێ دوودڵی جودیا Judea بێ. (بە عیبری یاهودا Yahudaی پێدەگوترێ). بەڵام لە ڕووی جوگرافییەوە جودیا تەنها ئەو دەڤەرەی دەورەبەری ئۆرشەلیمی دەگرتەوە، بۆیە ناکرێ ئەو ناوە بۆ دەوڵەتی جوو بەکار بهێندرێ.

یەکێک لە وەزیرەکان پێشنیازی ئێڤەر Everی کرد، بەڵام بۆ ئەو پێشنیازەش کەسی لەگەڵدا نەبوو، هەرچەندە ڕەگی پەیڤەکە بۆ ئیڤری ivri واتە بۆ عیبری دەگەڕایەوە.

دەستەواژەی ئێرتز ئیسرائیل Ertez Esrael قسەی زۆری لەسەرکرا، چونکە هەر بەو شێوە مرۆ وڵاتی باپیرانی جوولەکەی دەناسی، بەڵام بەو دەستەواژەیە مرۆڤ واتێدەگەیشت, هەموو ئەو هەرێمەی سەردەمی بەرێ کە جوولەکەکانی لێیدەژیان، دەگرتەوە، کەواتە دەبووە مایەی تاوانبارکردنیان بە گێڕانەوەی قەڵەمڕەوێتی دێرینیان.

- "من پێشنیازی 'ئیسرائیل Israel' دەکەم."

ئەوە دەنگی بنگوریۆن بوو کە پێشنیازەکەی بۆهات.

ئەوانی دی ناوەکەیان هەندێ پێ نامۆ بوو. ئیدی بە نزمی و لەبەرخۆ وشەکەیان دەگوتەوە تا لێی ڕابێن.

- "ئیسرائیل."
- "حکوومەتی ئیسرائیل."
- "مارینزی ئیسرائیل."
- "نێردەی ئیسرائیل."
- "هاووڵاتیی ئیسرائیل." (بە گوێرەی زمانەوانان مرۆ دەکارێ وشەی ئیسرائیلیی تەنها بۆ ئەوە بەکار بێنی کە واتاکەی هاووڵاتیەکە، هاووڵاتی ئیسرائیلە، نەوەک سیفەت.)

بنگۆریۆن ناوەکەی دایە دەنگدان. ئەو و شەش کەسی دیکە دەنگیان بۆ دا، سێ ئەندامیشیان دژ بوون و چوار ئەندامیش هەر لەوێ نەبوون بەو شێوەیە ئەو پیاوە ماندوونەسانە، کە بۆ ئایندەی دامەزراندنی دەوڵەت تێکۆشا و لە هەموو ئەوانی دیکە پتر ئیشی دەکرد، ناوی دەوڵەتەکەش هەر بە پێشنیازی خۆی بوو، کەچی بە تەنها بە دەنگی نیوەی کابینەکە پەسەند کرا.

کاتێک کۆبونەوەکەش دوایی هات، کات نیوەی شەو بوو. زێیف شارێف کە لە ئایندەدا بووە سکرتێری کابینەکە بە خانمە تایپیستەکەی گوت؛

- "من دەزانم ڕۆژەکە هەمووی بە ئیشکردن شەکەت و ماندوو بوون، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆنەوە دەبێ ئەو یاداشتەش تەواو بکەن."

کاتێکیش لە دواییدا تەواو لە تایپکردنەکە بوونەوە، شارێف تەواوی ڕاپۆرتەکەی لەگەڵ خۆیدا برد. ساڵانی دوایی ڕایگەیاند:

- "من دەمزانی کە تەلئەبیب بەلای کەمەوە ئێوارەی شەممە بۆمباران دەکرێ. گەر هاتبا و سەرکردەکانی حکوومەت و تایپیستەکان و ئێمە هەموومان بە ڕێکەوت بەرکەوتباین و مردباین، ئەو کات جیهان هەرگیز نەیدەزانی، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزراوە. بۆیە من ڕاپۆرتی دانیشتنەکەی ئەنجوومەن و کۆبوونەوەی کابینەکەم لە ڕۆژی هەینیدا لە قووڵترین ژێرزەمینی تەلئەبیبدا شاردەوە، تا مەترسیەکان بەسەردەچن."

ڕۆژی پێنجشەممە بنگۆریۆن نزیکەی هەموو ڕۆژەکەی بۆ کاروباری سەربازییانە تەرخان کرد. تا سەعات چواری شەو لە بارەگای سەرەکیدا مایەوە.

لە هەمان پێنجشەممەدا بانگهێشتنامە بۆ دوو سەد جوولەکەی فەلەستین نێردرا. لێیان داواکرا نیو سەعات بۆ شکۆی بۆنەکە، کە لە سەعات چواری پاشنیوەڕۆ دەست پێدەکا، لە مۆزەخانەی شارەوانی کە دەکەوێتە سەر ڕۆتشیلد بولیڤار Rothschildboulevard بە جلی تۆخی ئاهەنگەوە ئامادەبن. بەڵام لە بانگهێشتنامەکەدا جەختیان لەسەر ئاگادارینامەیەک کردبووەوە، پێویستە شوێن و وادەکە زۆر بەنهێنی بپارێزن. گەر هاتوو میسرییەکان بیانزانیبایەوە و لەوەدا سەرکەوتووبوونایە لە کاتوساتی خۆیدا کۆمەڵە بۆمبێکیان بەسەر مۆزەخانەکەدا بەربدابایە خوارەوە، ئەوا لە کاتێکدا ئیسرائیل لەدایک دەبوو، کە هەموو سەرکردەکانی مردبوون.

گرنگترین ڕۆژی داود بنگۆریۆن لە سەعات ٧ی بەیانی کە لە خەو هەڵسا دەستێکی بە پرچە سپیەکەی داهێنا، دەستی پێکرد. پاولا بە چەند وشەیەکی نەرمونیان بەیانی باشی لێکرد و ئەنجا چوونە ناندین و لەسەر مێز بۆ قاوەخواردنەوە دانیشتن. لەگەڵ قاوەخواردنەوەدا چاوێکی بە ڕۆژنامە عیبرییەکان و ڕۆژنامەی پۆستی فەلەستینی کە بە ئینگلیزی دەردەچوو، گێڕا.

بنگۆریۆن پرسی: "ئەرێ هیچ زەنگێک دەربارەی گوش ئیتزون لێدرا؟"

- "نەخێر، لەوێ چی قەوماوە؟"

بە خانمەکەی ڕاگەیاند کە نشینگەی ناوبراو لە شەوی ڕابردوودا پەلامار دراوە. ئەو دوو سەد چەکدارەی ئەوێ کە چەکەکانیشیان باش نەبوو، زۆر مەردانە ماوەیەکی درێژ لە بەرانبەر قۆشەنی عەرەبەکان خۆیان ڕاگرتووە و بەرگری دەکەن.

- "ئا بەڕاست، تەلەفۆنێک کرا، دەبێ سەعات نۆ لە بارەگای سەرەکی ئامادە بی."

لە بەردەم ماڵەکەی جیبێکی سەربازی وەستابوو.

لـە بارەگـای سـەرەکیدا دەیـان ئەفسـەری لێبـوون، سـەریان بەسـەر نەخشەدا داگرتبوو. ئەو زیاتر گوێی دەگرت لەوەی بدوێ. زۆربەی کات بـە نێوچاوانـە دیارەکـەی چـاوی مۆڵلـەق ڕاگرتبـوون. لـە دەمارگیرییـدا هەراسان ببوو، چەند جارێکیش مستی دەستی خاو دەکردەوە.

پەیک و تەتەر دەهـاتن و دەڕۆیشـتنەوە. هەنـدێ هـەواڵی فەرمانـدەکانی سەرگۆڕەپان ورەبەخش و ئەوانی دیکە نەخێر ئەژنۆشلکردن بوون.

لە لاتوروندا تۆپخانەی دوژمن هەموو شەوەکە شوێنپێگەی جوولەکەکانی دابووە بەر شێلکەی تۆپان. لەوێدا تۆپێکی هاگانا تێکشکا بوو.

لە پڕێکەوە دەنگی ماتۆڕی فڕۆکەیەک هات. بەلەز بنگۆریۆن بـەرەو لای پەنجەرەکە غاری دا. فڕۆکەکە بە نزمی بەرەو باکوور دەفڕی.

یەکێک هاواریکرد: "ئینگلیزە."

ئەفسـەرێکی دیکـە هەڵیدایـە و گـوتی: "وا دەردەکـەوێ ئینگلیـزەکـان بـە ڕاستیان بێ، باردەکەن."

یادین پێشنیازێکی خستە بەردەم بنگۆریۆن تا داوا لە گەل بکا مشووری ژێرزەمین بخۆن، حەشارگە لێبدەن و یارمەتی هێزەکانیان بدەن بۆ ڕێگا کردنەوە.

پیرەمێردەکە چووە سەر کاری خۆی.

لە سەعات دوانزەدا جێبەکە هێنایەوە ماڵەوە. پاولا دەرگای لێکردەوە.

- "ئەرێ دەنگوباس چیە؟"

پوختەیەکی بۆ باس کرد.

شـێرتۆک لـە ژووری ناندینـدا چـاوەڕێی دەکـرد. لـەو کاتـەی بنگۆریـۆن سـەوزەی دەخـوارد کـە پـاولا بـۆی پـاک کردبـووەوە، شـێرتۆک ئەوەی پێڕاگەیانـد، کـە پسـپۆڕانی بـواری سیاسـەتی دەرەوە دەڵـێن، هەرچەنـدە مارشـال دژی جـاڕدانی دەوڵـەتی ئیسـرائیلە، بـەلام بـە شـێوەیەکی سەربازییانە خۆی تێهەڵناقورتێنێ.

لـەو کاتـەی شـێرتۆک خواحـافیزی کـرد، ئـامۆس بنگۆریـۆن لەگـەڵ خێزانەکـەی و منداڵەکەیـدا بـە سـەردان گەیشـتنە مـاڵی بـاوکی. ئـامۆس هەنـووکە فەرمانـدەی فـەوجێک بـوو. لەگـەڵ باوکیـدا ئەگـەری بۆمبارانکردنی بە فڕۆکەی تاوتوێ کرد.

باوک پرسی: "ئەریّ بۆچی هیچ حەشارگەیەک لە تەلئەبیبدا نییە؟" هەر خۆیشی زیاتر لەسەری ڕۆیشت؛ "من لەمێژە لە ئەگەری بۆمباران ئاگاداریان دەکەمەوە، بەڵام کەس گوێ ناگریّ. هەموویان من وا دەبینن کە کاروبارەکان بە ڕەشبینییەوە لێکدەدەمەوە."
بووکە ئینگلیزەکەی پرسی:

- "ئەریّ بەڕاست وایە کە ئێمە تەنها یەک تۆپمان هەیە؟"

بنگوریۆن پێکەنی، چونکە بووکەکەی وشەی "ئێمە"ی بەکارهێنا. ئیدی ئەو چی دیکە لایدە نەماوە؛ خانمەکە هەست دەکا لە ماڵی خۆیەتی.

- "هاتنی تۆپخانە لە ئانوساتدایە، گەر هەر نەشهات، لە دوژمنەکانمان دەستێنین."

بنگوریۆن چووە ژوورەکەی تا خۆی بگۆڕیّ؛ قاتێکی شینی تۆخی لەسەر کراسێکی سپی لەبەرکرد و بۆینباخێکی پەشمینی تۆخیشی بەست، گۆرەوی و پێڵاوی ڕەشیشی لە پیّ کرد. لە هێکەوە بانگی پاولای کرد:

- "ئەریّ کەس بە دوای ڕابی فیشماندا چووە؟"

ڕابی فیشمان ئێستا لە لاتورن گیری خواردووە، دەیان ساڵە بۆ دەوڵەتی جوولەکان تێدەکۆشی، هەنووکەش ئەویّ بە سەرباز دەورە دراوە. کەس ناتوانیّ لەوێوە بۆ ئامادەبوون لە بۆنەکەی ئەو دوای نیوەڕۆیەدا بەڕیّ بکەویّ. بەڵام بنگوریۆن دەیویست دەموچاوی برادەرەکەی لە هۆڵەکەدا ببینیّ. بۆیە دەبیّ ئەو بە فڕۆکەی پیپەر کوبس بگەیەنرێتە شوێنی بۆنەکە.
هێشتا زۆر وردەکاری دیکە مابوون، دەبوایە بنگوریۆن مشووری بخواردبان. ئایا هۆڵەکە پارێزراوە؟ خۆ کەسمان ناپاک دەرناچیّ؟ ئایا کورسیەکان دانراون، ئاڵا و وێنەی تیۆدۆر هێرتزل ئامادەیە؟
بنگوریۆن زەنگێکی بۆ شارێف لێدا، پێیگوت، کەوا لە ژێرزەمینێکدا، ساردوایکی لێیە، وێنەیەکی سەرنجراکێشی ئەو پیاوەی کە "دەوڵەتی جوولەکانی" نووسیوە، دۆزیوەتەوە، دەکریّ لەویّ مێز و ستێنسلێک وەربگریّ، تا جاڕنامەکە و یەکەمین بڕیاری حکوومەتی سەرهەڵدراو بۆ ڕۆژنامەکان کۆپی بکا.

پەیکێکی بارەگای سەرەکی هات. دۆستروڤسکی سەرکردەی هێزەکان بردراوەتە نەخۆشخانەی حەیفا. یادین جێگەی ئەو دەگرێتەوە و ئەرکەکانی لە ئەستۆ دەگرێ. کەشتییەکی بار فیشەک و تەقەمەنی لە بەرانبەر تەلئەبیبدا لە لایەن کەشتیەکی تێکدەری ئینگلیزەوە وەستێنراوە. هەنووکە بردراوەتە حەیفا.

لە سەعات یەکدا ئەنجوومەنی نیشتمانیی کۆ بۆوە. پرسێک کە هەموویانی سەرقاڵ کردبوو بڕیاردانی کابینە بوو لەسەر ناوی دەوڵەتە تازەکە.

دەنگێک هاواری کرد: "ئایا ناوی وڵاتەکە چییە؟"

بنگوریۆن بە شانازییەوە نەڕاندی: "ئیسرائیل."

لە هەموو لایەک دەنگەدەنگ پەیدا بوو.

بنگوریۆن چەکوشەکەی لە مێز دا.

شێرتۆک و ڕابی فیشمان داکۆکیان لەسەر وشەی "ئیسرائیل" کرد، دوای چرکەساتێک دەنگی ناڕەزایی کپ بووەوە.

دەقی داڕشتەی جاڕنامەی سەربەخۆیی خوێندرایەوە. ئەندامێکی ماپام کە لەسەر شێوەی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا بوو، دەربارەی بەکارهێنانی وشەی "خودا" لە دوا دێڕدا "پشت بەخوا" ناڕەزایی دەربڕی..

ئەو وای ڕوون کردەوە، ئەوانەی بیروباوەڕی دینیان نییە، ڕاستەوخۆ بە دانانی ئەو ڕستەیە ئەوەیان بەرگوێ دەکەوێ، کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی تیۆکراتییە (ئۆلییانەیە).

بنگوریۆن چاوێکی دایە سەر کاتژمێرەکەی دەستی. کەمتر لە سێ سەعاتی ماوە تا بۆنەکە بە ڕاشکاوانە بە فەرمی دەست پێبکا. گەر هاتوو دەرگای وتووێژێکی ئایینیە بکاتەوە، ئەوا چەندان ڕۆژ دەخایەنێ. یەکێک پێشنیازی کرد لە جیاتی "خودا" واژەی "پەروەردگاری مەزن" بەکار بهێندرێ. بەو ڕێککەوتنە، بێدینەکەی ماپام ڕەزامەند بوو؛ ئیدی باقی جاڕنامەکە قسەی لەسەر کرا.

پاشان بنگوریۆن جاڕنامەکەی دایە دەنگدان. جاڕنامەکە بە کۆی دەنگ، تەنها دەنگێک نەبێ کە دژی وەستایەوە، وەرگیرا.

لەوێدا بنگوریۆن گوتی: "من دەیدەمە دەنگدان. هیوام وایە لەسەر خواستی مێژوو هەمووتان دەنگی بۆ بدەن."

هەر ئەوەش ڕوویدا.

کاتێک ئەوان هۆڵەکەیان جێ دەهێشت، ڕابی فیشمان لە بنگوریۆنی پرسی:

- "ئایا شەڕ لەگەڵ عەرەبدا بەرپا دەبێ؟"

بنگوریۆن سەری ئەرێی بۆ لەقاند.

- "ئەرێ تۆ بڵێی ئێمە شتی باشترمان لەو ماشێنە چەپرەکە (شڕە)ی کە من پێی هاتمە ئێرە لە هەوادا دەست نەکەوێ."

ڕابیە بە ساڵداچووەکە وا وێنای هاتنی لە ئۆرشەلیمەوە بۆ تەلئەبیب کرد: "پیاوێک هاتە لام گوتی گوایە فەرمانی لە سەرەک وەزیرانی ئایندەوە پێیە، من لەگەڵ خۆی بەرێ. ئەو منی بردە گۆڕەپانێک، کەماشێنە چەپرەکەی لێبوو."

ڕابیەکە بایەخی بۆ پیپەر کلوبەکە دانەنا و بە فڕۆکە ناوی نەدەبرد. ئەو بەردەوام لەسەر ماشێنە چەپرەکەکە قسەی دەکردن. فڕۆکەوانەکە ئەوی بە پەت بەستبووەوە دواتر "ئێمە ئەو هەموو پێچانەمان لێدانەوە، بەرەو باکوور هەڵکشاین، دواتر بۆ باشوور، ئەوسا زانیم من بەرەو کوێ دەڕۆم." ئەو لەسەر ئەو بڕوایەی نەدەهاتە خوارەوە کە بۆ ماوەی شەست و پێنج کیلۆمەتری درێژی ڕێگایەکە "دوو سەعات"ی پێچووە.

زۆر جاران بە متمانە بە خۆبوونەوە سەری دەهەژاند و دەیگوت: "من تێناگەم چۆن بەو ماشێنە باڵگرە دەتوانین عەرەبەکان ببەزێنین."

بنگوریۆن ڕۆیشتەوە ماڵەوە تا سەعاتێک پشوو بدا. لەو کاتەی بەناو شارەکەدا بە ئۆتۆمبێل دەڕۆیشت، شەقامەکانی پڕ ئاپۆرە دەبینی. لەهەموو لایەک دەستە و کۆمەڵە وەستاون، هەندێکیان ڕۆژنامەیان لە دەستدایە، دەربارەی نەبەردی باب ئەلواد Bab-el-Wad کە تازەدەستی پێکرد بوو، هەر پەنجا کیلۆمەترێک لە تەلئەبیبەوە دوور بوو، بۆئەوەی ڕێگای ئۆرشەلیم بکەنەوە، دەدوان. چایەخانەکانیش گرمەیان دەهات. ترۆمبێلەکان لە سەربازە گەنجەکان بار دەکران، کچ وکوڕ بەیەکەوە بە شەقامەکاندا بەرەو سنوور دەڕۆیشتن.

فرۆشیارانی شەربەتی پرتەقال ئەو مێردمنداڵانەی ئاڵایان پێبوو، ئیشیان باش دەڕۆیشت.

کە بنگۆریۆن گەڕایەوە ماڵ، پاولا دوو هەواڵی بۆ هەبوون. کەشتیە بار تەقەمەنییەکە گەیوەتە حەیفا، بەڵام هێشتا ئینگلیزەکان نەیان پشکنیوە، ڕەنگبێ نەزانن بارەکەی چییە. هێشتا هیچی دیکە دەربارەی ئەو فڕۆکانەی، کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لە باشووری ئەمریکا بەڕادان دراون، نەزانراوە.

چرکە ساتێک پێش سەعات چواری دوای نیوەڕۆ ئۆتۆمبێلێکی کەشخەی نمایشئاسای جامداری ئەمریکایی (کە بۆ ئەو مەبەستەیان بە کرێ گرتبوو) لە بەردەم مۆزەخانەکە وەستا.

بە وەستانی ئۆتۆمبێلەکە بەرەبەرە بۆنەکە ئاشکرا دەبوو، چونکە ببووە مایەی تامەزرۆی زانینی خەڵکی. زۆر لە تەماشاکاران بە ئاڵای شین و سپی کە ئەستێرەی داودی لە نێوەڕاستدا بوو، دەستیان بۆ ڕادەوەشاند. ئەوان بەخێرهاتنیان لە هەموو بیچمێکی بەرچاو کە سواری ئۆتۆمبێلەکە یان کە لێی دادەبەزی، دەکرد.

لە هۆڵەکەدا تابلۆ ئاساییە هەڵواسراوەکانی مۆزەخانەکەیان لە دیوارەکان کردبوونەوە. وێنەیەکی گەورەی تیۆدۆر هێرتزل لە سەرووی سەکۆکە کە ئەندامانی حکوومەتی لێدادەنیشتن، دانرابوو. لە بەرانبەر ئەوانیش ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و دوو ڕابی بەرچاوی تەلئەبیب، کە شەپقەی قیتیان لەسەر بوو، دانیشتبون، هەروەها میوانەکان و کۆمەڵێکی زۆری هەواڵنێر و وێنەگرانی ڕۆژنامەوانیی لە هۆڵەکە بوون.

سێ ئەندامی چەپی ئەنجوومەنەکە بەبێ بۆینباخ هاتبوون، بەڵام بێجگە لەوانە هەموویان لە بەرگی ئاهەنگئامێزدا بوون.

مایەی تێبینی بوو، بنگۆریۆن دواکەس بوو هاتە ژوورەوە. ئەو سەرنجی شێلگیرانە و بەهاداری لای ئامادەبوان وروژاند. هەواڵنێران خەریکی شت یاداشتکردن بوون.

ئۆتە والش Otte Wallish هونەرمەندێکی تەلئەبیب بە پەلەپروزێ، بە غاردانەوە بە خۆی و جاڕنامەکە بەدەرکەوت. ئەو چوارچێوەیەکی

ڕازاوەی بۆ پارچە پێستەیەکی لەسەر نووسین (دەستنووس) تەواوکردبوو، بەڵام وشەکانی دەبوایە خۆی پڕ کردبایەوە.
بیچمێکی خاکیپۆش خۆی بە ژووردا کرد و کورتە ئاماژەیەکی سەربازییانەی کرد. ئیسرائیل گالیلی فەرماندەی هاگانا بە دوای سەربازەکەوە بوو تا دەرگاکە. لە دەروازەکەدا پستەپستێکیان کرد پاشان گالیلی شتێکی لە پارچە کاغەزێکدا نووسی و دایە دەستی بنگۆریۆن، ئەویش بە خەندەوە خوێندییەوە. دوای بەسەرچونی سرووتی بۆنەکە، بە ئەوانی دیکەی گوت کە نامەکە چی تێدابووە. لە ڕۆژئاوای گالیلیادا سەرکەوتنێکی باش بەدەست هاتووە و ئیدی ئەو بەشەی ئیسرائیل زۆرینەکەی کەوتۆتە بەردەستی هاگانا.
لە ژوورێکی هاودیواری هۆڵەکە، ئۆرکێسترای فیلهارمۆنیشFilharmonischی تەلئەبیب سروودی هاتیکڤا Hatikvaیان دەژەنی، کە خۆکردییانە بووە سروودی نیشتمانیی ئیسرائیل.

- "وڵاتی ئیسرائیل لانکەی گەلی جوولەکە بووە. لێرە..."

دەستی بنگۆریۆن کە دەقی سیپارەی جاڕنامەکەی پێگرتبوو، دەلەرزی. هەموو توانایەکی بەکارهێنا، تا لە کاتی خوێندنەوەی جاڕنامەکەدا دەنگی لەنگ نەبێ.
جاڕنامەکە باسی ڕۆژگاری ئاوارەبوون و ڕاوەدوونانی دووروودرێژی دەکرد، کە مێژوی جولەکایەتی تیایدا لەدایک بوو، لەچەند ڕستەیەکی کورت و پوختدا خاڵە وەرچەرخانە چارەنوسسازیانەکەی دیرۆکی بەبیر هێنانەوە، هەر لە سەدەی ڕابردوی هێرتزل، بەڵێننامەی بلفۆر، کردەوەی هیتلەر، تا گەییە ڕۆژگاری بنگۆریۆن و پێغەمبەرە زیندووەکان.
ئیسرائیل دەبێ ببێتە دەوڵەت، دەوڵەتێکی ئازاد، ماف و ئاشتی تێدا بەرقەراربێ. لەنێویدا یەکسانی سیاسیانە و کۆمەڵایەتیانە باڵکێش دەبێ و هیچ جیاوازیەکیش لەسەر بنەمای ڕەگەز، توخم، یان ئایینەوە ناکرێ. ئازادی ویژدان و ئازادی ئۆلییانە مسۆگەر دەکرێ. ئیسرائیل هاوکاری نەتەوە یەککگرتووەکان دەکا و ڕێز لە بنەماکانی پەیماننامەکەشی دەگرێ. مرۆ دەبێ شوێنەواری پیرۆزی کریستیانەکان و موسوڵمانەکان بپارێزی. مرۆڤ دەیەوێ لەگەڵ هەموو عەرەبان بە ئاشتی بژی.

تا دەهات دەنگی بنگۆریۆن قەبەتر دەبوو. باری سۆز بەسەر هەندێ لە ئامادەبووانـــدا زاڵ بـــوو. ڕێگاکـــەی گەیشـــتن بـــەم ڕۆژە درێـــژ و قوربانییەکانیش زۆر و زەوەند بوون.

- "... ئێـوارەی شـابات، پێنجـەمی ئیـار lyar، ٥.٧٠٨ کـە دەکاتـە چواردەمین ڕۆژی ئایاری ١٩٤٨"

بنگۆریۆن حەقدە خولەکی پێویست بوو تا لە خوێندنەوەی جاڕنامەکە بووەوە. ئیدی یەکەمین ڕێنمایی دەوڵەتە تازەکەی دەرکرد. کتێبی سپی ١٩٣٩ی هەڵوەشـاندەوە. هـەروەها هەمـوو ئـەو قانونانـەی کۆسـپی دەخستنە بەردەم کۆچی جووەکان هەڵوەشاندەوە. قانونەکانی ماندات دەیانخوارد تا ساتی پێداچوونەوە قانوننامەی جووەکان دادەڕێژرا.

دامەزرێنـەرانی دەوڵـەتی تـازەزاو یەکـە بـە یەکـە دەستنووسـی جارنامەکەیان واژۆ کرد، کە تیایدا جاڕنامە تایپکراوەکەیان سەلماند.

بە دەقاودەقی لە سەعات½ ٤:٣٧دا بنگۆریۆن چەکوچەکەی بە مێزەکەدا داو بە دەنگێکی شکۆداریانەوە ڕایگەیاند:

- **"من لێرەدا ڕادەگەیـەنم کـە کۆبوونەوەکـە کۆتـایی هـات. ئیدی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا."**

کاتێـک بـە سـەری بـەرزەوە لـە هۆڵەکـە دەردەچـوو، لـە پـەیامنێرێکی ناسراوی ئینگلیز ڕەت بوو، چرپاندیە بن گوێی:

- "ئاها، خۆ دیتت، ئێمە ئیشەکەمان بەجێ گەیاند!"

بۆنە شکۆدارەکە بە ڕادیۆ ڕاگەیەنرا. ئەوەبوو هـەر زوو خـەڵک داڕژانـە سەر جادە و شەقامەکانی ڕۆتشیلد بۆلوڤوار، بن یەهودا، ڕێگای ئەلنبی و هـایراکۆن، لـەوێ لـە سـەر زێ، قاوەخانـەکان و خواردنگـەکان پـڕی ئاپۆرەی خەڵک بوون.

لە ماڵەوە بنگۆریۆن بە پاولای گوت:

- "من خۆم بە شینگێڕێک لەنێو ئەو هەموو ئاهەنگێڕانەدا دەبینم."

ئەو بیری لە شەڕەکان دەکردەوە، بیری لە بەرە جیاوازەکانی پێشـەوە دەکردەوە. هـەر زوو دەسـتبەجێ جلـەکانی داکەنـدن و جلـە خاکییەکـەی پۆشی؛ بە سواری جیبێک خۆی گەیاندە بارەگای سەرەکی.

- "ئەرێ بارودۆخی پایتەخت چۆنە؟"

ئاخر هاوکارانی بنگوریۆن هەرگیز گوێیان لێ نەبووە ئۆرشەلیم بە پایەتەخت ناو ببرێ.
ئێوارەکەی خۆی لەگەڵ چوار ئەندامی دیکەی پارتەکەی کە لە حکوومەتدا بوون، برووسکەیەکیان بۆ د. حایم وایزمەن، کە لە نیویۆرک نەخۆش کەوتبوو، لێدا. لە برووسکەکەدا پەسنیان دابوو، ئەو پیاوەی "کە لە هەمووان زیاتر" بۆ پاشەڕۆژی ئیسرائیل تێکۆشا.
هەمان ئێوارە بنگوریۆن بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ گێولای کیژی کرد. هیچ کام لە منداڵەکانی لە بۆنەکەدا ئامادە نەبوون. ئامۆس لای هێزی سەربازیی بوو، ڕینانا لە ئۆرشەلیمی گەمارۆدراودا بوو، لەوێ لە زانکۆدا دەیخوێند، گێولا زراسکێکی سێ مانگانەی هەبوو، نەدەکرا ئەوێ بەجێ بهێڵێ. بنگوریۆن کورتە باسێکی بۆنەکەی بۆ کچە گەورەکەی کرد. دواتر گێولا بە برادەرەکانی گوت:
- "وام هاتە بەرچاو کە باوکم هەرگیز وابەختەوەر نەدیوە."
کاتێک بنگوریۆن بۆ ڕازان چووە سەر جێگا، نێرەری (ڕادیۆ)ی نهێنی هاگانا، کە لە خانوێکدا بوو زۆر لە بارەگای سەرەکی هێزە چەکدارەکان دوور نەبوو، پەیامێکی لە ئەمریکاوە بۆ هات.
یاکۆڤ یانای Yaakov Yanai سەرۆکی دەستەی بەیەکەوەبەستنی پەیوەندییەکانی هاگانا بە ڕێکەوت پەیامەکەی وەرگرتبوو. هەواڵەکەش داوایەک بوو لە بنگوریۆن کە لە ڕادیۆدا پەیامێک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بنێرێ.
یاکۆڤ بانگی یارمەتیدەرێکی بنگوریۆنی کرد. "نابێ جارێ هەر باسی لێوە بکەی. پیرەمێرد ئێستا لە حەفت خەوان ڕاست بۆتەوە."
سەعاتێک دواتر – کە تازە لە نیویۆرکدا ئێوارەیەکی زو دەستی پێکردبوو– ڕادیۆکەی گاهانا هەواڵێکی وەرگرت کە ترومان دانی بە ئیسرائیلدا ناوە.
ئەمجارەیان یاکۆڤ ڕووی نەکردە هیچ کەسێک؛ ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵی بنگوریۆن لە کێرن کایەمەت بۆلوڤور Keren Kayemet Boulevardدا لێی خوڕی، لە قاپی ماڵەکەی دا.
پاش کەمێک پاولای لە ناخەوە بە تووڕەبوونەوە دەرگای کردەوە.

- "ئەری چۆن بە مێشکتدا هات ئەو هەموو غەڵبەغەڵبە بکەی؟ زۆر نەمابوو بنگۆریۆن لەخەو هەڵبستێنی. ئەو-"

یانای، پێشهاتەکەی بۆ پاولا ڕوون کردەوە.

پاولاخان گوتی جا ئەوە چ لە شتەکان ناگۆڕێ؛ کەس نابێ پیاوەکەم تەنگەتاو بکا. یانای یاکۆڤ داوای لێکردەوە، لە دواییدا لێیگەڕا بچێتە ژووری بنگۆریۆن و بێداری بکاتەوە.

پیاوە پرچ سپییەکە لە دواییدا بە چاوی خەواڵوەوە کە یاکۆڤ هەواڵەکەی پێڕاگەیاند، ڕابوو.

پیرەمێردەکە گوتی: "باوەڕناکەم!"

لە کاتێکدا ڕستەکەی گوت لەناو جێگاکەی هەڵستا.

- "گەر ئەوە وابێ، پێویستە وتەیەک ئاراستەی ئەمریکا بکەم."

کاتێک چاکەتێکی لەسەر کراس و بیجامەکەی لەبەر کرد، پاولاش گۆرەوی و پێڵاوی بۆ هێنا.

دواتر بە بێدەنگی سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو؛ ئەو هەر ڕاوێژی دەکرد ئاخۆ لە پەیامەکەیدا چی بڵێ.

کە بنگۆریۆنی سەروەزیر پەیامێکی ئاراستەی ئەمریکا کرد، لە تەلئەبیبدا سەعات ٥:٢٠ خولەکی بەرەبەیان بوو، کەچی لە ئەمریکادا ١٠:٢٠ خولەکی شەوی ڕۆژی پێشتر بوو.

پێنج خولەک دواتر، کاتێک ئەو لە ڕادیۆدا هەر بۆ ئەمریکا قسەی دەکردن، لەهیکەوە دیوارەکانی خانوەکە لەرزانەوە و دەنگێکی هەژێنەر هات. میکرۆفۆن هەر دەهات و دەچوو. لەسەر مێزی کۆنتڕۆلی دەزگاکەدا گلۆپ داگیرسان.

بنگۆریۆن کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان بە هێواشی وەک هەواڵنێریکی بەرەی جەنگ دەستی پێکردەوە:

- "ئەو دەنگەی ئێستا گوێتان لێبوو، دەنگی تەقینەوەی بۆمبابارنی فڕۆکەکانی دوژمن بوو کە بەسەر شارەکەماندا دادەبارن."

کاتێک بنگۆریۆن خەریکی قسەکانی خۆی بوو، یاداین لە تەلەفۆن گوێی لێبوو کە فڕۆکەکانی میسر فڕۆکەخانە نهێنییەکەی دۆڤی هاگانایان داوەتە بەر بۆمبان.

بنگوریۆن پێی ڕاگەیاند: "من دەبێ بچمە ئەوێ تا زیانەکان ببینم."
دەیانەویست بە ترومبێلی یاکۆڤ بچنە ئەوێ، بەڵام کاتێ بنگوریۆن ترومبێلیکی دیکەی لە ڕێگا دی بەرەو بارەگاکە دێ. دەستێکی بۆ ڕاگرت و یادینی دیت.

- "ئایا دەچییە فڕۆکەخانەکە؟"
- "بەڵێ."
- "منیش لەگەڵ تۆ دێم."
- "ئاخر نابێ!"

یادین بە توندی پێی ڕایگەیاند کە سەرکردەی هێزە چەکدارەکان دەبێ پشوویەک بدا چونکە ڕۆژی سەخت و تەنگانەمان لە پێشن. ئەوسا یادین لێیدا و ڕۆیشت و بنگوریۆنی لەوێ بەجێ هێشت.
نیو کاتژمێر دوای یەکەمین بۆمبارانکردن، دیسان فڕۆکەکانی میسر بەسەر ئاسمانی تەلئەبیب بەرەو فڕۆکەخانەی دۆڤ دەچوون. کاتێ گەیشتنە ئەوێ یادین و سەربازەکانی دیکەی هاگانا سەیریکی فڕۆکەخانەکەیان کرد و ئاهێکیان هاتەوەبەر.
کاتێک فڕۆکەکان ڕۆیشتنەوە، یادین پیاوێکی سەرسپی بەدی کرد کە تەماشای دەکا.

- "بنگوریۆن!"

پیرەمێردەکە پێکەنی.

- "ئەرێ بەچی گەیشتیە ئێرە؟"

خوێندکاریکی بزۆز بە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ڕاگەیاند کە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد یادین بڕوا، ئەوسا یەکێک لە شوێنی ئێشگری پۆستدا پێی گوتبوو، کە بنگوریۆن بگەیەنێتە فڕۆکەخانە. بەڵی لە کاتی خۆیدا گەیشتبووە ئەوێ.
ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بەرنامەی ڕۆژێکی نوێ دەست پێبکا، بۆیە بە شوفێرەکەی گوت بیگەیەنێتەوە کەنار. یەکەمین کاروانی کۆچبەران کە نزیکەی دوو هەزار ساڵە چاوەڕێ دەکەن بگەڕێنەوە دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی جوولەکان، ئەوان بە کەشتی گواستنەوە گەیەنرانە وڵات. ئەو دەبوایە لە ساتێکی دیرۆکییانەدا وەک سەرۆوەزیری دەوڵەتە

(نەتەوە)یەکی نوێ بەخێریان بێنی، هەرچەندە هێشتا لەبن پاڵتۆکەی، بێجامەی لەپێدا بوو.

لە دواییشدا کاتێ بنگۆریۆن گەڕایەوە ماڵ، پاولا چاوەڕێی دەکرد و بەرکوڵی بەیانی بۆ ئامادەکردبوو. پاولاش هەواڵی بۆ بنگۆریۆن پێبوو.

یوسف باراتز Joseph Baratzی برادەری دێرینی بە پەلە داوای لێکردبوو، کە بەرگری لە مەترالیۆزەکەی کیبۆتی دێگانیا بکەن.

ئەو کەشتییە بارتەقەمەنییەی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو بەردرا و بەرەو تەلئەبیب بەڕێوەیە.

بنگۆریۆن زەنگێکی بۆ گێولا لێدایەوە. کاتێک گوێی لە بۆمبەکان بوو، بیری لە کچەکەی کردەوە. ئەرێ خۆ هیچ بەسەر خۆی و منداڵەکەی نەهاتووە؟ تۆ بڵێی حەشارگەیەکی باشیان هەبێ؟

- "سڵاوم بگەیەنە هەموویان"

یادین کە لە بە قووڵی پەشۆکابوو هاتە ژوورەوە.

- "لەشکری میسر لە سنوور پەڕیوەتەوە و دەستی بە بۆمبابارانکردنی نشینگەکانمان کردووە."

بنگۆریۆن پێیگوت: "ئێمە ئەوەمان چاوەڕوان دەکرد."

- "قۆشەنی عەرە بەرەو ڕومان دەکشێن، هەروەها سوپای سووریاش."

- "من لەگەڵ تۆدا دێمە بارەگای سەرەکیمان."

یادین سەری لەقاند.

پیرەمێردەکە چووە ژوور تا یەکبەرگییەکەی بپۆشێ.

یادین چاوەڕێی دەکرد.

پاولاش دەستی بە هیربار شوشتن کردەوە.

بەشی ١٤

هەر لەو ساتەی کە یەکەمین بۆمبی فڕۆکەکانی میسری بەسەر فڕۆکەخانەی دۆڤی هاگانا بەردرایەوە، تا ڕاگەیاندنی ئاگربەستی نێوانیان دوای تێپەڕینی بیست و حەفت ڕۆژ، بنگۆریۆنی سەرۆوەزیر، تەنها سەرقاڵی جەنگ بوو. پاولای هاوسەری بە کەمی دەدی. هەندێ جاران بە مەبەستی کورتە پشوویەک دەهاتەوە ماڵ، گەر هاتبا و تەواو شەکەت بووبایە، ئەوا لە بارەگای سەرەکی دەمایەوە و دوو سەعات هەر لەوێ لە سەرجێ و بالنگی سەربازیانە پاڵی دەدایەوە.

کەمێک دوای جاڕدانی سەربەخۆیی، زێیڤ شارێف هاتە لای، تاکو دەربارەی پرسە پێویستەکانی ڕێکخراوەکانی دامودەزگای حکوومەتی نوێ، قسەی لەگەڵدا بکا.

- بنگۆریۆن بە بێزارییەوە پێیگوت: "تۆ نابێ لەو کاتەدا بێزارم بکەی، ئەو جۆرە باسانەم لەگەڵدا بکەیتەوە."
- "بەڵام هەڵبەت ئێمە دامودەزگای دەوڵەتمان پێویستە..."

بنگۆریۆن بە کورتی لێیبڕیەوە: "ئەو جۆرە کاروبارانە بەلای منەوە گرنگ نین."

شارێف چیدی لەسەری نەڕۆیشت.

- "کەواتە تۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نی!"

بنگۆریۆن لەو قسەیەی توورە نەبوو، وەڵامەکەی وابوو:

- "بەڵێ ڕاست دەکەی. من ئێستا سەرۆوەزیر نیم. من تەنها سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانم. هیچ شتێک لە بردنەوەی شەڕەکە بایەخدارتر نییە. دواتر وەرە بەو پرسانەی دیکەت هەراسانم بکە."

پەنجا ساڵی دوور و درێژ بوو یەک بیرۆکەی سەرمەشق لە کەللەی دابوو، دەبوایە هەموو شتێکی لە پێناودا دابنێ: ئەویش کۆمەکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی جوو بوو. هەنووکە ئامانجەکە هاتۆتە دی، بەلام بیرۆکە سەرمەشقێکی دیکە هاتۆتە جێی: ئەو خوازیار بوو بیسەلمێنێ کە بەهای ناوەکەی لە شوێنی خۆی دایە، دەیەویست ئەو داودە نوێیە بێ کە گۆلیات (زەبەللاح)ی عەرەبەکان بشکێنێ. بە ڕاستیش ئەوان گۆلیاتێک بوون. لە ڕۆژی شابات (شەممە)ی ئایاردا لەشکرەکانی میسر، لوبنان، سوریا، ڕۆژهەلاتی ئوردن و عێراق لەو دیوی سنوور بلاوبوونەوە. گەنجەکانی هاگانا لە هەندێ شوێندا بەرپەرچیان داونەتەوە. بەلام هەڕەشە قەبەکەی گۆلیاتەکە شتێک نەبوو شکستی پێبێ، بەتایبەتیش کە جێ پێیان لەسەر خاکی جوولەکان دانابوو.

هەرچەندە بنگۆریۆن بە تەواوی سەرقاڵی جەنگ بوو، کاتێکیشی بۆ کارێکی بەخشندەییانە هەر هێشتەوە. چل و هەشت سەعات دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکە، بانگی ئەنجوومەنە کاتییەکەی کرد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵدا کردن. لە کۆبوونەوەکەدا پەسنی ئەو پیاوەی هەڵدا کە خەریک بوو لەو سەرقاڵییەیاندا لە بیر دەچۆوە.

ئەوەش هەر بیرۆکەیەکی بنگۆریۆن بوو کە د. حایم وایزمەن بە زۆرینەی دەنگ وەک سەرۆکی دەوڵەت، کە حکوومەتێکی کاتی هەبوو، هەڵبژێرن. بەلام ئەو دەیزانی کە پێڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکە بۆ وایزمەنی نەخۆش و لە جێداکەوتوو لەسەر زاری د. فیلیکس ڕۆزەنبلوت D.Felix Rosenbluethی وەزیری داد، کە هەر لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانەوە دۆستایەتییەکی گەرمیان هەبوو، باشترە.

ئیدی ئەو پێشنیازەکەی کرد، کە بنگۆریۆنیش پشتی گرت، بەلام ئەوەشی نەشاردەوە کە ساڵێکی دووردرێژە جیاوازی بیروڕایان لەگەڵ یەکدا هەیە. ئەو زیاتریشی خستەسەر:

- "من گومانم هەیە ئاخۆ د. وایزمەن پێویستی بە پایەی سەرۆکایەتی هەبێ، بەلام من لەوە دڵنیام کە بۆ ورەی ئیسرائیل کارێکی پێویستە ئەو سەرۆک بێ."

هەر کە بروسکەکە بۆ د. حایم وایزمەن نێردرا، بنگۆریۆن گەڕایەوە سەر کاروباری سەربازیانەی.

ئێوارەیەکیان تەتەرێک بە خۆی و زەرفێکەوە کە پڕی دۆکیۆمێنتی دەستکەوتوو بوو، لە بارەگای سەرەکی پەیدابوو. وەرگێڕێک نوسراوەکانی کردنە عیبری. بەڵگەیەکیان نەخشەیەکی کاتبەندی بوو. دەبوایە حەیفا لە ٢٠ی ئایاردا بکەوتبا، تەلئەبیب و ئۆرشەلیمیش پێنج ڕۆژ دواتر. لە ٢٥ی ئایاردا شا عەبدوللا دەیەویست شارە پیرۆزەکە بگرێ، تا لەوێوە تاجی شاهانەی لەسەر بنێ و خۆی بە پاشای هەموو ئەو ناوچانە کە لەلایەن سوپاکانی عەرەبییەوە داگیرکراوە، ڕابگەیەنێ.
کە بن‌گوریۆن گوێی لەو شتانە بوو بە بێزارییەوە مستی دەستی خاو دەکردەوە.
گرفتەکەش لەوەدا بوو، ئۆرشەلیم لە ساتە بڕیاردەرەکانی بن‌گوریۆن دابوو. نەتەوە یەکگرتوەکان ڕایانگەیاندبوو، کە شارەکە دەبێ ببێتە شارێکی نێودەوڵەتیی. ئەو ڕاگەیەنراوەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پشتگوێ خست. بەڵام کە عەرەبەکان پەلاماریان دا و لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئۆرشەلیم بگرن، کەسێک نەبوو، بەریان پێبگرێ. هەنووکە ئەو خۆی بە هیچ ڕێککەوتنێک نەدەبەستەوە، کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە پێشێل دەکرا. ئیدی بڕیاری دا سەرباری دژایەتی عەرەب، ئینگلیز و نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرگری لە ئۆرشەلیم بکا و بە دەوڵەتی ئیسرائیلی بلکێنێ.
هەنووکە بۆ ماوەیەکی کاتی ئۆرشەلیم هێشتا هەر ئابڵۆقە دراو و سەربازانی دوژمن دەورەیان دابوو و لە ئیسرائیلیش دابڕا بوو. دەبێ ڕێچکەیەکی گەیشتنە ئەوێ بدۆزرێتەوە. بۆیە بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێ لە لاتورنەوە نەبەردییەک دژی قۆشەنە سەربازەکانی عەرەبەوە بکرێ، چونکە لەوێوە ڕێگای تەلئەبیب ئۆرشەلیم کۆنترۆڵ دەکرێ.
بۆ ڕازیکردنی بن‌گوریۆن بەتالیۆن[٣٤]ی ٧ی زرێپۆش پێکهات و ڕەوانەی بەرەی شەڕ کرا. لە ڕاستیدا سەربازەکان هیچ تانکێکیان نەبوو، هەروەها بەتالیۆنێکی تەواویشیان پێک نەدەهێنا. هەندێکیان تەنها چەند ڕۆژێک بوو، چوبوونە ڕاژەی سەربازییەوە، هەندێکیشیان لە کۆچبەرەکان بوون، هەر یەک دوو ڕۆژ بوو، گەیشتبوونە وڵات. ئەوان

[٣٤] برگێید Brigade یەکەکی سەربازییە لە ٣٠٠٠ سەرباز پێکهاتووە.

بە هەشت زمان دەدوان. زۆریان هەر لە عیبریش نەدەگەیشتن. سی ڕۆژ دوای ئەوەی بەتالیۆنەکەیان لێ پێکهێنان و ڕەوانەی بەرەی شەڕی لاتورن کران. ئەوسا دەرکەت، ئەوان هێشتا بوتڵە ئاوی گۆرەپانی شەڕیشیان پێ نییە، بۆیە بەناچاری بیست و هەشت سەعات دواخران.

یادین لەسەر ئەوە سوور بوو، ئەوەی کرا تاکتیکێکی شاش بوو. ئەو لەگەڵ بنگۆریۆندا سەر لەبەیانییەکەی دوو سەعات مشتومڕی بوو، لە درێژەی مشتومڕە گەرمەکەیاندا بنگۆریۆن مستی بەمێزدا داو یەک دوو پەرداخ بەربوونەوە.

لە دواییدا بنگۆریۆن یادینی ناچارکرد فەرماندەی بەتالیۆنەکەی بۆ بانگ بکا.

بنگۆریۆن بە فەرماندە گەنجەکەی گوت: "بەختی ئۆرشەلیم لە بن دەستی تۆدایە. ئایا بڕوات وایە کە لاتورن دەگریتەوە؟"

وەڵامەکەی فەرماندە لاوەکە ئەوە بوو: "ئێمە ملکەچی هەموو فەرمانێکین کە پێمان دەدرێ."

بنگۆریۆن بە هەموو بایەخێکەوە بیری لێدەکردەوە. بەندوباوی ئەوە هەبوو، ئاگربەست ڕابگەیەنرێ. بارودۆخەکە لە گەمەی دامە دەچێ. گەر هاتوو موزیکەکە ڕاوەستا- کاتێک کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان فەرمانی شەڕاگرتنی دا- ئەوا سنوورە یەکلاکەرەوەکەی ئیسرائیل دەکەوێتە پشتی ئەو هێڵانەی کە شەڕیان لێکراوە. ئەوسا گەر هاتوو جوولەکەکان هیچ ڕێگەی ئۆرشەلیمیان لەبەردەستدا نەبێ، ڕەنبگێ هەموو شارە پیرۆزەکە بۆ هەتا هەتایە لەدەست بچێ.

لەبەر ئەوە بەتالیۆنی ٧ی زرێپۆش بە پاس گەیەنرانە بەرەی شەڕ و فەرمانیان پێدرا لەو هەشت کیلۆمەترەی لاتورندا هێرش بکەن. هەنووکە سەربازەکان چوار سەعات لە پشت نەخشە دیارکراوەکەی بەڵگەنامەکان دان.

بنگۆریۆن بەو بڕیارەی تووڕەبوونی ستافی ژەنەراڵەکانی لە ئەستۆی خۆگرت. یادین گەڕایەوە بەرەی شەڕ وئەو بروسکەیەی لێدا:

- "من داوات لێدەکەم هێرشەکە بیست و چوار سەعات بوەخرێنی."

وەڵامەکە زۆر کورت بوو:

- "نەخێر."

ئیدی بەتالیۆنی زرێپۆشیی٧ لە هەمان شەودا هێرشی بردە سەر دوژمن، لە شەڕەکەدا بەتالیۆنەکە حەوت سەد کەسی لە دەستدا و ناچاریش کران بکشێنەوە.
شەوی داهاتو بنگۆریۆن فەرمانی دا، دووبارە هێرش بکرێتەوە. ئەمجارەش شکستیان خوارد.
ئەوە وەنەبێ سەررەقی بنگۆریۆن بێ. فەرمانەکان لە پێزانینی مێژووییانەوە سەرچاوەی گرتبوو. بناوانەکەی بۆ خۆشویستنی بایبل دەگەڕایەوە. بۆ ئەوەش دەگەڕایەوە کە بەردەوام لە دۆڤ یوسفی فەرماندەی سەربازیی شارە پیرۆزەکە هەواڵی بۆ دەهات کە:

- "لە ئۆرشەلیمدا هەڕەشەی برسێتی هەیە.."

لە دواییدا یاداین داوای کۆمەکی لە ئیگال ئاللۆنی باشترین فەرماندەی سەر گۆڕەپانی سوپاکەی کرد. سێیەمین هێرشیش هەر سەرنەکەوت.
لاتورن نەگیرا و هەر لەبەردەستی عەرەبدا مایەوە، بەڵام لە سۆنگەی هەستیارێتی بنگۆریۆن بوو، هەنووکە ئۆرشەلیم لە بندەستی ئیسرائیل دایە، چونکە قۆشەنە لەشکرییەکانی عەرەب ناچارکران، سەربازەکانیان لە گەمارۆی ئۆرشەلیمدا بکێشنەوە و بەرەی لاتورنی پێ بەهێز بکەن. ئیدی لەو کاتەدا سەدان ژن و پیاوی جوولەکە هێڵێکی تەریبیان لەگەڵ ڕێگای لاتورن ئۆرشەلیم لێدا، کە بە چەندان سەدە بوو تەنها بۆ بزن و کەر و وڵسات دەشیا. ئەوان توولە ڕێیەکەیان بەرین کرد و هەردوو سەریشیان بە ڕێگای سەرەکی بەستەوە. ئەوان بە شەوی تاریک کاریان دەکرد، چونکە بە ڕۆژ لە ژێر سێرەی تەقەی عەرەبەکاندا بوون. ئا بەم شێوەیە بە دەستی ڕووتەوە، ڕێگایەکی دە کیلۆمەتریان بەناو گردەکاندا کێشا. ناویان لە ڕێگەکەیان نا ڕێگای بیرما Birma، ئیدی هەر زوو ترومبێلی بار، مێگەلە ئاژەڵ، باری وشتر و پیادەی خەڵک لە تەلئەبیبەوە بە گونیەی ئارد بە کۆڵەوە، بەو ڕێگایەدا بۆ ئۆرشەلیم دەڕۆیشتن.
لە نێوچاوانی نوارینە سەربازییانەکەی بنگۆریۆن و بڕیارە لێبڕاوانەکەیدا، ڕێچکەکە دروستکرا و بە گوێرەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە هۆیەوە ئیسرائیل بە ئۆرشەلیم بەسترایەوە.

لەو بیست و حەوت ڕۆژە دەستپێکانەدا ترسی بنگوریۆن لە ئینگلیز زیاتر دەبوو:

- "ئێمە دەبێ پەیوەندیمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا گرێ بدەینەوە. چونکە دەسەڵاتی ماندات خراپی بەسەردا هێناین، چونکە یەکەی گەیاندنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاندبوو کە لە دوای ١٥ی ئایاردا فەلەستین لە بەیندا بوونی نەماوە."

ئەوەی لە سارافاند Sarafandیش قەوما، هێشتا تاڵت ربوو. ئینگلیزەکان لە جەنگی دووەمی جیهاندا، بە شانزە کیلۆمەتر لە خوارووی تەلئەبیبدا گەورەترین دامەزراوی سەربازییان دروست کردبوو. پێش ئەوەی باسوخواسی کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ماندات بێ، ئاژانسی جوولەکان داوای لە ئینگلیزەکان کردبوو، خاک و دامەزراوەکانی بداتێ. لە دواییدا لەسەر برە پارەی کرینەکە ڕێک کەوتبوون، کە شەش سفری هەبوون. لەدوا ساتدا وەزیری کاروباری کۆلۆنەکان لە لەندەن، کردەی گواستنەوەکەی لەپڕیکدا بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک هەڵوەشاندەوە. دواتر سارافاند بە خۆڕایی درایە عەرەبەکان.

لە ئێوارەیەکی ئایاردا بنگوریۆن بروسکەیەکی دڵخۆشکەرانەی بۆ هاتە بارەگای سەرەکی، تیایدا نوسرابوو:

سارافاند گیرا

- "ئەرێ چەند گیانی جوولەکەی لەپێناودا بووە قوربانی؟"

کەس بە دەقاودەق نەیزانی.

هەفتەیەک دوای جاڕدانی سەربەخۆیی، بنگوریۆن لە بروسکەیەکیدا، داوای یارمەتی لە مارکۆس سیف Marcus Sieff، گەنجێکی ئینگلیز کە لە جەنگی دووەمی جیهان لە هەڵمەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەڵات کرابوو، کرد. داوای لێکرد سێ تا چوار مانگ مۆڵەتی کاروبارەکانی خۆی لە لەندەن بخوازێ و بۆ کاروباری کارگێڕی کۆمەکیان بکا.

نووسینگەیەکیان لە تەنیشت ژووری بنگوریۆن لە بارەگای سەرەکی، دایە سییف. ئیدی ڕۆژانە لەمەڕ کێشەی سەربازیانە، ڕاوێژیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد. لە میانەی گفتوگۆکانیاندا چەند جارانبنگوریۆن سەرسامی خۆی بۆگریمانەکانی پیاوە ئینگلیزەکە دووپات دەکردەوە.

زۆر جاران بنگۆریۆن دەچووە لای سییف تا سەبارەت بە شێوازەکانی ئینگلیز بۆ سیستمی باجدان زانیاری لێوەربگرێ؛ یاخود ئایا سییف لە بارەی سیستمی ئابووری بەریتانیای گەورەوە دەزانێ. هەندێک جارانیش پرسیاری زەقوزۆپی وای لێدەکرد:

- "ئەرێ چۆن دەبێ حکوومەتی (تۆری) ئاوا توانیویەتی خۆی لەگەڵ یەکێتی سەندیکا پیشەییەکانی بەریتانیا بگونجێنێ و بە باشی لەگەڵیاندا هەڵبکا؟

هەرچەندە ئیسرائیل لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی شۆرەوی و چەندان دەوڵەتی بچوکی دیکەدا دانی پێدانرا، بەڵام لەندەن هەموو پەیامە دیپلۆماتەکانی بەردەوام بە ناونیشانی "بۆ دەسەڵاتی جوولەکەکان لە تەلئەبیبدا" ڕەوانە دەکرد. ئینگلیزەکان هەر وەک عەرەبەکان تەنانەت ناوی ولاتە نوێکەشیان بەکار نەهێنا. ئەو جۆرە نامانەش لە دەزگای پۆست و گەیاندنی ئیسرائیلدا پولێکیان لێدەدرا، کە لەسەری نوسرابوو "ناونیشانەکە نەناسراوە" و ڕەوانەی شوێنی لێهاتنی دەکرانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێکیان بنگۆریۆن بە سییفی گوت:

- "من لەو بڕوایەدام کە بەریتانیا شارستانیترین نەتەوەی سەر دنیایە."

یەکەمین ڕاپۆرتی سەربازییانەی سییف لە پانزە لاپەڕەی چاپکراوی بێ نێودێر پێک هاتبوو. بنگۆریۆن شەوێکیان ڕاپۆرتەکەی لە بن هەنگڵ دانا و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. بەیانیەکەی زوو بەخۆی و ڕاپۆرتەکە هاتەوە بارەگا. پێدەچوو بە شەو لەسەر جێگەدا چەند سەعاتێک خەریکی خوێندنەوەی بووبێ، چونکە ئەو هەموو وردەکارییەکانی دەزانین.

- لێیپرسی: "مارکۆس تۆ زۆر ڕەخنەگری."
- وەلامی دایەوە؛ "بەڵێ، ئەوە دەزانم."
- "تۆ ڕەخنەت لە هەندێ لە پیاوەکانیدەستەی ژەنەراڵەکانی خۆشم گرتووە."
- ئەوەش دەزانم."
- "هەروەها لە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش."
- "بەڵێ"

- "بێگومان ئەوەش دەزانی، کە من سەرکردەی هێزەکانم؟"
- "بە دڵنیاییەوە."

پیاوە پرچ سپییەکە لەسەر کورسیەکەی پاڵکەوت و دەنگەکەشی خەمباریانە بوو:

- "مارکوس، من نزیکەی شەست و دوو ساڵم، من پیاوی ئاشتی بووم. ئەوەش تەمەنێکە.. ئایا ناکرێ یەک دوو هەڵە لە مانگی یەکەمی جەنگەکەدا بکەم؟"

ڕۆژێکیان سییف بە سەرکردەی هێزەکانی گوت، وا باشە چەند کەشتییێک لە بەندەری تەلئەبیبدا لەنگەر بگرێ و باری خۆی دابگرێ، تا پێشینەیەکی نێودەوڵەتییانە دروست بکا.

بنگوریۆن بە نارەزاییەوە گوتی: "چۆن بتوانم فەرمان بەو کەشتیانە بکەم، کە ئێستا گەیشتونەتە حەیفا و لەوێوە بێنە تەلئەبیب و باری خۆیان دابگرن؟"

سییفی لاو بێ دوودڵی و لەسەر خۆوە گوتی:

- "گەر هاتباو وینستۆن چەرچڵ لەشوێنی تۆ بوایە، کارێکی وای دەکرد."

بنگوریۆن چاوەکانی لێکدان وەک ئەوەی زللەیەکی بە بن گوێ کەوتبێ؛ دەستی دایە تەلەفۆن، زەنگی بۆ داود لاندمان Daved Landmanی بەرپرسی بەندەرەکان لە حەیفا لێدا و پێی گوت:

- "گوێبگرە، چوار لەو کەشتییانەی کە هەنووکە لە حەیفان بارەکانیان دادەگرن، بۆ بەیانی سەر لە زوو دەبێ لە تەلئەبیب بارەکەیان بە تەواوی دابگرن."

کاتێک پیاوەکە لەو دیوی تەلەفۆنەوە ویستی ڕوونکردنەوەیەک بدا، بەوەی بڵێ کە کارێکی ئەستەمە و ناتوانرێ کەشتیەکان بگەیەنرێنە ئەوێ؛ بنگوریۆن تەلەفۆنەکەی داخستبوو.

چوار کەشتیەکە بۆ بەیانی گەیشتنە تەلئەبیب.

سییف وای بەباش زانی چەند جارێک بۆ ماوەیەکی کورت بگەڕێتەوە لەندەن. لە کاتی خواحافیزی کردنندا بنگوریۆن پێی گوت:

- "مارکوس پێش ئەوەی بڕۆی ناونیشانی چەند کتێبێکت دەدەمێ، کە تازە چاپ بوونە، بەڵکو بیانکڕی و لەگەڵ دەستی خۆت بۆم بێنیتەوە."

کاتێ کە سییف لێیدەپرسی؛ ئاخر تۆ لە نێوەڕاستی جەنگ دای و ئیسرائیلیش لە دنیا دابڕاوە، چۆن ناونیشانی کتێبە تازە چاپکراوەکانت زانی؟ بنگوریۆن فریشتەئاسا بە خەندەوە ئاوڕێکی لێدەدایەوە و هیچی نەگوت.

دوای بیست و حەفت ڕۆژ شەڕکردن، بۆ یەکەمین جار فەرمانی ئاگربەست هات. ئەوەش ئیشی ڕێزدار فۆلک بێرنادۆت Folke Bernadotte بوو. هەفتەیەک پێشتر ناوبراو لەگەڵ بنگوریۆن بۆ یەکەمین جار یەکدیان لەبارەگای سەرەکی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئیسرائیلدا دی. شارێت (کە هەنووکە ناوە جوولەکەیەکەی لە جیاتی ناوی ڕەسەنی خۆی شێرتۆک بە فەرمیکردووە) لە کاتی گفتوگۆکاندا لەگەڵ د. رالد بونچ D.Ralf Bunch کە ڕەشپێستێکی ئەمریکایی بوو، یاریدەدەری بێرنادۆت بوو، ئامادە بوون.

پیاوە سپییە درێژەکە ئەندامێکی خانەوادەی شاهانەی سوئێد بوو، کەسێکی زۆر پێشکەوتوو و شارستان بوو، بەلای ئەو بزۆزێتی پیاوە جووە بچکۆڵە تێکسمڕاوە سەر گەورەکە جێی سەرنج نەبوو و هیچی نەکەوتە بەردڵ.

بنگوریۆن بە نیگای بێمتمانەیی دەیڕوانیە میوانەکە.

بێرنادۆت بە ئینگلیزییەکی ئەکسێنت ئەسکەندەناڤیانە بە بنگوریۆنی ڕاگەیاند: "من تەنها بۆ پێشنیازی شەڕڕاوەستاندن هاتووم. سەبارەت بە پاشەڕۆژی فەلەستین، هیچ ناڵێم."

تۆنی دەنگی قسەکانی، بنگوریۆنی پەست کرد.

بێرنادۆت پێیوابوو، ڕابەری ئیسرائیل سەرنجێکی تاڵ و ناخۆشی دروست کردووە.

- "دووجار حکوومەتەکەم ئامادەیی بێ مەرجی خۆی بۆ شەڕوەستاندن دەربڕیوە"، ئەمە قسەی بنگوریۆن بوو، زیاتر لەسەری ڕۆیشت و گوتی: "عەرەبەکان ڕەتیان کردەوە. لەگەڵ

ئەوەشــدا ئەنجــوومەنی ئاســایش هــیچ ســزایەکی بەســەر عەرەبەکاندا نەسەپاند."

هەموو وردەکارییەکانی کێشەکە تاوتوێ کران. پاشان بنگۆریۆن گوتی:

- "گەر هاتوو ئاگربەست ڕاگەیەندرا، پێویستە ئەو جوولەکانەی کە لە خانەوادەکەیان لە ئۆرشەلیم دابڕاون، مۆڵەت بدرێن، بچنەوە نێویان."

کاتێک لەسەر ئەو پرسە بێرنادۆت هەڵوێستی نەبوو، لایی لێنەکردەوە، بنگۆریۆن زیاتر درێژەی پێدا و ئەوەندەی لێ زیادکرد:

- "کچەکــەی خۆشــم ڕێنانــا لــە ئۆرشــەلیمە. دەمــەوێ بچمــە لای. ماوەیەکی درێژە نەمدیوە."

بێرنادۆت وەڵامی دایەوە: "پایەی تۆ وەک سـەرکردەی هێزەکان، ناکرێ ئەو جۆرە سەردانانە بکەی."

وتـوویژی زۆرکـرا، بـەڵام هـیچ ئـەنجامێک بەدەسـت نـەهات. لـە دواییدا ناوبژیکارەکە تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی کرد، وای نیشاندا پێویستە هەڵبستێ، چونکە کۆنسێرتێک لە تەلئەبیبدا هەیە، دەبێ لەوێ بێ.

کاتێکیش لە کۆتاییدا ئاگربەسـت بووە ڕاسـتی؛ بۆ بنگۆریۆن دەرکەوت کە بڕیاری دژواری دیکەی لەبەردەمدایە.

نـۆ ڕۆژ دوای ئاگربەسـتەکە کەشـتییێک بـە نـاوی ئالتالێنـا Altalena لـە کەنارەکـانی ئیسـرائیل نزیـک بـووەوە. ئـەوەش کەشـتییەک بـوو کـە زۆر کەس پێشوەخت ناوەکەیان دەزانی.

کەشـتیەکە لـە سـایەی LSTیـەوە بـە حـەفتا و پێـنج هـەزار دۆلار لـە بـروکلین لەلایـەن کۆڕبەنـدی ئەمریکـایی بـۆ فەلەسـتینێکی ئـازاد، کـە ڕێکخراوێکە لەلایەن شـانۆنووس بێن هێخت Ben Hecht دامـەزرا بـوو، کـڕدراوە. سـەدان ئەمریکـایی کـە غـەیرە جوولەکەشـیان تێـدا بـوون، ویستویانە کۆمـەکی ئیسـرائیل بکـەن، بۆیـە بـە پـارە باربوویان کردووە، زۆریـان هـەر نەشـیان دەزانـی ئـاخۆ کۆڕبەندییەکـە نـاوێکی خـوازراو و دەمامکداری ئەمریکایی ڕێکخراوی ئیرگۆنی مێناحیم بیگنە.

لە بەندەری بۆک Port-de-Boucی فەڕانسـەدا، ئالتالێنا پێنج سـەد تـۆن چـەک، گوللـە و تەقەمـەنی دیکـەی بـارکرد، کـە کۆڕبەندییە ئەمریکاییەکە چوار ملیۆن دۆلاری پێدا بوو. ئیدی کەشتیەکە بەرەو ئیسرائیل هـات. لـە

ڕێگـادا بـە ڕادیـۆ پـەیامێکی بـۆ چـوو، کـە بگەڕێتـەوە، چونکـە تـازە ئاگربەستەکە واژۆ کراوە. دواتـر پەیامەکـە کێشـراوە. سـێهەمین جـار بانگەوازی بۆ کرا کە بەرەو کفار ڤیتکن، کە شوێنێکە دەکەوێتـە سـەر کەنار، چل کیلۆمەتر لە سەروی تەلئەبیبەوەیە، ئاراستەکەی بگۆڕێ.

زۆرینە دەیانزانی، ئاتالینا بەڕێوەیە.

بـەڕێز بێرنـادۆت و نێردەکـەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە تەواوی لە پرسەکە ئاگادار بوون. نوێنـەری نەتەوە یـەکگرتووەکان هـەر لەو کاتەی کەشتییەکە گەیشتبووە بەندەری بۆکی فەرەنسیەوە، دەیزانی کە بەچی بارکراوە و کەیش کەوتۆتە ڕێ.

جێگری بنگۆریۆن، وەزیری بەرگری ئیسرائیل، گالیلییش هەموو شـتێکی لـە بـارەوە دەزانـی، چونکـە پێشتر جارێکیـان لەسـەر ئـەو باسـە لەگـەڵ مێنـاحیم بـێگن، سـەرکردەی ڕێکخـراوی ئێرگـۆن سـەبارەت بـە چارەنووسی چەکەکان قسەی کردبوو.

هەفتەیەک بەر لەوەی ماندات کۆتـایی پێبـێ، ئیرگون ڕێککەوتننامەیـەکی واژۆ کردبوو، تیایدا ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو، گوێڕایەڵی فەرمانـەکانی هاگانـا بـێ و دان بەسەرکردەکانیشـیدا بنـێ. دوای جاڕنامـەی سەربەخۆیش، بنگۆریۆن فەرمانێکی فەرمی دەرکردبوو، هەموو هێزێکـی جەنگاوەریانـەی تایبـەتیی قەدەخـە کردبـوو، تـەنها یـەک سـوپا، یـەک کەشتیگەل، یـەک هێزی ئاسـمانی دانـی پێدانرا، ئەویـش لـە ژێـر ڕکێفـی حکوومەتـدا بـوو. بیسـت ڕۆژ لەمەوبـەر دەبوایـە ڕێکخـراوی ئێرگـۆن هەموو چالاکییە سەربەخۆکانی خۆی بە مەرامی بە دەستهێنانی چەک و تەقەمەنی بوەستاندبا.

ئیـدی گـالیلی داوای کـرد بـاری کەشـتییەکەی ئالتالینـا بـە حکـوومەت بسپێردرێ. بـەڵام بێگن گـوتی گوایـە لایـەنگرانی ئیرگـون پارەی کڕینـی چەکـەکانیان داوە، خاوەنـدارێتی خـودی کەشـتییەکەش هـی ئیرگۆنـە، کەشتیوانەکانیش پیاوانی ئیرگونن، ئەوان چەکەکانیان بار کردووە، بۆیە دەبێ هەر ئەوانیش دایببەزێنن و لەنێو خۆیاندا دابەشی بکەن.

لە دواییدا بێگن ئامادەبوو، کەمێک سەر بۆ حکوومەت دانەوێنێ بـەوەی ٢٠%ی چـەکـەکان بـۆ ئیرگـۆن بنێرێتـە ئۆرشـەلیم و بەسـەر شـەش

بەتالیۆنەکانی ئێرگون، کە لە ڕاژەی حکوومەتدا بوون، دابەشبکرێ باقیەکەشی بدرێتە حکوومەت.
لەسەر فەرمانی بنگوریۆن خستنەڕووەکەی بێگن ڕەت کرایەوە.
وتوویژ و مشتومڕەکان درێژەیان کێشا، لەو ماوەیەشدا ئالتالینا لە کفار ڤیکتین Kfar Viktin نزیک دەبووەوە.
لەو کاتەی زۆر لەو هەشت سەد پەنابەرەی ئالمان و ئەو خۆبەخشانە لە فەرەنساوە ڕەگەڵ ئێرگون کەوتبوون، لە کەشتیەکە دابەزین، ئیدی ئاگادارینامە لەدوای ئاگادارینامە بۆ کەشتییەکە نێردران.
بنگوریۆن لە بارەگای سەرەکی ڕایگەیاند:

- "ئەم کێشەیە هەڕەشەیەکی کوشندە لە دەوڵەت دەکا، بە ناچاریش ڕێگا بۆ شەڕی براکوژی خۆش دەکا."

هەندێ لە ئەفسەرانی بارەگا سەرەکییەکە، کە دەیانزانی چەند پێویستیان بە چەکە، خستنەڕووەکەی بێگنیان هەڵدەسەنگاند، بەلام بنگوریۆن لەو پرسەدا گردەبڕ بوو، ڕەتی کردەوە. "هیچ دەوڵەتێک ڕێگا بەوە نادا هاولاتی یان ڕێکخراوی تایبەت ئەو بارە قەبە چەکەیە لە دەرەوەڕا بهێنن..."
کەواتە هەواڵ بۆ کفار ڤیتکین نێردرا، دەبێ ئاتالینابە حکوومەت بسپێردرێ.
لەو ماوەیەدا نزیکەی پێنجیەکی بارەکە دابەزێندرابوو. لە هەموو بەرەکانی شەڕەوە پیاوانی ئیرگون ڕایانکربوو تا لە دابەزاندنی بارەکەدا کۆمەک بکەن. لەشکری حکوومەت دەستەوەستان تەماشای دەکرد، کەس لەو بارە نائاساییە تێنەدەگەیشت.
بیرنادۆت بۆ بەدواداچون نوێنەرێکی خۆی ناردە کەنار، بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ بە ڕاستی باری چەکەکان دادەبەزێندرێن، بێگومان کردەکەش پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستەکە بوو. نوێنەرەکە ڕێگای پێنەدرا بچێتە سەر کەناری زێ.
لەو ئێوارە گەرمەی حوزەیراندا، بنگوریۆن داوای کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی کابینەی حکوومەتەکەی کرد. بارودۆخەکەی ڕوون کردەوە؛ داوای لە وەزیرەکان کرد پشتی بڕیارەکەی بگرن تا شێلگیرانە بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن.

هەموو هاوکارەکانی لەگەڵ هەڵوێستەکەی هاوڕا نەبوون. بەڵام لێبڕاوانە دڵنیا بوو، کە دەبێ لەو ساتەدا دەسەڵاتی ئەو باڵکێش بێ، هەرچەندە دوژمنەکانی ئیسرائیلیشی پێکەیفخۆش بن. ئەوەی ڕوویدا فرمێسکی بە چاوی ملیۆنان جوولەکەدا هێنا.

گەر لە چاوەڕوانی بەدیهاتنی خەونەکەیدا بە چەندان سەدە وەستابێ و خەباتی کردبێ، بەڵام هەنووکە پێویستە هەموو وزەی بۆ پاراستنی ئەوەی بەدیهاتوە، بەکاربێنێ.

زۆرینەی کابینەکەی پاڵپشتی بوون، کە فەرمانیدا سەربازانی ئێرگون لە کفار ڤیکتیندا چەک بکەن و بە هێزی سەربازیشەوە دەست بەسەر کەشتیەکەی ئالتالێناشدا بگرن. لە هەردوو باردا گەر پێویست بکا توندوتیژی بەکاربهێنرێ.

بارداگرتنەکە وەستێنرا. ئالتالینا بە یاوەری دوو بەلەمی جەنگی ئیسرائیلی، ڕووی لە دەریا کردەوە. بارەکە وا پێدەچوو کە بنگوریۆن بەبێ خوێنڕشتن سەرکەوتنی بەدەست بێنێ.

سەر لە بەیانییەکەی ڕۆژی پاشتر ئالتالێنا لە تەلئەبیبەوە سەری دەرهێنا و لەنگەری گرت. لەو میوانخانەی بێرنادۆتی لێبوو، لە پەنجەرەکەی ژوورەکەی کەشتییەکە بە جوانی دیار دەکرا. بە بەلەمێکی بچووک چەکدارانی ئێرگون چوونە سەر پشتی کەشتییەکە و مەترەلۆزیان دامەزراند. ئێرگون ڕایگەیاند کە نە بنگوریۆن، نە لەشکری حکوومەت، نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نەهیچ کەسی دیکە دەرفەتیان پێنادرێ، جڵەوی کەشتییەکە و بارەکەی بگرنە دەست.

سەرلەنوێ بنگوریۆن کۆبوونەوەی بە کابینەی حکوومەتەکەی کردەوە. داوای لێکردن و ڕێگەی پێدرا کە دوا ئاگادارینامە بداتە ئالتالێنا، بەوەی خۆی بەدەستەوە بدا، ئەگینا خۆی بەرپرسیارە لە گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی سەربازیانە.

بەیانی زوو شەڕی براکوژی دەستی پێکرد. سەربازەکانی ئێرگون و هی حکوومەت لە بەرانبەر یەک تەقەیان دامەزراند.

دواتر لە بارەگای سەرەکی، بانگی ئیگال ئاللۆن فەرماندەی پالماخ کرا. فەرمانی پێدرا تۆپێک بێنێ و جبەخانەی کەشتییەکەی پێ بتەقێنێتەوە.

کاتێک ئاللۆن ڕۆیشت، بنگۆریۆن بڕیارێکی بۆ هەموو هاوڵاتیانی تەلئەبیب دەرکرد، ئەوانەی ماڵیان لەسەر زێیە، ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن. ماڵی خۆیشی لە کەناری زێوە دوور نەبوو، بۆیە زەنگێکیشی بۆ پاولای هاوسەری لێدا و بارودۆخەکەی بۆ روون کردەوە.

- "بە دراوسێکان بڵێ، پێویستە لە ماڵەکانیان نەمێنن و خۆشت دەربچۆ."

کەسایەتی پاولا وابوو، کە هەر نیوەی یەکەمی فەرمانەکەی بنگۆریۆنی جێبەجێ کرد. پاولا ماڵ بە ماڵی دراوسێکانی گەڕا و ئاگاداری کردنەوە. دواتر خۆشی چووە ناندین و بە کاروباری ماڵەوەی خەریک بوو.

ئەوەش هەر لە پاولا دەوەشایەوە، کە بەلای تەلەفۆنەوە نەچوو، نەخاسمە دوای نیوەڕۆ کە زەنگی تەلەفۆنەکەشیان لێدرا.

- "من لەوە دەترسام بنگۆریۆن لەسەر هێڵی تەلەفۆن بێ، لە خەمی ئەوەدا بێ ئاخۆ من هێشتا لە ماڵ ماوم یان نا."

دوای نیوەڕۆیەکی زوو، ئاللۆن تۆپەکەی دامەزراند. ئیدی تۆپەکەی تەقاند و جبەخانەکەی کەشتییەکەی چووە ئاسمان و تەقیەوە. تەقینەوەکە و مەشخەڵی گڕتیبەربوونەکەی لە گەمە ئاگرینە دەچوو. ئەو نۆهەد پیاو و ژنەی لەسەر پشتی کەشتییەکە بوون بە پەلەپڕوزێ بە هیوای ئەوەی بە مەلەوانی بگەنە کەنار، خۆیان فڕێدایە ناو زێ.

کاتێکیش تاریک داهات، نزیکەی سەد کوژراو و برینداریان ژمارد. لەنێو کوژراوەکاندا ئابراهام ستاڤسکی Abraham Stavsky تێدا بوو. ستاڤکسیش ئەو پیاوە بوو، کە پانزە ساڵ پێشتر حوکمی دادگای بەسەردا درابوو، چونکە لە هەمان لێواری زێدا حایم ئارلۆسۆرۆفChaim Arlosorofی کوشتبوو. هەر لەو ساتەی کەشتییەکە لە بروکلین کڕدرا، جڵەوی ئالتالینای گرتبووە دەست. دانیشتوانی تەلئەبیب لە ناخەوە حەپەسا بوون. خەڵک تازە هەناسەی ئۆخەیان هەڵدەکیشا، بەوەی شەڕ لەگەڵ عەرەب هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ وەستاوە. ئەرێ بۆچی ئەوەی ئێستا ڕوویدا؟

لەو کاتەی ئاتالینا لە سەر کەنار گڕی تێبەربوو، لە شەقامی تەلئەبیبدا سیناریۆی سەرلێشێواو هەبوون، مێناحیم بێگین دێوانەئاسا لە ڕادیۆی

نهێنــی ئێرگونــدا، دوانــی توورەییانــەی دەدا. دوو ســەعاتی درێــژ لــە میکرۆفۆندا تا دەنگی کەوت هەر جوێن و نەفرەتی باراند.
بنگوریۆن پیاوەکانی خۆی باش دەناسین، کە بە هۆی ئەو دوانـەی ڕادیۆوە لە خۆڕا ڕەگەڵ ئێرگون ناکەون. ئەو بڕوای هەبوو، کە زۆرینـە لە بڕیاری سیاسیدا پشتی دەگرن، بۆیە فەرمانێکی دەرکرد، ئەندامانی ئێرگون ڕاو بنێن و بیانگرن. بە سەدانیان گیران.
ڕۆژی پاشــتر لەبــەردەم ئەنجوومەنــە کاتییەکـدا وەســتا. ئــەو هــیچ پۆزشێکی بۆ کردەوەکەی نەهێنایەوە. دوو لـە وەزیرەکانی دەسـتیان لـە کــار کێشــایەوە. هیوایــان وابــوو بــەو کارەیــان گوشــار بخەنــە ســەر بنگوریۆن. بەڵام ئەو چۆکی بۆ دانەدان.
- "لەوانەیە مرۆ من بە ترسنۆکی ئیسرائیل دابنێ، بەڵام مـن زۆر لە چەکی دەستی کەمینە دەترسـم... چەک بۆ کوشتن دروست کراوە، تەنها بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بکوژرێ، بەدەر لەوە هـیچ کەڵکێکی دیکەی نییە. بە داخەوە هێشتا مرۆڤایەتی پێویستی بە چەکی کاولکاریەوە هەیە!... زیاتر لە جارێک دەستی ئێرگون بە خوێنی جوولەکە سووربووە.. بە پێنج هـەزار تفەنگ، تـەواوی کۆمەڵگەی جوولەکە بەرانبەریان بێبەرگری دەمێنێتەوە، مەگەر بیانـەوێ قڕانیـان تێبخـەن، دەنـا پێنج هـەزار تفـەنگیان پێویست نییە."
دوایی دوانەکەی بە چەند وشەیەک هێنا کە بۆ ئێرگون هەرگیز مایـەی لێخۆشبوون نەبوون:
- "دە ڕێگەمـــان بـــدەن بـــا ئـــەو تۆپـــەی کەشـــتییە خۆبەدەستەوەنەدەرەکەی گرتیبەردا پیرۆز بکەین!"
ئەنجوومەنەکە متمانـەی بە ٢٤ دەنگی لەگەڵ بەرانبەر ٤ دەنگی دژ بە حکوومەتەکەی بنگوریۆن نوێ کردەوە.
ئەو دوو وەزیرەی دەستیان لەکار کێشـابووەوە، زۆری نەبرد گەڕانـەوە نـاو کابینـەی حکوومەت. یـەکێکیان کـابرا ئۆرسۆدۆکسـە بـە سـاڵاچووە برادەرەکـەی بنگوریـۆن، ڕابـی فیشـمان بـوو. ئـەو زۆر جـاران دەسـتی لەکارکێشانەوەی ڕادەگەیاند، بۆیە لـە دواییدا بنگوریۆن نـاوی "وەزیـری دەست لەکارکێشاوەی" لێنا.

گەمەی ئەو شانۆگەرییەی کە جووەکان هاوڕەگەزی خۆیان لە کەناری دەریاوە لە تاکە شاری جوولەکان لە دنیادا، کەمێک دوای جاڕدانی دەوڵەتیان کە مرۆڤ نزیکەی دوو هەزار ساڵ بۆی چاوەڕێ بوو، مایەی سەرنجی خراپ بوو، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژ، جیهان تێگەیشت کە بنگۆریۆن لێبڕاوانە بوو، بەری شۆڕشێکی گرت و بەم کارەی کۆتایی بە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی هێنا، کە ساڵانێک بوو دەستڕۆیشتوو بوون.
هەنووکە جیهان پێی زانی، ئیسرائیل وڵاتێکە ئاشتی و ئارامی تێدا سەقامگیر دەبێ، حکوومەتێکی بەرپرسیاری هەیە و لەلایەن هاوڵاتیەکانی ڕێزی دەگیرێ و ملکەچی بڕیارەکانێتی.
ئەوەی ڕەخنەگرەکان بە کەتنێکی گەورەی بنگۆریۆنیان دادەنا، دەرکەوت زیرەکانە لە ئانوساتی خۆیدا، کودەتای سەر کارنامە سیاسییەکەی خۆی دامرکاندەوە، تا ئەو کاتەی مرۆ ڕەنگدانەوەی فەلسەفیانە بەسەر ئامانج و ئامرازەکانی نەبینێ، هەر ئاوا بیر دەکاتەوە.
لە هەفتەی سەرەتاکانی تەممووزدا ڕەفتاری دوژمنکارانە دەستپێکرانەوە؛ ئەمجارەیان عەرەبستانی سعودیشی ڕەگەڵ کەوت، ئیدی ئەمجارەیان هەر پێنج بەرانبەر یەک نەبوو، بەڵکو شەش دەوڵەت بەرانبەر یەک.
بەڵام لەو نێوەدا ئیسرائیل هێزی ئاسمانی دەستکەوتبوو. فڕۆکەکان لە ئەمریکاوە بەرەو مەکسیکۆ، لەوێشەوە بەسەر زەریالوش، فڕۆکەکان لەگەڵ ئەوانەی چیکۆسلۆڤاکیا گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
فڕۆکەکان لەلایەن فڕۆکەوانی گەنجە ئەمریکایی، کەنەدی و ئوسترالییەکان، کە تیایدا هەبوون جوولەکەش نەبوون، لێدەخوڕان.
فڕۆکەخانەی لیدا Lyddaیان گرت، هەروەها شاری ڕامەڵڵای عەرەبنشین و پاشانیش نەزارەتیان کەوتە بەردەست. ئەمجارەیان فڕۆکەکانی ئیسرائیل قاهیرە و دیمەشقیان بۆمباباران دەکرد. کەشتیگەلی سەربازییانەی ئیسرائیل شاری تیروس Tyrusی لوبنانیان دایە بە ئاگری تۆپەکانیان. ئەو قۆشەنە لەشکرە "لە شکان نەهاتوەی" عەرەبانپاشەکشەیان پێکرا. ڕێچکەی بەرەو ئۆرشەلیم بەرینتر کرا. دوای دە ڕۆژ لە شەڕ، ڕووبەری خاکی ئیسرائیل لە هەموو لایەکەوە بەرفراوان بوو؛ ئاگربەستی دووەمی بەسەردا هات. لەو ئاگربەستەدا

بنگوریـۆن لـەبن گوشـاری ڕاوێژکـارە سیاسـیەکانی لەگـەڵ ئـەوەی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ناڕازی بوون، ئاگربەستەکەی ڕاگەیاند.

لە حوزەیراندا سەرۆک ترومـان یەکەمین نوێنەری دیپلۆماتیانەی خۆی ڕەوانەی ئیسرائیل کرد.بنگوریۆن هـەرگیز حـەزی بە چارەی دیپلۆماتە پیشەدارەکان نەکردووە، بەڵام هـەر زوو نوێنـەرە ئەمریکییەکەی چووە دڵـەوە. جێمس ماکدۆنالد James G.McDonald پێشتر هـەرگیز وەک دیپلۆماتێک ئیشـی نـەکردبوو. ئـەو ئەمریکییـە سینگخڕێکی ناوەڕاستی ڕۆژئـاوای ئەمریکـا بـوو، لـە خانەوادەیـەکی سکۆتی ئاڵمـانی بـوو. بـە خەنـدەوە بـە بنگوریـۆنی گـوت، کـە لـە نـەریتی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی ئەمریکا شارەزا نییە.

ماکدۆنالـد مەیلـی خـۆی بـۆ جـوولەکە و ئیسـرائیل نەدەشـاردەوە. کرانەوەی ئەمریکاییە درێژ و لاوازەکە (ماکدۆنالد ١مەترو ٨٥ سانتیمەتر درێـژ بـوو) پرچیشـی وەک هـی خانەخوێیەکـە سـپی بـوو، لەبـەرچاوی بنگوریۆن سەرنجی دڵخۆشکەرانەی ئافەریدە کرد.

تـەواو بـە پێچەوانـەی ڕێنمـایی پرۆتۆکۆلیانـە و بـەر لـە پێشکەشکردنی نامەی پەسند کردن، بنگوریۆن ماکدۆنالدی بە جیا بانگهێشت کرد. لەو کاتـەی ئـەوان سـەرگەرمی قسـەکانیان بـوون، دەنگـی فیکـەی ئاگادارکردنـەوە هـات. پـاولا بـە پەشـۆکاوی هـاواری کـرد: "زەنگـی ئاگادارکردنـەوەی هێرشـی ئاسـمانییە! پێویسـتە هەموومـان بچینـە ژوورەکەی تەنیشتمان کە حەشارگەکەمانە. ئێمە بانێکی چیمەنتۆڕێژی قایممان بۆ دروست کردووە."

بە نابەدڵی بنگوریۆن چووە ژوورەکە.

"ئەوانە فڕۆکەی میسرییەکانن. سەربازانی میسریی هـەر پەنجاو شـەش کیلۆمـەتر لێـرەوە دوورن. هـەر لەبـەر ئەوەیـە، پـێش لێـدانی زەنگـی هۆشدارییەکەش فڕۆکەکان لەبان سەرمانن."

ئەو وتوویژی لەگەڵ ماکدۆنلاد لە ژوورێکی دیکەدا بێئەوەی میوانەکەی لە پەلامارە ئاسمانییەکە ئاگادار بکاتەوە، درێژەپێدا.

ڕۆژێکی هاوین کە قرچەی گەرمابوو، نوێنەری یەکێتی شـۆرەوی پاڤێل یێرشـۆڤPavel Yershov نامـەی متمانـەی خـۆی پێشـکەش کـرد. ئەمجارەیان یەکەمین جار بوو، کە بنگوریۆن وەک سەرۆکی دەوڵەتێک

پابەندی ڕێوشوێنە پرۆتۆکۆڵەکانی دیپلۆماسییانە بێ. بۆ پێشوازی و بەڕێکردنی نێردە دیپلۆماتەکە، پسپۆڕەکان هۆشداریان دایە سەرەک وەزیران، کە پێرشۆڤ جلە ئەستوورە یەکڕەنگیە دیپلۆماسییانەکەی دەکاتە بەر. یەکبەرگیی سەرکردەی هێزەکانیش بەردەوام لە کراسێکی خاکیی و پانتۆڵێکی کۆنی کورتیلە پێکهاتبوو. ئەو جلپۆشیەشی لەو بۆنەیەدا بۆ نەدەچووە سەر، بۆیە ئەو، شارێت سەرۆکی پرۆتۆکۆلەکان و ئەوانی دیکە، ئەو ئێوارەیە جلی بۆنەنامەکەیان بە جوانی پۆشی، کە بریتیبوون لە پاڵتۆیەک، پانتۆڵێکی هێڵدار و شتی وا، لە هەمان کاتیشدا فەرمان بە هێزی سەربازییانەش درا بە جلی جەنگاوەرانە دەربکەون.

بەلای بنگوریۆن بۆنەکە زۆر لەخۆکردن و هەراسانکارانە بوو. ڕووسەکان کە هەرگیز لە ئاوهەوای گەرمی بیابان ڕانەهاتبوون، هیچ کەیفیان بە بۆنەکە نەهات. تەنانەت ئیسرائیلییەکانیش پێی خۆشحاڵ نەبوون. بەلام بە هەناسەبڕکێ و ئارەقە لەخۆسترینەوە بۆنەکە کۆتایی پێهات. نێردەی یەکێتی شۆرەوی هەر دوای دوا دەنگی دەستە سەربازیەکە هۆڵەکەی جێهێشت، ئەوانیش خواحافیزییان کرد.

ڕۆژێک دواتر کارمەندە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا سەردانێکیان کردن تا لە بارەی بۆنەی هاوشێوەوە، باسوخواس بکەن و خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی ماکدۆنالدیش نامەی متمانەی خۆی بە فەرمی و بە شێوەیەکی پرۆتۆکۆلیانەی دیپلۆماسیی پێشکەش بکا. بنگوریۆن بەوە دڵخۆش بوو، کە ماکدۆنالد ڕایگەیاند بەو ڕۆژە گەرمە جلی هاوین لەبەر بکا پێویست ناکا خۆیان بە "پرۆتۆکۆلە بێ واتاکە" ببەستنەوە.

بەهۆی ئەوەی ماکدۆنالد هیچ ئەزموونێکی لە بواری دیپلۆماسییدا نەبوو، چارلسChales F.Knoxی ڕاوێژکاری یەکەم، کە هەموو ژیانی لە دیپلۆماسیدا بەسەر بردبوو، بۆ بالۆیز ڕێوشوێنی ڕێکارە کلێشەییانەکەی ڕوون کردەوە: هەشت یا ئەو پەڕی دە خولەک دوای بۆنە شکۆدارە فەرمییەکە، دەبێ ماکدۆنالد خواحافیزی بکا و ئەوێ بەجێ بهێڵێ. وێڕای ئەوەش لە بۆنەکەدا نابێ هیچ پرسێکی گرنگ باس بکرێ.

دوای بەسەرچوونی لایەنی فەرمیی بۆنەکە، شەربەتی میوە و کێک گێڕدرا. دیپلۆماتکارە لاوەکانی هەر دوولا بە تەواوی بە پێی پرۆتۆکۆل

چوونـە دیوەکـەی دیکـەی هۆڵەکـە، هەموویـان بەیەکـەوە ڕۆیشـتن تـا جووتەکە، واتە بنگۆریۆن و باڵوێزی ئەمریکا بە تەنها بمێننەوە.
بنگۆریۆن دەستی ماکدۆنالدی گرت و بردیە گۆشەیەکی ئارامی هۆڵەکە، لەوێ لەسەر سەکۆیەکی دانیشتنی بێ پشت، دانیشتن.
ماکدۆنالد گوتی: "هیوام وایە جەنابتان پرۆتۆکۆڵەکە لەبیر بکەن، تا من یەک دوو خولەک قسەت لەگەڵدا بکەم."
بنگۆریۆن بەو قسەیە گەشایەوە. پیاوە درێژەکەی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمریکا لەوە زیاتر بنگۆریۆنی پێ دڵخۆشتر نەدەکرا.
دواتـر چـل خولـەکی ڕەبـەق بەیەکـەوە لـەو گۆشـەیە دانیشـتن، کـەچی شارێت و کنۆکس هەمـوو هـەوڵێکی دیپلۆماسیانەیان خستەگەڕ، بەڵکو کۆبوونەوەکەیان دوایی پێنێن.
لە سـێپتێمبەردا بنگۆریـۆن گومـانی لە بێرنـادۆت پەیـداکرد، لەو کـاتەی نـاوبراو وەک نوێنـەری ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەیویسـت پـلانەکەی خـۆی بـۆ ئاشـتی لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت جێبەجـێ بکـا. بەگوێرەی ئەو، دەبوایە ئیسڕائیل واز لەهەموو بیابانی نەقەب، رامـەڵلا و شـارە نوێکـەی ئۆرشـەلیمیش بهێنـێ؛ حـەیفا دەبـووە بەنـدەرێکی ئـازاد، لیدیاش فڕۆکەخانەیەکی ئازاد و هەموو پەنابەرە عەرەبەکانیش دەبوایە بگەڕابانەوە ئیسڕائیل.
لـە ١٧ی سـێپتێمبەردا بنگۆریۆن لـە بارەگـای سـەرەکی بـوو، کاتێـک لـە ئۆرشەلیمەوە زەنگێکیان بۆ لێدا:
- "بێرنادۆت کوژرا."
ناوبژیوانەکـە لـە ڕێگـا بـەرەو دۆڤ یوسـف Dov Josephی فەرماندەیی سەربازیی شارە نوێکە دەڕۆیشت.
چـوار چەکدار بـە جێبێکـەوە ڕێگەکـەیان گرتبـوو. بـە تفـەنگی دەسـتیان، بێرنادۆت و هاوکارێکی فەرەنسی کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، درانە بەر گوللە و کوژران.
هەر چوار پیاوە خاکی پۆشەکە توانیان هەڵبێن، بەڵام دەستەی ئەستێرە ڕایگەیاند، کە بە شانازییەوە ئەو نەبەردییە سیاسیانەی ئەنجامداوە و نامەیان بۆ کونسولخانەکانی بەشە جووەکەی ئۆرشەلیمیش نـارد، تیایدا هەڕەشـەی ئـەوەیان کردبـوو هـەر کەسـێ دژی بەرژەوەندییـەکانی

ناسیۆنالیزمی جوولەکان بجوڵێتەوە، هەر ئەو چارەنووسەی لێ چاوەڕوان دەکرێ.
بنگۆریۆن بە بێ ڕاڕایی، دەستی بەسەر بارەکەدا گرت. ڕێنمایی دایە ئەو فەرماندە سەربازییانەی لە بارەگای سەرەکی بانگی کردبوون کە:
١- "هەموو ئەندامانی تاقمی ئەستێرە بگیرێن.
٢- گەمارۆی هەموو بنکەکانی تاقمی ئەستێرە بدرێ و چەک بکرێن.
٣- هەر کەسێکیان دەست بکاتەوە تەقەی لێبکرێ.
٤- باری ناکاو ڕابگەیەنرێ، سنوورەکان بگیرێن، هەموو ڕێگاکانی بۆ شار دەچن بگیرێن.
٥- واز لە ڕێکخراوی ئیرگون بهێنرێ، مەگەر بە هانای تاقمی ئەستێرەوە بچن، ئەوسا بە هەمان پێوەر لەگەڵ ئەوانیش بجولێنەوە.
٦- هەر کاتێک هێزی سەربازی گونجاوتان لەبەردەستدا بوو، دەست بەکاربن."
ئێوارەی هەمان ڕۆژ کابینەی حکوومەت لەسەر پێشنیازێکی سەرۆکەکەیان کۆک بوون بەوەی ڕێکخراوی ئیرگون ئاگادار بگرێتەوە تا سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێشەممە مۆڵەتی بدرێتی کە خۆی بەدەستەوەبدا و وەک یەکەیەکی سەربازی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە. پاداشتێکی بیست هەزار دۆلاریش بۆ ئەوکەسانە ڕاگەیەنرا، کە بکوژانی بێرنادۆت دەستگیر بکەن. سەرکردەی تاقمی ئەستێرە ناتان فریدمان یەللین Nathan Freidman Yellin لە بەندەری حەیفا لە کاتی هەڵاتنی بە نیازی لە وڵات دەرچوون، گیرا. دەیان لایەنگری تاقمەکە خرانە بن چاوان. ڕێکخراوی ئیرگونیش گوێرایەڵی مۆڵەتنامەکەبوو، خۆی هەڵوەشاندەوە.
بکوژەکان هەرگیز نەدۆزرانەوە، بەڵام بنگۆریۆن ئەمجارەشیان بەسەر تەنگژەکەدا زاڵبوو، زیاتر لە جاران وەک سەرکردەیەکی جیهانیی دادەنرا، تەنانەت وایتهالیش ڕێزیان گرت. ئەمجارەیان تەواوی گەلەکەی لە پشت بوو.
لەو دەمانەدا لە تەلئەبیب چیرۆکێکی هەڵبەستراو دەگێڕدرایەوە، کە نمایشی گرفتێکی دیکەی دەکرد، گوایە بنگۆریۆنی پێوە ئالودە بووە.

ڕۆژێکیان هاوکارێکی سکاڵای لە دەست لێشاوی بروسکەکانی لە ئەمریکا نێردراوەکان هەبوو، کە هێڵی پەیوەندییەکانی بەگیر هێناوە، لەوەڵامدا گوتی:

- "داوا لە دۆستەکانم لە دەرەوەی وڵات دەکەم، پێشنیازەکانی خۆیان سەبارەت بەوەی چۆن ئیسرائیل بەڕێوە بەرین، بە نووسراو بۆمان بنێرن."

دوو هەفتە دوای کوژرانی بێرنادۆت، د. حایم وایزمەن لە دواییدا گەیشتە ئیسرائیل. هەرچەندە دوای نەشتەرگەرییەکی چاو کە لە جنێڤ بۆی کرابوو، هەستی دەکرد باشتر بووە، بەڵام زۆر بە هێواشی ڕێی دەکرد و بنگوریۆن چووبووە بنپاڵی تا گەیاندیە سەر سەکۆ، بۆئەوەی بۆ یەکەمین جار سەرۆکایەتی ئەنجوومەنە کاتییەکە بکا.

بۆ سەرەک وەزیران ڕەنگبوو ببایە مایەی تەنگژەیەکی نوێ، گەرهاتبا د. حایم وایزمەن خواستی سەرۆکێکی دەسەڵات زۆری بەسەر کاروبارە سیاسییەکاندا بە وێنەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووایە.

بنگوریۆن پایەی سەرۆکی زیاتر وەک پایەکی شەرەفمەندانە دەدی، کە لە لایەن دەوڵەتمەدارێک بەڕێوەچووبا، بە فەرمی نوێنەرایەتی وڵاتەکەی کردبا، بەڵام لەوە زیاتر دەسەڵاتی نەبووبایە.

گەرهاتبا و وایزمەن گەنجتر بووبایە یان چاوی لە گۆڕەپانی سیاسییانە بڕیبووبایە، ئەوسا لەوانە بوو کێشەی لەگەڵ سەرەک وەزیران پەیدا بووبا، چونکە ئیسرائیل نە دەستوری هەبوو نە سنووری دەسەڵاتەکانی پایە بەرزەکانی دەوڵەتە تازەکەش بە ڕوونی لە یەک جیاکرابوونەوە.

کاتێک بە جووتە پێکەوە دەڕۆیشتین، ئەوە ڕوشن بووەوە، کە جیاوازییە توندەکەی ساڵە دوورودرێژەکانی ڕابردوویان کۆتایی پێهاتووە. بۆ بنگوریۆن قەیدی نەبوو، وایزمەن لە ڕووی فیزیکیەوە هێشتا بە قەدەر سەرێک لە سەرووی سەری ئەوەوەیە.

زانا نیوە نابیناکە گوتی:

- "بۆ من ئەوە مایەی گەورەترین و پیرۆزترین ساتەوەختە."

لەلایەن گەلەوە پەسنی د. وایزمەن کرا و ئەویش گەڕایەوە پەیمانگە و ڤیللا پانوپۆڕەکەی لە ڕێهۆڤۆت Rehovoth.

بنگۆریۆنیشگەڕایەوە لای کاروباری سەربازی لە بارەگای سەرەکی هێزە چەکدارەکان.
دووەمین ئاگربەست هێشتا هەر لە گۆڕێدا بوو، بەڵام ئۆرشەلیمی کۆن لە بندەستی عەرەبەکاندا بوو. لاتورنیشیان هەر لە بندەستیان دابوو، ڕێگای کێوی سکۆپ کە زانکۆ و نەخۆشخانە گەورەکەی لێبوو، چاوەڕوانی ڕۆژانی باشتریان دەکرد. عەرەبەکان وا چوبوونە نێو خاکی ئیسرائیلخەریک بوو، لەناو قەدەوە بیکەنە دەوڵەت.
گەر هاتبا و شەڕ هەڵبگیرسابایەوە، بنگۆریۆن دەیویست هێزەکانی هەوڵێکی وایان دابوایە هەموو ئۆرشەلیمیان ڕزگارکردبا. یادینی جێگرەوەی سەرۆکی دەستەی هێزەکان گوتی: "گەر هەوڵێکی دیکەمان دا و سەرنەکەوتین، ئەوا دەبێتە مایەی کارەسات." ئەو داکۆکی لەسەر ئەو گریمانە دەکرد کە میسرییەکان لە پێشترین دوژمنی ئیسرائیلن، بۆیە گەر شەڕ دەست پێکرایەوە دەبێ هەموو هەوڵێک بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی زەبرێکی کوشندەی کەمەرشکێنیان لێبدرێ.
بنگۆریۆن کۆنفرانسیکی لەگەڵ دەستەکەی سازدا. ئیگال ئاللۆن کە لەو نێوەدا ببووە فەماندەی هێزەکانی باشوور بە دارێک لەسەر نەخشەکە ڕوونی کردەوە:

- "گەر هاتوو میسریەکانمان لە نەقەب شکاندن، دەتوانین بە جووڵە بادانەوەی خێرا پەلاماری ئۆرشەلیم بدەین. سەیرکە..."

بە پەرۆشیەکی شێلگیرانەوە تاکتیکەکەی ڕوون دەکردەوە.

- "دەتوانین لە لاتورن بکشێینەوە و ئەگەری نوشستی ڕاستەوخۆ لە خۆمان دووربخەینەوە. ئەگەر ئێمە ئەوسا کشاین...،
- "بەڵام سەرەتا لەسەر ئێمە پێویستە دەسەڵاتمان بەسەر نەقەبدا بشکێ."

ئاللۆن دەیزانی، هەمیشە بنگۆریۆن ئامادەیە گوێ لە کەسێک بگرێ کە دینامیکیانە داکۆکی لە نەخشەیەک بکا و پلانی ئۆپەراسیۆنی نەقەبیش کە دواتر بە دە سزایەکان (بەلایەکان) ناوی دەرچوو، پلانێکی دینامیکیانە بوو.
کاتێک ئاللۆن گەڕایەوە بیابان، فرۆکە بچوکەکەی خستە خزمەتی ئەو نشینگەنشینانەی بیابان، کە ئامادەبوون بەرەو لای بنگۆریۆن لەبارەگای

سەرەکیدا بڕۆن، بەڵکو خولیای بارودۆخە سەربازیانەکەی نەقەبی لا بەجۆشتر بکەن.
لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٨دا ڕەوشەکە وابوو، هەموو نەقەب لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە درابووە ئیسرائیل، بەڵام پانزە هەزار سەربازی میسری، سێ شوێنی گرنگی بیابان هەروەها لەگەڵ شارە کۆنەکانی غەززە Gaza و بیئر ئەلسەبعە Beersabhaیان گرتبوو. ئیسرائیل هیچ پەیوەستیەکی لەگەڵ نشینگەکانی خوارووی بیابان نەمابوو، چونکە تاکە ڕێ کە بۆ ئەوێ دەچوو بە ناو یەکێک لەو شوێنانەی کە سەربازی میسری لێبوو، دەڕۆیشت. میسر زۆر بە زەحمەت دەیتوانی ئازووقە بگەیەنێتە سەربازەکانی لە بێت لەحم، چونکە سوپای ئیسرائیل ئەو ناوچەیەی گرتبوو، کە ڕێگای ڕۆژهەلات بۆ ڕۆژئاوا دەچوو. لێرەوە بە یارمەتی کۆمیتەی ئاگربەستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چارەسەرێکی سەیروسەمەرە دۆزرابووەوە. میسرییەکان دەبوایە هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی شەش سەعات دەرفەتیان بدابایە کاروانەکەی لە باکوور بۆ باشوور دەچێ، ئیسرائیلیەکانیش بە هەمان شێوە دەبوایە ڕێگای کاروانی لە ڕۆژهەلات بۆ ڕۆژئاوا بکەنەوە. میسرییەکان چەندان جار دژی ئەو ڕێککەوتنە جوولانەوە، بۆیە پاکانەیان دایە دەست ئیسرائیییەکان تا ئۆپەراسیۆنی دە بەلایەکەیان دەست پێبکەن.
شارێتی وەزیری کاروباری دەرەوە، دژی دەستپێکردنەوەی کردەی دوژمنکاریانە بوو، چونکە لەوە دەترسا، زیان بە نمایشی ئیسرائیل لە دەرەوەدا بگەیەنێ.
بنگۆریۆن گەیشتە بڕوایەکی نیگەران بەوەی مرۆڤ لە جیهانی سیاسەتدا زیاتر ڕاستیەکانی سەر زەوی بە هەند هەڵدەگرێ نەوەک مافەکان. گەر هاتبا و نەخشەی بیرنادۆت چووبایەسەر، دەبوایە ئیسرائیل هەموو گالیلیای دەستکەوتبا، نەوەک لەبەر ئەوەی مافی زیاتری بەسەر ئەوێوە لە بەرانبەر نەقەبدا هەبوو، بەڵکو ئەوێی لەبن ڕکێفدا کردبوو.
بۆیە خودی سەرەک وەزیران فەرمانی دا، دەست بە هەڵمەتی ڕزگارکردنەکە بکەن.

ئۆپەراسیۆنەکە زۆر بە باشی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بیئرسەبعە کەوتە بەردەستیان. لە ماوەی هەفتەیەکدا میسرییەکان ڕاونران؛ ئەوان توانیان تەنها لە ناوچەیەکی دیارکراودا بەرگری بکەن؛ ئەوێ فەلوجەی Falujaی سەروی نەقەب بوو. لەنێو ئەفسەرە میسرییەکاندا کە لەوێ فەرماندەیی هێزیکی دوو هەزار و پێنجسەد کەسی سوودانییان دەکرد، لاوێکی بە پلەی کاپیتان (Captain) کە ئەوکات نەناسراو بوو، جەمال عەبدولناسر بوو، دواتر کتێبێکی نووسی و ناوی "فەلسەفەی شۆڕش" لێنا.

پاشان لە نۆڤیمبەردا بنگوریۆن دەرفەتی خوێندنەوە و نووسینی بۆ پەیدا بووەوە. لە وتارێکیدا دووبارە سکاڵا لە دەست ئینگلیزەکان دەردەبڕێتەوە.

- "لەشکری بەریتانیا، مارینز و هێزی ئاسمانیان، تەواوی هێزی پۆلیسی حکومەتی فەلەستینی، هەموو گوشارە دیپلۆسییەکانی بەریتانی، هەموو ئامرازەکانی دەزگای نهێنی بەریتانی بەردەست، بەڵێ نزیکەی هەموو هێزی دەوڵەتی بەریتانیابۆ ئەوە خرایە گەڕ، کە ڕێ لەوە بگرن جوولەکەکان دەردەست چەک پەیدا بکەن بەرگری لە خۆیان بکەن..
- "لە دواییدا ئینگلیزەکان هەرچەندە لەوەدا سەرکەوتن، کە هێز و دەسەڵاتی دیکە هاوکاریان بکا تا گەمارۆی سەر ئیسرائیلی پێ تۆکمەتر بکەن، بەڵام بە مەرەدی فەلەستینیەکان چوون و سەرنەکەوتن."

ئۆپەراسیۆنی دە بەڵایەکە ئەوەندە سەرکەوتو بوو، وای لە بنگوریۆن کرد مرخی خۆی لە کردەیەکی دیکەش خۆش بکا.

بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سکاڵاکانی شارێت و ئەوانی دیکە نەیانگرێتەوە، کە خەمی ڕای گشتی جیهانیان سەبارەت بە پرسە دیپلۆماتیەکان بوو، کارێکی وایان کرد، ئەمجارەیان هێزەکانی میسر وا لێبکەن دەست بە کردەوە دوژمانکارییەکان بکا، واتە دنە و ختووکەی بدەن تا دەستپێشخەر بێ، ئەوسا ئەوان چالاکی سەربازیانەی زیاتر بکەن. ئەمەشیان بە دەست کەوت بەوەی ڕێ بە کاروانی میسرییەکان نەدەن کەلوپەلەکەنیان بە ناو ئەو شوێنانەی ئیسرائیل داگیری کردبوو

بگوازێتەوە ئەو هێزەی خۆی کە فاجودا Fajudaی داگیرکردبوو. میسر لە نێوان دوو بژار دابوو، سێهەمی بۆ نەبوو، یان لێگەڕابا ناسر و سەربازەکانی لە برساندا بمردبان، یان هێرشی کردبا؛ ئەوەبوو، مژاری دووەمی هەڵبژارد و دەستی بە پەلاماردان کرد.
ئەمەش هێمایەک بو کە ئۆپەراسیۆنی ئاین Ayin دەست پێبکا. دیسان یادینی ئارکیۆلۆژ و ئاللۆنی جوتیار ئۆپەراسیۆنەکەیان رێکخست و جێبەجێیان کرد. ئالۆن دەبوایە بەرەو بیئرسەبعای بایبل بکشێ، بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو سنووری نەقەب- سینا بکشێ، لە رێگاکەشیدا شکست بە هەموو بەرگرییێکی میسری بهێنێ.
پەرۆشی یادیننەوەک هەر هی جەنگاوەریک بوو، بەڵکو وەک ئارکیۆلۆژێکیش هەڵمەتەکەی مەبەست بوو. تاکە رێگای بیئر سەبعە بەرەو سنووری سینا پێچێکی گەورەی دەکرد. پێبەپێ رێگاکە هێزی گەرۆکی میسری چالاک بوون. هەردوو دیوی ناوچەکەش ئەوەندە وێرانە و سەخت بوو، تەنها رێگای وشترەکان بوو.
بەڵام یادینی ئاکیۆلۆژ وێنەی لە ئاسمانگیراوی ئەوێی دیتبوو، کە رێگایەکی کۆنی رۆمانیەکان بەناو بیباندا دەڕوا، راستەوخۆ بەرەو ئامانجەکە دەچێ.
ئیدی راوێژ لەگەڵ ئەندازیارە ئیسرائیلیەکان کرا و بە پەلە رێگایەکە وا نۆژەن کرایەوە، ترومبێلیبار و تۆپخانەی سووکی پێدا بڕوا. کەمێک بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، یادین لە بارەگای سەرەکییەکەدا راگەیاند بوو، کە دەیەوێ بە جێبەکەی بەرەو بیئیر سەبعەدا بڕوا.
بنگۆریۆن پێیگوت دەیەوێ لەگەڵیدا بڕوا، چونکە تامەزرۆی دیتنی قۆناخی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە بوو. ئیدی بنگۆریۆن، یادین، هاوکارێکیان و شوفێرێک بە سواری جێب بەڕێ کەوتن. کەمێک پێشتر تاوەبارانی بەخوڕ باریبوو، رێگاکەی سەخت کردبوو، شوفێرەکە بڕیاریدا قەدبڕ تا دواشوێن بڕوا. کاتێک ئەوان بە پێچاوپێچ دەڕۆیشتن، گەیشتنە سی کیلۆمەترێک لە نزیک بیئر سەبعە، ئیدی گەیشتنە سەر رۆچوونێکی خاکەکە وابەرین بوو جێبەکەیان نەتوانێ بیپەڕێتەوە.
یادین هاواری کرد: "دەبێ پردێک دروست بکەین."

سەرکردەی هێزەکانی ئیسرائیل، یادین، شوفێر و هاوکارەکەیان بەرەو گوندێکی چۆڵکراوی عەرەب بەناوی کاوکابا Kaukaba کە تازە لێوە ڕەتبوون، گەڕانەوە. چەند دەرگایەکی داری خانووی کێڵگەکانیان هەڵتەکاند و خستیانە سەر مل و هاتنەوە لای ئۆتۆمبێلە چەقیوەکە. کاتێک جێبەکە بەسەر پردە دارینە دروستکراوەکەدا دەپەڕیەوە، کەوت و لەناو قوڕەکەدا چەقی، ئیدی دەرنەهات.

زۆری نە دەبرد، دەبووا ئۆپەراسیۆنی ئاین دەستی پێکردبا، بۆیە بە ناچاری هەر چوار پیاوەکە بە پێ هەشت کیلۆمەتر ڕێیان کرد. بنگوریۆنی پیر وەک ئەوانی دیکە هەناسەبڕکێ بوو، بەڵام لێیان بەجێ نەما.

کاتێک گەیشتە سەر جادە ئۆتۆمبێلێکیان بەدی کرد، بە ڕێکەوت بە ئاراستەی تەلئەبیب دەڕۆیشت.

یادین لێپرسی: "ئەرێ دەکرێ لەگەڵ خۆت بمانگەیەنیتە بیئر ئەلسەبعە؟"

- "ئاخر، ڕێگای من-"

شوفێرە گەنجەکە هێشتا وشەکانی تەواو دەرنەبڕین، بە حەپەساوی چاوی مۆڵەق ڕاگرتن. پاشان داوای لێبوردنی لە سەرکردەی هێزەکان و سەرۆکی دەستەی هێزەکان کرد. کاتێک گەیشتنە بیئر ئەلسەبعە، پێیان گوترا، کە خانووی ئەو گوندانەی دەرگاکەیان بۆ پرد هەڵتەکاندبوو، بۆمبی ڕاکێشراویان لێبەسترابوو، ئیدی ئاخۆ چ پەرجوویێک ئەوانیان ڕزگارکردوە، دەنا لاشەیان بە هەواوە پارچەپارچە دەبوو.

ئۆپەراسیۆنەکەی ئاین ئەوەندە سەرکەوتوو بوو، ئاللۆن و هێزەکەی پێش کاتی دیاریکراو شوێنە مەبەستەکانیان گرتبوو، بەو هۆیە توانیان بەرەو هەموو بیابانی سینا بکشێن. لە دە کیلۆمەتر، کە هێزەکانی میسری بارەگای خۆیان لێدانابوو، هەروەها فڕگەیەکیشیان لێدروست کردبوو، کەوتە بەردەستی ئیسرائیلیەکان. ئەوان لە بارێکی وادا بوون، هێرش بکەنە سەر ناوچەی غەززە و زەبرێکی گورچکبڕ لە میسریەکان بدەن و تەواوی ناوچەکەیان لێپاک بکەنەوە؛ لەو ساتەدا برووسکەیەک لە بارەگای سەرەکییەوە هات تیایدا هاتبوو:

- "تەواوی ئۆپەراسیۆنەکان ڕاگرن."

ئالۆن بە ئەفسەرە پلە لەخۆ خوارترەکانی گوت: "مشووری ئەوە بخۆن کە هەموو شتێک ئامادە بێ، تاکو بەیانی هێرش بکەین."
ئیدی سواری جێبێک بوو، بە ڕێگای ڕۆمانییەکاندا بەرەو بیئرئەلسەبعە لێیخوڕی، لەوێوە سواری فڕۆکەکەی خۆی بوو بۆ تەلئبیب.
گەرهاتبا و ڕەوشی جیهان و کاردانەوەی بەسەر ڕێنمایەکەی سەرکردەکەی زانیبا، کەمتر سەری سوڕدەما لەو کاتەی کە سەرقاڵی تێکشکاندنی هێزەکانی میسری بوو.
بنگوریۆن لەگەڵ هاوسەرەکەی بۆ ئەوەی چەند سەعاتێک پشوو بدەن، چووبونە تەبەریا Tiberias. بارەگای سەرەکی لە هەر پێشهاتێکدا ئاگاداری دەکردەوە، بەڵام لەنێوان تەلەفۆنکردنەکاندا، دەکرا بنگوریۆن چێژ لە گۆلە شینباوەکەی ئەوێ ببینێ و کتێب بخوێنێتەوە، بەهۆی کانیاوە سروشتیەکانی ئەوێ، زیاتر بێتەوە سەرخێ. لە ئێوارەی هەینی، دوا ڕۆژی ساڵنامەی کریستیانی، شارێت بە بارێکی تەواو پەشۆکاویەوە زەنگێکی بۆلێدا بوو. ماکدۆنالدیش بە تەلەفۆن دەقی ئەو برووسکە کۆدەدارەکەی بۆ خوێندەوە کە لەلایەن ترومانەوە نێردرا بوو.
وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا (تا ئەو کاتیش هێشتا پەیوەندییە دیپلۆماتەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبەستبوو) داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردبوو، کە بە ئیسرائیل ڕابگەیەنێ؛ بەریتانیای گەورە بێ ئەوەی میسریش داوای لێبکا، بە گوێرەی پەیمانێکی کۆنی لەگەڵ میسردا، ئەوا شەڕ لە دژی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێ، گەر هاتوو دەستبەجێ سەربازەکای ئیسرائیل لە خاکی میسریدا نەکشێتەوە.
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش داوایان لە ئیسرائیل کرد بکشێنەوە، گەر هاتوو داواکەشیان جێبەجێ نەکەن، ئەوا واشنتۆن ناچار دەبێ چاو بە هەڵوێستەکانی سەبارەت بە دەوڵەتی جوولەکەدا بخشێنێتەوە.
ڕوونکردنەوەی شارێت بڕوای بە ماکدۆنالد نەهێنا. بۆیە نوێنەری ئەمریکا ئۆتۆمبێلێکی بە کرێگرت، ١٨٤ کیلۆمەتری مەترسیداری نێوان تەلئەبیب و تەبەریای بڕی، تا ڕاستەوخۆ پرسەکە لەگەڵ بنگوریۆندا باس بکا.

ئێواره درەنگ ماکدۆنالد گەیشت. لە لایەن بنگوریۆن و هاوسەرەکەی لە ژوورێکی تەنیشت ڕاڕەوی میوانخانەکە پێشوازی لێکرا. ئەوان سەعات و نیوێک قسەیان کرد. بنگوریۆن ماکدۆنالدی دڵنیاکردەوە، کە لە مێژە فەرمانی بە هێزەکانی ئیسرائیلدا داوە، بکشێنەوە.

ماکدۆنالد داوای دەستەیەکی چەکداریانەی پاراستنی بۆ گەڕانەوە کرد. سەعاتێکی خایاند تا دەستەکەیان پێکهێنا، لەو ماوەیەشدا باسی بابەتی جۆراوجۆریان کرد.

کاتێک دەستەی پارێزگاریش لە دواییدا گەیشت، ئەمریکایە درێژە ناقۆلایەکە گەڕایەوە تەلئەبیب.

لەو نێوەدا ئالۆن لە بارەگای سەرەکیدا تەنها ئەفسەری ڕاژەداری لێبوو. پرسی یادینی لێکرد. گوتیان نوستووە. ئاللۆن ئەوی لەخەو هەڵستاند.

بە جۆشەوە پێیگوت: "ئێمە دەرفەتێکی باشی تێکشاندنی لەشکری میسری لەدەست دەدەین."

یادین بەرسڤی دایەوە: "ئاخر ئەوە پرسێکی سەربازیانە نییە. سەرۆک ترومان هەڕەشەی کردوە، گەر هاتوو ئێمە لە سینا نەکشێینەوە، ئەوا چاو بە هەڵوێستیان دەربارەی ئیسرائیل دەخشێنەوە."

ئالۆن گوتی: "کەواتە دەمەوێ لەگەڵ بنگوریۆندا قسە بکەم."

- "ئەو لە تەبەریایە."

ئەوکات ئاللۆن بڕیاریدا شارێت بێدار بکاتەوە.

- "لێمگەڕێ، با ئەلعەریش El`Arish بگرم."

شاریت لە کورتیدا بڕیەوە: "مەحاڵە؛ قسەمان داوەتە حکوومەتی ئەمریکا و لەسەر قسەی خۆشمانین."

- "دە کەواتە ڕێگەم بدە زەنگ بۆ پیرەمێرد لێبدەم!"

تەلەفون لەگەڵ تەبەریا لێدرا.

بنگوریۆن بە بێدەنگی گوێی لە ڕوونکردنەوەکەی ئاللۆن گرت. دواتر بە چوار وشە وەڵامی دایەوە و دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە: "لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا بکشێوە."

دیسان بنگوریۆن ڕاستەڕێی لەنێو ڕێگای سەربازیانە کە دەیانەویست سوپای دوژمن لەناو ببەن و لەنێوان خۆپارێزی شارێت کە ئیسرائیل

دەبێ هەڵوێستی شیاو نیشان بدا و پێگەی لەنێو خانەوادەی گەلاندا بکاتەوە، هەڵبژارد.

کاتێک یەکەمین هەڵبژاردنی ئیسرائیل بۆ سەد و بیست کورسی پەرلەمانێکی یەک ژووری بەناوی کەنیست سازدرا، بیست و یەک پارتی سیاسی لیستی خۆیان پێشکەش کرد، بەمە سەلماندیان کە تاکایەتی و سەربەخۆی سیاسیانە هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە. بە نوکتەئامێزیەوە بنگوریۆن بە ماکدۆنالدی دۆستی گوت:

- "ئەرێ پرسیارێکمان لە سەرۆک ترومان بۆناکەی، ئاخۆ ڕازی سیستمی دوو پارتییمان پێنالێ."

ماپای بنگوریۆن، چل و شەش کورسی بەدەست هێنا، دوو جاران لە گەورەترین ئەو پارتەی بەدوایاندا هات زیاتر بوو. لایەنگرانی بێگین پیاوەکانی ئیرگون کەهیروت Herut (ئازادی)یان پێکهێنا بوو، چواردە کورسیان بەدەست هێنا. لەو بەربژارانەی کە کورسیان بەدەستهێنا سێ عەرەب و ژنێکیشیان تێدا بوو.

پەرلەمان وایزمەنی بە سەرۆکی دەوڵەت هەڵبژارد، ئەویش داوای لە بنگوریۆن کرد کابینەی حکوومەت پێکبهێنێ. دوای هەفتەیەک لە سەرکەوتنی دانوستانەکان؛ ماپای هاوپەیمانییکی لەگەڵ چوار پارتی ئەرسەدۆکسی و دوو کۆمەڵەی بچووکی دیکە پێکهێنا.

بەم شێوەیە سەرکردەی سەندیکای پیشەیی بووە یەکەمین سەروەزیری هەڵبژێردراوی ئیسرائیل، هەر زووش پیاوە بچکۆلەکەی تایین بووە مایەی سەرنجی جیهان، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتیانە بڕوای بە ئایندەی ئەو حەفت سەد هەزار (لە ماوەی شەڕەکەدا پەنجا هەزاری دیکەشی هاتەگەڵ) کەسە هەبوو؛ بۆ ئەوان لە ناوچەیەکی بیاباندا، کە لە ولایەتی ماسۆشێت Massachusetsبچووکتر بوو، مافی خۆیان بەدەست هێنا.

بەشی 15

بەردەوام تابلۆکێشان مەیلیان بە لای بنگۆریۆندا دەچوو، چونکە لە ڕاستیدا لە بەرد، ئاسن و دار لەبەر قژ بژیەکەی و ڕەنگدانەوەی چاوەکانی پەیکەرداتاشینەکەی وەک خۆی نەدەهاتەوە.
نووسەران ئاوا دەربارەی پرچی ئەویان نووسیوە:

- "پرچی ئەو بۆ سەرەوە ڕۆیشتوە و بە هەموولایەکدا لە شوێنێکی ڕووتەنیدا بڵاوبۆتەوە."
- "تاڵە قژە درەکانی هەڵچونێکی لوولەییانەیان پێکهێناوە."
- "پرچێکی ڕەقی سپی شکۆدارانە کە چوارچێوەی بۆ پەڵە ڕووتەنەییەکانی کێشاوە، هەروەک یەخەیەکی پەشمینی ملی ئەریستۆکراتیەکی سەردەمی ئالیزابێتە."

وێڕای ئەوەش، زۆر جاران سەبارەت بە چاوەکانی، سەرنجی هەڵەیان لا دروست دەبوو. لە ماوەی مانگێکدا لە لایەن ڕاپۆرتنووسێکی ڕۆژنامەیەکی نیویۆرک، لەلایەن هەواڵنێرێکی گۆڤارێکی ئەمریکایی، لەلایەن دیپلۆماتێک کە بووە نووسەر و شانۆنامەنووسێکی ڕادیۆ، بە شینی وێناکرا، لە کاتێکدا نووسەرێکی ناودار کە کەمێک پێشتر سەردانی کردبوو، چاوەکانی بە کەسک ناونابوو، هەروەها هەفتەنامەیەکیش هەفتەیەک چاوەکانی بە قاوەیی لە پۆرترێتی سەر هەفتەنامەکەی دانابوو، کەچی لە بۆنەیەکی دیکەدا بە شینی دانابوون. ئەوەش مایەی لێتێگەیشتن بوو، هەرچەندە چاوەکانی قاوەیی بوون، بەڵام هەندێ جاران بریسکەی کەسکایی وەک ئاسنێکی ڕەقی دەدا. چاوەکانی چاوی دۆستانە بوون، لێ نەرم و نیان نەبوون. نەرم و نیانیش نەدەچوونە ڕیزی خاسیەتە باڵکێشەکانی کەسایەتی بنگۆریۆن.

هەندێک جار گەر هاتبا و سەعاتێک یان دووان بە تەنها بووبایە و خەریکی خوێندنەوە یان بیرکردنەوە بووبایە، چاوەکانی لە چاوی شاعیرانە دەچوون، کە بە تەواوی لە جیهانی ماتریالیستی دوور دەکەوتنەوە.

داوە مووە ڕەقەکانی سەر برۆکانی بۆز و ڕێک ڕادەوەستان. چەناگەیەکی بە هێز و لێبڕاوانەی هەبوو، وەک ئەوە وابوو کە لە مەڕمەڕ دروست کرابێ. ڕەنگی دەموچاوی سووورباو بوو، نزیکی سوورێکی قاوەییانە بوو. لێوەکانی تەنک بوون، زۆر جاران لێوی دەگیرساندن، بەڵام کە ژێیەکانی دەمی خاو کردبانەوە، بریسکەی چاوەکانی دەرکەوتبایە و کوریشکی لە لاڕومەتی دەرکەوتبان، ئەوا بزەو پێکەنینەکەی تەواو لە ناخەوە بوو.

دەستە بچوک و لاواز و چورچەکانی لە کاتی ئاخاوتندا بەردەوام لە جوولەدا بوون. دەستەکانی بۆ پێهەڵستان لە نووسینگەکەی، بۆ چەپڵەلیدان، بۆ پاڵدانەوە لەسەر کورسییەکەی، بۆ ئاماژەپێکردن و تۆمەتبارکردن یان دەستەکانی خۆی لە یەک دەخشاندن وەک ئەوەی بیرۆکەیەک لەنێو لەپەکانی هەڵبقوڵێ، بەکاردەهێنان.

بە دەگمەن بە قیتی لەسەر کورسیەکەی دادەنیشت. زۆرجاران بەلای پشتیەوە پاڵی دەدایەوە یان دەچەمایەوە بۆ ئەوەی تەرکیزی بۆ بەردەم بێ.

کە بە پێ دەڕۆیشت، لێبڕاوانە ڕێی دەکرد، وەک ئەو پیاوەی کە بە دەقاودەقی ئامانجی پێش خۆی دیار بێ.

ئەو ئاساییانە بە نەرمی دەدوا، تەنانەت بۆ جەماوەریش ئاساییانە و بێ زۆر لەخۆکردن، ماندووانە دەدوا.

سەبارەت بە پۆشاک، حەزی لە جلی بەرین و فراوان بوو، گوێی بە نەریت نەدەدا. هەندێک جار دەبوایە شەپقەی بەرز و قیت لەسەر بنێ، پانتۆڵێکی هێڵدار لەبەر بکا و چاکەتێک و بۆینباخێکی لەسەر بپۆشێ. بەڵام لەو بۆنانەندا وا دەبینرا کە خواخوایەتی بۆنەکە تەواو بێ و کراسێکی بێ بۆینباخ، پانتۆڵێکی کەمێک فش و جووت پێڵاوێکی شیاو لەبەر بکا، تا بە ئارەزووی خۆی دابنیشێ.

لە ماوەی شەڕی ١٩٤٨دا، بنگوریۆن بەرگی شەڕی دەپۆشی، تا دوای شەڕیش بۆ ساڵێک خووی پێوەگرتبوو هەر داینەدەکەندن. کاتێک لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنێکی ئەمریکایی لەگەڵ جەمال عەبدولناسر دەرکەوت، دەنگی نارەزایی لە بەرانبەردا بەرز بووەوە، چونکە جلی "کابرایەکی ئاشتیخوازانەی" نەپۆشیبوو. دوای ئەوە ئیدی بە دەگمەن بە جلی سەربازییەوە دەردەکەوت.

کەمێک دوای جاڕدانی سەربەخۆیی، دەبوایە لە دانیشتنێکی بەیانیانەی کۆنگرەیەک کە هیستادروت سازی دابوو، قسەی بکردبانە. ئەو بە هەناسەبڕکێ، کەمێک دواکەوتبوو، پانتۆڵێکی هێڵداری لەبەردابوو، شەپقەیەکی بەرز و بە دەستکێشیشەوە چونکە تازە پێشوازی لە نێردەیەک کردبوو. لەو کاتەی جێگای لەسەر سەکۆی کۆنگرەکەدا گرت بۆینباخەکەی کردەوە، ئەنجا دەستی بەدوان کرد:

– "هاوڕێیان لێم مەگرن، کە بە بەرگی کارەوە هاتووم."

لە ئیسرائیل سەروەزیر بوو، کە ڕایدەگەیاند کەی بەهار و پایز بە فەرمی دەست پێدەکەن. گەر بنگوریۆن بە شێوەیەک دەربکەوتایە قۆپچەی سەرووی کراسەکەی کرابایەوە، ئەوا هەمووان دەیانزانی، بەهار هاتووە، هەر کاتێکیش قۆپچەکەی داخرابا، ئەوا نیشانەی پایز بوو.

موچەی مانگانەی سەرەک وەزیران خۆی هەر لە چوار سەد دۆلارێک دەدا، واتە کەمتر بوو لە شوفێرێکی تاکسی نیویۆرک.

لە سەردەمی کەمی ئازووقە لە ئیسرائیلدا، جارێکیان ژنێک لە ڕیزە نۆرەی تەلئەبیبەوە هاتە پێشەوە، لەو کاتەی کە خەڵک نۆرەی بەشە ئازوقەکەیان گرتبووو. ئیدی هەموویان نارازی بوون تا دەنگێک لەنێویاندا بەرزبووەوە:

– "ئای ژنینە، ئەو خانمە لە ماڵی بنگوریۆن کاردەکا. کرێی ئەو لە ماڵی بنگوریۆندا بە سەعاتە، بنگوریۆن مزی زۆری ناداتێ. گەر ئێوە ئیسرائیلی ڕاستەقینە بن، ڕێگای دەدەن پێش بکەوێ."

سەرەک وەزیران خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆی نەبوو. حکوومەت ترومبێلێکی گەورەی دۆگی Dodge خستبووە بەردەست، ترومبێلەکە

لەبەر کۆنی بایەخێکی وای نەمابۆوە، بەڵام لای ئەو زۆر پێشچاو بوو. دەیەویست سواری جێب بێ. پزیشکەکەی لەسەر ئەوە ناڕازی بوو:

- "سواری جێب بۆ جومگەی کەلەکەت خراپە"

بنگوریۆن بەوە دژی ئەو ڕایەی دکتورەکەی بوو: "باشە چۆن نموونەیەکی باش پێشکەش هاوکارانم بکەم. گەر هاتو هەمووتان پێتان گوتم کەچی باشە چی باش نییە."

دواتر چارەسەریەکی مامناوەندی دۆزرایەوە. سەرەکی حکوومەت ڕایگەیاند، کە بە ئۆتۆمبێلێکی بچوکی ئەورووپی ڕازییە، لە ڕاستیدا لە جێب هەرزانتر دەکەوێ. بەڵام ئارەزووی ئەو هێشتا هەر زیاتر بەلای جێبدا دەڕۆیشت، چونکە قێزی لە بالیف و پشتملە نوێ و نەرمەکانی ترومبێلە نوێکان بوو.

ئەو سادەیەی بنگوریۆن داوای دەکرد و لەسەری دەڕۆیشت، زەحمەتی خستە بەردەم توندڕەوەکان تا تۆوی قینەی چینایەتی لە ئیسرائیلدا بچێنن. ئەوە هۆکارێکی سەقامگیری کۆمەڵگایەکی فرە زمان و ڕەگەز و لایەن بوو.

وەک سەرۆکی حکوومەت، بنگوریۆن نموونەیەکی باشی نمایش کرد. ئەو دەیتوانی وەک تیتۆ هەموو بەرۆکی خۆی بکاتە نیشانە و میدالیا، دەیتوانی ناو و وێنەی خۆی بخاتە سەر پارەوپول وەک دواتر یەکەم سەرۆک دەوڵەتی گانا کردی، دەیتوانی لەسەر بودجەی دەوڵەتەوە سواری ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی گوللەبەند ببێ و ژمارەیەکی زۆری پاسەوان داخواز بکا هەر وەک چۆن دەسەڵاتدارە تازەکان وایان دەکرد، یاخود دەیتوانی داوای ڕۆمانتیکیانە بکا وەک هەندێ لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە نوێکان دەیانکرد. بەڵام شێوە ژیانی ئەو لە تەرکە دنیای ڕاهیبێکەوە نزیک بوو.

بنگوریۆن کەمتر بە لای موزیک، تابلۆ و هونەری پەیکەرتاشینەوە دەچوو. دوای گەیشتنی ماکدۆنالد بۆ ئیسرائیل، هاوسەرەکەی ئەو زۆر جار لەگەڵ پاولا بە یەکەوە دەچوونە کۆنسێرتی موزیک، کەچی بنگوریۆن دەچووە سەر جێگەی نوستن و سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە دەبوو.

کاتێکیش مایستڕۆی دەستەی مۆزیکی ئەمریکایی لیۆنارد بیرنستاین Leonard Bernstein بۆ یەکەمین جار سەردانی ئیسرائیلی کرد، بە بنگۆریۆنی گوت:

- "خۆ دەبێ ئەمجارەیان بێیتە کۆنسێرتەکە."

بەڵێ بنگۆریۆن ئەو جاریان چوو لە کۆنسێرتەکە ئامادە بوو، لە کۆنسێرتەکەشدا نە خەوی لێکەوت و نە هیچ سەرنجێکی هەراسانکەرانەشی دەربڕی. بەڵام کاتێ بێرنستاین لەسەر سەکۆیەکە نەما، بنگۆریۆن گەڕایەوە ماڵەوە لای کتێبەکانی.

دوای نەخۆشییەک بۆ پشوودان کەمێک لە بۆدەنهایمەرBodenhaeimer لە حەیفادا مایەوە، لەوێ ژوورێکی گەورەیان دابوێ، کە تابلۆیەکی ئەزموونگەری ئالمانی لێبوو. بەڕێوەبەرەکە بە شانازیەوە دوای سێ ڕۆژان پێی گوت:

- "ئەرێ پێت چۆن بوو؟"
- "چی؟"
- "تابلۆکەمان."
- "ئاخر من چۆن بزانم، خۆ لە ژوورەکە دەرنەچووم!"

بەڕێوبەرەکە بە سەرسوڕمانەوە نەوەک بە گلەییەوە هاواری کرد: "بەڵام تابلۆکان بە دیواری ژوورەکەوە هەڵواسراون!"

دوو ڕۆژ دواتر بنگۆریۆن بانگی بەڕێوبەرەکەی کرد.

- "بە داوای لێبوردنەوە، پێویستە تابلۆکان هەڵبگری. من بە تۆقێنەریان دەزانم!"

هەوڵ و تەقەللای بنگۆریۆن هەرگیز بۆ ئەوە نەبوو سەرنج لای خەڵک بوروژێنێ. ئەوان دەبوایە وەک هەیە وەریبگرن. جارێکیان گوتی:

- "من لەوە تێناگەم خۆم لەوە باشتر بکەم کە هەم."

سەبارەت بە فیلمیش زۆری بەلادا نەدەڕۆیشت، چونکە لە ڕووی گشتییەوە وات لێدەکا بە گرفتە کەسییەکانەوە سەرقاڵ بی.

شەترەنج تاکە یارییەک بوو کە کردوویەتی. بنگۆریۆن پێیوابوو شەترەنجکردن بۆ مێشک وەک دەستاڕ بۆ ئامێرەکان زۆر بەسوودە. سەبارەت بە یارییەک کە ڕێکەوت ڕۆڵی گرنگی تێدا بگێڕی، زۆری بە لاوە پەسەند نەبوو. گەر ئەو بە بەرزییەوە یاری بکا، ئیدی

تەرخانکردنی ژیانی خۆی و سەدان هەزاری دیکە بوو. لەو بارەدا گرەوی لەسەردا دەکا و دەیباتەوە. پێش ئەوەی ببێتە سەرۆوەزیر هەرگیز ئاهەنگ، چێشت و فراوینی بۆ میوانان ساز نەدەدا، بە دەگمەنیش بانگهێشتی ئەو جۆرە بۆنە و ڤیستڤالانەی دەپەژراندن.

هەندێک جار پاولا یەک دوو کەسی بانگهێشت دەکردن و لە هاوسەرەکەی دەپرسی بەڵکو جارێ واز لە کتێبەکانی بهێنێ و بەلای کەمی نیو سەعات بۆ خۆشی لەگەڵیاندا دابنیشێ. بەڵام گەر هاتبا و لە نێو میوانەکاندا کەسی وای تێدا نەبوایە ختوکەی بیرۆکەی نوێی بدا و ڕاستییە بایەخدارەکانی بۆ باسکردبان، ئەوا پێش بەسەرچوونی نیو سەعاتەکە داوای لێبوردنی دەکرد و دەگەڕایەوە خزمەت کتێبەکانی.

کاتێک جۆرج گارسیا گاراننۆس Jorge Garcia Granados کە وەک ئەندامێکی UNSCOP زۆر ئیشی بۆ پرسی جوولەکان کردبوو، بووە یەکەمین نوێنەری وڵاتەکەی لە ئیسرائیل، سکرتێری بنگوریۆن گوتی: "وا پێویست دەکا شتێکی باشی بۆ بکەین."

سەرۆوەزیر پرسی: "مەبەستت چییە؟"

- "بۆنەیەکی بۆ سازبدەین، بانگهێشتی سەر فراوینێکی بکەین، ئاهەنگۆکەیەکی بۆ بگێڕین- شتێک کە بە هۆیەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی لێبکەین."

هەرچەندە بنگوریۆن ڕێزێکی زۆری بۆ پیاوەکەی گواتامالا Guatamalaوە هەبوو، بەڵام تەنها شانی هەڵتەکاند. لەگەڵ ئەوەشدا ئاهەنگێکیان هەر بۆ سازدا و وایان لە بنگوریۆنیش کرد تیادا دەربکەوێ.

کاتێک بنگوریۆن هاتە هۆڵەکە، یەکەمین کەس بوو کە نوێنەرە مەکسیکییەکەی بینی، پیاوێک بوو کە باش دەیناسی و کەیفیشی بە چارەی دەهات. ئیدی دەستی گرت و بردیە گۆشەیەک و پرسکوتی کرد:

- "ئەرێ دراوسێکانت چۆنن؟"
- "ئەرێ کۆمۆنیستتان زۆر هەن؟"

تا بنگوریۆن هاتە شوێنێکی دیکە، سکرتێرەکەی چەند جاران هاتە لای تا خەڵکی پێبناسێنێ، بۆ ئەوەی سەرۆک وەزیرانی یەک دوو قسەیان لەگەڵدا بکا.

دوای دە خولەک بنگۆریۆن داوای لێبوردنی کرد و لێیدا و ڕۆیشت.

ئەو بارە زۆری بۆ کارمەندی پرۆتۆکۆلییانە هێنا، کە زۆر بە زەحمەتەوە توانی بنگۆریۆن بهێنێتە ڕا، هەر هیچ نەبێ ساڵانە بەلای کەمییەوە بانگهێشتێکی نێردەکان بپەژرێنێ، بە تایبەتیش لە پرسی ئاهەنگی وڵاتەکەیاندا.

بنگۆریۆن جارێکیان بە یاریدەدەرێکی گوت: "ئەوە دەکەوێتە نێو بازنەی ئەرکەکانم، کە ئەوکاتەی بۆ کاروباری حکوومەت پێویستم نییە، لە خوێندنەوە، نووسین و بیرکردنەوەدا خەرجی بکەم."

ئەوە وزەیەکی تووڕە و دەمارگیریانە نەبوو کە پاڵی بە بنگۆریۆنەوە دەنا بەرەو پێشەوەی بەرێ. بەڵکو هێزێکی ناخەوەی بوو، وەک وایەرێکی کارەبا لە ناوەوە بارگاوی دەکرد، تا ئەو کاتەی خانەکانی مێشکی باشتر لە بەرانبەر خەڵکی دیکەدا بکەونە گەڕ، چاوەکانی پڕشنگیان دەدا و داوەموەکانی قژە بژەکەشی بە چەشنی نەشتەر قیت ڕادەوەستان.

توندڕەوەکان هەندێک جار بە دیکتاتۆریان لە قەڵەم دەدا، لەبەر ئەوەیپۆستی سوپاسالاری لەنێو لەشکردا هەبوو. (بەڵام سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش سوپاسالاری هەموو هێزەکانە.)

ئەوەش وایە لە نێو بۆتەی دیموکراسیدا دەیەویست بۆچوونەکانی سەرئاو بکەون. کاتێک نەخشەی ساڵیادی دەیەمی سەربەخۆبوونی ئیسرائیل لە سەروبەندی ئامادەکردندا بوو، ئەو بەو شێوە کەسیانە سەرنجی خۆی لەمەڕ یادکردنەوەکە دەربڕێ:

- "من پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە ئۆرشەلیم بە مەڵبەندی فیستڤاڵەکانی بۆنەکە هەڵبژێردرێ، بەڵام بێگومان کەنیست (پەرلەمان) لەوەدا دەسەلاتدارە کە کوێ دابنێ."

لە ١٩٤٩دا سەربردەیەکی تەوسئامێز لە تەلئەبیبدا بە خۆشیەوە لەو نێردەیەی کە کەمێک پێش بەسەرچوونی ماندات دەچنە لای بنگۆریۆن، ڕوویدا؛ دەگێڕنەوە گوایە لێیان پرسیوە ئاخۆ ئامادە نییە خۆی بکاتە پاشای ئیسرائیل. بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، چونکە ئەو بیرۆکەکەی بە شتێکی ناپەسەند دانا، کە بە داودی دووەم بناسرێ.

ئـەو هـەرگیز هێـزی وەک مەبەسـەت نەویسـتووە. لـە مـاوەی دە سـاڵی یەکەمی سەربەخۆیی دەوڵەتدا، ئەوەی سەلماند، کە هەوڵەکانی بۆ هێز و دەسەڵات هەر بۆئەوە بووە، خەونەکانی پێ بەدیبێنێ.

ئەو پیاوێکی خاکیانە بوو بێ ئەوەی ببێتە رەعیەت، تێگەیشتوێکی نـەرم و نیان، وەلێ هەرگیز خەواڵو نەبوو، شەرمن بەڵام نەترس.

بەم نوکتانـەی کە لەسـەری دەکران پێدەکـەنی، ئەوەشـی دەسـەلماند کە هەرگیز سەبارەت بە بیر لەخۆکردنەوەدا زێدەڕۆیی نـەکردووە. هـەر لـە سـەرەتاوە زۆر لـەو نوکتانـەی دەربـارە هەڵبەسـتراون. لە بەرانبەر ئـەو چیرۆکەی لە ١٩٤٩ کە لە تەلئەبیبدا لەسەری بڵاوبووەوە، گوایە پیاوێک خۆی لـە ڕیزێکـی پیـاوان پەسـتاوە و تـاکو بتوانێ دەمانچەیـەک بکڕێ، بەڵکو بنگۆریۆنی پێبکوژێ، چونکە سـەرچاوەی هەمـوو نەگبەتییەکانـە، بنگۆریۆن لە پێکەنینی زیاتر هیچی دیکەی بۆ نەمابۆوە.

ڕۆژێـــک دواتـــر برادەرێـــک پیاوەکـــەی دیتـــەوە، لێیپرســـی ئـــاخۆ بەسەرهاتەکەی بەچی گەیشت.

- "مـن دەمانچەکـەم کـڕی و بـۆ لای نووسـینگەی بنگۆریـۆنیش ڕۆیشتم، بەڵام لەوێ ڕیزە پیاوێکی زۆر وەستابوون تا نۆرەیـان بێ و بیدەنـە بـەر گولـلە، بۆیـە منیش بـە کلکـی بـارگیرم دادا و گەڕامەوە ماڵ!"

بنگۆریۆن ناونانی شەقامەکانی بە ناوی زیندووەکان بە هەڵە دەزانی.

- "جارێ ڕاوەستە بەڵکو دوای مردنی ناودار دەبێ."

ئەو زۆر لەو کەسانە پەست دەبوو، کە ڕێگر بوون لـەوەی بە هێواشـی بیربکاتەوە و ئەو قسەکەرە بێسەروبەرانەی، هەروەها هـەروەهایان زۆر بـەکار دەهێنـا. هـەروەها ئـەو کەسانەشـی خـۆش نەدەویسـتن کـە کڵێشەئاسـا قسـەیان دەکـرد و بیرۆکـەکانیان بـە شـێوەیەکی ئاسـان دەرنەدەبڕی.

بنگۆریۆن لەگەڵ ئەو پیاوە هاوڕابوو کە دەیگوت؛ گیانە نارۆشنەکان دەربـارەی خـەڵک قسـە دەکـەن، گیانـە مامناوەندییـەکان دەربـارەی ڕووداوەکان دەدوێن و گیانە مەزنـەکان سـەبارەت کۆنسێپتە بەرهەسـتە (ئەبستراکت)ەکان دەئاخڤن.

دوانده‌ره‌ ناڕۆشنه‌كان گه‌ر ده‌رباره‌ی پرسگه‌لی گرنگیش قسه‌ بكه‌ن، په‌ستیان ده‌كرد. هه‌ر بۆیه‌ ئاهه‌نگه‌كانی به‌ كات به‌ فیرۆدان له‌قه‌ڵه‌م ده‌دا. ده‌یه‌ویست له‌بنه‌وه‌ ده‌رباره‌ی مژارێک قسه‌ بكا، خۆگه‌ر نه‌یتوانیبا، ئه‌وا بێده‌نگی پێباشتر بوو.

تۆقه‌كردنی به‌ "خوویێكی به‌ربه‌ریانه‌" ده‌زانی، چونكه‌ هیچ سوودێكی كرده‌یی له‌وه‌دا نه‌ده‌بینی، كه‌ پێویست به‌ سه‌لماندن بكا، به‌وه‌ی خه‌ڵكی هاوچه‌رخ خه‌نجه‌ریان له‌به‌ر پشت نابێ تا به‌ تۆقه‌ كردن بیسه‌لمێنن، ئاشتیخوازن.

ئه‌و له‌گه‌ڵ ناسیاوه‌كان به‌ "شالۆم" سڵاو ده‌ستی پێده‌كرد، به‌ڵام به‌ پێویستی نه‌ده‌زانی ئه‌و شتانه‌ی لێ زیاد بكا "ئه‌ری خێزانه‌كه‌ت چۆنه‌؟" یان "ئه‌مڕۆ ڕۆژێكی خۆشه‌، وانییه‌؟" ئه‌و تێبینی ده‌ربڕینانه‌ به‌ بێ واتای ده‌ژماردن؛ چونكه‌ ده‌بووه‌ له‌مپه‌ر بۆ بیركردنه‌وه‌ و ڕێگه‌یان له‌ ئاخاوتنێكی ڕووناكبیرییانه‌ ده‌گرت.

ئه‌و هه‌میشه‌ له‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌دا بوو گه‌نجینه‌ی زانیارییه‌كانی له‌ ڕێگه‌ی ده‌وروبه‌ره‌كه‌ی زیاد بكا و به‌هره‌كه‌ی به‌ باشترین بیرۆكه‌ی ئه‌وانی دیكه‌ بگرێته‌ خۆ و بیانخاته‌ نێو بۆته‌ فه‌لسه‌فیانه‌كه‌ی خۆی.

ئه‌و مرۆڤناسێكی باش نه‌بوو، پێوه‌ری توندی بۆ ئه‌و پرسه‌ داده‌نان. سه‌باره‌ت ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌ هه‌ر شتێكه‌وه‌ كه‌مێكی لێده‌زانن، به‌ خۆڕسكییه‌وه‌ ئێره‌یی پێده‌بردن. گیانێكی زیره‌كانه‌ به‌ ته‌نها بۆ ئه‌و به‌س نه‌بوو.

ئه‌و پسپۆڕه‌كانی زۆر پێپه‌سند نه‌بوون، هه‌رچه‌نده‌ زۆرجارانیش په‌نای بۆ ده‌بردن.

جارێكیان گوتی: "پسپۆڕه‌كان ڕاستییه‌كان ده‌زانن، به‌ڵام به‌ ده‌گمه‌ن ده‌زانن كه‌ خزمه‌تی چی ده‌كه‌ن."

له‌ بۆنه‌یه‌كی دیكه‌دا به‌ هاوكارێكی گوت:

- "گه‌ر هاتوو پسپۆڕێک پێی گوتی، كه‌ فلانه‌ شت مه‌حاڵه‌ بكرێ، ئه‌وا واتای ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ، پسپۆڕه‌كه‌ هیچ ڕێگه‌چاره‌یه‌كی دیكه‌ی بۆ نه‌دۆزراوه‌ته‌وه‌. هه‌ركاتێک پسپۆڕه‌كه‌ وشه‌ی "ئه‌سته‌م"ی له‌ده‌م هاته‌ ده‌رچوو، ئیدی كاتی ئه‌وه‌ هاتووه‌ په‌نا بۆ پسپۆڕێكی دیكه‌ ببه‌ی."

بنگوریۆن لە بەرانبەر ڕەخنەدا سنگی فراوان بوو، بەڵام تەنها ئەگەر بیزانیبا کەوا ڕەخنەگرەکە بابەتی پرسەکەی وەک خۆی دەناسێ.
توانا قووڵبوونەوەییەکەی ئەفسانەییانە بوو.
لە ساڵی ١٩٤٩دا دەبوایە چارەسەری کێشەگەلێکی بێژمار بدۆزێتەوە، برادەرێکی کتێبێکی قەبارە چوارسەد لاپەڕەیی سەبارەت بە فەلسەفە بۆ خوێندنەوە پێدابوو. دوو ڕۆژ دواترکتێبەکەی بۆ هێنایەوە.
دۆستەکەی پێی گوت: "بە دڵنیاییەوە دواتر گەر کاتت هەبوو دەتوانی جارێکی دیکە وەریگریەوە." سەرووەزیر بۆی پێکەنی. ئەو کتێبەکەی لە ئەلفەوە و تا یا خوێندبووەوە، ئەوەش لەوەدا دەرکەوت کە گفوگۆی سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا لەگەڵدا کرد.
لایەنە گیانییەکەی زۆرتر بیری لە تۆپ دەکردەوە لەوەی لە تفەنگێکی دەستی بکاتەوە، نەخاسمە لە جەنگدا زۆر جاران بڕیاری وای داون کە لای هەندێکیان نامۆ بوون، چونکە مەبەستەکەیان بۆ هەڵنەدەهێندرا. کە تۆپێک دەتەقێنی پێویستی بە لێکدانەوەی پێوەرە ورد و ئاڵۆزەکانە، دوای هەر تەقاندێکیش دەردەست نازانی ئاخۆ ئامانجەکەی پێکاوە، مەگەر لای ئامانجەکە بێ.
بە خەڵک ڕابواردن و نوکتەهێنانەوەی بە دەگمەن پەسند دەکرد، بەڵام ئامادەبوو بە چەندان سەعات گوێ لە کەسێکی وەک ماکدۆنالد بگرێ، ئەوەی بن بەڕێی بۆ بێنێتە سەر بەڕێ، سەبارەت بە ڕووداوێک کە پێویست بە بڕیارلێدانێک بکا.
ئەو کەسایەتییێکی دینامیکیانەی هەبوو، کەس نەیدەتوانی دوای دانیشتنێک بڵێ:

- "پێموایە بنگوریۆنیش لەوێ بوو."

زۆر خەمی بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانەی سەر خۆی نەبوو. جارێکیان بە ڕۆژنامەنووسێکی ناسیاوی خۆی گوت:

- "من زۆرم پێباشترە وتارێکی خۆم بخوێنمەوە لەوەی وتارێک لەسەر خۆم بخوێنمەوە."

لە ماوەی جەنگی ١٩٤٨دا، بانگهێشتنی بووک گواستنەوەی یەکێک لە پەیکەکانی پەژراند، بەڵام لەدوا ساتەکاندا بە هۆی تەنگژەیەکی سەربازیانە بۆی نەکرا لە بۆنەکە ئامادە بێ.

کاتێک جۆزێفی تەتەر لە گەشتی ژنهێنانەکەیدا گەڕایەوە، بنگوریۆن پێیگوت:

- "زەماوەندەکەتانم لە دەست چوو، وەلێ هەر دێم بۆ ماڵەکەتان، پێکە شەڕابێکتان لەگەڵدا بخۆمەوە. بەیانی سەعات دە لە لاتانم."

سەرۆک وەزیران ڕۆژی پاشتر چارەگێکی دەویست بۆ دە تەماشای کاتژمێری دەستی کرد، ئەوسا ڕووی لە هەر سێزدە ئەندامەکەی کابینەی حکوومەتەکەی کرد، دەبوایە کێشەیەکی گرنگیش تاوتوێ بکەن: "داوای لێبوردنتان لێدەکەم، دەبێ سەرێکی جۆزێف و خانمەکەی بدەم، دوای سەعاتێک دێمەوە."

ئەوەندە لە ڕووی ڕووناکبیریی و جەستەییەوە ئازابوو ئەوەی سەلماند کە زۆر گەشتی تەنیایی بیرکردنەوەی بە ناو وڵاتەکەیدا کردووە و بە هۆیەوە بەناو ئاگردا چووە و شەڕی لەسەر بیرۆکەی ناجەماوەریانە کردووە و داکۆکی لە بڕیاری ناشیاویشدا کردووە.

ئەو تەنیاییەی کە پشکێکی زۆری ژیانی داگرتبوو، بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە بەبیرکردنەوە لە گەلەکەی تەکانی بەرەوپێشەوە دەنا. ئەو تەنیاییەش بەختی هەموو مەزنە پیاوان بوو. کاتێک جووەکانی دیکە هێشتا هەر بە یدیشی دەپەیڤین، بنگوریۆن لەمێژ بوو دەستی بە عیبری کردبوو، کاری پێدەکرد. کاتێک ئەوانی دیکە لە چاوەڕێی فریادڕەسێک (ماسیاس Messias) دابوون تا وڵاتی پیرۆزیان بۆ بگرێ، ئەو لەمێژ بوو خەباتەکەی دەست پێکردبوو. بۆ ئەوانی دیکەی دیاسپۆرا کە ناوی خۆیان دەبردەوە سەرناوی هۆزە کۆنەکانیان، ئەو لەمێژ بوو ناوێکی بایبلیانەی لەخۆ نابوو. کاتێک هیچ کەسێک بیری لە پارێزگاری لەخۆکردنەوە (لەسەرخۆکردنەوە) نەدەکردەوە، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە جووەکانی بۆ بیرۆکەی داکۆکی لەخۆکردن جۆش دەدا. کاتێک کە تیرۆر لە برەودا بوو، ئەو کۆتایی پێهێنا.

دوای ١٩٤٨یش زۆر جاران خەریک بوو ناووڕوومەتە سیاسییانەکەی خۆی بکاتە سەنگی مەحەک و سەرکردایەتی لە دەست بدا. گەر بیزانیبا لەسەر ڕاستییە، ئیدی سوپەرێک بوو بەرانبەر نارازییەکان، تەنانەت بۆ پێکدادن و تەقینەوەی مەترسیداریش بۆسەر ژیانی. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە، هەرگیز کەسێکی دیماگۆکی نەبوو.

ئەو هەر دانی بەوەدا نەدەنا کە شتێکی ئەفسانەییانەی هەیە، بەڵکو دنەی ئەو خاسیەتەی لای ئەوانی دیکەش دەدا. جارێکیان نووسیبووی: "ڕێگامان بدەن، چەمکەکانی ئەفسانەیی و ڕیالیزمی وەک دوو دژ دانەنێین... ئێمە دەبێ ڕیالیست بین، ڕیالیستێکی ڕەخنەگرانە بەرانبەر هەر هەنگاوێکی ئێستا و داهاتوومان. لێ ئێمە پێویستە ئەفسانەییش بین، بەوەی بە قووڵی متمانەیەکی بێسنوور بە پاشەڕۆژمان هەبێ و لە هێزی ئیرادەش نەتۆقین."

هەرچەندە بە نابەدڵیش کۆمەڵە هەڵبژێر و بەربژارەکانی دەنگدان بەسەر زۆر گرووپی بچووک بچووک دابەش ببوون، لای ئەو پرسێک نەبوو کە لەگەڵ گرووپە بچووکەکاندا هاوپەیمانێتی حکوومەت پێکبهێنێ. ململانێی پارتایەتی و بگرەوبەردەی سیاسیییانە، توخمێکی بەردەوامی متمانەداری ئەو بوو. لە بێنەوبەردەی نێوان پارتە سیاسییەکانیشدا، بەردەوام وەستا بوو.

هەرچەندە لە لاوێتیدا سۆسیالیست بووە، بەڵام هەرگیز نەچۆتە ڕیزی دۆگمایەکان. ئەو ئامادە بوو دەستبەرداری بنەمایەکی پارتیانە بێ گەرهاتبا و بە کردەوە نەشیابا پەیڕەو بکرێ.

ئەو دەکرا بەقەد هێستریک کەللە ڕەق و جەنەگرتوو بێ، نەخاسمە کاتێ بەرانبەرەکەی بە دەرەنجامێکی هەڵە دەگا. ئەو باوەڕی بە دیموکراسی و مافی زۆرینە هەبوو، بەڵام بۆ بڕیارێکی گرنگ بەڵگەوبەند دێنێتەوە، داوا دەکا، هەرا دەنێتەوە و دەفەلسەفێنێ تا ئەو کاتەی بەرانبەرەکەی دێنێتە ڕەداییەو کەمینە دەکاتە زۆرینە و دەیباتەوە.

ئەو پیاوانەی پێیان کارانگاز بووە لەوانەی لە ژیاندان و لەوانەی مردون، ئەو ژن و پیاوە ئایدیالیستیانە بوون کە ژیانیان بۆ ئامانجێکی بەرز تەرخان کردبوو.

بنگوریۆن ئەو کەسانەی کە بارێکی مامناوەندی ڕازی دەبوون خۆش نەدەویست، هەروەها کەیفیشی بە ئەوانەی بە دوای پارەکۆکردنەوە، خواردنی خۆش، خانوبەرە و ترومبێلی کەشخە، قازانجکردن و بەخشینەوە و کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سەرمایەدا دەگەڕان، نەدەهات. هەرچەندە ئامادەبوو دەرفەتی دووەم بداتە ئەو کەسەی کە هەڵەی یەکەمی کردووە، بەڵام هەرگیز لە درۆ و پاشمله خۆش نەدەبوو.

بێ دادی ئەوەندە پێ ناقۆڵا و جاڕسکەر بوو وەک ئەوەی مێشولە لە بن گوێدا گیزەگیز بکا.

گەوجێتی وای لێدەکا دەستەکانی لە بێئومێدی پێی بەرز بکاتەوە، شانەکانی هەڵبتەکێنێ و بێئومێدیانە سەری بابدا.

بنگۆریۆن ئەو بارەی زۆر بە ناشیاو دادەنا، کە خەڵک لە بەرابەر یەکدیدا بقیڕێنێ، چونکە وەک دەیگوت؛ هاوارکردن بەسەر کەسێک، واتای وایە سووکایەتی پێبکەی، کەسیش مافی ئەوەی نییە یەکێکی دیکە سووک بکا، هەتا برادەکانی یەکدیش، بۆیان نییە ئەو کارە قێزەونە دەرهەقی یەکدی بکەن.

گەر هاوسەرەکەی جارێک لە جاران لە بەرانبەریدا دەنگی بەرز بکردبایەوە و بیقیژاندبا، خێرا دەستێکی لەشان دەدا پێی دەگوت:

- "بەڵام خۆ من تۆم خۆش دەوێ، خۆشت ئەمە باش دەزانی!"

بنگۆریۆن تەڕدەستانە کاردانەوەی لە بەرانبەر خەڵک و ڕووداوەکاندا هەبوو، بەڵام بە دەگمەن کاردانەوەکەی کەسایەتیانە بوو. گەر پاولا پێیگوتبا، فڵانە خانم یان فیسارە خانم کۆرپەیەکیان پەیدا بووە، ئەوا لەناخی ناخەوە دەیگوت:

- "زۆر باشە، دیسان ئیسرائیلیەک، کە دەکرێ یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بدا، هاتە سەر دنیا!"

ئەو هەموو ساتەکانی ژیانی بۆ کاری باش تەرخان کردبوو. هەرچی ڕوویدابا، هەر ئەوەندە بە لایەوە گرنگ بوو ئاخۆ تا چەند ڕەوتی بەدیهاتنی خەونەکانی بەرەوپێشەوە دەبا.

هەرچەندە هەوادار و لایەنگری بەسۆزی زۆر هەبوون، بەڵام لە ناخەوە هی ئەوە نەبوو لەگەڵیاندا هەڵبکا. گەر هاتبا و بیزانیبا، خێزانی ناسیاوێکی زۆر نەخۆشە، ئەو هەرگیز بەلای ئەوەدا نەدەچوو، بپرسێ: "ئەرێ ئەمڕۆ باری لەشساخی چۆنە؟"

زۆر جاران هاوکارانی لە بارەی کاردانەوە کەسایەتیەکەی دواون و پەرچەکرداری ئەویان بە پەرجووئاسا لێکچواندووە. ئەوەی کەیفی بە چارەی دێ، دەکرێ ئازاری بدا، هەروەک ئەو پیاوەی کە ئازاری ژنەکەی دەدا و لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی دەوێ. گەر هاتوو قینیشی لە

یەکێک ببێتەوە، ئەوا نایەوێ گوێی لێرابگرێ، گەر هاتوو ئەوەی دەشیلێ راستی زۆری تێدا بێ.

لە گەوهەردا ئەو زۆر حەزی بە لایەنی تاکایەتی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو بە لایەنە کۆمەڵبوونەکەی.

هەرچەندە پیریش دەبوو، زیاتر دەیتوانی بیرۆکە و خەونی نەوە نوێیەکەی ئیسرائیل بهێنێتە گۆ. ئەو وەک سابرایەک قسەی دەکرد، هەرچەندە خودی خۆی سابراش نەبوو. ئەو لە جیاتی گەنجان قسەی دەکرد، هەرچەندە تەمەنیشی لە هەوراز حەفتاوە بوو. بۆ ستافە تایبەتیەکەی خۆی کەسانی گەنجی هەڵدەبژاردن، چێژی لەوە وەردەگرت، ئەو لاوانە نەوەک هەر لە باری گیانییەوە بەڵکو لەباری جەستەیشەوە بیانسەلماندابایە، گرنگ و بەهادارن.

ساڵێک پێشتر لە کۆنفرانسیکی کشتوکاڵیدا ئامادە بوو، کە هیچ شوێنی پاڵدانەوەوی نەبوو، ئەندامانی کۆنفرانسەکە گواستبوویانەوە شانزە کیلۆمەتری ئەو لاوەتر. ئیدی بنگوریۆن ڕایگەیاند: "لەو باوەڕەدام کە بە پێیان لێرەوە تا شوێنی کۆبوونەوەکە بڕۆم."

تیدی کۆلێک Teddy Kollek یەکێک لە هاوکارە سیاسییە گەنجەکانی، پێیوابوو پێویستە ڕۆژانە زیاتر لە ۳۰ سی کیلۆمەتر بەپێیان بڕوا، مەگەر دان بەوەدا بنێ کە هاوکارە پیرەکەی لەوپێشڕەوترە.

- "گەر من بڕۆم، هەست دەکەم لەوانی دیکە ئازادترم."

ئەو هەرگیز بچووک و کورتهێنەر نەبوو. هەرچەندە لەو پەنجا ساڵەی ڕابردووەدا نزیکەی هەموو ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی جووەکانی پێشبینی کردبوو، بەڵام بە دەگمەن دەیگوت:

- "من ئەو شتە دەزانم."

دوای ئەوەی د. وایزمەن بووە سەرۆکی دەوڵەت، ئیدی بنگوریۆن لە گرێ کۆنە خۆ بەکەمزانینەکەی ڕزگار بوو. بێ ئەوەی پۆز لێبدا و لەخۆبایی بێ، پێ بە پێ و هاوشانی بیچمە ناودارەکانی جیهانی دەڕۆیشت، هەرچەند ئەو سەرکردەی وڵاتێکی بچوکتر لە ئالبانیا بوو.

لە ڕێگەی خوێندنەوەی بایبلدا بڕوای بەخۆ پەیدا کرد. هەر کاتێک لە مێژووی دووروودرێژی گەلەکەی قووڵ دەبووەوە، بۆی دەردەکەوت، ئیسرائیل لەوە زیاتر دەگەیەنێ کە تەنها کۆمەڵە کەسانێک بن و بە

ڕێکەوت لە دەستی ژووری گازی هیتلەر دەربازیان بووە و هەنووکەش دەیانەوێ لەو بیابانە وشکەدا بەردەوامبوونی خۆیان بسەلمێنن.
کاتێک ڕۆژی سەربەخۆیی ئەمریکایان لەسەر کەنار لە تەلئەبیب یادکردەوە، بنگۆریۆن لە بۆنەکەدا لە بەراییدا بە زمانی عیبری دەستی بە دوان کرد، پاشان لە پڕێکەوە بێدەنگ بوو، ئەنجا بە زمانی ئینگلیزییەوە درێژەی بە وتارەکەی دا:

- "لێم ببوورن من بە زمانێک دوام، کە پێش چوار هەزار ساڵ، لێرەدا قسەی پێکراوە و بیستراوە."

بەم کورتە تێبینیە، مێژووی وا بە کارهێنا، کە پێگەی خۆی پێ بەهێز بکا و بیسەلمێنێ گەلەکەی هاوشانی نەتەوەی ئینگلیززمانە. کاتێ نێردە پایەبەرزەکانی دەرەوە سەردانیان دەکرد، یەک دوو خوولەکی پێشتری بۆ بیرکردنەوە لەو پیاوەی پێشوازی لێدەکا، لە ڕەچەڵەکی، لە وڵاتەکەی، لە مێژووەکەی بەکار دەهێنا. گەر هاتبا و میوانەکەی ئەمریکایی بوایە، ئەوا بەو تێبینییە دەستی پێدەکرد:

- "ئەوە مایەی سەرسوڕمانە کە بیری لێبکەینەوە، تەنها ١٠٢ کەس لەسەر پشتی بەلەمی مای فلاوەر Mayflowerەوە بوون... گەشتێکیان دەست پێکرد، ئەو دەستپێکە بچووکە بووە مایەی ئەو دیاردە مەزنە، کە ئێستا ئێمە بەناوی ئەمریکاوە دەیناسین... وڵاتەکەت ڕەنگ و واتایەکی نوێی دیموکراسی بەخشییە جیهان."

هاوکات و هاوشان بە ڕێکوپێکی ڕووی قسەکانی دەباتەوە سەر وڵاتەکەی خۆی.- "ئەرێ ئەوە دەزانی دوای دامەزراندنی ئیسرائیل، چەند کۆچبەر هاتنەوە وڵات؟ هەست دەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چەند بن؟"
بۆ زۆر لە میوانەکان ئەو جۆرە وتووێژانە لەگەڵ بنگۆریۆندا مایەی تازەکردنەوەیەکی ڕۆحیانە بوو.
هەر لە بەرایی ژیانییەوە ئەو هێمایانەی خوارەوە بەسەر ژیانیدا زاڵ بوون:

سەربازەکە.

دایکەکە.

کرێکارەکە.

دەستپێکەکە.

بۆ ئەو ڕووخسارە ناوهێنراوانەی سەروو، هێمای هێز بوون. ئەو خوازیار بوو گەلەکەی بە هێز بکا، بۆئەوەی دەرەقەتی بەدیهێنانی خەونەکانی بێ. زۆر جار لە دوانەکانیدا ئاراستەی قسەکانی بەرەو ئەو هێمایانەی سەروو وەردەگێڕا. یاخود هەر لە بارەیانەوە دەدوا. لە نێوچاوانی ئەوەوە هێمایەکان لە ئیسرائیل گرنگ و مایەی ڕێزلێنان بوون.

هەرچەندە ئەو لەناخەوە جوولەکە بوو، بەڵام هەندێ خەسڵەتی نا جوولەکانەشی هەبوون.

ئەو دەیتوانی لە کۆبوونەوەکاندا بە چەندان سەعات بێدەنگ بێ، لە کاتێکدا هەموان دەمەتەقێ و هەرایان بوو. بەڵام کاتێ ئەوان شەکەت دەبوون و لە کۆتاییدا بێدەنگ دەبوون، ئەوسا بنگۆریۆن کە بوخچەیەکی نەکراوە بوو، دەهاتە قسە، هێوری دەکردنەوە و لەنێو گرفت و تەنگەبەرەکاندا ڕێگەچارەی نیشان دەدان.

ئەوە خەسڵەتی جوولەکە نەبوو کە دەست بە کاتەوە بگرێ، بەڵام بنگۆریۆن بە کردەوە هیچ ساتێکی بە فیڕۆ نەدەدا. بەردەوام لە وادەی خۆی ئامادە دەبوو، گەرهاتبا کۆبوونەوەیەک لەبەر دواکەوتنێکی یەکێک بوەخرابا، ناڕازی دەبوو. ئەو زۆر جاران دەیگوت "تاکە شت کە نەتوانی بە پێشی بکەویتەوە، کاتە."

هەروەها خەسڵەتێکی دیکەی ناجوولەکانەی ئەو شێوازە چڕوپڕەی دواندان و نووسینەکانی بوو. بە گشتی جوولەکەکان حەز لە درێژدادڕێ دەکەن. دەقەکانی بنگۆریۆن بە ڕێکوپێکی داڕێژراون و هەرگیز وا نەکەوتۆتەوە بەهۆی درێژەدادڕی، ڕێگەی دەرچوونی لە بابەتەکەی لێ ونبووبێ. هەرچەندە دوانی درێژی دەدان و وتاری بە هەزاران وشەوە دەنووسی، بەڵام هەرگیز لە بابەت دەرنەدەچوو.

هەروەها ئەوەش خەسڵەتی کەسایەتی جوولەکە نەبوو لەساتە تەنگەتاو ڕەخنەییەکاندا هێوری خۆی بپارێزێ، کە بنگۆریۆن بەردەوام وای دەکرد.

زۆرینەی جووەکان مەیلی خانەوادەییان پێوە دیار بوو، بەڵام بنگۆریۆن نەیبوو. برایەکی ئەو بە ناوی ناحوم گرین Nahum Green بە ساڵان لە

گۆشـەیەکی شـەقامی بـن یـاهودا و نـارد و بۆلیڤـاردا عەرەبانەیـەکی شەربەتفرۆشی هەبوو. ڕۆژێکیان ڕایگەیاند:

- "ئەرێ خۆ من شتێکی ناوازەم لێداوانەکرد، کە ڕەتی بکاتەوە. من تەنها دەمویست پێگەیەکی باشترم هەبێ."

دواتر شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی:

- "ئەو هەمیشە هەروا دین (شێتانە) بووە."

لـە بۆنەیـەکی دیکـەدا بێگانەیـەک لێـی پرسـی، ئـاخۆ بـۆچی شـەربەتی پرتەقاڵ دەفرۆشێ، لە کاتێکدا برایەکەی دەوڵەتمەدارێکی بەناو و دەنگە. وەڵامی دایەوە: "پەککو پەککو، تۆ نابێ باوەڕ بە قسەی ئەو خەڵکەی ئێرە بکەی. لە پلۆنسک هەمیشە دەیانگوت، گوایە من زیرەکترین کەسی خێزانەکەم."

لــە بــارەی ڕووناکبیرییــەوە، بنگۆریــۆن لــە زۆر ڕووەوە بیچمێکــی پاردۆکس بوو. ئەو لە هەمان کاتدا لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە ئایندەشدا بوو.

کاتێک یادین بریکاری سوپاسالار بوو، هاتە لای هەندێ پرسی گرنگی هەبوون، بنگۆریۆن ناچاری کرد زیاتر لە سەعاتێک لەسەر ئیسرائیلی نێو بایبلدا قسە بکەن، بۆ ئەو تەنها پێنج خولەک مابوونەوە، کە هەلومەرجی ئەستەمی سەربازیی لە سەدەی بیستەمدا تاوتوێ بکەن.

ئەو ڕووناکبیرێکی وابوو، بەردەوام بە دوای کردەدا دەگەڕا. بەڵام وەک پیاوێکی کردەیی هەمیشە هەوڵی دەدا لە باوەشی گیاندا خاو ببێتەوە.

لەبەرئەوەی لە گەوهـەردا پیاوێکی تـەنها بوو، بۆیە هـەوڵی دەدا خزمە گیانییەکانی لە مێژوودا بدۆزێتەوە.

سخیلەر[٣٥] Schiller جارێکیان گوتبووی، بەهێزترین کەس کاتێ تەنیابێ نەرمڕۆترینیانە. ئەوەش بەسەر بنگۆریۆندا دەچەسپا.

هۆشە مێژووییەنیەکەی بەرچاوڕوونی ژیانی بوو. بەلای ئەوەوە دیرۆک شتێکی مردوو، چەمکێکی بێ جووڵە نەبوو، بەڵکو ڕووبارێکی مەزنی بە خوڕ، بـەردەوام بەرەوپێشـەوە دەڕوا کـە مـرۆ بیـەوێ لـە ژێـدەرە پەنهانەکانی بگەڕێ.

---

[٣٥] ١٧٥٩-١٨٠٥ شانۆنووس، فەیلەسوف و شاعیرێکی ئالمان بوو-وەرگێڕ

بۆئــەوەی بــەبێ بەربەســت ڕووبارەکــە بــڕوا، بەشــێکی زۆری وزە ڕۆحیانەکەی ئاراستە کردبوو: هەوڵی دەدا دنەی بەردەوامیتی مێژوویی گەلەکەی بدا. ئەمەش لە وڵاتێکدا زەحمەت نەبوو، کە مرۆڤ بە دنیادا گەڕاوە و نووسینی تێدا دوو هەزار ساڵ کۆنە لەو شوێنەی کە ئێستا پاسی بۆ نەزارەت، بیئر سەبعە و ئۆرشەلیم لێدەردەچن. بۆ ئەو بایبل تـەنها کتێبێکی مێژویی ئیسرائیل نـەبوو، بـەڵکو ئینسکلۆپیدیا، ڕێنامـە، قانوننامــە، کتێبێکــی دەســتی بــوو، تیایــدا هەمــوو تیــرە و هۆزەکـانی سەرجەم جووەکانی دنیای لەخۆ گرتبوو.

بنگوریـۆن لـەو بڕوایـەدا بـوو بـە بـێ زانیـاری نێـو بایبـل، مـرۆ لـە هـیچ ڕۆژنامــە و نەبــەردییک ناگـا، نەشـارەزایی سـەبارەت بـەو بەڵگەنامـە دیرۆکییــە وایکــردوە، زۆر لــە دیپلۆماتــە بێگانــەکان و دەوڵەتمــەدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵە بکەن و سەرچیخ بچن.

هۆشــە مێژووییەکــەی بەقــەد ئــەوەی ســۆزاوی بــوو، ئەوەنــدەش ڕووناکبیرییانە، زێدپەروەرەری و پراکتیکیانە بوو.

لەو کاتەی جارێکیان لە تەبەریاوە دەگەڕایەوە تەلئەبیب، دوای ئـەوەی ماوەیــەک لەبــەر گــەرمی چاوەکانییــەکانی بەســەربردبوو، درەختێکـی ســـێدەر Ceder (الارز)ی بینـــی، دەمەتەقێیـــەکی درێـــژی لەگـــەڵ هاوسـەرەکـەی و زییـڤ شـارێف کـە لـە گـەڵی لـە ئۆتۆمبێلەکـەدا بـوون، دەست پێکرد.

- "ئەرێ ئێـوەش هەسـت دەکـەن کـە درەختـی سـێدەر (ئـەرز) لـە لوبناندا پێنج هـەزار سـاڵ کۆنـە؟ لـەو درەختـە ئورزانـەدا، دار بۆ دروسـتکردنی پەیکەرەکـە هـاتووە. پێـنج هــەزار سـاڵ! کەواتـە ئەوەش پێش نوحیش کەوتووە."
- "مــن دەزانــم ئــەم دوای نیوەڕۆیــە لــە کابینــەی حکوومەتــدا کێشەگەلی گرنگ باس دەکەین، بەڵام ئەو دار ئورزانە! ئەوانە لە سەردەمی گرتنی جودیاوە، پاشـا، ماکابێین Maccabeeen هـەر هەبوونە. ئەرێ ئەو درەختانە چییان نەدیوە!"

کەمێک بێدەنگ بوو، لە پشتەوەی ترومبێلەکە هەنیشکی دابووەوە. بـەڵام زۆری نەبرد بەرەو پێشەوە چەمایەوە.

- "گەر هاتوو لە دواییدا ئاشتی بەرقەرار بوو، نەوەک هەر ئاگربەس، بەڵکو ئاشتییەکی ڕاستەقینە؛ ئەوا دەمەوێ سەردانێکی لوبنان بکەم بڵێم: دەی وەرن، یەکێک لەو درەختە ئورزانەمان بدەنێ، تاکو ئێمەش لە ئیسرائیلدا بیڕوێنین."

تێڕبینی بنگوریۆن وای لێکردبوو بە شێوەیەک بژی هەروەک ئەو چاخەی دروستکردنی پەیکەری یەکەم و دووەم تازە تەواو بووبێ، وا لەنێو شەقامەکانی ئورشەلیمدا دەڕۆیشت کە تووشی یەکێک بێ، هەروەک کەمێک پێشتر لەگەڵ شا داود دوابێ وابوو. بەلای ئەو کەسەکانی نێو بایبل بیچمی تارماوی نەبوون؛ بووکەشوشەی نێو مۆزە و بونیادێکی لە دار و ئاسن نەبوون. ئەو ئەوانی[٣٦] لە زۆرینەی وەزیرەکانی نێو خودی کابینەکەی خۆی باشتر دەناسین. ئەو بە شێوەیەک دەربارەی یۆزوا Jozua و یێسیا (ئیسحاق) Jesaja دەدوا، هەروەک ئەوەی برادەری بن، زیاتر متمانەی بەوان دەهات تا ئایزنهاوەر Eisenhower و ماکمیلان Macmillan.

خەڵکانی دیکە نموونە لە مێژوو دەهێننەوە، بنگوریۆنیش بانگی ڕووداوەکان دەکا.

ئەو لە یەک کاتدا هەم قسەکەری پێشهاتە دێرینەکانی بایبلە و هەم پێشەوای گەلەکەیەتی لە سەردەمی هاوچەرخماندا و هەمیش دەنگی پاشەڕۆژە.

ڕۆژێکیان ئەندامێکی پارتەکەی کە زۆری لەگەڵدا قسەکردبوو، ژوورەکەی بەجێدێڵێ و بە بێئومێدی ئاماژەی بەوە دەکا و دەڵێ:

- "من ناتوانم لەگەڵ ئەو پیاوەدا بدوێم. گەر سەبارەت بە ڕووداوێک بدوێم کە دوێنێ ڕوویداوە، ئەو دەیباتەوە سەر دوو هەزار ساڵ پێشتر. گەر من دەربارەی بەیانی قسە بکەم، ئەو بە باسی دووهەزار ساڵ دواتر هەڵدەداتێ. وا هەست دەکەم وەک کەسێکم لەگەڵ موسا قسە بکەم و لەگەڵ یەکێک کە تازە دوای هەزار ساڵ لە دایک دەبێ."

---

[٣٦] مەبەست کەسەکانی نێو بایبلە-وەرگێر

یەکێک لە هۆیەکان کە بە ڕابەرێکی تەواوی سەیر دەکەن، ئەوەیە کە خەڵک وەک بیچمێکی ڕاستەقینەی بایبلی دەبینن. ئەو نەوەک هەر بایبل پەڕ بە پەڕ دەزانێ بەڵکو وەک ئەوەی لەوێ هاتبێتەوە وایە.

ئەو لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا هەر بە بایبلبە تەنها لێنەگەڕاوە. ئەو زۆر بیرۆکە و تەوژمی دیکەشی لە ڕووبارە مەزنە بە خوڕەکە کە لقوپۆپی لێبوونەوە، ناسیووە و هەڵێنجاون. لەبەر ئەوەی تەوژمی گریکەکان بەرینتر و قووڵتر بوو، بۆیە دوای بایبل بە وردی لێیکۆڵیوەتەوە، ئەو بە دوای هەموو خاڵە گرنگەکاندا گەڕاوە، کە بیری مرۆڤایەتی دەربارەی شارسیاتی نووسیویەتی.

بنگوریۆن ڕووناکبیرێکی وا نەبوو، خۆی لە بورجێکی عاجدا ببینێتەوە و دەرچوونی نەبێ. لە کاتێکدا لە ئەفلاتون قووڵ دەبێتەوە، ئینجا دەچێتە سەر گۆڤارە زانستییەکانی ڕووسیی یان ئەمریکایی، پاشان دەڕواتە سەر گۆرەپانی سەربازی و مەشقیان لەگەڵدا دەکا.

لەوانەیە ئەو تاکە سەرۆکێک بێ، کە میوانە فەرمییەکانی سەرسام بکا و لەپڕ لە بابەتێکی سیاسیانە دەیانباتە سەر باسکردنی ژیان لە ناخی زێد یان بابەتێکی بەرهەست وەک پەیوەندی نێوان گیان و ماددەدا.

تەنانەت ستافی کارمەندە نزیکەکانی، کە دەیانزانی سەرۆکەکەیان چی دەخوێنێتەوە و لەگەڵ کێدا دەدوێ، سەریان لە زانایییە پەرەسەندووەکەی سووڕدەما.

کاتێک نیگای دەخاتە سەر ئاینده، تێڕوانینەکەی وا لەناخ و بە قووڵەوەیە کە لە بڕوا و متمانە لە بن نەهاتووەکەی توانای مرۆڤەوەوە سەرچاوە دەگرێ تا سەرەداوێکی دەرچوون و پەرەسەندوویی لێدەربهێنێ.

ڕۆژنامەنووسان کە دیداری لەگەڵدا ساز دەدەن، زۆر جاران بە پیرێکی ماندووکەری دەزانن، تا لە کاتی دیدارەکەیاندا پرسێکی وای لێدەکەن پەیوەندی بە پاشەڕۆژەوە هەبێ، ئەوسا تێهەڵدەچێتەوە و چاوەکانی بریقە دەدەن و تروسکاییان لێدەڕژێ، دەستەکانی کەسایەتیانە دەجووڵێنێ، دەنگیشی دلێرانە سەدا دەداتەوە، ئیدی ئەوە بنگوریۆنە، مەزنترین پێشبینەکەری ئەو سەردەمەمان.

گەر بێت و دەربارەی ئاینده قسە بکا، هەر بە تەنها بیر لە ئیسرائیل ناکاتەوە، کە جارێکی دیکە شارستانیەتیە کۆنەکەی ڕۆژهەلاتی

ناوەڕاست بژیێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێ وڵاتەکەی نموونەیەکی دادپەروەری کۆمەڵایەتیانە بێ لە ناوچەیەکدا، کە بێ دادی بەسەردا زاڵە. لە پاڵ ئەوەشدا باوەڕی بە وزەی ناوەکی هەیە، ئەو ئەگەری کردەیی دەبینی کە تینوتاوی ڕۆژ بکرێتە وزە، بۆ ئەوەی ئاوی سوێری دەریا بپاڵێوێ. ئەو بە سەدان ساڵ پێش خۆی دەبینی، وا دەبینێ کە ئاسیا و ئەفریقا مەکۆی بزێوی (دینامیکیتی) ئایندەن.

زۆر کەس هەن پێشبینی ئاینده دەکەن، بەڵام بنگۆریۆن لە ئایندەدا پڕۆژە دادەڕێژێ، ئەو سروشێک (بینینێک) لە ئایندەدا ئافەریده دەکا، دواتر وا لە گوێگرەکانی دەکا هاوپشکی بن.

کاتێک ئیسرائیل لەبن باری کەمی خۆراک، پەلاماری دوژمنەکان و کورتهێنانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ زلهێزەکاندا دەیناڵاند؛ بنگۆریۆن پێشبینی ئەوەی بۆ هاوڵاتیان دەکا، چۆن وڵاتەکە دەبوژێتەوە: ئەو گرد و زوورگانەی بە گیا ڕواون لە بۆرەییەوە و کەسک دەبنەوە، بەشێکی ئیسرائیلی دێرین وەک جاران سەرلەنوێ دەبوژێتەوە. سوود لە وزەی ڕۆژ وەردەگیرێ. پیاوەکانی زانست ڕەنگبێ بتوانن سەقا بگۆڕن. هەر کاتێک متمانەیان بەخۆ بوو، تواناکان بێسنوور دەبن. ئیسرائیل دەبێتەوە سەرچاوەی هێزی ژیانەوە. ڕاچەنینی (ڕێنیسانسی) ڕۆژهەڵاتی ناوین!

ئەوە بنگۆریۆن بوو، پەیامبەرێک لە ڕەچەڵەکی ئیسیا (ئیسحاق)، یێرمیا Jermia، ئێزکیل Ezekiel، هوسیا Hosea، جول Joe'l، ئامۆس Amos،ئۆبادیا Obadja، میخا Micha، ناحوم Nahum، هاباکوک Habakuk، زێفانیا Zefania، هاگای Haggai، زاخەریا (زەکەریا) Zacharia، مالیاخی Maleachi و دانییل Daniel.

ئەو حەزی لە ڕێساکانی خواردن نەبوو، بە گوێرەی ڕێنماییە دینییەکانی جووە ئەرسەدۆکسیەکانیش نە دەژیا. بە حوکمی سیاسەتکردن لەگەڵ پارتە سیاسیە دینییەکان، هاوکاری دەکرد و هەندێ قانوننامەشی پەسەندکردن کە بە هۆیەوە ئیسرائیلیان بە دەوڵەتێکی تیۆکراتی نیشان دەدا، بەڵام ماپای دژی حومکی دینی و خۆیشی لە ماپای دژتر بوو.

بەڵێ ئەو لە گەوهەردا ئۆلدار بوو، کەمێک ڕازدار و بڕوای زۆری بە بەهاکانی ڕەوشتی باوەڕە توندەکەی عیبریان هەبوو.

یەکێ لە ستافە نزیکەکەی لە دوا ساڵەکاندا، یاکۆڤ هێرزۆگ Yakov Herzogی کوڕی گەورە ڕابایین، کە هەرخودی خۆشی زۆر بە دین بوو، زۆر جاران بە بنگوریۆنی دەگوت:

- "لە ڕەفتارەکانتدا وا پێدەچی، زیاتر لە زۆرینەی ئەرسەدۆکسەکان بڕوات بە پەرچووەکان هەبێ."

بنگوریۆن لە کایەی گیاندا بەردەوام بە دوای شتێکدا وێڵ بوو، پێدەچوو هەرگیز نەیدۆزێتەوە. ئەوەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، بە لایەکی دیکەیەوە لێکبدرێتەوە کە مایەی لێتێگەیشتنە، هەروەک ئەو دۆستایەتیە درێژەی لەگەڵ ڕابی فیشەرماندا هەبوو، لەگەڵیدا بیروڕاوای زۆری جیاوازیان لە بواری فەلسەفە و ئایندا هەبوو. ئەو بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیناسین، ڕوونی کردەوە کە حەزدەکا وەک پیاوێکی ئەندێشەدار سەیر بکەن.

لە سەرەتادا فەلسەفە بۆ ئەو ماسیگرتن بوو، کۆلیگە[37] Coolidge و هوڤەریش[38] Hoover تەنگەیەک بوو بۆ ئایزنهاوەر، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەسەر فەلەسەفەدا پەیداکرد.

جارێکیان پرۆفیسۆرێکی فەلسەفەناس لە ئاتینا هاتە ئیسرائیل تا لەگەڵ بنگوریۆندا باسوخواسی سیاسییانە بکا. هیچ ماندووبوونێکی وای نەدی تا قسەوباس لەگەڵ سەرەک وەزیراندا گەرم بکا، بەڵام دوای دەمەتەقێیەکی دوو سەعاتی کابرا لە ناخەوە نیگەران بوو.

- "سەرووەزیر بۆ ماوەی دوو سەاتی ڕەبەق باسی ئەفلاتون و سوکراتی بۆ کردم، ئینجا ڕێگەی چوونەدەری نیشان دام و خواحافیزی لێکردم"

بنگوریۆن لە ئەفلاتونەوە فێر بوو، کە فەیلەسووف پیاوێکە "لە هۆشمەندی فراژییە، لێ تێدەگا و زانیاریی هەیە، لایەنگری دادپەروەرییە، حەزی لە ڕاستی و کەسێکی خاکییانەیە، چاکەی خۆش دەوێ و لەسەر ڕێگای هێز لا دەدا."

---

[37] جۆن کالڤن کولیگە John Calvin Coolige ۱۸۷۲-۱۹۳۳ سیەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو، فەرمانڕەوایەتیەکەی کەوتە نێوان ۱۹۲۳-۱۹۲۹) وەرگێر

[38] هێربەرت هوڤەر Herbert Hoover سی و یەکەمین سەرۆکی ئەمریکا بوو لە ۱۱۹۲۹-۱۹۳۳ وەرگێر

لە گرێی حەوتەمی ژیانە جەنجاڵیەکەیدا، ئاراستەکەی وابوو گەر بۆی بلوێ لە باقی ژیانەکەیدا بەپێی لێتێگەیشتنی ڕۆحیانە (ئەفلاتونیانە) ببێتە فەیلەسووف.

ئەو هەر لە خۆڕسکەوە کەسێکی ئاشتیخواز بووە. لە بەرانبەر هەواڵنێرانەوە جارێکیان گوتی: "من وەزیری بەرگرییم. ئەوەش قورسترین کارمە کە لە ژیاندا وەرم گرتووە، چونکە من دەبێ باشترین سالانی گەنجەکان بە فیرۆ بدەم، پارە (بە هەزاران ملیۆن) بە فیرۆ بدەم، بۆچی؟ تۆ وا بیردەکەیتەوە، کە من پێمخۆش بێ ئەو هەموو پارەیە بدەمە تانک و تۆپ و فڕۆکە؟ تۆ پێتوایەپێم خۆشبێ ئەو هەموو گەنجانەمان بکەمە سەرباز؟ من پێمباشترە ئەو پارەیە لە کشتوکاڵ و پەروەردە خەرج بکرێ. ئەو کارەی من دەیکەم قێزەونە، بەڵام هەر دەشبێ ڕایبپەڕێنم."

بنگوریۆن هەگیز لە دوژمنی کەم نەبوو. سەرەتا ئینگلیزەکان بوون، ئینجا عەرەب، پاشان بە بەردەوامی سیاسەتمەدارە دوودڵەکانی وڵاتە زلهێزەکان، دژەزایۆنیزم، کۆمۆنیستەکان، فاشیستەکان، ئەوانەی دژی ئابوورییێکی ئاراستەکراو بوون، تالانکەر و قازانج ویستەکان، ئۆلدارە توندڕەوەکان، مادییەکان (ماتریالیستەکان) ئیدی لیستەکە دوورودرێژە.

ئەو خاڵی لاوازی هەبوون و هەڵەشی کردوون. بەڵام یەکێک لەو کەسانەی کە زۆرترین ڕەخنەی لێگرتووە لە کنێستدا (پەرلەمان)دوای ئەوەی یەک دوو هەڵە و کەتنی گەورەی ئەوی ژماردن گوتی:

- " بەڵام لە دواییدا تەنها مەزنە پیاوان هەڵەی مەزن دەکەن."

نەیارەکانی بە "دڕندە"، "جڵەونەگیر" (ئەو کەسەی کە کۆنترۆل ناکرێ) و "خەونبینەر"یان وێنا دەکرد. کاتێکیش خەونەکانی بهاتبانە دی، دەیانگوت بەختی هەبووە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی وەک سەرۆکی حکوومەت بێهەستی بوو بەرانبەر وردەکارییەکانی دیپلۆماسیی. هەندێک جار لەگەڵ دیپلۆماتێک ئەوەندە ڕاشکاوانە دەدوا، کە نوێنەرەکانی خۆی بە چەندان مانگ کاریان بۆ کردبوو و تووشی شڵەژانی کردوون.

هەروەها بەوەشی تۆمەتبار دەکەن گوایە برادەرە سیاسیەکانی پایەی حکوومەتی بۆ دەدۆزینەوە (کە لە نەتەوە کۆن و گەورەکانیش ئەوە

ڕویداوە)، هەروەها بەوەش کە تووشی گرێی میسیاس (فریادڕەسی) بووە (لە یەکێک لە دوانەکانی دەستەواژەیەکی وای بەکارهێنا، بۆیە ئەو سەرنجەی لەسەردا درا)، هەروەها ئەوەش کە ئەو کات بۆ هەندێ کەسی نادیار بە فیڕۆ دەدا هەر لەبەر ئەوەی کۆنەدۆستی بوونە، ئەوانەی سەردەمی بزوتنەوەی زایۆنیزمی.

سەرکردەکانی پالماخیش بەردەوام لۆمەی ئەوەیان کردووە کە سەرکەوتنە سەربازییەکانی ١٩٤٨ی بە تەواوی نەقۆستۆتەوە. ئەوان مەبەستیان بوو بڵێن، دەیانتوانی تەواوی فەلەستین ڕزگار بکەن، گەر هاتبا و گوشارەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەلاوە نابا.

بەڵام زۆرینەی ڕەخنەگرەکانی پێ لەوەدەنێن، هەنووکە گەر داود بنگۆریۆن نەبووبا، لەوانە بوو سەربەخۆیی ئیسرائیل نەهاتبا کایە، زۆریش زەحمەت بوو جێگرەوەیەکی پەیدا کرابا.

نهێنی هێزە ڕاکێشەرەکەی لەوەدا بوو، مێژووی سێ هەزار ساڵەی جوولەکانی بەرجەستە دەکرد، ئەو بە تەواوی لەگەڵ هاوئاوازی جڵەونەکراوەکەی سەردەمی خۆی دەهاتەوە و بیچمێکیش بوو کە بۆ هەمووانی شت پێبوو.

جووەکانی یەمەن، دینداره زۆر ئەرسەدۆکسییەکان، کە شارستانێتی ڕۆژئاوا هیچ کاری تێنەکردبوون و نەیبزواندبوون، لەو پیاوە بیرئازادەی پۆلۆنییەدا، پێشەنگ و نموونەی خۆیان دۆزیبووەوە.

جوویەکی ئینگلیزی زۆر پێگەیشتوو وەک مارکوس سیف دانی بە باڵادەستێتی ڕۆحیانەتیەکەی ئەو دادەنا.

ئەمریکاییەکان، ئەوانەی کە زایۆنیش نەبوون، هەندێکیان هەر جوولەکەش نەبوون، ئەویان بە یەکێ لە دە بیچمە سەرکردە ناسراوەکانی جیهاندا دەنا. زۆر لە وڵاتان لەلایەن سەرۆکە بچوکەکانیان ڕابەرایەتیان دەکرا کەچی کەم کەس هەبوو بە سەرکردەی ڕاستەقینەیان دابنێ.

بەشی ١٦

جارێکیان یەکێ لە پیتچنەکان (تایپیستەکان) لە بنگۆریۆنی پرسی:

- "ئەرێ هەرگیز کاتی پشوودانت هەیە؟"
- لێیپرسیەوە: "مەبەستت خەوتنە؟"
- "نەخێر، پشوودان."
- هەنووکە ئەز زۆر دەخوێنمەوە."
- "نەخێر، مەبەستی من بە تەواوی پاڵدانەوە و پشوودانە."

بنگۆریۆن ئاوڕێکی لە کچە شۆخەکە دایەوە و هەروەک بە شتێکی تێنەگەیشتووی بزانی، ئەوسا گوتی:

- "گەر تۆ مەبەستت ئەوە بێ من بە تەواوی بوەستم، لە جووڵە بکەوم و تەماشای دیواران بکەم، نەخێر، من هەرگیز واناکەم."

بنگۆریۆن لەو دەمانەدا نەوەک هەر سەرۆوەزیر بوو، بەڵکو وەزیری بەرگریش بوو؛ ئەو سەرۆکایەتی هەشتا و دوو بەشی وەزارەتی دەکرد و لە پاڵ ئەوەشدا بیست تا سی سەعاتی لە هەفتەدا بۆ خوێندنە و و لێکۆڵینەوە بە هەند هەڵگرتووەکانی تەرخان دەکرد. ڕۆژی ئاسایانەی لە سەعات حەفتی سپێدەوە دەست پێدەکرد، دوای ئەوەی چوار یان چوار سەعات و نیو لە خەو هەڵدەستا، چونکە لەوەی زیاتری لەو هەموو ساڵانەدا پێویست نەبوو. پاولا کە لە خەو هەڵدەستا بەرچاییەکی سادەی بۆ ئامادە دەکرد. ئەو سەعاتی یەکەم بە ڕۆژنامە بەیانییەکان بەسەردەبرد، ئەوسا کەمێکیشی بۆ نووسینە فەرمییەکان تەرخان دەکرد. ئیدی دوای ئەوە ئاسایی بەپێ بەرەو وەزارەت دەکەوتە ڕێ، کە دوو کیلۆمەتر و نیو لە ماڵەکەیەوە دوور بوو (وەزارەتی بەرگری

گوازرابـووەوە ئـەپارتمانێکی دوو نهـۆمی لـە هـاکیرای سـەر سـنووری تەلئەبیب) ئەوسا کات دەبووە سەعات نۆ و دەچووە پشت مێزەکەی لە نووســینگەکەی. چــوار ســـەعات و نیــو لەگـــەڵ بـــەش و هۆبـــە جۆربەجۆرەکان ڕووبەڕوو دەبووەوە. سەعات یەک و نیو دەگەڕایەوە ماڵ تا خواردنێکی سووک بخوا و بۆ ماوەی نیو سەعاتێک چاو گەرم بکا؛ پاشان لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەگەڵ خۆی لەناو هەگبەکەیدا بۆ ماڵەوەی هێنابوونەوە ئیشی دەکرد، بۆ سەعات چواریش دەگەیشتەوە نووسینگەکەی. ئەوسا کاروبـاری سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی ڕایـی دەکـرد؛ لـەوێ میـوانی پایەبـەرزی دەدیـتن، دیـداری لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسان ساز دەدا، ڕاوێژی لەگەڵ کارمەندەکاندا دەکرد، قسەی لەگەڵ دیپلۆماتەکانی دەرەوە دەکرد، دوان و وتاری دەنووسین، هەموو ئەو کارانە دەچوونە نێو چوارچێوەی ئەرکەکانی کە ئەنجامی دەدان.

سەعات هەشت دەگەڕایەوە ماڵـەوە، هەمیشـە هەگبەکـەی بنهـەنگڵی پڕ بوو لە نووسـراو و ڕاپۆرتـەکان، لەگەڵ هاوکارێکی کە خوازیاربوو لە ڕێگـادا بـە یەکـەوە هەنـدێ قسـە بکـەن دەگەڕایـەوە. پـاولا تـا ئـەوکات خواردنی ئێوارەی بۆ ئامادە کردبوو، ئاساییانە بریتی بوو لە پەنیر، نان و کـەرەی سـوێر و کـاهو. هـەر کـێ میـوان بوایـە لـە ناندینەکـە نـانی دەخوارد.

ئـەوەی لەســەر ســفرەی بنگۆریــۆن دانیشــتبا، تێدەگەیشــت پــاولای هاوسـەری گۆشـتی مانگا و ماسـی پێشـکەش دەکـا، بێئـەوەی بنگۆریۆن هەست بە جیاوازییەکانیان بکا. گەر چاوی لێنـەبێ ئـەوا ئـەو هـەر هیچی نە دەخوارد. چاکەی مانـەوە و لەشسـاخی بنگۆریـۆن بۆ هاوسـەرەکەی دەگەڕێتەوە، کە مشووری تەواوی دەخوارد.

ســالانێکی دوورودرێــژ بــوو بنگۆریــۆن لەســـەر ڕێســـایەکی جێگیــر دەڕۆیشـت، هـەروەها کـە بـووە سـەرەک وەزیـرانیش هـەر لەسـەری دەڕۆیشت بەوەی میوانەکانیش نۆرەی قاپشوشتنیان بەردەکەوت. گەر هاتبا و ئێوارە دەرەنگ بوایە و زۆر بە پەلەی نـان دەخـوارد، هەرچەنـدە گەر میوانیشی هەبووایە، ئەوسا هەڵدەسـتا قاپەکـەی خـۆی دەشوشـت و بە دڵەراوکێوە دەوەستا تا ئەوانی دیکەش خواردنەکەیان تەواوکردبا. گەر هاتبـا و میوانەکـەش هـەر سـوور بـا لەسـەر قاپشوشـتن، ئـەوا دەکـرا

هاوکارییان بکا. بە کردەوە هەموو هاوولاتیە پێشچاوەکانی ئیسرائیل لە نادینەکەی بنگوریۆندا، یارمەتی هیربار شوشتنیان داوە.
دوای ژەمی ڕۆژئاوا و بە ڕێکردنی میوانەکانی گەر هەبووبان، بنگوریۆن تا نیوەی شەو کاری لەسەر کاروبارە فەرمییەکەی دەوڵەت دەکرد. پاشان بۆ ئەو باشترین کات دەهات؛ ئەویش ئەو سەعاتانە بوو کە دەکەوتە نێوان دوانزەی نیوە شەو تا دوو و سێی دوای نیوەی شەو. لەسەر جێگای پاڵی بە بالیفەکانی دەدایەوە و گڵۆپەکەی لە ژوور سەر هەڵدەکرد و دەستی بە خوێندنەوە دەکرد، خوێندنەوەیەکی ئاساییانە دەربارەی ڕەهەندێکی فەلسەفی کە لەو دەمانە پێخۆش بوو، سەرنجی ڕادەکێشا. بۆ ئەو ئەو چەند سەعاتانە پشوودانی ڕۆحیانەی بوو، ئەو چەند سەعاتانەی بۆ وەک نوستن باش لێدەهاتن.
ماڵی بنگوریۆن لە بەشی باکووری تەلئەبیبەوە نزیکەی هەشت سەد مەتر لە دەریاوە دوور بوو. خانوویەکی دوو نهۆمی بوو، خانووەکە لە سەد خانووە ڕەسەنەکەی دەوروبەری تەنها بەو جێ ئێشکگرە دارینەی پێشەوەی، کە دەوڵەت بۆی دروستکردبوو، جیادەکرایەوە. لە ماوەی جەنگدا جامی پەنجەرەکانی نهۆمی یەکەم بۆ خۆپارێزی لە بۆمب و ساچمەکانی توند گیرابوون. لە نهۆمی یەکەمدا ژوورێکی دانیشتن، ژوورێکی خواردن، کتێبخانەیەکی بچووک، کە تیایدا دوو لادیواری پڕ کتێب بوون لەگەڵ ژوورێکی پاولا هەبوو؛ لە نهۆمی دووەمیشدا چوار ژوور هەبوون، سیانیان هەر لە ناوکەوە تا بنمیچ پڕی کتێب بوون، لانی کەم چوار هەزار کتێب دەبوون، چونکە بنگوریۆن خاوەن باشترین کتێبخانەی تایبەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. تەنها سەبارەت بە فەلسەفەی هیندی سەدان کتێبی هەبوون. لە گەورەترین سێ ژوورەکاندا مێزی نووسینگەی بنگوریۆنی لێبوو؛ لە ژوورەکەدا نەخشەی گۆی زەویش هەبوو. لە ژوورەکەی تەنیشتیدا چەند کورسییێک داندرابوون. لەوێ هەندێ جار پێشوازی لە ناسیاوە باش و دیپلۆماتەکان دەکرد. بەدەر لەوە سادەیی باڵی بەسەر مۆبیلیاتی ژووری نوستنەکەیدا کێشابوو.
لە زستاندا زۆر لە پیاوان لە ئیسرائیلدا پاڵتۆ لەبەر دەکەن، ئیدی پلەی گەرما دادەبەزێتە دەوروبەری بەستن و لە زۆربەی خانووە نوێکانیش

شۆڤاژ دادەگیرسێ. ساڵانێکی دوورودرێژ تاکە گەرمییە ناوەندییەکەی بنگوریۆن بریتیبوو لە زۆپایەکی کۆنینەی نەوت.
ڕۆژێکیان نێردەی ئەمریکا ماکدۆنالد هاتە لای، کە بانگێشتی چێشت کرابوو، پاولا فانیلەیەک و پالتۆلێکی ئەستوری درێژی لەبەردابوو. زۆپا نەوتییەکەیان داگیرساند تا پلەی گەرمی ژووری نانخواردن لە ڕادەی پلەی گەرمای بەفرگرەکەیان بەرزتر بکەنەوە، دوای نانخواردنیش سەرەک وەزیران و نێردە ئەمریکاییەکە خۆیان ڕێک هەڵێنابوو، دەستەکانیان هەڵدەگلۆفتن و باسی کێشەگەلی جددیانەیان دەکرد.
لە بۆنەیەکی دیکەدا ماکدۆنالد ئێوارەیەکی زوو چووە لای بنگوریۆن تا سەبارەت بە پرسێک ڕاوێژی لەگەڵدا بکا. پاولا دەرگەی لێکردەوە پێی گوت:

- "ئەو لەسەرەوە ئیش دەکا. برۆ سەرەوە لای ئەو."

کە چووە ژووری سەرەوە بنگوریۆنی لەناو جێگەدا بینی، سێ چوار لێفی بەخۆدا دابوون خەریکی واژۆکردنی نووسینە فەرمییەکانی بوو.
لە بنەوەی چاویلەکەکەیەوە نیگایەکی بڕیە سەر میوانەکەی و گوتی:

- "من ئەو بژارەم هەیە یان لە خوارەوە بمبەستێ یان لێرە لەبن لێفەکاندا گەرم ببمەوە."

ژوورەکەی وەزارەتی لەو سەردەمانەدا زۆر سادەییانە مۆبێلرێژ کرابوو. لە نووسینگەکەیدا ئامێرێکی کۆنی گۆڕینی هەوا هەبوو، کە بۆ ئەو زۆر پێویست بوو. هەر کاتێ نووسراوێکی چاپکراو یان بەدەست نووسراوی بەدەست کەوتبا و بەلایەوە زۆر گرنگ بووبا، ئەوا دوو کونی تێدەکردن و لە دۆسیەکدا هەڵیدەگرتن، کە دەستی کەسی دیکەی نەدەگەیشتێ.
ئەو برووسکانەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە حەزی کردبا هەڵیان بگرێ، هەمیشە لەسەری دەنووسین: "بۆ ب.گ B.G[39] دەگەڕێنەوە"، دواتر کە ژمارەیەک خڕ دەبوونەوە لە دۆسیەکەی هەڵدەچنین.
لە دوا ڕۆژی هەر مانگێکدا، پێش سەعات هەشتی دوای ئێوارە، بنگوریۆن لەسەر دیوی دەرەوەی دۆسیەکەی ناوی مانگ و ساڵ

---

[39] B.G پیتە یەکەمەکانی ناوە لێکدراوەکەی بوو- وەرگێڕ

دەنووسی و نیشانەی دەکرد، ئیدی بە لەخۆڕازیبوونەوە هەڵدەستا و دەڕۆیشت، چونکە کاری ئەرشیفیانەشی بە باشی بەجێ گەیاندووە.
جارێکیان بە یاریدەرێکی خۆی گوت:
- "ئاوەها، کاتی هاتووە سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە."
دۆسیەی مانگی پێشوو شوێنێکی جێگیری لەنێو هەگبەکەیدا هەبوو، بەهەر کوێش ڕۆیشتبا لەگەڵ خۆیدا دەبرد.
وەک وەزیری بەرگری، بنگوریۆن ئەفسەرێکی سەربازی وەک سکرتێر و لەپایەی سەرۆکی حکومەتیشدا سەرۆکی ستافەکانی تیددی کۆللێک Teddy Kollek بوو. کۆللێک لە کیبوتێکی سەر گۆلی گالیلیا گەورە بووە. بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکانیشPublic Relations موشی پیرلمان Moshe Pearlman (ئینگکلیزناسێکی ڕۆژنامەنووس، نووسەری زۆر لە کتێب و نامیلکەکان) ڕاوێژکاری بوو، سکرتێری تایبەتیشی یەکەم جار ئێلکانا گالی Elkana Gali (ئەویش لە سەر گۆلی گالیلیا پەروەردە ببوو، دواتر لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کاری دەکرد) بوو؛ بەدەر لەو کەسانەی سەروو دوو بەردەستی نووسینگەکەشی لەگەڵ ستێنۆگرافێک (ئەو کەسەیە کە خێرا دەنووسێ کە لە دوان و نووسینەکانیدا یارمەتی دەدا) لەگەڵ پیتچنێک (تایپیستێک) هەبوون.
لەو هەموو گەنج و لاوانە، کە بنگوریۆن داوای خۆ قوربانیدانی لێدەکردن، ئەوانیش بە پلەی جیاوازیەوە بەپیر دەنگییەوە دەهاتن.
سکرتێرە سەربازییەکەی کە بۆ هەمووان نموونەی سەرنجڕاکێشانی دەنواند Lietenant-Colonel (پلەی سەربازی موقەددەم کە پلەیەک لەخوار کۆلۆنێلەوەیە) ناحێمیا ئارگۆڤ Nahemia Argov بیست و هەشت ساڵ لە بنگوریۆن گەنجتر بوو. ئەو نیمچە سابرایەک بوو، چونکە زارۆکێکی بچووک بوو کە لە وڵاتێکی ئەودیو دەریای ڕۆژهەڵاتەوە هاتبووە فەلەستین. ئەو لە ئاین گێڤ Ein Gev گەورە ببوو، وەک لاوێکیش ژنی هێنابوو، بەڵام دوایی لە خێزانەکەی جودا ببووەوە، باسی جیابوونەوەکەشی لەو هەموو ساڵانەدا تەنها یەکجار لەگەڵ بنگوریۆن و کارمەندەکانی دیکەیدا باس کردبوو.
ناوبراو وەک سکرتێری سەربازیی سەرەک وەزیران لە لایەن دۆسترۆڤسکی جێگرەوەی سوپاسالارەوە ڕەوانەی لای ئەو کرابوو،

چونکە نەحیمیا ئارگۆڤ کە دە ساڵ لە ڕاژەی هاگانا بووە، یاریدەدەری زۆرینەی ئەفسەرەکان بووە دواییش هی دۆستروڤسکی خۆی. مانگێک پێش هێرشی عەرەبەکان لە ١٩٤٨دائارگۆڤ خرایە ڕیزی ستافەکەی بنگۆریۆن.

ئارگۆڤ تەنها ١.٦٩ سانتیمەتر بوو، هەروەک سەرەک وەزیران باڵا کورت بوو. بەڵام پرچە ڕەشەکەی ڕێک دەهاتەوە لەگەڵ پرچە سپیە لە گرۆزەکەی سەرەک وەزیران. ئەو دەموچاوێکی گۆشەییانەی لەگەڵ لووتێکی پنتپنت و چاوێکی قووڵبینانەی هەبوو. بە دەگمەن پێدەکەنی. لە جەستەدا لاواز بەڵام زێدار بوو. گەر لە شوێنێک چاوەڕوانی سەرۆکەی کردبا، هەموو سەرقاڵی کاتەکەیبۆ ئاگایی دەرگا تەرخان دەکرد.

هەر زوو هەموو کەسێک لە ئیسرائیل زانی، کە چەند باش لە ڕاژەی بنگۆریۆن دایە. گەر سەرەک وەزیران تا درەنگانێک کاری بکردبا ئەوا ئەندامانی ستافەکەی لەگەڵ یەک پێدەکەنین و نوکتەیان دەگێڕایەوە، بەیەکەوە دادەنیشتن و لەخۆیان دەپرسی ئاخۆ بۆچی نەچن سەیری فیلمێک بکەن و دەیانگوت، "گەر بنگۆریۆن دوامان نەخا". ئیدی ئارگۆڤ بە گرژی و دەمارگیرییەوە دەهات و دەچوو. دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوت کە بنگۆریۆن بەبێ وەی گەیوەتە ماڵ، جاربەجار لەگەڵ برادەرەکانی دەچووە سینەما، بەڵام زۆرجاران لەنیوەی فیلمەکەدا داوای لێبووردنی دەکرد: "بمبورن، بەڵام من لەخەمی (ب.گ) دام. هەردەبێ بڕۆم بزانم ئاخۆ هەموو شتێک لەجێی خۆی دایە."

لە چۆنێتی یاریدەریدا ببوە ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستنەوەی (ب.گ) و لەشکر. بێجگە لەوەش فەرماندەیی دەستەی پاسەوانانی بوو، بیست و چوار سەعاتی ڕۆژ و شەو لە مشوورخواردنی ئاسایشی کەسایەتی سەرۆک وەزیراندا بوو. زۆر عەرەب لە وڵات دەژیان، سنوورەکان لەیەک نزیک بوون، هێرشی ناپاکانەی ئاسمان هەموو دەم ئەگەرێکی لە پێشبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، هەروەها ناوچەکەش شوێنگەی تیرۆرستان بوو، کە لە لە ناوبرنی تاکەکان وەستا بوون، بۆیە ئارگۆڤ بەردەوام لەسەر پێ بوو. بەڵام ئەو لەو ئەرکەی زیاتر دەکرد کە لێی چاوەڕوان دەکرا. خۆبەخشینەکەی ئەوەندە گەورە بوو، لە دواییدا خەریک بوو وەک خزمەتکارێکی کەسەکی لێبێ، کە پەرداخە ئاو بۆ

سەرۆک وەزیران لە کاتی لەسەر سەکۆ وەستانی کەنیست بۆ دابنێ، کە دوای نیوەڕوانیش پیاڵە چایەکی بۆ ئامادە بکا و وەک خزمەتکارێکی ماڵەوەش جلەکانی بۆ دابوەشێنێ.
ئارگۆڤ زۆر قینی لە ناونیشانی "یاریدەدەر" بوو، کە لە ڕۆژنامەکانیشدا بەو ناوە ناویان دەهێنا، بەردەوام زەنگی بۆ سەرنووسەرەکەیان لێدەدا تا بڵێ: "تۆ دەبێ ئەوە بە هەند هەڵبگری کەمن سکرتێری سەربازییانەی جەنابی سەرەک وەزیرانم."
ئەو خۆتەرخانکردنەی بۆ سەروەزیر بەشێکی بەوە پاداشتی دەدرایەوە، کە بەرەبەرە کاریگەری گەورەی پەیدا دەکرد. ئەو زیاتر لە ئەڵقە پەیوەندییەک تەماشا دەکرا. گەر یەکێک بیویستبا لەگەڵ سەرەک وەزیراندا بدوێ، دەبوو ئەو پەسەندی بکردبایە، خۆگەر "نەخێر نابێ"شی گوتبا، ئەوا هیچی لەگەڵدا نەدەکرا.
ئارگۆڤ ئەوەی پەیوەندی بە بنگوریۆنەوە هەبووایە پەرەی بە هەستی شەشەمی خۆی دا. ئەو گەیشتە ڕادەیەک لە خۆیەوە بزانێ، ئاخۆ بنگوریۆن چۆن کاردانەوەی لە بەرانبەر کەسەکان، تێبینییەکان و ڕووداوەکاندا دەبێ. گەر گومانی لەوەدا هەبووایە، کە بنگوریۆن کەیفی بە چارەی کەسێک نایەت، ئەوا ئەویش ڕقی لێدەبووەوە.
ئارگۆڤ لێبڕاوانە کەسایەتییەک بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بووە سایەی سەرەک وەزیران. هەندێک جار بە چەند هەنگاوێک لە دوای بنگوریۆنەوە دەڕۆیشت، هەروەک ئەوەی سێبەرەکەی بێ. ئەو باری هەمەلایەنی سەرۆکەکەی لەخۆ گرتبوو تا دواتر بووە سەدای ئەو.
بنگوریۆن هیچ خولیا و ئارەزوویکی نەبوو، بۆیە ئارگۆڤیش ڕێگەی بەخۆی نەدا لەو شتانەی هەبێ. بنگوریۆن حەزی لە جلوبەرگ نەبوو، ئارگۆڤیش بەهەمان شێوە. گەر بنگوریۆن قۆپچەی سەرووی کراسەکەی بکردبایەوە، ئەوا یەکەمین شوێنپێهەڵگر ئارگۆڤ بوو.
بنگوریۆن وردبینی خۆی بۆ یەک ئامانج تەرخان دەکرد، ئارگۆڤیش هەموو وزەی خۆی بەرەو یەک ئاراستە دادەنا: ئەویش ڕازیکردنی سەرۆکەکەی بوو. هەموو کەسێک گەر هاتبا و مشووری پیرەمێردەکەی نەخواردبا، دەکرا پێی پێبکەنێ و بە شاشی لێی تێبگا.

ئەو شتەی ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ بنگۆریۆن نەیتوانیبا باس بکا، بە هەندی هەڵندەگرت و گوێی پێنەدەدا.
لە سەرەتاوە ئارگۆڤ بە ئەنقەست لاسایی ئاماژە و شێوە قسەی کەسایەتی سەرۆکەکەی دەکردەوە. بەڵام دواتر بەتێپەڕبوونی ڕۆژان نەیدەزانی ئاخۆ بە ئەنقەست لاسایی کردنەوە یان بە تەواوی خوی پێوە گرتووە.
ئەو لەمەیاندا بەهۆی ئیرەییەوە سەرکێش نەدەکرا. ئارگۆڤ هەوڵ و تەقەللای نە بۆ دەوڵەمەندی، نە بۆ ناو و ناوبانگ نەبوو. ئەو مووچەیەکی زۆری نەبوو دەبوایە زۆر ئێش بکا.
ئەو تەنها ئیرەیی بە کەسێک دەبرد کە ساڵانێکە کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی باش دەزانی کە برادەرایەتیەکی گەرم لە نێوان هەردووکیان بێرل کاتزێنسلۆن و سەرۆکەکەیدا هەبوو. جارێکیان لەلای دۆستێکی لە تەلئەبیبدا سکاڵای ئەوەی کرد، کە ئەو هەرگیز لە بواری ڕووناکبیرییدا کۆمەکی پێناکریٚ.
پاش ساڵە یەکەمەکانی دوای جاڕدانی سەربەخۆیی، چەند جاران لەسەر یەک بنگۆریۆن سکرتێرە کەسییەکانی خۆی گۆڕیون، بەڵام ئەوە بۆ هەمووان ئاشکرا بوو، کە ئارگۆڤ هەر لە شوێن خۆی دەمێنێتەوە.
زۆر ڕوونکردنەوە هەبوون سەبارەت بەو گرنگیدانەی پیرەمێرد بە گەنجەکە. یەکێکیان ئەوەبوو، بنگۆریۆن لە کەسی ئارگۆڤدا نموونەی گەنجێکی سەرمەشق دەبینیٚ.
هەروەها ئەوەشیان دەگوت، کە بنگۆریۆن ئەو کوڕە قۆزە دەستپێکەیە کە لە گالیلیا هاتووە بەو خەسڵەتە دڵسۆزانەییە خۆبەخشینەی، نموونەی کەسێکی ئیسرائیلی ئایندەی دەبینیٚ کە حەقە هەموویان وەک ئەو بن و منداڵەکانی ئیسرائیلی ئازاد وەک ئەو پەروەردە و گۆش بکرێن.
باقی ئەندامانی ستافەکەی دەیانزانی کە بنگۆریۆن هەندیٚ قسە بۆ ئارگۆڤ دەکا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نایکا، تەنانەت لەگەڵ پاولاشدا باسیان ناکا. ئەوەش پەیوەندییەکی یەک لایەنە بوو. لەو کاتەی بنگۆریۆن دەدوا، ئارگۆڤ گوێی لێدەگرت و هەرگیزیش قسەی لە قسە نەداوەتەوە، بنگۆریۆن ئارگۆڤی وەک تاقیگەیەکی دەنگ بەکاردەهێنا. بنگۆریۆن زۆر بە جددی بیری لێدەکردەوە.

گەنجەکـە وەک بیچمێـک شـوێنپێهەڵگری سـەرۆکەکەی بـوو، تەنانـەت هەندێ جارانیش بە دەقاودەقی کۆپیەکی ئەوبوو، نەخاسمە کە گوێی بۆ ڕادەگرت، ئیدی پێشبینی و کاریگـەری قسـەکانی لەسـەر دەموچـاوی ئارگۆڤی شاگردا بەدەردەکەوتن.
لەبەر ئەوەی ئیسرائیل وڵاتێکی بچووک بوو، خـەڵکی یەکدیان دەناسی، لـە مـاوەی شـەڕیش لەگـەڵ عەرەب و ڕووداوەکـانی سەرسـنوور زۆر قسەوباس لەسەر ئارگۆڤ دەکران.
زایۆنیســتە دێرینــەکان و ڕوونــاکبیران لــە نێویانــدا ســـەرکردەکانی بـزووتنەوەی سـەندیکاکان، هەسـتیان بـە سـووکایەتی دەکـرد کـاتێ دەیانـدی یاریـدەدەرێکی سـەربازی بـە چاوتروکانێـک نـاوی لەگـەڵ ناودارێکی وەک کاتزێنسلۆن بێ، ئەوەیان پێ هـەرس نـەدەکرا، کە ئـەو برادەرایەتیـە لــە نێـوان ئەفسـەرە گـەنجێکی سـوپا و سـەرکردە بـە ساڵاداچووەکەی کرێکاران هـەبوو. ئارگۆڤ و کاتزێنسلۆن هیچیان بە یــەک نــەدەچوو، بــەڵام هــەردووکیان دوو بــرادەری تاقانــە و نەوازەکەیبوون کە بنگوریۆن لە ژیاندا هـەیبوون، ئـەوان ئـەو کەسـانە بوون کە بنگوریۆن بڕوا و متمانەی پێبوون، هەر یەکێکیش بە هۆیەکی جیاوازەوە، هۆی بە هەند هەڵگرتنی بڕواپێکردنی بوو.
ڕەنگبێ ئارگۆڤ لـەبن کاریگـەریی هاوناوە بابلیانەکەی پێش خۆی بێ. نـەحیمای ڕەسـەن بیسـت و چـوار سـەدە پێشـتر سـاقی پاشـا بـووە؛ مۆدێرنەکەش ئیستکانی چای بۆ سەرەک وەزیران دادەنا. نەحیمای کۆن ئێشـکی لـە باڵەخانـەی پاشـا دەگـرت و لـە مەترسـیەکانی دەپاراسـت. نەحیمای ئێستاش دوای چەندان سـەدەی زۆروزەوەند بەهـەمان شـێوە سـەرۆکی دەوڵـەتێک دەپارێزێ. نـەحیمای بابیل سۆشیالیسـت بـوو، لـە بەرانبەر تاڵانکەران داکۆکی لە هەژار و نـەداران دەکرد، لـە ڕۆژگارێکدا بانگەشەی بۆ زمانی عیبرییانە دەکرد، کە گەلەکەی بـە زمـانێکی دیکەدا دەئاخـاوت، ئـەو بـە قەڵـەمێکی ڕەوان دەینووسـی. نـەحیمای بابیـل لـە وڵاتێکـی دوورەوە هـاتبووە فەلەسـتین، ئـەو ئۆرشـەلیمی نـۆژەنکردەوە تـەکانێکی بـە هێـزی دایـە شـەپۆلی بـە خـوڕی گەڕانـەوەی کۆچبـەران.
ڕەنبگـێ دایـک و بـاوکی ئـارگۆڤ جارێـک خـەونێکی وایـان دیبـێ کـە کوڕەکەیان ببێتە نەحیمای سەدەی بیستەم. لەو گۆشەنیگاوە ئەو بەپێی

شتە ڕەچاوکراوەکان نەهاتەوە. وەلێ ئەو بە هەموو تواناوە خزمەتی پیاوێکی دەکرد، کە گەیشتە ئەو پایەی باس کرا، ئەو پیاوەی زۆر خاڵی لەیەکچوونی لەگەڵ نەحیمای بایبلدا هەبوو.
بنگوریۆن لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو، هەموو کارمەندە گەنجەکانی بە پێشناوی خۆیانەوە بانگ بکا، هەروەها نەحیمیاش. دەشیەویست ئەویش هەر بە ناوی خۆی "بنگوریۆن" بانگ بکرێ. ئەوەش شتێکی زەحمەت بوو بۆ ئەندامانی ستافەکەی، تایبەتە لاوەکە زۆر جاران بە شاشی دەیگوت "جەنابی بنگوریۆن". گەر کچەکە وای کردبا، ئەویش بە تۆنە دەنگێکی تەوسدارییەوە پێیدەگوتەوە: "بەڵێ مینا Mina خان؟"
سکرتێرێکی گەنج لە یەکەمین ڕۆژی ئەرکەکەیدا ئەو هەڵەیەی کرد و پێیگوت "جەنابی پایەبەرز Excellentie!"
سەرەک وەزیران یەکسەر قسەی پێبڕی: "ئەز بە پێشناوی خۆتەوە بانگت دەکەم، تۆش من بە بنگوریۆن ناوبێنە."
کاتێ جارێکی دیکە گەنجەکە هەمان هەڵەی دووبارە کردەوە و بە "جەنابی پایەبەرز" بانگی کردەوە، بنگوریۆنیش لە کاردانەوەدا پێیگوت "بەڵێ جەنابی خاوەن شکۆ؟!"
کاتێکیش خانم ڕوس هاڤیلیۆ Ruth Havilio یەکێک لە کارمەندەکانی دوای وەرگرتنی لە کارەکەیدا، لە ژوورەکەیدا لە چاوەڕوانیدا بوو، بنگوریۆن هاتە ژوورەوە. دەستبەجێ خانمەکە لە سەرۆک وەزیران چووە پێشەوە و بانگی کرد: شڤی Shvi (دانیشە).
لەو کاتەی هێشتا دوودڵ بوو، بنگوریۆن بە خەندەوە چاوێکی لە ئارگۆڤ کرد، ئینجا گوتی:

- "ئەوە سەربازێکە، منیش فەرماندەکەیم، کەواتە من دەتوانم فەرمانی پێبکەم کە دابنیشێ. بەڵام من دەبێ بە ڕێزگرتنەوە داوا لە تۆ بکەم."

ڕۆژێکیان بنگوریۆن بانگی خانم هاڤلیۆی کردە ژوورەکەی تا لێی بپرسێ ئاخۆ هیچ ئەندامێکی کابینەکەی هاتووە.
کارمەندە کچەکە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ وەزیرەکە دوێنێ لێرە بوو."
بنگوریۆن لێیپرسی:

- "بۆچی دەڵێی" وەزیرەکە"؟ تۆ دەربارەی پیاوێک قسە دەکەی. ئیدی بە ناوی خۆیەوە ناوی بێنە."

هاڤیلیۆخان ئەو ڕۆژە بە دەنگێکی راپەڕیوانە گوتی:

- "بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وەزیرە، وانییە؟"

بنگوریۆن پێکەنیی.

- "ناوی باوکت چییە؟"
- "نسیم Nissim"
- "تۆش کەواتە ڕوس Ruthی، کیژی نسیمی. ئایا وانییە؟"
- "بەڵی"
- "بەڵام ئایا پێویستە هەر جارێک بمەوێ پرسیارێکت لێبکەم، وات ناوبێنم، ئەی ڕوسی کچی نەسیم؟"

کاتێکیش کارمەندێکی نوێ هاتبایە، هاڤیلۆخان و سکرتێری تایبەتی دەسکەگوڵێکیان دەکڕی و لەسەر مێزی نووسینگەی کارمەندە نوێکەیان دادەنا و کارتێکێشی لەگەڵدا بوو لەسەر نوسرابوو:

- "لەلایەن سکرتێری تایبەتی سەرەک وەزیران پێشکەش کراوە."

بۆ ئەوەی زیاتر بیکەسێنن پێشناوی خۆشیان لە بندا دەنووسی. بنگوریۆن بە نووسینگەکەدا چوو، گوڵەکانی دیتن و نووسینی سەر کارتەکەشی خوێندەوە، ئینجا پرسی:

- "ئەرێ ناوی من لەکوێیە؟"
- "تۆ سەروەزیری." هالیڤاخان وا وەڵامی دایەوە:
- "مەبەستت لەوە چییە، کە من سەرەک وەزیران بم؟ ئایا هەرگیز ئەوە فێر نەبووی کە هاوکارایەتی چۆنە؟"
- "بەڵی، من ئەوەش فێر بووم کە سەرەک وەزیرایەتی چۆنە؟"

بنگوریۆن بە توندی بەرسڤی دایەوە: "سەرەک وەزیران، ئەرکە نەوەک کەس. دوای تێپەڕینی کات یەکێکی دیکە دەبێتە سەرەک وەزیران. بەڵام من پیاوم! ئیدی قەڵەمێکی دەست دایە و لە بن کارتەکە ناوی خۆی نووسی، کە بەدەگمەن بوو بنووسێ "داود". ئەو هەرگیز بەو ناوە بانگ نەدەکرا.

لە سکرتاریەتەکەیدا شێوازێکی سادە پەیڕەو دەکرا. هاڤیلیۆخان و یاریدەدەرەکەی تەماشای پۆستیان دەکرد، هەموو نامە گرنگەکان و

نامە کەسییەکانیان دەخستە سەرمێزی بنگوریۆن. ئەوانی دیکەیان بە خۆیان وەڵامیان دەدانەوە. کەمێک دوای جاڕدانی سەربەخۆیی هەندێک جار وا دەردەکەوت، کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئیسرائیل پێویستیان بەوە بووە، سکاڵا یان داوایان بۆ بنگوریۆن بەرز بکەنەوە و ئەویش بە خۆی وەڵامیان بداتەوە.
نامەکان بە لێشاو دەهاتن- لە پیاوێک کە بەهۆی دزەکردنی بۆڕی ئاو زیانی لێکەتبوو، هی خانمێک کە مێردەکەی لە لا تۆراوە و ڕۆیشتووە، هی ئەو کەسانەی کە دەیانەویست بە سەرەک وەزیران بڵێن، کە چۆن پێوستە وڵات بەڕێوە ببرێ، بێژمار لەو نامانە دەبوایە خاوەنەکانیان ڕەوانەی وەزارەتەکانیان بکردبایە نەوەک خودی سەرووەزیر. ئەوەش زۆر لەسەر بنگوریۆن دەکەوت تا وەڵامی هەموویان بداتەوە، هەر بۆیە ستافەکەی وایان دەکرد و بە ناوی "سکرتێری تایبەتی سەرەک وەزیران" واژۆیان دەکرد. ئەو سیستمە زۆرباش کاری خۆی دەکرد، گەر هاتبا و خودی سەرەک وەزیران نامەکانی لەسەر مێزی هاڤیلۆ هەڵنەگرتبان تا بە خۆی وەڵامیان بدابایەوە. هەموو نامەیەک بەلای ئەوەوە گرنگ بوو، مایەی پەرۆشی ئەو بوو، کە نەیدەتوانی یەکە بە یەکەیان بخوێنێتەوە.
کەمێک دوای جاڕنامەی سەربەخۆیی نامەیەک لە سێ عەرەبی ڕەوەندی دروزەوە هاتبوون. نووسیبوویان، ئێستا دەوڵەت دامەزراوە، دەیانەوێ کارێکیان دەست کەوێ. بنگوریۆن نامەکەی لەسەر مێزی هیڤیلۆخاندا بینی و لەگەڵ خۆیدا برد. لەو ڕۆژەدا زەنگی دوورودرێژی بۆ کارمەندانی وەزارەتەکان لێدا، تا کارێکی شیاو بۆ ئەو بێکارانە بدۆزێتەوە.
ئەوەش بیرۆکەیەکی وای خستە مێشکی ستافەکەیەوە، گەر نامەیەک هات و بنگوریۆن حەزی لێبوو بیبینێ، ئەوا لەسەرووی مێزەکەی هاڤیلیۆخاندا دابنرێ، چونکە دەرفەتێکی باش دەبێ بنگوریۆن بیبینێ و بیبیا. کارمەندەکانی فێڵێکی دیکەشیان دۆزیبووەوە، بەوەی گەر نامەیەک بە پەلە بێ و بیانەوێ سەرنجی بنگوریۆنی بۆ رابکێشن؛ دەیانخستە نێو ڕوپەڕەکانی ئەو کتێبنامە نوێیەی کە ناونیشانی کتێبە چاپکراوە تازەکانی تێدا بوو، ئەویش لەگەڵ پۆستدا دەهات.

گەر بنگۆریۆن خەمی لە هەلومەرجێکی سیاسیانە بخواردبایە، ئەوا کارمەندەکانی بەوە هەستیان پێدەکرد، کە عەودالّی کتێبان دەبوو. ئیدی بە دەستە کتێبێکی بنهەنگڵی دەهاتە ژوورەکە و بانگی دەکرد:

- "ئەوانە ئەو کتێبانە بوون کە هەفتەیەک بەر لە ئێستا داوام کردبوون، هەنووکەش نا؟"

بنگۆریۆن خودی خۆی برووسکە کۆدەدارەکانی نێردە دیپلۆماتەکانی دەخوێندنەوە.

هەرچەندە بەسەر حەفت زمانیشدا زاڵبوو، بەلاّم هەرگیز نامەکانی پێ نەدەنووسینەوە. ئەو دەفتەرێکی تێبینی بەکاردەهێنا، کە بە قەڵەمدارێک بە زمانی عیبرییانە وەلاّمی دەدانەوە، ئەوسا لاپەڕەکەی لێدەکردەوە و دەیدایە پیتچنەکە.

ئەو شێوازێکی ئاسانی لە نامەکانیدا پەیڕەو دەکرد، تا بکرابا وشە و ڕستەی ئاڵۆزوبڵۆزی بەکار نەدەهێنا. بەهەر زمانێک وەلاّمی نامەکەی بۆ چووبا، ئەو بەعیبری دەینووسیەوە. سکرتاریەکەی نامەکانیان وەردەگێڕانە سەر زمانی مەبەست. بەلاّم بە خۆی بەسەر وەرگێڕانەکەدا دەچووەوە ڕاستی دەکردنەوە.

ڕۆژێکیان نووسەرێکی ئینگلیز کە بە شێوە داڕشتنەکەی ناسراو بوو، لە نووسینگەکەی پەیدا بوو، ڕێک لەو کاتەدا هاڤیلیۆخان دەستنووسێکی پێبوو، دەبوایە بە ئینگلیزی چاپکرابا و ڕەوانە کرابا. هاڤیلیۆ نووسینەکەی دایە دەست ئینگلیزەکە و بە ڕێزەوە داوای لێکرد چاوێکی پێدا بخشێنی و "کەمێکی برازێنێتەوە". ئەویش بەڕێزەوە دواکەی پەسەند کرد و لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاستی کردەوە و دایڕشتەوە.

ئەو ئێوارەیە بنگۆریۆن نامەکەی لە دەستدا بوو هاتە لای هاڤیلیۆ.

- "کێ ئەو نووسینەی وەرگێڕاوە؟"

هاڤیلیۆخان سەروبەری پرسەکەی بۆ گێڕایەوە.

بنگۆریۆن گوتی: "بەڕاستی نووسینەکە زۆر جوانە، بەلاّم ئەو لێرەدا قسە دەکا نەوەک من. جارێکی دیکە بە شێوازەکەی خۆم وەری بگێڕە."

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دوان و وتارەکانی لەسەر کارتێکی ٧.٥ بە ١٢.٥ سانتیمەتر دەنووسیەوە، بە دەگمەنیش وابوو ژمارەبەندییان بکا،

ئیدی زۆرجاران بۆ پیتچنەکان دەبووە مایەی کارەسات، دەبوو زۆر لە هەڵەکانیان بسڕنەوە.
ئەو هەموو دوانێکی وا بەسەروبەر دەنووسیەوە، وەک ئەوەی یەکەمین دوان یان دوادوانی بێ، هەروەک ئەوەی گرنگترین بەڵگەوبەندی کارنامەکەی بێ. ئەو بەسەر هەموو ڕاستی و تێهەڵکێشەکانیشدا دەچووەوە، دەبووایە هەرچی تێیدا هاتووە بیسەلمێنێ.
ئەوەی وتارێکی وای نووسیبایە هێرشی بکردبایە سەر کۆنسێپتەکەی بنگۆریۆن بۆ زایۆنیزمی نوێ، ڕۆژێک هەر ڕووبەڕووی ئەوە دەبووەوە، کە وەڵامێکی لەبەر دەستدایە لە سەرەک وەزیرانی ئیسرائیلەوە نووسراوە.
جوولەکەیەکی نەناسراوی لۆس ئەنجلز ساڵێک دواتر نامەیەکی بۆ بنگۆریۆن نووسیبوو پرسی ئەوەی لێکردبوو ئاخۆ لەسەر زایۆنستەکانی ئەمریکا ئەرکە بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن. نامە و نامەکاری نێوانیان سێ مانگ و نیوی خایاند تا لە دواییدا وەستان.
ئەو نووسەرانەی کە دەرفەتیان نەبوو وتارەکانیان بۆ چاپ بکرێ، زۆرجاران نامە و نامەکاریان لەگەڵ بنگۆریۆندا دەقۆستەوە و بە گۆڤارەکانیان دەفرۆشتنەوە.
بۆ بنگۆریۆن وشەی نووسراو زۆر بەهادار بوو، وەک شتێکی پیرۆز بوو لای. کاتێک کە بووە سەرەک وەزیران زۆر جاران وتاری بۆ ڕۆژنامەیەکی یدیشی زمان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەنووسی، کە تەنها پێنج هەزار ئابوونەدەری هەبوو. چەندان کتێبی جۆربەجۆری بەنووسین و بە ملیۆنان وشەشی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنووسین. بێژماریش پێشەکی بۆ ئەو نووسەرانە بەبێ بەرانبەر دەنووسی کە دڵیان پێخۆش دەبوو.
ئەو تووشی نەخۆشی پیشە ببوو، کە هەموو نووسەرێک گرتبووی: دەیەویست بە زووترین کات ئەو نووسینانەی دەنووسین بە چاپکراوی ببینێ. گەر وتارێکی بۆ بڵاوکردنەوە دابنابایە، سەرەتا دەیپرسی:
- "ئەرێ کەنگی دەردەچێ؟"
شێوازی نووسینەکەی کەم وابوو پچڕپچڕ بێ. شێوە ڕستە هەڵهێنانەکەی دەیخستیە سەر یادی بایبل. کەم نووسەر هەبوون لە

گەنجینەی وشەدانی عبرییدا شان لە شانی بدەن. بەردەوام وشەی پڕ بەپێستی مەبەستەکەی دەدۆزیەوە. زۆر بە چڕی بەلام بە ڕازاوەیی نە دەنووسی. ڕستەکانی زۆرجاران وەک لێدانی کوتک وابوون. عیبریەکەی وای لێکدەکرد شێوازەکەی کەمتر باش، بێ چونکە زمانەکە زمانێکی جووڵە و دەستکردنەوە بوو تیایدا ئەبستراکتیتی واژە دەقاودەقەکان بەلاوە بە دوور دەگیران.

پانزە ساڵ پێش ئەوەی ببێتە سەروەزیر دەستی بە نووسینی کتێبێک کردبوو، کە لەوانەیە بە هادارترین کارە چاپنەکراوەکەی سەردەمەکەمان بێ. بەرهەمەکە لە سێ و پێنج بەش پێکهاتووە، بەلای کەمیەوە پێنج ملیۆن پەیڤ دەبێ. کەم کەس هەبوون لەکاتی نووسینیدا بنگوریۆن ببینن، بە خۆیشی کەمی لە بارەیەوە ڕادەگەیاند و قەتیش هیچ بەشی بۆ هیچ کەس نەخوێندۆتەوە. کەمیش بوون ئەوانەی بەرگی دەرەوەی کتێبەکەیان بینیبوو. نووسینەکەی زیاتر لە گۆڤار دەچێ لەوەی لە یاداشتنامە بچێ، چونکە بیرۆکە بەرزەکانی نووسەرانی دیکەی هێناوە و تێهەڵکێش کردووە، تێبینییە سەرنجڕاکێشەکانی میوانەکانی، لە پاڵ پەرچەکرداری خۆی لە هەمبەر ڕووداو و بیرۆکەکانیشدا تێدا نووسیوە. ئەو هەموو شەوێک کە دەگەڕایەوە ماڵ کەمێک پێش نیوەی شەو ئیشی تێدا دەکرد.

هاوکارەکانی بە "کتێبەکەی ئەو" ئاماژەیان بۆ دەکرد. ئەو هەرگیز سەبارەت بە کتێبەکە قسەی لەگەڵدا نەدەکردن و هەموو بەشەکانی لە کتێبخانەکەی خۆی لە تەلئەبیبدا هەڵدەگرت.

لەسەر مێزەکەی بەردەوام کتێبێکی دیکە پەرەسەندوو هەبوو، کە ڕەنگبێ بۆ مێژووی هاوچەرخی جوولەکان زۆر گرنگ بێ.

کە بنگوریۆن لەگەڵ میوانێک قسەی دەکرد، بەردەوام دەفتەرێکی تێبینی پێبوو، هەندێ جار سەرنجەکانی تێدا دەنووسین. گەر هاتبا و میوانەکەی نەناسیبا، ئەوا ئاساییانە سەرەتا زانیاری وای لێدەپرسی:

"ئەرێ بەڕاست ناوەکەت بە تەواوی چۆن حینجە دەکرێ؟"

ئەوسا بە زمانی عیبری پوختەیەکی وتوویژەکەی لەگەڵ میوانەکەدا لە دەفتەرەکەدا تۆمار دەکرد. کە میوانیش دەڕۆیشت، تێبینییە نووسراوەکانی لە دەفتەرێکی هەرزانبەهای دیکە بە قەڵەمێکی ڕەش

دەنووسییەوە. کاتێکیش دەفتەرەکە پڕ دەبوو، هەر بەخۆی پێڕستی بۆ دادەنا.

گەرهاتبا و هەمان ناوەڕۆک دوو ساڵ دواتر لە میانی گفتوگۆکاندا هاتبایە پێشەوە، ئەوا دەستنووسی گۆڕینی لە ئەرشیفەکەی دەردەهێنا و چاوێکی پێدادەگێڕایەوە و دەیگوت:

- "تۆ لە مەیاندا شاشی. جاری پێشوو وات گوت، من وشەکانتم وەک خۆی تۆمارکردوون، بەوەی کە وتووتە..."

ئەوەشی لە پاڵدا دەنووسی، کە خۆی لەو کاتەدا چی گوتووە، تا لێکحاڵینەبوون لەسەر پرسێک کە نەیگوتووە یان بەڵێنی پێنەداوە، روونەدا.

جارێکیان باروخ تال Baruch Tal کە ناسیاوێکی خۆی بوو لە ماپای پێی گوت:

- "ئەرێ بۆچی تۆ ئەو هەموو زەحمەتیە (بە نووسینەوەی تێبینیەکان-وەرگێڕ) دەبینی؟"

بنگوریۆنی لێهاتە وەڵام:

- "زۆر جار ئەرک و کاری گرنگترم هەن، بەڵام کاتێ تێبینی و سەرنجەکان دەنووسمەوە، خۆم ناچار دەکەم تیشکۆ بخەمە سەر میوانەکە و پرسگەلەکەی."

بۆ بنگوریۆن خوێندنەوە خۆشەویسترین شت بوو، دواتر بەبێ سێ و دوو قسەکردن بوو بۆ خەڵک. ئەو زۆر چێژی لەوە وەردەگرت کە نەیارەکانی ژیربێژانە بەڵگەوبەندکوت بکا و ڕیزی بەرگەگرتنی داکۆکیان بە ڕاستییە مێژووییەکان بشکێنی و لەبن باری قسە تەوسدارەکانی دەرنەچن.

زیاتر حەزی بەوە بوو بە ،بێ مایکرۆفۆن قسە بکا، چونکە لە کاتێکدا ئەو وەک دواندەرێکی باشی لێهاتبوو تاکنیکەکانی خستبووە ژێر ڕکێفەوە، کە ئامێری دواندن نەهاتبووە کایە.

کاتێک سەرۆکی دانیشتنێک داوای لێکردبا قسەکانی لە کورتیدا ببیرێنیتەوە، بە ئاسانی وەڵامی دایەوە:

- "بۆچی پێتوایە قازانجی زیاترە؟"

ئـەو هـەرگیز لـە دواندانـدا لەگـەڵ ڕیکـۆردی د. وایزمەنـدا هاوتـەریب نەبووەوە (وایزمەن لە بازل، سویسرا بەشداری گفتوگۆکانی دەکرد کە دوو ڕۆژ و شەو درێژەی کێشـا)، بەڵام وابووە بە چەندان سـەعات لـە دوای یەک بێ پشوودان قسەی کردووە. لـە کۆنفرانسێکی هیسـتادروتدا کە بە کردەوە هەر خۆی قسەکەر بوو، هەر لـە سـەعات دەی بەیانییەوە تـا سـەعات پێنجی دوای نیوەڕۆ لەسـەریەک و بـێ پشـوودان بـۆ چـاو خواردن بەردەوام بوو.

بـە بـەراورد لەگـەڵ ئابـا ئیبـان Abba Ebanی نێـردەی ئیسـرائیل لـە ئەمریکادا کە ڕەوانبێژێکی بایبلانە بوو، بنگۆریۆن بەهێزتر قسەی دەکرد بەڵام سـادەییانەتر. بنگۆریـۆن هـیچ ڕێـڕەوە زۆرزانییـەکانی دواندەرانی بەکار نەدەهێنا و ڕیزبەڕانەش نەبووایە تۆنی دەنگی بەرز نەدەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ لەسەر سەکۆی کەنیست (پەرلەمانی ئیسـرائیل) بۆ قسەکردن دەوەستا؛ هەموویان بەبێ جووڵە گوێیـان دەگرت، ئەوەش چ لەبەر ئەوەی پیاوێکی خاوەن کەسایەتیەکەی دینامیکیانە بوو یـان لەبەر ئەوەی شتی گرنگی پێبوو. هەموو دوانـەکانی بانگەشـەکردن بوون. ئـەو زیاتر وەک فەیلەسووف نەوەک سیاسەتمەدار دەدوا.

بـە گشـتی ئـەو بـە زمـانێکی ڕازاوەی نەدەنووسـی، بـەڵام قسـەی نەستەقیشی هەبوون وەک:

- " لە دیاسپۆرادا جووەکان بەشە ئەندامی مرۆڤایەتین کە هـەوڵ دەدەن بە یەکەوە بلکێن..."

هەروەها ؛

"ئیسـرائیل هەمـوو شـتێک دەکـا کـە جوولەکایـەتی مرۆڤایـەتی بـێ و مرۆڤایەتیش جولەکایەتی."

بەشی ١٧

✡

گەر ساڵێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، بنگۆریۆن و هاوسەرەکەی لە ئاهەنگۆکەیەکی میوانخانەی شارۆن لە هێرزیلیا بوون، بۆ ئەوەی میوانە ئەمریکاییەکانیان بەخێر بهێنن. لە نیوەی بۆنەکەدا بنگۆریۆن خەریک بوو خواحافیزی بکا و بڕوا، بەڵام پاولا شتێکی چرپاندە گوێ و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. ئەوسا گوتی: "پاولا دەڵێ پێویستە هەندێکی دیکە بمێنینەوە، منیش هەمیشە بە گوێی دەکەم."

گوتنەکە هیچ زێدەڕۆییەکی بنگۆریۆن نەبوو. لە هەندێ بواری دەستنیشانکراودا دوا وشە بۆ پاولای هاوسەری بوو.

پاولا ئایدیالیستێک بوو، وزەدار و ئازاد؛ ژنێک بوو لە پشت پەردەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هێزێکی پارێزەر بوو. خانمێک بوو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو هەروەک پیاوەکەی کە زۆر جڵەونەگیر بوو.

زیاتر لە چل ساڵە گۆرەویەکانی لە پێدەکا، کراسەکانی دەشوا، منداڵەکانی بۆ هێناونەتە سەردنیا و بەخێویان دەکا و هەنووکەش چێژ لە بەخێوکردنی نەوەکانی دەبینێ.

یەک جاریان ڕوونی کردوە کە بۆچی پارچە بچووک و وردەکان بە خۆی دەشوا: "ئاخر ئەز بە تەواوی لە کراسەکانی بنگۆریۆن دەزانم."

بنگۆریۆن هەرچییەک بووایە، سەرکردەی سەندیکای پیشەگەرەکان، سکرتێری گشتی هیستادروت، ئەندامی سایەی کابینە یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، پاولا بەردەوام دایکئاسا فەرمانی بۆ دەردەکرد و ناچاری دەکرد بۆینباخ لەکاتی پێویستدا ببەستێ، جزمە لە کاتی باران

لەپێ بیبکا، پەرداخی شیری بۆ ئامادە دەکرد، بە باشی مشووری خواردنەکەی دەخوارد و ئەوەی لەشساخیەکەی پێویست بوو، دەیکرد.
کە دەیزانی مێردەکەی دەچێتە کنێست و دوان دەدا، ترمزێکی پڕ لە چا و کوپەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لە پشت پەردە نزیک سەکۆی دوان ڕادەوەستا. هەرکاتێک بنگوریۆن لە دوانەکەی ببایەوە، یەکسەر کوپە چایەکی بۆ تێدەکرد تا بیخواتەوە.
بەردەوام لە ماڵەوە تەلەفۆنی هەڵدەگرت، گەرهاتبا و تەواو دڵنیا نەبوبایە، ئەوەی زەنگ لێدەدا پێویستە قسە لەگەڵ مێردەکەیدا بکا، لێنەدەگەڕا هەر لە خۆڕا سەرقاڵی بکەن.

- "هەرچەندە ئەوەشم بە گران لەسەر دەکەوێ، بەڵام هەندێ جاران زۆر لەو تەلەفۆنانە پڕم، بواریان نادەم؛ بەم جۆرە کاتێکی زۆری بۆ دەگێڕمەوە."

لە بارەی گرفتە داراییەکانی ماڵەوە، هەرگیز باسی لەگەڵدا نەدەکردەوە، بۆئەوەی سەرئێشەی بۆ پەیدا نەکا.

- "گەر ئەو بزانێ پارەیەکی کەممان هەیە، ئیدی خەمی لێدەخوا."

هەرکاتێکیش چاوی گەرم کردبان، پاولا وەک سوپەرێکی ماڵی لێدەهات و فەرمانی بەسەر منداڵەکاندا دەکرد کە هاروهاجێتی نەکەن و بێدەنگی بپارێزن. گەر هەر بۆشی سەرنەگرتبا بەخۆی دەچووە دەرەوە بە منداڵەکانی دەگوت: "*شەکەت، شەکەت* Sheket, Sheket! (دە وسبن دەی)".
جارێکیان لەو کاتەی سەروەزیر لە ماڵەوە پاڵی دابووەوە، دەستەیەک لە منداڵان لەبەردەم دەرکەی ماڵیان تەپڵیان دەکوتا و بە یەکەوەش دەیانگوتەوە:

- " ئێمە دەمانەوێ بنگوریۆن ببینین! دەمانەوێ هەر ببینین!"

ئەوان لە پاولا نەسڵەمینەوە کە بە گەسک بە دوایان کەوتبوو.
تا ئەوەی باوکیان پێی ئاگاداربێ، منداڵەکانی ئامۆس، ڕێنانا و گێولا بە کردەوە نەخۆش نەکەوتن. چونکە هەمیشە هەر پاولا مشوورخۆریان بوو، لێنەدەگەڕا مێردەکەی پێبزانێ و سەرئێشەی بۆ پەیدا ببێ.
جارێکیان ئەندامێکی حکوومەتەکەی بنگوریۆن کە ساڵانێکە دەیناسی گوتی:

- "کلتووری کاسۆلیکی لەسەر گۆی زەویدا لەسەردەستی راهیبەکانی کەنیسە، ئەوانەی وەک پیاوەکانی دیکەی تووشی گێچەڵی خاووخێزان و کێشەگەلی منداڵیان نەبووبوونەوە، بڵاو بۆتەوە."
- "پاولا بە ژیری و خۆبەختکردنەکەی خۆی بوارێکی وای بۆ بنگوریۆن رەخساندبوو، کە چێژ لە هەموو لایەنێکی خۆشی خاووخێزان وەربگرێ، بێئەوەی لایەنە ناخۆشەکانی سەری لێ تێکبدەن. ژیانێکی وای بۆ رەخساندبوو وەک راهیبێک بێئەوەی کێشەگەلی ماڵەوەی هەبێ، بەمە پاولا ژیانی خۆی بۆ ئەو تەرخان کردبوو."

ساڵێک پێشتر پاولا بابەتێکی لە ژێرناوی "ژیانی من لەگەڵ بنگوریۆندا" بۆ گۆڤاری ریمۆن Rimon کە بەعیبری نووسیبوو، بڵاو کرایەوە، هەفتەیەکیشی نەبرد وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی.

لە چاپە عیبریەکەدا پاولا بە وردی باسی ئەوەی کردبوو، کە چۆن لەگەڵ بنگوریۆندا لەبەردەم فەرمانگەی کاروباری هاولاتیاندا لە نیویۆرک وەستان و مارەبینامەی هاوسەرێتیان بۆ یەکدی واژۆکرد.

دوای بڵاوبوونەوەی هەفتەنامەکە، یەکێک پاولا و بنگوریۆنی لەوە بە ئاگا هێنا کە لە مەیاندا ختوکەی ئۆرسۆدۆکسەکانی ئیسرائیلی دراوە. پەرچەکرداری ژن و پیاوەکە زۆر کەسەکیانە بوو. سەرەک وەزیران لەسەر ئەمە لۆمەی ژنەکەی نەکرد، بەوە خۆی لە پرسەکەدا دوا کە بڵێ: بەڵێ ئاوا شتەکان روویان دا."

بەلام پاولا بەوە نیگەران بوو، کە هەر چەندە بە ئەنقەستیش نەبوو، هاوسەرەکەی شەرمندە بکا، بۆیە زەنگێکی بۆ دەستەی نووسەران لێدا، داوای لێکردن بەڵکو لاپەرە پەیوەندیدارەکان لە چاپە ئینگلیزیەکەدا دەربهێنن.

لە سەر دیواری ژووری میوانانی ماڵی بنگوریۆندا، پۆرترێتێکی هێلن کێللەر[٤٠] Helen Keller هەڵواسرا بوو. کاتێک هەر میوانێک نیگای

---

[٤٠] (١٨٨٠-١٩٦٨) لە تەمەنی نوزدە مانگیەوە نابینا و کەرە بوو. خانمێک بوو خۆی فێرە خوێندن و نووسینی نابیانایان کرد، لەو بوارەدا ناوێکی دیاری هەیە و چەندان کتێبی نووسیون- وەرگێر.

بخستبایەسەر، ئەوسا پاولا دەیگوت: "کاتی خۆی کە بنگوریۆنی بینی هەستیکرد سەری گەورەیە، بۆیە دەستی گەیاندێ و چەند جاران لەسەر یەکەوە گوتیەوە: پەککو چ جۆرە سەرێکە! پەککو چ سەرێکە!" ئەو دەیزانی کە سەرەکە کەللە سەری پیاوێکی مەزنە.

چل و دوو ساڵ بەر لە ئێستا، کە پاولا هێشتا هەر پاولا مەنوایس Paula Munweis بوو (واتە کە هێشتا شووی بە بنگوریۆن نەکردبوو)، بە ناسیاوەکانی دەگوت:

- "بنگوریۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە پیاوێکی مەزن."

دوای بەسەرچوونی ماوەیەک، وشەی جارێکیشیان هەڵگرت و گوتی "بنگوریۆن دەبێتە پیاوێکی مەزن."

دوو ساڵ دواتر وشەی دەبێتەشی لابرد و کردیە "بنگوریۆن پیاوێکی مەزنە" ئەو دەم مەزنایەتیی بنگوریۆنی لا بیووە ڕاستی.

لە بەراییدا کاتێک خەڵک وایان دەبینی، پێیان سەیر بوو. تەنانەت هەندێکیان لە پاشملە پێی پێدەکەنین. چونکە پاولا بە کارمەندانی دووکانەکان، دراوسێکان، دیپلۆماتە دەرەکییەکان، بە منداڵەکانی خۆی، بە جوولەکان، کریستیانەکان تەنانەت بە عەرەبەکانیشی دەگوت:

- "لێم تێدەگەی، بنگوریۆن پیاوێکی مەزنە."

لە ئیسرائیلدا نە سەدان چیرۆک و سەربردە بەسەر بێ کۆتوبەندی پاولادا بڵاو بوونەتەوە؛ بە پێکەنینەوە ئەو سەربردانە بەڵام بەبێ ئێشاندن دەگێڕدرانەوە، چونکە هەمووان پاولایان خۆش دەویست. پاولاش هەرگیز بەرانبەر ئەو کورتە چیرۆکانەدا ناڕەزایی دەرنەدەبڕی. هەر بەخۆی بە درێژایی ڕۆژگار، گەنجینەی ئەو جۆرە قسانەی پڕ دەکردنەوە.

لە وتارێکدا بۆ هەفتەنامەی ریمۆنی نووسیبوو:

- "ئێمە میوانگەلێکمان دێن کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسراون، وەک داگ هامەرکشۆلد Dag Hammerskjold و د. رالف بونچە D.ralph Bunche. من ڕای خۆم بە تەواوی بە داگ هامەرکشۆلد[41] گوت، ئەو کەسەی کە هەڵوێستە سیاسیانەکەی لە

[41] ١٩٠٥-١٩٦١ دیپلۆماتێکی ناسراوی سویدی بووە لە نێوان ١٩٥٣تا ١٩٦١دا سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە-وەرگێر

ژێر کاریگەری ئەوە دایە کە تائستا ژنی نەهێناوە. پێمگوت: "بۆچی تا ئێستا ژنت نەهێناوە؟" ئەوسا تووشی کێشەگەلی خۆت دەبووی لە بیرت نەدەما سەرئێشەمان بۆ پەیدا بکەی. هەمان شتیشم بە دکتۆر بونچە[٤٢] گوت بەوەی کە لەو دوا دواییانەدا جارستر بووە."

داگ هامەرشکۆڵد و د. بونچە، پاولایان باش دەناسی، بۆیە هەستیان بە سووکایەتی پێکردن نەکرد. دەیانزانی دڵێکی باشی هەیە و هەرگیزیش بە ڕق و قینەوە ئەم جۆرە پرسانە نایەنێتە سەر زمان. جەلام لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیسرائیلدا، لەو کاتەدا مرۆ دەلەرزی، چونکە لەوە دەترسان ئەو ڕاشکاوەییە لە جیهانێکدا لێکبدرێتەوە کە واژەی "دیپلۆماسی" بۆتە هاوواتای تەواو لەسەرهەق نەبوون، بە شاشی لێکبدرێتەوە.

لە ١٩٤٨دا هێنری مۆرگنتهاو HenryJ.Morgenthau وەزیری کاروباری دارایی پێشوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سیفەتی سەرۆکی یەکێتی سکالانامەی جوو سەردانێکی ئیسرائیلی کرد و وەک سەرۆکێک پێشوازی لێکرا. پێش ئەوەی بشرواتەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە تەلئەبیبدا بەست. پاولا بنگۆریۆن لە تەنیشتی دانیشتبوو، بە پێکەنینەوە سەری ڕەزامەندی بۆ قسەکانی دەلەقاند، بەوەی ئەو پارەوپوولەی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ ئیسرائیل کۆکراوەتەوە بۆ ئەوەیە، کە پشکیان لە بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم لەناوچەکەدا هەبێ.

ئیدی لە پڕ دەنگێک هاواری کرد:

- "ئێمە پێویستمان بە دۆلارەکانی تۆ نییە! تۆ ناتوانی ئێمە بکڕی. ئێمە دەزانین کە یەکێتی شۆرەوی دۆستانە لە ئیسرائیل دەڕوانێ."

دەنگەکەش هی سەرنووسەرێکی گەنجی ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستی بوو. کاتێک هەندێک دەیانەویست بێدەنگی بکەن، مۆرگەنتاهو بە هێواشی گوتی:

---

[٤٢] ١٩٠٣-١٩٧١ دیپلۆماتێکی بە ناوبانگی ولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا و هەڵگری خەلاتی نۆبل بۆ ئاشتی بوو، لە پەنجاکانیشدا ناوبژیکاری کێشەی عەرەب- جوو بووە لە فەلەستیندا-وەرگێڕ

- "لێبگەڕێن، ئا ئەمەیە دیموکراسیی و کەواتە تۆ مافت هەیە بیروڕاکەت دەرببڕی."

لێرەوە وا کەوتەوە وەک ئەوەی ڕووداوەکە کۆتایی بە کۆنفرانسەکە بهێنێ. بەڵام پاولا بە شێوەیەکی دیکەوە بیری لێکردەوە. دوای بەسەرچوونی کۆنفرانسەکە پاولا خۆی گەیاندە کابرای کۆمۆنیست و گلەیی لێکرد، چونکە میوانێکی بەڕێزی ئیسرائیلی سووک کرد.

کەسیش کارێکی وای نەکرد پاولا بێدەنگ بکا چونکە دەبووە کارێکی ناشیاو.

پاولاگوتی: "ئەز لە خۆرسکییەوە ڕاشکاو و کراوەم. بە هەموو کەس هەر لە گەورە تا بچووک ئەوە دەڵێم کە هەیە." کاتێکیش جارێکیان لە دانیشتنێکی کەنیستدا ئامادە بوو، مێناحیم بێگن بێ ئەوەی سڵاوی لێبکا، بە بەردەمیدا ڕەت بوو؛ یەکسەر پاولا هاتە وەڵام و پڕی دایە بێگن و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، ڕای خۆی نەشاردەوە و پێگوت:

- "جەنابی بێگن دە گوێبگرە، جیاوازییە سیاسییەکان هەرچەند بن، هیچ پۆزشێک بۆ بێ ڕێزی نواندن نین."

لە دواییدا بێگن داوای لێبوردنی کرد و لەبەر دەستانی قوتار بوو هەڵات.

ڕەفتارە خۆنەبەستنەوەکانی بە ڕێساکان، زۆرجاران تازەگەرییەکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. ڕۆژێکیان یەک دوو میوانی ئەمریکی کە سەروەزیر و خانمەکەیان ناسی، میوانخانەکەیان جێهێشت و بەرەو فرۆکەخانە کەوتنەڕێ، کاتێک پۆلیسێک هاتە لایان و پێیگوتن کە خانمەکەی بنگوریۆن ئەوی ناردۆتە لایان تا پرسێکی گرنگیان لێبکا: سەرەک وەزیران لە سەردانە جۆربەجۆرەکانیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە تامەوە هەمبەرگەری دەخواردن، هەنووکەش پرسیاریان لێدەکا ئایا دەتوانن شتێکی وای بۆ بکەن. دەکرێ بە پۆلیسەکەدا ڕاچێتەی دروستکردنی ئەو هەمبەرگەرانەی بۆ بنووسنەوە؟

دوای ئامادەبوونە کەمەکانی لە ئاهەنگۆکە تایبەتیەکاندا، کە بنگوریۆن تیایدا ئامادە دەبوو، پاولا تەماشای ئەو سەندەویچە زۆر و میوە و

کێکانەی دەکردن. کاتێکیش سکرتێری مێردەکەی لەسەر ڕۆیشتن بوو، پاولا پێیدەگوت: "من کیسەکە ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆتیدا ببەی."
هەڵبەت سکرتێرەکە توانی خۆی لە دەستی قوتار بکا، بێ ئەوەی هیچ لەگەڵ خۆیدا ببا، بەلام دوای نیو سەعات پاسەوانێک بە خۆی کیسێکی پڕی پاشماوەی ئاهەنگەکە بە یەکبەرگی فەرمییەوە لەبەر دەکەی ماڵیان بوو.
درێژی بەژنی پاولا هەر بەقەد مێردەکەی دەبوو. پرچێکی ڕەشی چڕی هەبوو، زۆر جاران لەنێوەڕاستی تۆقی سەریەوە دەیکردە دوولەت، بەمە لەگەڵ دیمەنی پرچە سپیە گروازییەکەی مێردی لەیەک دەهاتن.
ئەو زۆر گرنگی بە خۆی نەدەدا، کەمترین مۆرومۆوری لەبەرخۆی دەکرد، بەردەوامیش جلی تۆخی دەپۆشین.

- "پیاوەکەم ئاوا حەز دەکا."

پاولا ساڵێ یەک جووت پێلاو دەکڕێ، بەلام گەر گەشتی دەرەوەی کردبا، پێش دەرچوونی ئەوە زانرابوو کە ڕێگەی بە خۆی دەدا جووتێکی دیکەش لەگەڵ خۆیدا ببا.
هەندێ جاران شتێکی لەسەر دەنا، بەلام زۆر جار وەک پیاوەکەی سەرکۆت بوو. ئەو زۆر بە وردیلە ماڵەکەی وەشابووەوە.

- "ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە من پەیامنێر بووم. من حەزم لە ڕیکوپێکییە."

پاولا دایکێکی دلۆڤان بوو، هەنووکەش داپیرەیەکی شانازە. باشترین چیرۆکیشی دەربرەی خەمخواردنی خێزانەکەی لەسەر نەوەکەی مەشیک Mushikی کوڕی گێولا بوو. باوکی مێردمنداڵەکە ئیمانۆئێل بێن ئێلیازەر Imanuel Ben Eliezerای سەرپەرشتیاری وەزارەتی بەرگرییە. ڕۆژێکیان مەشیک بە باوکی گوت:

- "باوکە، تۆ گەورە و قۆز و زیرەکی، بەلام هێشتا نەبویتە ئەفسەر. باپیرە بچووک و پیاوێکی پیریشە کەچی سەروەزیرە. ئەمە چۆنە؟"

یەکێک لە نوکتەکانی خودی پاولا ئەوەیە: "ئێمە خانەوادەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانین، ئەدی ئەوە نییە؛ گێولا لە نیویۆرک لەدایک بووە، ئامۆس لە لەندەن و ڕیناناش لە ئیسرائیل."

لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٤٨دا لە ئیسرائیل و لەسەر پێشنیازی بنگوریۆن ڕێسای ناسنامە دەرچوو، کە بە هۆیەوە هەموو کەسێک ناسنامەیەکی هەبوو کە وێنەیەکی نوێی لەسەر بوو.

ڕۆژێکیان ئارگۆڤ بە سەرۆکی بەشی وێنەگرانی گوت کە لە نوێژی نیوەڕۆدا بچێتە ماڵی بنگوریۆن و وێنەیەکی نوێی بگرێ تاکو لە ناسنامەکەی بدرێ.

سەرەتا پاولا ویستی دەرگەی لێنەکاتەوە.

- "بنگوریۆن نوستووە."

ئاندەرمانی وێنەگر بە نارەزاییەوە گوتی: "ئاخر ئارگۆڤ رایسپاردوم."

- "هەنووکە باشە، بەڵام ئەم کارەیان سەرلێشێوانە. ئاخر ئێوە بە سەدان وێنەی ئەوتان هەیە، ئەمەتان لەچی."

بنگوریۆنیش پێیخۆش نەبوو. ئەو هەرگیز دانووی لەگەڵ وێنەگراندا نەدەکولا. گەر هاتباو بە پەلە وێنەکەی خۆیان گرتبا و ڕۆیشتبان، ئەواباش بوو، وەلێ کاتێ کە خۆیان ئامادە دەکرد و کامیرایان دەچەسپاند، دەستی بە منگەمنگ دەکرد.

کاتێک ئەو لە ژووری سەرەوە هاتە خوارەوە، تەنها چاکەتێکی لەسەر بیجامەکەی لەبەرکردبوو. بەلای وێنەگر دەبوایە کراسەکەی و بۆینباخیش ببەستێ.

پاولا بە پەستییەوە هەڵیدایێ: "ئێ بەو جۆرە زۆر جوانە، دە وێنەکە بگرە و تەواو."

لە کاتێکدا کە سەروەزیر جارێکی دیکە چووە سەرەوە تا کراسەکە و بۆینباخەکەی بپۆشی، ئاندەرمان ئامێرەکەی لە ناوەڕاستی ماڵەکەدا دامەزراند. کاتێک پێچکی ستاندی کامیراکەی لەسەر ڕایەخی ژوورەکەدا چەقاند، پاولای لێهاتە وەڵام:

- "تۆ بەو شێوەیە مافوورەکم بەو پێچکە قوراویانە لێدەدرێنی."

ئیدی مافوورەکەی لولدا و هەڵوێزنی.

کۆنفرانسە گرنگە سیاسییەکان لە ماڵی بنگوریۆندا ساز دەدران، پاولاش هەمیشە دەروازە بوو. لە کاتی گفتوگۆکاندا بەخۆی و کوپی چاو و ژێرجگەرەی پاکەوە دەهات و دەچوو. پیاوەکەی متمانەیەکی تەواوی پێبوو. ئەو دەیزانی کە پاولاش وەک هەموو ژنانی دیکە حەزی لە قسانە، بەڵام هەرگیز ناپاکیی لەگەڵ نهێنییەکەی دەوڵەت نەکردووە و هیچی لەبارەیەوە نەدرکاندووە.

لە ڕەخنەگرتن لە خەڵکی دیکەدا زۆر تیژ بووە، جڵەو نەدەکرا و هەندێ جارانیش ڕەخنەی تێکدەرانەی دەگرتن. زۆر قینی لەو کەسانە بوو کە ناوی لێنابون "خۆرەپێشکەران". دڵی پاولا بەقەد نەقەب فراوان و وەک تاوی دوای نیوەڕۆیەکی بیابانیش گەرم بوو.

لە سەردەمی کەمی خۆراک و ئازووقەدا، ئەویش وەک ژنانی دیکە لە نۆرەی ئازووقە وەرگرتندا دەوەستا، وەک هاوسەری سەرەک وەزیرانیش باسی لە گرفتەکانی ناوماڵ دەکرد. هەندێک جاریش وشەی بچووککراوەی یدیشی بۆ پیاوەکەی بەکاردەهێنا: "ئەز دەبێ ئەو شتە یان ئەوی دیکە بۆ دۆڤیدە لە Dovidle (داودۆکەکەم) بەدەست بێنم."

دڵپاکی پاولا هەرگیز پاسیڤیانە نەبوو. کاردانەوەی توندی دەبوون، وەک ئاگر هەڵدەچوو بەقەدخۆتەرخانکردنەکەی بۆ مێردەکەی.

جارێکیان کە هاوسەری کارمەندێکی حکوومەت زۆر نەخۆش کەوت، پاولا پاسەوانەکانی ماڵەکەی بە جلی فەرمی و هەندێ جاران دوو سێ جار بۆ سۆراخپرسینی دەناردن، ئاخۆ باری لەشساخیەکەی بەچی گەیشتووە و دەکرێ چی بۆ بکا. کاتێک کارمەندەکە سوپاسی دەکرد، پاولا تەریق دەبووەوە و سور هەڵدەگەڕا. سوپاسگوزاری تەریقی دەکردەوە.

جیاوازییە ڕووناکبیرییەکەیان دەکرا ببێتە مایەی جیابوونەوەیان، گەر هاتبا ژن و مێرد ئەوەندەیان یەکدی خۆش نەویستبا.

خۆشەویسترین نووسەر بەلای پاولا، لۆنگفێلۆو Longfellow (١٨٠٧-١٨٧٢ شاعیری ئەمریکی) بوو. لە سەردەمی زوو زۆر لە شیعرەکانی لەبەربوون. سەبارەت بە ڕۆمانیش حەزی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی جاک لەندەن Jack London بوو. ئەو هیچ داخوازییەکی ڕۆشبیرانەی نەبوون. حەزی لە بینینی فیلم و گوێڕاگرتنی ڕادیۆ بوو. جیهانی

بنگوریۆن ئەفلاتون، بودا، فەیلەسووفەکانی ڕۆژهەڵات بوون، ئەفسانە و لایەنە ڕازدارییەکانیش بۆ پاولا گۆڕەپانێکی نەناسراو بوون. کاتێک مێردەکەی لە دوانزەی شەودا چووبایەوە ژوورەکەی خۆی و گڵۆپی سەری داگیرساندبایە، ئەوا جیهانەکەی دەست پێدەکرد و بۆ چەند سەعاتێک ڕێگاکانیان لەیەک جیا دەبوونەوە. بەڵام بەیانیان لە سەعات حەفتەوە یەکدیان لە نانخانەکەدا دەبینییەوە، ئەویش لەسەر خواردنی بەیانیان و بەرچاییەکەیان و نۆشکردنی کوپێک قاوە.
هەروەک چۆن بنگوریۆن بە هاوکارەکانی لە حکوومەتدا ڕادەگەیاند کە چۆن بەدەر لەوەی چ پایەیەکی بەرزیان هەیە چۆن ئاساییانە بمێننەوە، پاولاش لە سادەیەتیدا نموونە سەرمەشقێکی ژنە بەرپرسە باڵاکان بوو.
لەو چل ساڵەی بە یەکەوە ژیانیاندا هیچ نەگۆڕان. هەنووکە لەگەڵ پاسەوانەکان لەسەر زەحمەتیەکانی ناوماڵ قسە دەکا، زۆر بە باشیش لەگەڵ دراوسێکانیدا دەهاتەوە و لە ژیانی لوکسەییشدا ڕانەهات. هیچ هۆیەکی وا نابینێتەوە کە بە جۆرێکی دیکەی جیاواز خۆی نمایش بکا، هەرچەندە کە هاوسەری سەرەک وەزیرانیش بوو.
هەرگیز خزمەتکارێکی شەو و ڕۆژی نەبووە، هەرچەندە لەو بەشەی جیهانەیەدا لە مرۆڤی بەردەست کەم نەبوون و ئاستی ژیانیشیان وا بەرز نەبووە کە پێویستیان بە ئیشێکی وا نەبووبێ.
ئەو هەمیشە دەیگوت: "ئەز هەر وەک بنگوریۆن سۆشیالیستم. من دژی چەوساندنەوەم."
پاولا کرێگرتەیەکی هەبوو. یەکێک لە شتە کەمەکان کە هەیبوو ڕێگەی بەخۆیدا بوو، ئەوەبوو کە هاوینان لەبەر هەواگۆڕکێیەکی کارەبایی پشت سەری دەنوست.
کەمێک دوای جەنگ ئامۆزایەکی لە نیویۆرکەوە بۆی نووسی کە دێتە ئیسرائیل. لێیپرسی ئاخۆ چی لەگەڵ خۆیدا بۆ بێنێ. لەو هەموو داهێنراوە تاکنیکانەی نوێ داوای ئەو تەنها: "دوو دەستە سابون" بوون.
پاولا دەڵێ کە هەرگیز خۆی لە کێشە سیاسییەکانی مێردەکەی هەڵنەقورتاندووە، هەرچەندە گەر بۆ چەندان ساڵی زوتر بگەڕێینەوە بە توندی دژی شەڕوەستانی سیاسییانەی مێردەکەی بوو لەگەڵ

ژابۆتنسکی. هەموو نامەیەکی کە دەهاتە ماڵەکەی و کەسەکی نەبوون، بەبێ کردنەوە و دەستلێدان دەیناردنەوە وەزارەت.

گەر هاتباو زۆریش نەخۆش کەوتبا، پیاوەکەی بە کتێبێکەوە لە ژوور سەری دەبوو، تا گەر بۆ پێویستیەک بانگی کردبا، لەلای بوایە.

کاتێکیش نەخۆشکەوت و کەوتە نەخۆشخانەی تەلئەبیب و مێردەکەشی لە سدێ بۆکەرSde Boker بوو، بنگوریۆن نامەیەکی بۆ نووسی و نیشانەی زۆر خەڵکی دا. ئەوەش نامەیەکی دڵدارییانە بوو کە هەر لە کوڕێکی گەنج دەوەشایەوە، کە پڕ بوو لە باسی هەور و چرینی بولبلان و شیعر و ڕۆمانسی. ئەوەش دەقاودەق ئەو شتە بوو کە پاولا بۆ زوو چاکبوونەوەی پێویستی پێبوو. جارێکیان بەکێک بە نیمچە نوکتەئامێزیەوە پێشنیازی کرد کە میدالیایەکی شانازییانە بدرێتە ئەو ژنە نائاساییەی کە ناڕاستەوخۆ ئیسرائیل زۆر شتی قەرزبارە.

بەڵام کاتێک بە کردەوەوە ڕوویدا، دەرفەتێکی باش پەیدا بوو تا پاولا بنگوریۆن بە سەرۆکی لیژنەی بۆنەنامەکە بڵێ:

- "چ بیرۆکەیەکە! ئەرێ ئێوە کەسی دیکەتان نەدۆزیەوە تا میدالیاکەی بدەنێ؟"

بەشی ١٨

هەڵمەتی هەڵبژاردن بەسەرچوو، دکتۆر وایزمەن بووە سەرۆک، لەسەر سنوورەکانیش جاریّ بۆ ماوەیەکی کاتی ئارامی بەرپابوو، بنگۆریۆنیش دەیتوانی خۆی بۆ جۆرە کاری دیکە تەرخان بکاتا بۆ گەلەکەی و جیهان بسەلمێنی کە لە سەردەمی ئاشتیشدا وەک مانگە ئاڵۆز و پڕ شەڕەکان هەر سەرکردەیەکی کارامەیە.
هەنووکە دەردەکەویّ ئایا بە ڕاستی ئەو مەزنپیاوە؟
هێشتا زووە تا مرۆ شمشێرەکان بتوێنێتەوە و ئامێری دیکەیان لێدروست بکا. مرۆ پێویستە سوپا لاواز نەکا بەڵکو بەهێزتری بکا. لە هەمان کاتیشدا مرۆ لەسەریەتی گەلێک و وڵاتێک ڕۆبنیّ، کە تا ئێستا لەبن باری کێشەکان دەناڵێنیّ. هێشتائاشتی لەگەڵ شەش دەوڵەتە دراوسێکەیان سەقامگیر نەبووە، بەڵکو تەنها زنجیرە ڕێکەوتنێکی ئاگربەست و بە شێوەیەکی کاتی گرمەی چەکەکان بێدەنگ بوون.
بەریتانیای گەورە و لە دواییدا بە دوودڵی دانی بە ئیسرائیلدا نا، بەڵام دەوڵەتە عەرەبییەکان هەر وشەی ئیسرائیلیان بەکار نەدەهێنا. (ڕادیۆی قاهیرە هەر دەیگوت "ئەو گرووپە جوولەکەیە".)
کۆچبەرەکان بە تێکڕایی بە تەوژمێک دەهاتنە ئیسرائیل لە هەر خولەکێکدا یەکێک دەهاتە نێو وڵات، کەسیش نەیاندەزانی لە کویّ جێوڕێیان بکەنەوە. بنگۆریۆن هێشتا هەر هانی دەدان و ئەزموونێکی بوێرانەی بەکارهێنا.
هەمیشە بزووتنەوەیەکی بەهێزی زایۆنیزمی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوو، لێشی چاوەڕواندەکردن هەر کاتێ ئیسرائیل سەربەخۆ بوو، ژمارەیەکی زۆری زایۆنیستەکانی ئەمریکا بەرەو ئیسرائیل کۆچ

بکەن؛ پیاو و ژنان بە پیشەزانی و کارامەییان، دەیانتوانی لە هەموو لایەک، ئەرکە گرنگەکانی وڵات رابیبکەن. بەڵام لە ١٩٤٩دا لێ تێگەیشت ئەو پێنج ملیۆن جوولەکەی ئەمریکا لەوێ هەست بە ماڵی خۆیان دەکەن و هەڵناقەنێن، شتێکی پەرجووئاساییە گەر زیاتر لە چەند سەد کەسێکیان بێنە ئیسرائیل بژین. بێئومێدیەکەی سەبارەت بە نەهاتنی ئەوان زۆر گەورە بوو، بە شێوەیەک بە ساڵانێکی دوورودرێژ لە دوان و وتارەکانیدا هەر شتی لە بارەوە دەگوت.
بۆ بنگوریۆن ئەم نەهاتنەیان مایەی تەنگژەیەکی دیکەی ژیانی بوو. هەروەک هەندێک لەوانی دیکە لەو بارەدا نەدەکرا بڕیارێکیان بۆ دەربکا و دواتر لێیان بێدەنگ بێ. ئەو پرسە هەر بە کێشە مایەوە، لە میانەی ڕاستگۆیەتی دەربارەی ئەوانەی بە پارە یارمەتی دارایی گرنگیان بۆ ئیسرائیل دەکرد، مژارەکەی نە دەشاردەوە.
بنگوریۆن دەیزانی، کە بڕە پارەکە پێویستە بۆ ئەوەی بە ملیۆنان کۆچبەری جوو نیشتەجێ بکرێن، خانوویان بۆ دروست بکرێ، هەلومەرجی ژیانێکی وایان بۆ بڕەخسێندرێ، کە وا لەوانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بکا، چاویان لێبکەن. هەروەها پارە بۆ پشگیریی دەوڵەتیش پێویست بوو. گەر هاتبا و لە بەرانبەر جوولەکەی ئەمریکادا بیگەیاندبایە ڕادەی دوژمنایەتی، لەوانە بوو خەونەکەی بە تەواوی بەرجەستە نەبووبا.
ئەوەش بڕیارێکی ئاسان نەبوو. دیپلۆماتێک، پیاوێک کە لە بنگوریۆن ڕاستگۆتر و ئازاتر نەبووبا، ئەوەندە پۆزشت و پاکانەی هەبوون هەر هیچ نەبا جارێ بیروڕای خۆی لەمەڕ ئەو پرسەدا دەرنەبڕێ. بەڵام بنگوریۆن بێئومێدی خۆی لەبن کورسی و مێزدا نەدەشاردەوە، ئەو دەیزانی، کە وشەکانی دنەی لێشاوی کۆچبەران لە نیویۆرکەوە بەرەو تەلئەبیب نادەن.
لە ١٩٤٩دا کێشەگەلی دیکەش هەبوون.
بێگومان پارەیەکی ئەوەندە لەبەردەستدا نەبوو، کە پەنابەرە ڕەشوڕووتەکانی وڵاتە دراوسێکانی پشتەوەیان لە باکووری ئەفریقا، گێتۆکانی ڕۆژهەڵات، ئاوارەکانی ئەورووپا بیانخەنە بارێک کە شانازی بەوە بکەن بوونەتە هاوڵاتی نەتەوەیەکی هەست بەخۆ کردوو.

هەر چەندە سیا CIA لەوەدا سەرکەوت کە لەنێو جووەکانی ئەمریکادا باروبوویی لە هەر تاکێکیانەوە ئەوەندە کۆکردوەوە کە زۆر زیاتر بوو لەو پارە کۆکراوەی هەر گروپەگەلێک لەو وڵاتەدا بۆمەبەستی خێرخوازی کۆکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باری دارایی دەوڵەت زۆر لاواز بوو، کە گاڵتەجاران لە ١٩٤٩دا لەوەدا سەرکەوتن نوکتەیەک لەسەر ئەو کەسە دابنێن کە داوای لە بنگوریۆن کردبوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش کاری وەزیری کۆلۆنییەکانی پێسپارد.

- "بەڵام خۆ ئێمە هێشتا هیچ کۆلۆنیمان نین؟"

بنگۆریۆن وەڵامی دایەوە" "نەخێر، بەڵام ئێمە پارەشمان نییە کەچی وەزارەتی داراییمان هەیە."

دوانزە پارتی سیاسیی نوێنەرێک یان زیاتریان لە کەنیستدا هەبوو. لەهەر بابەتێکیشدا کە گفتوگۆی لەسەر دەکرا دوازدە هەڵوێست دەهاتنە پێش و ڕیز دەکران، بۆیە زۆر جاران دیموکراسی بە لەسەرخۆیی دەڕۆیشت.

ئیسرائیل وڵاتێک بوو بێ پایەتەخت. داموەزگاکانی حکوومەت کە هێشتا هەر لە هاکیرا بوون، بەڵام دەبوایە کەنیست (پەرلەمان) لە باڵەخانەی سینەمایەک لە تەلئەبیب کۆ ببێتەوە.

بە هەزاران ژن و پیاو بوونە کارمەندی داموەزگا تازە دامەزراوەکانی حکوومەت، بێگومان هێشتا بە کردەوە ئەزموونیان نەبوو، بەڵام خەڵک لە پایەتەختە کاتیەکەدا زۆر نوکتە و سەربردەی خۆشیان لەسەر هەڵەی بیرۆکراسییەکەیاندا دەگێڕایەوە. بەناوبانگترینیان ئەو نوکتەیەی دەربارەی دوو شێرەکە بوو، کە لە باخچەی ئاژەڵان ڕزگاریان بووبوو. یەکێکیان پێی سەلامەتتر بوو بگەڕێتەوە نەقەب. ئەوی دیکەیان هەر لە تەلئەبیب مایەوە. دوای هەفتەیەک ئەو شێرەی چووبووە نەقەب بە لەڕولاوازی و برسێتی و شەکەتیەوە گەڕایەوە تەلئەبیب و گوتی لە بیاباندا بە دەگمەن مرۆڤی لێبوون، کە پەلاماریان بدەم و بیانخۆم. بەڵام شێرەکەی تەلئەبیب قەڵەو و کەیفساز بوو، گوتی: "من هەموو بەیانییەک لە سەعات هەشتەوە دەچمە هاکیرا لەوێ لە دەوروبەری داموەزگاکانی حکوومەتدا پێنج کارمەندی چەور دەخۆم و دەگەڕێمەوە." شێرەکەی

نەقەب لێیپرسی: "پەککو پەککو، چۆن ئەوەندە خەڵکی زۆری لێهەن کە کەس حیسابی لە دەستدانی چەند دانەیەکیان نەکا!"
ئەوانەی کە سەرپەرشتی دامودەزگاکانیان دەکرد سەرقاڵ بوون. ڕۆژی کاری بنگۆریۆن تادەهات درێژتر دەبووەوە. دەربارەی ئەوە، دەگوترا کە مرۆ دەتوانی بە ئاسانتر قسە لەگەڵ پاپا بکا نەوەک ئەو.
یەکێک لە داهێنراوەکانی نەخشەیەکی چوار ساڵیانە بوو بۆ پەرەپێدانی لەخۆگرتنی کۆچبەران لە ئیسرائیلدا. لەبارەی پلانەکەی نەخشەیەکی دروست کردبوو، کە هەموو فەرمانبەرێک لە نووسینگەکەی خۆی هەڵیواسی بوو. وەک بنگۆریۆن بۆی چووبوو، ئەوە زۆر باشدەبێ کە هەموو بەیانییەک کاتێ فەرمانبەرەکە دێتە سەر، کار نەخشەکە بخوێنێتەوە و لەخۆی بپرسێ تۆ بڵێی ئەمڕۆ چەندمان بۆ جێبەجێ بکرێ تا زیاتر لە مەبەستی کۆتایی نزیک ببینەوە.
لە مانگە بەراییەکاندا دامودەزگاکان لەسەر سەری بنگۆریۆن دەسوڕان، بەڵام هەر بەهۆی ئەوەوە، وەزیرەکان دەسەڵاتی بەرفراوانیان وەرگرت، بەڵام هیچ بڕیارێکیان بە بڕیار نەدەژمێردرا گەر لە "ڕۆژنامەی دەوڵەتدا" بڵاو نەکرابایەوە. ئەوەش تەنها لەو بارەدا پەخشدەکرا، کە بڕیارەکە لە کابینەکەدا پەسند کرابا و بنگۆریۆنیش تەنها یەک دەنگی وەک ئەوانی دیکە هەبوو، بەڵام ئەو ئەجێندای کارەکانی کابینەی دادەڕشت. لەوەش گرنگتر ئەو بەهۆی کەسایەتیەکەی بەسەریاندا زاڵ بوو، هەموو ئەندامانی کابینەکە بە ڕێزەوە سەیری تێڕوانینیە ئایندەیەکانی ئەویان دەکرد.
یەکێک لە گرفتەکان کە بنگۆریۆن لە ١٩٤٩دا پێی ئالودە ببوو، ئەو سازشانەی بوو بۆ بلۆکی دیندارەکان، چونکە لە کنێستدا پێویستی بە شانزە دەنگی دیکە هەبوو، تا زۆرینە بەدەست بهێنێ.
بنگۆریۆن ئەوی پەژراند، کە لە ناو سوپادا ڕێنماییەکانی کۆشیەر Kosjer[٤٣] پەیڕەو بکرێ. لەوەیاندا مەبەستی هەبوو چونکە گەر لەنێو سوپادا دوو جۆر سیستمی خواردن هەبووایە یەکیان بە کۆشیەر و ئەوی دیکەیان بێ کۆشیەر، ئەوا ئاشپەزخانەکانیشیان لەیەک

[٤٣] ڕێنمایی ئاینی جوولەکە لەمەڕ حەلاڵ و حەرامی جۆرەکانی خواردن-وەرگێڕ

جیادەبوونــەوە، بــەم جــۆرە لــە یــەکترازانێک دروســت دەبــوو، بۆیــە نەیویست وابێ، بەڵکو هەموویان ملکەچی یەک سیستم بن.
هــەروەها ئەوەشــی پەســەندکرد کــە پرســی مــارەبڕین و تەڵاقــدان لای ڕابییەکان ببڕدرێنێتەوە. کریستیانەکان، عەرەبەکان و جوولەکە ئازادەکان (لادینەکان) دەبێ یان لەسەر پشتی کەشتیەک[44] یان لـە دەرەوەی وڵات مـارەی یەکدی ببڕن یـان یەکدی تـەڵاق بدەن. لەوەشیاندا نەیدەویست گەلەکەی دابەش ببێتە سەر دوو بەرە، بە هۆیەوە ئەندامەکانیان هـەرگیز لەگـەڵ یەکـدا ژن و ژنخـوازی لەگەڵیەکـدا نەکـەن. لە بەرانـبەر هـەوڵی دیکـەدا کـە ئیسـرائیل بـە ڕاسـتی بکەنـە دەوڵـەتێکی دیینـی (تیۆکراتییانـە)، بنگۆریۆن بەرپەچی دانەوە. لە ئیسرائیلدا بە شابات (شـەممە) هـیچ پـاس و شـەمەندەفەرێک کـار ناکـەن، سینەماکان دادەخرێن، بـەڵام لـە هەنـدێ شوێنی دیارکراوی تەلئەبیبدا میوانـان هێلکـە و هـام (گۆشـتبەراز)یان بۆ ئامـادەکراوە، یـاخود داوایـان لێدەکرا کـە زۆرینـەی ئیسـرائیلییەکان لـە ماوەی نێوان خۆرئاوابوونی ڕۆژی هـەینی و شـەممەدا جگـەرە ناکێشـن، بەڵکو تەنگەتاو نەکرێن.
گـەورەترین کێشـەی بنگۆریـۆن لەگـەڵ بلـۆکی ئۆلدارەکانـدا دەربـارەی ڕاژەی سـەربازییانە بوو، کە کچانی (ئەوانەی مێردیان نەکردووە) تەمەن نێــوان هــەژدە تــا بیســت و شــەش، دەبووایــە بچنــە ژێــر ڕاژەی سـەربازییەوە. لەمەیانـدا پارتـە ئەرسەدۆکسـییەکان لەبـەر گـەلێک هـۆوە دژی وەسـتانەوە و بەڵگەوبەندەکانیشـیان لـە بایبلدا هەڵدەهێنجا، بـەوەی بایبل ئەو شتەی قەدەخە کردووە، کە ژنـان خۆیـان وەک پیـاوان لێبکـەن و جلـی ئـەوان لەبـەر بکـەن. لـە کـاتی گفتوگۆکانیشـدا دەبـوو سـەرۆکی حکوومەت پێیان بڵێتەوە کە:

- "پێتانوایــە کــە ژنێــک لــە پشــت مەترالیۆزێکــەوە کــەمتر سەرنجڕاکێشە لەو ژنەی لە پشت ئامێرێکی چاپدایە؟"

بنگۆریـۆن لەگـەڵ پارتـە ئۆسـۆدۆکسـەکان لەسـەر پرسـی نووسـینەوەی دەسـتووردا هـاوڕابوو، بـەڵام لـە بەڵگەوبەندهێنانـەوەدا لەیـەک جیـاواز بوون.

[44] چونکە کەشتی بە سنووری ئیسرائیل نازاندرێ-وەرگێر.

قانونزانێکی زیرەکی ئیسرائیلیی کە لە دەستووری زۆربەی وڵاتانی کۆڵیبووەوە، ڕەشنووسێکی دەستووری ئیسرائیلی دارشتبوو.
کاتێک بنگوریۆن کۆنسێپتەکەی خوێندەوە، تیایدا ئەوەی بینی، کە ئەنجوومەنێکی باڵای تێدا پێشنیاز کرابوو، ئەنجوومەنەکە لە دەسەڵاتی دابوو قانونەکانی کنێستەوە هەڵبسەنگێنی تەنانەت دەیتوانی هەڵیشیان بوەشێنێتەوە، ئەوسا گوتی:

- "من هەرگیز لێنا گەڕیم لە وڵاتەکەماندا پارێزەران پێم بڵێن، کە چۆن وڵات بەڕێوە ببردرێ."

ئەو نموونەی بەریتانیای گەورەی هێنایەوە کە دەستوورێکی نووسراوی نەبوو. هەروەها ئەوەشی بەبیر هێنانەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێوان جاڕنامەی سەربەخۆیی و هاتنەکایەی دەستووریانەوە، یانزە ساڵی ڕەبەقی خایاند. سەرەڕای ئەوەش دەستوور لە ڕووی کردەییەوە کاریگەرییێکی نادیموکراسیانەی دەبێ، چونکە هەموارکردنەکەی بە زەحمەت دەکەوێ. هەرچۆنێک بێ بەلای ئەو باشتر بوو جاری چاوەڕێ بکەن تا تاراوگەییەکان زیاتر بگەڕێنەوە وڵاتی باب و باپیرانیان، ئەوسا هەموو کۆمەڵگای جوولەکە بەیەکەوە لە پرسەکە بڕوانێ.
هەروەها زۆریش لەسەر ئەو قانونە قسەکرا کە مافەکانی هاووڵاتیان لەخۆ بگرێ. لەمەیاندا بنگوریۆن بە بێتۆقرەی گوتی:

- "جارێ وا پێویستە بیر لە قانونێک بکەینەوە کە ئەرکەکانی هاوڵاتیان دیاری بکا."

کاتێکیش مرۆ پرسی ئەوەی دەکرد ئاخۆ قانونی مافەکانی هاوڵاتیان چی لەخۆ بگرێ، هاتە وەڵام و گوتی:
"لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر وشەی بۆ پێویستن، بەڵام لە زمانی عیبریدا تەنها سیانمان هەن: ڤێهاڤتا ڕەکها کامۆها Veahavta re-ekh`a kamoh`a (نزیکەکەت وەک خۆت خۆش بوێ)."
ئایا پێویستە ئیسرائیل لە شەڕی ساردا لایەنگری کامەیان بێ؟ ئەم باسەیان زۆرترین باسوخواسی لە ڕۆژئاوا لەسەر دەکرا، بەڵام کە بە ڕاشکاوانە باسی لێوەکرابا و هەڵوێست وەرگیرابا، ڕەنگبایە بە خراپی بەسەر ئەو ۱۸۰۰۰۰۰ جوولەکەی ڕووسیا و ئەو ۸۰۰۰۰۰ کەسەی

بلۆکی ڕۆژهەلات شکابایەوە. هەندێکیان لەوان دەیانەویست گەر دەرفەتیان پێبدرێ بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن. نزیکەی ژیانی سێ ملیۆن کەس لە سەنگی مەحەک دابوو.
بنگوریۆن هێشتا هیوای هەر هەبوو. لە دواییدا ڕووسەکان لە لییک سوکسێس (بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان) دەنگیان بۆ دەوڵەتی جوولەکان دا. بۆیە لەوانەیە...
ئەو زۆر بە ئارامی بۆی دەچوو.

- "لەسەر هێڵی ئێمە ئەوەیە کە پەیوەندی دۆستایەتیە سیاسیانەییەکانمان لەگەڵ هەموو دەوڵەتێکی ئاشتیخوازدا ببەستین، مافیشمان نییە خۆمان لە کاروباری ناوخۆیاندا هەڵبقورتێنین."

بنگوریۆن گۆلدا مایرسۆن (گۆلدا مایر)ی نارده مۆسکۆ، ژنێک کە لە میلاوکیی Milwaukee گەورە بووە. بۆ پراگیش ئێهود ئاڤریل Ehud Avrilی گەنجە سۆشیالیستە بیرتیژەکەی بەڕێ کرد. ڕێوڤن روبین Reuven Rubinی نیگارکێشی کە لە ڕۆمانیا لە دایک ببوو، لەگەڵ ئاننا پاوکەر Anna Paukerی وەزیری ڕۆمانیای کاروباری دەرەوەدا لە قوتابخانە بوو، نارده بوخارست. هەر زو گۆلدا مایرسۆن بە هیوابڕاوی گەڕایەوە.
کاتێک لەنێو جووەکانی ڕۆمانیا زانرا، کە ئیسرائیل کونسولخانەیەکی خۆی لەوێ دەکاتەوە، ئاپۆرەی جووەکان بە خەونی سەوز و سووری بەسەردا باری کە بووە مایەی ڕێگاگیرانی هاتوچۆ. هونەرمەندە لەڕولاوازەکە بە بەخەڵکانێکی زۆر دەورەدرا دوای ڤیزەیان لێدەکرد. لەسەرەتادا پێدەچوو ئاننا پاوکەر ئامادەی کۆمەککردنیان بێ و ڕۆبینیش بتوانێ سەرپەرشتی لێشاوی کۆچبەران لە ڕۆمانیاوە بەرەو حەیفا بکا. لە ڕاستیدا ئەوان کەسانێکی بە تەمەن، پەککەوتە و نەخۆشەکان بوون: ئەو کەسانە بوون کە ئاننا پاوکەر و سەرۆکەکەی هیچیان بۆ ڕۆمانیا لێچاوەڕێ نەدەکردن. بەڵام ئەوانە جووەکان بوون کە بۆ وڵاتی زێدیان دەگەڕانەوە.

لە پڕێکەوە وەزیری کاروباری ڕۆمانیا سنوورەکانی داخستن؛ هیچ جووێکی دیکە بۆی نەبوو وڵات بەجێبێڵی، ئیدی ڕۆبین لە دواییدا بە ورەیەکی شکاوەوە گەڕایەوە نمایشگاکەی لە تەلیەبیب.
کۆچبەرەکان ئەمجارەیان لە ئاراستەیەکی دیکەوە بە شاڵاو دەهاتن؛ نەخۆش و لەشساخ، ڕۆژئاوای و ڕۆژهەڵاتی، جوولەکەی سپی پێست و ڕەشپێست، هەندێکیان سیلداریش بوون، ئەوانی دیکە دەستێکیان یان قاچێکیان لەدەستدابوو، لەنێویاندا جوولەکەی بەخەندە و گرینۆک هەبوون، ژنە دوو گیانەکان، پیاوە ڕەنگ دابزڕکاوەکان، بەڵام خۆ هەر هەموویان جوولەکە بوون.بۆ ئەوان ماوەی بیست سەدە بوو دەرگای وڵاتی کتێبە پیرۆزەکەیان لەسەر داخرابوو، ئێستاش بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمیان لێدەکرێ چونکە قانونێک دەرچووە، ڕایگەیاندووە کە هەموو جووەکانی دنیا مافیان هەیە بگەڕێنەوە، هەرچەندە گەر ڤیزا یان کاخەزەکانیشیان مۆر نەکرابێ.
خەمبارترین قۆناخی گەڕانەوە هی جووەکانی یەمەن بوو، وڵاتێکی سەدەکانی ناوەڕاست، وڵاتێک بە تاوی ڕۆژ ڕەش هەڵگەڕاوە و کەوتۆتەسەر دەریای سوور، بە کردەوە هێشتا ترومۆبێلیان نەناسیوە، مرۆڤ لەوێ جووەکانی لەوانی دیکە بە ئاستەم لە یەک جیادەکاتەوە. ئەرسەدۆکسە توندەکان کە خەڵکی زۆر بەرایی بوون، بە پێنج فرۆکەی Skymaster گواسترانەوە؛ فرۆکەکان دەیانتوانی دوو ئەوەندەی گەشتی ئاساییانەی خۆیان سەرنشین هەڵبگرن، چونکە بەبێ ڕیزپەڕ هەموویان زۆر لەڕولاواز و چورچە بوون.
بۆ ئەوان و بۆ کۆچبەرانی باکووری ئافریکیا بنگوریۆن داودی نوێ بوو. ڕاستە ناونیشانەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، بەڵام بۆ ئەوان پاشا بوو، فریادڕەس بوو. ئەو پەڕجووی ئافراند. سەردانی خێوەت و کۆڵێتەکانی دەکرد، کە بە شێوەیەکی کاتی بۆی گواسترابوونەوە، ئەو سەردانی نەخۆشەکانی دەکردن بەو هیوایەی چاک ببنەوە.
تەنانەت بۆ کەسێکی وەک بنگوریۆنیش کە سەر بە ئۆرسۆدۆکسەکان نەبوو، ئەو کەشوهەوایەی گەڕانەوەی کۆچبەران لە ڕازداریێتی بایبل دەچوو. ئەوەی لێرەدا ڕوویدا لەوە زیاتر بوو کە تەنها دەرفەتی

حەوانـەوە و خانووبـەرە بێ بۆ ئـەو بێ پەنایانـە، بـەڵکو چەوسـاوەکان دەرفەتێکیان پێبدرێ تا وڵاتە نوێکە بە دەسـتپێکەکان پڕ بکرێتـەوە و بە بازووی گەنجەکانیشیان ئێشک لەسەر سنوورەکانیان بگیرێ.
بۆ بنگوریۆن ئەمـەیان خـاڵی وەرچـەرخان بوو، سـاتێکی مێژوویین بوو، هـەروەک لـە دیرۆکـی هـەر ڕەگەزێکدا بـەلای زۆری جارێـک یـان دوو جاران ئەو پێشهاتە سەرهەڵدەدا. لێرەوە خۆڕێکخستنەوەی هەموو گەلی جوو دەستی پێکرد.
لـە کاتێکدا هاوکارەکـانی لـە حکوومەتـدا بـە پرسـی بێژمـاری ناڕۆشـن سەریان دەیەشاند، ئاخۆ کێ سەرپەرشتی باجەکان بکا، یان چۆنیەتی دانانی بەرزایی باڵەخانەکان دەستنیشان بکرێ، پێویستە لە چ سەعاتێکدا قاوەخانـەکان دابخـرێن، لـەو کاتـەدا بنگوریـۆن هـەوڵی دەدا گەلەکـەی بهێنێتە سـەر هۆشـی ئایندە مەزنەکەی، هـەوڵ و تەقەللای بۆ ئـەوەبوو گۆڕانـە خێراکـانی سـەردەمەکەی بـە ئاراسـتەیەکی گونجـاودا ببـا، ئـەو هەوڵی دەدا زۆرتـرین، ئەفسـانەترین، پەرجـووترین پێشـهاتی سـەردەمی بێنێتە گۆ.
پێویسـت بـوو نووسـراوەکان واژۆ بکـا، لـە بۆنەکانـدا ئامـادەبێ، ڕێگـای وێنـەگران بـدا وێنـەی بگـرن، ڕاوێـژ لەگـەڵ وەزیرەکـانی دیکـەدا بکـا، سەرۆکایەتی دانیشتنی کابینەکەی بکا، وەلێ پێش هەموویان دەیویست ئەوە بـۆ جیهـانی ڕوون بکاتـەوە، کـە سـەرهێڵەکانی دەوڵـەتێکی نـوێ شـتێکی حاشـاهەڵنەگرە. سـەردەم پێویسـت بەیـەکێک بـوو کـە هێڵـەکان لێکبداتـەوە و کـە ئیسرائیل وێستگەیەکی ئەزموونداری دەبێ کـە تیایدا دەرەنجامـە زانسـتییەکانی بـە کـردەوە سـەلمێنراون کـە ئەزموونەکـەیان سەرکەوتوبووە.
ئێسـتا ئەوەنـدە زۆر جـوولەکەی ڕەشپێسـت هـاتون کـە مەترسـی ئـەوە هـەیە بە هۆی ڕەنگی پێستەکەیانەوە جیاواز بکرێنەوە. ئەو هەمـوو زمـان و زاراوانــە کێشــەیان خوڵقانــد. لــە ژیــانی نەریتیانــەی کۆچبەرانــدا گۆڕانکـاری شۆڕشـگێڕانە پەیـدا بـوون. مـرۆ دەبوایـە دژی جیـاوازی چینایـەتی بـەئاگا بایـە. دەبوایـە لـەنێو کۆچبەرانـدا بانگەشـەی کـاری کشـتیاری کرابـا، نـەبادا هەموویـان لـە دەوری تەلئـەبیب کۆ ببنـەوە و دوکانۆکەیەکیان دانابایە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٤٩شدا بنگۆریۆن تەواوی دوان و وتارەکانی لەسەر کارتەکان دەنووسی کە بۆ ئەو مەبەستە بەکاری دەهێنان، تیایاندا پێشچاوڕوونی پێدەدان بە جۆشی دەرخستن کە زۆر پێویست بوو تا خەونەکانی بە ڕاست وەربگەڕێن.

- "گەر کۆچبەری تازەهاتوو لە خۆیەوە حەزی لەوە نەبوو لە وڵاتدا جێگیر ببێ، ئەوا دەبێ بە خۆشەویستی و هاوڕێیایەتی هانی بدەین بمێنێتەوە..."
- "ئێمە دەبێ هەموو ناوچەیەکی وێرانەی وڵاتەکەمان بە دارودرەخت دابچێنین، بەم جۆرە لە قووڵایی خاکی باب و باپیرمانەوە بنپێتی و بێفەڕی ڕیشەکێش بکەین. خاکەکەمان سەرلەنوێ دەبێ ببوژێتەوە."

گەر هاتو لەناکاو بە تاوی باران خێوەتاکانیان ژێر ئاو بکەوێ، یان خواردنیان خراپ بێ، ئەوا باسکی هێزوباز و هیوای لێهەڵدەکا و پێ لەسەر خانووبەرەی باشتریان بۆ دادەگرێ تا بۆیان دروست دەکرێ. هێشتاش هەرئەو ڕێبەرایەتیان دەکا تاڕاستەڕێ بگرنەبەر.

ئەو بەردەوام لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانی بەردەستی لەسەر ئەو ئاستەی پێیگەیشتوون، لەوەتەی کۆچبەران هاتوون، هەر دنەیان دەدا و لەسەر بەردەوامبوون بە گەڕیان دەخا. لە هەفتەیەکدا دەبوایە بیست و پێنج هەزار خانوو دابین بکرێ. لە گرد و زورگەکانیشادا مرۆ دەبوایە یەک ملیارد دارودرەخت بڕوێنن. هێزێکی پۆلیسی دوو هەزار کەسی پێکهات کە سەرجەمیان جوولەکە بوون. لە وڵاتەکەیاندا تەنها جوولەکە دەیتوانی جوولەکە بگرێ و بیخاتە بن چاوان. دەزگای کارگێڕی نزیکەی بە تەواوی لە ڕەگەزی گەندەڵیی سەردەمی مانداتدا پاک کرابووەوە. بەهای پارەکەیان جێگیر ببوو. لە ئیسرائیلدا دامەزراوێکی گەشتی ئاسمانی دامەزرا. باش بوو دامەزراوەکەش تەنها یەک فڕۆکەیان هەبوو، بەڵام بە ئارامگرتن شتی دیکەی بەدوادا دێ، شەمەندەفەرەکانیان کەوتبوونە گەڕ. کەشتیگەلێکی بازرگانیش ڕێکخرابوو. ئیسرائیل دەژیا. ئیدی ئیسرائیل ببووە نەتەوەیەک.

کاتێک لە ١٩٤٩دا ئیسرائیلییەکان بە نە قەبدا بڵاوبوونەوە، شا عەبدوڵلا تەنگەتاو بوو؛ ڕێککەوتنامەی کاتی خۆی بە بیر بەریتانیای گەورە

هێنایەوە، بەریتانیاش هێزەکانی ناردنە عەقەبە Akaba. عەقەبەش ئەو بەندەرەی ئوردن بوو، دەکەوتە لابالّی باکووری دەریای سوور، کە تەنها بە دۆلّێک (Wadi وادي) لە بەندەری ئیلاتی ئیسرائیلی جیا دەکرایەوە.

تاکە ڕێگای گەیشتنە ئیلات ڕێچکەیەک بوو، بە زەحمەت بە نێوبیاباندا دەڕۆیشت و نزیک بوو لە تخووبی ئیسرائیل و ئوردن. بۆ ئەوەی دەستیان بە ڕێگایەکەی دیکەدا ڕابگا وپێش ئەوەش ئوردونیەکان ڕێگەیان پێبگرن، بنگوریۆن ڕێگەناسانی ناردنە سەر گردە چۆڵ و وێرانەکانی دیوەکەی دیکەی نەقەب، لەو شوێنەی کە بیابان هاوسنووری وڵاتی میسرە. بە زەحمەت بەناو ئەو بەردەڵانەی دۆڵەکە و ئەو ڕێیەی کەسی پێدا نەڕۆیشتووە ڕەت بوون. دوا جار ڕاپۆرتێکیان دایە بنگوریۆن تیایدا هاتبوو:

- "زەحمەتە، بەڵام دەکرێ."

ئەوەش بۆ بنگوریۆن بەس بوو. ئیدی ئاللۆنی کە فەرماندەی هێزەکانی باشوور بوو، ڕاسپارد بۆ ئەوەی دوو تیپ بنێرێتە ئیلات، یەکێکیان بە ڕێگای ڕۆژهەلات و ئەوی دیکەشیان بە ڕۆژئاواوە. دەبوایە مشووری ئەوەیان خواردبا، کە ختوکەی عەرەبەکان نەدەن. هەر دوو تیپەکە ئەوپەڕی توانایان بەکار هێنا، کە ئاخۆ کامەیان پێشتر دەگاتە سەر دەریای سوور. یەکێکیان چەند سەعاتێک پێش ئەوی دیکەیان گەیشتێ، بەڵام فەرماندەکەی بڕیاریدا چاوەڕێی دووەمەکەیان بکا، تا بەیەکەوە برووسکە بۆ سەرۆوەزیر لێبدەن:

"سڵاومان لە ئیلاتەوە."

لە پەرۆشیدا سەرەکی ئەنجوومەنی وەزیران بە فڕۆکەیەک خۆی گەیاندە سۆدۆم Sodom، لەوێشەوە بە ڕێگایەکی ناخۆشدا بە بیاباندا تا گەیشتە دوا دەروازەی وڵاتەکەی لە ڕۆژهەلات نەوەستا.

هەفتەیەک دواتر، ئیسرائیل بووە پەنجا و نۆهەمین ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕاستی هەنووکە نزیک بۆتەوە.

سێ ڕۆژ دواتر ئاهەنگی یەکەمین ساڵڕۆژی سەربەخۆیی گێڕدرا. بنگوریۆن لە دوانەکەیدا لە هێڵە سەرەکیەکانی دەرنەچوو، هەرچەندە هەموو هۆیەکی لەبەردەستدا بوو کە شانازی پێوە بکا. بە خێرایی

دەستکەوتێکی بە بیرهێنانەوە (دوو سەد هەزار کۆچبەر گەڕاونەتەوە)، بەڵام بابەتی سەرەکی دوانەکەی سادە بوو.

لە حوزەیراندا ناونیشانێکی نوێی بەخشیە یادین، ئەویش ڕاوێژکاری سەربازییانەی سەرۆوەزیربوو.

لە خۆڕێکخستنەوەی سوپادا زۆر گرفت هاتنە پێشەوە. هەنووکە پلەی سەربازییانە، یەکبەرگیی، خەڵات و میدالیای ڕێزلێنان. یەک دوو نموونە نیشانی بنگۆریۆن دران. کاتێک سەرنجی دایە کە ناوی تۆڵەسێنەرە مێژوویەکانی وەک بار کۆچبا Bar Kochba، شاوڵ Saul و سیمۆن Simonی لەسەر بوو، ئینجا گوتی:

- "من ئامادە نیم میدالیای ڕێزلینانی شۆڕەسوارانی سەربازی کە ناوی ئەو جووانەی لەسەرە، کە لە نەبەردییەکاندا دۆڕاون، ببەخشمەوە. سەربازەکانم نابێ ئەو میدالیانە بە بەرۆکیانەوە بدەن، کە ئەو کەسانە بهێننەوە یاد کە لە شەڕگە و نەبەردییەکاندا تێشکاون. ئێمە دەبێ یادەوەرییەکان بە زیندوویی ڕابگرین، ئەو سەردەمانەیان بە بیر بێنینەوە کە بردومانەتەوە، نەوەک دۆڕابین."

هەرچەندە بنگۆریۆن سەرقاڵ بوو بەڵام بەلای کەمییەوە ڕۆژێک لە مانگدا سەردانی دامەزراوە سەربازییەکانی دەکرد، بنکە سەرسنوورییەکان و مەڵبەندی مەشقپێدانەکانی بەسەر دەکردەوە. هەروەها لەگەڵ فڕۆکەی تۆرپیدۆ جەنگاوەرییەکانیشدا دەفڕی. یەکێک لە تاقمی فڕۆکەوانەکان سەرنجێکی جوانی گوتی:

- "ئەوە زۆر خۆش بوو سەرۆوەزیر، کە کتێبی ئەفلاتونی لە دەستدایە و لە سێبەری یەکێک لە فڕۆکە شکێنەکاندا ببینی دابنیشی. بە ڕاستی پێکهاتەیەکی پەرجووانە دەسازێنی."

تەمەنی ئەو گەیشتبووە نزیکەی شەست و سێ ساڵ، بەڵام هێشتا تین وزەی تەواوی وای تێدا بوو کە یاریدەرانی بە زەحمەت پێیرا دەگەیشتن. ئەو بەردەوام هەوڵیدەدا بە بەرزترین گردا هەڵبگەڕێ، هەموو هێڵی بەرگری ببینێ، هەموو پارچەیەکی چەکی بۆمباهاوێژ ببینێ، بەلای هەموو فڕۆکەکاندا بچێ، بەسەر هەموو تانکەکاندا باز بدا، سەربازانی هەموو بەشە جیاجیاکان بپشکنێ.

لەشکر بەردەوام جێنیشانەی ئەو بوو. ئەوەی دەدی کە ڕێکخراوەی داکۆکی لە سنوورەکان دەکا، بەڵام لە پێشەوەی هەمووانیش هۆکارێکی هەرە بایەخداری یەکێتیە بیخاتە باوەشی گەل، تا زیاتر بە بیری نوێ پەرەی پێبدرێ.

جوولەکەکان کە لە یەمەن، ماراکۆ، عێراق و ئەورووپا تازە هاتبوونە ڕیزی سوپای ئیسرائیلی؛ سوپا فێرە زمانی عیبریيانەی کردبوون، فێری کردبوون کە چۆن بە چەقۆ و چەنگاڵ نان بخۆن، چۆن بچنە نێو جێگایان، چۆن ددانەکانیان بشۆن. فێری مێژووی جوولەکەیان کردن، فێری جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین، دامەزراوەکانی حکوومەت، پاکوخاوێنی و بەکارهێنانی سابوون و ئەلف و بێیان کردن. ئەوەی زۆریش گرنگ بوو ئەوانەی لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە هاتبوون، ئەوانەی ڕەنگی پێستەکانیان لەنێوان تۆخی و کاڵیدا بوو، کە سەر بە شارستانییە جۆربەجۆرەکان بوون، چۆن بە هاوڕێیایەتی لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن. لەشکر ئەو ئەرکەی بەو پەڕی لێوەشاوەیی بینی لەوەی، کە بنگوریۆن بە قووڵی و لە ناخەوە بۆی دەهەژا. کاتێک ئەو وشەکانی تسڤا هاگانا دیزرائیل *Tsva Haganah Deysrael* (سوپای پارێزەری ئیسرائیل)ی گۆ دەکرد، وەک درووددێک لەسەر لێوەکانی دەردەچوو.

ئەو سوپای بەوە هەڵدەسەنگاند ئاخۆ تا چەند توانیویەتی دانیشتوانی لە یەمەنەوە ڕاهاتوو لەگەڵ خۆدا بسازێنێ. گەر هاتباو لەگەڵ دەستەیەک لە ئەفسەران دوابا، بەردەوام لێی دەپرسین:

- "کێ لە ئێوە لە یەمەنەوەڕا هاتووە؟"

ئەو لە یەکە یەکەی دەپرسی، زانیاریی ئەوەی لێوەردەگرتن ئاخۆ لە کەیەوە چوونەتە ڕازەی سەربازییەوە، چ پلەیەکیان هەیە، بارەکەیان پێ چۆنە. ئیدی هێشتا هەر دەیگوتەوە:

- "ئێمە سوپایەکی باشمان نابێ تا ئەو کاتەی یەمەنییەک نەبێتە ژەنەڕاڵ." (بەرزترین پلەی سەربازیيانەی یەمەنییەک تا ئەوکات ماجۆر بوو.)

لە سەروبەری کۆتایهاتنی ساڵی ١٩٤٩دا دەبوایە بنگوریۆن و دەوڵەتی ئیسرائیل بڕیار دەربارەی چارەنووسی ئۆرشەلیمەوە بدەن.

دوای چەند مانگێکی ئابلۆقەی سەربازییانە شارە نوێکە نموونەی نەداری بوو. لە هەموو شەقامێکیدا خەڵکی لێکوژرا بوو، نزیکەی هەموو خێزانێکی شارەکە شینگێر بوو.
لەو کاتەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بارەی ئایندەی ئۆرشەلیمەوە باسوخواس دەکرا، بنگوریۆن و وەزیرەکانی هەوڵیان دەدا ژیانێکی نوێ بەبەر ئەوبەشەی شارەکەدا بکەن، کە کەوتبووە بندەستی جووەکان. دەست بە خانووبەرە و گەڕەکی نوێ کران. دە هەزار کۆچبەر ڕەوانەی ئەوێ کران. کارگە پیشەسازییە بچووکەکان کە ئامادەبوون لەوێ جێگیر ببن، لەلایەن حکوومەتەوە کۆمەک کران. لە بریتی تەلئەبیب ئۆرشەلیم بۆ کۆنگرە سازدان بەکار هێنرا.
ئوستڕالیا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە لییک سوکسێسدا پڕۆژە بڕیارێکی پێشکەش کردبوو، کە سەرجەم ئۆرشەلیم بکەوێتە بندەستی نەتەوە یەکگرتووەکان. پێش ئەوەی دەنگیشی لەسەر بدرێ، بنگوریۆن بە لێبڕاوانە ڕایگەیاند:

- "جووەکان تەواو ئامادەن ژیانیان لەسەر ئۆرشەلیم دابنێن، هەروەک چۆن ئینگلیزەکان لەسەر لەندەن، ڕووسەکان لەسەر مۆسکۆ و ئەمریکاییەکانیش لەسەر واشنتن دایدەنێن."

چوار ڕۆژ دواتر، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرەڕای ناڕەزاییتی بەریتانیای گەورە، کەنەدا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیارەکەی پەسند کرد.
بنگوریۆن دوو دڵ نەبوو. بانگەشەی بۆ ئەوەکرد کە شارە نوێیەکەی ئۆرشەلیم لەمەولاوە پایەتەختی ئیسرائیل دەبێ.
هەندێکیان بەریان پێگرت، چونکە ئەو ڕێکخراوەی کە چاکەی ناساندنی ئیسرائیلی بەنێوچاوانەوەیە، بەو بڕیارە ڕەزامەند نییە. ئەوانی دیکە پێیان وابوو، شارە نوێکە کە سەرجەمی جوولەکەن، بە کردەوەش هیچ شوێنێکی پیرۆزی کریستیانەکان و موحەمەدییەکان (ئیسلامەکان)ی تێدا نەبوو، کە سەد هەزار جوولەکەی لێدەژین، نابێ هەروا بۆ بەختی خۆی بەجێ بهێڵدرێ. مرۆ نابێ هەست و سۆزی ئاینەکانی ئۆرشەلیم بۆ جوولەکەکان بەهەند هەڵنەگرێ.

ئــەوەش شــارە کۆنەکــەی داود بــوو. ئــاخر جوولەکەکــان هــەر لــە تاراوگەوە نوێژیان بۆ گەڕانەوە دەکرد.
ئەمریکـا کـە دژی بـە نێونەتـەوییکردن بـوو، تێبینییـەکی بـەهێزی دایـە ئیسرائیل، ئاگاداری کردەوە "هەنگاوێکی دژوارانە" نەنێ.
بەڵام بنگوریۆن وازی لە نەخشەکەی خۆی نەهێنا. لە ماوەی پایزی ئەو ساڵدا بێ ئەوەی سـەرنجیزۆر بۆخـۆی کێشـبکا،یەک دوو دامـەزراوەی حکوومەتی ناردنە ئۆرشەلیم. ئەوسا سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بوو لـە تـەلئەبیبـەوە بـەرەو شـاری پیـرۆز کەوتـەڕێ، مـاوەی نێوانیـان ٧٢ کیلۆمـەتر بـوو، چونکە هەندێ لـە دامـەزراوەکانی دیکـەی حکوومـەتیش لەوێ بوون. ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە دواییدا کەنیستیش لە ئۆرشـەلیم کۆ دەبێتـەوە. هەمـوو وەزارەتـەکان دەبـێ بۆ ئـەوێ بگوازرێنـەوە، تـەنها وەزارەتـی بـەرگری نـەبێ. وەزارەتەکـە لـە شـوێنی خـۆی لەبـەر هـۆی سـتراتیژی لـە تەلئـەبیب دەمێنێتـەوە. هـەروەها وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەش تـا سـێ چـوار سـاڵیک هـەر لـە تەلئەبیبـدا دەمێنێتـەوە، تـا دیپلۆماتە بیانییەکان تووشی هەڵوێسی نەخوازراو نەکەن؛ بۆ هەندێکیان زەحمــەت بــوو دوای دەرچــوونی بڕیــاری نەتــەوە یــەکگرتوەکان بــۆ ئۆرشەلیم بگوازنەوە.
ئەوە دوو ساڵ بوو بنگوریۆن ئۆرشـەلیمی بەجێهێشـتبوو تا سـەرقاڵی جەنگەکەی بێ؛ ئەوکات کلیلی ئەو باڵەخانەیەی کە ئاژانسی جووەکانی تێدابوو لە گیرفان دانابوو، گوتی:

- "ئەمــەیان هەڵــدەگرم. مــن بیــرم بــۆ ئــەوە دەچــێ کــە بــۆی دەگەڕێینــەوە. هەنــووکە ئــەو ســاتە هاتــەوە کــە کلیلەکــە بــەکار بهێنمەوە."

بەشی ١٩

✡

لە سەردەمی منداتەوە ئاژانسی جوو لە سەر ڕێگای جۆرجی پێنجەمدا، خانووێکی گەورەیان بە بەرد دروست کردبوو؛ هەموو داموودەزگاکانی جووەکانی بۆ گوازرابووەوە. دوای ١٩٤٥دا لە دیوی پشتەوەیدا باڵەخانەیەکی سێ نهۆمییان دروست کرد، ڕووەکەی دەکەوتە سەرشەقام، کە لە هەر دوولا دارودرەخت بوو، بە ڕێکەوتیش هەمان ناوی شەقامەکەی تەلئەبیبی هەڵگرتبوو، کە بنگوریۆنی لێدەژیا، ئەویش ناوی کێرن کایەمەت Keren Kayemet بوو.

ئیدی بنگوریۆن لە ١٩٥٠دا جارێکی دیکە گەڕایەوە خانووەکە، بەڵام ئەم جارەیان وەک سەرۆکی حکوومەت بە خۆی و سکرتێرەکەی، یاریدەدەرە سەربازییەکەی، کارمەندانی نووسینگەکەی، تایپیستەکە تاکو ئەو دوانانەی لەسەر کارتەکانی دەنووسین تایپیان بکا، بەم شێوەیە بەخۆی و تەواوی ستافەکەی هاتە ئەوێ. نووسینگەی تایبەتی بنگوریۆن لە نهۆمی دوهەم بوو، کە هۆڵێکی نۆ بە دوانزە مەتر بوو. سەر هەر چوار دیوارەکانی نەخشەرێژ کرابوو. لە پشت مێزی نووسینگەکەی نەخشەیەکی گەورەی دوو مەتر چوارگۆشەی هەڵواسرابوو، کە وڵاتە عەرەبییەکانی بە ڕەنگی سوور ئاماژەکرابوون، باقی دیکەی جیهان ڕەنگەکەی زەرد بوو، ئیسرائیلیش خەتێکی شینی تۆخ بوو. ئیسرائیل لەسەر نەخشەکەدا ئەوەندە بچووک بوو، بە ئاستەم دەدۆزرایەوە. لێرەوە لە نووسینگەکە سەرۆک و میوانەکانی بەردەوام بارودۆخی جیۆسیاسیەکەیان بەبیر دەهاتەوە.

بنگوریۆن دەربارەی پرسەکە گوتی: "ئاوا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبینم، کە ئێمە چەند بچووکین."

لە دیواری بەرانبەریشیەوە نەخشەی ئۆرشەلیم هەڵواسرابوو، نزیکەی هەموو باڵەخانەیەکی ئەوێ نەخشەیەکی وای هەبوو. لە یەکێک لەلا دیوارەکانی دیکەدا نەخشەیەکی گەورەی ئیسرائیل هەڵواسرابوو، لە تەنیشتیشەوە نەقەب بوو. لە دیواری چوارەمیشدا نەخشەیەکی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانرابوو.

تاکە پۆرتریتی هەڵواسراو لە ژوورەکەدا تا ساڵی ١٩٥٨ وێنەیەکی بێرل کاتزێنسلۆن بوو کە، لە چوارچێوەیەکی چەرمین دانرابوو. وێنەکە لە لای چەپی نووسینگەکە بوو. سەرنووسەرە کۆچکردووەکە هەندێک لە ئاینشتاین و برێکیش لە شوایتزەر Schweitzer دەچوو.

جگە لەوانە لەسەر نووسینگەکەی ڕۆژمێرێکی لێبوو کە حیسابی ڕۆژە کریستیانی و جوولەکەکانی دەکرد، هەواگۆڕکێیەکی ڕەش، مەرەکەبدانێکی مەرمەڕ و دوو قەڵەمی پاندان (بنگۆریۆن حەزی لە قەڵەمی وشک 'جاف' نەبوو)، بایبلێک، پێڕستی ناو و شوێنان تا بتوانێ بە ئاسانی لە بایبلدا بگەڕێ، چوار ئامێری تەلەفۆن، سێی ڕەنگ ڕەش و یەکی سپی. ئامێرە سپییەکەیان بۆ پەیوەندیکردن بوو بە سکرتێرەکەی بۆ باری پەلە و پێویست.

ڕووی مێزی نووسینەکەی بە پارچەیەکی تەختی شوشە داپۆشراوە، لە ژێریەوە پارچە کاخەز هەبوو کە نووسینەکەی لە دوو ئایەتی بایبل پێکهاتووە. لەماوەی پشووەکانیش یەکیانی بەوی دیکە دەگۆڕی.

لە نووسینگەکەیدا شەش کورسی چەرمین هەبوون. بەشێکی زەمینەکە بە مافوورێکی ڕۆژهەڵاتییانە داپۆشراوە. لە دیوەکەی دیکەی ژوورەکە لەسەر مێزۆکەیەک پەیکەرێک کە لە ئیسرائیل دروستکرابوو، دانراوە، لەگەڵ دوو کورسی و قەنەفەیەکی لە دەورە دانراوە.

بێجگە لە نەخشەی ولاتان و چوار دۆلابی پڕ کتێب، ژوورەکە دەکرا ژووری بەڕێوبەرێکی بانک یان سەرپەرشتکاری قوتابخانەیەکی گیمناسیۆم بووبایە.

بە هۆی نەخشەکانەوە دەتزانی کە تۆ لە ئیسرائیل دای. کتێبەکانیش ئاماژەیەکی باش بوون بۆ هەموو ئەوانەی بنگۆریۆنیان دەناسی، دەیانزانی کە ژوورەکە هی ئەوە. لە یەکێک لە ڕەفەکانی دۆلابی کتێبگرەکە، ئەو کتێبانە دانرابوون، کە خۆی نووسیبوونی. ئەوانی

دیکـەش بەرهـەمی نیـو دەرزەن زمـان بـوون، دەربـارەی فەلەسـەفەوە نووسرابوون. یەک دوو هـەنگاو بـەو لاوە کە بۆ ژووری کۆبوونـەوەی کابینەی حکوومەت دەچوو، هۆڵێکی شانزە کورسیی بوو، بە چـەرمێکی بۆر بـەرگ کرابـوون و بـەدەوری مێزێکی گـەورەی ڕەشـدا داندرابون. لـەسـەر دیوارەکانیشـدا نەخشـە هـەڵواسـرابوون، لەگـەڵ پـۆرترێتێکی تیۆدۆر هێرتزل، دانەیەکی لەبەرگیراوەی جاڕنامەی سەربەخۆیی.

کاتێک بەیەکجاری شـاری پیرۆز وەک پایەتـەخت دەستنیشـانکرا، ئیدی ڕێگای تەلئەبیب بۆ ئۆرشەلیم پڕ ئاپۆرەترین ڕێگای ڕۆژهـەڵاتی نـاوین بوو. زۆر لە فەرمانبەران ماڵێکیان لەسـەر زێ بـوو کە بـە مـاڵی دوایین ڕۆژانی هەفتە دەیان ژمارد.
ئەوەش گەشتێکی خۆش نـەبوو. چونکە لـە دووری یـەک کیلۆمـەتر مرۆ تووشـی سـنووری ئوردن دەهـات. بـۆ ئـەوەی بـە یـادی ئـەو قوربانییـە زۆرەی گەلی ئیسرائیل لە پێناو پاراستنی ڕێچکەی ئۆرشـەلیمیان دابـوو، هەنـدێ ئۆتـۆمبێلی پـەککەوتـە و کـونکراو بـە گوللـە لەمبـەر و ئەوبـەری جـادە دانرابـوون، کـە بەهۆیـە بـەردەوام لەهـەوڵی شـکاندنی ئـابلۆقی لەشکرە عەرەبییەکاندا بوون. ئەو ماشێنانە بە بۆیە ڕەنگکران هێمایەکی بـێ وێنـەی یادەوەرییـەکانی شـەڕیان نیشـان دەدا. کاتێـک مـرۆ لـە ئۆرشـەلیم نزیک دەبێتـەوە، ڕێگاکە پێچاوپێچ بـەناو گرد و زورگـەکانی جودیادا نمایشی خۆی دەکرد.
بنگوریـۆن کاتەکـەی خـۆی دابەشـی سـەر هـەردوو شـارەکان کـرد. لـە پێنجشـەممە، هـەینی و شـەممەندا لـە تەلئـەبیب دەبوو، لـەو شـوێنەی لـە ماڵەکەی لە کێرم کیامـەت بـوو بـەرەو وەزارەتـی بـەرگری دەچـوو. لـە ئێوارەی شەممەدا کاتی خۆرئاوابوون یان بەیانیە زووەکەی یەکشـەمەدا لەگـەڵ هاوسـەرەکەی و یاریدەدەرە سـەربازییەکەی دەهاتـە ئۆرشـەلیم. کابینـەی حکوومەتەکـەی لـە ڕۆژانـی یەکشـەمەدا سـەعات ١٠ی سـەر لەبـەیانی کـۆ دەبـووەوە؛ دانیشـتنەکەیان ئاسـاییانە هەمـوو ڕۆژەکـەی دەخایانـد. ڕۆژانـی دووشـەمە، سێشـەمە و چوارشـەممان ئاسـایی لـە نووسینگەکەی خۆی دەبوو، لەو باڵەخانەیەی کەوتبوە سەر جاددەی شا جۆرجی پێنجەم. لە ئێوارەی پێنجشەممەوە دەگەڕایەوە تەلئەبیب.

لە سەرەتاوە بنگوریۆن لە ئۆرشەلیم لە میوانخانەیەک دەمایەوە، بەڵام دواتر حکوومەت خانوویکی لەوێ بۆ کرێ. هەنووکە ئەو لە گەڕەکی ریهاڤیا Rehavia، شەقامی بن مەیمون Ben Maimon ژمارە ٤٤دا دەژی. خاوەنی پێشوتری خانووەکە لە تەقینەوەکەی میوانخانەی شا دادودا گیانی لەدەستدا.

ئا بەم شێوەیە پاولای تەمەن پەنجا و هەشت ساڵان، دەبوایە مشووری دوو خانوو بخوا. بەڵام هێشتاش هیچ خزمەتکاری بۆ هیچ کام لە خانووەکان بەکرێ نەگرت.

خانووەکەی سەر شەقامی بن مەیمون لە دوو نهۆنم و باخچەیەکی گەورە پێک هاتبوو. بنگوریۆن کتێبەکانی لە نهۆمی دووەمدا دانان، ئەو کتێبانەی لە خانووەکەی تەلئەبیبدا جێگەیان نەدەبووەوە، بەڵام کتێبخانە تایبەتییەکەی هێشتا هەر لە تەلئەبیب هێشتەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو زیاتر لەوێ هەستی بە ئارامی ماڵ دەکرد. لەخانووەکەی ئۆرشەلیمیدا تابلۆیەکی گەورەی باخێکی زەیتون هەڵواسرابوو، کە لە لایەن نێردەی پێشوی رۆمانیاوە کێشرابوو.

لە راستیدا وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە نێردەکەی خۆی ماکدۆنالد قەدەغە کردبووکە لە ئۆرشەلیمدا بە دوای بنگوریۆندا بگەڕێ. گەر هاتباو پێویستی بە راوێژ لەگەڵ سەرەک وەزیرانی ئیسرائیلدا هەبووایە، ئەوا پێویست بوو لە تەلئەبیبدا ببینێ، لەو شوێنەی کە سەرەک وەزیران رێک وەک وەزیری کاروباری بەرگری کاری دەکرد.

لە رۆژێکی گەرمی شێداردا، ماکدۆلاند و ژنەکەی دەیانەویست لە گردەکانی جودیا بە دوای هەوایەکی فێنککەرەوەدا بگەڕێن. دواتر بڕیارپاندا بە رێگای ئۆرشەلیمدا بگەڕێنەوە و لەسەر رێگای خۆشیاندا سەرێک لە ماڵە نوێکەی پاولا بدەن. ماکدۆنالد، هاوسەرەکەی دڵنیا کردەوە، کە ئەم سەردانەیان هیچ سەرپێچییەک نییە لە رێنماییەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەیان. ئەوکات هەواڵێک لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان هەبوو، گوایە بنگوریۆن بۆ ئامادەبوون لە کۆنفرانسێکی سەربازیی، چووەتە ئیلات؛ کەواتە سەردانەکەیان سەردانێکی کەسیی تایبەتیانە دەبێ، ئەوان دەچن سەری ماڵە نوێکەیان دەدەن و هیچ پەیوەندی بە کاری دیپلۆماتیانەوە نابێ.

لەو کاتەی ئەوان لە ماڵە نوێکەی پاولا لە ئۆرشەلیمدا چایان دەخواردەوە، بینیان کابرایەک بە کراسێکی نیوقۆڵ و قاپقاپە لەپێ بە ژوور کەوت.

ماکدۆنالد بە شڵەژاویەوە بانگیکرد: "ئاخر تۆ لە ئیلاتی!"

بنگۆریۆن بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە: "بەڵێ، بەڵام بەیانی."

ئەوکات شەڕی کۆریا تازە حەوت ڕۆژ بوو دەستی پێکردبوو، هەردوو لایەنیش دەیانەویست گفتوگۆی لە بارەوە بکەن. لەو کاتەیدا خانمەکانیان لە باخچەکەدا بوون، ئەوان چوونە ژووری میوانان، گفتوگۆیەکی گرنگ و چڕوپڕی یەک سەعاتیان لەو بارەیەوە کرد.

لەو کاتەی نێردەی ئەمریکا گەڕایەوە تەلئەبیب، برووسکەیێکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆیان لێدا و پوختەیەکی دیدارەکەی لەگەڵ بنگۆریۆن باس کردبوو. ڕۆژێک پاشتر وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل لە ڕێگەی نێردەکەیان لە واشنتۆنەوە لە پێشهاتەکە ئاگادار کرایەوە. کە سەرەک وەزیرانیش ماکدۆنالدی دیتەوە بەوەی سەرزەنشت کرد کە قسە تایبەتییەکانی گەیاندوون.

بنگۆریۆن بە پێکەنینەوە زیاتری لەسەر ڕۆیشت: "بێجگە لەوەش خودی حکوومەتەکەی تۆ دەڵێ بە هیچ شێوەیەک نایانەوێ لەگەڵ مندا لە ئۆرشەلیم باسوخواسبکەن!"

لە میانی ساڵی ١٩٥٠دا دەبوایە بنگۆریۆن بڕیاری سیاسیانەی گرنگ بدا. ئاوارەکان بە ئاستێکی خێرا دەگەڕانەوە، تێکڕای لێشاوی هاتنەوەیان ئەمجارەیان لەهەر خولەکێکدا دوو تا سێ کەس دەبوون. لەماوەی ئەو دوو ساڵەی دوای جاڕدانی سەربەخۆیی، نزیکەی چوار سەد هەزار کۆچبەر گەڕابوونەوە. بۆ هەر تاکێکی گەڕاوە خەرجی هاتنەوەکەی، دابینکردنی نیشتاک، خۆراک و پۆشاک و مەشقپێدانی دوو هەزار و پێنجسەد دۆلار لەسەر حکوومەت دەکەوت.

ئیسرائیل لەمێژ بوو بە ملیۆنان دۆلاری خەرج کردبوو، پارەکەشی لە بانکی هاوردە و هەناردنەوە قەرز کردبوو، پاشانانیش بە ملیۆنانی دیکەی خەرج کرد، کە لە ڕێی باروبوو کۆکراوەی سیای CIA پێگەیشتبوو.

بە هەزاران کۆچبەر لە ڕەشماڵگەکان دەژیان. گەر هاتباو بباریبا، ئاویان لێدەچووە ژوور. زۆریان ئۆقرەیان لەبەر هەڵگیرابوو، تاک تاکەیان داوایان دەکرد بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە لێیهاتبوون. ڕەوشی ئابووری وڵات لەو کاتەدا زۆر زەبوون بوو. هەرچەندە خەڵک نەیدەزانی، بەڵام ئەوکات تەنها بایی سێ ڕۆژ گەنم لە سایلۆ و ئەمبارەکانی ئیسرائیلدا بۆ یەک ملیۆن کەس هەبوو. گەر هاتبا و کەشتیەکەی گەنم هەڵگر لە ڕێگادا دواکەوتبا، ئەوا دەبووە مایەی نانەوەی کارەساتێکی نیشتمانییانە.

بنگوریۆن لە هەموو لایەکەوە ڕەخنەی لێگیرا، نەخاسمە لەلایەن پسپۆڕە داراییەکان. بە مەزندەی ئەوان دەبوایە، کێرڤی ئاستی گەڕانەوەی ئاوارەکان دابەزێنرابایە. هیچ جوولەکە لە ئۆردوگا ئاوارەکانی ئەورووپا نەمابوون. کۆچبەرەکان لە باکووری ئەفریقاوە دەهاتن. بەڵام هەلومەرجی ئەوێ زۆرخراپ نەبوو. گەر هاتبا و مانگێک تەنانەت ساڵێکیش کۆچبەرەکانی ماراکۆ، تونس و جەزائیر لەگیتۆکانی خۆیاندا مابانەوە، هیچ نەدەبوو. ئەوان لەمێژە و بە چەندان سەدەیە وەک هاوڵاتی پلە سێ دەژیان. ئایا بارودۆخی سەقامگیری و پاشەڕۆژی دەوڵەتە تازە ساواکە بە هۆی هاتنی بێ سنووری کۆچبەران ناکەوێتە بەر هەڕەشەوە؟

بنگوریۆن گوێی لە هەموو بەڵگەوبەندەکان دەگرت، ئەوسا بڕیاری دەدا. گەر بێت و وڵاتەکەی بەرەو نەمان شۆڕکاتەوە، ئەوا هەرگیز مێژوو لێی خۆش نابێ. بەڵام ئەو ڕێگای هیچ سنووردارکرنێکی گەڕانەوەی ئاوارەکانی نەدەدا و ئامادە بوو پێشەوایەتی گەلەکەی بۆ ئەوە بکا، کە دوای سێ یان چوار ساڵی دیکە لە ئیسرائیلدا دوو ملیۆن کەس بژین.

ئەو باش دەیزانی وڵاتێکی دوو ملیۆن کەسی دوو ئەوەندە دەرفەتی ژیان و مانەوەی لە دەوڵەتێکی یەک ملیۆن دانیشتوان زیاترە. هەروەها دەشیزانی دەبێ بە زووی نشینگە لە نەقەبدا دروست بکرێن، دەنا بیابانیش لەدەست ئیسرائیل دەردەچێ. ئەو دەیزانی، دەبێ خەڵک لە دەوروبەری ئۆرشەلیمدا جێنشین بکرێن.

بە ئەرخاین بوونەوە هەستی ئەفسونای هەبوو بەوەی گەر هاتوو لە تای تەرازوودا دابنرێن، ئەوا گەڕاندنەوەی ئۆرشەلیم لەخودی

دەوڵەتەکە گرنگترە. ئەدی کەواتە لە بەرانبەردا چی دەبێ گەر کەمێک لەبن باری برسێتیدا بناڵێنن؟

پیاوە بەرچاو ناودارە جوولەکەکانی نیشتەجێی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگی ئیسرائیل کران و بنگوریۆن دەقاودەق ئەوەی پێگوتن کە بۆچی بەدوایدا ناردوون: "ئێمە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی بەسەریەکەوەی داهاتوودا پێویستیمان بە یەک ملیار و نیو دۆلار دەبێ. دەوڵەتی ئیسرائیل دەرەقەتی بڕی سێیەکی پارەکە دێ."

سەرکردە ئەمریکاییەکان گەڕانەوە ماڵی خۆیان؛ هەفتەیەک دواتر کۆنفرانسێکیان لە واشنتۆن ڕێکخست و نەخشەی ئەوەیان دانا، چۆن یەک ملیار دۆلار کۆ بکەنەوە، بە گشتی بڕیار لەسەر پلانەکە درا.

لە ڕۆژێکی گەرمی ١٩٥٠دا بنگوریۆن کۆبوونەوەیەکی بە ستافی ژەنەڕاڵەکان و چەند گەورە ئەفسەرێکی لە تەل هاشۆمەر Tel HaSomer کە مەڵبەندێکی سەربازیی نزیک تەلئەبیب بوو، کرد. لەوێدا دوانێکی بە ناونیشانی بانگەوازیی و ئەرکەکان" دا.

ئەوەش بە ڕاستی خۆی لەخۆیدا پرسێک بوو، ئاخۆ هەرگیز ئەوە ڕوویداوە، کە سوپاساڵارێک لە ژیانی ئێستاماندا و لە سەدەکانی بەرێشدا ئاوا بەو شێوەیە ڕووی دەمی بکاتە ئەفسەرەکانی و لەگەڵیاندا بدوێ. دوانەکەی سێ سەعاتی بێ هیچ پچڕانێک خایاند. لە دوو سەعاتی یەکەمدا بە ئاستەم باسی سوپای بۆکردن. باسی سەرەکی بنگوریۆن کاروباری سەربازییانە نەبوو. ئەو سەرەتا وەک ڕوحانییەک بە دەقێکی بایبل لە کتێبی دیوتۆرۆنۆمیۆم Deuteronomiuوە دەستی پێکرد:

- "لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێوە لە گەلانی دیکە زۆرتربوون، بۆیە زمانی عیبریی دایە ئێوە و ئێوەم لێهەڵبژاردن؛ خواوەند زمانی دایە بچووکترین گەلیش، بەڵام لەبەرئەوەی خواوەند ئێوەی خۆشدەویست..."

بنگوریۆن ئەو تێکەڵە نائاساییەی ولاتانی سەبارەت بە پرسی ئۆرشەلیمدا بەبیر هێنانەوە کە دژی ئیسرائیل وەستاوەنەتەوە: ولاتە عەرەبییەکان، ئەمریکای باشوور، فەڕەنسا (کە پێشتر بەردەوام پشتی

ئیسـرائیلی دەگـرت)، بلـۆکی کۆمـۆنیزم و ئـەو وڵاتانـەی کـە زۆرینـەی دانیشتوانەکانیان کاسۆلیکین.

چـەند رسـتەیەکی دیکـەی گـوت، ئینجـا گەراپـەوە سـەر بـایبلی دێرین؛ جـەنگاوەرەکان دەرسـێکیان لـە مێـژووی کلتـووورە کۆنـەکان وەرگـرت، بـەوەی کـە بایبـل سـەردەسـتەیان بـووە کـە لێکۆڵینـەوەیان دەربـارەی ئەستێرەناسی، زانستی داودەرمان، بیناسازی کردووە و لـەوەدا پێشـینە داهێنـەر بوون. پاشان باسی شارستانێتی قیبتـی (میسـری) بـۆ کـردن؛ ئـەوەی بـۆ روون کردنـەوە بـاب و باپیرە دێرینـەکانی دوژمنـەکانیان کـە خۆشـیان زۆر لـەمێژ نییـە دژتـان وەسـتانەوە (رەنگبـێ لـە داهاتووشـدا دژیان بوەستنەوە) بنەمای ئەرکی زانستەکانی بیرکاری، تـەکنیک، کیمیا و وەستای بیناسازی کارامەیان دارشت.

کاتێکیش یەکێک لە ئەفسەرەکان بۆ چاوتروکانێک بیۆژابا، ئـەوا یـەکسـەر رادەچڵەکی و سوپاسالارەکەشی باسی شۆرشـی رووسـی و فـەرەنسـای بۆ دەکردن. بـار کۆچبا[٤٥] Bar Kochba بەلشـەفیکەکان بـە یـەک هـەناسـە ناویان دەهات.

پاشان باسی سەربردەیەکی خۆشی خۆی لە سـەردانەکی سـاڵی ۱۹۲۳دا بـۆ رووسـیا کـرد، ئـەوکات بـە نوێنەرایـەتی هیسـتادروت چووبـووە نمایشگایەکی کـەرتی کشـتوکاڵی. گرووپێکی جووە کۆمۆنیستەکان (کـە زیـاتر رقیـان لـە زایـۆنیزم و زمـانی عیبـری دەبـووە لـە خۆشەویسـتییەکەیان بـۆ کۆمـۆنیزم) هەوڵیانـدا وا لـە دەسـەڵاتدارانی رووسیا بکەن، رێگەی چوونەناوەیان پێنەدەن.

لـە باسـی کتێبـی گێنیسـیوس Genesusدا هاتـەوە سـەر سـاڵی ۱۹۵۰. لـە ئاینشـتاینەوە چـووە سـەر یـونس Jona. لـە موحەمـەدەوە بـۆ سـەر ئەفلاتون، لە لینینەوە بۆ سەر خمێلنیتسکی Khmelnitski لەویشەوە بۆ سەر هیتلەر.

هەندێ لـە ئەفسـەران ئـەو هەسـتەیان لا پەیـدا بـوو کـە لـە نووسینگەی زانایەک دانیشتوون، زۆر بە تیژی بیردەکاتەوە.

---

[٤٥] سیمۆن بار کۆچبا سەرکردەیەکی بەرگریکاری جوولەکە بوو، سەرکردایەتی راپەرینی بارکۆچبای لەدژی ئیمپراتوریەتی رۆمانەکان لە ساڵەکانی نێوان ۱۳۲ تا ۱۳٦ی زاینی کرد. لەلایەن هەندێ لە جوولەکەکانەوە لە سەردەمی راپەرنەکەدا بە فریادرەس ناوی دەهات-وەرگێر

گریمانە ئەبستراکت و کۆنکریتەکانی بەیەکەوە کورت دەکردنەوە و دەیخستنە قاڵبێکی گشتی.

- "هەروەک چۆن ئێمە گۆشتی ئەرجەنتینی و گەنمی ڕووسی دەخۆین، چۆن تراکتۆر و ئامێرەکانی ئەمریکایی بەکار دەهێنین، پۆلای بەلژیکی دەتاوێنینەوە، وەک چۆن بەنزینی ماکسیکی بەکاردەهێنین و قوماشی بەریتانی دەپۆشین و خانووەکانیشمان لە داری کەنەدی دروست دەکەین، ئاواهاش دەبێ کتێبەکانی ئەو هەموو نەتەوانە بخوێنینەوە، بە دوای هۆشمەندییدا بگەڕێین و بیدۆزینەوە."

بنگۆریۆن دەیویست ئەو ئەفسەرە گەنجانە کە زۆری خۆشدەویستن، بیانجۆشێنێ. خوازیار بوو دنەی پەرۆشیان بۆ مێژوو وەک خۆی دەیزانی، بدا. دەیەویست لە نیگا پێشبینییە سروشتەکەیدا پشکدار بن. ئەفسەرەکان بە سەرنجراکێشراوی گوێیان بۆ قولاغ کردبوو.

- "لەنێو نەتەوەیەکی بچووکی وەک ئێمەدا، بەردەوام گرووپی وای لێهەڵدەکەوێ کە هەستیار بن بەرانبەر هێزی ڕاکێشانی زلهێزەکان کە دەتوانن لە بواری سیاسیی، ئابوریی و سەربازییانەدا دەستیان بالابێ، بۆیە کارانگازییان بەسەر جیهاندا هەیە. ئەوان لەو ڕەهەندەدا هەستی کێشبوونیان بە هیوای سوودمەند بوونە، هەرچەندە نابێ ئەو هۆکارە بەراییانە بە هەند هەڵنەگرین، هەروەها نمایشە مەزنەکان هێز و دەوڵەمەندی ئەو زلهێزانەش نابێ فەرامۆش بکەین."
- ئەو لاوازی و بەخۆداشکانەوە و دەنگی خۆ بە کەم زانین لە مێژووی نوێی ئێمەدا بە مایۆفس mayofes ناوی هاتووە. جووە مایۆفسەکان مرۆڤ لەناو ئەوانەدا دەیاندۆزیتەوە کە ڕێزی تەوای خۆیان ناگرن یان متمانەیان بە ئایندەی نەتەوەکەیان لەدەستداوە. لە ژینگە ڕاسترەوەکاندا بە ئەنجوومەنی جوولەکان ناودەبرێن کە لە لایەن ملیۆنێرە ئەمریکاییەکان ڕابەرایەتی دەکرێن، لەنێو باڵە چەپرەوە شۆڕشگێڕەکانیشدا بە یەڤیکتزیا Yevektzia ناودەبرێن (باڵی جوولەکەی پارتی بەلشەڤیک) و

لەلایەن نووسەرانەوە پێکهێنراوە و بەردەوام قسەکانی بەرپرسە باڵاکانیان کاوێژ دەکەن."

ئەو ئاماژەی بەو زیندوویێتیە کرد کە رەگەزی جوولەکەی لە ماوەی ئەو هەموو سەدانەدا پاراستووە، ئاماژەی بە لێکۆڵینەوەی زانایان، فەیلەسووفان کرد کە لە ریزەکانی ئەوان پەیدابوونە.

- "هەروەک ئەوە وایە، گەلەکەمان ڤیتامینێکی بەهاداری هەبووبێ، کە مانەوەی پاراستووە و هێشتاش هێزێکی لەشکان نەهاتوی داوەتێ تا بەرانبەر نەیاران و هێزی دەرەکی خۆی رابگرێ، کە هەرەشەن لەسەر نەتەوایەتی و مۆرالی ژیانەکەی.."

ئەو هەڵسەنگاندنەی بە گوێی گوێگرانیدا دا:

- "لە سەردەمی ئێستاماندا کارێکی ئاسانە، خۆمان لەدەست ئاوارەییە فیزیکەیەکەدا رزگار بکەین. مرۆ دەتوانێ لە ئیسرائیل بسەنگرێتەوە. وەلێ ئەوە زۆر ئەستەمترە کە مرۆ خۆی لە دەست گیان و رەوشتی ئاوارەییدا رابسکێنێ. ئەوەش مرۆ بەوەندە لە دەستی دەرناچێ کە لە وڵاتێک بۆ یەکێکی دیکە کۆچ بکا. ئەو کارە دەبێ لە ناخەوە سەرهەڵبدا، داخوازی تەکانێکی گیانی، رووناکبیری و رێرەوشتی لێدەکا، هەموو کەسێکیش ئەوەی لەباردا نییە."

لەدوای نیوەرۆکەدا بە درەنگەوە بنگوریۆن روانینی خۆی لەبارەی لەشکرە نوێکەوە روون کردەوە: دەبێ سوپاکەمان لە بەرانبەر هێزە چەکدارەکانی وڵاتانی دیکەدا شتێکی دیکە بێ.

- "سوپاکەمان نابێ هەر چەکێکی جەنگاوەرانە بێ. ئەو دەبێ فێرگەیەک بێ، کە زانیاریی بدا و نەریت بسازێنێ؛ دەبێ لەراژەی نشینگە دروستکردن و بنیاتنانەوەی وڵاتەکەماندا بێ..."
- "ئەو دەستەگەرییە مرۆییەی لە هەموو لایەکی وڵاتە بیانییەکانەوە هاتۆتە نێومان، دەبێ پاک بکرێتەوە، جلەوبکرێ و لەنێو بۆتەی هاورێتی و دیسپلینی سەربازییدا بتوێتەوە. دەبێ جیاوازیە نێوخۆییەکان لەبەیندا نەمێنن و یەکەیەکی وڵاتپارێزی نوێ بێتە کایەوە...
- "ئێستاش کاتەکەی هاتووە."

بنگۆریـۆن تـا دەهـات بەشـێوەیەک گەشـەی دەسـەند کـە ببێتـە سـەرکردەیەکی ڕۆحیـی گەلەکـەی. دکتـۆر وایزمـەن بـە میوانـە جۆربـەجۆرەکانی گوتبـوو، کـە سـەروەزیر "بـە شـێوازێکی بایەخداری پەڕجووانە" ڕابەرایەتی دەکا.

زانکـۆی عیبریـی خـەلاتێکی هـەزار و پێنجسـەد دۆلاری بـەناوی "ئـەو کەسـەی لـەماوەی دوو سـاڵی ڕابـردوودا باشـترین خزمـەتی ئیسـرائیلی کردووە" پێبەخشی.

بنگۆریۆن چەکی پارەکەی گەڕاندەوە بۆ زانکۆکە و لەسەری نووسی کە بـڕە پارەکـە بدرێتـە ئـەو خوێنـدکارەی باشـترین پەخشـانی لەسـەر کاریگەری ئەفلاتون لەسەر فەلسەفە و وێژەی جوولەکەدا نووسیووە.

ڕۆحە پەرەسەندووەکەی بنگۆریۆن تا دەهات زیاتر بڕی دەکرد، بـەلام بۆ ڕۆژنامەنووسان هەمیشە تاقیگە و هەندێک جاریش قوربانی بووە.

زۆر جـاران ئـەو دوانـی وای دەدان کـە خـۆی بـۆ ئامـادە نـەکردبوو، هـەروەها کاتێک بە نووسراویش شتێکی خوێندبایەوە، دەقەکەی دوای خوێندنـەوە دەکەوتـە بەردەسـت. کاتێـک لێیـان دەپرسـی کـە بیچمـە ناودارەکانی ئەمریکا هەندێ جاران دوانزە سەعات لە پێشدا پوختەیەکی ئەوەی بە نیازن بیڵێن دەیدەنە ڕۆژنامەوانان، ئەو تەنها ئەوەندەی گوت: "ئەز نازانم بۆچی."

چەنـد سـاڵێک لەسـەریەک لەگـەڵ ڕۆژنامەیـەکی ئیسـرائیل بەباشـی نەدەهاتـەوە، چونکـە ئـەوان بـە بۆچـوونی بنگۆریـۆن زۆر هەسـتیار و زانیاری کەمیشیان دەدایە خوێنەرەکانیان.

هەرچەندە ئەو نزیکەی نیو سەدەیە بۆ ڕۆژنامـەکان دەنووسـێ، بۆ ئـەو تەکنیکی ڕۆژنامەگەری هیچی نەدەگەیاند.

جارێکیان لۆمەی هەواڵنێرێکی لەسەر هەڵەیەکی بچووکدا کرد.

- "داوای لێبوردن دەکەم، بەلام من بەپەلە بووم."
- "بۆچی زیاتر لەبەر نووسینەکەت دانەنیشتی و پرسـەکەت تـەواو لێکبدابایەوە؟"
- "بەلام ئەوکات نووسینەکە ڕۆشنایی چاپی نەدەبینی."
- "چا چی دەبوو؟ ئەو ڕۆژ نا ڕۆژی دواتر چاپ دەکرا."

بنگۆریۆن سەری لە شێوازی ڕۆژنامەگەری ئەمریکایی دەرنەدەچوو. کاتێک گوێی لێبوو کە ڕاپۆرتنووسەکانی گۆڤارەکانی ئەمریکایی لە یەک ڕۆژدا چل هەزار وشەی دەربارەی ئەو و ئیسرائیل بۆ ئەمریکا دەنووسن و دەنێرن، لەو کاتەشدا هەر وشەیەک دوانزە دۆلاری تێدەچوو، بەسەرسوڕماوییەوە چاوی لەیەک دەدان، کاتێکیش زیاتر بۆیان باسکرد کە هەواڵنێرێکی هەمان گۆڤار لەیەک جاردا دووهەزار وشەی لەسەر ئیسرائیل بۆ گۆڤارەکەی ناردووە، کە بە تەنها دوو دێڕیان لێ بەکارهێناوە، ئەوسا گوتی:

- "تۆ بڵێی ئەوان هەواڵنووسەکەیان لەسەرکار لانەدابێ؟"

لە ساڵەکانی دواییدا بەرانبەر ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان نەرمتر دەجووڵایەوە. ڕێگەی بەسەدان دیداری ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دا و چیدیکە ئەو سەرنجەی نەوروژاند کە هەموو ئەو پەخشنامانەی لەسەری دەردەچن بە بێبەها بزانێ. لە بەرانبەر هەواڵنێرانی ئیسرائیلییدا بەردەوام هەندێک ڕەق بوو؛ بە دەگمەن بواری دیداری لەگەڵ سازدەدان. بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی سەرەک وەزیران لای خۆیان پەخش بکەن، دەبوایە هەندی لە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل مافی لەبەر گرتنەوە و لەچاپدانەوەی دیدارەکان لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان یان ئەمریکاییەکان بکڕنەوە.

لە بەرانبەر داوای دیدارێکی ڕاپۆرتنووسێکی ئۆرشەلیمدا، ئەو وشانەی وەڵام دابووەوە:

- "ئەز هیچ دیدارێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا ساز نادەم:

١- چونکە من خۆشم ڕۆژنامەنووسم و بەشێوازی خۆم بیروڕاکانم دەگەیەنمە کۆمەڵانی خەڵک.

٢- هۆیەکەی یەکەم دەربەستی وەڵامەکەیە."

جارێکیان ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلیی وتارێکی بڵاوکردبووەوە، کە ئەندامێکی کابینەی حکوومەتی بەوە تۆمەتبارکردبوو گوایە باڵەخانەکەی خۆی بە قازانجی حکوومەت کڕیوە. بنگۆریۆن ئەوەی بە "هەڵەیەکی قەشەنگ" ناوزەد کرد و ڕۆژنامەکەی بە تۆمەتبارکرد کە "قوربانکردنی کەسانێکە کە بە ئەرکێکی ڕاشکاوانە و کراوە ڕادەبن."

کاتێک هەواڵنێریک لە ئیسرائیل پرسیارێک لە بنگوریۆن بکا، وەلامەکەی بەو شێوە دەبێ: "منیش بە خۆم بۆ ڕۆژنامە دەنووسم. دواتر ئەوەشی دەخاتە سەر: "بەلام من بە هۆکاری پارە پەیداکردن نانووسم، بەڵکو بۆ ئەوە تا خاترجەم بم بەوەی بە هەڵە قسەکانم وەرنەگیراون."

لە ڕاستیدا ئەو وای دەکرد، چونکە لە جەرگ و هەناویەوە نووسەر بوو. ئەو دەیتوانی کاری سەرۆکایەتی خۆیشی ئاستەنگ بکا. گەر ساڵێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ئەو دوانێکی بیست خولەکی نووسیبوو، کە دەبووایە لە بۆنەی ئاهەنگێکی وەرزشی نیشتمانییانە بیخوێندبایەوە. کارمەندە ڕۆژنامەوانیەکەی نووسینەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و سەر و دانەی دایە هەواڵنێران. بەلام گەمەکە زیاتری خایاند لەوەی مرۆ لێی چاوەڕوان دەکرد. تاریک داهات تا سەرەک وەزیران چووە سەر سەکۆ و دوان بدا، لەبەر ئەوەی کاتەکە دواکەوت، وازی لە دوانەکە هێنا و هەر بەوەندە کۆتایی پێهێنا: "ئەز ئاواتی باشترتان بۆ دەخوازم و هیوام وایە چەند گەنجێکتان ڕەوانەی ئیسرائیل بکەن."

هەمان شتیش سەبارەت بە خۆئامادەکردنێکی لە بیئر سەبعە ڕوویدا. پێش ئەوەی دەست بە دوان بکا، تاوەبارانێک داهات، بۆیە بەوەندەی لێبڕیەوە: "هیوام وایە کە ئەو هێڵی شەمەندەفەرە بگاتە ئیلاتیش."

دواتر لەسەر سەکۆ هاتە خوارەوە دانیشت.

ڕەفتاری تەواو پێچەوانەشی لە کۆنفرانسێکی ناوەکی نواند. ئەو کات بە سەرۆکی کۆنفرانسەکەی گوت: "من تەنها بەخێرهاتنامەیەکی کورت دەخوێنمەوە."

بەلام کاتێ دەستی بە وتاردان کرد، مژارەکەی لێخۆشهات، بۆیە باشترین دوانی لەو ساڵەدا دا.

لەماوەی ساڵی ١٩٥٠دا بنگوریۆن لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر نەخشەی وەرگێڕانی نووسین و بەرهەمە کلاسیکییەکانی بۆ سەر زمانی عیبری تاوتوێ کرد؛ مەبەستیشی هەر وەرگێڕانی شەکسپیر و ئەفلاتون نەبوو، نەوەک هەر ئەو شاکارە کلاسیکیانەی کە مرۆ بە بەرهەمی کلاسیکیی ئینگلیزی، فەڕانسی، ئاڵمانی و ڕووسییان دەزانێ، بەڵکو گرنگترین ئەو کتێبانەی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا چاپ کراون. ئەوکات پارەیان بایی

ڕاپیکردنی ئەو کارە لوکسەییە نەبوو، وەلێ ئەو خەونە تا دەهات لای ئەو بایەخدارتر دەبوو.

لە ئیسرائیلدا بە تاسەوە هانی کتێب چاپکردن دەدرا، ڕەنگبێ چاکەی بەشێکی بۆ نموونە پێشەنگی بنگوریۆن بگەڕێتەوە. لە شەقامێکی تەلئەبیبدا مرۆ سەد و دوانزە دووکانی کتێبفرۆشی دەژمارد، ژمارەیان لەچاو ڕێژەی چاپەخانەکان و شوێنی ئارایشگاکان زۆرتر بوو.

لەو سەردەمە لە تەلئەبیبدا پەیمانگایەکی نوێ بۆ هونەر و زانست دامەزرا، مرۆ لەوەی دەپرسی ئاخۆ ناوی چی لێبندرێ. یەکێکیان ناوی: "ئەکادێمیا بۆ هونەر و زانستەکان"ی پێشنیاز کرد.

بنگوریۆن لە پەرچەکرداردا گوتی: "من حەزم لە وشەی ئەکادێمیا نییە."

یاریدەرەیکی لێپرسی: "بۆچی نا؟ خۆ هەموو جیهان وشەی ئەکادێمیا بەکار دەهێنێ."

سەرەک وەزیران تەڕدەستانە کەوتە پەلاماردان: "ئا بەڕاست؟ خۆ لە هەموو ئاسیادا تاکە ئەکادیمیایەکی لێ نییە."

لە ئۆکتۆبەردا کابینەکەی کەوتە تەنگژەوە؛ بنگوریۆن دەستی لەکار کێشایەوە، بەڵام لەسەر داوای سەرۆک وایزمەندا کابینەیەکی نوێی پێکهێنایەوە. دوو هەفتە پاشتر بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، ئەوسا خۆی و پاولا بۆ یەکەم جار لەماوەیەکی دووروودرێژدا، ڕەنگبێ بۆ یەکم جاریان بێ لەژیانیاندا گەشتێکی پشوودان بکەن. ئەوان بەرەو وڵاتی گریک (یۆنان) چوون.

دوای گەشتەفڕینێکی کورت، گەیشتنە ئەو شارە دێرینەی کە بنگوریۆن لە ڕێگەی کتێبەکانەوە باشی دەناسی. سەرێکی ناوچە ئارکیۆلۆژییەکانی دا و بەسەر ئاکرۆپۆلیس Acropolisیشدا هەڵگەڕا، ویستی لەگەڵ گریکە هاوچەرخەکان بە زمانی باب و باپیرانیان بدوێ. بەڵام نە لێخوڕی تاکسیی و نە خاوەنی میوانخانەکە، تەنانەت مامۆستاکانیش لێی تێنەدەگەیشتن. لە دواییدا هەڵسەنگاندنێکی دایە گریکەکان بەوەی شوێنپێی جووەکان بگرن و زمانە کلاسیکییەکەیان ببوژێننەوە.

ئێلیاهۆ ئێلات Eliahu Elath کە ئەوکات ببووە نوێنەری ئیسرائیل لە بەریتانیای گەورەدا، لە شەوێکی دیسێمبەردا پێش نیوەی شەو لە فرۆکەخانەی لەندەندا لە پێشوازی نێردەیەکی هیستادروت دابوو، کە لە

تەلئەبیبەوەڕا هاتبوون. کاتێک سەرنشینەکان فڕۆکەکەیان جێهێڵا، لە نێویاندا بەدەرکەوتنی سەرە سپیەکەی سەرۆک وەزیران سەرسام بوون. ئەوەش بێگومان بە گوێرەی ڕێنماییە پرۆتۆکۆلییەکان نەبوو. لەندەنیش شارێک بوو کە پرسی پرۆتۆکۆلیی زۆر بەهەند هەڵدەگرت.
سەرەک وەزیران بە پێکەنینەوە ڕایگەیاند کە بە نەناسراوی هاتووە. ئەو وەک هاوڵاتیەکی ئاسایی ئیسرائیل گەشتەکەی کردووە.
ئێهود ئەڤریل Ehud Avriel کۆنە نوێنەری ئیسرائیل لەپراگیشی لەگەڵدا بو. بە یەکەوە چوونە ماڵە دۆستێکیان لە گۆلدەرس گرین Golders Green.
ڕۆژنامەوانانی لەندەن هەڵە هەستیارەکەیان قۆستەوە. تۆ بڵێی چ تەنگژەیەک لە ئیسرائیل ڕوویدابێ، وای لەسەرۆک وەزیران کردبێ بەم شێوەیە بێتە لەندەن؟ ئایا بنگوریۆن دەیەویست کێ ببینێ؟ لەکوێ دەمێنێتەوە؟ بۆچی بە نهێنیی هاتووە؟
هەواڵنێرێکی هەفتەنامەی New Statesman and Nation ڕازەکەی هەڵێنا.
هیچ قەیرانێک لەئاراد نییە.
بنگۆریۆن خۆی نەشاردۆتەوە.
سەرەک وەزیرانی ئیسرائیلله ئۆکسفۆردە. ئەو بە فڕۆکە لە ئاسیناوە هاتووە بۆ ئەوەی چوار ڕۆژان بە لێگەڕان بە دوای کتێبفرۆشە هەرە بەناوبانگەکەی جیهان بلاکوێل Blackwellدا بگەڕێ. بیستویەتی کەوا نایابترین کۆبەندی کتێبانی لەسەر لێکدەرەوەکانی ئەفلاتون تێدایە.
هەموو کەس بڕوایان نەکرد! سەرەک وەزیریش شتێکی ئاوای نەکرد. بەڵام هەفتەنامەی لەندەنی کۆتایی وتارەکەی بەو بڕگەیەدا هێنا: "لەو سەدە دڕندانەیەماندا بیرۆکەیەکی زۆر خۆشە، کە ئەو کەسەی سەردانێکی ژوورەکانی پشتەوەی دوکانی بلاکوۆلی کرد و پیاوکەیەکی ڕیش سپی بەدی کرد، لەبەر دۆڵابی کتێبفرۆشەکدا دانیشتبوو، سەروەزیری لەخەت گرت کە دانی بە ئەندێشە شاردراوەکانی خۆیدا نا."

بەشی ٢٠

بنگۆریۆن ساڵی ١٩٥١ (کە هێ لەیادکردن نەبوو) دەستپێکێکی ئاساییانەی هەبوو. یەکەمین سەردانی فەرمی بۆ ئۆردوگایەکی کۆچبەران بوو لە دەورووبەری شارەبەندەری ناتانیا Natanya، لەوێ بووە سادیک Sadek[٤٦]ی کۆرپەیەکی تازە لەدایکبوو کە ناوی داود ئیسحاق David Yitzhak یان لێنا.
ئەوەش چواردەهەمین منداڵی کۆچبەرە عیراقییەکان بوون، دوای ئەوەی گەڕابوونەوە ئیسرائیل، بڕیاریاندا منداڵەکانیان بەناوی سەرۆوەزیرەوە ناوبنێن.
وێنەی بۆنەی مامانێتیەکە لەزۆر ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە، ئیدی وەک دیاردەیەکی لێهات بەوەی کۆرپە تازە لەدایکبووەکان بەناوی سەرەک وەزیرانەوە بنێن، تا سکرتاریەتەکەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕوون کردەوە چی دیکە بنگۆریۆن ناتوانێ ببێتە *سادێک*.
لە فێبرایەردا قەیرانێکی دیکە سەری هەڵدا. سازانێک لەگەڵ پارتە ئەرسەدۆکسیەکان گرێدرا بەوەی ژنانی گەنج لەسەر بنەمای ویژدانی و دینی لە خزمەتی سەربازییدا ئازاد بکرێن. ڕێژەی ٣٠% کچە داواکراوەکان بۆ سوپا، سوودیان لە ڕێسایەکە وەرگرت و نەچوونە ڕاژەی سەربازیی. ئەوەش بنگۆریۆنی خستە سەر بارێکی گوماناوی و خوازیار بوو قانونێکی دیکە دەربچێ، تاکو ئەو کچانەی لە سوپا دەردەچن کارێکی دیکە بکەن.

---

[٤٦] مامۆتک، عەڕاب: ئەو کەسەیە دەبێتە مامانی کۆرپەلەیەک بەوەی لەگەڵ دایک و بابی هاوپشکی بەرپرسیارێتی پەروەردەی ئایینییەکەی بێ-وەرگێڕ

گـەورەترین گـرفتیش لـەبن سـەری پرسـی پـەروەردە و فێرکردنـەوە سـەری هەڵدا. پارتـە ئەرسەدۆکسییەکان دەیانەویست خوێندنی دینی تەوزیمی (بە تۆپزی) بێ.

لە بەرانبەریان بنگوریۆن رایگەیاند: "ئێمە بواری هیچ گرووپێک نادەین کایەی پەروەردە و فێرکردن بۆ خۆی پاوان بکا؛ ئەو مافە بەتـەنها هی دەوڵەتە." ئەوسا داوای متمانەپێدانەوەی پەرلـەمانی کرد. کاتێک رێژەی زۆرینـــەی بەدەســـت نـــەهێنا، دەســـتی لـــەکار کێشـــایەوە و داوای هەڵبژاردنێکی نوێی نیشتمانییانەی کرد. سـەرەک وایزمـەن داوای لێکرد جارێ بۆ راپەراندنی کارەکان بمێنێتەوە. هەڵبژاردنەکان کەوتنە هاوین. ئەو بۆ کردەی هەڵبژاردن ئامادە بوو. دواتر لەگەڵ پاولا، ئارگۆڤ، تێد لـوری Ted Lurie سەرنووســەری رۆژنامــەی پۆســتی ئۆرشــەلیم و رۆژنامەنووسێکی دیکە گەشتێکی ئەمریکایان کرد.

زۆر جـاری دیکــە بنگوریــۆن ســەردانی ئەمریکـای کردبـوو، بــەڵام لـەجارەکانی پێشـوویدا بـە ئاسـتەم چوونەکـەی مایـەی سـەرنجدان و تێبینیکردن بوون. هەنووکە دوای ئـەوەی بـە راستی بووەتـە بیچمێکی جیهـانی، هاتنەکـەی واتایـەکی دیکـەی دەبەخشـی. نزیکـەی هەمـوو جووەکـانی ئەمریکـا ئـەویان دەناسـی، هـەروەها زۆر غـەیرە جـووش دەیانناسی. لە کەسایەتی ئەودا خەباتی چەند سـەد هەزار جوولەکەیەک لە هەمبەر چل ملیۆن عەرەب بەرجەستە دەکرا. ئەو داود بوو، نزیکەی هەمـــوو ئەمریکاییـــەکانیش زۆرانبازییەکـــەی داود لەگـــەڵ گۆلیـــات (شەمشون، زەبەللاح)یان بیستبوو.

بـە فرۆکەیـەکی سـپی شـینباوی Constellation کـە یەکـەمین فرۆکـەی دامەزگـای گواسـتنەوەی ئاسـمانی ئـەلئال El Al بـوو، فـرێ. فرۆکەکـە سەرەتا لە واشنتن نیشتەوە، لەوێ بنگوریـۆن لەلایـەن سـەرۆک ترومـان پێشوازی لێکرا. ئەوسا بەرەو نیویۆرک رۆیشت.

لەوێ جۆشوخرۆشی جەماوەر بەشێوەیەک بوو، مرۆڤی دەخستە سـەر کەڵکەڵەی بەخێرهێنانـەوەی لیندەبێرگ Linddbergh یان گریتێد ئێدێرل Gerteude Ederl دوای ئەوەی بەلەمەکان لە نۆکەندەکە پەرینەوە.

کـەم بێگانـە و- تـا ئێسـتا هـیچ جوولەکەیـەکیش- بـەو شـێوە گەرمەیـە پێشوازی لێنەکراون.

گرۆڤەر والەن Grover Whalen بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردن. سی و شەش پۆلیس بە سواری ماتۆڕەوە لە پێشەوەی کەژاوەی کاروانەکەیان دەڕۆیشتن، ئەوسا بیست ترومبێلی پڕ کەسایەتی پایەبەرز و هەزار سەربازی ئەمریکایی و کۆراڵێکی موزیکی شەست کەسی، دەستەیەکی دەریاوانی ئیسرائیلی، بە کورتی هەزاران پۆلیس چاودێرییان دەکرد.

بە گوێرەی مەزندەی پۆلیس یەک ملیۆن و نیو خەڵکی نیویۆرکی بۆ داڕژابوونە سەر جادە و دروشمیان بۆ دەکێشا و هەوڵیان دەدا لێی نزیک ببنەوە وپرچە سپیەکەی ببینن.

کاتێک شەو ژمارەی حەشامەتەکە لە ڕۆژنامەکانەوە زانرا، یەکێ لە ئەندامی دەستەی یاوەرانی گوتی: "ئاخر ئاپۆرەی ئەو خەڵکە بەقەد ژمارەی هەموو دانیشتوانی ئیسرائیل دەبێ."

لە بارەگای شارەوانی نیویۆرک، لەو شوێنەی لەگەڵ پاولادا گرێبەستی هاوسەرێتییان مۆرکردبوو، پێنج هەزار کەس لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون و نۆهەد و پێنج هەزاری دیکەشبە بە پێوە وەستابون، گوێبیستی سەرۆکی شاروەانی بوون کە بنگوریۆنی بەخێر دەهێنا:

- "ئەو پیاوەی کە ئێستا پەسنی دەدەین، دڵی هەموو ئازادیخوازانی لە سەرتاسەری دنیادا داگیر کردووە. ئەو لە بڕیارەکەی بۆ بەرجەستەکردنی خەونی دوو هەزار ساڵ کۆنی گەلی جوولەکە، هەرگیز کۆڵی نەدا و چۆکی نەلەرزین..."

سەرۆکی شارەوانی ئەو ڕۆژەی ناونا "ڕۆژی بنگوریۆن" و دووبارە دەستی سەرەک وەزیرانی گوشی. دەبوایە بنگوریۆن بۆ هەفتەیەک ئەوەی فەرامۆش کردبا، کە قینی لە دەستگوشین و تەوقە کردنە.

هەرچەندە لەوە ڕانەهاتبوو کە بە شانوباڵیدا هەڵبگوترێ، بەڵام لە ڕۆژی ٨ی ئایاری ١٩٥١دا کاتێک بەناو شەقامەکانیدا تێدەپەڕی، دەستی بۆ سڵاوکردن هەر لە دەرەوە بوون، هەڵبەت چێژێکی زۆریشی لێوەرگرت.

کاتێک سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد، گڵۆپی یەکێک لە کامێرای وێنەگرەکان لەکاتی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا تەقی، بەشێوەیەک کە وردە شوشەکانی گڵۆپەکە بەبن گوێی ئەودا تێپەڕین؛ بە خەندەوە گوتی: "مەترسن ئەوە نابێتە بەربەست، ئەز لەچەندان جەنگدا بەشدار بوومە."

بنگوریۆن، پاولا و ئارگۆڤ لە سویتێکی میوانخانەی والدۆرف ئاستۆریا Astoriahotel Waldorf مانـەوە. ژەنەڕاڵ مـاک ئارسـەر Douglas MacArtherیش کە تازە لە لایەن سەرۆک ترومانەوە لە کۆریاوە بانگ کرابووەوە، لە هەمان میوانخانە بوو. لە ڕۆژی دووەمدا بنگۆریۆن و یاوەرانی ڕوویان کردە بەشی ڕۆژئاوا تا مۆمێک لەسەر گۆڕی کۆلۆنێل داود مـارکۆس Marcus David دابگیرسـێنن. لەسـەر بـەردەکێلی گۆڕەکەی نووسرابوو: "ئەو خەباتگێڕەی لەپێناو هەموو مرۆڤایەتیدا تێکۆشا."

ئەو شەوە بیست هەزار کەس لە گۆڕەپانی مادیسۆن Madisonدا گردببوونەوە و هێشتا حەفت هەزاری دیکەش لە شەقامەکان بوون، هەموویان گەواهیدەربیوون بەسەر هەڵمەتی بنگۆریۆن بۆ "کڕینی پشکە سەنەد بۆ ئیسرائیل."

هەمان ئێوارە لەسەر سەکۆی دواندا، گەنجێکی چاویلکە قاوەیی، کە زۆر لێزانانە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا داکۆکی لە ئیسرائیل دەکرد، بەدەر کەوت. بنگۆریۆن پیاوەکەی کردبووە نوێنەری ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ئەو تازە تەمەنی گەیشتبووە سی و شەش ساڵ، لاوەکە لەڕاپیکردنی ئەرکەکەی لە واشنتندا بڕوا و متمانەی تەواوی بە سەرەک وەزیران هەبوو، هەنووکەش هەمووی بە ڕەوا و ڕاست بۆ دەرچوو. ئەو کەسێکی پێشکەوتوو، ڕووناکبیر و قسەزانێکی کارامە بوو، ئەو کەسەی قسەکانی بۆ دوژمنانی بکوژ بوون، ئەوانەی خزمایەتی گیانیشییان لەگەڵدا هەبوون وەک پروشکی گەمە ئاگرینە وابوون.

پیاوەکە ئابا ئیبان Abba Eban بوو، لەسەر سەکۆیەکە بە چەپڵەڕێزانەوە بە ئامادەبوونی گوت: "کارەکانی ئەوان ئەو ڕۆژەی ئێستای داهێنا."

لە درێژەی وتەکەیدا گوتی: "لە ١٩٤٣دا بنگۆریۆن ڕایگەیاند کە ئیسرائیل دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆی جوولەکە. دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕای گشتی ئەوکات هەر بەقەد چوونە سەرمانگ پەرۆشی دەوڵەتی جوولەکە بوون"[٤٧].

---

[٤٧] مەبەست لێرەدا هیچ پەرۆشیان نەبوو، چونکە چوونە سەر مانگ سی ساڵی دیکەی خایاند-وەرگێڕ

- "لە زستانی ١٩٤٧دا بنگوریۆن ڕایگەیاند، جووەکانی وڵاتی پیرۆز ئامادەن بەرگری لە خۆیان دژی لەشکری هەموو وڵاتە دراوسێکان بکەن و بەرپەچیان بدەنەوە. مرۆڤ ئەوکات لە چاوی شارەزاییە سەربازییەکان گومانی لە خۆڕاگرتنەکەیان هەبوو، کە نەخشەی بەرگریکردنەکەیان هیچ دەرفەتێکی سەرکەوتنی هەبێ."
- "لە سێپتامبەری ١٩٥٠دابنگوریۆن گوتی؛ بۆ ئەوەی ئیسرائیل پەرەبسێنێ و گەشە بکا، ئەوا لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا پێویستی بە یەک ملیار دۆلارە، دەبێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە کۆ بکرێتەوە. ئابووریناسەکان پێشنیازەکەیان بەڕێز بەڵام بە خەندەیەکی گوماناوییەوە سەیر دەکرد."
- "بەڵام دەوڵەتی جوولەکە دامەزرا، لەشکرەکانی دوژمن تێکشکان، ملیار دۆلارەکەش کۆکرایەوە."

کاتێکیش میوانی شەڕەف هەڵسایەوە بۆ گردبووەکان بدوێ، بە پەسندان و جۆش و خرۆشەوە دروشمیان بۆ کێشا. بە گوێرەی ئەوانەی ساڵانێکە دەیناسن، ئەوە یەکەمین جاری بوو کە خرۆشان بەسەریدا خەریکبوو زاڵ ببێ. چەند جارێک خوێز (تف)ی خۆی قوتدایەوە و سەدایەکی بی ئۆقرەیی بە دەنگییەوە دیاربوو. پاشان بەدەر کەوت کە چەند پشک لەو چل و هەشت ولایەتانەی ئەمریکادا فرۆشراون. سەرجەمیان سێ و پێنج ملیۆن دۆلار کۆکرایەوە. هەواڵنێران بە هەموو شێوەیەک بە شان و باڵی بنگوریۆنیان هەڵدا و کۆمەڵێ وتاری پەسنداری گەرمی لەبارەوە نووسران.

ڕۆژی چوارەم کە پشکنەرێکی دوو پۆلیسی بە جلی مەدەنی لەدواوە دەڕۆیشتن، سەری کتێبفرۆشەکانی نیویۆرکی دا. بە هەموویەوە ٣٠ کتێب، کە بابەتی سەرەکییان فەلسەفەی چینی بوو، کڕین.

لە کۆڵانی پێنجەمی برێنتانۆ Brentanoشدا لە لایەن ژنێکی گەنج کە چوار ساڵ پێشتریش یارمەتی دابوو، بەخێرهاتنی لێکرا.

"باروخا هابا 'barucha habba (بە پیرۆزییەوە بەخێر بێی).

لەوێش دانەیەکی کتێبی فەلسەفەی ژیان لە نووسینی شین لیس فو Chen Lis Fu بوو، کڕی، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری شوێنەکە دانەیەکی

دانسقەی بایبل کە بە عیبری، لاتینی و گریکی لە ١٥٥٣دا چاپکرابوو، بەدیاری دایە بنگۆریۆن.

پاولاش دەرفەتی سەردانی خوشکەکەی لە بروکلیندا بۆ رەخسا. کورێکی خوشکەکەی ویل ماسلاو Will maslow کە بۆ کۆنگرەی جووەکانی ئەمریکا کاردەکا، خۆی و ژنەکەی وکیژە شەش ساڵیەکەی، لە لایەن پاولاوە بانگهێشتکرانە میوانخانەی والدۆرف تا بنگۆریۆنیان پێبناسێنی. لەو شەوەدا ماسلۆو گوێی لێبوو، کچەکەی بە برادەرێکی خۆی دەگوت: "بەڵی بەیانی من و دایکم دەچینە میوانخانەی والدۆرف/ئاستۆریا و قسە لەگەڵ سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل کە دەبێتە خاڵی من، دەکەین، ئەویش کارێکی وا دەکا، کە بتوانین ژەنەراڵ ماک ئارسەر ببینین!"

یەکشەممەش بنگۆریۆن بە ترومبێل چووە پرینسێتۆن Princeton، نیو جێرسی New Jersey تا سەردانی بەناوبانگترین جوولەکەی سەر دنیا پرۆفیسۆر ئەلبێرت ئاینشتاین Albert Einstein بکا.

رۆژەکەی رۆژێکی خۆش بوو، لە دەرەوە لەناو باخەکەیان لە تەنیشت یەکدیدا دانیشتبوون. بنگۆریۆن ئەو پیاوەی هەرگیز حەز و باکی بە جلوبەرگ نەبووە، ئەوکات زۆر بە رێکوپێکی قاتێکی تۆخی دووڕیزە قۆپچەیی لەسەر کراسێکی سپی لەبەر کرد، بۆینباخێکی پەشمینی وێنەداری بەست و میدالیایەکیش کە دەدرایە ئەو ئەفسەرانەی خوێندەکەیان تەواو دەکرد، لەبەرۆکی خۆی دا.

ئاینشتاین پانتۆڵێکی لۆکە و فانیلەیەکی خوری لەسەر کراسێکی سپی لەبەردابوو، قۆپچەی سەرەوی کردبووەوە.

لەبەردەم کامێرای وێنەگراندا تێپەڕین و تەوقەیان لەگەڵ یەکدا کرد. ئاینشتاین زۆری نەبردبوو ئاهەنگی ساڵرۆژی حەفتا و دوو ساڵەی گێڕابوو، بنگۆریۆنیش بە شەش ساڵان لەو بچووکتر بوو.

لە رووخساریان لەیەک دەچوون. هەردووکیان قژێکی سپی بژیان هەبوو، کە تا سەر گوێیان هاتبوو. گەر هاتباو پێکەنیبان -لەو ماوە کورتەشیاندا زۆر پێکەنین- هەردووکیان هەمان کوریشکی گۆشەی لاچاویان هەبوو.

کاتێکیش وێنەگران بەجێیان هێشتن، بەیەکەوە دانیشتن و قسەیان کردن. بێجگە لە کتێبەکەی خۆی کە کەس بەرچاوی نەکەوت، بنگوریۆن لەبارەی وتووێژەکەی لەگەڵ گەورەترین بیرکارییناسی سەردەمی نوێ، نە هیچی نووسی و نە هیچ لێدوانێکیشی دا؛ بەڵام دواتر هەندێک لە وتووێژەکانی بۆ برادەرێکی باس کردبوو.

بنگوریۆن بە برادەرەکەی گوتبوو: "ئەرێ لەوە تێدەگەی کە ئاینشتاین نە تاقیگەی پێویستە، نە ئامێر نە کەلوپەل، نە هیچ شتێک! ئەو بە تەنها لە ژوورەکەی دابنیشێ، قەڵەمێکی پاندان و دەستە کاغەز و مێشکی خۆی و بەس، ئیدی بۆ خۆی بیر دەکاتەوە."

بنگوریۆن لای خۆی دانابوو پرسی ڕازی توانستی تەرکیزبوونەکەی لێبکا و لەگەڵیدا ڕاستییە هەمیشەییەکان باس بکا. لە دواییشدا لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا کە پرینسیتۆنی جێهێلا، لەو بڕوایەدا بوو، کە ئاینشتاین خاوەنی زیرەکترین مێشکی هەموو مرۆڤەکانی سەردەمی هاوچەرخمانە.

لە نیویۆرکیشەوە درێژەی بە گەشتەکەی دا.

لە فلادلفیادا کاتژمێری ئازادیان نیشان دا، لەوێدا بە بیری هێنانەوە کە دەقێکی بایبلی لە کتێبی لیڤیتیکوس Leviticusدا هاتووە، کە پەیڤەکانی خوان بۆ موسا: "تۆ دەبێ ئازادی لە وڵاتدا بۆ هەموو دانیشتوان ڕابگەیەنی."

لە بالتیمۆردا کلیلی شارەکەیان پێشکەش کرد.

لە واشنتندا ئاهەنگێکیان بۆ سازدا، کە هەزار کاربەدەستی پایەبەرز و دیپلۆمات تەوقەیان لەگەڵدا کرد. لە وێنەیەکدا لەگەڵ ئاشێسۆن Achesonweی وەزیردا، کە دوو جاران لەخۆی باڵابەرزتر بوو، بنگوریۆن بە بەرینی پێدەکەنی، یەکێک لە دۆستە ئەمریکاییەکانی گوتی:

- "تۆ لە وێنەکەدا ئەوەک دیاری کە ئاشیسۆن لۆنگ ئایسلاند Long Island و بەشێکی تەکساس و کەشتیگەلی ئەمریکایی پێبەخشیبی."

ماندوترین ڕۆژی لە ئەمریکا ڕۆژەکەی بۆستۆن بوو: لەوێ چوار وتاری گرنگی لە ماوەی یەک دوو سەعاتدا دان. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کاتی ئەوەی پەیدا کرد بەناو کتێبفرۆشانیشدا بگەڕێ.

لەبەرئەوەی دەیزانی بەشێکی زۆری دانیشتوانی بۆستۆن بە ڕەچەڵەک ئێرلەندین، بۆیە بە سەرۆکی شارەوانیەکەیانی گوت، کە جوولەکە و ئێرلەندییەکان زۆر خاڵی لەیەکچوویان هەن؛ هەر دوولایان لە ڕابردوودا بۆ ئازادی تێکۆشاون.

سەرۆکی شارەوانیش لە وەڵامنامەکەیدا یادی حایم سۆلۆمۆن Chaim Solomonی کردەوە، ئەو بازرگانە جوولەکەیەی لە ساتەوەختێکی تەنگەتاودا کۆمەکی شۆڕشگێڕە ئەمریکاییەکانی کرد بەوەی باربوویەکی دووسەد هەزار دۆلاریان بداتێ.

لە کۆبوونەوەکەی بۆستنیشدا بنگۆریۆن، کە زۆری لە سەر دیرۆکی ئەمریکا دەزانی، بە ناخیادا شۆڕبووە و هەندێک هێڵی تەریبی کێشان:

- "ئێوەلە بۆستن Tea Partyتایان هەبوو، ئێمەش کتێبی سپی.
- "ئێوەمینوتەمین Minutemen (میلیشیای چەکداری)یتان هەبوو، ئێمەش هاگانا.
- "ئێوە بۆ سەربەخۆیی خۆتان تێکۆشان، هەروەها ئێمەش.
- " ئێوە دەبوایە دژی یەک پاشا بجەنگن، ئێمە دژی چوار.
- "ئێوە دەبوایە دژی یەک سوپا ڕابوەستن، ئێمە دژی شەش. بەڵام ئێمەش هەروەک ئێوە بردمانەوە."

لە بەرانبەر خوێندکارانی زانکۆی براندایس Brandeis یشدا گوتی:

- "وەرنە ئیسرائیل و یارمەتی بنیاتنانی شارستانیەتێکی نوێ بدەن. ئێمەش ئەوەتان دەخەینە بەردەست کە پێش دوو سەد ساڵ لەم وڵاتەدا پێشکەشتان کرا. هیچ شتیک لەوە دڵگیرتر نییە، کە کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدەی. ئێمە لەو باوەڕەداین، دەتوانین بۆ جیهانی بسەلمێنین، کە دەتوانرێ بی ڕووتاندنەوە و بێ ڕق و کینە بژین."

لە دیترۆ Detroitیشدا پێشبینی کرد، ئیلاتی شارەکەی بایبلی سەر دەریای سووریش ببێتە دیترۆیتی ئیسرائیل.

لە کێلڤەلاند Kelvelandدا قسەی بۆ بیست هەزار کەس کرد.

لە شیکاگۆشدا بە تەقاندنی بیست و یەک تۆپ پێشوازی لێکرا، ئەوەش ڕێزگرتنێک بوو تەنها لە سەرەک دەوڵەتە گەورەکان دەنرا.

لە توسلا Tusla دەبوایە ئەو فڕۆکەیەی بۆ گەشتەکەی بە کرێ گیرابوو، بۆ بەنزین تێکردن بنیشتبایەوە. سەعات دوو نیوی شەو بوو، بارانیش دەباری. لەوکات تەنها سێ سەد خێزانی جوولەکە لە توسلادا دەژیان. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێکی زۆری خەڵک بۆ بەخێرهێنانی هاتبوونە فڕۆکەخانە.

لە لۆس ئەنگلزیشدا لە لایەن بەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیای فیلمەکان بانگهێشتی شێو خواردن کرا. لە هۆلیود بۆل Hollywood Bowlدا بیست هەزار کەس خڕببووەوە، کاتێک ئێدوارد رۆبنسن Edward G. Robinson جاڕنامەی سەربەخۆیی ئیسرائیل خوێندەوە سامۆئیل گۆلدیۆن Samuel Goldionیش میوانی شەرەفیان بوو. کاتێکیش بنگۆریۆن گوتی کەوا کەشوهەوا و جوانی سروشتی کالیفۆرنیا و ئیسرائیل لەیەک دەچن و ئیسرائیلیش چی دیکە لێناگەڕی بیابانی هەروا بێ ئاوەدانی و دەستکاری بهێڵێتەوە، بەتایبەتیش کاتێک مرۆ بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە تەماشای ژێر خۆی دەکا دڵگیرە، ئیدی خەڵکەکە پێکەنی.

ئەو لەو گەڕان و گەشتەیدا کە دوو هەفتەی خایاند نزیکەی ۳۰ هەزار کیلۆمەتری بڕی و شەست دوانی گرنگی لە دە شار دان، گوێی لە دروشمە پڕ خرۆشەکانی نزیکەی سێ ملیۆن کەس گرت، وەک میوانێکی شەرەفیش بیست و هەفت ژەمی فەرمی خواردن. هەرچەندە باوەڕیش نەدەکرا بەڵام هێشتا کاتی ئەوەی دەدۆزیەوە سەربکاتەوە سەر پیشە کۆنەکەی و زنجیرە وتارێک بۆ ڕۆژنامەی هیرست Hearst بنووسێ.

بە کەمتر لە مانگێک دوای گەیشتنە ئەمریکا، گەڕایەوە؛ لەنێو چاوانی ئەوەوە هەنووکە بایی پەنجا و پێنج ملیۆن دۆلار پشکی ئیسرائیلیی، فرۆشران.

کاتێکیش فڕۆکە سپییە شینباوەکە گەیشتەوە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، شەش فڕۆکەی جەنگاوەری ڕاوەدوونەری ئیسرائیلی گەیشتنە دەوروپشتی فڕۆکەکەی بنگۆریۆن. لە فڕۆکەخانەشدا پاسەوانی شەرەف، پەرەشووتوانەکان، زەریاوانەکان، ژنە سەربازەکان، تەواوی ئەندامانی کابینەکەی، ئەندامانی ستافی

ژەنەراڵەکان، نێردەیەکی گەورەی کەنیست، نێردەی ئەمریکا و بە هەزاران هاوڵاتی لەپێشوازیدا وەستابوون.

پاولا لێگەڕا هەواڵسازان دیداری لەگەڵدا سازبدەن. ئەوان دەیانەویست بزانن ئاخۆ ئەو وڵاتەی کە بە چەندان ساڵ لێیژیاوە پێی چۆن بووە، کەتبووە بەر دڵی. ئایا دۆستە کۆنەکانی بەسەر کردبوونەوە؟

- "بەڵی کاتێ من لێی دەژیام لە ڕووناکبیرە ئایدیالیستەکان تەژی بوو. ئێستا ئەوانە هەموویان ژنیان هێناوە و مێردیان کردووە، ئەوان سەرقاڵی کاروباری خۆیانن لەبەر پیشەکەیان تەنها بیر لە پەیداکردنی پارەو پول دەکەنەوە. ئەوان هیچ بیرۆکەیەکیان سەبارەت بەوە نییە، کە ئێمە چۆن بە سادەییانە دەژین. بەڵام ژیان لێرە کەمتر دەستکاری کراوە و ئەوەش گرنگە.
- "بەڵام ئای ئەوان چەند دەستکراوەن! زۆریان دوو بەڵکو سێ پشکیان دەکرین. لە هەر شوێنێک بۆی بچووباین باوەشە گوڵیان پێشکەش دەکردین. هەڵبەت منیش ڕاستەوخۆ بۆ نەخۆشخانەکانم دەناردن.
- کاتێ دیارییەکیان پیشکەش دەکرد، پیاوەکەم خەریک بوو لەخۆشیان باڵ بگرێ؛ ئەویش تۆپێکی گەورەی گۆی زەوی خولخۆر بوو کە لە ناخەوەڕا دەدرەوشایەوە.

لێیانپرسی ئایا کاتی بازاڕکردنی هەبوو.

پاولا پێکەنی. دەیەویست جارێک خۆی لەو هەموو بۆنە فەرمییانە بدزێتەوە "هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ" لە سوپەرمارکێتە گەورەکان بکڕێ، بەڵام کات هەرگیز بواری پێنەدا.

لە کاتی لەوێ نەبوونی بنگوریۆن باترلی کروم Bartly Crum، ئەو کەسەی ئەزموونی خۆی وەک ئەندامێکی کۆمسیۆنی ئانگلۆ ئەمریکایی لە فەلەستین لە کتێبێکدا بە ناویBehind the Silken Curtain خستبووە ڕوو، سەردانی ئیسرائیلی کرد. کاتێک ئەو لە پاریس بوو، زەنگی بۆ برادەرەکەی خۆی جۆ داڤیدسۆم Jo Davodsom کە پەیکەرتاشێکی بەناوبانگ بوو، لێدا و داوای لێکرد ئاخۆ خۆی و هاوسەرەکەی فلۆرەنس لەگەڵیدا دەچنە ئیسرائیل. ئەوانیشی هاوگەشتەکەیان پەسەند کرد. بەڵام دوای یەک دوو ڕۆژ دەبووا ئیسرائیل جێ بێڵن.

کروم بە بنگۆریۆنی گوت، کە داڤیدسۆن زۆر حەز بەناسینی دەکا. "ئەو گوتی کەوا پەرۆشی دروستکردنی پەیکەرێکی ئەوە."
بنگۆریۆن قایل بوو کە کروم داڤیدسۆن هەمان شەو لەگەڵ خۆییدا بیهێنێ و بیبینێ.
کاتێکیش بۆ یەکەمین جار یەکدیان دی، هەر دوولایان ماندوو ببوون. داڤیدسۆن هەموو ڕۆژەکە ئیشی لە کەللەسەری پەیکەری مۆشێ شاریت کردبوو، کاتێک کە بەلایانادا تێپەڕی، سکرتێرەکەی بە عیبری لەگەڵیدا ئاخاوت، پاشان هەندێ وشەی بە ڕووسی لەگەڵ ژنەکەی گۆڕییەوە و لەگەڵ پەیکەرتاشەکەش بە ئینگیلیزی قسەی دەکرد. ئێوارە درەنگیش داڤیدسۆن بە ماندوویی و شەکەتی گەڕابووەوە میوانخانەکەی؛ زۆری نەبردبوو هێرشێکی دڵ لێی دابوو بۆیە نەدەبوا زۆر خۆی سەرقاڵ بکا. بەڵام کە کروم بانگهێشتنەکەی پێگەیشت بەخۆشییەوە گوتی: ئای چەند خۆشە!
بنگۆریۆن داڤیدسۆنی لە کتێبخانەکەی کە لە نهۆمی دووەم بوو دیت. پێیگوت:
- "بیستوومە بێ ڤیزا هاتویتە ئێرە."
داڤیدسۆن ددانی پێدانا.
- "لەو بڕوایەدام خێرا بتوانم بتگرم."
بەیەکەوە قسەیان لە ئەگەری نیوە پەیکەرەکەی کرد. کاتەکەش شەوی یەکشەممە بوو. لە دوشەممەدا داڤیدسۆن وادەیەکی لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی حەیفا ئابا خوسیKhousy Abba سازدا و دەبوایە هەمان شەویش بگەڕابایەوە پاریس. بنگۆریۆن هەموو یەکشەممەکە لە سەعات نۆی بەیانییەوە سەرقاڵ بوو.
سەرەک وەزیران لەدواییدا گوتی: "من بەیانیەکەی زوو لەبەردەمت ئامادە دەبم."
داڤیدسۆن بەرسڤی دایەوە: "زۆر بەجێیە."
بەڵام لە پڕێکەوە سەرەک وەزیرانە تەمەن شەست و چوار ساڵەکە بە پەیکەرتاشە تەمەن شەست و هەشت ساڵەکەی گوت: "ئەرێ بۆچی لەم شەوەوە دەست پێنەکەین؟"

کروم و فلۆرەنس داڤیدسۆن بەپەلە دەرچوون بەڵکو قوڕ و کەرەستەی پێویست وەربگرن. هەنووکە چوار سەعاتی بەدوادا دێ کە داڤیدسۆن بە هێزوگوڕی لاوێک، خەریکی قوڕ شێلانەکەی دەبێ، لەو کاتەشدا بنگۆریۆن و فلۆرەنس داڤیدسۆن سەرگەرمی قسانن.
لە نیوە شەودا پەیکەرتاشەکە دەستی لەکارەکەی هەڵگرت؛ قوڕەکەی بە پەڕۆیەکی تەڕ داپۆشت و گەڕایەوە میوانخانەکەی. ڕۆژی پاشتر سەعات حەفت و نیوی سەر لەبەیانی، هەر چواریان لەسەر کارەکانی خۆیان ئامادە بوون. بنگۆریۆن لە کاتی ئاساییانەی خۆی کەمتر نەنوستبوو، بەڵام هەرسێ کەسەکانی دیکە هێشتا بە تەواوی بێدار نەبووبوونەوە.
داڤیدسۆن وتەکانی هاوکارە پەیکەرتاشەیەکی چەند بارە دەکردنەوە:
"ئەز دەبێ ئەو نیوە پەیکەرە پێش مردنم تەواو بکەم."
ئەوەش سەرنجێکی پێغەمبەرانە بوو. نیوە پەیکەرەکەی بنگۆریۆن دوا پەیکەر بوو کە پەیکەرتاشی ناوداری ئەمریکایی دروستی کرد.
کاتێکیش بنگۆریۆن بەجێی هێشتن، چاوێکی بڕیە کەللەی پەیکەرەکە و پرسی:
- "ئەرێ تەواو بوو؟"
پەیکەرتاشەکە بەرسڤی دایەوە: "هێشتا بە تەواوی نەخێر."
- "دە باشە، کەواتە من ئێوارە درەنگ سەعات شەش و نیو، کەمێکی دیکە لەبەردەمتدا دەمێنمەوە."
هەمان شەو بۆ سەعات نۆ نیوە پەیکەرەکە تەواو بوو.
ڕۆژی پاشتر، دوای نیوەڕۆکەی شەپۆلێکی لە ناکاوی باوبۆران کە سالانێک بوو ئیسرائیل شتی وای بەخۆیەوە نەبینیبوو، هەڵی کرد. باوبۆرانەکە دارودرەختی لە ڕەگەوە هەڵقەناندن، ڕێگاکان گیران، خانووبەرەکان زیانیان پێگەیشت. لێشاوەکە زۆر هاروهاج و لەوپەڕی بە هێزی خۆیدا بوو، کە زەنگیان بۆ بنگۆریۆن لە مناڵەکەی کێرن کیامەتدا لێدا. جۆ دادیدسۆنیش بوو کە بۆ خواحافیزی هاتبوو. خۆی و هاوسەرەکەی بە هۆی باوبۆرانەکە گەڕانەوە حەیفا. بنگۆریۆن بە ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر ئەوە بوو ئۆرشەلیم بەجێ بێڵێ. لەو کاتەی هەر دوو پیاوەکان لەگەڵ یەکدا دەدوان، هاوسەرەکانیان گازاندەیان بۆ یەک

دەردەبڕی چونکە "مێردیان بە دوو پیاوی پڕ وزەی بزۆز" کردبوو، کە ڕەشەبا، تەنانەت لاهاتنی داروردەخت یان ئەوەی سروشت دەیهێنیتە سەر ڕێگایان، لە ئامانجەکانیان لانادا.
لە کاتی ماڵ ئاوایی کردندا داڤیدسۆن بە شێوازە تێبیندارەکەی خۆی وەک کەسێک کە هەرگیز ئەو جۆرە پەسنە ڕێزگرتنەی بەکارنەهێنابێ، بە بنگوریۆنی گوت: "ئەو ڕۆژانە بۆ من یادەوەرییەکی گرانبەها بوو."
ئەوەش پیاهەڵدانێکی گەورە بوو، چونکە داڤیدسۆن وەک پەیکەرتاشێک لەگەڵ زۆر لە مەزنە پیاوان هەڵسوکەوتی کردوە. ئەو کۆتەڵی بۆ کەللەسەری گاندی، ئاینشتاین، شاو Shaw، وایتمان Whitman، ڕۆزڤێلت، ڕۆکفێلەر، کلیمانسۆ و هێلین کێللەری دروست کردبوو. بەڵام ئەو نیوە پەیکەرەی بۆ بنگوریۆنی داتاشی لە پەیڤەکان زیاتر سەرنجڕاکێش بوو. قوڕ بۆتە گەچ و گەچیش بۆتە برۆنز، هەنووکە کێ بە نیوە پەیکەر سەرسامە، لەو پەیکەرەدا داڤیدسۆن پەنجە هەستیارەکانی بەکار هێناون، وزە و توانا و بزۆزی و لێبڕاوانەی بنگوریۆنی تێدا بەرجەستە کردووە.
تاکە شت کە پەیکەرەکە نەیبێ بارگە کارەباییەکەی قژە سپییەکەی بوو، کە ڕێک و قیت وەستاوە.

مایەی خۆشی بوو، بنگوریۆن لە گەشتە ئەمریکاییەکەی گەڕایەوە. کاتی بۆ پشوودان نەبوو، چونکە هەڵمەتی هەڵبژاردن لەدەرگا بوو.
پارتەکەی ئەو، ماپای سێ ساڵ بوو لەسەر یەک گەورەترین پارتی دەسەڵاتدار بوو، بەڵام هەنووکە لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەکرایە سەر. تۆمەتی هەموو کەموکوڕیەکانی نێو خەڵکی خرایە ئەستۆی ماپای: کورتهێنانی خۆراک، بازاڕی ڕەش، کورتهێنانی سەرمایەی بیانی بۆ وەبەرهێنان، پاشەکشەکردنی بارودۆخی کرێکاران. لەسەرێکی دیکەشەوە ئەو لۆمەیە لە ماپای کرا گوایە لە هەمبەر سەرمایەی ئەمریکاییدا خزمەتکار بووە و قازانجی بەڵێندەرە تایبەتییەکانی پێ لە بەرژەوەندی کرێکاران گرنگتر بووە. بە گوێرەی نواڕینی هەندێکیان ماپای بۆ سەر پرسی دینی هەڕەشەبوو، بە گوێرەی هەندێکی دیکەشیان زۆر بۆ تیۆکراتەکان (ئۆلدارەکان) چەماوەتەوە. تۆمەتی

ئەوەشیان خستە پاڵ کە زۆر دارِساوەتە عەرەبەکان و وروژاندونیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک پێویست لە بەرانبەریاندا ڕانەوەستاوە.
بنگۆریۆن ئەو دەوڵەتمەدارە، ئێستا بۆتە سیاسەتوانێک و وتاری سەرنجگیر لەو کۆبوونەوە بۆ ئەوی دیکە دەدا. بەو قسەیەی زۆر پێکەنین کاتی پەلاماری ئەو سیاسیەتوانانەی دان، کە زیاتر گفت دەدەن لەوەی بەجێی بگەیەنن، کاتێ گوتی: "بەڵام من لە نەخشەمدا نییە بەڵێنی ئەوە بدەم، بۆ هەر ژنێکی ئیسرائیلی مێردێک و فستانێکی نوێی بۆ دابین بکەم!"
لە هەفتەی یەکەمی ئابدا هەڵبژاردنەکان کران. سەد هەزار کۆچبەر بۆ یەکەمین جاریان بوو لەژیانیاندا دەنگ بدەن. ماپای یەک کورسی لە چل و شەش کورسییەکانی کەنیست لەدەست دا. پارتە ئەرسەدۆکسییەکانیش هەمان زیانیان لێکەوت. هەروەها زیانەکە لە ماپایش کەوت. زایۆنیزمە گشتییەکان کە بنگۆریۆن بەوەی تۆمەتبار دەکردن، کە زۆر پێ لەسەر دەستپێشخەری تایبەتییانە دادەگرێ، بە خۆیان و بیست کورسییانەوە بوونە دووهەمین گەورەترین پارت.
بنگۆریۆن بووەوە سەرەک وەزیرانی هاوپەیمانێتییەکی پیاوگەلێک، کە هەر هیچ نەبێ لەیەک پێتدا بە تەواوی یەکانگیر بوون، ئەویش: هیچ ئیسرائیلیەک ناتوانی باشتر لەو پیاوە ڕیش سپییە بە ویقارە ڕابەرایەتیان بکا؛ ئەوەش بیروڕایەک بوو ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان بڕوایان پێی هەبوو.
پشکەبوونی بنگۆریۆن لە ساڵنامەی ١٩٥١ی ئیسرائیل بەناوی "هاواری گیان" بوو. دوا دێری بەم شێوە بوو:

- "بۆ کوێ بە لە کوێوە هاتووی، گرێدراوە. بەڵێی سروشت هەگیز ناگۆڕدرێتە سەر نەخێر. مێژوو هیچ نادۆڕێنێ. ڕابردوومان لە پشتمانەوە نییە بەڵکو بە زیندوویی لە پێشماندا دەڕوا. ئێمە وەک ئەو دەستنووسە وێنا نەکراوە نین یان ئەو سەنگە قوڕە مردووە نین کە لەگەڵ خۆماندا بەرەو ئایندەی ببەین، ئێمە بە دەستی بە تاڵەوە ڕێ ناکەین. ئێمە لەگەڵ خۆماندا پاشماوەی خەڵاتی یەکێ لە گەورەترین شارستانێتی دێرینی سەدە کۆنەکانمان هەڵگرتووە."

بەشی ٢١

دووشەممە، ٧ی فێبرایری ١٩٥٢ لە ئۆرشەلیم ڕۆژێکی ساردی ناخۆش بوو، زۆربەی ئیسرائیلییەکان نەخاسمە خودی سەرەک وەزیران خواخوایان بوو ئەو ڕۆژە زوو لەبیر بکەن. لەبەرئەوەی هێشتا باڵەخانەی پەرلەمان بینا نەکرابوو، کەنیست لە تەلارێکی بازرگانی سێ نهۆمی کە دەکەوتە سەر شەقامی شا جۆرجی پێنجەم، لەناو جەرگەی ناوچەیەکی بازرگانیدا، کۆ ببوەوە. لەو دووشەممە تەڕ و تووشەدا پۆلیس ڕێگاوبانی باڵەخانەکەی بە تێلدڕ و بلۆکە چیمەنتۆ گرتبوو. ڕێگای هاتوچۆ دەبوایە پێچی کردبایەوە؛ شەش سەد پۆلیسش بەیەکبەرگیی، بە شەپقە و زرێپۆش و تۆپزی لاستیک ونارنجۆکی فرمێسکرژێن بەو ناوەدا دەسووڕانەوە.

دوای نیوەڕۆکەی، کەنیست پرسێکی گرنگی تاوتوێ دەکرد. مژارەکەی دەبووە مایەی ئاژاوەنانەوە: ئەویش: سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی قەرەبووی ئاڵمان بوو بۆیان.

بۆ بنگۆریۆن ساتە بڕیارێکی پڕکێشەبوو. سەرەتا دەبوایە لە خۆی بپرسیبایە، ئاخۆ چۆن قەرەبووی زیانلێکەوتنی گەلێک بپەژرێنێ، کە زۆرنابێ خراپترین کارەساتی ڕاوەدوونانیان لە مێژوودا بەسەردا هاتووە.

دوای ئەوەی گەیشتە بڕیارەکە، کە فڕی بەسەر کاروباری ڕەوشتیانەوە نەبوو، دەبوایە ئەوانی دیکەش بهێنێتە ڕەدایێ. ئەو بە هۆشیارییەوە دەیزانی، کە لە ڕووی سیاسیەوە وەک ئەوە وایە یاری بە ئاگر بکا، چونکە پیاوەکانی خۆی دەناسین، کە هێشتا کەمیان ئامادەن گوێ لە بەڵگەوبەندی هۆشمەندییانە بگرن. برینەکانی هیتلەریان هێشتا ساڕێژ

نەبیوونـەوە. هـەر قسـەکردنێک لەپرسـی قەرەبووکردنـەوە، برینـەکان دەکولێنێتەوە و ژان و ئازار لەگەڵ خۆیدا دێنێ. هیچ پرسگەلێکی دیکە بەقەد ئەوە لەبار نەبوو کە دوژمنەکانی بخاتە یەک بەرەی بەرانبەرەوە. ئەو دەیزانی ڕەنگبێ کاری توندوتیژیشی لێبکەوێتەوە. بۆیە کۆسپ و تەگەرەی خستنە بەردەم ڕێگاکانی گەیشتن بە شوێنی کۆبوونەوەی کەنیست.

دانیشتنەکەی پەرلەمان بە هێورەیی دەستی پێکرد. لە سەعات ٤.٣٠ خولەکدا سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران ڕاگەیاندنەکـەی خـۆی خوێندەوە. ئەوەی باسکرد کە ئیسرائیل دە مانگ پێشتر دانوستانەکانی لەگـەڵ ئاڵمانـەکان دەسـتپێکردووە. ڕاوێژکـاری ئاڵمانیـای ڕۆژئـاوا نووسـراوێکی نووسـیوە، تیایـدا هـاتووە، کـە ئامادەیـە پرسـی قەرەبوونەوەکە تاوتوێ بکا.

- "ڕێگا مەدەن بکوژەکانی خەڵکەکانمان ببنە میراتگرییان!"

دوای ئەوەی سەرەک وەزیران لە دوانەکەی بووەوە و دانیشت، ئیدی بەڵگەوبەندی نەیارانی بە ڕوودا تەقینەوە. ئەندامێکی پارتی زایۆنزمیی گشتیی، ڕایگەیاند کە کوڕیژگەکەی لێیپرسیوە:

- "باوکە باوکە، ئەرێ چەند برە پارە لەبری باپیرە و داپیرەدا وەردەگرین؟"

قسەکەرێکی دیکەی ماپایش گوتی:

- "ئـەوە لیسـتێکی دەسـەڵاتدارانی ڕۆژئاوایـە تـا ئاڵمـانی ڕۆژئـاوا وەک بـەردەبازێک بـۆ هێرشـکردنە سـەر یـەکێتی شـۆرەوی بەکاربهێنن."

لەو ساتەدا ئەندامێکی هێروت Herut بە هاوارکردنەوە وەژوور کەوت: "ئەرێ خۆ گاز بوو دژی جوولەکان بەکارهێنرا! وا نییە.. گاز !"

شـەقامێک لـەولاوەتر مێنـاحیم بـێگن لەسـەر قەپەنگـی یـەکێک لـە خانووەکانـدا دیمـاگۆگیترین دوانـی لـە ژیـانی دا، بـۆ ئـاپۆرەی کۆمەڵـە خەڵکانێک کە زۆرینەیان گەنج بوون دوا.

لـە نیوەی دوانەکەیدا بـە ئاماژەیـەکی دراماتیکیانـە کاخـەزێکی لەبەرکـە دەرهێنا و هاواری کرد:

- "من نامەوێ زیاتر توورەتان کەم، بەڵام ئەو هەواڵە منی گەیاندە ئەو بارە. پۆلیس ئەو جۆرە نارنجۆکانەی هەڵگرتووە کەبە گازی ئاڵمانی پڕکراونەتەوە. هەمان گاز کە باوک و دایکی ئێوەیان پێ خنکاند...
- "ئێمە ئامادەین هەموو شتێکی لەپێناودا بکەین، شەهیدبوون، ئۆردوگای زۆرەملێ، زیندانی ژێر زەمینی، تا ڕێ لە دانوستاندن لەگەڵ ئاڵماندا بگرین."

بیگن بڕیاریدا دوانەکەی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر بنگۆریۆن بنێرێ، کە هەر چەند سەد مەترێک لەو لاوە لەسەر مێزی حکوومەت دانیشتبوو، گوێی لە وتارەکانی ئۆپۆزسیۆن دەگرت:

- "کاتێک جەنابتان تۆپت بەرەو ئێمە گڕ تێبەردەدا، ئەوکات فەرمانم دا: "نەخێر". بەڵام ئەمڕۆ فەرمان بە "بەڵێ" دەدەم. ئەوەش شەڕی مان و نەمانە."

بە دڵنیاییەوە نیوەی گوێگرەکانی بەرەو کەنیست کشان. زۆریان کۆڵەپشتیان پڕ بەرد کردبوو. بەبێ زەحمەتی توانیان هێڵی یەکەمی پۆلیس ببەزێنن. کاتێکیش لە کەنیست نزیک بوونەوە، ئەو پۆلیسانەی لەسەر بانەکانی دەوروبەر بوون، چەند بۆمبێکی فرمێسکڕێژێنیان بەردانە ناو. وەلێ بایەکە بە ئاراستەی پێچەوانەوە هەڵیکرد، بۆیە کاریگەری گازە فرمێسکڕێژێنەکە زیاتر لەسەر پۆلیسەکان بوو نەوەک ئاپۆرەی هەڵمەتبەر.

ئیدی پۆلیسەکان بەرەو دواوە کشانەوە و بەردەم باڵەخانەی کۆبوونەوەی کەنیستیان گرت. چەند تەقەیەک بەسەر سەری ئاپۆرەکەدا کرا. کاتێکیش ترومبێلی نەخۆشخانە بە هێمای ئەستێرەی داودەوە لێیان نزیکبووەوە تا نەخۆشەکان هەڵبگرێ، پەلاماری ترومبێلەکانیان دان. خەڵک ڕێگەیان لە پزیشکەکان گرت لێنەگەڕان بەسەر بریندارەکان ڕابگەن.

لە پەلاماری یەکەمدا سیانزە پۆلیس بریندار بوون، جێگری بەرپرسی پۆلیسەکان و یاریدەدەرەکەی لەنێو بریندارەکاندا بوون.

پاش سەعاتێکی شەڕە شەقام، ترۆمبێلیکیان وەرگێرا. کاتێکیش تانکی بەنزینەکە کون بوو، لێی ڕژا، یەکێک بۆمبێکی بچووکی بۆ هەڵدا و گڕی گرت. لەگەڵیدا پەلاماری ترۆمبێلەکانی دیکەشیان دا.

ئەندام پەرلەمانێکی کۆمۆنیست لە هۆڵەکە بازیدا و هاواری کرد: "ئێمە لێرە دانیشتووین و قسە دەکەین، کەچی لە دەرەوە خەڵک بەربوونەتە گیانی یەکدی و یەکدییان تەواوکرد. دەگوێ بگرن دەی!"

لەو ساتەدا بەرد گیرانە پەنجەرەی کەنیست. بەردێک بە سەری پەرلەمانتارێک کەوت و زامداری کرد. ئەوانی دیکەش وردە شووشەیان بەسەردا بارین. جارێکی دیکە بەرد گیرانە هۆڵەکە، ئەوسا لە ڕێی پەنجەرە شکاوەکەدا دووکەڵی گازی فرمێسکرژێن هاتە ژوورەوە. وەزیر و پەرلەمانتاران دەستیان بە کۆخە کۆخ و سڕینەوەی فرمێسکی چاوانیان کرد.

پاولاش هەرچەندە لە لایەن مێردەکەی ئاگادار کرابووەوە، ڕەنگبێ شەڕ و هەرای لێبکەوێتەوە، بەڵام وەک جاری جاران بە خۆی ترمزە چایەکەوە لەوێ ئامادە بوو. لەو تەنگەتاویەدا بنگوریۆنئاسا دەیەوست بە ئارامی بمێنێتەوە. پاولا یارمەتی پزیشکەکەی دا کە خۆی گەیاندبووە هۆڵەکە، بریندارەکان تیمار بکا.

جارێکی دیکە بەرد گیرانە هۆڵی کۆبوونەوەکە. دەنگەدەنگی هەرا و بەزمەکە گەیشتە ناو هۆڵەکە: تەقەی دەمانچە، دەنگی شووشەشکاندن، تەقینەوەی بچووک، فیکەی ترۆمبێلە فریادڕەسەکان و ئاگرکوژێنەرەوەکان، هاتوهاواری ئاپۆرەی تووڕە. دوای کپبوونەوەی گازی فرمێسکرژێن، بۆنێکی هەناسەتەنگ کردن لە تایەی سوتاوەوە دەهات.

بارودۆخەکەی کنێست لە ئابلۆقەدانی قەڵایەک دەچوو.

کاتێک خانمێکی پەرلەمانتاری سەر بە پارتی زایۆنیزمی گشتیبێ هۆش کەوت، بنگوریۆن بنباڵی گرت و یارمەتیدا لە هۆڵەکەی هێنایە دەرەوە، بە تووڕەییەوە گوتی:

- "ئەو ئەو هەموو تورەییە چۆن ڕێکخراوە؟"

ئیدی مێناحیم بێگن خۆی کشاندە نێو پەرلەمان و چووە سەر سەکۆ و لیستێک ناوی ڕابی، زانا، شاعیر و سەرکردەکانی بواری وێژە و ئاییینی

لـەدوای یەکدا ریـز کـرد، گوایـە هەموویـان دژی دانوسـتاندن لەگـەڵ دەوڵەتی ئاڵمان.

بنگۆریۆن کە گەڕابووەوە سەر جێگای خۆی، ئاماژەی بە پەنجەرە شکاوەکان دا و گوتی:

- "ئەو کەسانەی ناوت هێنان، فریان بەسەر ئەو گێرەشێوێنیەی تۆوە نییە."

بێگن بەسەریدا قیژاند و پێیگوت: "خۆت گێرەشێوێنی."

لـەنێو هۆڵەکـەدا سـووکایەتی زۆر بـە یەکدی کـرا. بێگین بـە سـەرەک وەزیرانـی گـوت "بکـوژ"، یـەکێکی دیکـەش بێگنـی بـە "شـێت" لەقەڵـەم دا، بەڵام ئەوانە قسەبەیەکدی بڕینی نێو هۆڵەکە بوون.

سەرۆکی پەرلەمان داوای لە بێگن کرد وشـەکانی خۆی بکێشـیتەوە و پەژیوان ببێتەوە. ئەویش داوای لێبووردنەکەی ڕەت کردەوە. سەرۆکی دانیشـتنەکە داوای لێکرد سـەر سـەکۆ جێبێڵێ، دیسـان ڕەتی کردەوە و گوتی:

- "گـەر مـن نـەتوانم قسـە بکـەم، ڕێگەش نـادەم هـیچ کەسـێکتان قسـەبکا."

ئینجا سەرۆک چەکوشەکەی بە مێزدا دا و دانیشتنەکەی تا سەعات سێ هەڵپەسارد.

کاتێک سـەرلەنوێ کەنیسـت دانیشـتنەکەی کـردەوە، سـەرکردەی هێروت کـە دوای شکسـتەکەی هـەڵبژاردن، دیسـان مقۆمقـۆی لەسـەربوو، داوای لێبـوردنی لـە سـەرەک وەزیـران کـرد، کـە بـە شـێوەیەکی ناشایسـتە و ناپـەرلەمانییانـە قسـەی پێگوتبـوو. ڕایگەیانـد کـە دواجـارە لـە کەنیسـتدا قسەبکا.

- "گەر هاتوو هەوڵ بدرێ لەگەڵ ئاڵمانەکان دانوستان بکرێ، ئەوا پارتەکـەی مـن ڕوودەکاتـە کـردەی ژێرزەمینـی. شـتگەلێک هـەن خۆشەویسترن لە ژیانمان، شتگەلێک بەدتر لـە مردن.. هێشتا بە ڕێ پێگرتن شەڕی کەم کراوە. ئەز دەزانم کە پەلکێشی ئۆردوگا زۆرەملێکانم دەکەن، بەڵام ئەوکات خۆ بەیەکەوە دەمرین."

بە ئێوارەیەکی درەنگەوە ئارامی گەڕایەوە شەقامەکان. حەفتا شەڕکەری گێرەشـێوێن گیـران. زیـاتر لـە سـەد پـۆلیس و هـاوڵاتی برینـدار بـوون،

هەندێکیان برینەکەیان سەخت بوو. مرۆ گومانی ئەوەی هەبوو، کە خۆپیشاندەرانیش سەد برینداریان هەبووبێ، بەڵام لەسۆنگەی ترسی ڕاوەدوونان و گیران ئاودیوکرابوون، بۆیە خۆیان شاردەوە.
لە شەوەکەیدا جامی پەنجەرەکان چاک کراونەوە بەشووشە ئاسنینە گیران.
ڕۆژی پاشتر زۆرینەی شەقامەکانی ئۆرشەلیم بەربەستیان بۆ دانرا. ناوبەناو دەنگی تەقەیەک دەهات. دەنگێکی گرژی و تووڕەیی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. هەموو وڵاتەکە بە ترس و تۆقینەوە چاوەڕوانی دەکرد. گەر هاتبا و شەڕی براکوژی هەڵبگیرسابایە، ئەوا بێهودە هەموو شتێک لەدەست دەردەچوو. جارێکی دیکە پێویست بە دەنگێکی بە هێز و بڕوابەخۆبوون هەبوو، سەدای بووبایە.
لەو شەوەدا هەموو ئیسرائیل لە ڕادیۆدا گوێیان لەم دەنگە بوو.

- "دەستەیەکی لاسار کە لە ئیرگون و کۆمۆنیستەکان پێکهاتبوون بەسەر کەنیستیان دادا...
- "بە ئەرکی خۆمی دەزانم، نەتەوە لەو شێوە پیلانە ناپاکی و تاوانبارییە دژوارە ئاگادار بکەمەوە و دەمەوێ دڵنیاتان بکەمەوە، کە ئێمە هەموو ڕێکارێکی ئاسایشپارێزیمان گرتۆتە بەر تا ئارامی ئیسرائیل بپارێزین...
- "من واتای ڕاگەیاندنەکەی مێناحیم بێگین بە کەم هەڵناگرم. ئەز دەزانم خۆی بۆ زۆرانبازیێکی ژیان و مردن تەرخان کردووە، منیش هەر وام؛ من دژی هەر کەسێکم کە هەڕەشەوگوڕەشە بکا. کارێکی گران نییە تاوانی کوشتنی ئەندامانی حکوومەت ئەنجام بدرێ... ئەوەشم لا ڕوون و ئاشکرایە، کە پلانەکانی بەڕێز بێگن بە پلەی یەکەم دژی کێیە...
- "بەڵام ئەوەش نابێتە هۆی تۆقین، نابێتە هۆی ترس و بیم.. ئیسرائیل هەرگیز نابێتە ئیسپانیا و سووریای دووەم."

ڕۆژی دواتر لە شارەکەی بابیلدا باران دەباری، لەو کاتەشدا زالمان شازار Zalman Shazar وەزیری پەروەردە، داکۆکینامەکەی بۆ پەژراندنی دانوستاندنەکانی قەرەبووکردنەوە دەخوێندەوە.

- "دوو هەزار ساڵە ئاوارە و دەربەدەر دەکرێین، بەڵام هەرگیز نەمان توانیوە داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو ژانانەمان بکەین."

کاتێکیش ساتی دەنگدان هات، پارتەکەی بێگن ئەندامێکی خۆی کە فشاری دڵ لێیدابوو بە چوارپایەی نەخۆشخانەوە هێنایانە ژووری کۆبوونەوە. بنگۆریۆنیش بانگی داود هاکۆهن David Hacohnی کردەوە کە بە ئەرک بۆ کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاریس بوو، فەرمانی بۆ درا بە فڕۆکەیەک بگەڕێتەوە ئۆرشەلیم تا دەنگەکەی بدا. هەرچەندە توندڕەوەکان بە لێشاو هاتبوون، بڕیارەکە بە ٦١ دەنگ بەرانبەر ٥٠ دەنگ بە بەرژەوەندی سەروەزیر درا. لە سۆنگەی بڕیارەکە بنەمای ڕێککەوتنێک دانرا، بە هۆیەوە ئیسرائیل بایی ٧١٥.٠٠٠.٠٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ئاڵمانەوە کاڵای لێخوڕین، ماشێن و ماددەی خاوی وەرگرت.

هەندێکیان هەرگیز لە بنگۆریۆن خۆش نەبوون، کاتێکیش کەلوپەلە قەرەبووەکان بە شەمەندەفەر لە ئاڵمانەوە گەیشتنە سەر خاکی ئیسرائیل، ڕەتیان کردەوە بەکاری بێنن.

وەلێ بنگۆریۆن ئەو شتەی ئەنجام دا کە ویژدانی خۆی لەگەڵدابوو، ئەو داکۆکی لە پرسگەلێکی ناخۆشەویستانە کرد، لە ئانوساتێکی تەنگەتاودا بۆ گەلەکەی سەلماند کە ئامادەیە سەرکردایەتییەکی دیموکراسییانە بکا.

لۆتنانت کۆلۆنێل Lieutenant Colonel (بەرانبەر پلەی سەربازی مقدم) نەحیمیا ئارگۆڤ یاریدەدەری سەربازیی سوپاسالار، لە کاتی ئاژاوەکەدا لە ئۆرشەلیم نەبوو. دوای ئەوەی لەو سەربازگەیەی مەشقەخولێکی دووبارە دەکردەوە، گوێی لە هەواڵەکان بوو، بە ناسیاوێکی گوتبوو: "گەر ب.گ هیچی لێهاتبا، منیش خۆم دەکوشت."

لە فێبرایەردا بنگۆریۆن چاوی بە کەسێک کەوت، سی و سێ ساڵ بەرێ، بەسەرڕێیی دەیناسی. ئەو و سام هامبورگ Sam hamburg لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا بەیەکەوە لە ڕاژەی بەتالیۆنی جوولەکاندا بوون. ئەوکات سام تازە تەمەنی گەیشتبووە حەڤدە ساڵان بوو، کەڵەگەتێکی

ئایدیالیست بوو. دوای جەنگ لە فەلەستین دەڕوات و دەچێتە ئەمریکا، لەوێ بە پارەی قەرز کۆرسی کشتوکاڵی لە زانکۆی کالیفۆرنیا تەواو دەکا. لەنێو جوتیارانی بیاباندا بووە بیچمێکی ئەفسانەیی، کە پێنج ملیۆن دۆلاری لە بەڵێندارێتی و کشتگەکاندا بەگەڕخست، ئەوەندە گەورە بوو بەقەد دوورگەی مانهاتن Manhattan دەبوو؛ وەک دەرچەیەکی ململانێ زەحمەتیەکەی لەگەڵ بیاباندا ، لە دواییدا سەرکەوت.

هەنووکە ئەو پیاوە کۆڵنەدەرە بە ڕووە گەش و چوارشانەییەکەی سەردانێکی وڵاتی پێشینانی باب و باپیرانی کردەوە.

بنگۆریۆن دەربارەی نمایش و چالاکیەکانی بیستبوو، دەیزانی کە بەروبوومی گەنمەکەی بە هۆی سن و کیسەڵە و ژەنگەوە لە دەست داوە، کانیاوەکانیشی وشک هەڵگەڕاون، بەڵام ئەو ئاوی بە درێژایی ٦٤ کیلۆمەتر بە خاکێکی گردۆڵکەییدا ڕاکێشاوە، هەر جارێکیش کارەساتێکی سروشتی بەسەر هاتبا زیاتر زەوی دەکڕی و نووچدانی نەبوو. ئیسرائیل پێویستی بە جوولەکەی لەم جۆرە هەبوو. سەرۆەزیریش داوای دیتنی کرد.

- "ئەم شێوازەی لێرە کشتوکاڵی پێدەکرێ، سەرکەوتوو نییە."
- "چۆن؟"
- "لێرە ڕامانیانب ۆ کارەکەیان نییە. خەڵک هەروەک ئەورووپا لەسەر کێڵگەی بچووک و دارودرەختی کەم کار دەکا."
- "ئەدی باشە چی بکەین؟"
- "جەنابی سەرەک وەزیران، دەزانم تۆ ڕامانت هەیە، بەڵام تۆ لە وڵاتی خۆت دەترسی. تۆ نازانی چیت هەیە. خاکی ئێرە نایابە. تۆ سەقایەکی هاوسەنگت هەیە. تۆ دەتوانی باشترین لۆکە ، شەکر، توتن، گەنم و سەوزەی زستانی بەرهەم بهێنی."

بنگۆریۆن برۆ درەکانی هەڵاویشتن.

- "تۆ دەتوانی بەرهەمەکان بنێریتە دەرەوە. بازرگانی گەورەی پێوە بکەی. سەرمایەی دەرەکی بۆ کێش بکەی."
- "شارەزایەکانمان پێیان گوتووم، کە لێرە لۆکە ناچێندرێ، چونکە مێشوولە هیچی ناهێڵێ."

هامبۆرگ بە لەپە گەورەکانی ئاماژەیەکی کرد.

- "هیچ مێش و مەگەزیک نیە لەناو نەبرێ، گەر هاتوو کێڵگەکان بە ڕووبەرێکی فراوان بوون، کەمیشی تێدەچێ."

بە چەندان سەعات قسەیەکان بەیەکەوە کرد. لە دواییدا بنگۆریۆن دەستێکی لە مێزەکەی بەردەمیدا و گوتی:

- "دەکرێ هەفتەی داهاتوو بەیەکەوە سەرێکی نەقەب بدەین و تەماشایەکی بکەین."

هامبۆرگ بەرسڤی دایەوە: "نەخێر ناکرێ، ئێستا لە کالیفۆرنیا بەهارە. من دەبێ تۆو دابچێنم. بەلام باوا ڕێک بکەوین گەر تۆ پێویستت بە من هەبێ ، جارێکی دیکە دێمەوە."

- "کەی؟"

هامبۆرگ ڕووپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەی ناوگیرفانی هەڵدایەوە و گوتی:

- "٦ی مارت کە دەکاتە پێنجشەممە، ئەز سەعات هەشتی سەر لەبەیانی لای نووسینگەکەی ئێوە دەبم."

بنگۆریۆن بە بەرینی پێکەنی. ئەو، ئەو کەسانەی خۆشدەویست کە بە دەقاودەقی دەیانزانی چیان دەوێت.

- "دەکرێ لە وادەکە خاترجەم بم؟"
- "بەڵی، بە ئەرخاین بوونەوە."

پێنجشەممەی ٦ی مارتی ١٩٥٢ کۆمەڵێکی نزیکەی پەنجا کەسی لەبەردەم وەزارەتی بەرگری لە تەلئەبیب ئامادەبوون. ڕیزە ترۆمبێلێکی زۆر وەستابوون، لە ڕۆخی شۆشتەکاندا ڕایان گرتبوو. بنگۆریۆن لەگەڵ یادین، بەرپرسی ستافەکەی، وەزیر و کۆمەڵێک پسپۆڕی کشتوکاڵی و لێکۆڵەرەوە زانستییەکان، هەموویان چاوەڕێ بوون.

ئەوان هەر تەماشای سەعاتەکەی دەستیان دەکرد. گرەو لەسەر هاتن و نەهاتنی ئەو پیاوە ئەمریکاییە چوارشانە تێکسمڕاوە دەکرا.

بە دەقاودەقی لە سەعات هەشتدا بە دەرکەوت. بەیەکەوە بەرەو بیابانی نەقەب ترۆمبێلەکانیان لێخوڕین، هەموو ڕۆژەکەیان لە بیاباندا بەسەربرد و چەند جیبێکی سەربازییش پاسەوانیان دەکردن. هەر شوێنێکی بۆی دەچوون وشکوبرینگ و بێ بەرهەم بوو. لەکۆتاییدا لە بیئر سەبعە ڕاوەستان.

سەرەک وەزیران پرسی: "بەڵێ هامبورگ، چۆنی لێتێدەگەی؟"

- "تەماشاکە گەورەم- خۆ پێتناخۆش نییە گەر من بەگەورەم ناوت بهێنم؟- من هەموو ژیانم بە گژ بیاباندا چوومەتەوە، شەڕم لەگەڵ سروشتدا کردووە تا لە ڕووی داراییەوە سەربەست بم و ئازادانە بژیم. من هەرگیز حەزم بە چارەی گەورەم نەکردووە. بەڵام ئیرادەی تۆ وام لێدەکا بە گەورەم ناوت بێنم. تۆ من دەبەیتەوە سەر کەلکەڵەی هۆنراوەیەک کە جارێکیان خوێندومەتەوە. هۆزانەکە بەناوی "پێغەمبەرەکە"یە. بەڵام با لەوە بگەڕێین و بێینەوە سەر بیابان....."

بنگۆریۆن پێکەنی.

- "بەڵی، بیبانەکە."
- "دوا دەڤەر کە بینیمان... هەرکاتێ ئاوی گەیشتێ، ئەوا بۆ ڕواندنی لۆکە و شەکر دەست دەدا، بەچەشنێک لە جیهاندا بێوێنە بێ."

لەسەر ڕاوێژی سام هامبورگ لە بیابانی نەقەبدا لۆکەیان چاند. لە مێژووی گشتیاری ئیسرائیلییدا ئەو ملیۆنلێرە کالیفۆرنایییە بە تاسە و دڵە بەخشندەییەوە ڕۆڵێکی گرنگی وازی کرد. بێئومێدی و نوشستییەکان بەردەوام هەر هەبوون. بەڵام خۆ دەستپێکەکە ڕۆنرا.

پێش ئەوەی ئەوجار ئیسرائیل بەجێ بهێڵێ، داوای لە بنگۆریۆن کرد پارچەیەکەی چۆڵی بیابانی لە شوێنێکدا بدەنێ کە بەقسەی شارەزایان زۆر بێنرخ بێ و هیچی لێنەڕوێ، خوازیار بوو کێڵگەیەکی نموونەیی لەسەر بنیات بنێ.

زەویەکی شەش سەد ئاکەر[48] Acre (فەددان)یان لە بێت شینڤالای Beit Sheanvallei لە گالیلیا کە شەست مەتر لە ئاستی ڕووباری ئوردن بەرزتر بوو، پێدا. خاکەکە زەرد، لمێکی وشکوبرینگ، تەنانەت دڕکودالیشی لێ نەدەڕوا.

یەکێک لە پسپۆڕەکان لێیپرسی: "باشە چۆن ئاوی بۆ دەهێنی؟"

وەڵامی دایەوە: "من زۆرم حەز لە ڕووبارە. خودا و من بەیەکەوە مشووری دەخۆین."

---

[48] فەددان؛ پێوەرێکە بۆ پێوانەی ڕووبەر. هەر ئاکەرێک ٤.٠٤٦مەتر دووجایە-وەرگێڕ

لە بەهاردا مارێنزی بەریتانی چەند سەردانێکی دۆستانەی بۆ وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کرد. حکوومەتی ئیسرائیل ئاگادارکرایەوە، کە سەرەک وەزیران ڕۆژێک لە کاتێکی دیارکراودا ئەدمیرالی کەشتیگەلی بەریتانیی دەریای ناوەڕاست لۆرد لویس ماونتباتنLord Louis Mountbatten جێگری پێشوی شاژن و حاکمی هیندستان، ئەندامی ئەنجوومەنی نهێنی، هەڵگری خاچی مەزن، ئەستێرە سوورەی ئاسایشی هیندستان، سوارچاکی کاوسباند Kouseband و هەڵگری خەڵاتی بێژماری ناوەوە دەرەوە سەردان دەکا.

سەردانەکە بۆنەیەکی هەستیار بوو. پەیوەندی نێوان ئینگلستان و ئیسرائیل هێشتا هەر گرژ بوو. تۆ بڵێی شوێنی یەکدی دیتنەکە کوێ بێ؟ بنگوریۆن پێی باش بوو لە ئۆرشەلیمدا بێ، بەڵام وەزیری کاروباری دەرەوە هێشتا بارەگاکەی هەر لە تەلئەبیب بوو، کەسیش چاوەڕێی نەدەکرد ئەدمیرالی بەریتانیی پرۆتۆکۆل بشکێنێ و بەرەو ئۆرشەلیم بێ.

هەواڵناردنەوەی ئەدمیراڵ بەوەی لاری لەسەر ئۆرشەلیم وەک شوێنگەی دیدارەکە نییە، مایەی سەرسوڕمان بوو.

ڕۆژی دیدارەکە سەرەک وەزیران بەبێ بۆینباخهاتە وەزارەت. سکرتێرەکەی پێیگوت:

- "ئایا بەڕاستی تۆ بەباشی نابینی کە ئەدمیراڵی بەریتانی سەردانت بکا، بۆینباخ ببەستی؟"

سەرەک وەزیران هەندێک بیری لێکردەوە: "بەڵێ، لەڕاستیدا دەبێ بیبەستم."

کەس لە وەزارەت بۆینباخێکی زیادیان پێنەبوو، بۆیە تەتەرێک بەپەلە ڕەوانەی ماڵی بنگوریۆن کرا، تا بۆینباخەکەی بهێنێ.

ڕێک لەوکاتەی هۆڕن و فیکەی کەژاوەی ترومبێلەکانی ئەدمیرال لە جادەکەدا دەنگی دەهات، تەتەرەکە بە بۆینباخەکەوە گەڕایەوە. بنگوریۆن هێشتا هەر خەریکی بەستنی بۆینباخەکە بوو، میوانەکە هاتە ژوور.

تەنانەت سەرەک وەزیرانیش کەمێک بە ماونتاباتن سەرسام بوو کە بەژوور کەوت. ئەو کابرایەکی بەژن یەک مەتر و هەشتا سانتیمەتر درێژ بوو، قۆز هەروەک ئەستێرەکانی سینەما، یەکبەرگییەکی سپی

ئاودامـان زێـڕی لەبـەردابوو، زنجیرەی قۆپچـەكانی زێـڕ بـوو، چـوارده مـەدالیا و هێڵـی لەشـانی چەپـەوە بـوون لـە خوارووشـیان میدالیایـەكی گەورەی كاوسنباند و دوو تەختەی دیكە. ئەو شمشـێری دەوڵەتیشـی بـە لا نێكەوە وەكردبوو.

هیچ پاساوێك لەگۆڕێدا نەبوو ئەو جووتە حەز بە چارەی یەكدی بكەن، بەڵام لە نیگای یەكەمیانەوە بە باشی لەگەڵ یەكدا هەڵیان كرد.

هـەر زوو بنگۆریـۆن ڕووی قسـەكانی بـەرە و بابـەتی كەسـیی گـۆڕی و سەبارەت بە ساڵەكانی ماونباتن لە هیندستانەوە پرسیاری لێكرد.

چارەگێـك بـوو هێشـتا ئـەدمیرال هـەر دەربـارەی ئەزموونـەكانی خـۆی قسەی دەكرد، هەستیارێتی و زۆرزانی نمایش دەكرد. ئـەوان دەربـارەی پەنابەرانی هیندستان و پەنابەرانی ئیسرائیل، سەبارەت بە كۆچی نهێنی و بابەتگـەلی دیكـە بـە دۆسـتایەتی دوان. كاتێـك ویسـتی بـڕوا ماونبـاتن گوتی:

- "مـن بیسـتومە گوایـە ئێـوە لـەكاتی خـۆی لـە ڕاژەی سـەربازیی بەریتانیادا بوونە. ئەوكات گەیشتبوویە چ پلەیەك؟"

سەرەك وەزیرانی كورتیلە چاوێكی دایە میوانە درێژەكە و گوتی:

- "ئەز عەریف بووم، بەڵام پلەكەیان داگرتم."

میوانەكە پێكەنی، دەسـتێكی خسـتە سـەرشـانی بنگۆریـۆن و گـوتی: "پێم سـەیر نییە!"

هەفتەیـەك دواتـر پاكێتێـك بـە زۆر مـۆر و پـوولی فەرمییەوە بـە پۆسـت گەیشت. ئەویش بریتیبوو لە كتێبێكی ماونبـاتن بـۆ بنگۆریـۆنی "بـرادەرە باشـەكەی" بە یادەوەری ئەو سـەردانە ڕێزلێگیراوەی ناردبوو.

لـەكۆتایی سـاڵی ١٩٥١دا جـۆ داڤیدسـۆن یاداشـتەكانی خـۆی بـەناوی لـە نێوان دانیشـتنەكان 'Between. Sittings' بـەچاپ گەیاند. پـێش ئـەوەی كتێبەكەی بچێتە چاپخانە، چەند لاپەڕەیەكی سـەبارەت بـە سـەردانەكەی بۆ ئیسـرائیل، دوا قۆنـاخی سەرسـامبوونی بـە وڵاتێكـی پـڕ لـە ژیـان لـێ زیادكرد. دانەیەكی بە دیاری بۆ بنگۆریـۆن نـارد. هەفتەیـەك دوای ئـەوە بە هێرشی دڵ كۆچی دوایی كرد.

چەند مانگێک دوای ئەوە بێوەژنەکەی بۆ راپەڕاندنی هەندێ کاروبار سەردانی ئیسرائیلی کرد. لە تەلئەبیبدا ناسیاوێکی بانگهێشتی شانۆ کرد. بە شێوەیەکی ناوازەی دەگمەن سەرەک وەزیران ئەو شەوە پشووی وەرگرت. لە نزیک فلۆرەنس داڤیدسۆنەوە دانیشت و قسەی لەبارەی مێردەکەیەوە دەکرد. پێیراگەیاند کە کتێبی مێردە کۆچکردووەکەی پێگەیشتووە و بە تاسەوە خوێندویەتیەوە.

ئەو پشتی بە کورسیەکەدا بووە و هەر قسەی دەکردن، کاتێکیش پەردە هەڵدرایەوە و ئەکتەرەکان دەمەتەقێی شانۆیی خۆیان نمایش دەکرد. هۆڵەکە زۆر کڕومات بوو، مرۆ تەنها گوێی لە دەنگی ئەکتەرەکە و بنگوریۆن دەبوو. بنگۆریۆن پەسنی کتێبی پەیکەرتاشە ناودارەکەی دەدا. فلۆرەنس داڤیدسۆن نەیدەزانی چی بکا، تۆبڵێی تا چەندی دیکە بنگوریۆن هەروا قسان بکا، تۆ بڵێی کارێکی شیاو بێ قسەکانی پێببڕێ.

لە دواییدا بنگۆریۆن ناچار بوو ئاوڕ بداتەوە، کە شتێکی نائاسایی لەگۆڕێدایە، ئەویش بینی کەوا هەموو جەماوەرەکە بێ هەستوقوست دانیشتووە، گوێ لە پێشهاتەکانی سەر شانۆ دەگرن.

لەو سەردەمدا ئێفرایم ئێڤرون Ephraim Evrum کە دواتر بووە نوێنەری هیستادروت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سکرتێری بنگوریۆن بوو. پێش ئەوەی بگاتە ئەو پایە بەهۆی شارێتەوە بردرایە لای بنگوریۆن بەڵکو ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان وەزارەتی کاروباری دەرەوە و سکرتارییەتی سەرەک وەزیران. ئەو هێشتا گەنج بوو، درێژیەکەشی هەر بەقەد سەرۆکەکەی بوو، پێشتر ئەفسەرێک بوو لای دەزگای هەواڵگریی هاگانا. بۆ کارە نوێکەی زۆر گونجاو بوو، تەنها خاڵی نەرێنییەک کە هەیبووبێ: خێزانداری بوو، دوو منداڵی بچووکیشی هەبوون.

بەهێزترین چیرۆک کە لەسەر سەرۆکەکەی بگێڕێتەوە، ئەو کاتە بوو کە لە ئۆرشەلیمەوە بنگۆریۆن زەنگی بۆلێدا تا یاوەری بێ بۆ سەر گۆلی گالیلیا لە تەبەرییا. سەرەک وەزیران دەبوایە کتێبێکی لەسەر فەلسەفەی گریکی پێبووایە. ئیپی (کە بەردەوام بە ئیڤرومی دەگوت) دەبوایە بگەڕێتەوە تەلئەبیب، لەو سێ ژوورە پڕ کتێبەکەی ماڵی بنگۆریۆن لە نهۆمی دووەمدا لە کێرم کیامەتە لە سەر ڕەفەی سێهەم، لە سەرووی

دەستەڕاستی کە دەڕۆیشتیتە ژوورەکە پێنجەم، کتێب بەلای چەپەوە هەڵدەگری و بۆ سەرۆکەکەی دەهێنێ. هەندێکیشی باسی ناوەڕۆکە گریکیەکەی کتێبەکە بۆ کردبوو.
کاتێکیش ئیرۆن ڕۆژی دواتر دەگاتە تەبەریا سەر گۆلی گالیلیا کۆمەڵێک برووسکە و نووسراوی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەداتە سەرەک وەزیران."

- "ئەدی کتێبەکە؟"
- "بەڵێ، ئەویشم هێناوە."

کاتێک بنگوریۆن چاوی لەناونیشانی سەربەرگی کتێبەکە کرد، سوورهەڵگەڕا.

- "ئەوەی هێناوتە شەشەمین کتێبە لە دەستە چەپەوە، خۆ من پێم گوتبووی پێنجەمین کتێب، دەبوایە تۆ پێنجەمین کتێبت بۆ هێنابام. "ئیڤرۆن ویستی پێبڵێ کە شەشەمین کتێب باشتر لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکەی پێیگوتبوو دەهاتەوە لە کتێبی پێنجەمی سەر ڕەفە تایبەتییەکە."

هەر زووش بنگوریۆن بەسەر بێئومێدیەکەیدا زاڵ بوو، بەڵام هێشتاش چەند مانگ دواتر پەلار (تەعلیق)ێکی لە ئیڤرۆن گرت، بەوەی نەیزانیوە کامەیان کتێبی پێنجەمە یان شەشەم.
سەربردەیەکی دیکەش دەربارەی یادەوەری بنگوریۆن هەبوو. لە فڕۆکەخانە نیشتمانییەکەی واشنتن، بنگوریۆن کە سواری فڕۆکەیەک دەبوو بچێتە نیویۆرک، سکرتێری ئەندام کۆنگرێسێکی ئەمریکایی ڕایسپارد:

- "جەنابی بنگوریۆن، دەبوایە منیش سەرنشینی هەمان فڕۆکە بووبام، بەڵام بە داخەوە جێ نەماوە، بۆیە بە فڕۆکەی دواتر دێم. برادەرێکم لە فڕۆکەخانەی نیویۆرک دێتە دوام. هەنووکە دەستم پێیراناگا. گەر هاتوو لەوێ دیتت چاوەڕوانم دەکا، توخوا بۆی ڕوون بکەروە، کە بۆچی دواکەوتم؟"

بنگوریۆن ئامادەبوو پەیامەکەی بگەیەنێ، ئیدی خانمە سکرتێری ئەندام کۆنگرێسەکە وێنای تەواوی برادەرەکەی خۆی بۆ کرد.

سالآنێک پاش ئەوە سیلەر Celler‌ی ئەندامی کۆنگریس سەردانێکی ئیسرائیلی کرد. خانمە سکرتێرەکەشی لەگەڵدابوو. کاتێک گەیشتنە ژوورەکەی بنگوریۆن، پێش ئەوەی هیچ وشەیەکیان لەگەڵدا بگۆڕێتەوە، بە خانمە سکرتێرەکەی گوت: "لەنێوان دو کەوانۆکەدا. من برادەرەکەی تۆم لە نیویۆرکدا نەدۆزیەوە."

ڕۆژێکیان بنگوریۆن بانگی ئیڤرۆمی کرد و پاکەتە پۆستێکی کە لە ئەرژەنتینەوە بۆ هاتبوو، نیشاندا. پۆستەکە پێکهاتبوو لە بەرهەمێکی چواربەرگی سپانیزمانی نووسینی پرۆفیسۆر لیۆن دوڤۆن Leon Dujovne لەسەر ژیان، بەرهەم و کاریگەری سپینۆزا Spinoza[٤٩] لە بۆینس ئایرسەوە نێردرابوو.

- "ئیپی من دەمەوێ ئەو کتێبانە بخوێنمەوە. ئەرێ کەسێک دەناسی زمانی ئیسپانیم فێر بکا؟"

ئیڤرۆن یەکسەر بیری لە ئیسحاق ناڤۆن Yitzhak Navon کردەوە. ناوبراو جێگەی ئیڤرۆنی لە سکرتارییەتی شارێتی وەزیری کاروباری دەرەوەدا گرتبووە و لە گەڵ نێردەکانی بۆ ئوروگوای و ئارجەنتین کاری کردبوو. بنگوریۆن ناڤۆنی دەناسی. سالآنێک لەمەوبەر کاتێ ناڤۆم بەرپرسی هەواڵگری بەشی عەرەبی گاهانا بوو، یەکدیان دیتبوو. لەو ئەرکەیدا سالێک بەر لە جاڕدانی سەربەخۆییدا بیرۆکەیەکی داهێنابوو، دواتر بە "فێڵەکەی عەرەبان" ناوی دەرکردبوو گوایە پێویستی بە چوار هەزار دۆلارە. تەنها یەک ئەفسەری هاگاناش دەیزانی ئاخۆ چۆن دەستی بەو برە زۆرەیە ڕابگا.

ئەفسەرەکە پێیگوت: "دەبڕۆ لەگەڵ بنگوریۆندا قسە بکە. بەڵکو ئەو جۆرە بیرۆکە شێتانەیە هەستی ئەو ڕابکێشێ."

ناڤۆن بە شەرمەوە لە سەرۆکی ئاژانسی جوولەکان چووە پێش. بنگوریۆن گوێی لێگرت پاشان لێیپرسی: "ئایا دوو هەزارت دەوێ؟"

ناڤۆن بە تاسەوە گوتی بەڵێ، دەردەست پارەکەی پێدرا و ئیدی ناوی "فێڵەکە"ی بەسەردا برا.

پەیوەندی لەیەک تێگەیشتنی نێوان هەردوو پیاوەکە هەر لەسەرەتاوە باش بەڕێوە چوو. ناڤۆن تەنها سابرایەک نەبوو، بەڵکو ماڵباتەکەی سێ

[٤٩] سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧ فەیلەسووفێکی هۆلەندی ڕەچەڵەک جوو.

سەد ساڵ بوو لە ئۆرشەلیم دەژیان. هەنووکەش دەبووایە زمانی سپانی فێری بنگۆریۆن بکا.

- "پێویست ناکا بە ئیسپانی قسە بکەم" ڕوونکردنەوەی بنگۆریۆن بوو، بە مامۆستاکەی گوت: "بەڵکو تەنها خوێندنەوەم فێر بکە."

ناڤۆن بۆی دەرکەوت هەرچەندە بنگۆریۆن بەسەر چەند زمانێکدا زاڵە، کەچی لە ڕاستیدا هیچ بەهرەیەکی تایبەتی بە ئاراستەی زمان فێربوون نەبوو، بۆیە زەحمەتییێکی زۆری کێشا تا دەنگە نامۆکانی پێ گۆبکا. بنگۆریۆن زمانی گریکی، ترکی و زمانەکانی دیکەی کە دەزانین لە ڕێی زۆر خوێندنەوە فێر ببوو، قسەی پێبکا.

دوو تا سێ جاران لە هەفتەدا ناڤۆن بە شە و دەچووە ماڵی بنگۆریۆن لە کێرن کیامەت، ئەوسا بەیەکەوە سەعاتێک خەریکی فێربوونی زمانەکە دەبوون. مامۆستاکە گوتی؛ کە شاگردەکەی واتای وشەکانی لێک دەدایەوە و کاتێکیش لەبەری دەکردن بە مامۆستاکەی دەگوت واتای وشە فەلسەفییەکانی بۆ لێکبداتەوە.

ڕۆژێکیان بنگۆریۆن بانگی ئێڤرۆنی کرد و پێیگوت: "من ئەو دوای نیوەڕۆیە لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا، دە خولەک کاتم هەیە. بانگی ئیسحاق بکە بێت دەرسی ئسپانیەکەم پێ بڵێ.

ئەم جارەیان کورترین ماوەبوو، درێژەکەشیان پێنج سەعاتی خایاند.

دوای مانگێک بنگۆریۆن خۆی سەرودەرێکی لێدەرکرد: هەموو شەوێک لەگەڵ ڕێزمان و فەرهەنگی زماندا خەریک بوو. ئەوەی تێینەگەیشتبا لە سەرپارچە کاخەزێکی تۆمار دەکرد. کاتێ دەبوونە کۆمەڵە کاخەزێک بانگی ناڤۆنی دەکرد تا یارمەتی بدا.

بنگۆریۆن حەزی لە سەرچاوەی وشەکان بوو ئاخۆ لەکوێیەوەڕا هاتوون. ڕەگوڕیشەی زۆر واژەی ئیسپانی بۆ زمانی عەرەبی دەگەڕانەوە، ئەوەش بۆ ئەو دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێش بوو. لەکاتی وانەکاندا زۆرجاران لەگەڵ ناڤۆندا دەربارەی ڕەفتاری جووەکانی لە چاوی سپینۆزاوە دەکرد. زۆر جار پرسی زمانیان لەبیر دەچوو، بازیان دەدایە سەر فەلسەفە.

لەو ڕۆژگارەدا لە سکرتارییەتەکیدا تەنگژەیەک بەرپابوو. خانمەکەی ئیڤرۆن هۆشدارینامەیەکی دابووە مێردەکەی بەوەی: "ئەرێ تۆ منت هێناوە یان سکرتاریەت. دەبێ یەکێکیان هەڵبژێری."
ئەڤرۆن چوو لای بەرپرسەکەی و باسەکەی لەگەڵدا هێنایە گۆڕێ. ئاڤۆن خوازیار بوو هەروەک نەحمێیا ئارگوڤی بۆ سەرۆکەکەی دڵسۆز بێ، وەلێ ژنەکەی هەڵوێستەکەی خۆی ڕاگەیاندووە.
بنگوریۆن بە پێکەنینەوە پێیگوت: "بە ژنەکەت بڵێ سەردانێکم بکا."
خانمی ئیڤرۆن هات، بەڵام پێش ئەوەی بنگوریۆن ببینێ دەیزانی چی دەوێ. دوای گفتوگۆیەکی کورت پێدەچوو سەرەک وەزیران نەیبردبێتەوە. دەستێکی لەسەرشانی خانمەکە دانا و پێیگوت: "باشە، من مێردەکەت دەدەمەوە."
لە دوا مانگەکانی ١٩٥٢دا ئیڤرۆن گواسترایەوە واشنتۆن، ناڤۆم جێگەی گرتەوە و دەبووایە شارێتی وەزیری کاروباری دەرەوەش بە دوای سکرتێرێکی نوێدا بگەڕێ.
کاتێک ئیڤروم خواحافیزی کرد، بنگوریۆن کتێبێکی بە یادگاری ساڵانێکی دوورودرێژی بەیەکەوە کارکردنیان، پێشکەش کرد. کاتێکیش پێشکەشنامەکەی خۆی خوێندەوە، گوتی: "من تەنها بۆ ئیپیم نووسیوە، چونکە بە ڕاستی نازانم پاشناوەکەت چیە."
لە پایزدا بنگوریۆن و پاولا بە کورتە گەشتێک چونە تیبێریای سەر گۆلی گالیلیا و ناڤۆنیشیان یاوەر بوو. سەرەک وەزیران بە سکرتێرە نوێیکەی گوتبوو ئاخۆ چ کتێبێکی پێباشترە بیخوێنێتەوە، چونکە هەنووکە زمانەکە دەزانێ. ناڤۆنیش شاکارەکەی سێرڤانتس Cervants 'دۆنکیشۆت'ی پێباش بوو. بنگوریۆنی چاپێکی دوو بەرگی کڕی و بۆگەشتەکەی لەگەڵ خۆیدا برد.
بەرگی یەکەمی لە ماوەیەکی پێوەریدا خوێندەوە و دایەوە دەستی سکرتێرەکەی. لە پەڕاوێزی کتێبەکەدا بە قەڵەم دار چەندان پرسی دەربارەی ڕێزمان، ڕستەسازی واتای وشەکان نووسیبوون.

- "لەوکاتەی من خەریکی خوێندنەوەی بەرگی دووەم دەبم، وەڵامەکانی بەرگی یەکەمم بۆ بنووسەوە."

هەموو بەیانییەک سەعاتێک لەگەڵ پاولا و ناڤۆن لەکاتی بەرچایی خواردندا دەربارەی ئەوەی بە شەو خوێندبوویەوە، دەدوا. پاولا کەیفی بە هەندێ نوکتەی سێرڤانتسی نووسەری دۆنکیشۆت نەدەهات.
کاتێکیش ناڤۆن وەڵامی هەموو پرسەکانی دەدایەوە بەرگی پەیوەندیداری دەخوێندەوە.
بنگوریۆن کەیفی زۆر بەو خوێندەوەیە دەهات، کە دۆنکیشۆت لە بەردەم ئاگردانی شواندا دادەنیشت لەبەرخۆیدا قسەی دەکرد، بەو شێوەش دەستی پێدەکرد:

- "ئەرێ ئەو خەڵکەی ئەوکات چەند بەختیار بوون، کە کۆنەکان بە سەردەمی زێڕین ناویان دەبرد، ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو کە زێڕ لە سەردەمی ئێستاماندا ئەو بەهایەی هەیە، کاتی خۆی بێبەها بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی بەرێ واتای وشەکانی من و تۆ تۆ (منمنۆکێ)یان نەدەزانی."

هەنووکە ناڤۆن سکرتێریەتی، لە میانەی کۆنفرانسەکاندا زۆر بانگی دەکرد و دەربارەی وێژەی ئیسپانیزمانی و تەنانەت دەربارەی زمانەکانی دیکە و کێشەگەلی فەلسەفەشەوە دەدوان.
سکرتێرە نوێکە هەر زوو بۆی دەرکەوت، کە دەتوانی سەرۆکەکەی لە باسێکی فەلسەفیدا لابدا کاتێ برووسکەیەکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام دژوار بوو دەمەتەقێیەکی فەلسەفییانە بۆ پرسیاری بروسکەیەک ببڕێ.
سەرەک وەزیران لەگەڵ ناڤۆمدا نەخشەیەکی وای دانا کە بە هەمان شێوازی فێربوونی زمانی ئسپانی خەریکی فێربونی زمانی ئیتالیایش بێ، بۆ ئەوەی دانتێ و ماکیاڤیللی پێبخوێنێتەوە، بەڵام پێشهاتە سیاسیەکان بواریان پێنەدا.
ناڤۆن کاریگەریەکی باشی بەسەر بنگوریۆندا هەبوو. هەروەک ئارگۆڤ بۆ ماوەیەکی کورت ژنی هێنابوو بەڵام جیابووەوە. لەبەرئەوەی خاوخێزانی نەبوو بۆیە دەیتوانی خۆی بۆ ڕاژەی بنگوریۆن تەرخان بکا. بە پێچەوانەی ئارگۆڤیشەوە دەیتوانی ڕەخنە لە گەورەکەی بگرێ. ئەو جۆرەها شێوازی هەستیارانەی هەبوون، کە لە بنگوریۆن بکا لە بارێکی دیاریکراودا هەست بە هەڵەی خۆی بکا.

لـە هاویندا ئارسـەر لـوری Arthur Lourie کـە هەتـووکە نوێنـەری ئیسرائیلە لە کەنەدا، بەڵام ئەوکات کونسولی گشتی بوو لە نیویۆرک، بۆ پشـوودان گـەڕابووەوە ئیسـرائیل. دوا شـەوەکەی سـەرێکی سـەرەک وەزیرانـی بـۆ خواحـافیزیکردن دا. لەوکاتـەدا بنگۆریـۆن بـە نیـازی شـێوخواردن بـوو ئەویشـی بانگهێشـتکرد و چوونـە سـەر مێـزی ئاشپەزخانەکە. لەکاتی ژەم خواردنەکەدا بنگۆریۆن چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبە ئیسپانییەکە دەربارەی سپینۆزا بۆ میوانەکەی وەردەگێڕایە سەر زمـانی عیبـری. ئـەو بەئاسـتەم ئاگـای لـە خواردنەکـەی بـوو، بـواری میوانەکەشـی نـەدا چەنـد سـەرهێڵێکی سیاسـییانەی دەربـارەی نۆژەنکردنـەوەی کاروبارەکـانی ئەمریکـا لەگەڵـدا بـاس بکـا. لـەکۆتایی ژەمەکـەدا هاوسـەرەکەی پێیگـوت: "لـەبیرت نـەچێ ئەمشـەو نـۆرەی قاپشوشتنە."

بنگۆریۆن بە خەندەوە ئاوڕێکی لە خێزانەکەی دایەوە.

- "هەمووی دەزانم."

یـەک دوو خولـەک پاشـان سـەرەک وەزیـران سـەقاڵی قاپشوشـتن بـوو. لێنەگـەڕا لـوریس یارمـەتی بدا. لـە کـاتی قاپشوشـتنەکەدا گازانـدەی لـە دەفرێکیان هەبوو، کە ئاوەکە ئەوەندە گەرم نییە پاکی بکاتەوە. کـاتێکیش تـەواو بـوو، گەڕایـەوە کتێبخانەکـەی. پـاولا قاپـەکانی پشـکنی و شوشتنەکەی بەدڵ نەبوو. خەریک بوو بانگی بکاتەوە و پێیبڵی دەبووایە زۆر شـتی دیکـە بکـا، بـەڵام لـوریس لێنەگـەڕا و پێیگـوت وازی لێبێنـە. کونسـولی گشـتی بـە ناچـاری بـەبێ دەستنیشـانکردنی سـەرهێڵە سەرەکییەکان گەڕایەوە نیویۆرک.

لەدوا مانگەکانی ساڵدا درزێک کەوتە نێوان سەرەک وەزیران و یادین. ئارکیۆلۆژەکـە هەنـووکە سـەرۆکی دەسـتەی فەرماندەیی هێزەکـان بـوو، ڕێنمایی بۆ هات کە سوپا ڕێک بخاتەوە. کێشەکە لەسـەر ڕاددەی زۆری بودجـەی سـوپا بـوو. لـەو دەمـدا سـەرەک وەزیـران هـاتبووە سـەر بیروڕایەک، کە جارێ پێناچێ شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپا ببێ، بۆیە پێویستە بە ڕێژەیەکی دیار بودجەی سوپا کەم بکرێتەوە.

یـادین گـوتی: "ئـەز دەزانـم کـە ئیسـرائیل بـە بـارێکی قورسـی داراییدا تێدەپەڕێ، بەڵام من هێشتا یەک ساڵی دیکە هـەمان بودجـەی ئـەم ساڵم

گەرەکە، گەر ئەوەش مەیسەر نەبێ کەواتە پێویستە بە دوای یەکێکی دیکە جگە لە من بگەڕێی.

هەردووکیان لەسەر هەڵوێستەکەیان سوور بوون، ئیدی یادین دەستی لەکار کێشایەوە. لە بۆنەی بەڕێکردن و جێگرتنەوەیدا، بنگوریۆن بە وشەی هەستبزوێن پەسنی دا، کە چۆن هەمیشە نێوانیان لەگەڵ یادیندا باش بووە. کاتێ لە قسەکانی بووەوە فرمێسکی لە چاوان قەتیس مابوون. دیارییکی دایە سەرۆکی پێشووی ستافی هێزەکان ئەویش یەکێ لە خۆشەویسترین کتێبەکانی بە ناوی 'archailogia Bios' بو کە لەلایەن فلاڤیوس یوسفوسس Flavius Josephus نووسرابوو لەگەڵ هیواخواستنێکی لە دڵەوە.

لە هەمان سەردەمدا د. حایم وایزمەن کۆچی دوایی کرد. بە هێواشی گیانی لەجەستە دەرچوو. وایزمەن ساڵانێکی دووروودرێژ بوو نەخۆش کەوتبوو، بەڵام مەرگەکەی هەموو ئیسرائیل و سەرجەم جووەکانی دنیای هەژاند. بەسەردانەواندنێکی زۆرەوە بنگوریۆن بە دوای دارەبازەکەیدا دەڕۆیشت.

کاتێکیش پرس هاتە سەر ئەو کەسەی جێگای بگرێتەوە، بنگوریۆن وای دەبینی داوا لە ئاینشتاین بکرێ، پایەی سەرۆکایەتی ئیسرائیل وەربگرێ. بە برادەرێکی خۆی لە حکوومەتدا گوت: "ئەو داوایەکە ناپەژرێنێ، بەڵام پێویستە پێشنیازەکە بۆ زیرەکترین جوولەکەی دنیا بکەین."

کاتێکیش ئاینشتاین پێشنیازەکەی پەسند نەکرد، بنگوریۆن ئیسحاق بن زیڤی وەک بەربژار دەستنیشان کرد، ئەو پیاوەی کە نزیکەی چل و پێنج ساڵە برادەرن. بن زیڤی بە دەنگدانی سینەمەوە پەسەندکرا و بووە سەرۆکی ئیسرائیل.

لە کتێبی ساڵنامەی ١٩٥٢دا سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل وتارێکی لەسەرکۆپلە دەقێکی بایبلدا نووسی: "ئەگەر سرووش بوەستێ، گەل بەرەو درندایەتی دەڕوا."

سەبارەت تواناکانی بنگوریۆن وەک سەرکردەیەکی پێغەمبەرئاسا، یەکێ لە هاوکارەکانی گوتی:

- "گەورەترین بەهرەی ئەو، ئەوەیە کە دەتوانێ بە پەرۆشی و تاسەی خۆیەوە بچێتە گیانی ئەوانی دیکە. گەر هاتوو بۆ یەکەم

جار شتێکی گوت، ڕەنگبێ بگوترێ شتێکی دێوانەییە؛ بۆ نموونە بیرۆکەکەی بۆ بەپایەتەختکردنی ئۆرشەلیم، یان پەرەپێدانی ئیلات وەک بەندەرەشارێک، بەڵام دوای یەک دوو هەفتە یان یەک دوو مانگ ئیدی مایەی شێتایەتی نییە گەر خەڵک بڵێن: ئا، بەڵی ئەرێ بە ڕاست بۆ نا؟"

مەبەست لەو پەیڤانە ئەوەیە، کە بگوترێ ئەو پێغەمبەرە و نیگایەکی سروشییانەی هەیە.

بەشی ٢٢

سالی ١٩٥٣ بە نوکتەیەک دەستی پێکرد.
چەند مانگێک پێشتر، بنگوریۆن و وەزارەتی کاروباری دەرەوە، برووسکە و برووسکەکاری نهێنییان لەگەڵ کرملیندا دەربارەی ڕێگەدانی ڕووسیا بە کۆچکردنی جووەکان بۆ ئیسرائیل دەگۆڕییەوە. لە یاداشتێکدا ئیسرائیل ئەوەی خستبووە ڕوو، کە ئامادە نییە بۆ دژایەتی یەکێتی شۆرەوی بچێتە نێو هیچ پەیمانێکەوە، چونکە لە بەرانبەردا ئەوانیش ڕێگا بە کۆچی بێسنووری جوولەکەکان دەدەن. بەڵام مۆسکۆ پێشنیازەکەی پشتگوێ خست.
کاتێکیش پاکتاوی کۆمۆنیستانە لە چیکۆسلۆڤاکیا دەستی پێکرد، ئیسرائیل بەوپەڕی پەرۆشیەوە بەدوایدا دەچوو، ئاخر هەستی دژەسامییش لە سەنگی مەحەکدا بوو، هەروەها ئیسرائیلییەکیش (ئەندامێکی ماپام) لەو کات کە لە چیکۆسلۆڤاکیا بوو، یەکێک بوو لەوانەی سکاڵای لەسەر بوو. ئەوەش لەڕاستیدا واتای بەکردەوە هیوابڕانی تەواو بوو بە هاوکاری مۆسکۆ و پایەتەختەکانی دیکە وڵاتانی کۆمۆنیزم بوو.
بنگوریۆن لەوە دوودڵ بوو کە هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ کۆنەپارێزەکانی پارتی زایۆنیزمی گشتی پێک بهێنێ، چونکە دەترسا ئەندامە چەپەکانی پارتەکەی خۆی بەرە ماپام بڕۆن، بەڵام کاتێک یانزە ئەندامی بەرچاو لە پراگ تۆمەتبارکران و لەدوا مانگەکانی ١٩٥٢شدا بڕیاری مردنیان بەسەردا درا، ئیدی بنگوریۆن ڕاوێژی لەگەڵ پارتی زایۆنیزمی گشتیدا کرد. ئەوانیش ڕایانگەیاند، ئامادەن بە چەند مەرجێک هاوپەیمانێتی لەگەڵدا ببەستن، کە حکوومەت کەمتر خۆی لە کاروباری بازاڕ

هـەڵبقورتێنێ، دەستپێشـخەرییە تایبەتییـەکان هانبـدرێن، هەلومـەرجی سـەرنجراکێش بـۆ سـەرمایەی تایبـەتی دەرەوە فەراهـەم بکرێ کـە بـۆ ڕەوشی وەبەرهێنانیان بە پێویست دەزانی.

ئـەوەبوو لـە ڕۆژنامـەی ماپای (پارتی سـەرەک وەزیران) وتارێک بـڵاو بووەوە، بە توندی هێرشی کردە سەر ماپام (پارتی کۆمۆنیستی نزیک لـە یـەکێتی شـۆرەوی)، چونکە پـارتی نـاوبراو دەیەویسـت لـە هـەردوو بەری جۆگەکە بلەوەڕێ: حیسابیان لەسـەر جیهانی کۆمـۆنیزمی دەکرد، بـەڵام پشـکی خۆشـی لـە وڵاتـە سـەرمایەدارەکان لەسـەر حیسـابی کیبۆتـەکان دەویسـت. وتـارێکی بـەهێزی ڕاشـکاوانە بـوو. شـێوازی نووسینەکەی بۆ نووسەرێکی ناسراو نەدەچوو، کە لە بواری سیاسیی و وێژەدا بزوێنەر بێ. وتارەکە بەناوی سـابا شـێل یـاریڤ Saba Shel yariv (باپیرەی یاریڤ) واژۆ کرابوو. دیاربوو ناوێکی خوازراو بوو.

ئـەودەم زۆر کـەس دەپیرسـی ئـاخۆ ئـەو نووسـەرە نوێیـە کێیـە کـە گەیاندویەتیـە مریشـکە ڕەشـە و هیچـی تێـدا نەهێشـتۆتەوە، وتـاری دووەمیشی بەدوادا هات، تیایدا باسی پاکتاویەکەی پراگی کردبوو، ئیدی ماپامی لەوە ئاگادار کردەوە، کە دەبێ لە نێوان کۆمۆنیزم و زایۆنیزمدا، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

لـە سـێهەمین وتـاردا وێنـای یـەکێتی شـۆرەوی وەک "مـاڵی کۆیلـەکان" و ستالینیشی (کە تا ئەو کاتە ژیاندا مابوو) وەک بەدترین بکوژ لـە مێژودا لەقەڵەمدابوو. لە وتاری چوارەمیشدا پەردەی لەسەر کێشە و دەمەقاڵێیە نێوخۆکانی ماپام هەڵدایەوە.

جەماوەری خوێنەر ئەو کاتە مـەتەڵەکـەیان هـەڵێنا، کە یـەکێکیان، ئەوەی بیرخستنەوە، کە گێولای کیژەکـەی بنگۆریـۆن کـوڕێکی بـەناوی یـاریڤ هەیە.

پێدەچوو سـەرەک وەزیـران ئـەو چارەسـەرییەی بـۆ ئـەوە هـەڵبژاردبێ، بتـوانێ ڕاشـکاوانەتر بنووسـێ، بێئـەوەی پێگـەی خـۆی وەک سـەرەک حکوومەتێک لەنێو پێشـهاتە پەرەسـەندووەکانی نێودەوڵەتیدا بخاتـە ژێـر پرس و مەترسییەوە. بە فـەرمیش هـەرگیز دانـی بـەوەدا نـەنا، کە خـۆی نووسـەرەکەیە، بەڵام چەند مانگ دواتر لە کەنیستدا گوتی:

- "هەنووکە دەمەوێ بڕگەیەک لەو وتارەی کە بەناوی سابا شێل یاریڤ بڵاوکراوەتەوە، بهێنمەوە."

ئیدی ئامادەبووانی هۆڵەکە لە قاقای پێکەنینیان دا.

- "ڕەنگبێ ئەوە ببێتە مایەی سەرسامیتان گەر بڵێم، تا ڕادەیەک لەگەڵ سەرجەم ڕای نووسەری وتارەکەدا کۆکم."

لە ڕۆژی دوشەممەی ٩ی فێبرایری سەعات ١٠:١٠ی شەودا، سێ ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی وتاری ناوبراو، کە هێرش کرابووە سەر یەکێتی شۆرەوی، نارنجۆکێک فڕێدرایە نێو ئەو خانووەی نێردەی ڕووسی تێدابوو. بە هۆیەوە دەبوایە هاوسەری نوێنەرەکە، ژنی فەرمانبەرێک و شوفێرەکە بگوازرابانەوە نەخۆشخانە.

سەرلەبەیانی سێشەممە بنگوریۆن، کە زۆر لە دەرچە سیاسییەکانی ڕووداوەکە دەترسا، لە کنیستدا ڕوونکردنەوەیەکی دا و بەو پەیڤانەی خوارەوە دەستی پێکرد:

- "ئەز لە ناخەوە بەو کردە شەرمەزارییەی، کە دوێنێ شەو قەوما، نیگەرانم."

بنگوریۆن ئەو وشەیەی بەکارهێنا کە لە بۆنەیەکی دیکەدا مێناحێم بێگینی پێ توورە کرد:

- "ئەوە ئاژاوەیە، کە ئەو تاوانبارە ترسنۆکە پێیهەڵساوە، بە پلەی یەکەم دوژمنایەتی ئیسرائیلی پێکردووە؛ ئەوسا ڕق و کینەیان بە لایەنی دەرەکی دەربڕیوە. گەر ئامانجیان لە کردەکەدا ئەوە بووبێ، داکۆکی لە شەرەفی ئیسرائیل بکەن، ئەوا پێویستە پێیان بڵێم بەو کردەوەیان شەرەفی ئیسرائیلیان شکاندووە."

ئەو چوارشەممەیە، هەوادارە کۆمۆنیستەکان خۆپیشاندانێکیان بەدەستپێشخەری یەکێتی دۆستانی یەکێتی شۆرەوی لە ئیسرائیلدا ساز دا. بیست ژن و پیاوی تێدا بریندار بوون.

لە پێنجشەممەشدا، یەکێتی شۆرەوی پەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا پچڕاند. گۆلدا مێرسۆن (مایەر) کە ماوەیەک نوێنەر بوو، لە مۆسکۆ ڕایگەیاند: "ئەوە بۆ ئیسرائیل، بۆ گەلی جوولەکە و بۆ تەواوی جووەکانی یەکێتی شۆرەوی ڕۆژێکی ڕەشە."

ڕهێبیکا سیف Rebecca Sief سەرۆکی یەکێتی ژنانی زایۆنیزمی نێودەوڵەتیی، کە دایکی مارکوس سییف بوو، بنگۆریۆن و هاوسەرەکەی لە پشووی ڕۆژانی هەفتەدا بانگهێشتی ناوچەی تەلمۆدی باکووری تەلئەبیب کرد. بنگوریۆنیش داوای لە خانمێکی ئینگلیز "خانم (ب)" کرد بەڵکو لە گەشتەکەدا یاوەریان بێ.

لەکاتی چونە ئەوێدا و لەناو ترومبێلدا خانم (ب) پرسی:

- "ئەرێ جەنابی بنگۆریۆن بۆچی ویستت منتان هاوگەشت بم."

سەرەک وەزیران پێکەنی.

- "من دەزانم ئێوە خانمێکی لێبڕاوانەن، حیساب لەسەر ئەوە دەکەم کە تۆ خانمی خانەخوێ، پاولا و ژنانی دیکە هەموو شەممە و یەکشەممە بە تەواوی سەرقاڵ بکەی."

خانم (ب) ئەوەی لەتوانایدا بوو و ئەرکەکەی بە باشی ڕایی کرد. بێجگە لەکاتی ژەمەکان کەس سەرەک وەزیرانی نەدی. لە شەوی شەممەدا ژوورەکەی جێهێلا و لە باخەکەدا لەگەڵ خانم (ب)دا پیاسەی دەکرد. دوو پۆلیس دووربەدووری ئەوان شوێن پێیان هەڵگرت. (تەل مۆمن دەکەوتە سەر تەسکترین بەشی ئیسرائیل، لەوێ زێ لە لای چەپەوە هەر هەشت کیلۆمەتر دووربوو، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تەنها سێ کیلۆمەتر لە سنووری ئوردنەوە دووربوو.)

خانم (ب) چاوەڕوانی دەکرد تا بنگۆریۆن دەست بەقسان بکا. ئەویش بە بێ دەنگی لەگەڵ خانمەکە دەڕۆیشت. لە هەموو پیاسەکەدا کەسیان قولماتی لە زار نەهاتە دەرەوە.

بەیانی پاشتر سەرەک وەزیران ڕۆژنامەکانی دەخوێندنەوە و ئینجا دیسان گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی، هەموو ڕۆژەکە هەر بەتەنها مایەوە. کاتێکیش بۆ شەوەکەی گەڕانەوە تەلئەبیب، بنگۆریۆن بە خانمە ئینگلیزەکەی گوت:

- "ئێستا پێت دەڵێم بۆچی پێویستیم بەو بێدەنگییە ئارامە هەبوو. من دەبوایە بڕیارێکی چارەنووسساز بدەم. کێشەی توبیانسکی Tubianskyم لەبەردەستدا بوو. ئیدی من بڕیاری یەکلاکەرەوەم دا، کەواتە ئێستا دەتوانین قسە بکەین."

نزیکەی هەموو کەسێک لە ئیسرائیل بە کێشەی توبیانسکی دەزانی. مایەر توبیانسکی ئەفسەرێکی گەنجی هاگانا بوو، لەسەردەمی شەری رزگاریخوازییدا بە تومەتی ناپاکیی تاوانبارکرابوو. لەبەردەم ئەنجوومەنی جەنگدا ئامادەبوو، بریاری مەرگی بەسەردا درا و جێبەجێش کرا.

ساڵانێک تێپەرین، بێوەژنەکەی بە دوای سۆراخی راستی رووداوەکەدا گەرا و تیشکی نوێی خستەسەر. بە پلەی یەکەمیش دنەدانی بەدواداچوونەکەی بەهۆی کورەکەیەوە بوو، کە هەستی بە بەدبەختی خۆی دەکرد. زۆر جاران لە ماڵ دەیگوت، کە لە لایەن قوتابییەکانی قوتابخانەوە تیروتوانجی تێدەگرن بەوەی کوری باوکێکی تاوانبارە.

کەمێک بەر لەوەی بنگوریۆن بۆ پشووی دوایین رۆژەکانی هەفتە بچێتە تەل‌مۆند، بێوەژنەکە لێکۆڵینەوەکەی تەواوکردبوو، فایلەکەی دابووە سەروەزیر، تیایدا لەسەر بێتاوانی مێردەکەی مکوربوو. وەک سەرەک وەزیران و سوپاسالاری لەشکر دەبوایە بنگوریۆن بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە هاورای ئەرخاینبوونی بێوەژنەکە بوو.

کاتێکیش کە بنگوریۆن ناوی کێشەکەی برد، پاولا لێی پرسی: "پاشان، تۆ لەبارەیەوە چی دەڵێی."

مرۆ دەیتوانی وەلامەکەی لە دەموچاوە خاوبووەکەی بنگوریۆندا بخوێنێتەوە.

- "هاتومەتە سەر ئەو بروایە کە کابرا بێتاوان بووە."

رۆژی پاشتر نامەیەکی بۆ خانم توبیانسکی نووسی، نامەکە شیاوی ئەوەبوو هەر ئابراهام لینکۆلن[*] بینووسیبایە.

- "لە توانامدا نییە نیگەرانی خۆم بە وشە دەرببرم... ئەو دادوەرانەی لە کاتی لە سێدارەدانیدا ئامادەببوون، رایانگەیاند کەوا ئازایانە مردووە، ئەوی رەت کردۆتەوە، دەستەکانی ببەستنەوە و پارچە پەرۆیەکی رەشی لە چاوان ببەستن، تەنها ئەوەی داواکردووە، منداڵەکەی باش پەروەردە بکرێ... دەبێ لە

---

[*] Abraham Linkoln (١٨٠٩–١٨٦٥) شانزەهەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکەمین سەرۆک بوو لە ماوەیەی دەسەڵاتەکەیدا بکوژرێ. لینکۆلن بە دژایەتیکردنی شەری ناوخۆ و کۆیلەکردن بەناوبانگ بوو–وەرگێر

قوتابخانـەی کورەکەتـدا نمایشـێکی تایبـەت سـازبدرێ، تیایـدا ئاشکرا بکرێ، کە لەشکر چ هەڵەیەکی تراژیدی کردووە. ئەوسا برادەر و هاوپۆلـەکانی دەزانـن کـەوا بـاوکی وەک دەرچەیـەکی کوشندەی سەرلێشێوانی دادگاوە ژیانی لەدەست داوە، ئیدی با کورەکەت شانازی بە باوکە قوربانیەکەیەوە بکا..."

لە حوزەیراندا سام هامبورگ گەڕایەوە ئیسرائیل. چوار هێکتار کێڵگە کشتیارییە نموونەییەکـەی بـە لۆکـە داچانـدبوو، هـاتبوو سـەرێکیان بدا. ڕۆژێکیـان خـۆی بـە ژوورەکـەی بنگوریۆندا کرد و دەستە چیلـە بڕکـە لۆکەیەکیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. سڵاوێکی لە سەرەک وەزیران کرد و ئەو بڕکە گیایەش کە لۆکەکەی گرتبوو نیشانیدا و گوتی:

- "تەماشـاکە گـەورەم! ئێمـە بووینـە یـەکێ لـە گرنگتـرین وڵاتـە بەرهەمهێنـەرانی لۆکـە. سـەیری ئـەو دەسـتە بڕکەیـە (دەسـتە چیلەیە) بکە! هەرچەندە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لۆکە دەڕوێنم، هـەرگیز لۆکەی وا هارم لە حوزەیراندا نەدیوە."

سـەرەک وەزیـران دەسـتەچیلە لۆکەکـەی لێـوەرگرت، بـە پەنجـەکانی لۆکەکەی گوشی و پێکەنی.

- "ئیسرائیل سوپاست دەکا."

هامبورگ یاری بە شەپقەکەیەوە کرد.

- "شایانی نییە، من سوپاسی ئێوە دەکەم. من هـەرگیز نەمـدەزانی، کە لۆکە وام دەخرۆشێنێ. بەڵام ئەو کێڵگە بچووکە هەستێکی وای پێبەخشـیم کـاری باشـتر بکـەم، کـە بەشـێک بـێ لـەو شـتە گشتییەی لەوەی تا ئێستا پێشکەشم کردووە."

لە ڕۆژێکی هاویندا، کە بیابانی نەقەب مرۆڤی دەهێنایە سەر کەڵکەڵەی قاڵبی توانـەوە و لمیش لەبـەر گـەرما تـاوی دەسـەند؛ بنگوریـۆن لەگـەڵ هێزێکـی سـەربازییدا گەشـتێکیان بـەرەو ئـیلات کـرد. نزیکـەی هەشـتا کیلۆمـەتر لـە خـوارووی بیئـر سـەبعەدا کاروانەکـەیان لـە ئاڤدات Avdat وەسـتاند. ئاڤـدات ئـەو شـوێنە بـوو، کـە نەخشـەکان وەک قوچـەکێکی

سەراوبن نیشانیان دەدا. ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند کەلە چاخەکانی زۆر کۆندا نشینگەی لێبووە.

لــە ســەر گــردە بــەرزە ســەد و پــەنجا مەتریەکــەدا، شــوێنەواری بێزەنتییــەکان، ئــەو دەفــرە قوڕاویانــەی کــە بــۆ ئــاو کۆکردنــەوە بەکاردەهێنان، دۆزیەوە؛ دیاربوو نیشانەی کلتووری گەلێکی دێرین بوو.

بنگۆریۆن ئەو شتەی ئەوەندە پێخۆش بوو، بۆیە بە پێ بەسەر گردەکە کەوت. ئەو زیاتر پێیلێنا و بەخێرایی سەردەکەوت، هەندێ جار ئەوانی دیکە بە ئاستەم پێی ڕادەگەیشتن. تەنانەت بۆ گەنجەکانیش گەشتێکی بازوو ماندوکەر بوو، بەڵام سوپاسالارە پیرەکەیان ئەوەندە تاسەمەند بوو، نە تاوی گەرما، نە شەکەتبوون، نە تینوێتی، نە ئەو لمەی بە با لەچاوانی دەدا، نە تیشکی سوتێنەری ڕۆژ کە لە تۆقی سەری دەدا و نەهیچ شتێک لە بوێرییان بۆ بەسەر گرد هەڵگەڕاندا کەم نەدەکردەوە.

لەنزیک ئاڤاداتەوە سەربازەکان یەک دوو کوڕە گەنجیان دیتن، کە سەر بە کیبۆتنشینێکی ئەو ناوە بوون بەناوی سدێ بۆکر Sde Boker (کێڵگەی شوان). بەدوای جێگایەکی لەبار بۆ لەوەڕاندنی پەزەکەیان دەگەڕان.

سدێ بۆکر تەنها سەد مەترێک لە ڕێگە سەرەکییەکە دوور بوو، بنگۆریۆن لەگەڵ یاوەرەکانی لەگەڕانەوەدا سەردانێکی کردن.

نشینگەکە ساڵی پێشوو لە لایەن دەستەیەکی پێکهاتوو لە دوانزە کچ و کوڕی گەنج دامەزرابوو. هەموویان لەکاتی شەڕدا لە نەقەب سەربازییان کردبوو، بۆیە زانیاری ئارکیۆلۆژی تەواویان لەسەر ناوچەکە هەبوو، کە لە سەدەکانی ڕابردووشدا جێ نشینگە بووە. ئەوان پارەیان بەقەرد لە ئاژانسی جوولەکان وەرگرتبوو؛ دەبوایە دوای بیست ساڵ قەرزەکەیان دابایەوە؛ هەنووکەش دەستبەکارن تا وای نیشان بدەن ژیان لە بیاباندا بەردەوامە. سەرەک وەزیران پرسی جۆربەجۆری سەبارەت ئەزموونەکەیان لێکردن.

جارێ سدێ بۆکر یەک دوو خانووی دارین و درەختێکی هەژارانەشی لێبوو، بە تێلدڕ پەرژینیان بەدەورەوە وەرینا بوو.

ژیان لەوێ بەراییانە بوو؛ زۆر جاران ناخۆش و هەندێ جاریش دژوار بوو. گەر لە بیاباندا بایە بە هێزەکەی لە سەر لمەکە هەڵکردبا، هەندێ

جار دەبوایە دەست بدەیە بەرچاوت تا پێشچاوی خۆت ببینی. عەرەبەکان بەو بایەی باشوورەیان دەگوت خەمسین (بەعبریش شاراڤSharav). بایەکە زۆر گەرم بوو، پێستی دەموچاوی دەسوتاند. بیاباننشینەکان دەڵێن بایەکە وا لە پیادە دەکا، هۆشی لەدەست بدا. لمە بە با هەڵکردووەکە دەچووە نێوچاو، کونە لوت و گوێ، گزۆز و ماشینی ئۆتۆمبیلەکان، بە کون و کەلەبەری نادیارەوە دەهاتە نێومالان، قورگ و گیانی هەموو زیندەوەرێکی بیابانشینی دەگرت.
ڕەوەندە عەرەبەکان و میسرییەکان کە سنوورەکەیان زور دوور نەبوون، نیشانەی مەترسی بوون. یەکێ لەو دوو کچانەی لە دامەزراندنی کیبۆتەکەدا هاوکاریان کردبوو، ڕۆژێکیان بووە شوانی مێگەلە مەڕێک. کاتێکیش نەگەڕایەوە، بەدوای سۆراخیاندا چوون. شوێنەواری مەڕەکان دیار نەمابوو، بەڵام لاشەی کچەکەیان دۆزیەوە.
کۆبرای میسرییش زۆر دژوار بوو، ئاخر ژارەکەی مەڵبەندی دەمارەکانی پەک دەخست، قوربانیەکەی لە جوولە دەخست و لە ماوەی بیست خولەکدا دەیکوشت. دەستپێکەکانی سدێ بۆکر هەموو مانگێک جوتێکیان لێدەگرتن. کیبۆتنشینەکان چاڵیکی قووڵیان لێدابوو، گەیشتبوونە ئاو، بەڵام سوێر بوو بەکەڵکی بەکارهێنان نەدەهات. ماوەی حەفت مانگی ڕەبەق وشکوبرینگ بوو، تیشکی ڕۆژ وا لمی گەرم کردبوو وەک ئاسنی داغی لێدەکرد. لە ماوەی پێنج مانگەکەی دیکەدا سێ جاران لافاوێکی وا هات کە ئاو بەسەر گردەکاندا لێشاوی بەستبوو وەک ئەوەی لمەکە بووبێتە شووشەچیمەنتۆ. ئاوەکە لە دۆڵەکەدا گردبووەوە. هەروەک جووەکان لەمێژ بوو فێربوون، گەنجەکانیشیان بەربەست و گۆلیان دروستکرد تا باراناوەکەی لێ کۆبکەنەوە، گەر هاتوو پێویستیان پێبوو بۆ ئاودانی کێڵگەکانیان بەکاری بێنن.
ئاو بۆ مرۆ و مەڕ و مالات بە تانکەر دەهات. ئاخر هێشتا بۆڕی ئاو بۆ نشینگەکە ڕانەکێشرا بوو.
پلەی گەرما بە تیژی دەگۆڕا، لە هەندێک کاتی ساڵدا ئاو تا سەعات هەشتی بەیانیش دەیبەست.
کاتێ بنگوریۆن گەڕایەوە نووسینگەکەی خۆی، بانگی ستافەکەی کرد و باس و خواسی ئەوەی لە گەشتەکەیدا دیتبوو بۆ گێڕانەوە. دەربارەی

ئاکنجیانی نشینگەکە گوتی: "من ئیرەیی بەو لاوانە دەبەم. ئای کە چ ژیانێکی نایابە."
لە ڕۆژەکانی بەدوایداهاتن ناوبەناو هەندێ سەرنجی دەردەبڕین وەک ئەوە: "هیچ مرۆڤێک بێ خەوش نییە."
ئەوە شتێک بوو دەیویست زیاتر لە بارەیەوە بدوێ. بەلام هەر ئەوەندەشی لێزیاد کرد: "لەسەر هیچ کەسێکمان پێویست نییە، زۆر لەجێگەی خۆیدا بمێنێتەوە، هەرلەبەر ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئێمە زۆرمان پێویست پێیەتی."
دواتر جارێکی دیکە گوتیەوە: "پیاوە بە تەمەنەکان پێویستە دەرفەت بدەنە لاوەکان."
لە دواییدا لەپاولای پرسی: "ئەرێ چۆن دەبینی، کە من و تۆ بچین لە بیاباندا بژین؟"
ڕۆژێکیان لەسەر کارتێکی ٧.٥ بە ١٢.٥ سەنتیمەتر نامەیەکی بۆ ماپای نووسی و دایە تایپیستەکە تا کۆپی بکا.
هێشتا کارمەندەکانی باوەڕیان نەدەکرد.
بنگوریۆن لە کۆبوونەوەی بەڕێوبەرە سەرەکییەکانی ماپای ئامادەبوو، کاتێ نامەکەی خوێندرایەوە.

- "ئەز چیدی ناتوانم بەردەوام بم... من هیچی دیکە بەرگەی ئەو پێشهاتە گرژانەی دادێ وەک سەرۆکی حکوومەت ناگرم... شەش ساڵە لەژێر گوشارێکی گەورەدا کار دەکەم... ئەوەش ماندوبوونێکی ئاساییانە نییە..."

بنگوریۆن پێیڕاگەیاندن کە بڕیاری داوە دەست لەکاری سەرەک وەزیریی و وەزیری بەرگیدا بکێشێتەوە، بەلام حەز دەکا کورسییەکەی پەرلەمانی بمێنی و دەچێتە سدێ بۆکر دەژی.
لە ساتەکانی یەکەمەوە بەرپرسە بالاکانی پارتەکەی وەک ئەوەی تووشی کارەساتێکی گەورە ببن هێدمەیان گرت. پاشان یەک بە یەکیان قسەیانکرد و داوایان لە بنگوریۆن کرد بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە.
بنگوریۆن بە بێدەنگیەکی خۆبچووک کردنەوانە گوێی لێگرتن.
خانمێکی دەستەی بەڕێوەبەر کە لە جەنگدا دوو کوڕی لە دەستدابوون، قسەکانی ڕێک ئاراستەی ئەو کردن و پێگوت: "گەر من هەر دوو

کوڕەکانم پێشکەشی نەتەوە کردبێ، چۆن دەتوانی تۆ دەستبەرداریان بی.

کۆبوونەوەکە بێئەوەی سەرەک وەزیران یەک وشەی زیاتر بخاتە سەر نامەکەی یان لە بڕیارەکە پاشگەز ببێتەوە، دواخرا.

کاتێکیش هەواڵەکە بڵاوبووەوە، دەستلەکارکێشانەوەکەی بنگۆریۆن شەو و ڕۆژ لە ئیسرائیلدا لەپێشترین بابەتی قسە لەسەرکردن بوو.

لە حەیفا کۆمەڵە سۆشیالیستێکی لایەنگری پارتەکەی ڕایانگەیاند، گەر هاتوو لە پایەکەیدا نەمێنێتەوە، ئەوا ماندەگرن. تەلەفۆنی پاولا هەرگیز لە زەنگداندا نەدەکەوت؛ دەبووایە بۆ زەنگلێدەران چەند بارەی بکاتەوە، کە ناتوانێ لەو بارەیەوە لەگەڵ پیاوەکەی قسە بکا. نامەکان لەناوەوە و برووسکەکان لە دەرەوە بە لێشاو دەهاتن.

پاولا وەک هاوسەرێکی بەخشندە کاردانەوەی بوو، بڕیارەکەی مێردی پەژراند. هەنووکە ئەو لە سەرووی شەست ساڵەوەیە و مێردەکەش شەست و حەفت ساڵ. دەیزانی، ژیانی کیبوتنشین زۆر زەحمەتە. ڕەنگبێ ژیانی بیابان لەسەرووی هێز و توانای ئەوانەوە بێ. بەڵام بنگۆریۆن بڕیاری خۆی داوە و پێویستە کەلوپەلی ناوماڵ تێکبنێ.

تەنانەت ئەوانەی باشیشیان دەناسی لەگەڵ بەڵگەوبەندی ڕۆیشتنەکەی هاوڕا نەبوون. یەکێ لە کارمەندەکانی گوتی؛ ئەو دەیەوێ لەوە بکۆڵێتەوە ئاخۆ گیانیش وەک جەستە پیر دەبێ، یان ئەگەری ئەوە هەیە بە خۆدەربازکردن لە ئاستەنگی ڕۆژانە لە تەمەنێکی شەست و حەفت ساڵیدا بە دوای بواری نوێ و گیانێکی سەرچڵیانەی نوێدا بگەڕێ.

زیاترین وەڵامە نەرێتییەکە بەلای ئەوەدا دەچوو، کە ئەو لە خەمەکانی حکوومەت تێر بووە، دەیەوێ ژیانێکی ئارام و هێورەییانە وەک ڕووناکبیرێکی بێ هەڵپە بەسەر ببا.

خەڵکی دیکەش هەبوو پێیانوابوو، بنگۆریۆن دەیەوێ جارێ لاپەڕگە ببێ و بەتەنیا بژی تا تەواو تێشکۆی بیری بکاتە سەر ڕێگە چارەسەرەکانی کێشە سەختەکانی ئیسرائیل.

بە گوێرەی ڕامانی کەسانی دیکە؛ گەنجەکانی ئیسرائیل بێئومێدیان کردووە. خولیای کۆنە دەستپێکیکەی جارانی سەرهەڵداوەتەوە. بەڵێ ئیسرائیل سنووری هەبوون، بەڵام دانیشتوانی سەر سنووری نەبوون.

سەردەمەکە سەردەمی بنێشت، سووراوی لێو، گۆڤارە گاڵتەجاڕییەکان، فیلم و خێرهێنەکانی دیکەی شارستانێتین، بۆیە خەڵکی گەنج زیاتر بە پیریانەوە دەچن لەوەی ژیانێکی نوێ لە بیابانی کۆن کە دوو هەزار ساڵ دەبێ مردووە، بژێیننەوە. ئەوەندەش کۆچبەر لە تەلئەبیبدا کۆبوونەتەوە، کاتی خۆیان لە چایەخانەکاندا بەسەردەبەن، دوکانۆکە دەکەنەوە، نایەنەوێ لەگەڵ خاکدا (کشتیاری) ئیش بکەن.

باشترین ڕوونکردنەوە ئەوەبوو کە بنگوریۆن خوازیاربوو نموونەسەرمەشق بێ، چونکە ووشەکانی چی دیکە دادی نەدەدان.

یەک دوو تەوسلێدەریش گوتیان کەوا نمایشکردنی شانۆگەرییەکە؛ ئەوانی دیکەش پێیان وابوو، دەیەوێ هەندێ ڕەگەزی نەتوانراو لەنێو حکوومەتدا بسەلمێنی. هەندێکیشیان بە نیشانەی بەرگریان لەقەڵەم دەدا چونکە دەبووایە لەسەر حیسابی باربووە دارایییەکەی ئەمریکاوە دەستبەرداری کۆمەڵێک بنەمای سۆشیالیستی بێ.

زۆرینەی کیبۆتەکان پەیوەندییان بە گروپێکی ئایینی یان سیاسییەوە هەبوو، بەڵام سدێ بۆکر ئەوەشی نەبوو. ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند سەرچڵییەکەی بنگوریۆن لە هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە بە دوور بوو.

لەماوەی پێنج ساڵی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیلدا، هیچ هەواڵێک وەک دەستلەکارکێشانەوەکە وروژێنەر نەبوو، ئاخر خۆ پێشهاتەکەش هەموو ڕۆژ ڕووی نەدەدا، کە سەرەک وەزیرانێکی خۆشەویست بگەڕێتەوە کۆڵێتێک و لە بیاباندا بژی.

لە پایەتەختە جۆربەجۆرەکاندا وتاری لێتێگەیشتن و هەستپێکردن بڵاو بوونەوە، ئەوانەش هی کەسانێک بوو کە نانیان لەسەر نووسین بوو. ئەوان تێگەدەگەیشتن، کە بۆچی ئەو بڕیارەکەی داوە. ئیدی ئەو چوار ئامێر تەلەفۆنانە بەردەوام زەنگیان لێدەدا، ئەو هەموو میوانە، ئەو لەو هەموو دیدارانە، ئەو هەموو بارگرانییەی کارگێڕیدا ڕزگاری بوو. ئەوەی لەگەڵ ئاشی ئەو هەموو ڕێکخستنانەدا بڕوا، بێگومان هەندێ شێتیش دەبێ؛ هەموو ئەو بیچمە ناودارانە و میوانە پایەبەرزانە لە ماوەیەکی دووردا تووشی دەمارگرژی دێن. ئەوەش دەرەهاوێشتەی پیشەکەیانە.

لە وتارێکدا پەسنی بنگۆریۆن درا، چونکە بوێری تێدابوو، لە جەنجاڵی، سەرقاڵی و هاتن و چوونی بەردەوامی نێوان ئۆرشەلیم و تەلئەبیب ڕزگاری بوو.
بێئەوەی ناوی کەس ببەن مەبەستیان سەرۆک دەوڵەتانی دیکە بوو کە لە پێشەی دەسەڵاتدارێتیان تووشی دەیان گێچەڵی دەمارگیری بوونە، ک کارێکی باش دەکەن کە بگەڕێنەوە بیابان و دەرفەتی خەڵکی لەشساخ و گەنج بدەن. بۆ ئەو جۆرە کەسانە بنگۆریۆن نموونەیەکی باشی نیشان دا، بەڵام پێدەچی کەسانێکی کەم هەبن چاوی لێبکەن.
لەسەر خوانی نیوەڕۆدا کە حکوومەت لەسەر شەرەفی خواحافیزیکردن لە بنگۆریۆن ڕێکی خستبوو، بنگۆریۆن لەودیوی مێزەکەوە بۆ پاولا چەمایەوە، کە پێناچوو زۆر کەیفساز بێ و بە دەنگە نەرمەکەی بڕگەیەکی لە کتێبی یەرمیاس Jermiasی بایبل خوێندەوە:

- "من بەڕێزەوە لە بەرانبەر لاوێتیت، خۆشەویستی سەردەمی بوکێنیت، ئەو کاتەی بە دوای مندا هاتیە بیابانێکی بەیار، کڕنووش دەبەم."

لە ٥ی دیسێمبەردا بنگۆریۆن، سی و شەش ساڵ بوو ژنی هێنابوو. پاولا ئاهەنگی ساڵڕۆژەکەی بەوە گێڕا، کە لەگەڵ هەواڵنێرانی ئۆرشەلیم دەربارەی ڕابردوو و ئایندە قسە بکا.

- "بنگۆریۆن ئەو سی و شەش ساڵە هاوسەرێکی ئازا بوو، پیاوێکی خۆشەویستی مشوورخۆر.." ئەو لەو ساڵە دووردرێژانەدا یارمەتی داوە لە قاپشوشتن و بەڵێنیشی پێداوە لە سدێ بۆکردا ڕایەخەکانیشی لەگەڵ هەڵبکوتێ و داوەشێنێ، بەڵام هەڵبەت پاولا لێینەدەگەڕا.
- "ئەو دەبێ بە بەرهەم بێ. پشکێکی زۆری کاتەکەی بە نووسین بەسەردەبا."

لە بەیانییەکەی ٧ی دیسێمبەردا، بنگۆریۆن نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی خۆی پێشکەشی سەرۆک بن زیڤی کرد:

- "هیچ کەسێک لە هەڵە و خەوش بە دوور نییە، بێگومان ئەزیشی لێبەدەر نیم... ئیسرائیل بەبێ سەرکردە نامێنێتەوە. بەخت و چارەی هەر نەتەوەیەک پابەند نییە بەو پرسەی ئاخۆ کێ

سەروەزیرە یان نا... سەرۆک وەزیران دێن و دەڕۆن، بەڵام حکوومەت بە قانونەوە پابەندە و پشتی لێکردۆتەوە... هیوادارم ڕۆیشتنم هیچ قەیرانێکی بەدوادا نەیەت. موشێ شارێتی دۆستم جارێ بە شێوەیەکی کاتی ئەرکی سەرۆک وەزیرایەتیی لە ئەستۆ دەگرێ... من تەواو لەو باوەڕەدام کە بە بێ دۆشدامان و وەخرانەوە حکوومەتێکی نوێ بە پشتگیری کنێست دادەمەزرێ."

هەمان شەو سەرەک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوە لە ڕادیۆدا دوانی بۆ نەتەوەکەی دا. دوانەکەی خواحافیزکردنێکی سۆزبزوێنانە نەبوو، بەڵام دەنگی یەک دوو جاران لەرزی و زۆر لە گوێگرانیش پێیەوە هەژان.

- "من لە ئەرکەکەی خۆمدا هەوڵمداوە بەپێی توانام کارەکان ڕایی بکەم، بەویەڕی بەخشندەیی و خزمەتکارییانە لەڕاژەی وڵات و گەلەکەمدا بم. گەلۆ هەڵبەت من ئەوە ناڵێم کە هیچ هەڵە و کێماسیم نەبووە و نییە. بە هەموو ڕاشکاوی و کراوەییەکەوە ئەو وشانەی هۆزانڤانی ڕۆڤی کە لە کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەی ۱٤۱ بایبلدا هاتوە وەک هی من بن، دەڵێمەوە:
- "خودایە، دڵی من ئاو ناخواتەوە
  چاوەکانم شاناز نین
  من بە ناو شتە مەزنەکاندا گوزەر ناکەم
  چ جای ئەو شتانەی کە بۆ من مایەی پەرجوێتین."

ئەو بڕیاریدا، دوانەکەی بە کۆپلە دەقێکی پێغەمبەر هاباکوک Habakuk کە ڕەنگبێ باشترین ڕوونکردنەوی خواحافیزکردن بێ، کۆتایی پێبێنێ:

- "دادپەروەر لەنێو بڕوای خۆیدا دەژی. ئەو کەسە نییە کە قسە و نمایش بۆ خەڵک بکا، ئەو کەسە پیرۆزئاسایە نییە، کە خەڵکی دیکەی بە گوێرەی قانون بە دوادا بکەون، ئەو بە دوای هەڵەی کەسە نزیکەکانی ناگەڕێ، بەڵکو بڕوای خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرجەستە دەکا و پێوەی دەژی."

لە یەکشەممەی ۱۲ی دیسامبەردا، پاولا و مێردەکەی لە کاتی ئاساییانەی خۆیان زووتر لە خەو هەڵسان. دەبوایە کەلوپەلەکانیان تێکبنێن. پێش ئەوەی لە بەرچایی ببنەوە میوانیان هاتن، بە تایبەتیش لە

کارمەندانی حکوومەت و دۆستە دێرینەکانیان بوون، هیوای گەشتێکی خۆشیان بۆ خواستن.
کەلوپەلی ماڵەکەیان لە ترومبێلێکی وەزارەتی بەرگری بارکرا. جێبی پڕ لەسەرباز لە گەشتەکەیاندا تا دوا مەنزڵگەیان یاوەریان بوون.
کاتێکیش بۆ دواجار بە ماڵەکەیاندا گەڕان، بنگۆریۆن بە پاولای گوت:
- "ئەریَ ئەو دەستە بڕکە لۆکەیەی سام هامبورگت تێکناوە."
پاولا لە هێنانیَ دڵنیا کردەوە.
بە پێچەوانەی خووەکەی سەرەک وەزیرانی پێشوو، دەستی هەموو پاسەوانانی ماڵەکەی لە شەقامی کێرم کیامەت ژمارە ١٤دا گوشی. خێزانەکەی هەر یەکە و وێنەیەکی مێردەکەی بە واژۆکەوە پێبەخشین.
کاتێکیش سواری ترومبێلەکان بوون، بنگۆریۆن ئاورێکی لە ئاپۆرەی خەڵکەکە کە بۆ خواحافیزی هاتبوون، دایەوە. هەندێکیان بە دەسرۆک (دەستەسر) فرمێسکی چاوەکانیان وشک دەکردنەوە. دەستێکی بۆ ڕاوەشاندن و هاواری کرد:
- "مەگریێن و فرمێسک مەڕێژن، باشتر وایە ئێوەش دوام بکەون."

بەشی ۲۳

✡

بە گوێرەی پێوەرە ڕووپێویەکانی ئەمریکایی، نەقەب گەورە نییە. لە تەکساسدا چوار پارێزگا هەن، هەر پارچەیەکیان لە بیابانی ئیسرائیل بەرینترە. هەڵبەت سدێ بۆکر بۆ پاولا بنگۆریۆن کە هەموو ژیانی لە شارە گەورەکاندا بەسەر بردووە، شوێنێکی لاپەڕگەبوو؛ هەر چوارلای هەر گرد و زورگی لماوی بوون، هیچ دوکانێکی داودەرمانیشی لێنەبوو، ڕووی تێبکا. دەبوایە پاولا منداڵەکانی، نەوەکانی، دراوسێکان، دۆست و ناسیاوەکان و خودی خۆشیی شارستانێتیە نوێیەکە لە پاش خۆی بەجێبێڵێ بێتە بیابان. لە سدێ بۆکردا تەنها چەند دانە ژنێک دەژیان، کە هەرە بەتەمەنەکەیان ژنێک بوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سی ساڵی، بەدەر لەوان دوو دەرزەن پیاوی گەنج و بنگۆریۆن هەبوون. بەڵام پێدەچێ بنگۆریۆن زیاتر بە کتێب و ڕۆژنامەوانان خەریک بێ. کەواتە لەوێدا هیچ کەس نامێنێتەوە کە لەگەڵیدا بکەوێتە قسەوباس. دڵە بەخشندەییەکەی وای لێکرد، بە بێ قرە بۆ هەموو شوێنێک بچێ.

زۆری نەبرد تۆز و غوباری سەر ڕێگا بۆ دانیشتوانی سدێ بۆکر نیشانەی هاتنی کاروانێک بوو. پاولا یەکەمین کەس بوو لە ترۆمبێلەکە دابەزی. هەر دوو دەستی پڕبوون لە دەسکە گوڵ کە لە بیئر سەبعە پێشکەشیان کردبوون.

- "گەر لێرە کەسێک نەخۆش کەوت، ئەوا لە تەنیشتیان دادەنێین. بەڵام دەبێ هەر زوو بخرێنە ناو ئاو تا وشک هەڵنەگەڕێن."

ئیدی لێرە قسە لەسەر بەخێرهێنانێکی فەرمییانە نەبوو. هەموویان لە داگرتنی بارەکەدا یارمەتیان دا. لەسەر فەرمانی سەرەک وەزیرانی

پێشوو هەموو پۆلیسە سەربازییەکانی لەگەڵیان هاتبوو سەر و وێنەیان لەتەک بنگوریۆندا گرت.

هەواڵنێرەکان ویستیان پرسیاری لێبکەن.

- "ئاخۆ لێرە چ کارێک وەردەگری؟"

بە کورتی وەڵامی دانەوە: "جاری هیچی بیرۆکەیەکم نییە. خۆتان دەزانن کە ئێرە کیبۆتە. سکرتارییەت کارەکان دابەش دەکا. هەرچی بۆیان دانام، دەیکەم."

لە وەڵامی پرسێکی دیکەدا، تەنها کورتە وەڵامێکی دایەوە: "گەر من لێرە یەک دوو ساڵان بژیم، ئەوسا دەتوانم ڕوونی بکەمەوە، کە چیم کردووە و ئایندەکەشی چۆن دەبێ."

بە ئێوارە درەنگەوە هەواڵنێران، وێنەگرە ڕۆژنامەوانییەکان، دۆست و برادەر و یارمەتیدەران، هەموویان ڕۆیشتنەوە.

پاولا تەنورەیەکی لۆکەی سادەیی لەبەرکرد. لەبەرئەوەی بۆ بنگوریۆن ڕۆژێکی مێژوویین بوو، قاتێکی تۆخ و بۆینباخی بەستبوو، ئیدی دایکەند و شۆرتێکی خاکی و کراسیکی کردەبەر.

بە پێکەنینەوە بە ژنەکەی گوت: "بەخێر بێن بۆ سدێ بۆکر."

هاوسەرەکەشی لە ناخیەوە وەڵامی دایەوە: "هیوادارم لێرە شادمان بی."

لەو کاتەی بنگوریۆن خەریکی دانانی کتێبەکانی بوو، پاولاش ماڵی پاک دەکردەوە.

یەکەمین میوانیان، منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ و نیو بە ناوی چەمی کۆهن Chemi Cohen کە کەم تەمەنترین کۆلۆنیست بوو، هات لەبەردەرکە وەستا و بە زمانی عیبرییانە پرسی:

- "ئەری تۆ کێی؟"

سەرەک وەزیرانی پێشوو بە خەندەوە وەڵامی دایەوە:

- "من نوێترین دەستپێکم Chalutz."

- بنگوریۆن و هاوسەرەکەی کەسی نۆزدەهەم و بیستەمین بوون کە هاتنە ڕیزی کیبۆتەکە. کاتێک پاولا بۆ یەکەمین جار ماڵەکەی کە تەنها خۆی و مێردەکەی لێدەژیان دیت، بە غوربەتێکەوە گوتی:

- "ئەو خانووە لە بەنگەلۆی دوورگەی کۆنی Coney Island دەچێ. کاتی خۆی لە نیویۆرک لەگەڵ چەند برادەر هاوینێک بەکرێمان گرتبوو."

ئەو کۆڵیتە ڕەنگ زەردەیان ١٣.٥ بە ٥.٤ مەتر بوو لە سێ ژوور پێکهاتبوو؛ بۆ هەریەکەیان ژوورێکی نوستن و ژوورێکیش بۆ کتێبخانە و شوێنی کارکردن هەبوو. کەلوپەلەکانی لەسوئێدەوە هاتبوون. لەولاشەوە ستونێکی ڕادیۆ هەبوو کە چەند ئامێرێکی پێوانی لێ قایمکرابوون. لەسەر بانی خانووەکەی بنگۆریۆن ئامێرێکی لێبوو، کە زۆرجاران نیشانی میوانەکانی دەدا و دەیگوت: "ئەمەیان هەرزانترین ئاوگەرمکەرەوەیە لە جیهاندا."

ئەوەش پەیوەندی بە تیشکدانەوە هەبوو. هەموو تیشکەکانی ئاسمانی سەر بانەکەی بۆ خۆی کێشدەکرد و ئاراستەی خاڵێکی ئاسنینی بچووکی دەکرد، کە تانکی ئاوی ماڵەکەیان بوو، ئیدی هەمان پلەی گەرمای وەک زۆرینەی میوانخانەکان دەپاراست.

لە سدێ بۆکردا دەبوایە سەعات ٥.٤٥ خولەکدا لەخەو ڕابووبان. کاری یەکەمی بنگۆریۆن تۆمارکردنی پێوانەی پێوەرەکان بوو.

لە سەعات هەشت تا نۆ کاتی نانخواردنی بەیانی بوو. فراوینی نیوەڕۆش لە دوانزە و نیو تا یەک بوو، شێوی ئێوارانیش لە سەعات حەوتی ئێوارەوە دەستی پێدەکرد. کاریشیان لە شەش تا هەشت، لە هەشت و نیو تا دوانزە و نیو، لە یەکیشەوە تا سەعات چوار بوو.

شەوان کیبوتنشینەکان خەریکی خوێندن و خۆپەروەردەکردن بوون؛ ئینجا خەریکی سازدانی نەخشە و پلانیان بوون کە نەدەبوایە بەلاوە بنرێ.

ژەمەکان لە هۆڵێکی خواردنی هاوبەشدا ئامادە دەکران. هەندێ لە گەنجەکان شۆرتیان لەپێدابوو، ئەوانی دیکە پانتۆڵی خاکییانە. زۆرینەیان بە تاوی کراس بەو ناوەدا دەڕۆیشتن. کچەکانیش تەنورەی کورت یان درێژ و بلوزێک. تەنها نوێ هاتووەکان پێڵاویان لەپێ دەکرد، چونکە هێشتا بەرپێیان لە لمە سووربووەوەکەی بیابان ڕانەهاتبوو.

کاری پاولا ناندین و ژووری مندالان بوو. زانیاریی داودەرمانییەکەی لەوێ باش فریای کەوت، گەر هاتبا یەکێک لە ڕێگا بە ڕووداوی

ئۆتۆمۆبێل، یان بەشەڕ و دەمەقاڵێیەک برینداربووبا، دەیانگەیاندە لای.
(لەسەرەتادا هیچ پزیشکی لێنەبوو. دواتر یەکێکی بۆ هات، ئەوانەی تازە دەردەچوون دەبوایە بۆ ساڵێک لە شوێنێکی دوور مەشقیان بکردبایە. پاشان پزیشکێکی گەنج بەشێکی ژیانی بۆ ئەوان تەرخان کرد و هاتە سدێ بۆکر.)
لە بیاباندا زۆرجاران ئاسکیان بەدی دەکرد، بە شەویش گوێیان لە دەنگی ڕێوی و کەمتیار دەبوو.
سدێ بۆکر ڕووبەرێکی دوانزە هکتاری بە خۆخ، ترێ و سەروزە داچاندرابوو، باقیەکەشی وەک پاوانی پەزەکانیان بەکار دەهێنا.
کیبۆتەکە سەد مەڕێک، دوو مانگا، یەک دەرزەن ئەسپی عەرەبی و یۆگسلافی و هەزار سەر مامری لێدەبوو. کیبوتنشینەکان خوری مەڕەکانیان بە خۆیان دەبڕیەوە، خوریەکەیان لە شە دەدا، بۆیەیان دەکرد و جلیان لێ دروستدەکرد.
مانگێ یەکجار ترومبێلێکی باری ئازووقە لە تەلئەبیبەوەڕا دەهات. سەبارەت بە ڕادیۆش ئێزگەی قاهیرە و تەلئەبیی وەردەگرت.
ئاودانی کێڵگەکانیان دەبوایە لە دوای نیوەڕۆ پێش ڕۆژئاوابوون بوایە. بە ڕۆژ بایەکەی وا توند هەڵدەکرد ڕێڕەوی ئاوەدانەکەی دەگۆڕی.
تەنها شەش سەعات لە ڕۆژدا کارەبایان هەبوو. دەبوایە دەست بە ئاوەوە بگرن.
کیبوتەکە دیارییەکان دایە پاولا کە زۆری کەیف پێهات: بەفرگرەیەک کە بە نەوت کاری دەکرد.
هەموو ڕۆژ و شەو دەبوایە کیبوتنشینێک لەگەڵ مەترالیۆزەکەیان ئێشکگر ببا. دوو لە سەرنشینانی کیبوتەکە کوژرابوون؛ کچە شوانێک و کوڕە گەنجێکی دیکە.
بنگۆریۆن تا نانی نیوەڕۆ بە گوێرەی خشتەی کاری گشتی دەڕۆیشت، دوای نیوەڕۆیانیش دەینووسی. دوای ژەمی ڕۆژئاواش، سەعاتێک پێش نوستنی دەینووسی یان دەیخوێندەوە.
یەکەمین کاریان کە دایە بنگۆریۆن ئیشی کێڵگە بوو، دواتر کرایە شوانی مەڕەکانیان.

پاولا دەبوایە لەپاڵ کارە گشتیەکانی کیبوتەکە، ماڵی خۆیشی پاک بکردبایەوە: جیبوبالینگانی هەڵدەگرت، گەسکی دەدا، و شتەکانیشی لە شوێنە گشتیەکەدا دەشوشت.

ئەوانەی سەری سدێ بۆکریان دا، تێبینی ئەوەیان کرد شتێک لە ڕەفتاری بنگوریۆن بەرانبەر هاوسەرەکەی گۆڕاوە. یەکێک لە کۆنە دۆستەکانی گوتی:

- "پێش سەرچڵییەکەی بیابانی، بنگوریۆن هەموو شتێکی بە گوێی پاولا دەکرد. پێی ئاسایی بوو هەمیشە پاولا شتەکانی بۆ ئامادە کردبان. بەڵام لە سدێ بۆکردا، کە بەردەوام بە یەکەوەن، ئەوسا تێگەیشت کە پاولا چ زەحمەتیەکی بۆ ئەو بینیوە و چی بۆ کردووە. بنگوریۆن لە جاران دڵگەرمتر و مشوورخۆتر بوو.."

لە ڕوانگەی دیکەشەوە بنگوریۆن لە بیابان گۆڕابوو. ئەو دۆستانەتر و مەحشەرخۆشتر لەگەڵ ژینگەکەی دەهاتەوە. هەمیشە بیرۆکەکان بۆ ئەو لە مرۆڤەکان گرنگتر بوون، وەلێ لەو کۆمەڵگە زۆر بچووکەی نێوەڕاستی بیاباندا کە لەوەتەی سەردەمی سەرەتای گەنجێتی لە دەستپێکەکانی گالیلیا بەقەد ئێرە لەگەڵ کەمترین ژمارەی مرۆڤدا هەڵسوکەوتی نەکردووە، کەچی هەنووکە زۆر کەیفسازە و بەگەرمی لەگەڵ ژینگەکەی هەڵدەکا.

لە یەنایریدا کۆلۆنیستێکی نوێ پەیدا بوو. ڕوس ئالێکسندرۆڤسی Ruth gailadi Alexandrovsi کیژێکی تەمەن بیست و چوار ساڵانی پرچڕەشی چاو زەقی سابرایی بوو. کچەکە و بنگوریۆن زۆر بە یەکەوە کاریان دەکرد و بوونە برادەر. کچەکە هەموو ئەو خەسڵەتانەی هەبوون کە بنگوریۆن بۆ گەنجەکانی بەهەند دەزانین. کیژێکی بەهێز، سەرنجڕاکێش، ڕوناکبیر و چاوکراوە بوو.

هەرگیز لە خۆیەوە نەدەدوا. زۆر جاران لەگەڵ بنگوریۆندا بە بێدەنگی ئیشیان دەکرد، هەردووکیان بە سەعات لەکاتی کارکردندا لە کێشەکان بە بێدەنگی قوڵدەبوونەوە. بەڵام دوایی لە پڕێکەوە بنگوریۆن ڕووی تێدەکرد تا لێی بپرسێ:

- "ئەرێ تۆ بڵێی چی بەسەر ئەو هەموو لاوانەی ئیسرائیلدا هاتبێ؟ بۆچی بە هەزارانیان وەک تۆ ڕوو ناکەنە بیابان؟"

چەند جارێک ویستی بۆ پیرەمێردەکەی ڕوون بکاتەوە. جارێکیان گوتی: "جەنگ سەردەمێکی خۆش نەبوو. پاشان ئێمە شتێکمان لەدەست دا. ناشزانم بە دەقاوەقی چی بوو. ڕەنگبێ ئێمە دژواریتیمان لەدەستدابێ. ڕەنگبێ تەمبەڵ بووبین. ڕەنگبێ حەزمان لە خۆشگوزەرانی بێ. لەوانەشە زۆر بیر لە شتی لاوەکی بکەینەوە."

لە ماوەی گفتوگوکانیاندا بنگوریۆن کە نزیکەی ساڵێک دەبوو لە کێڵگەکانی ئۆهیۆ Ohio و گورجیا Georgiaدا مابووەوە و باوکی دەناسی چونکە لە تەوژمی دووەمی کۆچبەرانی سەر لە زوو لە کیشنیڤ Kishinvەوەرا هاتبووە فەلەستین.

پاولا و ڕوس زۆر جاران بە ئینگلیزی لەگەڵ یەکدی دەدوان، ئەو بە شێوەزاری بروکلینانە، ڕوسیش بە تێکەڵاوییەکی شێوەزارە سترانبێژیانەی گورجی و ڕەوانیە ئۆهیۆکەی.

هاتنی بنگوریۆن بۆ کیبوتەکە بووە مایەی سەرئێشی جۆربەجۆر بۆیان. گەر کەشوهەوا خۆش بووبا، ئەوا زۆر میوانیان دەهاتن؛ لە ڕۆژێکیاندا زۆر کەس هەر بۆخۆشی لە گەشتیاران، کارمەندانی حکوومەت، پایەبەرزە بیانیەکان، هەواڵنێران و وێنەگران و خەڵکانی دیکەش سەردانیان دەکردن. مرۆڤ دەبوایە ژەمە خواردنێک بداتە هەمووان، هەندێ جاریش دەبوایە لای خۆیان جێیان بۆ کردبانەوە.

ئەرێ چۆن کیبوتنشینەکان ئەندامە نوێکانیان بانگ کردبان؟ ئەوان هەمیشە بە پێشناوی یەکەم و بە تۆ یەکدیان بانگ دەکرد، بەڵام ئەدی هەنووکە؟

بۆیان ئەستەم نەبوو بە خانمەکەی بنگوریۆن بڵێن پاولا، بەڵام پێیان شیاو نەبوو کۆنە سەروەزیری پێشوو لە بنگوریۆن بترازێ بە ناوێکی دیکەی بانگ بکەن.

لە دوا هەفتەی فێبرایەردا بنگوریۆن ئامادەبوو پێشوازی لە ڕۆژنامەوانان بکا. هەواڵنێران تێبینی ئەوەیان کرد، هەندێ ڕەشتاڵە بووە و تەندروستیشی وەک کوتک باشە. خانووەکەیان زۆر بچووک بوو، جێی هەموو میوانانی نەدەبوەوە، بۆیە بانگهێشتی نێوحەوشەی ماڵی کردن و لەسەر زەوی جێگای بۆ ڕاخستن.

- "خاکێکی نایابە و شورەیی نییە گەر لەسەری دابنیشی."

ئەو نەچووە سەر باسی پێشهاتە نوێکانی حکوومەت و ڕەتی کردەوە وەڵامی ئەو جۆرە پرسانەیان بداتەوە، بەدەر لەوە زۆر دۆستانەتر و هاوکارانەتر بوو لە جاران. ئەو خۆی هەندێ جاران خۆشی دەدایە دیدار و چاوپێکەوتنەکان.

- "من ئێستا ئەندامی کابینەی حکوومەت نیم. تەنها ئەندامێکی ئاساییانەی کەنیستم کە کاری ئاسان دەکا."

لێیان پرسی ئاخۆ چ ئیشێکی وەرگرتوە:

- "جاری چاوم لە بزنەکانی نێو کۆزەکەیە کە تازە زاون و کاریلەیان پەیدابوون."

نەیدەویست دەربارەی ئایندەی خۆی بدوێ، بەڵام دەربارەی پاشەڕۆژی نەقەب گوتی: "دەکرێ ئەو دەڤەرە ببێتە پڕ دانیشتوانترین ناوچەی ئیسرائیل. تاکە کێشەش، بە تەنها هەر ئاوە."
بە گەرمییەوە ئاوڕێکی لە دانیشتوانی سدێ بۆکر دایەوە کە لە دەورەی دانیشتبوون، ئینجا گوتی: "ئەو کۆمەڵە خەڵکەی نەقەب هەندێک دێوانەن، بەڵام من ئەو دێوانانەم خۆش دەوێن."
لە مارتدا بنگۆریۆن وتارێکی بەناونیشانی "بۆچی خۆم کێشایە نێو بیابان" بۆNew York Timesدا نووسی: "ئەگەر هێز بۆخۆی ئامانج نەبێ بەڵکو تەنها داردەستێکی ڕاژەی نەتەوە بێ، کەواتە هەقە هەموو دەوڵەتمەدارێک بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە لە میانەی تێپەڕینی ڕۆژگاردا لە خۆی بپرسێ: ئەرێ ئەزیش نەبوومەتە قوربانی دەستی خوو؟ تۆ بڵێی توانام هەروەک جاران بە بەهێزی مابێتەوە؟ ئایا بە تەواوی هۆشمەوە ئاگام لە هاوڵاتییەکەی ئاسایی - کە هەموو شتێک لەپێناوی ئەودایە- گەلەکەمدا هەیە؟

- "ئەو سەرۆک دەوڵەتەی خۆی بە هۆکارێکی بڕیاردەر بەسەر چارە و بەختی وڵاتەکەی بزانێ، ئەوا زیانبەخش و کوشندەیە. ئەو گرژیە بەردەوامەش کە لەسەریەتی و داگیری کردووە یان هەرەشەیە بەسەریەوە لەمپەرێکە بۆ نوارینێکی تازەی کاروبارەکان، ئەوا دەبێتە مایەی لاوازکردنی هەر بڕیاردانێکی پێویست، ئیدی سەرپێیانە لێیدەڕوانێ بێئەوەی بە دوای

ڕەگوڕیشـــەیدا بچـــێ و لـــە بڕیاردانـــادا پرســـەکە جدییانـــە هەڵبسەنگێنی... گەر ئەوە ڕوویدا، وا باشترە خۆی بکێشێتەوە..."

بەشـی دووەمـی وتارەکـەی تـەرخان بـوو بـۆ ئـارەزووە خۆشەویسـتە دووەمەکەی: کار لەگەڵ خاک کردن و خوێندنەوە.

- "بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی من، ژینگەی سروشتی بە بایەخترین دەروربـەرە بـۆ مـرۆڤ. بـە پێـی ئـەوەی مـرۆڤ چەنـد خـۆی لـە دەسـتکارییەکانی شارسـتانیتی نـوێ دەکێشـێتەوە... ڕووبـەڕوی سروشـــتێکی دڕ و دەســـتلێنەدراو (وەک چـــۆن یـــەدزان ئافرانـدوویەتی)دا دەبێتـەوە، لەوەشـیاندا بیابـان نموونەیـەکی سـەرمەشـقە، ئـەوا هەسـت بـەوە دەکـا باشـتر لـە ڕازی ژیـان و ئەرکی خۆی لەسەر لە زەویدا بگا."

بـە ڕێکـەوت بـوو گـوتی کـەوا تـەورات (قانونی جوولەکـان) لـە بیابانـدا ڕادەسـتی موسـای گـەورەترین مامۆسـتای ئیسـرائیل کـە گەلەکـەی پەلکێشی چۆلستان کرد، کرا.

بڕیاریـدا ئـەو ڕاگەیاندنـەی هەنگاونانەکـەی ڕوون بکاتـەوە: "لە دواییدا شوێنێک بۆ سەرەک وەزیران پەیدابوو، بەڵام شوێنی سـەدان، هـەزاران بگـــرە ملیۆنـــانیش ئەوانـــەی دەیانـــەوێ بیابـــان ببوژێننـــەوە، هەیـــە. چارەنووسی دەوڵەت زیاتر بە کۆمەڵ بەستراوەتەوە لەوەی بـە تـاک. لـە ڕۆژگـارێکی وەک ئێستاماندا تاک هەستێکی وای لا گەڵاڵە بووە، تـەنها ئەو کارانە بکا کە بە جەماوەر دەکرێن و پێویستە بکرێن."

لە ئایاردا ئەو وەرزە داهات کە دەبوایە خوری مەڕەکانیان ببڕدرێتەوە. لە ڕووی فیزیکیەوە جەستەی بنگۆریۆن بێ خـەوش بـوو. ئـەو و ڕوس بە یەکەوە ئیشیان دەکرد. پێدەچوو بەبێ کێشـە کاوڕێکی پـەنجا کیلـۆیی هەڵبگرێ و لەسـەر تەختە دایبنێ تا سابرا لاوەکە بە کەلـەخ خورییەکـەی ببڕێتەوە. بەڵام بنگۆریۆن ئەوەی فەرامۆش کردبوو، کە تەمەنی شەسـت و حەفت ساڵانە و لە مێژیشە دەردە پشتئێشـەی هەیە. لە دواییدا دەبوایە لەسەر جێگەدا بکەوێ چونکە لـە سدێ بـۆکر هـیچ پزیشـکێکی لێنـەبوو، پاشـان گەیەنرایـە نەخۆشـخانەی تەلئـەبیب. سـێ هەفتـەی خایانـد تـا گەڕایـەوە دۆخـی جارانی و سـەرلەنوێ دەسـت بـە ژیـانی دەسـتپێکیی خۆی بکاتەوە.

لەو کاتەی خوری مەڕەکانیان دەبڕیەوە، ڕوس نهێنیەکی خۆی هێنایە سەرزمان. ئەو لە حوزەیراندا شوو بە کوڕەلاوێکی درێژی نشینەگەی زێیڤ ستاینهاردت Zeev Steinhardt دەکا. دەیەویست بنگۆرین لە کەسە یەکەمەکان بێ کە بە هەواڵەکە بزانێ. ڕوس گوتی: "هیچ لەوە خۆشتر نییە، کە لە بیاباندا دڵداری بکەی."

لەو ماوەدا پاولا هەستی بە ژان و ئازارێکی زۆر کرد؛ دەبوایە بۆ چارەسەری بگەیەنرابایە نەخۆشخانەی هاداساhadassa لە ئۆرشەلیم.

کاتێکیش خۆی و مێردەکەی گەڕانەوە سدێ بۆکر، دەستە مێوانێکی نوێیان هاتن. سام هامبورگ هات و دیاریەکی نائاساییەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو: فەردە لۆکەیەک، یەکەمین بەرهەمی لۆکەی ئیسرائیل. کاتێک فەردە لۆکەکەی نیشانی بنگۆریۆن دا، پاولا لەو ساتەدا هاتە ژوور:

- "ئەرێ ئێوە و ناوی خوا، پێم ناڵێن ئەمە چییە؟"

پێش ئەوەی هامبورگ بۆی ڕوون بکاتەوە، مێردەکەی گوتی:

- "ئەمەیان گرنگترین شتە، لەم ساتەدا ئیسرائیل پێویستە هەیبێ."

بە تروسکایی چاوێکی خەونبینینەوە بنگۆریۆن نیگایەکی بڕیە سەر بەرهەمەکە و خاکەکەی کە بە گوێرەی پسپۆڕان بێ بایەخ بوو. هەنووکە هامبورگ زۆر باشی دەناسی، دەیزانی بیر لە چی دەکاتەوە. ڕێزگرتنی ئیش، شانازیکردن بە ئیشی قورس بۆ بەدەستهێنانی بەرهەم، تێگەیشتن لە بایەخی کێڵگەکانی لۆکە، خاکێکی پڕ دارتوو، پرتەقاڵ و کێڵگەی سەرتاپا داچێندراو بە چەوەندەری شەکر. ئەو شتانە بوون، کە بنگۆریۆن دەیویست گەلەکەی فێریان بێ.

هامبورگ یاوەری بنگۆریۆن بوو کە بە خۆی و ڕیشە سپییەکەوە چووە لای کۆزی بەرخەکانی و دەستی لێدەدان. دواتر هامبورگ بە دۆستەکانی گوت:

- "کاتێ بنگۆریۆنم بە سەرقاڵیەوە دەدی، دەبوایە بیر لە گاندی و خەڕەکەکەی بکەمەوە. دەبوایە بیر لە پێغەمبەرەکانی بایبلیش بکەمەوە. لەکۆزە مەڕی سدێ بۆکردا، ئەز بەرزترین نمایشی گیانی مرۆڤایەتیم بینی."

ئـو نـو[٥١] U Nu سـەرۆکی حکـوومەتی بیرمـا Birma، سـەردانێکی بنگۆریۆنی کرد. وڵاتەکەی هـەر وەک ئیسرائیل لـە چنگی ئینگلیزەکان ڕزگاری ببوو. ئینگلیزەکان لە بیرمادا سێسەد ساڵ دەسەڵاتدار بوون و لە ئیسرائیلیش سی ساڵان. مانگێک بەر لەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەخشەی دابەشکردن بپەژرێنن، کە بە هۆیەوە ئیسرائیل سەربەخۆ ببێ، لە لەندەن ڕێککەوتنی سەربەخۆیی بیرما واژۆ کرا. چوار مانگ بەر لە ئیسرائیل بیرما تەواوی مافەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی وەرگرتەوە و بووە پەنجا و هەشتەمین ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلیش پەنجا و نۆهەمین ئەندام. دەسەڵاتەکانی سەرۆک لە بیرمادا دەقاودەق وەک ئیسرائیل سنووردار بوون. لە هەر دوو دەوڵەتەکەدا ڕابەرایەتی بۆ سەرەک وەزیران دەگەڕایەوە. ئونو وەک بنگۆریۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرەک وەزیران بوو.

هەر دووک پیاوەکان لەکاتی پیاسەیان بەناو گۆڕەپانی کیبوتەکەدا، ئەزموونەکانی خۆیان لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکرد.

یەک دوو نەمامی ئیکالوپتیس چاندرابوون، بنگۆریۆن بە شانازیەوە نیشانی میوانەکەی دان.

ئونوش بە خەندەوە گوتی:

- "لە بیرما دارودرەختی زۆرمان هەیە. زۆر هەبوون خراپترە لەوەی کە زۆر کەمت هەبێ. جەنابی بنگۆریۆن، گەر من لە جێگەی تۆ بم، ئەوا تا زووە نەمامەکە لە خاک دەردەکێشم."

بنگۆریۆن بەربەستەکانیشی نیشاندان کە بۆ گرتنەوەی باراناو بنیاتیان نابوون.

ئونو سەرێکی بۆ هەژاند.

- "لە وڵاتی من ناخۆشیمان لەگەڵ ئاودا هەیە. لەوێ دژی دەوەستینەوە. کەچی لێرە دەبێ شەڕی لەسەر بکەن."

ئەوان گەڕانەوە خانووە ڕەنگ زەردەکە و بە قووڵی لەگژ باسوخواسیان ڕاچوون.

بنگۆریۆن بەو میوانە دڵخۆش بوو، دەرفەتێک بوو باسی ئۆل و فەلسەفە لەگەڵ کەسێکدا بکا، کە لە وڵاتێکی سەر بە ئایینی بوداوە

---

[٥١] U Nu (١٩٠٧-١٩٩٥) یەکەمین سەروەزیری بیرمای سەربەخۆ- وەرگێڕ

هاتووە. بنگۆریۆن خوازیاربوو بیردۆزەکەی بۆ شی بکاتەوە بەوەی ئیسرائل، هیندستان و وڵاتی گریک (یۆنان) سێ ناوەندی کلتووری گەورەی دێرینەن کە بەهایەکی نەمرانەیان بەخشیوەتە مرۆڤایەتی.
بە میوانەکەی گوت: "من هەمیشە بودام بە یەکێ لە دە بیچمە مێژووییەکاندا داناوە."
بە یەکەوە دەربارەی خاڵە یەکانگیرییەکانی بودایی و دە ڕێنماییە ڕێرەوشتەکانی موسا دوان.
دەربارەی شارستانێتی کۆن و نوێ دوان. سەبارەت بە ئەرکی لێکۆڵینەوەی زانستییانە بنگوریۆن گوتی: "لە مێژە زانست بە دوای رازی سروشتدا وێڵە، ئەو ناتوانێ مرۆڤ فێری ئەوە بکا، کامە ڕێگە هەڵبژێرن."
ئونوی سەرەک وەزیران مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بنگوریۆن نیکایاس[52] Nikayas بخوێنێتەوە.
هەروەها سەبارەت باوەڕی ئونو بە دۆناودۆن (Reincarnation) کە لێبڕاوانە باوەڕی وابوو مرۆ لەژیاندا زیاتر گەشە دەکا و بەرەو پێشەوە دەڕوا، سەرەتا بە پلەی پیرۆزدا تێدەپەڕێ ، تا ل لەدواییدا تەنانەت دەبێتە خودی بوداش.
بەو سەردانە بنگوریۆن دنەدرا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر دین و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیدا بکا، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی ئابووری لەنێو ئەو دوو وڵاتە لەیەک دوورەدا پەیدابوو. دواتر بنگوریۆن بە خۆشییەوە یادی ئەو سەردانەی دەکردەوە. لە ساڵڕۆژی هەشتەمی سەربەخۆیی بیرمادا ئەو بروسکەی خوارەوەی بۆ ئونو لێدا:

- "ئەو سەردانە لەبیرنەکراوەت کە ئەو زێدەمافەی دایە من باشتر بتناسم، بەردەوام لە یادەوەرییمدا دەمێنێتەوە... من دەرسێکی تایبەتیانەی بودایزمت لێ فێربووم، زۆر بەرزی هەڵدەسەنگێنم و خوێندنەوەی نیکایاسیش جۆشوخرۆشێکی ئازادانەی پێبەخشیم."

لە سدێ بۆکردا بنگوریۆن بە سەدان هەزار وشەی نووسین. وتاری بۆ ڕۆژنامە جۆربەجۆرەکانی ئیسرائیل هەروەها بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، خواروی ئەفریقا و وڵاتەکانی دیکەش دەنووسی.

[52] Nikayas: کوکراوەی نووسراوەکانی شانزە فێرگەکانی کونی بودایزم-وەرگێڕ

بەرچاوترین بەرهەمی کتێبێک بو بەناوی The Rebrith and Destiny of Israel؛ کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی دوان و وتارە پەخشانەکانی نێوان ۱۹۵۱ و ۱۹۵۲دا. کتێبێکی قەبارەی ٥٨٩ لاپەڕەی لێدەرچوو، لە هەمان ساڵیشدا لە ولاتە یەکگرتووەکان و ئینگلستاندا چاپ و بڵاو بووەوە.

ئەو دەربارەی بابەتە جۆربەجۆرە گرنگەکانی دەنووسی. دەربارەی پاشەڕۆژ گوتی: "ئێمە لە ئێوارەی رۆژگارێک داین، کە سوود لە وزەی رۆژ وەردەگرێ. لێرە لە نەقەبدا کۆگایەکەی بێ سنوورمان هەیە. ئێمە دەتوانین ئاوی دەریا بپاڵێوین و بەرەو نەقەبی پاڵ بدەین، ئیدی ئەوێ بە چەشنێکی دیکە دەبینرێ لەوەی کە ئێستا هەیە."

ئەو ڕووی دەمی لە کەرتی پەروەردەی ئیسرائیل کرد و ئامۆژگاری ئەوەی کردن کە لە ساڵێکدا ڕۆژێک بۆ سوپا تەرخان بکەن و لەگەڵیاندا بژین، رۆژێکیش بۆ گوندەکانی سەرسنوور و ڕۆژێکیش بۆ کیبۆتەکانی نەقەب.

بۆ گۆڤارێکیش کە تایبەت بوو بە نووسینی کلاسیک پەخشانێکی دەربارەی ئەفلاتون نووسی.

لە وتارێکی دیکەیدا گەڕایەوە بێ کەولی سۆشیالیستێکی هەڵمەتبەر: "کەم نین ئەوانەی ئەو بیروکەیان هەیە، گوایە دەستپێشخەریە تایبەتییەکان (مەبەست لە پولپەرستییە) هەموو گرفتێک چارەسەر دەکا و دەیانەوێ ئایندە لە سەر بنەماکانی دەستپێشخەری تاکیانە بنیاتبنێن. بەڵام ئەو جۆرە کەسانە دەوڵەت و نەتەوە بەرەو هەڵدێر دەبەن. تەنها پولپەرستی مرۆ بەلای زۆریەوە دامەزراندنی قەرتاجەیەکی عیبریانەی لێدەکەوێتەوە و ئەویش وەک قەرتاجەی کەنعانییەکەیان زۆر خۆی ناگرێ.

- "لەبەرئەوەی قەرتاجە لەسەر گۆی زەویش نەما، چونکە لەپشت هانیبالەوە تەنها شارێکی پڕ بازرگان و سەوداکارانی پول و پارە هەبوو کە دەستپێشخەرییە تایبەتیەکانی خۆیان وەک خودا تەماشا دەکرد و بەرانبەرەکانیشیان گەلی جوتیار بوون، بەتوندی بە خاکەوە بەسترابوونەوە.

- "دەستپێشخەری تایبەتییانە نابێتە مایەی یەکگرتنەوەی کەسانی دیاسپۆرا، نابێتە مایەی بوژاندنەوەی بیابان، نابێتە مایەی ئافراندنی شارستانێتی عیبرییانە کە شیاوی گەلی کتێبەکە بێ و هەروەها هەرگیز ناشبێتە هۆی پێگەیاندنی جڤاکێکی نوێ."

هەفتەیەکی دیکە بنگۆریۆن شلتری نواند و نووسی؛ با لە هەموو لایەکی ئیسرائیل هەردوەزی، هاوکاری و کشتیاری تایبەت پەیدابن، ئەوسا هەر کۆلۆنیستێک بە خۆی سەرپشک بێ ئاخۆ چ جۆرە سیستمە ئابوورییەکی پێ باشترە.

بنگۆریۆن دروشمی "دەی بەرەو ئیلات"ی بەخشیە گەنجان، بەڵام کاتێک تەماشای ئاسۆی بکردبایە هاتوچۆیەکی کەمی لەسەر ڕێگای بیئیر سەبعە بەلاپاڵی سدێ بۆکر بەرەو باشوور دەدی. هیچ کۆڕەوێک لە شارە گەورەکانەوە نەهات، کۆمەڵە و دەستەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک شوێنپێیان هەڵنەگرت، دانیشتوانی کیبوتەکان و سەرسنوورەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان نەکرد، بای حەزی کشان بەرەو باشوور هەڵینەکرد.

هەڵبەت بنگۆریۆنیش بە تەواوی شکستی نەهێنا. لە ١٩٥٤دا هەموو دانیشتوانی ئیسرائیلی لە بیابان ئاگادار کردەوە، لەو ئەگەرانەی لەوێ هەن، لە خاکەکەی کە ناوچەکە لە ئایندەدا چ ڕۆڵێک دەبینێ.

لە تەلئەبیبدا پێڵاودروستکەرێکی سادەی ڕەچەڵەک پۆلۆنی بەناوی باروخ تالBaruch Tal بیچمە هەرە لەپێشەکەی ماپای خۆشدەویست. پرسی: "ئەرێ دەکرێ ژمارەی پێوانی پێی بەڕێزیان بزانم چەندە؟"

کاتێک تال پرسەکەی کرد، ڕوونیشی کردەوە:

- "زۆر جار بیردەکەمەوە کە ئەو لە بیاباندا دەژی. دەڵێن لەو دەمەی ساڵەدا بیابان بە شەوان ساردە. من ئەو لە خۆمدا دەبینمەوە کە چ ئازارێک دەچێژێ. ئاخر چیدی شەنگ و بڕستی لاویتی نەماوە. ئەو لەمن بە تەمەنترە. بەڵام ئەو لەوێ کێماسی لە زۆر شتدا هەیە، کەچی من لێرە وەک هەڤاڵێکی ئاسایی لە هەموو خۆشیەکی تەلئەبیب سوودمەندم. خۆ دەبینی، لەبەرئەوە من جووتە پێڵاوێکی بۆ دروست دەکەم. ئیدی با چیدی ویژدانم ئازارم نەدا."

بەشی ٢٤

لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٥دا وەزیـری کـار، گۆڵـدا میرسـۆن (مایـەر) سـەردانێکی سدێ بـۆکری کـرد تـا لەگـەڵ بنگۆریۆنـدا دەربـارەی ئـەو ئاسـتەنگانەی هاتونەتـە رێـی هاوکارەکـانی بـۆ پێکهێنـانی کابینـەی حکـوومەت بـدوێ. بانگهێشـتنامەیەکی سـەرەک وەزیـران شارێتیشـی سـەبارەت بەگەڕانـەوەی بـۆ ژیـانی گشـتی بـۆ هێنـابوو بـۆئەوەی سـەرلەنوێببێتەوە وەزیـری بـەرگری و بێتـەوە نـاو حکـوومەت و هاوکاریان بکا تا لە قەیرانەکە دەردەچن، چونکە هەڵبژاردن لـە هاویندا لەگۆڕێدابوو.
سێ ڕۆژ دواتـر شـارێت ڕایگەیانـد، بنگۆریـۆن داواکـەی پەژرانـدووە. ڕۆژی پاشـتر پیـاوە سـەر و ڕیـش سـپییەکە بیابـانی بەجێهێشـت، لـە ئۆرشەلیم بە خۆی و جلی سەربازییانە سـەری دەرهێنایـەوە و جارێکی دیکە بۆ پایەی وەزیریەکەی سوێند درایەوە.
دەسـەڵات بەجێهێشـتنەکەی چاوەڕوانـنەکراو بـوو بـە تـەواویش برایـەوە. هاتنەوەکەشـی بـۆ نـاو بازنـەی ژیـانی سیاسـی پێواژۆیـەکی پلەدارییانـە بوو.
ئەوەنـدە هـۆ هـەبوون کـە سـدێ بـۆکر بـەجێبێڵێ هـەروەک چـۆن پێش چـوارده مانـگ هـەمان هـۆ بـۆ بـەجێهێڵانی ئۆرشـەلیم و تەلئـەبیب لەگۆڕێدابوون.
ژیانی بیابان بۆ جەستەی ئەو و خێزانەکەی قورس بوو. جارێکیان لـەپڕ ژانێکی تیژ دایگرت و بە پەلە پاولای خێزانی بە ڕادیۆ داوای ترومبێلی فریادڕەسی کرد، کاتێکیش ئەمبیولانسـەکە گەیشت، ژانەکـەی شـکابوو، لەگـەڵیـان نـەچوو. بـەڵام زۆر جـاران ژانـی پشتێشـەی هـەبوو، پـاولاش

لەبەر دەردی باداری دەینالاند؛ بۆیان ئەستەم بوو لەوێ بەردوام بن چونکە ئەوان نەیاندەویست لێیپاڵدەنەوە و بێ ئیش بوەستن.
لە سدێ بۆکردا زۆر کاتی خوێندنەوەی بە دەستەوە نەبوو وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا. سەرباری ئیشە فەرمییەکەی لە تەلئەبیب و ئۆرشەلیمدا کاتی زۆرتری بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی هەبوو. سەرەڕای ئەوەش مەبەستەکەی لە چوونە بیابان کە لە بنەڕەتدا هێمایەک بوو، پێکای. سەرنج و ئاگاهی زۆری بۆ لای نەقەب ڕاکێشا، ئەو دەرفەتەی هەبوو بێتەوە سەرخۆی و ساڵێک بێ تەنگەتاوکردنی کاروبارەکانی حکوومەت لە بیاباندا بەسەر ببا.
هەڵبەت نەیدەویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ سدێ بۆکردا بپچڕێنێ. لەگەڵ دەستەی بەڕێوبەرایەتی ئەوێ وا ڕێککەوت، کە کۆڵێتە ڕەنگزەردەکەی هەر بمێنێتەوە. زۆر لە کتێبەکانی لەوێ بەجێهێشتن و بە خۆی و پاولاش بەڵێنیان دا کە زۆر جاران بۆی بگەڕێنەوە.
بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو چواردە مانگەی لەوێ بەسەری بردن، دوو وشتری پێشکەش بە جڤاکەکەی ئەوێی کردن، تا بۆ شوانێتی پەزەکانیان سوودییان لێوەربگرن.
لە یەکێک لە دوانە یەکەمەکانی دوای گەڕانەوەیدا، ئەوەی ئاشکرای کرد، لە بیاباندا هیچ ڕاستیەکی دیکەی نەدۆزیوەتەوە، بەڵام هەموو شتەکانی تیژتر دەبینین.

- "لێمگەڕێن با پوختەیەکتان دەربارەی ئەوەی لەوێ بینیم، بۆتان باس بکەم: لە شارەکاندا خەڵکێکی زۆر بە چڕی لەتەک یەکدا دەژین؛ ناوچە سەرسنووریەکان وەک پێویست نەکراونەتە نشینگە.
- "لە شاردا زۆر هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی دەدرێ؛ کێماسیان لە کاری بەرهەمدار و دەستپێشکەرییدا هەیە.
- "شەڕ و دەمەقاڵێ زۆر دەکرێ؛ هەستی بەرپرسیارێتی کەمە و گیانی هاوکاری و زبارەییش (هەرەوەزییانە) کەمتر.
- "زۆر قسەی بێ ناوەڕۆک دەربارەی هاوڕێیایەتی و یەکێتی جوولەکایەتی دەکرێ؛ یارمەتی پێویستی کۆچبەرە نوێکان نادرێ.

- "زۆر بازرگـان و خزمـەتکاری گرێگرتـەی مـاڵان هـەن؛ کـەمتر کاری بەرهەمهێنن.
- "داوای گـەورە لـە حکوومـەت و داوای بچـووک لـە خـەڵک خـۆی دەکرێ.
- "زۆر پـێ لەسـەر زێدەمافـدا دادەگیـرێ، کـەمتر مکـوڕن لەسـەر بەدیهێنانی بەڵێنەکان."

هەنـووکە دەوڵەتەکـە تەمـەنی بۆتـە شـەش سـاڵان، سـەرهێڵی نـوێی بـۆ گەلەکەی ڕوون کردنەوە:

- "پێوەرەکـان دەبـێ فێـری ئـەوەمان بکـەن، چـۆن بەرپرسـیارێتی هەڵبگرین. ئێمە دەبێ فێربین لێهاتووانە کار بکەین. دەبێ ئاستی پێوانەیی ژیانی خۆمان بە تـەکانی پەرەسـەندنەوە بەرەوپێشـەوە بەرین، زیاتر پاڵ بە کۆمەکی دەرەوە نەدەینەوە. ئێمە دەبێ بەبێ بەرانـبەر گەنجـەکانمان پـەروەردە بکـەین، نـەوەک هـەر بـۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بەڵکو ناوەندی و بەرزتریش.
- "ئێمـە دەبـێ مەڵبەنـدی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی دابمـەزرێنین و باشترین زانای جوولەکەی بۆ ڕابکێشین.
- "ئێمە دەبێ ئـاو بگەیەنینە بیابان. دەبـێ سـوود لـە هەمـوو دڵۆپـە باراناوێک وەربگرین و کـۆی بکەینـەوە. دەبـێ چۆڵسـتانی بیابـان بە بەهەشتی عەدەن بگۆڕین. دەبێ کۆڵێت و خانووە کۆنـەکانمان بـڕوخێنین، هەمـوو هاوڵاتییـەک بـە ئاسـتێکی شایسـتە موچـە، نیشتاک و متمانەی ئابوورییانەی تا لە ژیاندا ماوە پێببەخشین.
- "ئێمە دەبێ لێرەدا نموونەیەکی شەرمەشقی جیهان بین و ڕاسـتی گـەلی بـژاردە بەرجەسـتە بکـەین، دەبـێ خـەونی پێغەمبـەرە دێرینەکانمان بەدی بێنین.."

لـە نێـو میوانـە زۆرەکـانی ئـەو هاوینـەدا خـانم فـرانکلین دێلانـۆ ڕۆزهڤێلتFranklin Delano Rooseveelt بـوو. بنگۆریـۆن لـە خانووەکەی کێرن کیامەتدا پێشوازی لێکرد. جددییانە لەسـەر سیاسـەتی جیهـان و پرسـگەلی ڕۆژهـەڵاتی نـاوین دوان. لەگـەڵ یەکدا باش هـەڵیان دەکرد. خانم ڕۆزەڤێلت دواتر لـە وتارەکانیدا بـە "پیاوە نایابەکە کە من

پێوەی کارانگاز بووم" ناوی برد و بنگۆریۆنیش بە شەوقەوە دەربارەی خانمەکە دوا.
بنگۆریۆن دەربارەی سدێ بۆکر قسەی بۆ کرد، کە چوارده مانگان لە وێی بەسەربردووە، ئەو ماوەیەشی بەختیارترین قۆناخی ژیانی بووە.
خانم رۆزڤیلت تێبینی ئەوەی دا: "هاوسەرەکەم پێیوایە بەردە رووتەنەکانی هەندێ شوێنی ئیسرائیل هاندەری کشتیاریی نین."
بنگۆریۆن بە خەندەوە وەڵامی دایەوە:
- "ئەوە ڕاستە کە یەزدان هەموو بەردەکانی بە گڵ دانەپۆشیون، وەلێ هەر لەبەر ئەوە وایکردووە، کە ئەوەندەی بە ئێمە بەخشیوە بیخەینەگەڕ."
خانم ڕۆزڤێلت ئەو سەرنجەی بە هێمای پیاوێک دانا کە زۆر لەبن ڕاژەی بیرۆکە نموونەییەکانی خۆیدا بێ.
لە هاوینەکەدا بنگۆریۆن، پاولا و ئارگۆڤ بە ترومبێل یەک دوو ڕۆژ چونە سەر گۆلی تەبەریا. کاتێکیش خەریک بوون بە بناری شاخی تابوور ڕەت دەبوون، وەزیری بەرگری گوتی:
- "نەحێمیا، ئێمە ڕۆژێک دەمێنینەوە دەبێ مشووری پەیداکردنی ئەسپێکم بۆ بخۆی، تاکو بە سوارییەوە بەسەر چیاکە بکەوم."
دەمودەست پاولا ناڕازی بوو.
لەوێ ڕێگایەکی باشی ترومبێل هەبوو. لەوەش بترازێ تەمەنی ئەو هی ئەسپسواری نەبوو.
بنگۆریۆن لە وەڵامدا گوتی: "وانییە پاولا، من بەر لە چل ساڵ بەسەر ئەو شاخەدا بە سواری ئەسپ چوومەتە ئۆرشەلیم، دەزانی ئەو ماوەیە چەند دوورە."
پاولا خێرا بەرسڤی دایەوە: "بەڵێ، بەڵام چل ساڵ لەمەوبەر، ئەو کات تۆ هێشتا لاوێکی بیست و هەشت ساڵان بووی. ئەمەت لەبیرنەچێ هەنووکە بوویتە شەست و هەشت!"
مێردەکەی هۆشدارینامەکەی خێزانەکەی فەرامۆش کرد و فەرمانی بە ئارگۆڤ دا ئەسپێکی بۆ پەیدا بکا.
پاولا بەسەرزەنشتکردنەوە: "خۆ ناوێری وا بکەی!"

ئارگۆڤ بڕیاریدا ڕۆژێک لێی بێدەنگ ببێ بەڵکو گەورەکەی لەبیری چوبێتەوە. بەڵام دوای دوو ڕۆژ بنگوریۆن لێیپرسی: "ئەرێ مشووری ئەسپەکەت خوارد؟"
ئیدی ئارگۆڤ نەیدەتوانی لەبن باری ئەرکەکەدا دەربچێ، بەڵام بڕیاریدا نەرمترین ئەسپی ئیسرائیلی بۆ پەیدا بکا.
لە ڕۆژی دیارکراودا بنگوریۆن، پاولا و یاریدەدەرەکەیان بە سواری ترومبێل چوونە دامێنی شاخەکە. لەوێ هەندێ پۆلیس چاوەڕییان بوون کە ئارگۆڤ لەپێشدا قسەی لەگەڵدا کردبوون. پاولا هێشتا هەر هەوڵی دەدا مێردەکەی لە سەرچڵییەکەدا پەژیوان بکاتەوە.
پۆلیسێک لغاوی ئەسپێکی گرتبوو بۆ لای ئەوانی ڕاکێشا.
- "نەخێر ئەمەیان نا، من سواری ئەو قاترە پیرە نابم."
سەیری ئەسپەکانی دیکەی کرد، ئەو ئەسپەی لێهەڵبژارد کە لەوانی دیکە هاروهاجتر دیاربوو.
بە ئاسانی خۆی هەڵدایە سەر زین و لغاوی گرت و ڕکێفی لێدا و بۆ سەرشاخ لێیخوڕی. وەک ئارگۆڤیش باسی کرد: "پیرەمێرد کەوتە داوەکە. دەبوایە بە یارمەتی پۆلیس فێڵێکی لێبکەم و داوی بۆ دابنێمەوە. ئەو ئەسپەی لێیهەڵبژارد ئێمە دامان نابوو، نەرمترین ئەسپ بوو. بەڵام بێئەوەی بنگوریۆن هەست بە پیلانەکە بکا، ئەودەم ئەسپەکەمان هەندێ شەموس کردبوو تا بنگوریۆن هەروا بزانێ ئەسپێکی بە هەڵمەتە و دەستنیشانی بکا، هەرواشی کرد."
لە تەممووزدا لە لایەن نۆزدە پارتەوە هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ سێهەمین وادەی کەنیستدا بەڕێوەچوو. پارتە نەیارەکان سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی ڕۆژانەی کەلوپەلە پێداویستییەکانی ژیان ڕەخنەیان لێگرت. سێ نارنجۆکیش فڕێدرانە بارەگای پارتی گشتی زایۆنیستی.
دەرەنجامی هەڵبژاردنەکە هەمووانی سەرسام کرد. ماپای لە چل و پێنج کورسییەوە دابەزیە سەر چل، پارێزگارە زایۆنیزمە گشتییەکان لەو بیست کورسییەی هەیانبوو توانیان پارێزگاری تەنها لە سێزدە کورسی بکەن. هیروتی مناحێم بیگن نزیکەی دوو ئەوەندە زیادی کرد و لە دوای ماپای بووە بە پانزە کورسییەوە بووە گەورەترین پارتی وڵات.

کۆمۆنیستەکانیش لە براوەکان بوون، شەش کورسیان بەدەست هێنا.
سەرجەم نۆ پارتی بەرەو پێشەوە چوون.
سەرۆک بن زیڤی داوای لە دۆستە کۆنەکەی خۆی بنگۆریۆن کردەوە کە حکوومەت پێکبهێنێ، بەڵام بنگۆریۆن رایگەیاند، جارێ پەلەی نییە. بەشێوەیەکی کاتی شارێتی سەرەک وەزیران کاروبارەکان راپی دەکا.
لە پایزدا بنگۆریۆن بە هۆی نەخۆشیەکی نائاساییەوە لە جێگادا کەوت. ئەو بە گوێیەک گوێبیستی دەنگی نامۆ دەبوو، سەری دەسوڕا. ئەو بەندوباوەی گوایە تووشی سووکە خەڵەفانێک هاتووە، ناڕاست بوو. لە ڕاستیدا کەمێک تووشی نەخۆشی مێنیری Meniere بووە کە دەرچەی هەوکردنی گوێی ناوەڕاستە، مرۆ هێشتا هۆیەکەی نازانێ چارەسەری پێویستیشی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بە شەو و ڕۆژ لە میوانخانەیەکی ئۆرشەلیم لەناو جێگا کەوتبوو، زۆر جاران پێیوابوو، دیوار و بنمیچەکەی لەپێش چاواندا دەسوڕێ.
لە دوا هەفتەکانی سێپتێمبەردا، لەپڕ زانرا، کە چیکۆسلۆڤاکیا چەکی فرۆشتۆتە میسر. ئابا ئیبانی نێردەی ئیسرائیل برووسکەیەکی بۆ تەلئەبیب لێدا، تیایدا گوتبووی، مانەوەی ئیسرائیل بە "ئاستێکی بەرز" لە مەترسیدایە. هەر زوو کۆبوونەوە بە پەلەکانی کابینەی حکوومەت دەست پێکرانەوە.
جارێکی دیکە بەرگریکردن لە وڵات خەمی سەرەکی حکوومەت بوو؛ وەزیری بەرگری گرنگترین بیچمی کابینەکە بوو. ئەرکی چەککڕینی بۆ پەیدابوو.

- "هەوڵەکانمان لەگەڵ ئەمریکا، ئینگلستان، فەڕەنسا و ئیتالیادا بێ بەر بوون. هەرچەندە زۆر لەو بڕوایەدان، کە کات دژی ئێمە وەرگەڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر بێ هیوا نەبووین."

لە چوارشەممەیەکی ساردی نۆڤێمبەردا، بنگۆریۆن یەکەمین دوانی لە کەنیست وەک سەرۆکی حکوومەتی نوێ دا. هێشتا بە تەواوی لە دەردەکەی چاک نە ببووەوە و ماندوێتی پێوە دیاربوو.
بۆ ئەوەی ڕای زۆرینەی پەرلەمان بۆ خۆی کێش بکا، دوو پۆستی وەزیری دایە ماپامی چەپخواز، دووی دیکەشی دایە گروپی ئاخودت ئاڤۆدا Achdut Avoda کە لە ماپام جیاببوونەوە، دوو کورسی دیکەش

بۆ گروپە ئۆلدارەکان و یەکێکیشیان بۆ توندڕەوەکان. ئینجا هیچی تیا نەهێشتەوە و گوتی:

- "ئەوە ئەرکی منە کە هەموو زلهێزەکانی دنیا -هەموویان بێریزپەڕ- و بە شێوەیەکی خاکیانە کە لەگەڵ نوێنەرایەتی نەتەوەیەکی بچووک بگونجێ، بەڵام بە هەموو ڕەوشت و ورەیەک کە هێزی بڕواپێبەخشانە دەداتە ئەوانەی لەسەر مافن؛ لەوە بە ئاگا بێنمەوە، کە گەلی ئیسرائیل وەک بەرخێکی قوربانی نەبردرێتە سەر تەختەی ملپەڕاندن."
- "ئامادەم لەگەڵ سەرەک وەزیرانی میسر و هەموو دەسەڵاتدارنی عەرەب بە پەلە ڕاوێژ بکەم بێئەوەی هیچ پێشمەرجێکیشمان هەبێ، تا بە هەموومان بۆ ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە تێبکۆشین."

لەو شەوەدا بە فەرمانی بنگۆریۆن هەزار سەرباز بە ترومبێلی بار دەرچوون تا ئەرکێکی سەربازییانەی گرنگ ڕاپەڕێنن.

شەست و چوار کیلۆمەتر لە باشووری بێئر سەبعە لەسەر سنووری نەقەب و سینادا، ئەلئەوجا ElAuja ناوچەیەکی چەکداماڵدراو بوو، کاتی خۆی کۆمسیۆنی ئاگربری نەتەوە یەکگرتووەکان داینابوو. چەندین هەفتەش بوون بە بێ هودە کۆمسیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لە میسر کردبوو چالاکی سەربازییانە لەوێ نەنوێنن. شەوەکە سەربازەکانی ئیسرائیل ڕووی خۆیان تەنیاوی کرد، چونکە مانگ ڕووناک دەدرەوشایەوە، پەلاماری سەنگەرەکان و تۆپخانەی میسرییان دا. دوای شەڕێکی یەک سەعاتی میسریەکان شکان و ڕاونران. هێزەکە گەڕایەوە، پێنج لاشەی کوژراوی خۆیان و چەند برینداریکیان هێنایەوە لەگەڵ نزیکەی پەنجا دیل.

بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە میسرییەکان لەو شوێنە بێچەکەدا چالاکی سەربازییانەیان ئەنجامداوە، چەند هاوەنی میسری، شەشتیر، دۆشکەی دژە ئاسمانی و گولەیانهێنان کە لە سوئێد، سپانیا و بەلژیک کڕدرابوون. ساڵەکە بە کردەیەکی دیکەی سەربازییانەش لە دیوەکەی دیکەی وڵات کۆتایی هات.

گۆلی تەبەریا لە ڕێکەوتنی ئاگربەستەکە بە تەواوی کەوتبوە دەست ئیسراییلییەکان، بەڵام ساڵانێکی دوورودرێژ بوو سوورییەکان تەقەیان

لەو ئیسرائیلییانە دەکرد کە لەسەر گۆلەکە بەدی دەکران. زۆریان لێکوشتبوون. پەلامارەکەشیان لە شەوی ١١لەسەر ١٢ی دیسێمبەردا وەک دژەکاردانەوە دەستی پێکرد. سەربازەکانی ئیسرائیلیی بە بیست و نۆ دیلی سووری، دوو تۆپ گەڕابوونەوە. پەنجا و پێنج سەربازییان لە سوورییەکان کوشتبوون و خۆشیان شەش قوربانیان دابوو.

پەلامارە کتوپڕیەکە بیرۆکەی بنگوریۆن بوو، هەموو ئۆباڵی کردەوە سەربازییەکانی لە ئەستۆی خۆی گرت. لەو ساتەدا ئەو نەوەک هەر سەرەک وەزیران و وەزیری بەرگری بوو بەڵکو هەگبەی وەزارەتی دەرەوەشی پێسپێردرابوو، چونکە شارێتی وەزیر بە گەشتێک لە هەندەران بوو.

ئەو یەک دوو پێشهاتانە لە دەرەوەی وڵاتدا بەقەد هەر حەفت ساڵ و نیوەکەی دامەزرانی ئیسرائیل هەستیار و بە مقۆمقۆبوون. لەو بارەیەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار دەرچوون، ئیسرائیل کەوتە بەر گەفی دژەڕێکاری، داوای ئابلۆقەدانان بەسەر ئیسرائیلدا کرا و تەنانەت ئەوەش گوترا، کە دەبێ دەوڵەتی ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربکرێ.

شارێت کە هەمیشە بەرانبەر ڕای گشتی جیهانیی هەستیار بوو، بە شڵەژاوی گەڕایەوە. بنگوریۆن بێ دوودڵی وەڵامی ڕەخنەکانی ناوخۆ و دەرەوەی دایەوە.

گەر کەس ئامادە نەبێ سنوورەکانی ئیسرائیل بپارێزێ، گەر هیچ قانونێک لە گۆڕێدا نەبێ ئەو کەسانە سزا بدا کە ماسیگرە ئیسرائیلییەکان دەکوژن، کەواتە دەوڵەت ناچارە پەنا بباتە بەر پەلامار و هەڵمەتەکانی ئەلئەوجا، گەر وانەبێ ئەوا دوژمنەکانی ئیسرائیل لە هەر چوارلاوەهەروەک ساڵی ١٩٤٨ بەرەو ڕوومان دەکشێن.

لە جیهانێک کە زەبروزەنگ هێشتا بەردەوام ڕێز بسەپێنی لەوەی ڕاوێژی هۆشمەندانە دەیکا، ئەوا کەس لە ئیسرائیل چاوەڕوان ناکا لە پیادەکردنی سیاسەتێکی پاسیڤیستانە یەکەم بێ؛ ئاخر ئیسرائیل بە تەنیشت دەریاوەیە.

بەشی ٢٥

بۆ ئەوانەی بە تاسەوە لە پێشهاتە سیاسییە جیهانییەکانیان دەڕوانن، مانگە بەراییەکانی ١٩٥٦ ئاشکرا و دیار بوون کە رۆژهەڵاتی ناوین تووشی هەرەشەیەکی گەورەی تەنگژەئامێز دەبێتەوە. لە سەرەتادا لای بنگۆریۆنیش رۆشن نەبوو ئاخۆ رووداوەکان چۆن تەشەنە دەکەن. بەڵام ئەوەی لووتی بۆ ئەو کەش و هەوایە هەستیار بووایە، هۆشی بەوەدا دەهات کە تا دێ گرژی، ئاڵۆزی و چالاکییە کورتهێنەکان لە برەو دان.
سەرچاوەی ئەو هەموو ئاستەنگیانە بەردەوام بە لێشاو ناردنی چەک لە لایەن وڵاتە کۆمۆنیستییەکان بۆ وڵاتی میسر بوو. چەکەکان لە رێی ئاسمانەوە ئیسرائیلییان رەت دەدا و لە قاهیرە دادەبەزێنران. لە رێگای بەندەری ئەلێکساندەریەشدا کەشتییەکان بە نزیک کەنارەکانی ئیسرائیلدا رەت دەبوون.
میسر لە ئینگلستان سێنتریۆن Centurion[٥٣]، ئارچەر Archer (چەکی دژە تانکی نوێ)، فڕۆکەی ڤامپایەر vampire و مێتیۆر Meteor ی راوەدوونان، بۆمبهاوێژی قورس، فڕۆکەی تۆرپیدۆ و تەنانەت کەلوپەلی دروستکردنی فڕۆکەشی کڕین.
هەروەها میسر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دوو Fergat[٥٤] فەرقاتە، شەش سەد ماشێن و ترومبێلی سەربازیی و کەلوپەلی جەنگی زیاتریشی کڕی. ئیتالیاش ٣٠ فڕۆکەی راوەدوونەری بۆ ناردن.

Centurion[٥٣] جۆرە تانکێکی قورسی بەریتانی دوایی جەنگی جیهانیی دووهەمە. لە باشترین تانکی بەریتانی بوو لە شەڕی کۆریاشدا کارامەیی خۆی سەلماند. وەرگێڕ.
[٥٤]فەرقاتە: کەشتییەکی جەنگیە. درێژییەکەی لە نێوان ١٠٠-١٥٠ مەتر دەبێ و ١٥٠ تا ٣٠٠ سەرباز دەگرێ و بۆ ئەرکی پاراستنی دەریا و شەڕی غەواسەکانی ژێر ئاو بەکاردەهات -وەرگێڕ.

وڵاتــە عەرەبییــەکانی دیکــەش نزیکــەی دوو ئەوەنــدە چــەک و تفاقیــان بەدەست هێنا.

بەڵام هەنووکە چیکۆسلۆڤاکیا دەیان تانکی ستالینی قورس، فڕۆکەی تۆرپیدۆ، مینهەڵکەنــە، دۆشــکا (S.P)، فڕۆکــەی بۆمبهــاوێژ، ماشــێنی گواســتنەوە، دژەتانــک، ئۆتــۆمبێکی بارهــەڵگری پێنج تــۆن، ماشــینی شوێنپێهەڵگر، ئامێرەکانی ڕادار، نوێترین بنەتەقە (مین)ی ئۆتۆماتیک، هەموو چەکێک بەدەر لە بۆمبی ئەتۆمی دایە جەمال عەبدولناسر.

لــەو نێوەدا ئیسرائیلهیچی دەست نەکــەوت، تەنانــەت هــیچ کەلوپــەلێکی جەنگیش.

بنگۆریۆنکێشەکانی ئەودەمی بەو شێوەیەی خوارەوە وێنا کرد:

- "چەک ئەو شتە نییە مرۆ بچێتە لای بەرهەمهێن و بازرگان تا بە ئارەزووی خۆی لێیان بگرێ و بیانکڕێ. پارە و ڕەسید بە تەنها بۆ چەک کڕین، بەس نین. ئێمە لە زۆر دەرکەمان داوە، بەڵام لەسەرمان داخران. حکوومەتی بەریتانیا کە تانکی قورسی بە دیکتاتۆر دەفرۆشێ، دەشزانێ دژی ئیسرائیل بەکار دەهێنرێ، بە توندی ڕەتی کردەوە کە بە ئێمەشی بفرۆشێ... وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەمانەوە قەرزباری سوپاس کردنین بۆ هەموو ئەو پشتگیرییە سیاسی و داراییانەی، کەچی بە قسە، هاوپەیمانەکانی هاندەدا کە چەکمان پێبفرۆشن بێ ئەوەی خۆیشی وا بکا؛ بەڵام خۆ قسە و هاندان، دەردی ئێمە تیمار ناکا."

ژمارەی ڕووداوە سەرسنوورییەکان تا دەهات زیاتر دەبوون. هەموو دەوڵەتــە عەرەبییــە دراوســێکان بــە شــەو فیــدائیان Fedayeen بــە ســنوورەکان دەناردنــە قــووڵایی ئیســرائیل تــا پیــاو، ژن و منــداڵانی جوولەکە بە بۆمبەکانیان، نارنجۆکەکانیان و تفەنگەکانیان کەچوکرۆم بکەن.

ئێریک جۆنستۆن Eric Johnston ناوبژیکاری ئەمریکایی، نەخشەیەکی دابەشکردنی ئاوی ئوردنی دانا و واشنتۆنیش لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە هەر دوو لا پێوە پابەندبن و ڕێزی پێشنیازەکە بگرن، کەچی موفتی ئەوکاتی ئۆرشەلیم ڕایگەیاند:

- "گەر هاتوو پلانەکەی جۆنستۆن بە رێژەی ٩٩% ئاوی ئوردن بداتە عەرەبان، ئیسرائیلیش هەر کەمێکی بەرکەوێ، ئەوسا هەر پێیان دەڵێم نەخێر."

لە یەنایەردا بنگوریۆن سەبارەت بە دژەکردەوەکانی سووریا کەوتە بەر رەخنەی هەندێ گرووپ. بە گوێرەی گرووپە رەخنەگرەکان، بنگوریۆن کردەوەکەی فراوان نەکرد و شەری پارێزگاری دژیان رانەگەیاند.
بنگوریۆنیش داکۆکی لە هەڵوێستەکەی خۆی بەم وشانەی خوارەوە کرد:

- "ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە پاراستنی ئاشتی پێشنۆرەیە لەوەی سەرکەوتنێکی سەربازییانە بە دەست بێنین. شەڕ تەنها ئەو کاتە ڕەوایە کە تەواو قسە لەسەر داکۆکی لەخۆکردن بێ. ئەوە مایەی پەژراندن نییە شەڕ بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە ڕژێمێکی چەوت و لاسار هەڵبگیرسێ."

لەو ڕۆژگارەدا هەرچەندە ئەو جۆرە سیاسەتە زۆر بەرزیش بووبێ، بەڵام لە ئیسرائیلدا جەماوەری نەبوو. سەرکردەی پارتی زایۆنیزمی گشتی یەکێک بوو لە زۆر ئەوانەی بە ئاشکرا دەهۆڵی شەڕیان دەکوتا.

لە فێبرایەردا ئێدوارد موراو Edward R.Murrow بەخۆی و ستافێکی قەبەی تەکنیکارانی تەلەفزیۆن لەگەڵ بنگوریۆندا گەیشتنە سدێ بۆکر تا چاوپێکەوتنێک بکەن، ئەوەش بەشێک بوو لە زنجیرە بەرنامەیەک لەسەر ئیسرائیل کە لە مارتدا لە تەلەفزیۆنی CBSی ئەمریکا پەخش دەکرا. بەشەکەی دیکەی بەرنامەکە لە میسر لە لایەن هاوارد سمیت Howard K.Smith تۆمار دەکرا.
کاتێک میشێل ئارنۆن Michael Arnon سەرۆکی دیوانی سەرەک وەزیران پرسی ئاخۆ چ بابەتگەلێک لەگەڵ موراو دەهێنێتە زمان، بنگوریۆن پێیگوت: "پرسەکانی ئەو سادەن، خەڵکی دیکەش دەکارێ بەرسڤیان بداتەوە. ئەرێ باشە بۆ خۆت وەڵامیان نادەیتەوە؟ لە بەرانبەریشدا پارەت دەدرێتێ."
بەڵام لە دواییدا هەر خۆی لەگەڵیاندا ڕۆیشت و وەڵامی دانەوە.

لە کاتی دیدارەکەدا هەر دووکیان لە هەیوانەکە لە تەنیشت یەکدیدا دانیشتبوون. لە دەستپێکدا سەرەک وەزیران هەندێ ڕەق بوو، بەڵام لەگەڵ ڕەوتی دیدارەکە و درێژەکێشانی تۆنی دەنگی گەرمتر دەبوو، لە دواییشدا دەستی دایە بەرخۆی و لەسەر کورسیەکە پاڵیدایەوە و تا وشەکانی بە هێزتر دەربڕێ، ئەوەش بووە مایەی زەحمەتی بۆ تیمە تەکنیکییەکە.

هەرچەندە بنگوریۆن چل و حەفت خولەک بێ خۆئامادەکردن قسەی بە زمانێک کرد کە هی خۆی نەبوو، زۆر جارانیش شاشیە ڕێزمانییەکانی ڕاست دەکردنەوە، لێ یەک دوو هەڵەی تاک و کۆی لە ڕووی زمانەوە هەر کردن.

جارێکیان لەپڕ پەندێکی عەرەبی بۆ نەهات، بەڵام بیری لێکردەوە واتاکەی بۆ خەڵکەکەی وەرگێڕا. کاتێکیش وشەی کیبوتیزمی بەکارهێنا، ئەوەی شی کردەوە، کە چۆن بە زمانی عیبری داڕێژراوە.

مراو دەستی بە پرسەکانی کرد:

- "تۆ لە ١٩٠٩ەوە گەیشتیە ئێرە-"

سەرەک وەزیران قسەی پێبڕی: "نەخێر ئەز لە ١٩٠٦ەوە هاتووم."

دیدارێکی خۆش و دۆستانە و گەرم بوو. جارێکیش کە نیگای بنگوریۆن کەوتە سەر پاولا ئەوسا لە میکرۆفەنەکەدا گوتی: "ئەوە بۆ یەکەمین جارە لەو دەڤەرەدا ژن لەگەڵ پیاودا یەکسان بێ، لە کێماسی و ئاسوودەیی کارەکانیشدا هاوپشک بێ."

موراو پرسی: "ئایا لەو هەموو ساڵانەتدا ساتێکت هاتوتە بەردەم، تیایدا بڵێی بەسیەتی، ئیدی بوەستی؟"

بنگوریۆن پرسەکەی بە تۆنێکی سەرسوڕهێنەر لێ دووبارە کردەوە، وەک ئەوەی بەگومان بێ لە بیستنی. ئەوسا پێکەنی و گوتی:

- "ئۆو، نەخێر. نەخێر. هەگیز. هەرگیز."

دواتر جارێکی دیکە پێکەنیەوە.

دەربارەی زایۆنیزمیش گوتی:

- "زایۆنیزمی ڕاستەقینە واتای ئەوە دەدا، کە مرۆ خۆی ژینگەی خۆی بە هۆی کەسایەتی، جەستە و جۆشە گیانیەکەی دروست

بکا. ئەوەش شتێک نییە بکرێدرێ، یان لەوەی کە لە مێژە هەیە دەستت بکەوێ. دەبێ مرۆڤ خۆی بیخوڵقێنێ."

بەردەوامیش کە باس دەهاتە سەر بیابان، بە نەرمی دەدوا وەک ئەوەی ڕێزنامە دەرببڕێ.

ئەو دەربارەی گەنجێکی سەردەمی خۆی، نووسەرێکی بە توانا و سابرایی‌یەک قسەی بۆ کرد. کاتێک بۆ یەکەمین جاری گەشتێکی بە ئەورووپادا کرد، یاوەری بوو، بنگوریۆن لە گەڕانەوەیدا پرسیێکی لێکرد ئاخۆ بەچی سەرنجگیر بووە. لاوەکە بەرسڤی دایەوە:

- "لە ئەورووپا هەموو شتێک کراوە. هەموو شتێک تەواو بووە. کاری دەستی زۆر کەمە و هەر لەبەین نەماوە. لە کەرتی کشتوکاڵیشدا هەموو شتێک بەدەست هاتووە. لە پیشەسازیدا هەموو شتێک ئەنجام دراوە. لە وێژەشدا بە هەمان شێوە. شارستانییەتیش تەواو مشت بووە. ئەرێ باشە کەوایە، چۆن خەڵک لەوێ دەتوانێ بژی؟"

بنگوریۆن لەسەری ڕۆیشت:

- "لێرە هەموو شتێک دەبێ لە سەرەتاوە دەستپێ بکەینەوە. لێرە پێویستە بە خۆمان زەوی بکێڵین و بیچێنین، چونکە پەروەردگاری مەزن تەنها بیابانی ئافراندوە و دەبێ ئێمە ئاوەدانی بکەینەوە."

موراو پرسی: "من لەو بڕوایەدام تۆ لە دڵەوە کەسێکی دەستپێک بی، وانییە؟"

بنگوریۆن دوودڵ بوو.

- "من ئەوە نازانم، بەڵام دڵم بە بیابانەوە گیرساوە."

یاریدەرێکی بنگوریۆن لەگەڵ هاوکارێکی گرۆی لەسەر ئەوە کرد، کە بنگوریۆن زۆر نابا بە شێوەیەک لە شێوەکان ناوی بودا دێنێتە ناو ناوانەوە و باسی لێوە دەکا. لە سەروبەندی کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا و لە وەڵامی پرسێک سەبارەت بە ڕەفتاری نێوان ئیسرائیل و ئاسیا کە ڕۆژهەڵات داکۆکیکاری گەورەی لەسەر ڕەوشت لێهەڵکەوتوون، گوتی: "بودا نموونەیەکە. دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە لە دایک بووە. وتەکانی کاریگەری بەسەر ملیۆنان کەسدا هەبووە. من لێرەدا بیر لە

ڕۆژهەڵاتییەک دەکەمەوە کە دیومە، ئەویش ئو نوی سەروەزیری بیرما بوو. من ئەو بە بیچمێکی پڕمتمانەی ڕۆژگاری ئێستاماندا دادەنێم. بە ڕاستی شاگردێکی بودایە."
پاشان موراو گوتی: "من بیستومە کە بەڕێزتان هەموو کات لەگەڵ سەرانی عەرەب ئامادەی گفتوگۆکردنن."

- "بەڵی بە دڵنیاییەوە، هەر کاتێک ئەوان بیانەوێ."

سەرەک وەزیران بە دەست جێی پاڵدانەوەکەی خۆش دەکرد تا هەندێ وشە لە کاتی گۆکردندا باشتر بگرسێنێ:

- "وڵاتە عەرەبییەکان پێویستیان نە بە ***شەڕ*** هەیە و نە بە ***تانک تۆپ***، بەڵکو پێویستیان بە ***خوێندن، پاکوخاوێنی*** و ***پێشکەوتن*** هەیە. ئێمە لەمەیاندا دەتوانین یارمەتیان بدەین. ئەوان پێویستیان بە ئاشتی هەیە تا وڵاتەکەیان پێشبخەن، تا خەڵکی خۆیان ***پەروەردە بکەن*** و ***نەخۆشی*** قەڵاچۆ بکەن...
- "هەرکاتێک ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلیان هەبوو، ئەوانەی کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکیان لە پێشترین خاڵی مشوور خواردن دابنێن، ئەوسا لێتێدەگەن کەوا باشترە ئاشتی لەگەڵ یەکدیدا بکەین... ***بە یەکەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا کار بکەین***... تا ئەو کاتەش دادێ پێویستە ئێمە خۆمان ئامادەبکەین وەک ئەوەی بە سەرمان دابدەن."

موارو سوپاسی کرد و دەستە تەکنیکییەکەش خەریک بوون ئامێرەکانیان هەڵبگرنەوە بەڵام بنگۆریۆنیش هێشتا سوپاسنامەکەی مابوو، بڵێ:

- "بە ڕاستی لە دڵۆڤانیتان بوو کە هاتنە ئێرە. بە داخەوە ئێوە نەتانتوانی سێ هەزار و سێسەد ساڵ بەر لەئێستا بێنە ئێرە، چونکە ئەوکات دەکرا موسا ببینن، لێرەوە زۆر دوور نەبوو، کە لەسەر کێوی سینا (تور) دە ڕێنماییەکەی لە پەروەردگاری مەزن وەرگرتن. ئای کە چ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەبوو بۆ مرۆڤایەتی!"

کاتێک ئەوان خەریکی هەڵگرتن و تێکنانی ئامێرەکانیان بوون، موراو ویستی خواحافیزی لە سەرەک وەزیران بکا، کە یەکسەر دوای

دیدارەکە گەڕایەوە خانووەکەی. موراو دوو جاران لەسەر یەک لە دەرکەی دا، کاتێ گوێی لە هیچ نەبوو، بە هێواشی پاڵێکی بە دەرکەوە ناو کردیەوە.
دواتر گوتی: "دەبوایە یەکسەر بانگی کامیرامانەکە بکەم. بەڵام ئەوکات تێگەیشتم کە ڕەنگبێ بینەرە ئەمریکاییەکان وا تێبگەن، کە ئێمە نمایشێکی شانۆگەریمان سازداوە."
موراو بینیکەوا سەرەک وەزیرانکۆمەڵە کوپ و دەفرێکی زۆری لەبەردەمدایە و خەریکی شوشتنیانە.

مارت مانگێکی جەنجاڵ بوو.
دوای ئەوەی بنگۆریۆن لە کەنیستدا داکۆکی لە سیاسەتی دانەڕسانە سەر میسر کرد، مێناحیم بێگن داوای متمانە لێسەندەوەی لە پەرلەمان کرد و هێرشێکی کوشندەی کردە سەر بنگۆریۆن.
بنگۆریۆن لەوەڵامدا گوتی: "من تەنها لەگەڵ یەک شتی قسەکەرەکە (مەبەستی بێگن بووە-وەرگێڕ) کۆکم، ئەویش ئەوەیە کە سەربازەکانمان دەبێ بجەنگن. بەڵام **ئەو** لە شەڕی پێشتریشدا نە جەنگا و لەم شەڕەشدا بەشداری ناکا."
لەنێو ئەندامەکانی هیروتدا مقۆمقۆ پەیدابوو، بێگن بازیدایە سەرسەکۆ و هاواری کرد: "بەڵام تۆ ناپاکییت دەرهەق کێشەی ئیسرائیل کرد! هەی ناپاک ! ناپاک!"
بێنیامێن ئاردیتی Benjamin Arditi کە ئەندامێکی هیروت بوو لەنێو مقۆمقۆی هۆڵەکەدا بەسەر سەرەک وەزیرانیدا قیڕاند:

- "**گێچەڵفرۆش!**"

سەرۆکی پەرلەمان گوشاری خرایەسەر بەوەی قسەکەرەکە، کە ناپەرلەمانییانە جوڵاوەتەوە لە هۆڵەکەی دەربکا. بەڵام فیلێکی تەکنیکانەی دۆزیەوە گوتی:

- "من تێبینییەکەم گوێ لێنەبوو، کەواتە لێی تێنەگەیشتین. لە کۆتاییشدا دەتوانم پرسی قورستر لەوەی تێبینیەکەی پێدرا بهێنمە سەرزمان."

لە مارتدا زنجیرە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی موراو پەخش کرا، لە ڕۆژەکانی بە دواشیدا هاتن کۆمەڵێ نامە بۆ نووسینگەی تەفزیۆنی CBS نێردران. زۆر نامەیان لە لایەن ئەو کەسانە نووسراوبوون، کە زۆر بە سادەیی ئەو پیاوەی لە بن هەیوان و لە ناوچەرگەی بیابان بە جلێکی خاکییانە دانیشتبوو نەوەک چەشنی دیکتاتۆرەکەی میسر کە بە ڕازاوەترین یەکبەرگی سەربازیانە کارانگاز ببوون. ژنێک لە هیندستیانەوە نووسی:

- "ئەو پیاوە سەر سپیە بیچمەکانی پەیمانی نوێ (ئینجیل)ی بەبیر هێنامەوە. من حەزم دەکرد دەستم بگاتە پرچە سپییە شەوقدارەکەی."

لە مارتدا هەموو ئەندامێکی هێزە چەکدارەکان لە ئیسرائیل ڕۆژێکیان بۆ یارمەتیدانی نشینگەکانی سەرسنوور تەرخان کرد. بۆئەوەی نموونەیەکەی باش نمایش بکەن، بنگۆریۆن لە ئۆرشەلیمەوە خۆی لە بەرەبەیانی کە کزرەبایەکی ساردی لە بیابانەوە هەڵیکرد خۆی گەیاندە میڤاتهیم Mivathimی لای غەززە، تا لە دانانی تێلدڕی شورەی نشینگەکەدا کۆمەکیان بکا. کاتێکیش نەحیمیا دەستکێشی بۆ بردن ئیشی پێبکا، لێی وەرنەگرتن و گوتی:

- "مرۆڤ بۆ ئەوە دوو دەستی هەن تا ئیشیان پێوە بکا."

ڕۆژێک پاشتر لە گۆڕەپانی وەزارەتی بەرگریدا چاوی بە گرووپێکی چل ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی کەوت، کە گەشتێکیان بەناو دەوڵەتە عەرەبییەکاندا کردبوو. بەو پەیڤانەی خوارەوەی بەخێری هێنان:

'- "ئەزیش ڕۆژنامەنووس بووم."

ئەوان لیستێکی پرسیان لەپێش دانا. یەکێک لەو شتانەی پێیانڕاگەیاند و ویستیان لەو بارەوەیە ڕوونکردنەوە بدا، ئەو نەخشەیە بوو کە عەرەبەکان باسیان لێوەدەکرد، گوایە نەخشەکە ئەوەندە گەورەیە تا بیسەلمێنن ئیسرائیل هەر لە ڕووباری فراتەوە تا ڕووباری نیل دەگرێتەوە و دەبێ دواتریش داگیری بکا. ئەو نەخشەیە گوایە لە باڵەخانەی کەنیست و زۆر دامودەزگای گشتی دیکەش هەڵواسرابێ.

بنگۆریۆن سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

- "حەللـەق مەللـەقێکی هەژێنـەرە. ئێـوە دەتـوانن هەمـوو لایـەکی ئیسـرائیل بگـەڕێن. مـن داوا لـە دۆسـتەکانی خۆمـان دەکـەم، بتانبەنە هەر شوێنێک کە پێتان خۆش بێ، بۆ ئەوەی خۆتان لە راستی نەبوونی نەخشـەیەکی وا دڵنیابن. ئێوە پێویست ناکا بە قسـەی مـن بـاوەڕ بکـەن. دەتـوانن بچنـە هەمـوو شـوێنێک. ئـەو خەڵکەی وا دەڵێ نەزانن، تێناگەن کەوا ئێمە کاتێ لە کۆیلایـەتی میسرییەکاندا رزگاریمان بوو، راسپێردراین کە هەرگیز بۆ ئەو وڵاتـە نەگەڕێینـەوە، ئـێ خـۆ نیلـیش رووبارێکـە بـەناو میسـردا دەڕوا. ئێمـە ئێرەمـان پێخۆشـترە. قسـەی ئـەوان بـێ واتـا و بـێ بنەمایە."

کـاتێ ئـەو بڕگەیـەی خـوارەوەی لـێ زیـادکرد چاوەکـانی بزۆزانـە دەبریسکانەوە:

- "بێگومان هەندێ بەڵێن لە بایبلدا هاتوون، بەڵام ئەوە لە لایەن پەروەدگاری مەزنەوە دراون؛ گەر ئێوە دەتوانن بیگەنێ، بڕۆن لە یەزدان خۆی بپرسن!"

پاشان بە پێکەنینەوە ئەو سەربردەیەی بۆگێرانەوە.

- "جارێکیان چاوم بە کابرایـەک کـەوت، کە لـە ئەمریکاوە هـاتبوو. سـەرۆک رۆزڤێلت رەوانەی لای منـی کردبـوو. ئـەو ژەنـەراڵێک بـوو. رۆژێکیـان کـە لـە باسوخواسـەکانمان بووینـەوە، هەنـدێ دەربارەی مێژوو قسەمان کردن. مـن گـوتم، دیرۆکەکـەی ئـەوان بۆ سێ سـەد سـاڵ دەگەڕێتـەوە ئـەوەی ئێمـەش بۆ سـێ هـەزار ساڵ. ئینجا ئەو گوتی:
- "چی؟ خۆ مـن ئایرلەندیم. مێژووەکـەی منیش بۆ هەشـت هـەزار ساڵ دەگەڕێتەوە."

بـە رێکـەوت هـەر لـە مارتـدا بنگۆریـۆن بـۆ یەکـەمین جـار ئاهـەنگێکی فەرمییانـــەی ســـازدا و بانگهێشـــتکراوەکان بریتیبـــوون لـــە کۆمـــەڵێک دیپلۆمـات، ئەنـدامانی کابینەکـەی، ئەنـدامانی کەنیسـت و هەنـدێ بیچمـی ناوداری دیکە. ئاهەنگەکە لەسەر شەرەفی ریناتای کچی بوو کە شووی بە ئەندازیارێکی لاو کردبوو.

ڕۆژێک دواتر پاولا چووە زانکۆی عیبریی تا دکتۆرانامەکەی کچەکەی وەربگرێتەوە، چونکە ڕێنانا بە گەشتی مانگی هەنگوینی بوکێنی دەرچووبوو، داوای لە دایکی کردبوو لەبری ئەو بچێتە بۆنەکە و بڕوانامەکەی وەربگرێتەوە.
لە ئەپریلدا کوڕەلاوێک بە ناوی ئیبراهیم عیزەت Ibrahim Izzat خۆی بە کونسولخانەی ئیسرائیل لە لەندەندا کرد. ئیبراهیم هەواڵنێری هەفتەنامەی ڕوز ئەل یوسفی میسری بوو. داوای ڤیزای بۆ چوونە نێو ئیسرائیل کرد.
تا ئەوکات هیچ لەو جۆرە داوایانە نەکرابوون. کاتێک فەرمانبەری کونسولخانەکە لە هێدمەگرتن بەخۆ هاتەوە، لە مەرامی سەردانەکەی پرسی. بە وەڵامێکی سادەی بڕوبیانوبڕ گوتی: "هەندێک زانیاریی لەسەر کۆمەڵە وتارێک کۆ دەکەمەوە."
لە لەندەنەوە پەیوەندی بە ئۆرشەلیمەوە کرا، لە دواییدا ڤیزایان دایە ئیبراهیم عیززەت، بەڵام بە مەرجێک: بۆئەوەی ئاسایشی خۆی باشتر بپارێزرێ پێیان باشبوو خۆی وەک بزنسمانێکی باشووری ئافریقایی نیشان بدا. ئیدی دەتوانێ بچێتە هەموو شوێنێک و چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ کێ دەوێ، ساز بدا، مرۆ بە هیوا بوو ڕاستگۆییانە ئەوەی دەیبینێ بیخاتە سەرکاخەز.
ڕۆژنامەنووسە لاوەکە مەرجەکەی پەژراند، گەشتێکی بەناو ئیسرائیلدا کرد. لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی کابینەکە پێشوازی لیکرا و بەخێر هێنرا، بەڵام سەرەک وەزیرانی نەدی. کاتێکیش گەڕایەوە پەیامێکی لە بنگۆریۆنەوە پێگەیشت:

- "کاتێک گەڕایتەوە میسر و عەبدولناسرت دیت، پێی بڵێ، من ئامادەم گەر بیەوێ و لە هەر کوێیەک بێ بە یەکەوە دابنیشین و کێشەکانمان باس بکەین: پرسگەلی ئاوارەکان، کێشەکانی سەرسنوور، کاروباری سیاسییانە، کێشە ئابوورییەکان یان سەربازییەکان تاوتوێ بکەین. دانیشتنێک بەبێ ناوبژیکار، بێ کۆنفرانسی ڕاگەیاندن و تەنانەت بێ دەرەنجامیش. پێیبڵێ کەوا من ئامادەم تەنانەت بۆ کۆبوونەوەکە بێمە قاهیرەش."

ئەوە داوایە هی کەسێک بوو کە نەدەترسا، کەچی کاردانەوەی هەر نەبوو.
لە یەکەم وتاری ئیبراهیم عزەتدا کە بە قسەی خۆی "لە ئیسرائیلییە گەوجەکان زیرەکتر بووە" کاتێک خۆی بە بزنسمانیکی باشووری ئافریقا داوەتە قەڵەم و چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەموو ئەندامانی کابینەی حکوومەت بە خودی بنگوریۆنیشەوە ساز داوە. هەرچەندە پێلیهەڵبرینێکی بێتاوانانەی تێدابوو، یەکەمین وتاری بابەتیانە بوو. بەڵام ئەوانی دیکەی ناپاکانە دەرچوون.
لە حوزەیراندا، بنگوریۆن وتارەکەی بۆ ساڵنامەی ئیسرائیلی ١٩٥٦دا تەواوکرد و ناردیە چاپ. بە هۆی پێشهاتە پەرەسەندووەکان، ناونیشانەکەی رامانێکی پێغەمبەرانەی هەبوو: "بەرەو باشوور." ئەو بە برگەدەقێکی ئێزخیل Ezechiel دەستی پێکردبوو: دە ئەی مرۆڤایەتی رووت بەرەو باشوور وەرگێرە، دەبا وشەکانت بەرەو بەشی باشوور برۆن."
ئەم نووسینە لە سەردەمێکدا نووسرابوو، کە رووخاندنی ئیسرائیل بۆ زۆربەیان ئەگەرێک بوو تا دەهات نزیک دەبووەوە. لە هەموو سنوورەکان ئاستەنگ هەبوون. هیچ دەسەلاتدارێکی دۆست نەبوو چەکی وا بداتە ئیسرائیل کە پێویستی پێبوو. زۆر لەو سەدان هەزار کۆچبەرەی هاتبوونە ولات، هێشتا هەر لە خێوەتەکان دەژیان. چارەکی بەرهەمی لۆکە لەناو چووبوو. سیاسەتی بەنێو دەوڵەتیی، بە هۆی جیاوازی بیروراکانیانەوە تا دەهات هەر ئاستەنگی بۆ بەردەم ئیسرائیل دادەنا.
وتارەکە لە لایەن پیاوێک نوسرابوو، کە زۆری نەدەبرد تەمەنی بگاتە حەفتا ساڵ و تەندروستیشی لەنگ ببوو. نزیکەی هیچ ساتێک دەستی بەتاڵ نەبوو، چونکە سەرەک وەزیران، وەزیری بەرگری و سەرۆکی هەشتا و دوو بەش و هۆبە بوو، هەر دوو وەزارەتیش لە دوو شوێنی لەیەکجیابوون، نزیکەی یەک سەعات لەیەک دوور بوون.
بێگومان وتارەکەی بووە بەڵگەنامەیەکی لێ فێربوون کە بەرز و پێغەمبەرئاسایانە بوو.

ئەو، پێغەمبەرەکانی بەبیر هێنانەوە کە لەبەرانبەر ئەو بیرۆکەیەی گوایە نەقەب هەمیشە بەرز دەمێنێتەوە، چۆکیان دانەدا. جێسیا Jesajaی بەبیر هێنانەوە کە پێشبینی ئەوی کردبوو، ڕۆژێک دادێ بیابان بە گوڵ دەڕازێتەوە. سلێمان، یۆسفات Josafat و ئوزیا Uzziay، سێ پاشاکەی خانەوادەی داودی بەبیرهێنانەوە کە هەوڵیاندا ئێلات بکەنە شارەبەندەرێکی خۆشگوزەران.

- "شا ئویا کێڵگەناسێکی پیتۆڵ بوو، ئەو کەسەی هەوڵ و تەقەللای بۆ دەستگرتن بەسەر بیاباندا دا، تا بەسەرکەوتویی شانشینی لێدابمەزرێنی. لەو سەردەمدا لەشکری جوولەکان بەهێز بوو، ئەو پەرەی بە نشینگە و ئاودێری دا، کاروباری بەندەریانەی لە ئێلات بنیات نا لەکاتێکدا لە بواری سیاسی و ئابووریشدا پێشوەچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها لەکایەی گیان و ورە و ڕەوشتیشیەوە سەنگی بەهاداری بەجێ هێشت."

گەر هاتبا و بنگوریۆن لە قەیرانی ١٩٥٦دا نەتەوە بچووکەکەی دەرباز کردبا، ئەوا هەمان وشەکانی سەرەوە دەبوونە نووسینی سەر بەردەکێلەکەی.

لە دروشمی "بەرەو باشوور"دا هەوڵیدا پەرۆشی و تاسەی گەلەکەی بە چیرۆکی گەنجینە شاراوەکانی ژێر نەقەب ڕاکێشێ. ئەو بە خۆی نووسی، کە بە ملیار تۆن لە ماددە کانزایە جۆربەجۆرەکان لەژێر زەویدا هەن و لێکۆڵەرەوە زانستییەکانی ئیسرائیل ڕێگایەکی هەرزارنیان دۆزیوەتەوە تا ئەو یۆرانیۆمەی بۆ لیکۆڵینەوەکانیان چارەنووسسازە، لەنێو فۆسفاتی بیاباندا دۆزیویانەتەوە، بەکاری بێنن.

بەڵام هۆشداریشیدا:

- "ئەگەر دەوڵەت کۆتایی بە بیابان نەهێنێ، ئەگەری وا لە ئارادایە، بیابان دوایی بە دەوڵەت بهێنێ."
- "بەرەو باشوور" وتاریکی درێژ بوو، لە کتێب دەچوو، کتێبێک لە ڕیزی دەستنووسەکانی دەوڵەتی تازەی جووەکان بوو.

لە حوزەیراندا کۆتایی بە هاوکاری نێوان دوو پیاو، کە چەند دەیەیەکە بە یەکەوە کاریان بۆ هەمان ئامانجی سیاسی دەکرد، هات.

موشێ شاریت پیاوێکی درێژی بازوداری دەنگ نەرم، لە زۆر ڕووەوە پێکهاتەیەکی یەکانگیرییان لەگەڵ بنگوریون پێک دەهێنا. ئەو کەسێک نەبوو لە خۆیەوە فێربووبێ، بەڵکو لە چەندان زانکۆ دەرچووە و بەهرەیەکی سروشتیشی بۆ زمان فێربوون هەبوو.

ئەو زانیارێکی گەورەبوو. بۆ ئەوانەی ناسیبێتیان، ئەو پیاوێکی لە ناخەوە دڵگیر و میهرەبان بوو. حەزی بە سەوداکردن لەگەڵ ژینگەی خۆیدا هەبوو، زۆرینەی خەڵکیش خۆشیان دەویست. کاتێک لە نیویۆرک دەژیا، هەموو شەوەکەی لە گەڵ برادەرەکان بە گفتوگۆ و ڕاوێژکردن بەسەر دەبرد، حەزیشی لەسەر دانیشتنی سەر زەوی بوو (چوارمشقیانە-وەرگێڕ). ئەوسا نوکتەیان دەگێڕانەوە و گفتوگۆکانیان گەرم دەبوون. بەردەوام لەیادی بوو کە هاوسەری برادەرەکەی ناوی چییە وهەرگیزیش هەواڵپرسینی منداڵەکانی فەرامۆش نەدەکرد.

کاتێکیش بۆ ماوەی پێنج مانگ لە لاتورن، لە زیندانی ئینگلیزەکاندا بوو، وانەی زمانی عەرەبی، ئابووری و ڕێزمانی عیبری بە هاوزیندانەکانی دەگوتەوە.

سالانێک بوو لەنێو بۆتەی کارمەندانی حکوومەتدا، ئەو نوکتەیەی دیپلۆماتە بێگانەکە دەگێڕدرایەوە، کە دوای مانگێک لە ئیسرائیل، ڕایگەیاند کە بەلای کەمی فێربووە گوایە وشەی پایەبەرز Excellentie بە عیبری شاما موشێ Shama Musheیە.

کاتێک لە دیپلۆماتەکەیان پرسی ئاخر چۆنت زانی کە پایەدار ئەو واتایە دەگەیەنی، وەلامی دایەوە: "ئەوەم لەو کاتەدا تێبینی کرد، کە فەرمانبەرەکان لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوە دەدوان، هەمیشە هەر بە دوو وشەی شاما موشێ دەستیان پێدکرد."

شاریت خۆڕسکانە دیپلۆمات بوو، تیژبین و خێرابین بوو، نایابانە مشتومڕی گفتوگۆکانی دەبردنەسەر و کۆمەڵێک بنەماشی هەبوون کە بە مەحکەمی دەستی پێوەگرتبوون. هەندێ جار نیگایەکی مرۆڤهەژێنانەی هەبوو، بەلام لە بۆنەکانی دیکەدا پیاوێکی فەرمی خۆپارێز بوو. تەنانەت بە تاسەی زانینی وردەکارییەکانیش بوو. ئەو

هەگیز بە گوێرەی شێوازەی پراگماتیانە کارناکا. نەیارەکانی ناویان لێنابوو "شارێتی بنەپێتوڵ و پێیانوابوو کە مامۆستایە.
لە کۆبوونەوەی حکوومەتدا نیوەی ئەندامەکانی لایەنگری شارێت بوون، نیوەکەی دیکەش بە لای بنگوریۆندا شکانەوە.
دۆستەکانی سەرەک وەزیران پێیانوابوو، ئەو زیاتر ڕاستییەکان بەرچاودەخا و شارێتیش هەوڵدەدا بەڵگەوبەندی گردەبڕانەیان بۆ بهێنێتەوە. لایەنگرانی شارێت گوتیان کەوا بنگوریۆن زۆرجاران لە بڕیارە تەڕدەستییەکاندا ڕاستییە بنەماییەکان بە هەند هەڵناگری.
لە ڕاستیدا بنگوریۆن مەیلی لێبوو تەڕدەستانە و ئازادنە ڕەفتار بنوێنێ و هەمـوو کردەیـەک، نەخشـەیەک و پێشـنیازێکی لـە ڕێـی ئامانجپێکانەکەیەوە هەڵدەسەنگاند. شارێت هەمەلایەنە بۆ کاروبارەکانی دەروانی، ئەو خۆپارێزیانە کاردانەوەی هەبوو، هەمیشەش دەیپرسی ئاخۆ چۆن شتەکان پێکدێن.
ساڵانێکی دوورودرێژ بوو، شارێت وەک جڵەوگرێک کارەکانی ڕایی دەکرد و بنگوریۆنیش کە هۆشی بەوە دەشکا، کە ڕاگرێکی پێویستە، لە هەموو کابینەکانیدا بەشداری پێدەکرد.
وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، ئەو پیاوە گەنجە بەردەوام بە پلەی یەکەم بیری لە دەرهاویشتەی هەر پلانێکی بنگوریۆن پێش ئەوەی بیپەژرێنێ، دەکردەوە. زۆر جاران زۆرینەی کابینەکە لەگەڵیدا کۆک دەبوون، بۆیە بنگوریۆنیش وەک بڕواهێنەرێکی دیموکرات، ناچار بووە دەستبەرداری پلانەکەی خۆی بێ. ڕەفتاری نێوانیان دوای ڕێکارە تۆڵەییەکان دژی سووریا باش نەبوو، نەخاسمە کردەوەکە لە کاتێکدا بوو، کە شارێت لە واشنتن بوو، چووبوو لەگەڵ دەڵلەس Dulles وەڵامێک سەبارەت بە داوای کڕینی فڕۆکە جەنگاوەرییەکان وەربگرێتەوە، کە میسر فڕۆکەی میگی ڕووسی وەرگرتبوو.
کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوە گەڕایەوە وڵات، بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند کە کردەوە تۆڵەسێنەکان چ دەرچەیەکی ناچارییانەیان لە واشتنندا پەیدا کردووە هەموو جیهانیش پێی نیگەران بووە.
کاتێکیش بنگوریۆن لە کەنیستدا ڕایگەیاند، کۆتایی بە هاوکاری نێوانی لەگەڵ شارێتی وەزیردا هات، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە کاتی خۆیدا

شارێت داوای نەکردبوو بێتە نێو کابینەکە، هەرچەندیشە بیروڕایان لەگەڵ جودابوو بەڵام ئەوان ئەویان هەبوو. لەدوا مانگەکاندا کە سەر لەنوێ ئاسایشی ئیسرائیل کەوتۆتە بەر گەف و هەڕەشە و سیاسەتی دەرەکی لە جاران گرنگتر بووە و ئەویش تەواو لەو بڕوایەدا بوو، کە دەبێ هاوئاوازییەک لە نێوان وەزیری بەرگری و وەزیری کاروباری دەرەوەدا هەبێ.

شارێت لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا ڕایگەیاند، دوای دوا هەڵبژاردنەکە داوای لە بنگۆریۆن کردبوو، نەیەتە ڕیزی کابینەی حکوومەتەوە، چونکە هۆی بنەماداری هەن کە گومانی لە سەرکەوتنی چیدیکە بە یەکەوە کارکردندا هەیە، بەڵام بنگۆریۆن پێشنیازەکەی بە هەند هەڵنەگرت. شارێت لەسەری ڕۆیشت و گوتی:

- "لە هەفتەکانی دواییدا بۆم ڕوون بووەوە دەست لەکارکێشانەوەم شتێکی حەتمییە. ئەو بارەش پابەند نییە بە پرسگەلە سیاسییە هەڵواسراوەکان یان بە ڕەوتی پێشهات و ڕووداوەکان. ئەز یەکشەممەی ڕابردوو گفتوگۆیەکی کراوەم لەگەڵ سەرەک وەزیراندا کرد و لەوێ گەیشتمە بڕوایەکی یەکلاکەرەوە، کە ناکرێ من لە حکوومەتێکدا بمێنمەوە ئەو سەرۆکی بێ."

دوای دەستلەکارکێشانەوەی شارێت، کاتێکی زۆری بۆ ماپای تەرخان کرد؛ سەرپەرشتی کاری پەروەردە و فێرکردنی گرتە ئەستۆ.

لەسەر خوانی نانی شێوانی ماپایدا، بنگۆریۆن لە دوانێکیدا کە پەسنی وەزیری پێشوی کاروباری دەرەوەی دا، گوتی: "شارێت و من چل و سێ ساڵی مێژوییمان بە یەکەوە کارکردووە."

شارێت بەپێکەنینەوە: "لە ڕاستیدا چل و چوار ساڵ و نیو."

دوای دەست لەکارکێشانەوەی شارێت لاوتر، تازەتر و کەمتر خەمی لە شتەکان دەخوارد. ئەو هیچ بۆنەیەکی لەدەست نەدەدا کە پەسنی دەستکەوتە گەورەکانی بنگۆریۆن نەدا کە پشکێکی هەرە گرنگی لە پێگەیاندن و پێشخستنی ئیسرائیلدا هەبووە.

کاربەدەستێکی بالای ماپای بیروڕای کۆمەڵەیەکی زۆری لە هاوپارتەکانی هێنایە سەرزمان و گوتی:

- "ڕەفتارمان لە بەرانبەر بنگوریۆندا تێکەڵەیەکی متمانە و ترس بوو: متمانەدان بەو بەهرە لە ڕادەبەرانەی خۆی، ترسانیش لەوەی نەوەک لە دەستی بدەین. باوەڕمان بۆ موشێ بە شارێت هەیە و خۆشمان دەوێ. بێ ئەو هەست بە خۆشی خۆمان ناکەین. بەردەوام متمانەمان بە بڕیارەکان، هەستی کارامەیی و گونجاندن هەبووە."

لە دوا ڕۆژەکانی حوزەیراندا دیسان؛ "پەرجوویەکی ئیسرائیلیانە" پەیدا بوو. بنگوریۆن لە بارەیەوە گوتی:

- "شتێکی مەزن ڕوویدا، جوانترین شتێک لە دوای شەڕی سەربەخۆیی هاتە ئارا. بە شێوەیەکی سەربەستانە (بێ پابەند بوون بە ڕێککەوتننامە) لە دواییدا ئێمە لەوەدا سەرکەوتین ئەوەی ئێمە بۆ خۆپاراستمان پێویستی بێ کڕیمان و بەدەستمان هێنا."

ساڵێکی خایاند تا جەماوەری لێئاگادارکرایەوە. چەکفرۆشەکان ئەم جارەیان لە فەڕانسەوە پەیدابوون. دانوستانەکان بە کەمترین دارشتەی فەرمیانە ساز دران. فەرمانی خەرجکردنی ملیۆنان دۆلار درا و دەستەیەکی بچووک، کە بڕوایان بە یەک هەبوو، پێیهەڵستان.

لە ماوەی چوار مانگدا ئیسرائیل چل هەزار تۆن چەک و تفاقی جەنگی دەستکەوت. هەرچەندە چاوی هەموو جیهان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە بوو، بەڵام کردەی چەککڕینەکە بە نهێنی مایەوە. بارەکان هاتن، دابەزێنران، بێ ئەوەی گومانی هیچ کەسێکی بۆ بوروژێنرێ.

لەو نێوەدا دەستبەجێ ئیسرائیل بەرهەمی پیشەسازی جەنگی خۆی بە ڕێژەی پەنجا لە سەد بنیات نا. ئیدی ژمارەیەکی یەکجار زۆر مین، نارنجۆکی دژەتانک، بازوکا و گوللە و تەقەمەنیان بە خۆیان دروست کرد.

لە تەممووزدا قەیرانێکی کشتوکاڵی سەری هەڵدا. هەنووکە بەشێکی گرنگی ئابووری ئیسرائیلی پشتی بە بەرهەمی لۆکە بەستبوو. بەڵام بەرهەمەکە بەرانبەر هەموو شێوە قەلاچۆکردنێکی مێشومەگەز خۆی

نەدەگرت و خەریک بوو لەناو دەچوو. بەرهەمی لۆکەکە بە بەهای هەشت ملیۆن دۆلار لەسەر لێواری فەوتان بوو.

بنگوریۆن برووسکەیەکی بۆ سام هامبورگ لێدا. سەر لە بەیانییەکەی برووسکەکەی بەدەست گەیشت. ئیدی هەمان رۆژدوای نیوەڕۆ سواری فڕۆکەیەک بوو خۆی گەیاندە ولاتی پیرۆز. کاتێک گەیشت بە بەهای دوو ملیۆن دۆلار بەرهەمەکە لەناوچووبوو، بەڵام ئەو سەرپەرشتی قەلاچۆکردنێکی کرد و باقی بەرهەمەکەی لە فەوتان ڕزگار کرد.

لە تەمموزدا ناسر نۆکەندی سوێسی گرت و خۆماڵی کرد.

لە ئابدا بنگوریۆن لە کۆنگرەیەکی لاوانی هەژدە ولات قسەی کرد. گوتی کەوا جووەکانی هەندەران سەرپشکن لەوەی چ جۆرە ژیانێک هەڵدەبژێرن؛ ژیانێکی خۆشگوزەرانی لەو ولاتانەی تیایدا دەژین یان ژیانی بە ترس و دژوار لە ئیسرائیل، بەلام ژیانێکی ئازادانە بێ ئەوەی هیچ کەسێک پەلار بگرێتە ڕاستیی جووبوونیان.

ئەو گوتی: "ئێمە شتی وامان هەیە پێشکەشی بکەین کە لە هیچ سوپەرمارکێتێکدا ناکڕدرێ."

لە نیوەی ئۆکتۆبەردا گرژی و ئاڵۆزی گەیشتە تۆپکە. ناسر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، کە نەوەک هەر دژی ئیسرائیله بەڵکو دژی "جوولەکەی نێو دەوڵەتیی و سەرمایەشیانە." ئەو پەیڤانە لای هەندێک گوتەکانی کابرا مردووەکەی ئاڵمانیان (مەبەست هیتلەرە-وەرگێڕ) بیردەخستەوە.

لە ١٥ی ئۆکتۆبەردا بنگوریۆن بە ئارامی لەبەردەم کەنیستدا وتاری دەدا. دوانەکەی ١٥.٢٠٠ وشە بوو، بەڵام نە کەس لەبەری نەبۆژا و نە خەویشی لێکەوت. ئەو بەکراوەیی دەربارەی جەنگ دوا، دوانەکەی نەوەک هەر هی وەزیری بەرگری بەڵکو وەک فەیلەسووفێک و مرۆڤپەروەرێک بوو. بەسەرسوڕمانی ئەوانەی کە پێیان وابوو بنگوریۆن زۆر بەلای شیعردا ناچێ، لەو دوانەیدا شیعرێکی درێژی نوێی خوێندەوە. یەکێک لە دێڕەکانی شیعرەکە دەیگوت:

ئەوەیە هێز، کە هەبووە یان کە دەبێ.

لە ئاخروئۆخری دوانەکەی هاتە سەر باسکردنی هەلومەرجی هەنووکەیی.

- "ئەو لاسەنگییە هێزە زۆرەی ئەوان (عەرەبەکان) هەیانە، لەوانەیە لە کەللەیان بدا و هەستی بەراوردکارییان لەدەست بدا، چونکە بەردەوام بە خەڵکی خۆیان گوتووە، شەڕیان لەگەڵ ئیسرائیلبە خاپوورکردنیان کۆتایی دێ."

ئەو ڕووداوەکانی سەر سنووری بۆ پوختە کردنەوە: لێرە کەسێک کوژرا، لە ئازوز Azuz خانوویێکی دوو نهۆمی تەقێندرایەوە، لە شوێنێکی دیکە لە هەمان ڕۆژدا پەلاماری ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس درا، دوو هاووڵاتی کوژران، ترۆمبێلێکی بارهەڵگری جوو بە بۆمب تەقێندرایەوە و دوو سەرنشینی بوونە قوربانی، بۆمبێک لە کێڵگەیەکی ئۆرشەلیم داندرایەوە، نارنجۆکێک فڕێدرایە قوتانخانەیەکی منداڵان، چوار هاووڵاتی دیکە لە لایەکی دیکەی وڵاتەوە کوژران، شەش سەرباز کوژران، قۆشەنە سەربازێکی عەزەب تەقەیان لە دەستەیەکی ئارکیۆلۆژ کرد، ژنێکی لە یەمەن ڕاهاتوو لە کاتی ڕنینەوەی زەیتونەکان لەسەر کێڵگە کوژرا.

ڕۆژی پێشتر دەستەیەکی فیدائیەکان کە لە لایەن فەرماندەیی میسرییەوە نێردرابوون، لە شوێنێک لە ناوچەی سدێ بۆکر، کیبۆتەکەی خۆی لە بیابان دەستیان بەسەرداگرت.

بە شێوەیەکی زیرەکانە، مرۆڤایەتی بۆ شتێک ئامادە دەکرد، وەک ئەوەی دەیزانی چونکە هەر خۆی فەرمانی بۆ دەردەکرد، کە لە ماوەیەکی کەمدا شتەکە دەقەومێ. کارەکە ئەو کات سەردەکەوێ کە هیچ شتێکی لێدزەنەکا. زۆرینەی سەرکردەکان لە هەلومەرجی وەک ئەودا هەرگیز هیچیان نەدەگوت. ئەو بۆ ڕۆژنامەکان دوا. هەواڵنێرە بیانییەکان؛ لە هۆڵەکە ئامادەبوون. دوای سەعاتێکی دیکە پوختەیەکی دوانەکەی لە نیویۆرک و لەندەن بڵاو دەبنەوە و نیو سەعاتیش دواتر لە قاهیرە، دیمەشق، بەغدا و عەممان. بەڵام تەنانەت لە ساتە تەنگەتاوەکانیشدا ئەو بە دیموکراتانە مایەوە، هەر بۆیە هەوڵیدا متمانەی ئەندامەکانی کەنیست بێ هیچ ناپاکییەک بە دەست بێنی.

- "بە گوێرەی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی داکۆکی لەخۆکردنی هەیە...

- "ئەز ناتوانم پێشنیازی ئەوە بکەم، کە هیچ وڵاتێک لە جیهاندا هەبێ، گەلەکەی بێبەرگری بۆ بکوژانی بەجێبێڵێ، کە لەلایەن حکوومەتە دراوسێکان دەستیان ئاوەڵا کراوە...
- "ئێمە پێشنیازی کۆنفرانسی ئاشتیمان لەگەڵ سەرانی عەرەب کردووە، بەڵام دەنگەکەمان وەک هی ئەو کابرایەی لێهات، کە لە بیابان هەر هاواری دەکرد..."

ئینجا لەسەر باسی هەنووکەیی یەکسەر بازیدایە سەر ئایندە.

- "هەندێ وڵات بە ئاسانی دۆست پەیدا دەکەن چونکە زلهێز و گەورەن، هەرێمی دەوڵەمەند و گەورەیان هەیە و دانیشتوانەکانیشیان بە دەیان یان بە سەدان ملیۆنن.
- "هەندێک دەوڵەت دۆستیان لە ڕێی ئایین یان زمانی هاوبەش پەیدا دەکەن. هەروەک هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان، وڵاتانی ناوەڕاست و خواروی ئەمریکا یان وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان.
- "هەندێک وڵاتیش هاوپەیمانێتیان لەسەر بنەمای دوژمنی هاوبەش و ترس ڕۆ ناوە.
- "ئیسرائیل هێزێکی گەورە نییە، دەوڵەمەندێکی قەبەش نییە و ڕووبەرێکی پانوپۆڕیشی نییە؛ لێ ئیسرائیل زمانی خۆی هەیە، ئۆل و ڕەگەزەکەی لەگەڵ هیچ دەوڵەت و گەلێکدا هاوبەش نییە. ئەوەی پەیوەندی بە زمان و ڕەگەزەوە هەیە، کە زیاتر لێمانەوە نزیک بن عەرەبەکانن، ئەوەش وەک من بۆی دەچم بە هۆی کاری دیرۆکەوە، جارێ دژوارترین دوژمنن."

لێرەدا پیتۆلێتی ئەم پیاوەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەو دوای نیوەڕۆیە، کە تەنها چواردە ڕۆژی مابوو تا ئیسرائیل بوێرترین هەنگاوی سەرچڵییانە بنێ، کە تا ئێستا گرووپێکی بچووک نابێتی، بە ئارامی و لەسەرخۆ بە چەندان سەعات قسە لەسەر ئەو پرسە بکا، ئاخۆ چۆن گەل، دۆستی خۆی پەیدا بکا.

بنگۆریۆن بڕیاریدا:

- "لەوانەیە لە دەروازەی پێش ئێوارەیەکی بڕیار و ڕووداوی هەرە گرنگ وەستا بین. دەبا خۆمان ئامادە بکەین و یەکگربین، ئەوسا گاشەبەردەکانی ئیسرائیل دەستبەردارمان نابن."

بەشی ٢٦

لە پێنجشەمە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٦دا، سەروسۆراخی هەزاران کەس لە ئیسرائیل نەما.
سکرتێری بەڕێوەبەری بانک بۆ نانی نیوڕۆ ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.
نوێنەرێک سکاڵای لەوە هەبوو گوایە شوفێرەکەی بێئەوەی هیچی پێبڵێ، بەجێیهێشتووە.
بەو کەسانەش کە لە پێش دوکانەکان ڕیزیان بەستبوو گوترا: "بە داخەوە، ئێمە لە دەستی کاردا کورتمان هێناوە."
بیست و چوار سەعات پێشتر پەیماننامەیەکی سێقۆڵی سەربازییانە لە نێوان میسر، ئوردن و سووریادا مۆرکرا، بە هۆیەوە سوپای هەر سێ وڵات کەوتنە ژێر فەرماندەیی جەمال عەبدولناسر.
لێرەوە بارودۆخی تەنگەتاوی پەیدابوو، بنگۆریۆنی ناچارکرد یانزەهەمین بڕیاری گرنگی لە ژیاندا بدا. بە قسەکانی خۆی دەبوایە ئەو یەکێکیان لە مانەی خوارەوەدا هەڵبژێرێ:

- "تێکشکانێکی بەردەوام و بوونە بابەتی دوانی ماتەمینییانەی دۆست و برادەرانمان، کە لەسەر گۆڕەکانمان بگرین یان شەڕکردن."

لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەی بە دواداهات، سەرەتا متمانەی بە دوو یان سێ کەس پاشان کەسێکی دیکەیش کرد و پێیگوتن، بەڵام هێشتا پلانەکە لە مێژووی سەربازییدا هەرە نهێنیترین ڕاز بوو، بەشێکی سەرکەوتنەکەشی هەر بۆ نەدرکاندنی نهێنییەکە دەگەڕایەوە.
ئەو پێنج شەممەیە کە سوپا بەوپەڕی بێدەنگییەوە خۆی جۆش دەدا — فەرمانی زارەکی لە ئەفسەران بۆ پلەکانی خوارتر و سەربازەکان

دەردەچوون- نوێنەری ئیسرائیل ئابا ئیبان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک لەبلەبانانە دەدوا:

- "ئیسرائیل دەست بە جەنگ ناکاتەوە. ئەو یەکەم کەس نابێ، پەنا بۆ زەبروزەنگ ببا."

ئابا ئیبانی نوێنەر لە بڕیارە پلانەکەی بنگۆریۆن ئاگادار نەکرابووەوە. هەر بۆیە لە دوانەکەیدا درێژەی پێدا و گوتی:

- "شەڕ دوا ئامرازە کە بۆ خۆپاراستن دەستی بۆ ببەین. هەندێ جار مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە داخوازیەکانی داکۆکی لەخۆکردن بدزێتەوە."

لە ڕۆژی هەینیدا، ئەو ئەفسەرانەی فەرماندەیی باشوور کە دەبوایە چالاکییەکەیان ئەنجام بدابایە، لە پلانەکە ئاگادار کرانەوە. هەفتا و دوو سەعاتیان لە بەردەمدا بوو تا خۆیان بۆ شەڕەکە ئامادە بکەن.

لە شەممەدا ئاهەنگۆکەیەک لە تەلئەبیب بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان سازدرا. سەردەستەترین مژاریش بابەتی خۆجۆشدان بوو. زۆرینەی دیپلۆماتەکان پێدەچوو لەسەر ئەوە کۆک بن، کە بارودۆخی ئوردن هۆکارەکەی بێ.

دەستبەجێش ئەوانەی (بۆ کردە سەربازییە نهێنییەکە) بانگ کرابوون، گەیشتبوونە مەڵبەندەکانی بانگکردن و ئامادەی گواستنەوەبوون بۆ نەقەب.

ئەو شەممەیە سەرۆکی دەستەی هێزەکان مۆشێ دایان، کە لای بنگۆریۆن زۆر خۆشەویست بوو، بە فەرمی پلانەکەی سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی پەسند کرد و گەڕایەوە ماڵەوە، خۆی بە ئارەزووە ئارکیۆلۆژیانەکەی خەریک کرد. ئەو پارچە شکاوانەی گوڵدانە بێزەنتییەی لێکدەدانەوە، کە خۆی بە هەڵکەندن دۆزیبوونەوە.

هەمان شەممە سەرەک وەزیران هەستی بە نەساخی خۆی کرد. جەستەی گەرم دادەهات، سەرئێشەیەکی توندی گرت، بەڵام هەموو ڕۆژەکەش هەر خۆی نەخست و کاری کرد. ئێوارەکەی بانگی ئەندامەکانی حکوومەتی سەربە پارتەکەی ماپای کردە ماڵەوە، بە کورتی بۆی ڕوون کردنەوە، بەتەمایە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی گەورە ڕابگەیەنێ، کە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بپێکێ:

١- "تێکوپێکدانی بنکە دوژمنکارییەکانی میسر لە بیابانی سینا."
٢- "دەرکردنی هێزە خۆسەپێنەکانی میسر لە دەڤەری غەززە."
٣- "کردنەوەی کایەی هاتوچۆی ئازاد بۆ ئیسرائیل و کەشتیگەلی نێودەوڵەتیی لە شارێی ئیلات."

ئەوەشی پێگوتن؛ ئۆپەراسیۆنەکە بە سێ مەرج گرێدراوە: مرۆ دەبێ کتوپڕیانە دەستبەکار بێ، خێرا بێ و تا بشکرێ قوربانی کەم بدرێ.
وەزیرەکانی پارتەکەی خۆی پلانەکەیان پەسند کرد. ئەوان یەکەمین کەس بوون، پرسیان پێبکرێ و لەسەری ڕەزامەند بن.
ئەوسا بنگوریۆن بە ئاسوودەییەوە چووە سەر جێگای چونکە هەموو شتەکان بە گوێرەی نەخشەکەی بەڕێوە دەچوو، وەلێ ئەوەی تێبینی کرد تایەکە هەموو جەستەی گرتێبەرداوە.
ئەمە وای لێکرد بۆ بەیانییەکەی بە زەحمەت لە خەو هەڵبستێ، بەلام دەیەویست ئۆپەراسیۆنە مەزنەکە کە خۆی خستبوویە سەر هێڵ، هەر بەخۆیشی ڕابەرایەتی بکا. جڵەوی چارەسەری هەموو کێشە بلاوکراوەییەکانیشی گرتە ئەستوی خۆی.
نوێنەرانی ئیسرائیل لە دەرەوەی وڵاتدا پێویست نەبوو پێشکات بە هەواڵی پلانەکە بزانن، هەرچەندە بۆ هەندێکیان بووە مایەی هەراسان بوون.
یەکشەممە کۆبوونەوەی بە تەواوی ئەندامانی کابینەکەی کرد، تیایدا وەزیرەکانی غەیرە ماپاشی تیدا بەشداربوون. لە دەستپێکدا ڕەوشی هەنووکەیی و تەمای ڕووداوی ئاییندەی بۆ باس کردن. کۆسپی دوهەمیشی تەخت کرد، هێشتا هیچ نەیارێکی بۆ پەیدا نەبوو. ئیدی دەبێ بە فەرمی ئاشکرای بکا، کە ئیسرائیل لە باری خۆجۆشدان دایە. لە ڕاگەیاندنەکەیدا ئاشکرای کرد کۆمەڵێک سەربازی یەدەگ بانگ کراونەتەوە، ئەوەش پەیوەندی بەو ڕووداوە تازانەی دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە هەبوو. مەبەست لە هەواڵەکە پەرۆدادان بوو بەسەر ئاگرەکەدا تا دیار نەبێ و زیاتریش پێ لەسەر ڕەوشی ئوردندا گیرا.
لە ماوەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ کابینەی حکوومەتەکەیدا، بنگوریۆن چەند بارە دەرمانی دەخوارد، بەلام سەرنجێکی وای نەوروژاند کە باکی پێی هەیە. ڕەنگی دەموچاوی نیشانەی ئەوە بوو، هێشتا تایەکەی

دانەبەزیوە. سکاڵای لەدەست ژانەسەر و شەکەتی هەبوو. دوای ئەوەی بڕیاری کابینەکەی گەیاندە سەرەک بن زیڤی، لەگەڵ پاولا و ئارگۆڤدا سواری ترۆمبێل بوون و بە ڕێگا پڕتاسەکەدا بەرەو تەلئەبیب لێیانخوڕی.

کاتێکیش گەیشتنە ئەوێ، پاولا گوشاری بۆ هێنا ڕاستەوخۆ بچێتە سەرجێگا و پاڵ کەوێ، بەڵام هێشتا ڕۆژەکەی ئەو زۆری بە بەرەوە مابوو. دەبوایە پێشوازی لە نێردەی هەموو لایەنەکانی کەنیست لە کۆمۆنیستەکان بترازێ، بکا. لەسەر داوای ئەو نێردەی کۆمۆنیستەکان بانگ نەکرابوون. ئەو ڕاگەیاندنەی دابوویە دەستەی گشتی هێزەکان، کابینەکە و کەنیست، بە وانیشی گوت. بەختیاربوو بەوەی هیچ نەیاری بۆ پەیدانەبوون. ئیدی بەمە بەسەر کۆسپی سێهەمیشدا زاڵ بوو.

لە میانەی دانیشتنی لەگەڵ نێردەکاندا، چوار پزیشکی تەلئەبیب هاتنە لای. وای بۆچوون کە بنگوریۆن تووشی ڤایرۆسێکی تەشەنەکردوو بووە. پلەی گەرمییەکەی ٣٩.٩ بوو. پێیان گوت دەبێ دەردەست بچێتە نێو جێگای پاڵکەوتن. پاولا پێیگوتن کەوا پێویستی بە هیچ پەرستارێک نییە؛ ئەوەی کاتی خۆی لە نیویۆرک فێری بووە، لێرەدا بەکردەوە بە هانای دێ.

بنگوریۆن شەوەکەی لەناو جێگادا مایەوە. پاڵی بە بالیفەکان دابووەوە، دوا فەرمان و ڕێنمایی دەدانە ئەو کاربەدەست و ئەفسەرانەی کە یەک بە دوای یەک بە قاڵدرمەکان سەردەکەوتن و بەناو ژووری کتێبخانەکەی دەچوونە ژووری نوستنەکەی.

لە سەعات ٨ی دوای نیوەڕۆ ئەدوارد لاوسۆن Edward Lawson نوێنەری ئەمریکا بە خۆی و برووسکەیەکی سەرەک ئایزنهاوەر، کە ئاراستەی بنگوریۆنی کردبوو، پەیدابوو. لە برووسکەکەدا داوای لە ئیسرائیل کردبوو لە هەر پێشهاتێکدا، هەوڵی دانبەخۆداگرتن بدا.

بنگوریۆن یەکسەر بانگی یاکۆڤ هێرزۆگ Yaakov Herzogی کرد. یاکۆڤ کوڕی گەورە ڕابایبی ئیسرائیل بوو، هەر بەخۆشی ڕابییەکی ئەرسەدۆکسی و زانایەکی ناسراو بوو. پێشتر ئەرکی ئەڵقەی پەیوەندی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگای کریستیانی پێسپێردرابوو. هەنووکەش لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا وەک بەرپرسی بەشی ئەمریکا کار دەکا.

لــه هەفتــەكانی بــه دوایــدا هــاتن یــەكێك بــوو لــه كارمەنــدە هــەرە بڕواپێكراوەكـانی لای سـەرەک وەزیـران، دواتـریش كردییـە نوێنـەر لـه واشنتن.
بـه یـاكۆڤ هێرزۆگـی گـوت: "ئێمـە دەبـێ دەسـتبەجێ وەڵامـی ئـەو بڕووسـكەیە بدەینـەوە. بـەڵام بە هـیچ شـێوەیەک نـابێ وەڵامەكـەمان بەكلاكەرەوە بێ."
لەو كـاتەی ڕابییـە لاوەكـە گەڕایـەوە تـا وەڵامـەدەقێك بنووسـێتەوە، پزیشكەكان هاتنەوە و دیتیان پلەی گەرمی سەرەک وەزیران هـەر بـەرز دەبێتەوە.
سپێدە زووی دووشەممە سەعات ٥ی كازیوە، كارمەندێكی باڵوێزخانەی ئەمریكا لـه بەردەم وەزارەتـی بەرگری ئیسـرائیل لـه هاكیریا پەیدابوو؛ بێهـودە بـه دوای یـەكێك دەگـەڕا، كـه نامـەی سـەرەک ئایزنهـاوەری لێوەربگرێ. لە دواییدا پاسـەوانێک نامەكـەی لێوەرگرت. بـەرگی نامەكـە ئەو ناوونیشانەی خوارەوەی لەسەربوو:
بۆ خودی سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل، بەڕێز داود بنگوریۆن.
هێرزۆگ لە سەعات ٧دا هاتە وەزارەت، دەستبەجێ بە نامەكەوە بەرەو كێرن كیامەت ژمارە ١٧ لێیخوڕی.
بنگوریـۆن لە خەو هەڵسـابوو. شـەوێكی نائـارمی بەسـەر بردبـوو. پلـەی گەرمیەكـەی هێشـتا هـەر بـەرز بـوو. دووەمـین پـەیامی ئایزنهـاوەری خوێندەوە، دووبـارە مشـوورخۆری ئەمریكـای دەربڕیبـوو. لەسـەر ئـەوە ڕشت ببوو كە "هیچ كردەوەیەكی زەبروزەنگ نـەگرێتەبـەر هـەڕەشـە لـه ئاشـتی بكـا". بنگوریۆن ڕاوێژی بـه هێـرزۆگ كـرد، ئـاخۆ چـۆن وەڵامـی بدرێتەوە.
كاتێكیش هێرزۆگ ڕۆیشت بە ژنەكەی گوت: "ئای ڕەنگت چەند زەردە، دەڵێی نەساخی؟"
پـاولا چەنـد ڕۆژێـک بـوو هەسـتی بـه نەسـاخی خـۆی دەكـرد، بـەڵام نەیوستبوو ئاشكرای بكا.
ناڤۆن بە كۆمەڵە بڕووسكەیەک هاتـەوە. سـەرەک وەزیـران بـه خێرایـی چاوێكی پێداخشاندن. دیاربوو هێشتا نهێنییەكە دزەی نەكردبوو. هەموو

کەسێک دەیپرسی ئاخۆ ئەو خۆجۆشدان و تەیارکردنە چی بەدواوە بێ، بەڵام کەس نەیدەزانی باسوخواس چییە.
ئەم بەیانییە هێرزۆگ سەعات یانزە و نیو دەقەوەڵامێکی بۆ سەرۆکی ئەمریکای نووسیبوو. بنگوریۆن بە بایەخەوە خوێندیەوە، لێرە و لەوێ هەندێ دەستکاری کرد و پەسەندی کرد.
نەخۆشەکە باقی ڕۆژەکەی بە نیوە دانیشتن بەسەربرد. دەموچاوی لەتاو تا سوور هەڵگەڕابوو. ڕێنماییە گشتییەکانی بە نوێنەرەکانی ئیسرائیل لە دەرەوە دەگوت، کە هەر کاتێک کردەوەکە دەستی پێکردبا، بە برووسکە بۆیان دەنێردرا.
بەڵام ئەو نەخۆش بوو تا بتوانێ لە سەریان بەردەوام بێ، بۆیە پاڵیدایەوە بەڵکو سەرخەوێکی بۆ بشکێنێ. زۆری نەبرد بە هۆی تەلەفۆنێکی پێویستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە خەوەکەی بێدار کرایەوە.
هەموو ڕۆژەکەی ترومبێل لە بەردەم خانووی سەرشەقامەکە وەستابوون. ناڤۆن لە خوارەوە وەستابوو، بەڵکو هەموو ئەوانەی دەیانەویست قسە لەگەڵ سەرەک وەزیراندا بکەن، ڕایان بگرێ. یەکێک لەو کەسە کەمانەی کە ڕێگەی درا بچێتە ژوور، نوێنەری فەرەنسا بوو. بنگوریۆن بەڕێزەوە بەخێری هێنا، بەڵام هیچیشی بۆ نەدرکاند.
دانی دوای نیوەڕۆدا لە کتێبخانە و ژووری نوستنەکەی لە نهۆمی دووەمدا زۆر ئەفسەر، ڕاوێژکارە سیاسییەکان، یاریدەدەر و ئەندامانی کابینەی حکوومەت پەیدا بوون.
دواتر یەکێک بارودۆخی بنگوریۆنی بە "خوێنساردێکی پلەی گەرمی بەرز" وێناکرد.
هەرچەندە پزیشکەکان داودەرمانیان پێدا، بەڵام تایەکەی هەر دانەبەزی. دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، چاوەکانیشی باریک ببوونەوە.
لە سەروبەندی سەعات چواری دوای نیوەڕۆدا تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و ڕووی کردە ژەنەڕاڵ مۆشێ دایان.
- "ئەرێ سەعات چەند دەکەونە بازدان؟"
- "حەڤدە و پانزە خولەک"
- "بۆ وا زوو؟"

- "گەر هاتوو دوای تاریکداهاتن بازبدەن، مەترسی گاشەبەردکانی سەر ڕێگایان لێدەکرێ."

سەعات پێنج و چارەک هەر دووکیان تەماشای کاتژمێرەکانیان کردن و بە بێدەنگی نیگای دەموچاویان لەگەڵ یەکدا گۆڕینەوە.

ئەو پەنجا و پێنج خولەکەی دەبوایە بەسەرچووبا تا یەکەمین هەواڵی بەرەی شەڕیان بۆ دەهات، دەتگوت چەندان سەعاتە و هەر تەواو نابن.

سەعات شەش و دە خولەک، ناڤۆم یەکەمین برووسکەی بۆ هێنان. لەو کاتەدا پزیشکێک پلەی گەرمی بنگۆریۆنی دەپێوا، هێشتاش هەر لەبەرز بوونەوەدا بوو.

لە برووسکەکەدا هاتبوو: "بەلەمەکانمان پیاوەکانی لە شوێنی مەبەست دابەزاندووە و بەبێ هیچ زیانێکیش گەڕاونەتەوە."

ئامانجەکە میتلاپاس Mitlapas بوو لە سینا، کە پەنجا کیلۆمەترێک لە نۆکەندی سوئێسەوە دوور نەبوو.

پیرەمێرد کە پاڵی بە بالیفەکانەوە دابووەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: "لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی بەتالیۆنەکە چۆن ئەرکەکەی جێبەجێ بکا."

چارەگێکی دیکە ناڤۆم برووسکەی دووەمی هێنا.

- "دابەزاندنەکە سەرکەوتوو بوو. هیچ هێزێکی دوژمن لە ماوەی ئەو پەنجا کیلۆمەترەدا بەدی نەکراوە. هیچ فڕۆکەیەکی جەنگاوەری میسری هەوڵی نەداوە ڕێ لە ئۆپەراسیۆنەکەمان بگرێ."

سەرەک وەزیران ئاهێکی پێداهاتەوە، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا؛ دەستی بۆ کتێبێکی سەرمێزەکە برد و کەوتە سەر کەڵکەڵەی خوێندنەوەی. ناونیشانی کتێبەکە "زیرەکی لای مرۆڤی هەرە کۆن" بوو.

ئیدی لەو ساتەوە لێشاوی برووسکەی هەواڵەکانی بەرەی شەڕ، ڕاپۆرتەکان و برووسکەی دیپلۆماتییەکان بەدەرکەوتن.

سەعات ٩ی شەو بنگۆریۆن ڕێگەی دا یەکەمین هەواڵی فەرمی لەسەر ڕووداوەکە بڵاو بکرێتەوە. "هێزە جەنگاوەرەکانی ئیسرائیل هەنووکە لە نێوەڕاستی سینا دان و لە نیوەی ڕێگای نۆکەندی سوئێس دان."

یەک دوو ڕووداوی ناخۆش و پڕ ژان قەومان. ئابا ئیبانی نوێنەر ڕووبەرووی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بووە، لەو کاتەی واشنتن لە ڕێی میسرەوە هەواڵی پێشهاتەکەی ناوچەی سینای بۆ هات. شاریتیش کە گەشتێکی ئاشتیخوازانەی بە نێو ڕۆژهەڵاتی دووردا دەکرد، لە میانی گەشتەکەیدا لای سەرەک وەزیران جەواهیر لال نەهرۆ بوو، کاتێک لە ڕۆژنامەکانیدا هەواڵی پێشهاتەکانی وڵاتەکەی خوێندەوە.
دوای ئەوەی هەواڵە فەرمییەکە پەخش کرا، ئیدی پێواژۆی خۆپارێزی تاریککردن گیرانەبەر. ئەو دوشەممەیە لە لایەن زۆرینەی ئیسرائیلیەکانەوە پەردەی ماڵەکانیان گیران و پەنجەرەکانیان داپۆشتن و تاریکیان کردن.
لە سەعات نۆی شەوەوە هەواڵێک لە ئۆرشەلیمەوەڕا هات، کە لە سەنگەرەکانی قۆشەنی سوپای عەرەبەکانەوە گەڕەکی موسرارا Musraraی ئۆرشەلیمیان داوەتە بەر ڕێژنەی گوللەکانیان. هیچ قوربانی لێنکەوتەوە. دوای ئەو ڕووداوە پێدەچوو بەرەی ئوردن بە ئارامی بمێنێتەوە.
لەبەر ترسی ئەوەی نەبادا هێزی ئاسمانی میسری بە فڕۆکە هێرش بکاتە سەر تەلئبیب، پاولا بنگوریۆنی ناچار کرد بێتە نهۆمی خوارەوە، چونکە لە باری پێویست و ناکاودا بە ئاسانی بەرەو ژێر زەمین دەبردرا.
دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلیی بۆیان ئاشکرابوو، کە هێزە ئاسمانییەکەی میسر زیاتر لە سەد میگی پانزە Mig-15، پانزە فڕۆکەی بۆمباهاوێژی جۆری ئیلوژاین Iljoesijn کە هەر یەکەیان دوو تۆن بۆمب هەڵدەگری، شەست فڕۆکەی جۆری ڤامپایەر Vampire و بیست مەترەلۆزیان هەیە. گەر هاتوو ئەو هێزە یان بەشێکی گرنگی بە ڕێکی دژی تەلئەبیب بەکار بهێندری، ئەوا هیچی لەبەر نامێنیتەوە و خاپوور دەکری. لەگەڵ ئەوەشدا بنگوریۆن بە نابەدڵی گواستیەوە بۆ نهۆمەکەی خوارەوە.
بەیانیەکەی ڕۆژی سێشەمە زوو لە خەو هەڵسا، هەستی کرد کەمێک لە جاران باشترە. بەڵام دکتۆرەکان پێیان گوت؛ دەبێ جاری هەر لەنێو جێگادا بمێنێتەوە.

گرتنبەری پێشهاتەکە کارێکی دژوار بوو، بۆ هەموو لایەکیش ئاشکرا و دیار بوو. بنگوریۆن لە هەواڵەکانی دەزگای هەواڵگریدا زانی کەوا بەشێکی زۆری چەکە تازەکەی میسر، کە لە چیکۆسلۆڤاکیاوەڕا هاتبوو لە ناوچەی سینایان دانابوو. گەر هاتبا و میسر نیوە خۆئامادەکردنێکی هەبوایە ئەوا هەر کردەوەیەکی ئیسرائیلیانەی دەکردە بەهانە و بەسەر ئیسرائیلی دادەدا. پێگەی سەرەکی فڕۆکە جەنگیەکانی میسر هەر چەند خولەکەفڕینێک لە ئیسرائیلەوە دووربوون. بێجگە لەوەش قاهیرە دەسەڵاتی فەرماندانە سوپاکانی سووریا و ئوردنی لەپاڵ سوپاکەی خۆیدا هەبوو.

بە ڕاستی سەرچڵێکی گەورە بوو بۆ سوپاسالارێک ئەو پلانە سەربازییە بگرێتەبەر، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو سەرباری نەخۆشیەکەی سەرۆک وەزیرانی پیری تەمەن حەفتا ساڵییەکە، ئەو هەموو هەواڵ و برووسکانەی بەرەکانی شەڕ بە دەمارگرژێکی وا بخوێنێتەوە هەروەک قوماربازێکی مۆنتیکارلۆ Monte carlo کە تەماشای خولخواردنی تۆپەکە بکا ئینجا بڕیار بدا.

سێشەمە ڕاپۆرتێکیان لەسەر پەلاماری فڕۆکەکانی میسری بۆ سەر هێزە زەمینییەکانی ئیسرائیل دایە دەست بنگوریۆن. ئەمەیان گۆڕانگاریەکی گرنگی خستە سەر نەخشەی پێویستەکە. پێشتر فەرمانی دابوو هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی نابێ بەسەر نوکەندی سوئێسەوە بفڕێ، ناشبێ پەلاماری هێزە زەمینیەکانی دوژمن بدا، هەروەها ناشبێ نە پەلاماری فڕۆکەکانی دوژمن بدات و نە هێرشیش بکاتە سەر شارەکانی دوژمن؛ چونکە دەترسا کڵپەی شەڕی ئاسمانی بتەنێتەوە پەرەبسەنێ و شەڕێکی سەرتاسەری لێبکەوێتەوە، ئەمەش ڕەنگبێ سەربکێشێ بۆ بەرایی شەڕی سێیەمی جیهان. دەیەویست کردەوەکە تەنها لەسەر زەوی و لە ناوچە دیارکراوەکەدا سنووردابێ. بەلام هەنووکە فڕۆکەکانی دوژمن هێزە زەمینەکانیانی خستۆتە بەر ڕەحمەتی میترالۆزەکانیان، بۆیە فەرمانی بە هێزی ئاسمانیدا، کە داکۆکی لە هێزە زەمینیەکانیان بکەن.

هەموو سێشەممەکە ماڵەکەی کە ژمارە ١٧ بوو، بووە بارەگای سەرەکی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بویرەکە. گەورە ئەفسەران دەهاتن و دەچوون.

تەتەر و پەیکەکان بە هەگبەی پڕ لە بروسکە و ڕاپۆرت سەریان بە ژووردا دەکرد. سوپاسالارەکە بە چەندان سەعات لەگەڵ سەرۆکی دەستەی هێزەکان، فەماندەکانی هێزی ئاسمانی، مارینز، زرێپۆش و پەرەشووتوانەکان دەدوا. لەو ڕۆژەدا چوار جار وەزیری کاروباری دەرەوەی دی. برووسکەکان لەو چل وڵاتەوە کە ئیسرائیل پەیوەندی دیپلۆماتییانەی لەگەڵدا هەبوون، دەهاتن.
ئەمەش هەروەک بارەگا سەرەکیەکانی دیکە بوو، بەڵام بە تەنها جیاوازییەکەوە، لێرەدا سوپاسالار ڕاکشاوە و بالیفی لەپاڵپشتن و کۆمەڵە کتێبێکیش لە سەر مێزەکەی بەردەمدان، کتێبەکان دەربارەی کاروباری ستراتیژی نین بەڵکو دەربارەی فەلسەفەی گریکی و ڕۆژهەڵاتین.
ڕێڕۆیشتن بە نێو ژوورە پر کتێبەکاندا ئینجا گەیشتنە شوێنی پیرۆز، وای لە مرۆ دەکرد بیر لە مۆزەی بەریتانی بکاتەوە کە کۆتایی بە هۆڵێکی خوێندنەوە دێت و تیادا زانایەکی ڕیشپسی دانیشتووە لە دەستنووسێک دەکۆڵێتەوە.
بنگوریۆن سەرنجی وای لە لای هەندێ ئەفسەران دروست دەکرد، کە پەلە بکەن و بەجێی بێڵن، تاکو بگەڕێتەوە سەر جیهانی کتێب خوێندنەوەکەی خۆی. کاتێک دەهاتنە لای، پرسەکانی بە ئارامی و خێرا لۆژیکیانە تاوتوێ دەکردن، بەڵام هەرکاتێک هەڵدەستان و دەڕۆیشتن، دەستی دەدایەوە ئەو کتێبەی کە لە کاتی گەیشتنیان دەیخوێندەوە. لەو سێشەممەدا هەواڵی دڵخۆشکەرانەوە لە هەموو بەرەکانەوە هاتن. بەڵام تەنها یەکێکیان هەواڵێکی زۆر بێزراو بوو.
کفر قاسم Kfar Kasim گوندێکی عەرەبان بوو، لە سنووری ئوردن نزیک بوو. کاتێک هەڵمەتی سینا دەستی پێکرد، لە هەموو لایەکی وڵاتەوە ڕێکاری ئاسایشپاریزی گیرانەبەر. فەرماندەی خۆجێی ئەوێ، فەرمانی قەدەخەکردنی هاتوچۆی لە دوای سەعات پێنجەوە بۆ دانیشتوانی کفرقاسم ڕاگەیاند.
کۆمەڵێک لە گوندنشینان کە بە ڕێکاری پرسی قەدەخەکردنی هاتوچۆکردنیان نەزانیبوو، چونکە لە کێڵگەکانی خۆیان کاریان دەکرد، دوای سەعات پێنجی ئێوارە لەسەر ئیش هێورهێور گەڕانەوە، کەچی لەلایەن پۆلیسی ئیسرائیلیەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە. لەنێو

قوربانییەکاندا ژن و منداڵیش هەبوون. هەمووی بەسەر یەکەوە ٤٣ کەس کوژران. بنگۆریۆن زۆر تووڕە بوو. کۆمیتەیەکی لە هاووڵاتیان پێکهێنا تا دەستبەجێ لە ڕووادوەکە بکۆڵنەوە.
شەوی سێشەممە لە ڕادیۆوە گوێی لێبوو ئینگلستان هۆشداریینامەیەکی داوەتە ئیسرائیل و میسر کە هێزەکانیان چی دیکە لە نۆکەندی سوئێس نزیک نەخەنەوە و دەبێ لە دووری ١٠ میلدا بوەستن. ئیدی کۆبونەوەیەکی حکوومەتی پێویست بوو. لە نیوەی شەویشدا برووسکەیەک لە باڵوێزخانەی لەندەنەوە هات، کە هۆشدارینامەکە بە نووسین وەرگیراوە. دواتر دەبوایە وەڵامێکی بدرابایەوە.
نەخۆشەکە، شەوەکەی کەم خەوت.
کاتێکیش بۆ بەیانیەکەی بێدار بووەوە، یەکەمین هەواڵ گوێبیستی بوو کەشتییەکی جەنگی میسر ١٠ تا ١٥ کیلۆمەتر لە کەنارەوە دەیەوێ حەیفا بۆمباران بکا. لە ماوەی دە خولەک و یانزە چرکەدا کەشتیەکە سەد و شەست بۆمبی هاوهێشت و هەمووشیان لە نزیک کەنار کەوتنە نێو زێ. هەموو دانی بەیانیەکەی ڕاپۆرت دەهاتن. کەشتیەکە ناوی ئیبراهیم ئەلئەوال Al Awal Ibrahim بوو کە بەشداری لە زۆر نەبەردیەکانی ئینگلیزیی لە جەنگی دووەمی جیهاندا کردبوو. دواتر کەشتیەکە درایە حکوومەتی چینی و ئەوانیش لە دواییدا فرۆشتیانەوە میسر. هەنووکە کەشتیە میسرییەکە لە لایەن کەشتیەکی تێکدەرانەی ئیسرائیلی هاوچەشنی خۆی، کە لە ئینگلیستناوە کڕدراوە، ڕاودەنرێ.
ڕاپۆرتی دووەم هەواڵی ئەوەی تێدابوو کە هەر دوو کەشتیەکە پێکراون. کەشتیە میسرییەکە زۆرتر پێکراوە و فڕۆکەکانی ئیسرائیلی بەسەریدا دەخولێنەوە. ئیبراهیم ئەلئەوال ئاگری تێبەربوو. دواتر سەرنشینەکانی خۆیان بەدەستەوەدا و کەشتیەکەش بۆ کەناری حەیفا ڕاکێشرا. ئەوان هەوڵیان دا کەشتیەکە نقوم بکەن، بەڵام کەشتیوانە میسرییەکان لەوەدا سەرنەکەوتن کلیلی گونجاوی ئەو ماشێنە ژەنگخواردووە بدۆزنەوە و نەشیان توانی بەدەستی ڕووتەوە هیچی لێبکەن.
یادەوەری بنگۆریۆن بۆ زور دوور گەڕایەوە، بۆ ئەو سەردەمە مێژووییەی، کە ئیسرائیل لە یەکەم نەبەردی دەریاییدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

هـەواڵی گرنـگ دواتـر لە هەمـان ڕۆژدا هـات. ئینگلسـتان و فەڕانسـە بە یەکەوە هانی بنگۆریۆنیان دا، بـەڵام کردەوەیـەکی سنووردار لـە میانـەی ڕووداوگـەلێک کـە واتایـەکی جیهـانیی ببەخشـێ بە هـۆی پـەلاماری ئـەو زلهێزانە بۆ سەر فڕۆکەخانەکانی میسری و بۆ سەر نۆکەندی سوئێس، گۆڕا.

تێکومەکاندانی بەشێکی گەورەی هێزی ئاسمانی دوژمن لەسەر زەوی واتای کۆتاییهاتنی ترسی بۆمبارانکردنی شارەکانی ئیسرائیلی دەگەیاند، بەڵام خەریک بوو دەستبەجێ ڕەخنەی دیپلۆماتییانە دەگیران.

زۆرینـەی ئیسـرائیلییەکان بـە سـەرەک وەزیرانیشـەوە شـەوەکەی بـە ئاسوودەیی سەریان کردە سـەر سـەرینەکانیان. بەشێکی گرنگی هێزی ئاسـمانی میسـر تێکشـکێنرا؛ هێزەکـانی ئینگلیـزی و فەڕەنسـی گەیشـتنە نۆکەندی سوئێس و کەشتیە جەنگییە تێکشکاوەکەی میسریش لـە حـەیفا بوو. هەرچەندە کەشتیەکە هەنێک کۆن بـوو، زیانیشـی پێکـەوتبوو بـەڵام دەستکەوتێکی جەنگی باش بوو.

پێنجشــەممەکەی لێشــاوی دیلــە جەنگییــە میســریەکان و کەلوپەلــە دەستبەسەرداگیراوەکان هێنرانە ناوەوەی وڵات؛ کەلوپەلەکان بـایی ئـەوە دەبـوون سـوپایەکی بچـووکی پـێ پـڕ چـەک و تفـاق بکـەی، دیلـەکانیش ئەوەندە دەبوون کێشە بۆ وڵاتەکەیان بنێنەوە.

لــە هەینیــدا غــەززە خــۆی بەدەســتەوەدا، لــە ســەعات ١٠.١٥دا نــاڤۆن هــەواڵێکی بــە تەلەفــۆن پێگەیشــت: "ئێســتا هەمــوو نیمچــە دوورگــەی سینامان لەبەردەست دایە."

بەلەز خۆی گەیاندە بنگۆریۆن و هەواڵەکەی پێڕاگەیاند. بـەڵام سـەرەک وەزیـران بە قووڵی بە گژ بیرۆکەکاندا چوبـوو. مقۆمقۆ کەوتبووە نێو نەتەوە یەکگرتووەکان. بڕیارێک بە دەنگی ٦٤ بەرانبەر ٥ دەنگ دەرچوو. بڕیارەکە داوای دەستبەجێ کشانەوەی هێزەکانی ئینگلیزی -فەڕەنسی- ئیسرائیلیی دەکرد. نزیکەی هەموو دنیا کردەوەکەی سینای سەرزەنشت کرد. ڕووسیا و ئەمریکا بە یەکەوە دەنگیان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی جوولەکە دا. لـەو ڕۆژوە هـەرگیز بە یەکەوە دەنگیـان بۆ پرسێکی دیکە نەدابوو. کـەچی هەنووکە یـەکیان گرتۆتـەوە و ئیسرائیلیان سـەرزەنشت کردووە.

دوشەممە راپۆرتێکیان لە فەرماندەکە پێگەیشت (رێک هەفتەیەک دوای ئەوەی پەرەشووتوانان لە میلتا پاس دابەزین): بە تەواوی دەست بەسەر دوورگەی تیران Tiranدا گیراوە، ئیدی بە گوێرەی ئەو هەڵمەتەکە کۆتایی پێهات.
سەرەنجام: زیانی ئیسرائیلییەکان: ١٧٤ کوژراو، یەک کەسیش ون بوو.
زیانی میسرییەکان: ١٠٠٠ کوژراو، ٦٠٠٠ دیل (لەنێویاندا ٢٠٢ ئەفسەر)، لەدەستدانی کەشتیەکی جەنگی، سەدان تانک، تۆپ و پارچە چەکی دیکە کەوتنە بەردەستی هێزەکانی ئیسرائیل.
هەر جارێک کە بنگۆرین ژمارەکەی حیساب دەکرد، ئەوەی لێزیاد دەکرد: "ئەو ئیسرائیلیەی ون بووە خۆی بەدەستەوە نەداوە؛ ئەو بە پەرەشووت خۆی لە فڕۆکە بەرداوەتە خوارەوە، ئیدی لەسەر سەری دوژمن تەقەی لێکراوە."
ئەوە بیرۆکەی بنگۆریۆن بوو کە ئەفسەرە دیلە میسرییەکان بە حەیفا و تەلئەبیبدا بگێڕن پێش ئەوەی ڕەوانەی وڵاتەکەیان بکرێنەوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ کە گەڕانەوە شتێکیان هەبێ بیگێڕنەوە.
دوای نیوەڕۆ نامەیەکی لە بولگانین Bulganinی سەرەک وەزیرانی ڕووسیاوە پێگەیشت. نامەکە نادۆستانە بوو، هەڵمەتی سینای بە دوژمنکارییەکی "چەکدارانە" ناوهێنابوو، بە "سەرچڵییەکی بێهودە"ی لەقەڵەمدابوو. بە گوێرەی نامەکە ئیسرائیل وەک ئامرازێکی زلهێزە ئیمپریالیسیستەکان ڕەفتاری نواندبوو. وەک هۆشدارینامەیەکیش، ڕووسیا باڵوێزی خۆی لە ئیسرائیل کێشایەوە.
بنگۆریۆن ئەو هاتنە سەر خەتەی ڕووسیای ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی خۆبەخشینەوە بەهەند هەڵنەگرت. پێیوابوو شتەکە زیاتر کاردانەوەیەکی بانگاشەکردنە لەوەی لێسوورانەوەیەکی دیپلۆماتییانە بێ.
سێشەممە دوای ئەوەی نۆ ڕۆژ لەنێو جێگادا کەوتبوو، هەڵسایەوە و جلەکانی لەبەرکردن و بە چەندان سەعات لەسەر ئەو دوانەی کە بۆ کەنێستی دەدا، کاری دەکرد.
لەو ڕۆژەدا ئیسرائیل بە تەنها وەک هەڵمەتبەرێک مابووە، ئەمەش دوای ئەوەی هەر یەک لە ئینگلستان فەڕانسە ولەژێر گوشاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاگربەستیان ڕاگەیاندبوو.

لەو بەڵگانەی ئەوێ ڕۆژێ ناڤوم دایە دەستی بنگوریۆن، ڕاپۆرتی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکەی کفرقاسم بوو. پێدەچوو گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەواو ڕاست بووبێ.
لەو کاتەی شەپۆلی ڕەخنە هەر لە بۆستنەوە تا بۆمبای بە هۆی هەڵمەتی سیناوە لە ئیسرائیل دەگیرا، ڕەنگبایە کەسی دیکە بووایە هەواڵەکەی کفرقاسمی پەردەپۆش دەکرد، بەلام بنگوریۆن بە پێچەوانەوە ڕەفتاری نواند. ئەو لەسەر ڕاستیەکان ڕێکاری خۆی گرتنەبەر و هەموو ڕۆژنامەکانیشی پێناساند و بلاویان کردەوە، ئەوەش لە ڕێی ڕوونکردنەوەیەکی فەرمییانە کە هەموو ڕاستییەکانی ژماردبوو، بێئەوەی هەلومەرجی سووککردنی باری تاوانەکەش ناوبهێنێ. لێرەدا پێویستی بە بوێری هەبوو، ئەمەش دیسان سەلمێنەری کۆگیرییە ڕووناکبیرییەکەی بنگوریۆن بوو.

- "هیچ گەلێک لە جیهاندا نییە ئەوەندەی گەلی جوولەکە ژیان بەرز ڕابگرێ و مەبەستیشمان ژیانی هەموو تاکێکی مرۆڤە بێ جیاوازی توخم، ڕەگەز، ئۆل و نەتەوایەتی."

بە بەڵێنێکی لێبڕاوانەوە، بڕیاریدا جارێکی دیکە شتی وا "هەرگیز لە ئیسرائیلدا ڕوونەداتەوە."
ئەو ئەفسەرانەی لە ڕووداوەکە بەرپرس بوون، دەبوایە بچنە بەردەم دادگا و هەر خێزانێکیش کە کەسێکی لەدەست داوە بە بڕی ٢.٧٥٠ دۆلاری ئەمریکایی قەرەبووی کوستکەوتنەکەی دەکرایەوە. دوای دادگایەکی دوورودرێژ، فەرماندەی یەکە پەیوەندیدارەکەبە ١٧ ساڵ زیندانی و ئەوانی دیکەش بە ٧ ساڵ حوکم دران.
ڕۆژی پاشتر لە جاران زووتر لە خەو هەڵسا و بەرەو ئۆرشەلیم کەوتە ڕێ. دکتۆرەکانی پێشنیازیان کرد، کە یەکێکیان یاوەری بێ و پێویستیشە بە دانیشتنەوە دوان بدا، هەروەها دەشبێ دوای گەیشتنە ئۆرشەلیم یەک سەعات پشوو بدا. تەنها لەسەر خاڵی سێهەم ڕەزامەند بوو. سێ چارەگ لەسەر سەکۆی دوان ڕاوەستا. پاولا بە خۆی و ترمزی قاوەی خەست لە نزیکییەوە بوو، بۆ بارێک گەر پێویستی پێ بووایە.

لـە چـاوی زۆر لـە ئیسـرائیلیەکان کاتەکـە هـی ئاهـەنگ گێـران بـوو. سـەرلەنوێ هێـزە جـەنگاوەرەکانیان کـارێکی ئەسـتەمیان بەجێگەیانـد. جووەکـان سینایان گرت. غەززە لەبن دەستیاندایە و کەسیش نـاتوانێ ڕێگـای ئیلاتیـان لێبگرێ. بـەڵام بنگوریـۆن بـە ڕێکـی هۆشـداریدا؛ هێشـتا کاتی ئەوە نییە، پێی هەڵپەڕن.

- "ئەو ئەگەرە هەیە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا خەباتێکی سیاسیانەی سەخت بکەین و لەوانەشە ئاستەنگی زۆر گەورەمان بێتە پێش. ئێمە نابێ بێباکانە بە چەشنی دەسەڵاتدارە عەرەبەکان لـەخۆبایی ببین. هەروەها ناشبێ ملکەچی هێزە زلـەکانیش بین گـەر هـاتوو خاوەن ماف بووین."

بێگومـان بیـری لـە نامەکـەی بولگـانینێش دەکـردەوە کـە لـەنێو گیرفانیـدا بوو، ئاشکرای نەکردبوو.

پێنجشـەممە هەرچەنـدە شـەکەت و مانـدوش بـوو، کارەکـانی لـە سـەعات ٧ی بەیانییـــەوە دەســـتپێکردنەوە. ڕۆژنامـــە و برووســـکەکانی نێـــردە دیپلۆماتییەکانی ئیسرائیل نمایشی هێستریای نێودەوڵەتیان بۆ هات، ئەو وێنەیـە تـەنها لە سـەردەمی پـێش شـەڕی کۆریـا لـە ئـارادا هـەبوو. کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی حکوومەت بۆ سـەعاتی ١٠ی سـەر لـە بـەیانی داندرا. وەزیری کاروباری دەروە گۆلدا مایر، لە ڕێگادابوو بۆ نیویۆرک بچـێ، بـەڵام داواکرایـەوە. لەبـەر ئـەوەی فڕۆکەکـەی دەبوایـە لە ڕێـی پاریســەوە بگەڕابایـەوە ئیسـرائیل، بۆیـە کۆبوونەوەکـە تـا سـەعات ١١ دواخرا.

کۆبونـەوەی کابینەکـە دوو سـەعاتی خایانـد. بـە گشـتی بـاس لـەوە کـرا، وەڵامێکی نەرێیانـەی بولگـانین بدرێتـەوە. بنگۆریـۆن گـەڕایـەوە مـاڵ. ئـەو خـاو ببـوەوە، چونکـە بڕیـاری دابـوو پێـی لەسـەر هەربسـتێک، کـە گرتبوویان دابگرێ و وەزیرەکانیش هاودەنگی بوون.

لەسـەر فراوینـی نێـوەڕۆ بـوو، نامەیـەکی سـەرەک ئایزنهـاوەر گەیشـت. نامەکە ڕۆژی پێشتر نووسرابوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی پەیوەنـدی نێـوان واشـنتن و باڵوێزخانـەی ئەمریکـا لـە تەلئـەبیب بـۆ ماوەیـەک پچڕابـوو، نامەکە کەمێک دواکەوتبوو.

نامەکە زیاتر کەسییانە نووسرابوو، لەوەی یاداشتێکی دیپلۆماتییانە بێ، وەلێ تۆنەکەی توند و بێ گرێوگۆڵ بوو. بە گوێرەی نامەکە؛ گەر بێت و ئیسرائیل هێزەکانی نەکێشێتەوە ئەوا هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گێڕانەوەی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا تەواو کز دەبێ و ئیسرائیلیش لەبەر ئەوەی بنەماکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جێبەجێ نەکردووە، سەرزەنشت دەکرێ. تیایدا هەڕەشەی سزادانیش کرابوو.

نامەکە ڕووکردنەوەیەکی زارەکیشی لەگەڵدا بوو، بەوەی هیچ زلهێزێکی دیکە پشتی ئیسرائیل ناگرێ گەر هاتو یەکێتی شۆرەوی "خۆبەخشانە" خۆی لە پرسەکە هەڵقورتاند.

ئەمە بارەکەی سەرلەبەر گۆڕی و بنگۆریۆنی ناچارکرد بەوەی ڕەنگبێ ئەستەمترین بڕیاڕی لە ژیاندا پێبدا. دەمودەست دوای ئەوەی بۆ دووهەمین جار نامەکەی ئایزنهاوەری خوێندەوە، زانی، زۆر لەگوێنە دەبێ ددانی پێدابنێ.

زیاتر لە دە ساڵێک دەبێ کە بنگوریۆن ئایزنهاوەری دیتبوو، ئەوکات سەرۆکی دەستەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا بوو. ئەوەش لە کاتی گەشتەکەی بنگۆریۆندا بوو بە ئۆردوگای پەنابەرانی جوو لە ئاڵمان. بەڵام هەنووکە ئەو هەستەی هەیە کە بە خودی خۆی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکدا هەیە. ئەوکات ڕێزێکی زۆری بۆ ژەنەڕاڵ نواند، هەنووکەش هەست دەکا متمانەی پێ بێنێ. بەڵام پێویستی بە دلێریی زۆر هەیە تا کابینەکە سەرلەنوێ بانگ بکاتەوە داوای "بەڵێ"یان بۆ بڕیارە نوێکەی لێبکا، ئەمەش بێگومان دوای ئەوەی سەعاتێک دەبێ هەموو هەوڵێکی دا تا "نەخێر"یان پێبسەلمێنێ.

باشە دواتر چی لە سوپا بکا. ورەیان ئەوەندە بەرز بووە هەرگیزیش وا ناچار نەکراوە، کە بکشێتەوە. پرسی کشانەوە پرسێکی قورسە بەدەستی بێنێ. ئەوکات بارێکی تاڵ بەسەر ئەفسەرە و پیاوانی دیکەدا دەکشێ، لەوانەشە لێی تێنەگەن، کە بەکردەوە شتێک بەدەستهاتووە هەرچەندە نرخەکەی ناوچەی سیناش بێ. بیرۆکەی ئەوەی زەبرێک لە سوپا بدرێ، قورسترین شت بوو لای ئەو.

لە دواییدا جەماوەریش هەبوو. هەڵمەتی سینا جۆشوخرۆشی گەلی دوای هەشت ساڵ لە ترسوبیمدا بزواند. هیچ سڵەمینەوەیەک لەو ئەگەرە نەبوو، کە فڕۆکە بۆمبهاویژەکانی ڕووسی بە نیشانەی میسرییەوە بێن و خاکی ئیسرائیل بە بۆمب دابێژن. هەروەها لە بەرامبەر ئەگەری سزادانیش، ترس و دڵەڕاوکێ لە گۆڕێدا نەبوو. ئیسرائیل دەیتوانی لە کاتی ناچاری برسێتیدا پشتێنی سەر زگی توند بگوشێ. بنگوریۆن دەیزانی، کە دەتوانرێ بە ئاسانی جەماوەر بۆ سیاسەتێکی سادەییانە بۆخۆی ڕابکێشێ لەوەی ئێستا تێیکەوتووە. ئەوان ئەو هەستەیان لا پەیدا دەبێ گوایە ناپاکییان دەرهەق کراوە.

بەختی لەوەدا هەبووکە لە "وتارە سەرکەوتووانەکەی" ڕۆژی پێشتر هیچ ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە پاشەڕۆژی ناوچەی سینا نەدابوو، بەڵام ئەو شێلگیرانە گوتبووی هێزی جەنگاوەری ئیسرائیل سەر بۆ هیچ گوشارێک دانانوێنی با لە لایەن ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتییانەشەوە بێ. بەڵام زۆر ئاستەم بوو ئیسرائیل بێ کۆمەکی بەرفراوانی فەرمی و نافەرمیی لایەنی ئەمریکایی کە وەک لە ڕابردوودا وەریدەگرت، بژیێ. سەرباری ئەوەش مرۆ دەبێ متمانەی بەوە هەبێ، ئایزنهاوەر ناپاکی دەرهەق دەوڵەتی جوولەکە ناکا.

دووەمین دانیشتنی بە پەلەی حکوومەت ئەنجام درایەوە. دوای چەندان سەعاتی پڕ لە مشتومڕ، هەموو وەزیرەکان پێشنیازی بنگوریۆنیان بە دڵ بوو بۆ ئەوەی سەرەک ئایزنهاوەر دڵنیا بکاتەوە، کە ئیسرائیل ئامادەیە سینا بەجێ بهێڵێ، گەر هاتوو ڕێوڕەسمێکی بەرچاوی هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخۆیەوە ببینێ. کابینە دەنگی بۆ پێشنیازەکە دا و دەبوایە هەمان شەویش لە ڕادیۆدا بۆ گەل بدوێ.

نوێنەرانی تەواوی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەدەر لە کۆمینیستەکان لە کۆنفرانسەکەدا بانگ کرابوون. سەعات نۆ و نیو بوو کاتێ کۆنفرانسەکەی جێهێشت. ژەمە خواردنێکی سووکی خوارد و چووە نووسینگەکەی تا دوانەکەی ڕادیۆی بنووسێ.

لە میانەی نووسینەکە بەردەوام دەیانپچڕاند. وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەموو دوای نیوەڕۆکە سەرقاڵی ئامادەکردنی وەڵامێکی

ئایزنهاوەر بوون. شەش سەعاتی خایاند تا لە وەڵامنامەکەدا بوونەوە. هەموو پەیڤ، هەموو پیت و هەموو وێرگولێک خاڵی باسکردنی نێوان ئۆرشەلیم، واشنتن و نیویۆرک بوون. هێڵی تەلەفونەکانی نێوانیان بەردەوام لەکاردا بوو.

لە میانەی شەوەکەدا، یەکێک تێبینی ئەوەی دا کە نامەکەی سەرۆکی ئەمریکا کاراکتەرێکی کەسایەتیانەی لەخۆگرتبوو بۆیە جارێکی دیکە پێویست بوو لە واشنتن بپرسنەوە ئاخۆ دەکارن نامەکە بۆ جەماوەر ئاشکرا بکەن. قسەیەکی سەرپێیانە لەگەڵ باڵوێزخانەی واشنتۆندا کرا. بە هۆی جیاوازی کاتەوە لەوێ نیوەڕۆ بوو. هەر زوو مۆڵەتیان دا نامەکە بڵاو بکەنەوە.

چەندان سەعات بنگوریۆن لە پشت مێزی نووسینگەکەیدا لەسەر کارتە ناسراوەکانی دوانەکەی دەنووسیەوە. یاریدەدەرانی پەڕبەپەڕیان بۆ لای پیتچنەکە دەبرد. چ نامەکەی بولگانین و چ هی ئایزنهاوەر وەرگێڕدرابووە سەر زمانی عیبری، کەچی سەرەک وەزیران سەرلەبەری لەسەر کارتەکانی خۆی نووسینەوە، تا لە کاتی دوانەکەیدا بتوانی باشتر بیانخوێنیتەوە.

لە درێژەی شەوەکەدا پێویستی بە سکرتێریکی زیاتر هەبوو، بۆیە یەکێکیان لە سەرۆکایەتی حکوومەتەوە بۆ بانگ کرد. کاتێکیش خانمە سکرتێرەکە گەیشت، بنگوریۆن لە ناوەکەی پرسی.

- "ناوم شیفرا ڕابینهوڤیچ Shifra Rabinovitch ە."

سەرەک وەزیران بە شێوەیەکەی نادۆستانە پرسی: "بۆچی تائێستا ناوێکی عیبرییانەت نییە؟"

کیژەکە سوور هەڵگەڕا و گوتی: "بە هیوام لە ڕۆژێکدا بە هۆی مێردکردنم ناوەکەم بگۆڕم."

بنگوریۆن خەندەگرتی و گوتی: "کەواتە هیوای هاوسەرێکی باش و ناوێکی عیبرییانەی جوانت بۆ دەخوازم."

دوانەکە کەمێک پێش نیوەشەو لەسەر نەوارێک تۆمارکرا. پەخشکردنەکە لە سەعات دوانزە و نیوی شەو پەخش دەکرا. لە ڕادیۆدا چەندان بانگەواز بڵاوکرانەوە، کە پەخشانامەیەکی گرنگ لە ڕادیۆدا بڵاودەکرێتەوە، بەڵکو گوێگران لە دەستیان نەچێ.

بنگۆریۆن لە نووسینگەکەی خۆی مایەوە. ناڤۆن ڕادیۆیەکی بچووکی هەبوو. کورسییەکان لە شێوەی هەیڤەداس دانران. یەکێکیان قاوەیەکی ترکی ساز کرد. گۆلدا مایەری وەزیری کاروباری دەرەوە، نامیر Namirی وەزیری کار و ئاران Aranی وەزیری پەروەردە لەتەک یاریدەدەرانی بنگۆریۆن لەوێ ئامادەبوون.

پێش پەخشکردنی دوانەکە، بنگۆریۆن دەستیدایە یەکێک لە چوار تەلەفۆنەکە، ژمارەیەکی لێدا و لە تەلەفۆنەکەدا گوتی: "پاولا بەڵێنم پێدابووی ئاگادارت بکەمەوە. پەخشەکە دوای پێنج خولەکی دیکە دەست پێدەکا."

پەخشەکە نیو سەعاتی برد. لەو کاتەی بنگۆریۆن لەسەر کورسییەکە پاڵی دابووەوە گوێی لە دەنگی خۆی ڕادەگرت، پێدەچوو بارە گرژیەکەی خاو بووبێتەوە. جارێکی دیکە بووەوە ئەو پیاوەی کە ئەرکێکی بەرچاوی لە خەباتی نەوەکاندا ڕایی دەکرد، پێدەچوو بڕیارێکی دابێ، بڕیارێکی پڕواتا. ئیدی دەکرا بچێتەوە ماڵ هەروەک ئەو دکتۆرەی نەشتەرگەرییەکی گەورەی ئەنجام دابێ، کەمێک لە کتێبەکەی "زیرەکی لای مرۆڤە هەرە کۆنەکان" بخوێنێتەوە و چێژ لە بێدەنگی نیوەشەو وەربگرێ. لە ڕۆژی هەینیدا نووسراوێکی زۆر دۆستانەی لە ئایزنهاوەرەوە بۆ هات، کە سوپاسی بڕیارەکەی کردبوو.

یەکێک لە گەورەترین بێئومێدییەکانی ژیانی ئەوەبوو، لەو ماوەیەدا بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی بچێتە سینا و هێزەکانی لە کاتی کشانیاندا بپشکنێ. هەفتەیەک دوای ئەوەی لەسەر جێگاکەی ڕابوو، کاتێکیش پزیشکەکان مۆڵەتیان پێدا، گەشتێکی دوو ڕۆژەی بە فڕۆکە بەسەر هەموو ناوچە داگیرکراوەکانیدا کرد. (هێشتا لەشکر دەستی بە کشانەوە نەکردبوو.)

ڕۆژی پاشتر لە کنیست ڕووبەڕووی توندڕەوەکان بووەوە. ئەو کۆمۆنیستانەی سەرهێڵی سیاسیی مۆسکۆیان پەیڕەو دەکرد، لەوە تووڕە بوون کە ئەو فەرمانی پەلامارە هەڵمەتبەرەکانی داوە. هیروتیش تووڕە ببوو چونکە بەڵێنی کشانەوەی لەشکری دابوو. بەڵام هەستوسۆزی هەر دوو گرووپەکان لەبەر زۆرینەی دەنگی کەنیست بەلاوە نران. پێش

ئـەوەی دانیشـتنەکە کۆتـایی پێبـی، سـەروەزیر پێناسـەیەکی نـوێی بـۆ چەمکی ئازایەتی دارشت.

- "ئازایـەتی جـۆرە زانیـارییێکی تایبەتمەنـدە، زانینێکـە بـۆ مرۆڤـی روون دەکاتەوە، کە چۆن بترسێ، بۆچی بترسێ و چۆنیش لـەو شتانە نەترسێ کە شایانی ترس نین."

رووێکـی دیکـەی ئازایـەتی بـاس نـەکرد، ئـەو ئازایەتیـەی کـە بڕیـارێکی ناخۆشەویسـتانە (ناجەماوەرییانـەی) پێبـدەی. ئـەوەش جـاری یەکـەم نـەبوو، کـە بنگۆریـۆن بیسـەلمێنێ ئـەو جـۆرە ئازایەتییـەی هەیـە و دوا جاریشی نابێ.

لـە کۆتـایی دیسـێمبەردا یـەکێک لـە کۆچبـەرە نوێکـان لـە بیئـر سـەبعەوە نووسی؛ ئەو تاکە جووت پێڵاوەکەی لە هەڵمەتی سینادا دڕاندوە و بە داخیشـە دەرفـەتی نـەبوو یـەکێ لـەو هـەزاران جـووت پێڵاوانـەی لـە میسرییەکان بەجێمابوون، بۆ خۆی گل بداتەوە.

بنگۆریـۆن لـە خـەرجی گیرفانی خـۆی جووتـە پێڵاوێکی نوێی بۆ کـابرا کڕی.

بەشی ٢٧ .

بە درێژایی هەفتەیەکی ڕەبەقی ساڵی ١٩٥٧، وێنەیەکی سەروەزیری ئیسرائیل لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەر لە پاریسەوە تا بریسبێین Brisbane°° بڵاو بووەوە و خوێنەرانی سەرقاڵ کرد. لە ڕاستیدا وێنەکەش لەسەر کەناری تەلئەبیب گیرابوو، کە هی پیرەمێردێکی سەرسپی بوو لەسەر سەر وەستابوو.

هەندێک کەس وایان دەزانی نوکتەیەکە. بە گەورەکردنی وێنەکەش سیمایەکە بە تەواوی دەرنەدەکەوت تا بناسرێتەوە. لە وێنەکەدا کابرایەکی کورتەبنەی بەرینی سەرسپی دیاربوو، لەوە زیاتر لەوێنەکە هەڵنەدەکرا. سەرباری ئەوەش ئەوانەی لە نزیکەوە بنگوریۆنیان دەناسی، وایان دەزانی هەرگیز مەیلی بە لای جومناستیکدا نەدەچوو، هەنووکەش تۆ بڵێی دوای حەفتا ساڵ و کە یەک دوو ساڵێکیشە باری لەشساخی لەنگە، کارێکی وای لەمست بێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە وێنەکەدا دیار بوو بنگۆریۆن بوو، چیرۆکێکی خۆیشی هەبوو کە بە تەواوی ڕاینەگەیاند.

کەمێک دوای جەنگی ڕزگاریخوازانە، وەزارەتی بەرگری بە دڵنیاییەوە کابرایەکی بە ناوی موشێ فێلدێنکرایس Moshe Feldenkrs کردە بەپرسی بەشی ئەلەکترۆنی. ناوبراو بە گەنجی دە ساڵان لە فەلەستین ژیاوە و پاشان چۆتە فەڕەنسا و ئیتالیا، لەوێ زانستە سروشتییەکانی خوێندووە.

Brisbane°° شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی ئوسترالیا-وەرگێڕ

فێلدنکرایس پیاوێکی فرەلایەن بوو. سالانێکی دوورودرێژ لەگەڵ ماڵباتی کوری Curie[56] لەسەر توخمی ڕادیۆم خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. لەو سەردەمدا وانەی تایبەتیانەی لەسەردەستی ژیگۆرۆ کانۆ Jigoro Kanoی پسپۆڕ لە جۆدۆ Jodoدا وەرگرتووە. ئەو یەکەمین ئەورووپی بوو قایشی ڕەشی بەدەستهێناوە و لەفەرەنساشدا یانەیەکی یویو یوتسو jiu-jitsuی دامەزراندووە. کاتێکیش ئالمانەکان لە فەرانسە نزیک بوونەوە، ئەو بارگەوبنەی بەرەو ئینگلستان تێکنا. لەوێ لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام دا، کە پەیوەندییان بە سۆراخکردنی بەلەمە ژێر دەریایەکان (غەواسە)وە هەبوو. کاتێکیش مرۆ لە ئینگلستاندا هێرش و پەلاماری و داگیرکاری ئالمانەکانی بە دوور نەدەزانی و پاسەوانانی نێوخۆش لە داری دەست زیاتریان پێنەبوو، فێلدنکرایس نامیلکەیەکی بە ناوی "شەڕکردن بێ چەک" نووسی، تیایدا ئەوەی نمایش کردبوو، چۆن پاسەوانەکان بە دەستی ڕووتەوە بتوانن پەلامارەدەرانی چەکدار چەک بکەن.

فێلدنکرایس وای وێنای جۆدۆ jodo دەکرد کە "هونەرێک وزەی جەستە و گیان بە شێوەیەکی بەرز و کاریگەر ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانج دەکا". ئەو بە قووڵی لەسەر شێوازی خۆڕکێفکردنی جەستەدا کۆڵیەوە، بە شێوەیەک بێئەوەی هیچی بەسەربێ ئەرکی مەزن ئەنجام بدا. یەکێک لە نۆ کتێبەکانی بە ناوی "جەستە و ڕەفتاری پێگەیشتووانە" بوو تیایدا باسی ترس، تووڕەیی، سێکبازی، هێزی ڕاکێشان و کاردانەوەکانی دەکرد. تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە پەیوەندی نێوان لاسەنگی بە هۆی لەدەستدانی هەست و ڕەفتار و گرژبوونی ماسولکەکان، هەڵە تەکنیکییەکانی هەناسەخواردنەوە، ئەزموونە سەرنەکەوتووەکانی سێکس، پەنجەی کووڕبووە و چەقوەستانی جەستەوە هەیە. چارەسەریش بەلای ئەوەوە شەقڵێکی نوێی جەستەیە.

لە ئینگلستاندا لەگەڵ کەسانێک کە کێشەی جەستەیی و سۆزدارییان هەبوو کاری دەکرد و بۆی دەرکەوت، دەتوانێ یارمەتیان بدا. بەڵام بە

[56] ماریا کوری١٨٦٧-١٩٤٣ کیمیا و سروشناسیکی پۆلۆنی- فرانسی بوو. لە کایەکانی رادیۆم و توخمەکانی پۆلۆنیۆمدا پسپۆڕ بوو. دوو خەلاتی نۆبلیشی وەرگرتووە-وەرگێڕ

پێی پۆلینکردنە نەریتییەکان و دامەزراوە داودەرمانییە زانستیەکان، بیرۆکەکانی ئەو ڕەت دەکرانەوە.

لە ئیسرائیل ئەو وڵاتە تازەیەی کە هێشتا باوەڕیان بە "مەحاڵ" هەبوو، پزیشکەکان بە چاوێکی گوماناویەوە تەماشایان دەکرد، لێ نەیانگەیاندبووە ڕادەی دوژمنکاری. هەر زوو ئەوەندە نەخۆش و دەردەداری بۆ هاتن، دەبوایە واز لە لێکۆڵینەوە ئەلەکترۆنیەکەی بهێنێ.

پرۆفیسۆر ئارۆن کاتزیر Aron katzir لە پەیمانگای وایزمەندا فێلدنکرایسی بە بنگوریۆن گەیاند.

فێلدنکرایس بە بنگوریۆنی گوت: "مێشکی لێبڕاوانەی مرۆڤ وەک هەوا وایە لە ڕۆژێکی خۆشدا، کە بەکردەوە بە تاڵە. مێشکێکی ئاسایی دەتوانێ حەفتا زمان لەخۆ بگرێ و مایسترۆیەکی بە ئەزموون لە توانیدا هەیە دەیان ئۆپێرا و سێمفۆنیا لە یادەوەری خۆیدا جێ بکاتەوە. مایسترۆ کە دەکارێ شەست و هەشت یان شەست و نۆ زمانی لە پاڵدا فێر ببێ و زمانزانیش دەتوانێ هەمان ژمارەی ئۆپێرا و سیمفۆنیا لە مێشکی خۆیدا جێ بکاتەوە.

ئەو کەسەی کە ئێمە بە پیتۆلی دەزانین، تەنیا پێنج لە سەدی تواناکانی مێشکی بەکار دەهێنێ."

سەبارەت بەو شێوازە شاشەش کە مرۆ جەستەی خۆی دەجوڵێنی، بە بنگوریۆنی گوت: "ئێمە لە ڕۆیشتنماندا وەک کۆمەڵە بووکەشووشەیەک ڕێ دەکەین لەوەی پاشای ئافەریدەکان بین."

بنگوریۆن کەم تاکورتێک دەربارەی تاقیکردنەوەکانی یۆگای خوێندبووەوە، بۆیە لایەنە تیۆرییەکەی دەزانی؛ مرۆڤ بە هۆی جڵەوکردنی جەستەی خۆی، دەتوانێ زیرەکایەتی و بازوبەندی تێدا دەربکەوێ. بەڵام هێشتا هەر لێی دڵنیا نەبوو.

بە میوانەکەی گوت: "من پێویستیم بە گەواهی هەیە."

فێلدنکرایس لیستێکی نەخۆشەکان، کتێبەکانی خۆی، گەواهیە نووسراوەکانی کە بۆی هاتبوون لەگەڵ نموونەی دەرسێکی بۆ نمایشکردن، خستە بەردەست. ئینجا سەرەک وەزیران بڕیاریدا: "کتێبێکی تۆ دەخوێنمەوە."

ڕۆژێک دواتر سەرلەنوێ بانگی فێلدنکرایسی کردەوە.

- "ئایا تۆ چەند دەرست پێویستن؟"

فیکلدنکرایس گوتی: "ئاسایانە هەفتەی دەرسێک لە ماوەی ساڵێکی ڕەبەقدا."

- "بەڵام من هەرگیز شاگردێکی تەمەن هەواز حەفتا ساڵیم نەبووە. ڕەنگبێ تۆ زۆر لەوە پترت پێویست بێ تا لە مەشقە نوێیکانم ڕابێی."

بنگۆریۆن ویستی نموونە دەرسێکی ببینێ، ئینجا لەسەری ڕێکبکەون بەڵکو ڕۆژانە دوای تەواوبوونی کارەکەی یەک سەعات دەرسی پێبدا.

لە یەکەم مەشقیدا، دەبوایە بنگۆریۆن بەچاو نوقاندنەوە لەسەر پشت پاڵ بکەوێ، قاچێکی بەرز بکاتەوە و بەهێواشی بیسووڕێنێتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا کە بە تەواوی تەرکیز بکاتە سەر ئەو جووڵەیەی ئەنجامی دەدا.

کاتێک فێلدنکرایس لە شاگردە نوێکەی دەکۆڵیەوە، کەوتە بەردڵی. ئەم پیاوە بەو ژانەی پشتیشی هەندێ جووڵە بە متمانەیەکی سەماکارێکی کۆرسئاسا دەکا، ئەوەش نیشانەیەی بەرەوپێشوەچوونی دەگەیاند. دوای دوو دەرس سەرەک وەزیران لێپرسی: "ڕەنگبێ ئەو مەشقانە زۆر شتی لەبن سەردا هەبێ. چەند مانگێکی دوورودرێژە کە ئازاری جومگەی سمتم هەیە، هەموو شەوێک چارەگێک هەڵمدەسێنێتەوە و لێناگەرێ بخەوم. بەڵام ئەمشەو سەعاتێک لەسەر یەک بە ئارامی نوستم."

پاولا لەو نێوەدا نەکەوتبووە ژێر باندۆری مەشقەکان. لە سەرەتاوە مامۆستاکەی بە ساختەکار دەبینی، ناوی لێنابوو "کاک حەللەق مەللەق[57]". بە پیاوەکەی گوت کە کاتی بە سوودی مێردەکەی بە شتی "بێسوود" بە فیڕۆ دەدا.

بەڵێ کاتێک بنگۆریۆن بە هۆی مەشقەکانیەوە هەندێ پێشوەچوونی لە خۆکۆنترۆڵکردن بە سەر جووڵەی جەستەیدا بەدەست هێنا، گەشتێکی پشکنینی سەربازییانەی بە ماتۆڕەبەلەمێک بە کەنداوی ئەکەبە (عقبة) Akabaی ئاوە ساردەکەدا کرد. لەوێشەوە گەڕایەوە ئۆرشەلیم کە

---

[57] نووسەر لێرەدا دەستەواژەی ئەفسووناوی هۆکوس پۆکوس Hocus Pocus بەکارهێناوە کە هیچ واتایەکی نییە. منیش حەللەق مەللەقە کوردیەکەم بۆ ئەو شوێنە پڕ بە پێست زانی-وەرگێر.

دانیشتنێکی بە پەلەی کابینەی حکوومەتەکەی هەبوو. شەوێکیشیان کە دافیلدنکرایس هاتەماڵیان پاولا بە ساردییەوە بەخێرهاتنی کرد.

- "شالۆم سلاو، کاک حەللەق مەللەق. ئەمشەو ئەو تۆ نابینێ. پزیشکەکە پێیگوتووە کەوا سییەکانی هەوکردووە."

بنگوریۆن کە گوێی لێیان بوو، لە ژوورەکەی خۆیەوە بانگی کرد: "ئەگەر فیلدنکرایس بێ، لێیگەڕێ با بێتە ژوور. دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم."

مامۆستاکە بۆ ئەو شەوە کاری بە بەرنامە ئاساییەکەی پێشوی نەکرد، بەڵکو مەشقی چۆنیەتی هەناسەدان و خواردنەوەی بۆ دانا.

پاولا وەک پاسەوانێک لای مێردەکەی وەستا.

- "تۆ ئەم شەو ناتوانی هیچی لێبکەی، ئەو نەخۆشە."
- "من لەوە ئەرخاینم گەر لێم بگەڕێی پلەی گەرمییەکەی دادەبەزێنم."

پاولا پێکەنی و گوتی: "من پەرستار بوومە و باوەڕم پێی نییە"

ئیدی هەردووکیان گرۆییان لەسەر کرد. پاولا پلەی گەرمیی نەخۆشەکەی گرت و فیلدنکرایسیش دەستی بە مەشقەکانی کرد.

دە خولەک دواتر پلەی گەرماکەی گرتەوە. هەنووکە یەک نمرەی تەواوی فەهرەنهایت دابەزیبوو. بەڵام نەخۆشەکە هەر بەوەندە مەشقە وازی هێنا.

- " دەبڕۆن و جارێ وازم لێبێنن."

هەفتەیەک پاشتر قیت بووەوە و مەشقە ئاساییەکانی خۆی دەست پێکردنەوە.

لە ماوەی سێ مانگە بەراییەکانی ساڵی ۱۹۵۷دا، قەیران لە دوای قەیران سەریان هەڵدەدا. لە هەموو لایەکەوە گوشار دەخرایە سەر ئیسرائیل تا لە کەرتی غەززە و کەنداوی عەقەبەدا بکشێتەوە. دانیشتنی بە پەلەی حکوومەت سازدرا و نزیکەی هەموو برووسکەیەکیش وشەی "زۆر پێویست"ی لەسەربوو، ئیدی هەموویان تەنگاو ببوون. کەچی بنگوریۆن ڕێنمایی دەرکرد، هیچ کەسێک نابێ لە کاتی مەشقە دەرسەکانی فیلدنکرایسدا تەنگەتاوی بکا و بیپچڕێنێ. جارێکیان لە نیوەی کۆبونەوەیەکی گرنگدا سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد و هەستی

کرد کاتی مەشقەکانی هاتووە گوتی: لێم مەگرن، ئێمە جارێ دانیشتنەکە هەڵدەپەسێرین. بە دەقاودەقی دوای یەک سەعات دەگەڕێمەوە لاتان."
تەنیا جارێکیان لە پەیڕەوی مەشقەکان لایدا، ئەویش کاتێ ئارگۆڤ هاتە لای و برووسکەیەکی دوانەخراوی سەرەک ئایزنهاوەری بۆ هێنا.
هەندێ جار سەرەک وەزیران لەگەڵ مامۆستاکەی باسوخواسی دەروونناسی و ڕەوشتیان دەکرد. جارێکیان فێلدنکرایس گوتی:

- "خەڵکی خۆگونجێنەر هەرگیز سەودایەک ناکا تا پێچەوانەشی نەهێنێتیە بەرچاوان. بڕیار ئەو کاتە گرنگ دەبێ کە لایەنی پەیوەندیدار ئەگەری پێچەوانەکەشی بەهەند هەڵبگرێ."

ئەمەش بووە مایەی گفتوگۆیەکی دووروودرێژی نێوانیان، چونکە بنگۆریۆن لەو ڕۆژگارەدا بڕیارێکی لە پێشبوو بیدا، دەمێک کە خۆی لێبەدوور دەگرت: ئایا دەبوایە مل بۆ گوشاری نێو دەوڵەتی کەچ بکا و لە غەززە و عەقەبە بکشێتەوە، یان نا؟
هەرگیز فێلدنکرایس ئەو جۆرە مژارە تەواو چاوەڕواننەکراوانەی بە سەرەک وەزیران نەدەبڕین. شەوێکیان گوتی: تۆ لە بواری زانستی ئەلەکترۆنیدا پسپۆڕی، دەتوانی پێمبڵێی ئایا هەڵدەکەوێ ماشێنێکی ئەلەکترۆنی دروستبکرێ، کە هەموو ئەرکەکانی مێشکی مرۆڤ لەخۆی بگرێ؟ یاخود ئەو بەهایەی تێدایە کە مرۆڤ هەرگیز بەڕێچکەی ماشێنێکی وادا نەچێ؟"
پاولا سکاڵای جۆراوجۆری لەسەر مەشقەکان هەبوون.

- "من کەیفم بەو جۆرە خەڵکانە نایەت کە زۆر بایەخ بە جەستەی خۆیان دەدەن. تۆ هەستێکت داوەتە پیاوەکەم کە چەند گرنگە چۆن بە پێوە بوەستێ، چۆن بڕوا، چۆن دابنیشێ."

بەڵام کاتێ زانی، تەندروستی هاوسەرەکەی بەرەو پێشەوە دەڕوا، بەرەبەرەوە ڕای گۆڕا و وایلێهات خۆی نەخۆشی بۆ لای "کاک حەللەق مەللەق" دەناردن.
سەرۆک بن زیڤی جارێکیان بە ڕێکەوت لە کاتی مەشقەکانی بنگۆریۆندا بەسەریاندا هات، دیتی لە تەنیشت پاولا، پرۆفیسۆر کاتزیر و سکرتێرە تایبەتییەکەی ڕاوەستابوون؛ بە وردی بۆی ڕوون بووەوە کە سەردانە

رازداریەکانی پسپۆڕی بواری زانستی ئەلەکترۆنی چی لەبن کڵاودا هەیە.

ڕەنگبایە ئەو نهێنییە هەرگیز دەرنەکەوتبایە، گەر هاتباو فێلدنکاریس سەردانی هەندەرانی نەکردبایە. کەمێک پێش ئەوەی ئیسرائیل بەجێ بهێڵێ، بنگۆریۆنی فێرکرد چۆن بە بەخۆهاتنەوەوەی تەواوەوە، ترسە خۆزاییەکانی (غەریزەکانی) جەستەی ڕاوبنێ. یەکێک لەو مەشقانە لەسەر دەست وەستان بوو. سەرەوەژێر مەشقەکەی لەسەر جێگادا پێدەکرا، بەڵام هێشتا لە خۆی ڕانەدەی لەسەر ناوکەوی ناوماڵەکەی خۆی تاقی بکاتەوە.

کاتێکیش یەک دوو هەفتە دواتر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی لەندەنی هەڵدایەوە، وێنەیەکی شاگردەکەی بینی، کە زۆر بە ڕێکوپێکی مەشقی لەسەر دەستوەستانی کردبوو. زەنگێکی بۆ تەلئەبیب لێدا، پێیان ڕاگەیاند، بنگۆریۆن لە میوانخانەی شارۆن لە هێرزلیا یەک دوو ڕۆژی بەسەربردووە، ئیدی لەوێ لەسەر لمی کەنار بۆی ڕوون بۆتەوە کە دەتوانی مەشقەکانی بکا.

- "وامزانی لمی کەنارەکە وەک دۆشەکی سەر جێگا نەرمە و ڕووبەرەکەشی لەبارە بۆ مەشقەکان. لە ڕاستیشدا وا دەرچوو. هیچ بیرۆکەیەکم بە خەیاڵ نەهات کە کەسیک دەمبینێ"

وێنەگرەکە بە نەناسراوی مایەوە، چونکە وێنەکە کامێرایەکی تێلێلینسی[٥٨] بەکار هێنابوو. دوو وێنەی لەوانەی گرتبوونی، بە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەربڵاوەکانی جیهانیی فرۆشتن، ئیدی ئەو وێنانە هەر لەو کاتەوە بوونە بیچمێکی ناودار زیاترین وێنەی شوراوەی بنگۆریۆن بوون. باشی و ناباشی وێنەی لەسەر دەستوەستانەکە لە بۆتەی ئاهەنگە فەرمییەکاندا باسکران، بەڵام زۆرینەی خەڵک لە مەبەستی مەشقەکان تێنەگەیشتن.

فێلدنکرایس ڕوونی کردەوە: "وەستان لەسەردەست لەخودی خۆیدا مەبەست نییە. لێکدانەوکە زۆر ئاسانە، یەکێکە لە مەشقە بێژمارەکان بۆ خۆ جڵەوکردن (خۆکۆنترۆڵکردن). ئەوەش قۆناخێکی گەیشتنە بە

[٥٨] تێلیلینس بۆ گەورەکردنی وێنە و نزیککردنەوەی پێتە نادیارەکان بەکاردێ-وەرگێر

قووڵبوونەوە لە بەخۆهاتنەوە. هەر کاتێک مرۆ ئامانجەکە بپێکێ، ئیدی پێویست ناکا مەشقەکان دووبارە بکاتەوە."
دکتۆرێکی هیندی کە سەردانی ئیسرائیلی کردبوو، لێیان پرسێ ئاخۆ ئەو جۆرە مەشقانە چەند بۆ لەشساخی باشن.
لەوەڵامدا گوتی: "ئەوە نازانم ئاخۆ ئەو جۆرە مەشقانە تەندروستی مرۆ بەرەو پێشەوە ببەن؛ بەڵام ئەوەندە دەزانم مرۆ دەبێ وەک گوێز ساخبێ، تا ئەم جۆرە مەشقانە بکا."
هەر لە سەردەمی هەراشییەوە، بنگۆریۆن ئەوە یەکەمین ساڵی بوو کە هیچ دەردێکی تووش نەبوو؛ تەندروستییێکی باش تەنها دوو دانی پشتەوەی دەرهێنان و ساچمەیەکیشی لە جەستەدا مابۆوە، دەرهێنا.
ئەو جلی پشتپارێزی فڕێدان، پێویستی بە پشتمل لەناو ترومبێل و دەرەوەییدا نەما، کێشی کەم بووەوە و دەیتوانی هەر کاتێک بخوازێ وەک کوڕێکی چواردە ساڵی لەسەر زەوی بە ئاسانی چوارمشقیانە دابنیشێ. جارێکیان کە لەسەر یەک پێ وەستا، قەیتانی پێڵاوەکەی توند ببوو، بە پێکەنینەوە گوتی: "سێ ساڵی ڕەبەقە بە هۆیەوە نەچەماومەتەوە."
ڕۆژێکیان لەگەڵ یاریدەدەرەکانی بە بۆنەی ساڵڕۆژی دەیەمی سەربەخۆیی ئیسرائیل، سەردانێکی کۆمیتەی ئاهەنگێرانی کرد.
پرسی: "ئەرێ نووسینگەی کۆمیتەکە لەکامە نهۆمە."
- "لە نهۆمی چوارەم."
- دە ئێوە بە ئەسانسێر بڕۆن، ئەزیش بە پێیان سەردەکەوم."
کاتێک گەیشتنە نهۆمی چوارەم یاریدەرێکی پێیگوت، کارمەندی ئەسانسێرەکە بێئومێد بوو، چونکە دەرفەتی نەبوو بە ئامێرەکە جەنابی بنگۆریۆن بگەیەنێتە نهۆمی مەبەست.
- "باشە، کاتێ گەڕاینەوە، من بە ئەساسنێر دادەبەزم."
کاتێک تەمەنی گەیشتە حەفتا و سێ ساڵ هەموو ڕۆژێک سەر لە بەیانی و ئێواران شەش کیلۆمەتر بە پێ دەڕۆیشت.
کەم سەرەک دەوڵەت وەک بنگۆریۆن دەرەقەتی گوشارگەلێکی وەک هەفتە سەرەتاییەکانی ساڵی ١٩٥٧دا دەهاتن.

دژی خواستەکانی یەکێتی شۆرەوی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و پارتی کۆمۆنیستی خودی ئیسرائیل بەردەوام بوو لەسەر داگیرکردنی سەربازییانەی شەقامەکانی غەززە. ئەو گەمەیەکی ئاستبەرزی وازی دەکرد، هەرچەندە چەکی دیپلۆماتیانەی لەبەردەستتدا نەبوون، هیچ هاوپەیمانی (ڕەنگبێ بێجگە لە فەرەنسا) نەبوون، هیچ شتێکی پێنەبوو گەفی پێوەبکا، تەنانەت دەرفەتی دارسانیشی نەبوو.

وەک ڕابەری گەلێکی کەمتر لە دوو ملیۆن کەس بەردەوام شێلگیرانە داکۆکی لە هەڵوێستەکەی خۆی لە بەرامبەر نوێنەرانی ٢٧٣.٠٠٠.٠٠٠دا دەکرد. ئەو تەنانەت دارسایە نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە ژیانیان بەبەر ئیسرائیلدا کرد. بەڵام بەدەر لەو کۆمەڵە کۆمۆنیستەی نێوخۆ، گەلەکەی لەیەک نەترازا، بە یەکگرتوویی و متمانەی تەواوە لە پاڵپشتی بوون بەوەی کە ئەو لەسەر هەق بوو.

لەوانەبوو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار خۆی بەدەستەوە دابا، بەڵام خۆڕسکیانە دەیزانی کەوا باشترە دەماری شەڕ هەڵنەستێنێ و بە نزمی ڕایبگرێ و تا پێی دەکرێ لەسەری بەردەوام بێ، چونکە دەرفەتی ئەوەی دەبێ بڕوا بە جیهان بێنی، کە ئیسرائیل تاکە نەتەوەیە لە جیهان بۆی نییە نۆکەندی سوئێس بەکاربێنێ؛ هەر چۆنێک بێ ئەو مافەی هەبوو کە کەڵک لە بەندەری خۆی ئیلات لەسەر دەریای سوور بۆ کەشتیرانی وڵاتەکەی وەربگرێ و ڕێگەش لە مسرییەکان بگرێ بۆ ئەوەی غەززە وەک بنکەیەکی پەلامارە ناپاکەکانی فیدائییەکان بەکاربهێنێ.

لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا شەش بڕیار دەرچوون، تیایدا داوایان لە ئیسرائیل دەکرد ناوچە داگیرکراوەکان جێبهێڵێ.

سەرەک ئایزنهاوەریش شەش نامەی توندی ناردن. ئەو پشوویێکی خۆیشی کورت کردەوە هەر بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە واشنتن و بە هۆی ڕادیۆوە هۆشداری بداتە ئیسرائیل لەوەی گەرهاتوو لەسەر سەرکێشیەکەی بەردەوام بێ، ئەوا دەرهاوێشتیەی نەخوازراوی دەبێ.

ئابا ئیبان و خانم گۆلدا مایەر بەردەوام لە نێوان ئۆرشەلیم، نیویۆرک و واشنتندا دەهاتن و دەچوون.

هەندێک جاران لە ڕۆژێکدا سێ کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەت دەبەستران.
بۆ یەکەمین جار دوای هێرشەکەی سەر سینا، بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆدەنگی دەرنەدەچوون.
وتووێژەکان بە بنبەست گەیشتن، بەڵام لە فێبرایەردا گۆڕانی تێکەوت.
ئەوەش کاتێک بوو کە دەللەس دوای وتووێژێکی سێ سەعاتی لەگەڵ ئابا ئیباندا ڕایگەیاند، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوە قایلە کە کەرتی غەززە بکەوێتە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کەنداوی عەقەبەش بۆ کەشتیگەلی ئیسرائیلی ئازاد بێ.
نوێنەرەکە برووسکەیەکی بۆ ئۆرشەلیم نارد و بنگوریۆنیش دەستبەجێ فەرمانی کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەتەکەی دا. ڕێبەر و تەتەرە پۆلیسەکان بە ماتۆڕەکانیان بە دوای سۆراخی وەزیرەکان کەوتن.
وەزیرێکیان ئاگادارینامەکەی لە سەر شاشەی سینەمایەکەوە پێگەیشت.
بنگوریۆن پێیگوتن: "هەمیشە ساتێک هەیە، مرۆ ئەوپەڕی سوود و قازانج لە بارودۆخێک وەرگرێکە تیایدایە، بەڵام کاتێ ئەوساتە لە دەست مرۆ دەرچێ، ئەوا دەرفەتی گێڕانەوەی نامێنێ."
کابینەکە تا سەعات دووی نیوەشەو دەمەتەقێیان لەسەر ڕەوشەکە کرد.
لە دواییدا دەنگ درا. چوار وەزیر پێدەچوو لەگەڵ ڕای سەرۆکەکەیان هاودەنگ نەبن، بەڵام ئەمە وای نەکرد لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە.
وەزیرەکان گەڕانەوەماڵەوە. بنگوریۆن هێشتا سەعاتێکی دیکەش لە نووسینگەکەی مایەوە، ڕێنمایی بۆ ئابا ئیبان و خانم مایەر دەردەکردن.
خانم گۆلدا مایەر هەموو ڕۆژەکەی لە واشنتندا هەر کۆنفرانسی دەگێڕان. کاتێک هاتە سەر ئەوە پڕۆژە دەقێک بنووسێ کە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بیخوێنێتەوە، بە تێلگراف بۆ ئیسرائیلی ڕەوانە کرد. ئەو ڕۆژی هەینیە کابینەکە لە سەعات سێی دوای نیوەڕۆ کۆبووەوە. دیسان گفتوگۆ و لەسەر مژارەکە کرایەوە. مشتومڕەکەیان تا ئەستێرەی شەو لە ئاسمان بەدەرکەوتن، بەردەوام بوو. ئەوەش نیشانەی ئەوبوو کە شابات دەستی پێکرد. دوو وەزیری نوێنەری پارتە ئەرسەدۆکسەکان دەبوایە بڕۆنەوە. ئەوان و چوار هاوپایەیان بە توندی دژی سیاسەتە نوێیەکەی بنگوریۆن ببوونەوە.

بڕیارەکە بۆ خودی خۆشیان گران بوو، چونکە بنگوریۆن بە خۆیشی دەیزانی بڕیارەکە بۆ سێ کۆمەڵە دەبێتە تاڵاونۆشی، ئەو گرووپانەش ئەوانە بوون، کە زۆری پێیانەوە پابەند بوو: سەربازەکان، کۆچبەرەکان و دانیشتوانی نەقەب.

سەرەتا دەبوایە دنەی لێتێگەیشتنی بۆ تاکتیکەکەی لای سوپا بدابایە، هەر بۆیە داوای کۆنفرانسێکی بۆ دەستەی ژەنەڕاڵەکانکرد، کە لە حەفت ژەنەراڵ پێکهاتبوو. کاتێک کۆبوونەوەی کابینەکەی تەواوکرد، ئەوان چاوەڕێیان دەکرد.

بە چەند وشەیەک باسی بارودۆخەکەی بۆ کردن، کە گوشار لە هەموو لایەکەو کراوە ساتی بڕیاردان هاتووە.

لە یەک بە یەکیان پرسی ئاخۆ گەر ئەوان لە شوێنی سەرەک وەزیران بوونایە چیان دەکرد. بێگومان کۆبوونەوەکە بێئومێدی لێکەوتەوە، بەڵام دژیشی نەوەستانەوە.

ئەو شەوە نەخشەیەکی بۆ گەشتێکی بە نشینگە سەرسنوورییەکان دانا. گەشتێک بۆلای ئەوانەی کە یەک دوو مانگە کردەوەی فیدائیەکانیان لێ دوور کەوتۆتەوە، تا بۆیان ڕوون بکاتەوە لەمەودوا چی دەقەومێ. (لە هەندێ شوێنی وەک سدێ بۆکر کۆلۆنیستەکان لە دوایدا بەبێ چەک دەیانتوانی بچنە سەر ئیشی خۆیان).

شەوی پاشتر لە سەعات هەشت و نیودا میلی ڕادیۆی خستەسەر ئێزگەی دەنگی ئیسرائیل کە کە کۆبوونەوەی دوێنێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەخش دەکرد. گوێی لە دەنگی خانم گۆلدا مایەر ڕاگرت، کە بە ئارامی، بێ هیچ شتێکی دراماتیکییانە ڕایگەیاند ئیسرائیل ئامادەیە لەسەر سێ شیمانە کە لەسەری ڕێککەوتوون خۆی بکێشێتەوە. (دەلەس لەسەر بەکارهێنانی وشەی مەرجەکان قایل نەببوو).

کەمێک دواتر هێنری کابۆت Henry Cabot نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان وتەیەکی دا. وتەکەی شایانی سەرنجدان بوو. ئەو شیمانەیەیی کە ناوچەی غەززە بخرێتە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوودکانەوە، ڕەت کردەوە.

سەرەک وەزیران لە نێو جێگاکەی هاتەدەر. ئەوەش تەنگژەیەکی دیکە بوو. زەنگێکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێدا، ئەوسا بۆ سکرتێر و یاریدەدەرە سەربازییەکەی.

ڕۆژەکەش شابات بوو، بەڵام دەبوایە کابینەکە هەر کۆ ببێتەوە. پەیک نێردرانە ماڵی دوو وەزیرە ئەرسەدۆکسەکە، چونکە لە شاباتدا نەدەبوایە تەلەفۆنیان کردبا. وەزیرەکانی دیکە بە تەلەفۆن ئاگادارکرانەوە. کۆبوونەوەکە سێ سەعاتی کێشا.

بە نامەیەکی سەرەک ئایزنهاوەر کۆتایی بەو بارە چەقبەستووە هات. نامەکەش بیروڕای سەرۆک بوو، هیوا و چاوەڕوانییەکانی ڕوونکردنەوەی خانم گۆلدا مایەری بە ڕادەیەکی شایستە لەخۆ گرتبوو.

لە دووشەممەشدا بنگوریۆن فەرمانی بە ژەنەڕاڵ مۆشی دایان دا، کە پەیوەندی بە فەرماندەی هێزی پۆلیسی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکا، تا چۆنیەتی کشانەوەی هێزەکانیان لەگەڵدا ڕێک بخا.

هەڵمەتی سینا کۆتایی پێهات.

ئیسرائیل چەک و تفاقێکی زۆری رووسی بە دەستکەوت بۆ بەجێما، لەگەڵ دوو جار نمایشە شکستخواردوەکەی میسر لەسەر گۆڕەپانی جەنگدا، زامنبوونی بێ لەمپەری دەریاوانی ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە ئیلات و دڵنیابوون لەوەی، کە چیدی فیدائییەکان لە غەززەوە پەلاماری نشینگە جووەکان نادەن، بۆ مەیسەر بوو.

بنگوریۆن لە ناوەوەی وڵات نەیاری نوێی بۆ پەیدابوون، پێیان وابوو دەبوایە تاسەر بەرگری نواندبا.

لە چاوی جیهانیش وەک دەوڵەتمەدارێکی کارامە، کە کتومت لە ساتی خۆی "بەڵێ" دەڵێ، ڕەفتاری نواند.

لە ڕاپرسییێکی ڕای گشتیدا، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کرا، ئەو بە یەکێک لە دە کەسە ناودارە زۆر ڕێزلێگیراو و بیچمە لەبەرچاوەکانی جیهانژمێردرا، سەرسامانەتر لە نەهرۆ Nahru، لۆدگ Lodge، دەلەس Dulles و ئیدن Eden

بەشی ۲۸

ئەو ڕۆژە لە ئۆرشەلیم ڕۆژێکی ساردی شێدار بوو.
لەبەرئەوەی لەو ڕۆژەدا یەک ساڵ بەسەر دەستپێکی هەڵمەتی سینا و کوشتارگەکەی کفر قاسم بەسەر چووبوو، پۆلیس هێزی زیاتری ناردە کەنیست.
لەو باڵاخانەیەی کە ڕووی کەوتبووە سەر ڕێگای شا جۆرجی پێنجەم، پرسی سیاسەتی دەرەوە تاوتوێ دەکرا. سەعات ٦.١٥ ی ئێوارە لەسەر سەکۆی پەرلەمان نۆرەقسەی نوێنەرێکی پارتێکی بچووک بوو. کاتێک ئەو پێنج ساڵ لەمەوبەر لە هەمان شوێن قسەی دەکرد، هۆڵی پەرلەمان لە پەنجەرەکانیەوە بەردباران کرا و دووکەڵی گازی فرمێسکرێژێن هەناسەی پەرلەمانتارانی تەنگ کرد و مشتومڕەکەیان لەسەر قەرەبوودانەوەی ئاڵمانەکان بۆ قوربانیانی هۆلۆکۆست پێڕاگرت. ئەمجارەشیان کاتێک کابرای تایین هەڵوێستەکەی خۆی ڕوون دەکردەوە، زۆر لە پەرلەمانتاران هۆڵەکەیان جێهێشت و چوونە ژووری قاوەخواردنەوەکە.
ئەو هۆڵەی کەنیست لێی کۆببووەوە، خڕ بوو. ئەندامەکان بە شێوە بازنەیەکەی شانۆ جێیان گرتبوو، لە نێوەڕاستدا کورسی و قەنەفەی بازنەیی و لە سەرەوەش لە بالکۆنەکەدا شوێنی جەماوەر و ڕۆژنامەوانان بوو. لە نێوەڕاستدا مێزێکی درێژی دەورەدراو بە کورسی هەبوو، لەسەر ئەو کورسیانەدا سەرەک وەزیران و هەر سیانزە وەزیرەکانی دادەنیشتن. لە مەودایەکی کەمێک لەوان دوورتر شوێنی میوانە پایەبەرزەکان بوو.

لەو ئێوارەی سێشەممەدا دوو وەزیر لە بۆنەیەکدا بوون، یەکیان وەزیری کاروباری حکوومەت چووبووە ئەمریکا، ئەوی دیکەشیان لەبەر هۆی تایبەتیانەی خۆی ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو، یەکێکیشیان لە ژووری قاوەخواردنەوەکە بوو. ئێلاتی Elathی نوێنەریش کە لە شوێنی میوانە پایەبەرزەکان دانیشتبوو، دەرچووبوو.

سەرەک وەزیران لەسەر کورسییەکەی خۆی، خۆی گرموڵە کردبوو، دیاربوو لە گژ هزران ڕاچووبوو. ئارگۆڤ ناحێمیای سکرتێرە سەربازییەکەی ئەو ڕۆژە لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو لە تەلئەبیب مابووەوە.

لەسەر قەپەنگەکە یەک دوو خوێندکار دانیشتبوون، تاکە گەشتیارێک و کارمەندێکی پاککەرەوەش کە ئیشی نەمابوو، هاتبوو سەیرێکی هۆڵەکە بکا.

دواندەرەکەی سەر سەکۆ بارە ئاڵۆز و تەنگەتاوییەکەی ئیسرائیلی هەنووکە و ساڵێک لەمەوبەری بە بیر ئامادەبووان دەهێنایەوە. ئەوکات...

لەپڕ لاوێکی کورتەبنەی بەرینی سەر ڕەشی قەیتانی لووت باریکی چاو زەق کە لەسەر کورسیەکی پشتەوەی بالکۆنەکە دانیشتبوو، بازیدا و شتێکی بەرەو لای کورسی ئەندامانی کابینەکە فڕێدا. شتە فڕێدراوەکە بە دەقاودەقی بە تەنیشت سەری سەرەک وەزیران ڕەت بوو، سەرەی کرد و لە نێوان کورسیەکەی موشێ شاپیرۆ وەزیری کاروباری ئایینی و وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و قەنەفەکەی میوانە پایەبەرزەکەدا کەوتەخوار.

دواندەرەکە لە نێوەڕاستی پەیڤەکانیدا وەستا. ساتە بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. دەنگێک لە سەر بالکۆنەکە هاواری کرد:

- "ئەوە چ لاساریەکە، بەرد فڕێ دەدەدرێ!"

شاپیرۆی وەزیر دانوشتایەوە تا بزانێ ئاخۆ ئەو شتە چیبوو فڕێدرایە بەردەمی. ئیدی دەنگی تەقینەوەیەک هات. شاپیرۆ لەسەر کورسیەکەی بە پشتدا کەوت. خوێن لەسەر و جەستەیەوە هات.

گۆلدا مایری وەزیری کاروباری دەرەوەش کورتە قیژەیەکی کرد و بە هەر دوو دەستەکانی لاقی خۆی داپۆشی.

سەرەک وەزیران، کە سەری لە کاتی ڕەتبوونی شتە فڕێدراوەکەدا لادابوو، بە دەنگەفەرمانێکی سەربازییانە هاواری کرد:

- "دانیشنەوە! کەستان لە شوێنی خۆی نەجوڵێ!"

ئەو خوێنەی بە لاقی گۆلدا مایەردا هاتە خوارەوە، تەنورەکەی سوورکرد و شانێکیشی خوێنی لێ دەتکا.

دووکەڵێکی چڕی تیژ، هۆڵەکەی پڕکرد.

لەسەر بالکۆنەکە لاوە سەر ڕەشەکە کە بەیەکێ لە دەروازەکاندا بە نیازی هەڵاتن بوو، لەلایەن پاسەوانەکەوە گیرا.

دوو ئەندامی پەرلەمان کە پیشەیان پزیشکی بوو بە پەلە خۆیان گەیاندە بریندارەکان.

خولەکێک دواتر هۆڕنی ترومبێلی فریادرەسی خەستەخانە ڕێگای شا جۆرجی پێنجەم، دەنگی دایەوە. شاپیرۆ ڕاکێشرایە دەرەوە و گەیەنرایە نەخۆشخانەی هاداسا.

لاقە بریندارەکەی خانم مایەر بە دەستەسڕ پێچرایەوە. موشی کارمێلMoshe Carmel وەزیری ڕێگاوبان شانێکی شکا. وەزیری کاروباری تەندروستی گشتی و خانمە ئەندامێکی پەرلەمان بە سووکی بریندار بوون.

هەرچەندە بنگوریۆن چەند ساچمەیەکی لە قۆڵی ڕاست و لاقی ڕاستەیدا هەبوون، نەیویست لە کاتی چوونە لای ترومبێلەکە بە مەبەستی گەیاندنە نەخۆشخانە، کەس بچێتە بن باڵیەوە. دوو تیمی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی هاداسا خەریکبوون دەستبەجێ کاری نەشتەرگەری بۆ شاپرۆ بکەن. ساچمەکان لە پێی خانم مایەر دەرهێنران و دواتر لە گەچیان گرت. شانە شکاوەکەی وەزیری ڕێگاوبانیش هەڵبەسترایەوە. بە هۆی تەمەن زۆری و ئەگەری هێدمەگرتن، جاری نەشتەرگەری بۆ بنگوریۆن نەکرا، بەڵکو تەنها دەرزی سڕکردنیان لێدا.

لە کەنیست دەستبەجێ دەست بە لێکۆڵینەوەی پۆلیسییانە کرا. شتە فڕێدراوەکە دیاربوو نارنجۆکێکی جۆری میل Mill بوو. گەر هاتبا و لەسەر مێزەکەی سەرەک وەزیراندا تەقابایەوە، ڕەنگبایە خۆی و وەزیرەکانی بە ساغی دەرنەچووبان. نارنجۆکەکە چاڵێکی قووڵی

کردبووە زەویەکە. بنمیچەکە نیشانەی تەقینەوەکەی پێوەدیاربوو. یەکێک لە ئامادەبووانی بالکۆنەکەش بریندار ببوو.

بکوژەکە ناوی مۆشی بن یاکۆڤ دویگ Moshe Ben Yaakov Duegی تەمەن ٢٥ ساڵان بوو. لە حەلەبی سووریاوە لە دایک ببوو. لە تەمەنی هەراشییەوە ڕووداوێکی لەدەست قەومابوو، بە هۆیەوە هەندێک تێکچووبوو. کەمێک پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دێتە فەلەستین و لەوێش لە ئۆروگای لاواندا کەتنێکی دیکە دەکا. لێرەوە بەرپرسیارێتی قەوماندنەکەی دەخاتە سەر شانی ئاژانسی جوولەکان و داوای قەرەبووکردنەوەیەک بە بڕی شەست و شەش هەزار دۆلار دەکا. کاتێکیش لە بەردەم داگادا داواکەی دۆڕاند، نامەی هەڕەشەئامێزی بۆ دادوەرەکە نارد. ئیدی گیرا، بەڵام دادوەری دەروونی ئەوی بە نالێهاتوو لەقەڵەم دا، بۆیە دۆسیەی پرسەکەی داخرا و نێردرایە لای دەزگای چاکسازیی. زۆریش نابێ لەوێ دەرچووە. دوو ساڵ لەمەوبەر هەوڵیداوە بە خۆڕایی سواری فڕۆکەیەک بێ تا بچێتە نیویۆرک. ئەو سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبوو.
کاتێکیش پەردە لەسەر ئەو زانیارییانە هەڵدرایەوە، هەموو ئیسرائیل پشێکی هاتەوەبەر. ئەوە هەر کردەیەکی ئاساییانە بوو، دوور بوو لە ڕەوشی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەوڵی کابرای بەدبەخت هیچ سەرەداوێکی سیاسیانەی بە دواوە نەبوو. ئەو لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستەکاندا هان نەدرابوو. مرۆ ئەو ترسەی ڕەوایەوە کە جارێکی دیکە لەگەڵ عەرەباندا شەڕ هەڵبگیرسێتەوە یان هەڕەشەی دەرەکیان لەسەربێ.
نەخۆشخانەی هەداسا بۆ ماوەیەکی کاتی گوازرابووەوە باڵەخانەیەکی دیکە، بچووک بوو، ژووری تایبەتییانەی تێدا نەبوو، بەڵام ژووری پزیشکەکان لە نهۆمی دووەم بۆ سەرەک وەزیران چۆڵک را. ئاگرۆڤ کە لە کاتی بنگوریۆن لەگیانەلادا بوو، لەوێ نەبوو، بۆیە بە شڵەژاوەیەوە لە تەلئەبیبەوە گەڕایەوە. لەگەڵ پاولادا ئێشکیان لە بنگوریۆن دەگرت. ئەوان تەنها لە منداڵەکانیان، سەرۆک، ئەو کچە کۆچبەرەی کە ناوی مازال Mazal بوو لە ماڵەکەی ئۆرشەلیمی

بنگۆریۆن کاتێک لەوێ نەدەبوون، کاری دەکرد، لەگەڵ پزیشکێک کە لە دروزەکان بوو، ڕێگای چوونە ژوورەوەیان دەدا. سەرەک وەزیران جارێک بە پزیشکە دروزەکەی گوت: "زۆر بە داخەوە تا ئێستا هیچ دکتۆرێکی یەمەنیتان نییە."

ڕۆژی دواتر بنگۆریۆن پێی لەسەر ئەوەدا گرت، کە نەحێمیا ئارگۆڤ هەموو برووسکەکان و باقی پۆستە ئاساییەوەکەی وەزارەتی بۆ بێنێتە نەخۆشخانە.

یەکەمین نامەی لە خەستەخانە بۆ باوک و دایکی ئەو کوڕە لاوە نووسی کە خەریک بوو بیکوژێ. نووسینەکە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە قۆڵ و دەستی ڕاستەی بریندار ببوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە خەتێکی جوان لەسەر کاخەزی پۆستی هاداسادا نامەیەکی ڕێکوپێکی نووسی:

بۆ دایک و باوکی موشێ دێوگ:

ئەوە بۆ من ئاشکرایە کە ئێوە وەک هەموو دانیشتوانی ئیسرائیل سەبارەت بە کردەوەی بێواتا و قێزەونەکەی دوێنێی کوڕەکەتان نیگەرانن. ئێوە ئازادن. هەنووکە ئێوە لە ئیسرائیلدا دەژین، لەو شوێنەی کە دادپەروەری تیایدا باڵادەستە، هیوادارم خۆتان و ڕۆڵەکەشتان هیچتان بەسەر نەیەت. هیوادارم ئێوە لەوەدا سەربکەون ڕۆڵەکانی دیکەتان بە شێوەیەک پەروەردە بکەن، کە کاری باش بکەن و ئیسرائیلییان خۆش بوێت.

داود بنگۆریۆن

لە زۆر وڵاتی عەرەبی بە هۆی ڕووداوی لەم چەشنەدا دەستبەجێ تەواوی خانەوادەکە دەگیران. پێدەچوو هەر لەبەر ئەوەش بووبێ دایک و باوکەکە، کە حەوت ساڵ بوو لە سووریاوەڕا هاتبوون، بە ترسولەزرەوە لە گۆشەی کۆڵێتێکی گوندێکی تەلئەبیب سەری خۆیان بە یەکەوە نابوو تا نامەکەیان بە دەست گەیشت.

لەبەر ئەوەی تەنها زمانی عەرەبییان دەزانی، ڕێبەرەکە نامەکەی لەبەر چرای لەمپا نەوتاوییەکە بۆ وەرگێڕان.

ئەو دوای نیوەڕۆیە وەزیری پیشەسازی و بازرگانی ویستی سەردانی سەرەک وەزیران بکا. کاتێک لە دەرگای نەخۆشەکە نزیک بووەوە، پاولا ڕێگەی پێگرت و ڕەوانەی کردەوە، لێنەگەڕا بچێتە ژوورەوە.

- "نابێ تۆ بچیتە ژوورەوە. بە تەنها ڕێگای پزیشکەکان دەدەم."

کاتێک وەزیرەکە بە داوای لێبووردنەوە زمانی تەتەڵە دەکرد، پاولا ئەوەشی لێزیادکرد و گوتی: "ئاسانە بە بەردەم پۆلیسەکانی خوارەوەدا ڕەت ببی، لێ ئەز ڕێگە بە کەس نادەم بچێتە ژوورەوە!"

ئەو هەفتەیە سەدان جووی بەرچاوی ئەمریکایی کە لە گەشتێکی لێکۆڵینەوەدا بوون، لەوێبوون. وەک لەبەرنامەدا بوو، دەبوایە سەرەک وەزیران ئەو ئێوارەیە بیدیتبان. بەڵام لەجیاتی بنگوریۆن ژنەکەی پێشوازی لێکردن. دوای خوێندنەوەی وتارێکی دووروودرێژی نووسراو بە پێکەنینەوە سوپاسی کردن و بە نوشتانەوەیەکیش لەگەڵ چەپڵەرێزانەوە گوتی: "ئێوە کارێکی باشتان ئەنجام داوە. بەردەوام بن!" جارێکی دیکە دانیشتەوە.

نەحێمیا چوار ڕۆژەکەی بەرایی، بێ دابڕان لە نەخۆشخانەکە مایەوە. لە شەممەدا سەرەک وەزیران هاتبووە سەرخۆی؛ پزیشکەکان گوتیان دەکرێ بڕواتەوە ماڵەوە. ئارگۆڤ کاری پێویستی لە وەزارەتی بەرگری هەبوو، ئیدی سواری ترومبێلەکەی بوو بۆ تەلئەبیب لێیخوڕی. لە گەڕانەوەیدا مێشوولەیەک فڕیە نێوچاوی. بۆ ساتێک ئاگای لە لێخوڕییەکەی و ڕێگا نەما و گرم خۆی بە پایسکل سوارێکدا دا.

ئارگۆڤ نەحێمیا ڕایگرت، پایسکلسوارە لەهۆشچووەکەی هەڵگرت و خستیە پشتەوەی ترومبێلەکەی. ئیدی پیاوەکەی گەیاندە نەخۆشخانەی ڕێهۆڤۆت Rehovoth. لەوێ ڕەوشەکەیان بە خراپی هەڵسەنگاند، دکتۆرەکان گوتیان ڕەنگبێ هەڵنەستێتەوە و بمرێ. دوای ئەوەی زانرا کە قوربانییەکە کۆچبەرێکی مارۆکۆیی چل و چوار ساڵانەیە، خێزاندارە و چوار منداڵی هەن، ئارگۆڤ گەڕایەوە تەلئەبیب.

ئەم یەکشەممەیە کارمەندەکانی وەزارەت دەرگای ژوورەکەی نەحێمیایان شکاند؛ دیتیان لە پشت نووسینگەکەی مردووە. بە دەمانچەکەی خۆی گوللەیەکی لەخۆیدا بوو.

لەسەر مێزی نووسینگەکە دوو نامە دانرابوون. یەکیان بۆ بنگوریۆن بوو ئەوی دیکەش لەسەری نووسرابوو "بۆ برادەرە باشەکانم". لە نامەی دووەمدا هاتبوو:

- "ئەمڕۆ پایسکلسوارێکم شێلا... دەترسم چاک نەبێتەوە... من هەرگیز لە خۆم نابورم، کەوا ماڵباتەکەیانم ئازار داوە... من داوای لێخۆشبوون لەو و خێزانەکەی دەکەم."

داوای کردبوو ئەو بڕە پارەیەی لەسەر کۆنتۆی پاشەکەوتی بانکەکەی و ئەو پارەیەش بە قەرز لای دوو برادەریەتی، کە بڕەکەی ١٢١٢ دۆلاری ئەمریکاییە، بدرێتە بێوەژنی قوربانیەکە.

- "برادە خۆشەویستەکانم... دوای ئەو شتەی قەوما، ناتوانم بژیم. داوای لێبوردن لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە ڕەنگە قەزرباریان بم... لەو بڕوایەدام ئاسایی نەبێ لەسەر گۆڕی کەسێک بە دەستی خۆی خۆی کوشتبێ، پەسن بدرێ. گەر هەڵە نەبم تکاتان لێدەکەم لەسەر ناشتنەکەم هیچ مەڵێن... با کەس بە مەرگی من ماتەمبار نەبێ... من ئەو بەهایەم نییە، کە بۆم نیگەران بن."

هەڵبەت هەواڵەکە گەیشتە ئۆرشەلیم، لەگەڵ دکتۆرەکان ڕاوێژ کرا. دوای نەشتەرگەرییەکە سەرەک وەزیران کەمێک پلەی گەرمی بەرز ببووەوە. دکتۆرەکان ویستیان بەهەر نرخێک بێ لە هێدمەگرتندا بە دووری بخەنەوە. نەخشەیەک دانرا بۆ ئەوەی جارێ هەواڵەکە پەردەپۆش بکرێ. ئێزگەی دەنگی ئیسرائیل ئاگادارکرایەوە هەواڵەکە لە نوچەکەیدا پەخش نەکا، چونکە بنگوریۆن بە بەردەوامی گوێی بۆ ڕادەهێشت. ئەوسا زەنگ بۆ هەموو ڕۆژنامە بەیانی و ئێوارەکان لێدرا. دەبوایە هەموویان سەر و دانەیەکی تایبەت بێ ناوهێنانی هەواڵی خۆکوشتنەکەی ئارگۆڤ چاپ بکەن. ئیدی کابرای تەتەر دەستبەجێ دانە چاپکراوە تایبەتەکە دوای دەرچوونی لە نێو ڕۆژنامەکاندا دەربهێنابا و بیگەیاندبایە نەخۆشخانەکە.

بۆ شەوەکەی هەواڵنێرێک زەنگێکی بۆ نەخۆشخانەی ڕیهۆڤوت لێدا. پایسکلسوارەکە لەمەترسی مردن دەرباز بوو.

لە نیویۆرک ئەڤرۆن، ئەو کەسەی پێشتر لەگەڵ ئارگۆڤدا ژیاوە و بە یەکەوە کاریان کردووە، لە سەروبەندی ئەو سەعاتەی کە کردەوەی خۆکوشتنەکەی ئەنجام داوە، پەیوەندی بە کارمەندێکی کۆنسولخانەکە کرد، کە هێشتا هەر لە ئیسرائیل دەژیا و لە دەستەی یاریدەدەرانی بنگوریۆن بوو. قسەکە دەربارەی ئارگوڤ بوو، ئەڤروم گوتی کەوا سکرتێرە سەربازییەکەی بنگوریۆن جارێکیان پێیگوتبوو:

- "من لە خۆم دەپرسم، باشە گەر هێرشێک کرایە سەر پیرەمێرد و سەری تێدا چوو، چی بکەم. ڕۆژگارێکە بەو کێشەیە دەتلێمەوە، بەڵام هەنووکە بڕیاری خۆم بۆ یەکلاکراوەتەوە و ئیدی ئارام بوومەتەوە. گەر هاتوو ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێکی وا بقەومێ، ئەوا خۆم دەکوژم. (دەستیشی لە دەمانچەی بەرپشتی دەدا). کاتێک ئەوەم زانی هەستم کرد زۆر هێور بوومەتەوە."

بیست و چوار سەعات دوای ئەوەی کارمەندەکەی کونسولخانە ئەو قسانەی لە ئێڤرۆم بیستبوو، زەنگێکی بۆ لێدا.

- "ئەرێ گوێت لە ڕادیۆ بوو؟ هەواڵێک لە ڕادیۆ پەخش کرا گوایە نەحێمیا خۆی کوشتووە."

برادەرە جۆربەجۆرەکانی سکرتێرە سەربازییەکەی سەرەک وەزیران ڕایانگەیاند، کەوا ڕێڕۆیشتنی بیرۆکەی خۆکوشتنەکەی ئارگۆڤیان لا سەیر نەبووە. ئارگۆڤ لە ١٩٥٢دا کاتێک بنگوریۆن لە کەنیستدا مەترسی مردنی لێدەکرا، ئامادە نەبوو. ئەمْ جارەشیان هەر لەوێ نەبوو. ئەو هەستەی لا گەڵاڵە ببوو، کەوا نەوەک هەر لە ئەرکەکەی دابڕاوە، بەڵکو باشترین ساتی ئاسوودەیی ژیانیشی لەدەست داوە. گەر سێشەممە لە کەنیست ئامادەبوایە، ئەوا بازی دەدا و خۆی بەسەر نارنجۆکەکەدا دەداو پاڵەوانانە دەمرد.

لە دوشەممەدا ئارگۆڤ بەوپەڕی شکۆی سەربازییانە نێژرا. شەش کۆلۆنێل (سەرهەنگ-عەقید) سندوقی دارەبازەکەیان هەڵگربوو. لاساریش بەرانبەر دوا خواستەکانی نەکرا. سەرۆکی دەستەی هێزەکان مۆشێ دایان لەلای گۆڕە کراوەکە گوتی:

- "مردن بۆ ئێمەشتێکی نامۆ نییە. بەڵام مردنێکی بەو چەشنە بەڵێ نامۆیە. بە ڕاستی لە مەرگی نەحێمیا ئارگۆڤ تێناگەم."

دوای کەمێک بێدەنگی، سەرلەنوێ تێهەڵچووەوە:

- "بەداخەوە، ئەو پیاوەیەی کە زۆر پێوەی پابەندبوو بوو، لێرە ئامادە نییە."

پاولا لەو سەدان کەسە بوو کە دوا نیگای ڕێزیان تێبڕی. مێردەکەی بە ئارامی لەناو جێگای نەخۆشی کەوتووە، دەخوێنێتەوە. ئاگای لە هیچ نەبوو.

ئەم سێشەممەیە بڕیاریاندا پێی بڵێن. مۆشی دایانیان ڕاسپارد هەواڵەکەی پێڕابگەیەنێ. دایان بە یاوەری پزیشکێکی نەخۆشخانەی هاداسا هاتە لای. کۆلێک Kollek، پاولا، شیمۆن پێریز Simon Peres بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی بەرگری و ناڤۆمیش لەوێ بوون. ناڤۆم گەشتێکی بە خواروی ئەمریکادا کردبوو تا پشک بۆ ئیسرائیل بفرۆشی، بەڵام دوای کردەی خۆکوشتنەکە فەرمانی پێدرا، بە زووترین کات بگەڕێتەوە.

سەرەک وەزیران لە بارێکی کەیفخۆشیدا بوو. دەیتوانی لە ماوەیەکی زوودا نەخۆشخانە جێ بێڵێ. بەڵام لە دواییدا دایان پێیگوت:

- "هەواڵێکی ناخۆشمان بۆت هەیە. نەحێمیا مرد."

بنگۆریۆن ڕەنگی هەڵبزڕکا، قیت دانیشت و پرسی:

- "چیت گوت؟"

دەنگی لەرزی.

مۆشی دایان بە کورتی ئەوەی ڕووی دابوو بۆ بنگۆریۆنی گێڕایەوە و نامە بەجێماوەکەی نەحێمیاشی دایەدەست.

بە هێواشی زەرفەکەی هەڵپچڕی. لەو کاتەی نامەکەی دەخوێندەوە ڕەنگی دەموچاوی تا دەهات هەڵدەبزڕکا. بێدەنگیەکی کوشندە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. لە دواییدا پاش خوێندنەوەی دوا لاپەڕە و واژۆکەی، پیاوە پیرە ڕیش چەرمووەکە بە زەحمەت وەرسووڕایە سەر جێگەی وپشتی لە ئامادەبووانی ژوورەکە کرد.

پاشان یەکێک لە ئامادەبووان گوتی کەوا دیواری بێدەنگیەکە لە ڕێی یەک وشە کڕوزانەوە شکێنرا:

- "نەحێمیا."

بە گوێرەی ئەوانی دیکە، پیرەمێردەکە هەر هیچی نەگوت.
بەڵام دوای چاوتروکانێک دەنگی هەنسکی نەرم هات. ئامادەبووان بە شەرمەوە تەماشای یەکدییان کرد. زۆرینەیان هەرگیز بەو بارە سۆزهەژێنەیان نەدیبوو، هەرچەندە یەک دووانێکیان بیریان هاتەوە، چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا و لە کاتی ناشتنی مامۆستادا چەند ماتەمبار بوو.
بەسەری پەنجان یەک لە دوای یەکیان چوونە دەرەوە.
لە دواییدا هەر بە تەنها بە خۆی و بارە هەڵنەگیرواە کۆستکەوتنەکەی مایەوە.
برینەکانی شان و پێی کە نەشتەرگەرەکان ساچمە بچووکەکانیان لێدەرهێنابوو، خەریکبوو لە پڕدا بکولێنەوە. بەڵام ئازاری دڵی زۆر لەوە زیاتر بوو، چونکە دەیزانی کەس جێگەی نەحێمیای بۆ پڕ ناکاتەوە. ئەوەش هەمووان دەیانزانی. نەحێماش بە خۆی دەیزانی. هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە زەحمەت بوو لە کردەکەی نەحێمیا تێبگەن.
ڕۆژانی دواتر بنگوریۆن نامەکەی نیشانی یەکێکیان دا. تیادا ڕوون نەکرابووەوە، کە بۆچی دەستی چووبووە گیانی خۆی. سەبارەت بە تامپۆنەکە هیچی باس نەکردبوو. ئەو پێنج لاپەڕە دێڕ لە یەک نزیکانە سەرسامی و کارانگازی گەنجەکەی بەرانبەر پیرەمێردەکە بابەتی سەرەکی بوو. تیایدا سوپاسی بنگوریۆنی بۆ برادەرایەتییە لە ڕادە بەدەرەکەی کردبوو، بە گوێرەی نامەکە خۆی بە شیاو دانەدەنا. ئەو دە ساڵەی ڕابردوو بەختیارترین ماوەی ژیانی بوو. بە ڕای ئەو، سێ مەزنە پیاو لە هەموو ڕۆژگاردا هەبوون: موسا، شا داود و داود بنگوریۆن.

- "ئەز دەزانم کەوا ڕەفتارەکەم ئازارت دەدا، بەڵام لەوە زیاتر شتی دیکەم لەدەست نایەت." پێی لەوە نابوو، ڕەفتاری وەک کەسێک نەنواندوە، کە هەست بە بەهێزی خۆی بکا. بنگوریۆن بەهێز بوو، پێویستیشی بە کەسانی بەهێز هەبوو. بەڵام ئەو، نەحێمیا ئەو بڕستەی نەمابوو.

لەبەر ئەوەی بنگوریۆن بێباک بوو، نەیدەویست نە بخواو نە بخواتەوە و نە لەگەڵ کەسیشدا بدوێ، دکتۆرەکان پێیان باش بوو یەکێک

دەربارەی خۆکوشتن لەگەڵیدا بدوێ، بەڵکو بە جارێک بکەوێتە قسان.
پاولا و منداڵەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە یادیین ئەو کەسە بێ، بیهێنێتە قسە.
لەو کاتەی یادین هاتە لای، ڕێنانای کچی لەلای نەخۆشەکە دانیشتبوو. جارێکی دیکە باوکەکەی ڕووی خۆی کردەوە دیوارەکە. لە پڕێکەوە ڕووی خۆی وەرگێڕا، ئەوسا یادینی دیت، کەیفی پێهات:

- "ئەرێ لە هەڵکۆڵینەکانی هازۆر Hazor بوویتەوە؟"
- "بەڵێ."
- "دەباشە لەو بارەیەوە شتم بۆ باس بکە."

یادین ماوەیەکی باش بوو دەربارەی زۆر لە نشینگەکانی سەدە کۆنەکانی بەرێی باس کرد، کە هەڵیکەندبوون، ئەوانەی هی سەردەمی یۆزۆوا بوو, کە شاری پیرۆز گەورەترین شاری چاخی خۆی بوو. ئەو بۆ ئەو باسوخواسە نەهاتبوو. ڕاستەوڕاست چاوی لەچاوە پڕ لەناسۆرەکانی بنگۆریۆن بڕی و گوتی:

- "پێویستە دەربارەی نەحێمیاش قسە بکەین."

سەرەک وەزیران سەری بادا.
یادین پێی لەسەر داگرت.
ئیدی بە نابەدڵی بنگۆریۆن ملی دایە. ئەو خوازیاربوو شتە ناوازەکان بزانێ. ئەوان تەنها پێیان گوتبووە کەوا خۆی کوشتووە. بەڵام بۆچی ئەو کارەی کردووە؟
سەعاتێکی ڕەبەق قسەیان کرد.
لەگەڵ هەڵڕشتنی ئەو هەست و سۆزەشدا، هێشتا کولوکۆڤانی هەر مابوو. چەندان هەفتە بنگۆریۆن کەسێکی دیکە بوو. بۆ یەکەمجار بوو لە دەیەیەکی دوورودرێژدا هیچ شتی لە یاداشتەکانی خۆیدا تۆمار نەکرد.
لە نەخۆشخانەکە پەرستارەکان شەڕیان لەسەر خزمەتکردنی دەکرد. کاتێک ناڤۆن لە دەرەوە گەڕایەوە، پەرستارێک بە ناوی ئەدنا Edna کە کچێکی پێست تاریک بوو خزمەتی دەکرد. ناڤۆم بە پەرستارەکەی گوت:

- "تۆ نابێ هەرگیز لەو هزرەدا بی کە خزمەتی سەرەک وەزیران دەکەی. تۆ نابێ ڕێگای پێبدەی فەرمانت بەسەردا بکا. تۆ دەبێ

فەرمانی بەسەردا بکەی. هەروەک نەخۆشێکی ئاسایی ڕەفتاری لەگەڵدا بنوێنە."

بنگۆریۆن گوێی لە دەمەتەقێکە بوو.

بنگۆریۆن گوتی: "بەڵام خۆ من چیدیکە نەخۆش نیم."

ناڤۆن بە پەرستارەکەی گوت: "باشە، کەواتە وای هەڵسوکەوت لەگەڵدا بکە، کە نەخۆشێکی ئاساییە، بەڵام هیچیشی نییە."

لە هەمان هەفتەدا پاولا تووشی پەسیوی ئاسایی بوو. سەرەتا نەیدەویست لەسەر جێگا خۆی بخا. گەر هاتبا و بەیانی و ئێواران سەری مێردەکەی نەدابایە، ئەوا بنگۆریۆن تەنگاو دەبوو. کاتێکیش ڕەوشەکەی پاولا خراپتر بوو، لەگەڵ پزیشکەکانی نەخۆشخانەی هاداسا گەیشتە ڕێککەوتنێک. ژوورێکیان لە سەرەوە نزیک ژووری بنگۆریۆن دایە پاولا. هەموو بەیانی و ئێوارانێک هەڵدەستا و خۆی دەگۆڕی و شەپقەی لەسەردەنا و هەگبەیەکی بازاڕکردنی دەخستە بن هەنگڵ ڕۆژنامە و گۆڤارێکیشی لەدەست دەگرت و دەهاتە لای بنگۆریۆن؛ خۆی وا نیشان دەدا کە تازە لە ماڵەوەڕا هاتووە.

لە سەرەوەش پەرستارەکان وەستابوون، هەر بگەڕابایەوە جلەکانیان لەبەر دادەکەند و لەسەر جێگەیان درێژدەکرد. بە هۆی ئەو ڕەفتارە نمایشئاسا شانۆییە، نەخۆشیەکەی لە باری ئاسایی خۆی زیاتری خایاند، بەڵام هەرچۆنێک بێ سەرەک وەزیران خەمی نەخۆشیکەی هاوسەرەکەی نەخوارد، چونکە پێی نەزانی.

دوای ئەوەی بنگۆریۆن بە کردە خۆکوژیەکەی ئارگۆڤ نەحیمیای زانی، ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانەدا درێژتر لە بارە ئاساییە چاوەڕوانکراوەکەی کێشا. دوای دوو هەفتە ئەوسا نەخۆشخانەکەی بەجێ هێشت. تا بارەکەی تەواو ئاسایی بووەوە چەندان میوانی هاتن، یەکێکیان مارکوس سییف بوو، لە لەندەنەوە بە خۆی و ژنەکەی سەردانی ئیسرائیلی کردبوو. سیف لە ساڵە بەراییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتدا خزمەتی زۆری کردبوو. لەو کاتەی دەڕۆیشتنەوە کوڕە لاوێک کە کراسێکی بێ بۆینباخی پۆشیبوو، بەسەر پەیژەکان بۆلای بنگۆریۆن سەرکەوت.

له‌سه‌ر شه‌قام گرووپێک ئیسرائیلی وه‌ستابوون. سییف ڕووی کرده ژنه‌که‌ی و پێیگوت:

- "سه‌یرکه بنگۆریۆن چه‌ند جه‌ماوه‌ری هه‌یه، خۆ ده‌بینی."

ئه‌وسا به خێرایی لێی زیاد کرد:

- "تۆ بڵێی ئه‌و لاوه کیبۆتییه کێ بێ که بۆ لای بنگۆریۆن ڕۆیشت."

هاوسه‌ره‌که‌ی گوتی: "ئه‌و گه‌نجه دانی کایه Danny Kaye بوو، له‌گه‌ڵ ب.گ دا دۆستی دێرینه‌ن."

دوای مه‌رگی ئارگۆڤ بنگۆریۆن پیاوێکی مه‌زاجی ده‌رچوو. ڕۆژێکیان به چه‌ندان سه‌عات ڕووی له دیوار ده‌کرد و هیچی نه‌ده‌خوارد. ئێواره‌که‌ی په‌رستاره‌که‌ی، پۆسته‌که‌ی بۆ له‌سه‌ر مێزێکی به‌رده‌م جێگاکه‌ی داده‌نا. به تاسه‌وه سه‌یری ده‌کرد، تا گۆڤارێکی زانستییانه‌ی ئه‌مریکایی دۆزیه‌وه. خوله‌کێک دواتر له‌نێو سه‌رینه‌کانیدا دانیشتبوو، وتارێکی سه‌باره‌ت چۆنیه‌تی سه‌رهه‌ڵدانی هه‌وره‌کان ده‌خوێنده‌وه. کاتێکیش په‌رستاره‌که گه‌ڕایه‌وه، لێیپرسی:

- "ئه‌رێ بۆچی هه‌موو ڕۆژه‌که هیچ خواردنتان بۆ نه‌هێناوم."

دوای ئه‌وه‌ی ژه‌مێکی قورسی خوارد، جارێکی دیکه گه‌ڕایه‌وه سه‌ر وتاری له‌مه‌ڕ هه‌وره‌کان. ناڤۆم هاته لای و لێیپرسی ئایا ئاماده‌یه کابرایه‌کی ئه‌مریکایی ببینێ، که کتێبێکی له‌باره‌ی ئه‌وه‌وه نووسیوه.

- "با بێته ژووره‌وه."

کاتێک ئه‌مریکاییه‌که ڕوونی کرده‌وه، که ئه‌و گۆی Goyیه (وشه‌یه‌کی عیبرییه، هه‌ندێک جاران بۆ غه‌یره جوش به‌کاردێ) بنگۆریۆن ڕوونکردنه‌وه‌یه‌کی ئێتیمۆلۆژیانه[٥٩] بۆ په‌یڤه‌که کرد:

- "گۆی له بنه‌ڕه‌ته‌وه واتای گه‌ل ده‌دا. که‌واته ئه‌ز ده‌توانم بێژم که هیوام وایه ئیسرائیل ببێته گۆیه‌کی سه‌ربه‌خۆ و به‌هێز."

په‌رستاره‌که جامه ماستێکی بۆ هێنا.

- "ئه‌مه‌یان (مه‌به‌ستی خواردنی ماسته) له ترکیا فێربووم. ئه‌وان پێیان وایه ئه‌وه‌ی ماست بخوا، ته‌مه‌نی ده‌گاته سه‌د ساڵ."

---

[٥٩] زانستێکه بۆ لێکدانه‌وه‌ی ره‌گوریشه‌ی وشه‌کان-وه‌رگێر

چاوەکانی پزیشکی ژیانیان لێدەردەپەڕین. پرچە سپییەکەی بێکۆتایی قیت وەستابووەوە. کەسایەتیەکە هێزێکی دینامیکیانەی ڕەنگ دەدایەوە، کە لە هەموو ژوورەکەدا هەستت پێدەکرد.

ئێستا تیشکە ڕامانە تیژەکەی خستۆتە سەر بابەتێک، ئەوسا مژارێکی دیکە.

میوانەکە زۆر نابێ لە گانا بووە. سەرەک وەزیران یەکێ لە کارامەترین دیپلۆماتەکانی بۆ ئەوێ ڕەوانە کردبوو. بە خۆیشی خوازیار بوو بچێتە گانا تا لە جەژنی سەربەخۆییاندا بەشداربێ، بەڵام قەیرانی سینا ڕێگەی پێنەدا. هەرچەندە ئیسرائیل وڵاتێکی هەژار بوو، بەڵام دەستی بە کۆمەکی گانا کردبوو. سەرەک وەزیران بە تاسەوە لەگەڵ میوانەکەی ڕەفتاری نواند:

- "ئەرێ ئەوێ چۆنە؟ دەربارەی ئەوێ زیاترم شت پێبڵێ. ئەرێ چوویتە کوماسی Kumasi شاری ئاشانتیس Ashanti؟ ئاوهەوای ئەوێ چۆنە، هەروەک ئیسرائیل گەرمە؟ ئەرێ باشە هەوای شێداری ئەوێ چۆنە؟"

سەرەک نکروما Nkrumah قاتێکی خۆجێی وڵاتەکەی بۆ ناردبوو، کە بەدەست دروابوو، ڕەنگی ئاڵووالای نەخشینی تێدا بوو. بەڵام تۆ بڵێی ئەو قوماشە بۆ ئاووهەوای گەرم دەستبدا؟ ئایا ئاکرا Akkra لە هێڵی کەمەرەیی (ئیستیوا) چەند دوورە؟ لە دواییدا ناڤون ئاماژەیەکی وایدا کە کاتی نوستنی سەرەک وەزیران هاتووە.

لە خواحافیزیدا کابرای ئەمریکایی گوتی:

- "گەر تۆ لەکاری سەرەک وەزیرانی وەڕەز بووی، پێویستە ببیە هەواڵنێر. من بۆ ئەوە هاتبووم پرسیارتان لێبکەم، کەچی تۆ لە بابەتێکدا پرسیارکوتت کردم."

دەقاودەق سێ هەفتە دوای تەقینەوەکەی پەرلەمان و شانزە ڕۆژیش پاش کردە خۆکوژیەکەی ئارگۆڤ نەحیمیا، سەرەک وەزیران کە هێشتا پێیەکی هەر لە باندێج پێچرابوو، هاتەوە کەنیست، یەکەمین دوانی دوای چاکبوونەوەی بۆ ئیسرائیل دا. وەک داودێکی مۆدرێن بە دەنگێکی لاوانەوە دەستی پێکرد:

- "مایەی کەسەرێکی گەورەمە، دوو ڕۆژی ڕەبەق بە سوێترین کۆستی لەدەستچوونی نەحیمیایان لێشاردمەوە. ئەوەش مایەی خەفەتباریمە، بەڵام تووڕە نیم..."
- "نزیکەی دە ساڵە نەحیمیا و من بە یەکەوە کاردەکەین. ئەز لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی لە نێوان دوو پیاودا هاوکارییەکی وا سەرهەڵبدا. من ناتوانم بڕیار بدەم، ئاخۆ چ پشکێکی من لە دەستکەوتی ئەو دە ساڵەدا هەبووبێ. من دەزانم کە نمایشێکی بە کۆمەڵ بووە، تیایدا دەیان، سەدان بگرە هەزاران هاوخەبات بوونە؛ کاری وا پاڵەوان ئاساییانە کراوە کە ناکرێ بە کردەوەیەکی مەزنی مێژوویيمان نەنووسرێ، تەنانەت هەندێکیان لە تۆماری مێژوی گەلی جوولەکەدا بێوێنەن."
- "گەر پشکی من لە هەر دەستکەوتێکی بەدیهاتودا هەبێ، ئەوا چاکەکەی بۆ ئەو هەڤاڵێتیەی نێوان نەحێمیا و من دەگەڕێتەوە. هەڤاڵبەندیێک لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی دابەشکراو بوو، تیایدا ژماردن هیچ ڕۆڵێکیتیدا نەدەبینی، تیایدا من من و تۆتۆ (منمنۆکێ) جێگای نەدەبووەوە."
- "نەحێمیاش وەک من فراژی (کامل) نەبوو. هیچ پیاوێکی کامل لەسەر گۆی زەویدا نییە. تەنانەت لە بایبلیشدا پیاوی تەواو کاملی تێدا نییە کە خەوشێک، لاوازییەکی تێدا نەبێ. هەموو مرۆڤێک خەسڵەتی چاکە و خراپەی تێدا هەیە، تەنانەت زۆرینەی چاکەکانیشیان تەواو کامڵ نین."
- "بێوێنەیی نەحێمیا لەوەدا بوو، کە بۆ یەک پنت میهرەبان و بروادار مایەوە، ڕەنگبێ ئەو دلۆڤانییەی بۆ یەک کەس بێ، بەڵام لە گەوهەردا بە پرسێکی دووانەیی متمانەدار مایەوە... بە دەوڵەت و بە لەشکر. نەحێمیا بەهرەیەکی گرانبەها و دانسقەی هەبوو، بەهرەی خۆشەویستییەکی مەزن. لە ئەودا ئاگری یەزدانی داگیرسابوو، لەو ئاگرەشدا خۆشەویستی و خەمی دەچەشت."
- "لێرە لەگەڵمدا، با ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادەوەریەکەی ئەو بە پێوە بوەستین."

بەشی ٢٩

ئێستا ئیسرائیل دە ساڵە دامەزراوە، بنگۆریۆنیش ئەو پیاوەیە کە سوکانی کەشتی دەوڵەتەکەی شێلگیرانە بە هەر دوو دەستەکانی ڕاگرتووە و لێیدەخوڕێ.
ئەو نارەزایەتیەی گوایە دژی ئاهەنگی یادکردنەوەکان بووە، ئەمجارەیان وا نەهاتەوە، بەڵکو ساڵەکە بە خۆ ئامادەکردن بۆ ئاهەنگێران دەستی پێکرد؛ دەستەی نمایشکار، دەماکدارەکان، موزیک و شایی، کیبەرکێی وەرزشیانە، کێرسمێس و بۆنەشکۆی پەسندانی وایزمەن، نۆژەنکردنەوەی بەندەری ئیلاتی دێرین دوای ئەو هەموو سەدانەی بەسەرچوون، گەشتە نمایشکارێک بە نێو ئەو دەیەیەی مێژوی نزیکی ئیسرائیل، ئەوسا قووڵبوونەوە بە نێو دیرۆکە دووروودرێژەکەی گەلی جوولەکەدا، کە بۆ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، کە تیایدا گەلی جوولەکە لە خەبات و تێکۆشاندا بوو.
ئەو پەرەشووتوانانەی لە هەڵمەتی سینادا بەشدارییان کردبوو، نمایشی خۆیان کرد، هێزی ئاسمانی و مارینزیش مەشقەنمایشەکانی خۆیان ئەنجام دا، ئەوەش هەمووی لە وڵاتێکدا کرا کە بە دوژمن تەنرابوو، دەیانەویست لەناوی بەرن.
سەرنجراکێشترین نمایش پێواژۆی ئاشتیانەکەیان بوو کە لە دەقێکی کتێبی یەسیا Jesaja بناوانی گرتبوو:

- – "ئەوان ئیدی کردەی جەنگاوەرییانە فێر نابن."

لەو ملیۆن وشەیەی سەرکردەی ئیسرائیل لە ژیانی خۆیدا بۆ گەلی جوولەکەی نووسیبوو، تەنها ئەو کورتە ڕستانەیان هەڵبژارد کە بە بێژمار لە هەموو شوێنێکدا سەریان هەڵدەدا:

- "دەوڵەت لە ڕێی جاڕنامەی سەربەخۆبوونەوە دانامەزرێ، بەڵکو بە ڕۆژ و شەو بنیاتدەنرێ و ساڵانێکی دوور و درێژ دەخایەنێ، بەڵێ بە چەندان نەوە دەبێ ڕەنجی بۆ بدەن."

لە هەفتەی یەکەمی ئەپریلدا ئەو گەڕیدانەی دەیانەویست نمایشی فیستیڤالەکان ببینن، بە لێشاو دەهاتن. ئەوان لە هەموو سوچێکی دنیاوە هاتن. کەشتی 'Queen Mary'گەشتی تایبەتی بە هێنانی گەڕیدەکان بۆ ئیسرائیل تەرخان کرد.

لە هەندێک شەودا ئیسرائیل هەر لە دان Danەوە بۆ بیئر سەبعە نە جێیوباڵینگان، نە میوانخانەیەک نە دۆشەکێک نەدەما کە پڕ نەکرابێتەوە. تەنانەت میوانخانە نوێیە دوورەکەی ئیلاتیش کە نیو ملیۆن دۆلاری تێچووبوو، بە ڕۆژ و شەو گیرابوو.

لەگەڵ گەشتیار و گەڕیدەکاندا هەواڵنێران، پەیامنێران، وێنەگران، فیلمسازان، ڕادیۆکاران و تەلەفزیۆنمەندان و ڕۆژنامەوانان کە دەیانەویست وتاری تایبەت لەسەر سەرەک وەزیران بنووسن، هاتبوون.

لە هەندێک ڕۆژدا بنگوریۆن بە تەواوی خۆی بۆ ئەرکی نوێنەرایتیکردن تەرخان دەکرد. ئەو بە جۆش و ئامادەی هاوکاریکردن بوو. بەرسڤی هەزاران پرسی دایەوە، بە سەدان وێنەی گیران، نارەزایی لە ئامادەبوون لە بەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا نیشان نەدا. چەندان جار لێی دووپاتکرایەوە ئاخۆ ئامادەیە چاوی بە ناسر بکەوێ.

وەڵامەکەشی ئەوەبوو: "گەر ئەو داوام لێبکا، ئەوا بە خۆم دەچمە قاهیرە. من هەمیشە ئامادەم بە خۆم دانوستانی لەگەڵدا بکەم."

کاتێکیش سووریا و میسر یەکێتیی کۆماری عەرەبییان پێکهێنا، هەواڵنێرێکی ڕادیۆی قاهیرە گوتی؛ وا باشە مرۆ داوا لە ئیسرائیلیش بکا بێتە نێو یەکێتییەکە؛ بنگوریۆن لە بەرامبەردا گوتی:

- "گەر داواکە بە ڕاستی بێ، ئەزیش بە ڕاستی بیری لێدەکەمەوە. خۆ هەمووممان ماڵمان هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە."

بنگوریۆن لە کاتی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا حەزی لێبوو بە زمانی ژمارە قسە بکا، نەخاسمە لە ماوەی ئەو دە ساڵەی سەربەخۆیدا، تا بیسەلمێنێ ئاخۆ ئیسرائیل چەند بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە: نزیکەی یەک ملیۆن کۆچبەر هاتوونەتە وڵات. هەنووکە

ژمارەی دانیشتوان خۆی لە دوو ملیۆن دەدا. ئاخر چ وڵاتێک لە دنیادا هەیە لە ماوەی تەنها دە ساڵدا ژمارەی سەرنشینانی دووقات ببێتەوە. لەو کۆچبەرانەی هاتونەتە وڵات تەنها دووسەد کەسیان لە کاروباری کشتیارییان دەزانی و ژمارەیەکی زۆر کەمیشیان لە فابریکەکاندا کاریان کردبوو، بەڵام ئێستا زۆرینەیان جووتیارن یان کرێکاری کەرتی پیشەسازین. سەرلەنوێ بوژانەوەی گەلی جوو دەستی پێکردەوە.

ئەو کۆچبەرانە لە حەفتا وڵاتی دنیاوە هاتوون و بە هەموو زمانەکان دەدوان تەنانەت بە زمانی یابانیش، وەلێ لەگەڵ هاتنیاندا زوو زمانی زگماکیان فێربوون. نزیکەی پێنجسەد گوند و نشینگە دامەزرێنران. یەک چارەگە ملیۆن خانووبەرە دروستکران.

هەنووکە ئیسرائیل سێچارەکی خواردنی پێویستی خۆی بەرهەم دەهێنێ. تەلئەبیب بۆتە شارێکی گەورە. ئیلات لە کۆلێتێکەوە گەورە بووە بۆتە شارۆچکەیەکی چوارهەزار کەسی. لە عەککا Akkraی هەرە کۆنیشدا کارگەی ئاسن و پۆلا و لە بیئر سەبعەی بیابانیش کارگەی خشت و فەخفوری دامەزراوە. تەنانەت لەبواری هونەر و زانستیشەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. لەچاو ژمارەی دانیشتوانەکانیدا ئیسرائیل دووەمین نەتەوەدەوڵەتی جیهانە، کە کتێبی نوێی تیایدا دەربچێ. شەش ئۆرکێست و سەد کۆڕاڵی جێگری هەن. پەیمانگایەکی زانستییانە بۆ لێکۆڵینەوە هەیە. چەندان شانۆ، گەرەکی هونەرمەندان، شاعیر و گۆرانیبێژی هەن.

کاتێکیش تازە دەوڵەت دامەزرا، قوتابخانەکان سەد هەزار قوتابییان نەبوون، کەچی هەنووکە نیو ملیۆنی هەن.

لەسەر مێزی نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتدا ڕاپۆرتی هەموو وەزارەتەکان هەبوون، تیایاندا نمایشی ئەو دەستکەوتە سەرسوڕهێنەرانەی ئیسرائیلیان لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا نیشان دەدا.

ئەم پیاوە دەوڵەتمەدارە سەرسپییە، کە هەرگیز تێنوێتی بە دەستکەوتە بەدیهاتووەکان نەدەشکا، لە میانەی ساڵیادەکەدا زیاتر لە هەموو شتێک باسی ئایندەی دەکرد. لەو ڕۆژگارەدا هەموو کەسێک بە شانوباڵای دەستکەوتاکانیان هەڵدەدا، لەمەشیاندا لەسەر هەقبوون، بەڵام بنگۆریۆن

خوازیاربوو ڕامانێک ئافەریدە بکا تا سەرنج و ئاگاهی بخاتە سەر ئامانجی نوێ. وا لە گەلەکەی بکا لە ئاینده ورد بێتەوە.
لە ماوەی دە ساڵی دیکەشدا دەبوایە یەک ملیۆن کۆچبەری دیکە بهاتبایە وڵات. ئەو کۆمەڵەیەی لە کێڵگە و کشتارییدا کاریان دەکرد، دەبوایە دووقات ببوونایە. دەبوایە بە دڵنیاییەوە ڕێژەیەکی خۆژیێنی (الاكتفاء الذاتي) بەدەست هاتبا. ئیسرائیل دەبوو ببایە هێزێکی گرنگی کەشتیوانیی. لەوانەبوو نیو ملیۆن دەستپێک بەرەو بیابان بکشێن.
لەوانەبوو بەشێکی ڕووسیا، ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەب گرەویان لەسەر بەدیهاتنی خەونەکە کردبێ، بەڵام تا ئەو لە ژیاندا بێ، تا ئیسرائیل ئەوی وەک سەرکردەیەک خۆش بوێ، تا ئەو کاتەی ئەو لەسەر خەونبینین بە ئایندەوە بەردەوام بێ، ئەوا گەلەکەی وەک هەمیشە لە سۆراخکردنی نمایشێکی نوێ ناکەوێ، هێشتا ئەو تێکەڵەیەکی ماتریالی و گیانییە، هێشتا خاوەن ئەندێشەیە و پیاوێکی کردارە و دژی زێدەڕۆیی و لەخۆباییبونی بە سەرکەوتنە و شکێنەری بێئومێدیش دەمێنێتەوە.
ئەو کێبەرکێیەی بە بۆنەی ساڵڕۆژی سەربەخۆبوون لای بنگوریۆن "لە هەموویان گرنگتر بوو"، کێبەرکێیەکە زانیاریی هەڵقوڵاتێکی نێودەوڵەتییانەی بایبل بوو، بەوەی سەرجەم کێبەرکێکارەکان لە هەموو دنیاوە دەهاتن و لە ئۆرشەلیم کۆدەبوونەوە.
لە ڕۆژێکی گەرمی ئاگوستسدا گەورەترین هۆڵی ئۆرشەلیم لە کێبەرکێکارەکان جمەیان دەهات، کە براوەی نیشتمانیانەیان بۆ ئیسرائیل هەڵدەبژارد. لەو هەزاران جێیە هیچی بە بەتاڵی نەمایەوە. سەرەک وەزیران چوار سەعاتی ڕەبەق گوێی لە پرس و وەڵامەکان کە لە ڕادیۆدا بڵاوکرانەوە، گرت. بە تاسەوە وەک منداڵێک لە نمایشێکی سیرکدا دانیشتبێ، وابوو. کاتێکیش زانی نزیکەی نیو ملیۆن ئیسرائیلی بە چەشنی ئەو گوێیان لە ڕادیۆ راگرتبوو، دەستەکانی بەشادمانی لەیەکدان و گوتی:

- "ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پەرۆشبوون بۆ بایبل لە ئیسرائیلدا زیندووە. بە ڕاستی شتێکی جوانە."

کەسە براوەکە ئامۆس هاخام Amos Hacham کەم ئەندامی سی ساڵە بوو. هەر لە منداڵییەوە ڕووداوێکی بەسەرهاتبوو، باسکەکەی سەقەت ببوو، دەمیشی خوار ببوو، نەیدەتوانی وشەکان بە تەواوی دەرببڕێ و بە زەحمەت قسەی پێدەکرا. بەڵام هاخمانی گەنج نزیکەی هەموو پرسەکانی وەڵامدانەوە و بە پێش هەموو کێبەرکێکارەکان کەوتەوە.

ڕۆژی پاشتر زەنگێک بۆ قوتانخانەی نابینایان لێدرا، کە هاخام تیایدا وەک کارمەندێکی کارگێڕیی کاریدەکرد: "سەرۆکی حکوومەت حەز دەکا بە زووترین کات بتبینێ."

گەنجەکە قاتێک و کراسێکی سپی لە برادەرێک وەرگرت بە پەلە بەرەو لای سەرەک وەزیران ڕۆیشت. بنگۆریۆن زۆر بە گەرمییەوە پێشوازی لێکرد:

- "ئامۆس، دەبێ پێت بڵێم بە ڕاستی کاتێ گوێم لە ڕادیۆ و وەڵامەکانی تۆ گرت، چێژم لێوەرگرت، لەو بڕوایەشدام هەموو نەتەوەکە هەمان هەستی منیان هەبووە. کارێکی باشت بۆ ئیسرائیل کرد. ئامۆس، ئێمە هەموومان شانازیت پێوە دەکەین."

بەگەنجەکەی گوت کە خەمی زەحمەتی قسەکردنی نەخوا.

- "ئەزیش دەرسی قسەکردنم وەرگرتووە. ئەمەیان شتی لەگەڵ دەکرێ."

بنگۆریۆن قسەی لەگەڵ فیلدنکرایس کرد کە دەرس بدتە ئامۆس هاخام. ئیدی هەر دووکیان بە یەکەوە ماوەیەکی زۆر دەربارەی مژارێک دوان کە خۆشەویستی هەر دوولایان بوو، ئەویش بایبل بوو.

سەرەک وەزیران پێیگوت: "باشترین پرسی دوێنی شەو لای من ئەوە بوو کە دەبوایە پێیان بڵێی ئاخۆ شا یەرۆبۆم Jerobom و ئارۆن Aronی قەشە لە چیدا هاوبەش بوون تا گۆلکێکی زێڕین دروست بکەن."

هاخام پێکەنی، چونکە بەرسڤەکەی دەزانی.

- "هەردووکیان دوو کوڕی هاوتەمەنیان هەبوون. کوڕەکانی ئارۆن ناویان ناداف Nadav و ئاڤیهوم Avihum بوو، هی یەریبۆمیش ناداف و ئاڤیا Aviya بوو."

دواتر بنگۆریۆن هەندێ پرسی لە براوەکە کرد ئاخۆ نایخاتە نێو داوی هەندێ وردە هەڵەوە. یەکێ لە پرسەکان ئەوەبوو:

- "ئایا ئەو بچمە بایبلییە کێ بوو کە وێنای ژیانی یەکێکی دیکەی کردووە؟"

هاخام وەڵامی دایەوە: "ئەوە پێغەمبەر یەسیا Jesaja بوو، وێنای ژیانی شا ئوزیا Uzziaی کردبوو."

بنگۆریۆن لەگەڵ هاخامدا باسی پێغەمبەرە مێژووییەکەی کرد، کە زۆر پێیەوە کارانگاز بوو. "ئەرێ ئامۆس، ئایا تۆ ئەوە دەزانی کە ئوزیا لە نەقەب دایکوتا و نشینگەی تیاهەڵدا. ڕەنگبێ لە بەرامبەر ئەو کارەیدا ڕێزدارتر بێ لەوەی وەسفی ژیانی لە لایەن یەکێ لە گەورەترین پێغەمبەرەکانی ئیسرائیلدا کرابێ."

پاشان بنگۆریۆن پرسێکی وردی تەکنیکییانەی لە بایبلەوە لێکرد: "ئەرێ ئاسمان و زەوی سەرەتا ئافەریدەکران و پاشان ڕووناکی داهێندرا یاخود بە پێچەوانەوە؟"

گفتوگۆکانیان زیاتر لەیەک سەعاتی خایاند، ئەوسا بنگۆریۆن تێگەیشت، پیاوە گەنجەکە لە هەموو دانیشتوانی وڵاتی بایبل زانیاری لەسەر بایبل زیاترە، کەچی لە بڕوانامەی قوتابخانەیەکی ناوەندی زیاتری نییە و لە بڕوانامەکەشدا لە وانەی زانیاری بایبلدا تەنها نمرەی کیماتۆڤ kimat tovی (واتە نیمچە باشە)ی هێناوە.

هەفتەیەک دواتر هەر چواردە سەرکەوتوەکەی دیکە هاتن: مامۆستایەکی باتیزمی شارۆچکەی بوفۆرد Bufordی جۆرجیا، داپیرەیەکی چل ونۆ ساڵی، پیاوێکی سەر بە کڵێسایەکی بەرازیلی، گەنجێکی کاسۆلیکی ڕۆمی لە ماڵتا کە پاستۆرەکەی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، کیژێکی ئیتالیایی کە پاپا لێیفرێسمی بوو (موبارەکبادی کردبوو)، پرۆتستانێکی هەڵگەڕاوەی ماکسیکی، نوێنەران لە باشووری ئەفریقا، ئەرجەنتین، کۆلۆمبیا، فینلاند، لوکسمبورگ، هۆڵەند، سوئێد و ئوراگوای تێدا بوون.

پرسیارەکان سەر لە بەیانییەکی زوو دەستیان پێکرد و نیوەشەویش داهاتبوو، تەواو نەببوون. دوا چوار سەعاتەکان لە ڕادیۆدا پەخشکران. نزیکەی هەموو ئیسرائیلییەکان لەبەری دانیشتن. پاداشتەکە بەر دەستەی تەلەفزیۆنێکی ئەمریکای کەوت، کە گوڵدانێکی کەسکباوی دوو هەزار ساڵ کۆن بوو. لە گۆڕێکی بێت شێرم Beth Shearim

دۆزرابووەوە. بەهاکەی بە پارە زۆر نەبوو، بەڵام جۆشوخرۆشەکەی لە ئیسرائیلدا زۆر بوو. بنگۆریۆنیش وەک هاونیشتمانییەکانی خواخوای بوو بزانێ ئاخۆ کێبەرکێیکە چۆن کۆتایی پێدێ.

پرسیارەکان ئاسان نەبوون.

(نموونەیەک: شەوانی ئێشکگرتن لە ئیسرائیلی کۆندا دابەشکرابوون. چۆن ئێمە بزانین کە کۆمەڵە شەوە ئێشکگرتووەکان ژمارەی تاک بوون؟ وەڵام: لە ڕیختەرن ۷:۱۹دا باسی ناوەڕاستی شەوە ئێشکگرتووەکان کراوە."

ئامۆس هاخام بە پلەیەکی زۆر لە پێش ئەوانی دیکە بوو، دووهەمین کەس مامۆستایەکی باپتیستی کالیفۆرنیایی بوو، سێهەمیشیان پیاوەکەی لەمەڕ کڵێسایZevnde Dags Adventidtی بەرازیل بوو.

لە ڕۆژی دواییدا بنگۆریۆن ڕایگەیاند کە چەند شانازی بە دەرەنجامەکانەوە دەکا.

یەکێ لە دارەبازهەڵگرانی نەحمییا ئارگۆڤ کۆلۆنێل حایم بن داود Chaim Ben-David بوو. بن داودی ڤیەننایی سالانێک بوو دۆستی کۆچکردوو بوو. بن داود لە تەمەنی بیست ساڵیدا هاتۆتە فەلەستین و پلەشی لە نێو هاگانادا تا دەهات بەرزتر دەبووە و تا لە هەڵمەتی سینادا بووە ئەندامی دەستەی ئەفسەرانی بەرەی باکوور. لە مانگە بەرایییەکانی ۱۹۵۸دا لە جێگەی کۆچکردوودا بووە سەرۆکی دەستەی هێزی پاسەوان. ئەو زۆری بیر لە جێی کۆچکردوو کردەوە، دواتر لیستێکی سێ کەسی پێشکەش کرد. چەند ڕۆژێک دواتر لەو کاتەی لە خۆی دەپرسی ئاخۆ کێ لە بەربژارەکانی پەسەند کرابن؛ هەواڵێکی لە ئۆرشەلیمەوە بۆ هات تا لە بەردەم سەرۆوەزیردا ئامادە بێ.

بنگۆریۆن دۆستانە بەخێری هێنا. سەرەتا دەربارەی نەحمیا ئارگۆڤ قسەیان کرد. ئەوسا سەرەک وەزیران لە پڕێکەوە لێیپرسی:

- "چۆنی دەبینی گەر جێگای نەحیمیام بۆ بگریەوە؟"

بن داود بە بیری هێنایەوە کە ژنی هێناوە و سێ منداڵی هەن.

بنگۆریۆن لەوەڵامدا گوتی: "دەمەوێ ئەمجارەیان لەگەڵ یەکێکی خێزاندار هەوڵ بدەم."

چوار ڕۆژ دواتر ئەفسەرە گەنجە چاو قاوەییەکە، ئەرکە نوێیکەی پەژراند. ئەو هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی چل ساڵی و زۆریش لە سەرۆکەکەی باڵا بەرزتر نەبوو، لاوێکی ئایدیالیستی خاوەن تێگەیشتنێکی تیژبین بوو. یەکەمین ئەرکی سازدانی گۆشەیەک بوو لە نووسینگەیەکی پڕ کتێب، کە کۆچکردووەکەی پێشخۆی لە دوای خۆی بەجێهێشتبوون. ئەوەش بیرۆکەی بنگۆریۆن بوو کە یادەوەری برادەرەکەی بە کتێبان بەرز و گران ڕابگرێ. هەر زووش بە "گۆشەی نەحیمیا" ناسرا.

تاکە هەڵەی گەورەی یاریدەدەرە نوێکە ئەوە بوو، مێزی نووسینگە و دۆسیگرە و هەواگۆڕکێیکەی کە بۆ تەلارێکی وەزارەتی بەرگری لە تەلئەبیب دەگەڕایەوە بە هی نوێ بگۆڕێ.

سەرەک وەزیران لە کاتی خۆی بەسەردا ڕاگەیشت تا ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانە ڕابگرێ. ئەو پێویستی بە هەواگۆڕکێی نوێ نەبوو، کۆنەکەی بەس بوو. ئەو لەشتە کۆنەکاندا یادەوەری هەبوون.

ڕۆژێکیان بنگۆریۆن بە بن داودی گوت:

- "ئەرێ چەند زمان دەزانی؟"
- "عیبری، ئاڵمانی، یدیشی، لاتینی؛ بە دوودڵیش گوتی ئینگلیزی."

سەرۆک وەزیران بڕیاریدا یاریدەدەرەکەی بۆ چەند مانگێک بنێرێتە ئۆکسفۆرد تا ئینگلیزیەکەی بەهێزتر بکا. کاتێکیش گەیشتە ئۆکسفۆرد کۆرسی وانەکانی پرۆفیسۆرێکی لوبنانی بەناوبانگی دەربارەی "ناشیۆنالیزمی عەرەبی" و "سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا" وەرگرت.

ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵێ ڕووداوگەلی لەگەڵ خۆدا هێنان. خراپترینیان قەیرانی کابینەی حکوومەتەکەی بوو. حکوومەت بە نهێنییەوە دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا بۆ کرینی چەک سازدابوو. پرسەکەی دزەی کربوو، بنگۆریۆنیش دوو وەزیری دوو پارتی بچووکی بە بەرپرسیار دەزانی. نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش کرد، بەڵام ڕاشیگەیاند کە ئاڵمانی ڕۆژئاوا تاکە دەوڵەتی دنیایە کە ئیسرائیل بتوانێ کەلوپەلی پێویستی لێبکڕێ و ئەوەندەشی لێ زیادکرد کە بڵێ:

- "گەر ئێوە سەرپشکم بکەن لە نێوان هەموو بەها ئایدیالەکانی جیهاندا، کە چەند بەرزن لەگەڵ ئاسایشپاراستنی ئیسرائیلدا، ئەز ئەوەی دواییان لێهەڵدەگرم."

هەرگیز نەیارەکانی یاخود خودی خۆی وا ڕاشکاوانە هەڵوێستەکەی دانەڕشتبوو. بێگومان ئەوەش خولیاکەی بوو. ئەوەش لەیەکترازانەکەی لەگەڵ شارێت بە هۆی هەڵمەتی سینا ڕوون دەکردەوە، کە هەموو شتێکی لە پێناو ئاسایشپارێزی ئیسرائیلدا دەکرد.

هیچ شتێک لە خەون گرنگتر نەبوو. لە سۆنگەی یارمەتی ئیگال ئالۆن Yigal Allonدا هاوپەیمانێتییەکە پارێزرا و لە تەنگژەکەش دەرباز بوون. تەواو

لە نیوەی ١٩٥٨دا تەنگژەکانی نێوخۆ بوونە سێبەری قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. کودەتاکەی عێراق پێشهاتە بەدواهێنەکانی خۆی بۆ ڕۆژئاوا ساتێکی سەختی دەگەیاند و بۆ ئیسرائیلیش سەردەمێکی دیکە بوو کە بوونی دەوڵەتەکەیان کەوتە بەر گەف.

گوشارەکانی کۆمۆنیزم دەکرا ببێتە مایەی دارمانێکی تەواو و پشتگیریە کەمەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەوەی چەکی زیاتری بۆ دەوڵەتە عەرەبە دراوسێکان دەنارد، کە هەمیشە لەسەر هەڵوێستێک کۆک بوون بەوەی بەردەوام لەباری شەڕدان لەگەڵ ئیسرائیل، ئەوەش لەبەرچاو بوو، هەر شتێک ڕوویدابا ئەوا ئیسرائیل نەیدەتوانی بە ئارامی ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی پەرە پێبدا.

لەو قەیرانە نوێیەدا بنگوریۆن لە جاران زیاتر وەک دەوڵەتمەدارێکی بە ئەزموون هەڵسوکەوتی وای دەکرد، کە ڕێبگرێ لە لەیەکترازانی سەربەخۆیی وڵاتە بچووکەکەی و بە دەنگە نەرمەکەشی هەستوسۆزی گەلەکەی دابمرکێنێتەوە.

هەموو ساڵێک هاداسا بۆ بیرهێنانەوەی بنیاتنەرەکەی خەڵاتێکی دەدایە شیاوترین پیاو یان ژنێدنیا. ئێلینۆر ڕۆزفێلت و دادوەر ویلیەم دۆگلاس Wiliam O.Doglas لەنێو خەڵاتکراوەکاندا بوون. لە ١٩٥٨دا خەڵاتی "کارە ناوازەکانی مرۆڤایەتی" بەخشرایە داود بنگوریۆن. هاداسا وێنای

کەسایەتی بنگۆریۆنی بەو شێوەیەک کردبوو، کە لە ڕاستیدا هیچ وشەیەکی لێزیاد نەبوو:

- "وەک پیاوێکی بەکردار و پیاوێکی ڕوحانی ژیانی خۆی بۆ ڕاژەی جوولەکە وەک نەتەوە و ڕۆنانی دەوڵەتی ئیسرائیل و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو دنیادا تەرخان کردووە.
- بە رامانە ئاوەزیبیانەکەی، لەگەڵ کۆڵنەدان و مەردایەتی بناوانگرتوو لە ئەندێشەی پێغەمبەرییانە، کە هێشتا کتێبی پیرۆزی وەک ڕێبەر، چەمکە ڕەوشتییەکانی سەدە کۆنەکانی کێشایە نێو ڕابەرایەتییێکی دیمۆکراسییانەی مرۆڤدۆستانە بە شێوەیەک پێگەیەکی ناوازەی لەنێو مێژوی خەباتی مرۆڤایەتی بۆ ئازادی بەخشیە ئیسرائیل."

تەواو

خوێنەری بەڕێز؛ ئەم کتێبە لە ١٩٥٩دا چاپ بووە، ژیاننامەی بنگوریۆنی تا ساڵی ١٩٥٨، واتە تا دەیەمین ساڵیادی سەرخۆبوونی دەوڵەتەکەیان تێدایە ئەو بۆ جاری دووەم لە ١٩٦٣دا دەستی لە کاری سەرەک وەزیرایەیدا کێشاوەتەوە لە ١٩٧٠ ش بەتەواوی وازی لە سیاسەت هێناوە و بە تەواوی چوتە کیبوتەکەی سدێ بۆکر. لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا و لە ١ی دیسامبەری ١٩٧٣دا لە تەلئەبیب کۆچی دوایی کرد. بۆ بە خاک سپاردنەکەشی هەر بردویانەتەوە لای پاولای خێزانی لە کیبوتەکەدا، کە بە پێنج ساڵ بەر لەو مردبوو.

تێبینی: هەر سێ پاشکۆکە لە دەقی کتێبەکەدا نەبوون. من لەسەرچاوەی جیاجیاوە ئامادەم کردوون و وەرمگێڕوان (وەرگێڕ).

ناوی سەرەک وەزیران و کابینەی حکوومەتەکانی ئیسرائیل لە (١٩٤٨)ەوە تا ئێستا

ز	سەرەکوەزیران	کابینەی حکوومەت	لە	پارت
١	داود بنگۆریۆن (١٨٨٦-١٩٧٣)	١-٤	١٤-٠٥-١٩٤٨	ماپای
٢	موشێ شارێت (١٨٩٤-١٩٦٥)	٥-٦	٢٦-٠٢- ١٩٥٤	ماپای
٣	داود بنگۆریۆن	٧-١٠	٠٣-١١-١٩٥٥	ماپای
٤	لیڤی ئەشکۆل (١٨٩٥-١٩٦٩)	١١-١٣	٢٦-٠٦-١٩٦٣	ماپای
٥	ئیگال ئاللۆن (١٩١٨-١٩٨٠)	١٣	٢٦-٠٢-١٩٦٩	هاوپەیمانیی
٧	گۆلدا مایەر (١٨٩٨-١٩٧٨)	١٤-١٦	١٧-٠٣-١٩٦٩	هاوپەیمانیی
٧	ئیسحاق ڕابین (١٩٢٢- ١٩٩٥)	١٧	٠٣-٠٦-١٩٧٤	هاوپەیمانیی
٨	شیمون پێرێز (١٩٢٣-...)	١٧	٠٧-٠٤-١٩٧٧	هاوپەیمانیی
٩	مێناحیم بێگن (١٩١٣-١٩٩٢)	١٨-١٩	٢٠-٠٦-١٩٧٧	لیکود
١٠	ئیسحاق شامێر (١٩١٥-...)	٢٠	١٠-١٠-١٩٨٣	لیکود
١١	شیمون پێریز	٢١	١٣-٠٩-١٩٨٤	ئاڤۆدا
١٢	ئیسحاق شامێر	٢٢-٢٤	٢٠-١٠-١٩٨٦	لیکود
١٣	ئیسحاق ڕابین	٢٥	١٣-٠٧- ١٩٩٢	ئاڤۆدا
١٤	شیمون پێرێز	٢٥	٥-١١- ١٩٩٥	ئاڤۆدا
١٥	شیمون پێرێز	٢٦	٢٢ -١١- ١٩٩٥	ئاڤۆدا
١٦	بنیامین ناتانیاهو (١٩٤٩-...)	٢٧	١٨-٠٦- ١٩٩٦	لیکود
١٧	ئیهود باراک (١٩٤٢-......)	٢٨	٠٦-٠٦- ١٩٩٩	یەک ئیسرائیل
١٨	ئاریێل شارۆن(١٩٢٨- ٢٠١٦)	٢٩-٣٠	٠٧-٠٣-٢٠٠١	لیکود
١٩	ئاریێل شارۆن	٣٠	٢١ -١١- ٢٠٠٧	کادیما
٢٠	ئیهود ئۆلمەرت (١٩٤٥-...)	٣٠	٠٤-٠٢- ٢٠٠٦	کادیما
٢١	ئێهود ئۆلمەرت	٣٠	١١ -٠٤- ٢٠٠٦	کادیما
٢٢	ئێهود ئۆلمەرت	٣١	٠٤-٠٥- ٢٠٠٦	کادیما
٢٣	بنیامین ناتانیاهو	٣٢	٣١-٠٣- ٢٠٠٩	لیکود

دەقی جاڕنامەی سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیل

وڵاتی ئیسرائیل لانکەی گەلی جوولەکە بووە. لێرەدا گیان، دیین و کەسایەتییە نەتەوایەتیەکەی داڕێژراوە. لێرەوە سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە و کلتوورێکی نیشتمانییانەی واتا جیهانیی ئافەریدە کردووە. لێرەوە بایبل نووسراوەتەوە ئەوسا دراوەتە جیهان.

چ لە تاراوگەبوون و دوورخستنەوەیان لە فەلەستین، گەلی جوولەکە لە هەموو وڵاتانی دنیادا بە وڵاتەکەی متمانەدار و دڵسۆز مایەوە و هەرگیزیش لە نوێژ و هیوابوون بە گەڕانەوە و گێڕانەوەی یەکێتیە نەتەوایەتیەکان نەوەستاوە. بە هۆی ئەو هیوایەوە بە درێژایی سەدەکان جووەکان لەسەر ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی باب و باپیرانیان مکوڕبوون تا دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. لەو دە ساڵە کەمەدا بە کۆمەڵ خەڵکی گەڕاونەتەوە. ئەوان ژیانیان بە بەر بیاباندا هێنایەوە؛ زمانەکەیان بوژاندەنەوە، شار و گوندەکانیان بنیات نایەوە و بە شێوەیەک گەشەیان کرد، بوونەتە کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووی خاوەن ئابووری و کلتووری خۆیان.

ئەوان حەزیان لە ئاشتییە، بەڵام هێشتاش ئامادەن بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوان هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەیان خستەسەر ڕەوتی پەرەسەندن. لە ١٨٩٧دا یەکەمین کۆنگرەی زایۆنیزمەکان بە دنەدانی تیۆدۆر هێرتزل بڕیاری دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان دا.

ئەو مافەش لە لایەن ڕاگەیاندننامەی بلفۆر لە ٢ی نۆڤێمبەری ١٩١٧دا دانی پێدانرا و مانداتی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش پشتڕاستی کردەوە. ئەو بە یەکەوە گرێدراوییە مێژووییەی گەلی جوولەکە لەگەڵ فەلەستیندا ناسێنرا و ئەو مافەشی پێدرا کەماڵی نیشتمانییانەی خۆی ببوژێنێتەوە.

دۆزەخی نازیزم کە بە ملیۆنان جوولەکەی ئەورووپایی سەریان تێداچوو، جارێکی دیکە پێویستێتی سەرلەنوێ دروستکردنەوی دەوڵەتێکی جوولەکەیی دووپاتکردەوە، بەوەی کێشەی بێ ماڵ و حاڵی جوولەکەکان چارەسەر دەکا، هەروەها دەرگاکانی لەسەر تەواوی جوولەکەکان بکاتەوە و بەوەش گەلی جوولەکە لەگەڵ کۆمەڵگای پێکەوەژیانی گەلان هاوشان بکا.

پاشماوە ڕزگاربووەکانی کارەساتی ئەورووپا وەک جووەکانی وڵاتانی دیکە داوای مافی ژیانێکی شیاو، ئازاد ڕێزلێگیراویان دەکرد، ئەوان لەگەڵ ئەو

هەموو ژان و ناسۆری ئەو هەموو زەحمەتی و دژبەرییەدا هەوڵیاندا بێنەوە فەلەستین.
لە جەنگی دووەمی جیهاندا گەلی جوولەکە لە فەلەستیندا بە هەموو توانایەوە بەشداری خەباتی ئازادی گەلانی دژی نازیزم بووەوە. قوربانیی سەرباز و هێزی بازووی کرێکارەکانی ئەو مافەیان پێدا لەیەک سەنگەر و ریزی گەلان کە دواتر نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێکهێنا، بوەستن.
لە ٢٩ی فێبرایری ١٩٤٧دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی جوولەکانی لە فەلەستیندا دا و داوای لە دانیشتوانی وڵاتەکە کرد هەنگاوەکانیان بەو ئاراستەیە هەڵبهێنن و ئەوەی پێویستیش بێ بۆ بەدیهێنانی بڕیارەکە پشتگیرییان دەکا. ئەو دانپێدانانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مافی گەلی جوولەکە بۆ ڕۆنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ناکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش مافێکی حاشاهەڵنەگرە، کە گەلی جوولەکە وەک هەموو گەلانی دیکە دەوڵەتێکی سەرداری خۆی دابمەزرێنێ.
لەبەرئەوە ئێمە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەلی جوولەکە لە فەلەستین و بزووتنەوەی زایۆنیزمی لە سەرتاسەری جیهاندا لە بۆنەیەکی شکۆداردا کۆبووینەوە، ئیدی لەسۆنگەی مافی سروشتی و مێژوویماندا و لەسەر بنەمای بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەوڵەتی جوولەکە لە فەلستین کە ناوی ئیسرائیل دەبێ، ڕادەگەیەنین.
ئێمە لێرەوە ڕایدەگەیەنین، کە هەر لەو ساتەی ماندات لە نیوە شەوی شابات (شەممە) ٦ی ئێژار ijar ای 5708 (ساڵنامەی جوو-وەرگێڕ) کە دەکاتە پانزەی ئایاری ١٩٤٨ تا ئەو کاتەی حکوومەتێکی ئاسایی بە پێی دەستوور کە لە یەکی ئۆکتۆبەری ١٩٤٨داتێپەڕ نەکا هەڵدەبژێردرێ؛ ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل جارێ بە شێوەیەکی کاتی وەک ئۆرگانێکی کارگێڕی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی گەل و وەک حکوومەتێکی کاتی دەوڵەتی ئیسرائیل پێکدێ.
دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ کۆچبەرە جووەکان و بۆ کۆکردنەوەی خەڵکانی تاراوگەمان ساز و ئامادەیە؛ دەبێ وڵاتەکەی لە بەرژەوەندی دانیشتوانەکەی پەرە پێبدا، دەبێ لەسەر بنەمای ئازادی، دادپەروەری و ڕێککەوتنەکانی ئاشتی و سروش و ڕامانەکانی پێغەمبەرە ئیسرائیلییەکان دابمەزرێ. دەبێ تەواوی ماف و یەکسانییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی هاووڵاتییان بە بێ جیاوازی باوەڕ، ڕەگەز، توخم پەرە پێبدا. دەبێ تەواوی ئازادییەکانی ویژدان، ئۆل، فێربوون و پەروەردە دەستەبەر بکا. دەبێ ڕێزی تەواوی پیرۆزی

تەواوی شوێن و مەزارە پیرۆزەکانی هەموو ئاینەکان بگرێ. هەروەها دەبێ بنەماکانی بروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز رابگرێ.
ئێمە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، یارمەتی گەلی جوولەکە لە رۆنانی دەوڵەتەکەیان بدەن و داواشیان لێدەکەین دەرگای بە یەکەوە ژیانی گەلانمان لێبکەنەوە. لەنێو ئەو دوژمنکارییە بە ئەنقەستەشدا داوا لە دانیشتوانە عەرەبەکانی ئیسرائیل دەکەین، بگەڕێنەوە سەر ئاشتی و پشکی خۆیان لە پەرەپێدانی دەوڵەتدا لەژێر باری هاوتایی هاووڵاتیبووندا هەبێ و مافی یەکسانی نوێنەرایەتیشیان لەنێو دام و دەزگاکانی حکوومەتدا هەبێ.
ئێمە ئاشتی و دۆستایەتی پێشکەشی هەموو وڵات و گەلە دراوسێکانمان دەکەین، داوای هاوکاری خۆشگوزەرانی گشتییان لێدەکەین. دەوڵەتی ئیسرائیل ئامادەیە هەموو توانای خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و بنیاتنانەوەی رۆژهەڵاتی نزیک بەکار بێنێ.
داوا لە گەلی جوولەکە لە سەرتاسەری دنیا دەکەین پاڵپشتمان بێ بۆ پرسی کۆچبەران و پێشکەوتن پشتگیریمان بکا لەو خەباتە گەورەیەی بەدیهێنانی خەونە دێرینەکەمان: ئەویش بوژاندنەوەی ئیسرائیلە.
هەنووکە ئێمەی گەواهیدەر لەسەر بڕوابوون بە گاشەبەردەکانی ئیسرائیل، واژۆی خۆمان دەخەینە سەر ئەو جاڕنامەیەی حکوومەتی کاتی، کە لەسەر زەوی باب و باپیرانمان لە شاری تەلئەبیب کۆبووەوە، ئەوەش رۆژێک پێش شابات واتە رۆژی پێنجەمین، مانگی ئاژاری ٥٧٠٨ (جوولەکەیی) کە دەکاتە هەینی ١٤ی ئایاری ١٩٤٨.

دەقی بەڵێننامەی بلفۆر

جەنگی جیهانیی یەکەم واتای چارەنووسسازی بۆ زایۆنیزم گەیاند، لە سەردەمی شەڕەکەدا زایۆنیزمەکان هەرچەندە لەنێو جووەکاندا کەمایەتیش بوون بەڵام بە ڕابەرایەتی حایم وایزمەن (1952-1847)و ناحوم سۆکۆلۆو Nachum Sokolow (١٨٥٩-١٩٣٦) سەردەمی گەشەکردنیان بوو.
بەرزترین خاڵی وەرچەرخانی ڕێکخراوی زایۆنیزمی جیهانیی لە ٢ی نۆڤێمبەری ١٩١٧دابوو، کاتێ بلفۆر (١٨٤٨-١٩٣٠)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا ڕاگەیاندنامەیەکی بڵاوکردەوە کە بەڵێنی ماڵێکی نیشتمانیی بۆ گەلی جوولەکە لە فەلەستیندا تێدابوو.
ڕاگەیاندنەکە لە شێوەی نامەیەک بوو ئاراستەی لۆرد ڕۆتشیلد (١٨٦٨-١٩٣٧) Lord Rothshild کرابوو.

ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

"وەزارەتی کاروباری دەرەوە
٢ی نۆڤیمبەر ١٩١٧
لۆرد ڕۆتشیلدی بەڕێز،

مایەی خۆشحاڵیمە بە ناوی حکوومەتی شاژنی خاوەن شکۆوە ڕاگەیەندروایێکتان بە لەخۆگرتنی ئامانجەکانی زانیۆنیزم، کە لەلایەن کابینەی حکوومەتەوە خوێندراوەتەوە و پەسەند کراوە پێڕابگەیەنم:
"حکوومەتی شاژنی خاوەنشکۆمان لە بەرامبەر دامەزراندنی ماڵێکی نیشتمانیی بۆ گەلی جوولەکە لە فەلەستیندا ئامادەیە و باشترین تواناشی بۆ ئاسانکردنی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەکاردەهێنێ، تیاشیدا ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ، نابێ ڕاگەیاندنامەکە وا لێکبدرێتەوە کە زیان بە مافە مەدەنی و ئۆلییەکانی کۆمەڵگەی غەیرە جووەکان لە فەلەستیندا بگەیەنێ یان زیان بەماف و پێگە سیاسییانەکەی جووان لە هەر وڵاتێکدا هەبن بگەیەنێ."
من سوپاست دەکەم کە ڕاگەیاندنەکە بگەیەنیتە فیدراسیۆنی زایۆنیزم.
ڕێز،
ئارسەر جێمس بلفۆر Arther james Balfor'

چەند سەردێڕێك لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- ❖ لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە.
- ❖ لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- ❖ لە ١٩٩٧ەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەورووپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- ❖ لەپاڵ زمانی زگماکدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزی دەزانێ.
- ❖ لە ١٩٨٦ەوە هەوڵی نوسینی داوە. تا ئێستا دە کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی قانونی- سیاسیشی بڵاوکردونەتەوە.

گەنجێکی پۆلۆنی بەناوی داود گرین لە بیستەکانی سەدەی رابردوو، ماڵە باوانی جێدێڵێ و دیرۆکی ٢٠٠٠ ساڵەی بەکۆڵدادەدا و رێگای هات و نەهات دەبڕێ، هەڵوەدای ئەوە دەبێ چۆن خەونی نیشتمانێک بۆ گەلی جوو بکاتە ئاوات...

خۆی و دەستەیەک لە هاوڕێکانی، لەماوەی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا، نەوەک هەر دەوڵەتێکی نەتەوەیی دادەمەزرێنن، بەڵکو دیرۆک و جیۆسیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بۆ هەمیشە دەگۆڕن...

مێژووی خەبات و شەڕی خوێناویان پێش و پاش جاڕدانی سەربەخۆیی لەبەرامبەر سیستمی ئینتدابی بەریتانی و لەشکری وڵاتانی عەرەب مایەی سەرسوڕمانە، هی تێرامانە، دەراوی پەند و لێرامانە...

بنگۆریۆن دوای سەرکەوتن، لە لوتکەی دەسەڵاتدا، وەک سەرۆوەزیر وازدەهێنێ و دەچێتە بیابان، لەوێ گوندێک ئاوەدان دەکاتەوە و دەبێتە شوان.. ئەمما چ شوانێک؟!

ئیدی ئەم کتێبە سەربردەی بنگۆریۆن، سەرکردەیەکی شوان! و نەتەوەیەکی زیندوومان بۆ دەگێڕێتەوە...

David Ben Gurion

Robert St. John

T: Shafiqy H. Kheder

نرخ ١٠٠٠٠ دینار

AWER 251
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەرگ: ئاکار جەلیل

چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر